دانا ڕەئوف

# له كلاسيكەوه بۆ مۆديٚرن

## گەشتێك بەنێو دراما و شانۆی کلاسیك و مۆدێرندا

چاپی یەکەم

٢٠١٠

ناوی کتێب: له کلاسیکه‌وه بۆ مۆدێرن ...
نووسه‌ر: دانا ڕه‌ئوف
بابه‌ت: توێژینه‌وه‌ی شانۆیی
* چاپ و بڵاوکردنه‌وه: چاپخانه‌ی (ڕه‌نج)
* چاپی: یه‌که‌م
* ژماره‌ی سپاردن: (      )ی ساڵی (      )ی پێدراوه

# پێڕست


- لەبری پێشەکی
- مەرگەساتی شالیر
- هاملێت و تراژیدیای مرۆڤی ئەم سەردەمە
- شانۆی سمبولیزم و مۆریس مەتەرلینگ
- کەڵک و سمبوڵەکانی وەچە و تراژیدیای خێزان
- سۆناتای تارمایی و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور
- پایەکانی کۆمەڵگا، هێنریک ئیپسن و شانۆی ریالیزمی
- شانۆنامەی سێ خوشک و دوا قۆناغەکانی شانۆی چێخەف
- یوجین ئۆنیل، ئیمپراتۆر جۆنز و شانۆی ئەمەریکی
- پییێر لاگەرکڤیست و شانۆیەکی گوزارشتئامێز
- کۆتایی گەمە و شانۆی سامۆییێل بێکێت
- پێگەی ژان ژینییە لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا
- تراژیدیا لە دەروازەکانی کۆمیدیاوە
- مارا- ساد و پیتەر ڤایس و شانۆیەکی بەرهەڵستکار
- لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان
- شەڕ لە (شەڕ) ی لاش نۆرێندا
- لە چاوەڕوانی موجیزەیەکدا
- شانۆنامەی "کەسێک هەر دێ" یۆن فۆسە و شانۆی مۆدێرنی ئەوروپی
- ژیان "لە چاوترۆکانێکدا" لەلای پیتەر ئاسموسن
- گوێبگرە عەبدولسەمیع لە پرۆسەی شانۆی ئاهەنگئامێزدا

# لەبری پێشەکی

ئەم کتێبەی بەردەستتان گەشتێکی هەمەلایەن، سەراپاگیر و قووڵە بەنێو دراما و شانۆی جیهانیدا، لە شەکسپیرەوە بۆ ستریندبێری، ئیپسن و چیخۆف و تا دەگاتە لاش نۆرێن و یۆن فۆسە. لە کلاسیکەوە بۆ هاوچەرخ و مۆدێرن.

وتارەکانی ناو ئەم کتێبە پێشکەشکردنێکی، لێکۆڵینەوەیەکی چڕی هزری شانۆ، تەکنیکی نووسینی شانۆیی، گوزەرکردن بە ڕاڕەوەکانی مێژووی شانۆ و ڕیزکردنی ژیان و بەرهەمەکانی شانۆنووسانی دنیایە. لەهەمانکاتدا پێداگۆگییە و دەکرێت سوودمەند بێت لەبواری خوێندن و فێرکردندا.

ئەم وتارانە بەر لە ئێستا و وەک پێشەکی بۆ ئەو شانۆنامانە نووسراون کە ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە کراون بە کوردی و لە زنجیرەی شانۆی جیهانیدا بڵاوکراونەتەوە.

لێرەدا سەرلەنوێ پیایاندا چوومەتەوە، هەندێک شتم لابردووە کە لەگەڵ بەرگی ئەم کتێبەدا ناگونجێن، هەندێک شتم زیادکردووە کە باسەکان دەوڵەمەندتر دەکەن و بە پێویستم زانیون، هەروەها لە ڕووی ڕێنوس و زمانیشەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

من لەو بڕوایەدام کە ئەم لێکۆڵینەوانە دەروازەیەک بێت بۆ پەیبردن بە ناواخن و ڕیشاڵە قووڵ و گرنگەکانی شانۆی جیهانی. لەهەمانکاتدا وێنەیەکی ڕون و ئاشکرای گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی پایە گرنگەکانی ڕەوتی شانۆیە لە کلاسیکەوە بۆ مۆدێرن و نووسەرە گەورەکانی ئەمڕۆی شانۆ. مەبەست لە بڵاوکردنەوەشیان و لە بەرگێکدا کۆکردنەوەی ئەو ڕەوتە پێشڕەوەی شانۆیە، ئەمە جگە لەوەی ئاسانکردنی گەڕانەوە و سودلێوەرگرتنیانە چ بۆ شانۆکاران و چ بۆ قوتابیانی هونەری شانۆ.

خوێنەر دەتوانێت بۆ خوێندنەوە و پیاچوونەوەی هەر شانۆنامەیەکیش کە لەم کتێبەدا باسیلێوەکراوە، بگەڕێتەوە بۆ زنجیرەی شانۆی بیانی کە لە دەزگای ئاراس بڵاوکراوەتەوە.

**دانا ڕەئوف**

**٢٠٠٩/١١/٣٠**

**ستۆکهۆڵم**

# مەرگەساتی شالییر

## • دەروازەیەک

ولیەم شەکسپیر (١٥٦٤_١٦١٦ ) بە شانۆنامەکانی دەروازەیەکی گەورە بەڕووی شانۆی جیهانیدا دەکاتەوە، شەکسپیر خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانە و شانۆ فۆرم و شێوازێکی تر لەخۆدەگرێت، هەر لەبەر ئەوەشە ساڵانە و لە هەموو جیهاندا و لەسەر هەموو شانۆکان، بەبۆچوون و خوێندنەوەی جیاوازەوە، شانۆنامەکانی شەکسپیر پێشکەش دەکرێن. هەروەها شانۆنامەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر هەموو زمانەکانی جیهان و بەمەش تاکە نووسەرێکە کە لە سەرانسەری جیهاندا زۆر بە ئاسانی مەرزەکانی هەموو دنیای بەزاندووە.

زوربەی نووسەر و لێکۆڵەرەوان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە شەکسپیر تەنها موڵکی سەردەمێک نییە، بەڵکو هەموو چاخ و سەردەمێک دەتوانێ شەکسپیری خۆی بدۆزێتەوە.

هارۆڵد بلوم Harold Bloom پرۆفیسۆری ئەدەب و زانستە زمانەوانییەکانی زانکۆکانی ئەمەریکا، ئاماژەی ئەوە دەکات کە شەکسپیر وەک فەیلەسوفێک بنەماکانی ئەدەبێکی بەرزی ڕۆژئاوای دامەزراندووە. هەموو شتێک کە بەر لە شەکسپیر نووسراوە، تەنها دەروازەیەکە بۆ شەکسپیر، هەموو ئەو شاکارانەشی کە دوای ئەو نووسراون، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شەکسپیریان بەسەرەوەیە.

شانۆنامەکانی شەکسپیر ڕۆڵ و پایەیەکی گەورەیان لە دەرەوەی بوارەکانی تری جیهانی ئەدەب و شانۆدا هەیە، زۆرجار شانۆنامەکانی لە بواری ڕامیاری و لە پێناوی بۆچوونەکانی سیاسەتمەدار و ڕووداوە سیاسییەکاندا سوودی لێوەرگیراوە. لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، شانۆنامەکانی شەکسپیر، لەلایەن هەردوو بەرەی جەنگەوە، وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندە بەکارهێنراون.

هەندێک لە کەسایەتی و ڕووداوەکانی شانۆنامەکانی شەکسپیر بوونەتە بەشێک لە هۆشمەندی خەڵکی و بە ئاسانی ژیانی ڕۆژانە بە هەندێ کارەکتەر و ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی شەکسپیرەوە دەبەسترێتەوە. تەنانەت ئەو کەسانەشی کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردانی شانۆیەکیان نەکردووە، دەزانن کە ڕۆمیۆ و ژولێت چیرۆکێکی شەکسپیرە. هەموو کارەساتێکی دڵتەزێنی نێوان دوو دڵداری گەنج دەبەسترێتەوە بە ڕۆمیۆ و ژولێتەوە، ڕۆمیۆ و ژولێت بووەتە سمبولێکی دڵداری و بەرەنجامەکانی تایەفەگەری و شەڕی ناوخۆ.

لێدی ماکبێس ئاماژەیەکە بۆ ئافرەتی بەهێز و هەروەها هەمیشە "کەللەسەرێک" شانۆنامەی هاملێتمان بیردەخاتەوە و کەس نییە نەزانێت کە ( من هەم یان نیم ) ڕستەیەکی شەکسپیرە.

شەکسپیر بە ساکاری توانیویەتی ئازار و ژانی مرۆڤ، گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، دڵداری و ئافرەت و داوێن پیسیی، مەسەلە سیاسییەکان، دەسەڵات و گیروگرفتە دەروونییەکان، خود و پێناس و گەڕان بەدوای ڕاستی و گەوهەری شتەکان، مەسەلەکانی خێزان، چینایەتی و ڕەگەزەکانی مرۆڤایەتی، دەوڵەت و یاسا، هەژار و دەوڵەمەند، یاسا و مرۆڤی تاک، خیانەت و شەڕ و زۆرداری و دەسەڵاتی تاک .... هتد بەرجەستە بکات.

شەکسپیر لە ساڵەکانی دەیەی ١٥٩٠ بەدواوە وەک نووسەرێکی شانۆیی، بە تەواوەتی جێگای خۆی لە ڕەوتی شانۆکانی ئەوکاتی لەندەندا کردۆتەوە و وەک یەکێک لە  شانۆنامەنووسە گەورەکان ئاماژەی بۆ کراوە.

هەر لەم قۆناخەشدا، وڵاتی ئینگلیستان بە کاتێکی ناسک و دژواردا تێدەپەڕێت، شەکسپیر دەتوانێ ئەم قۆناخە وەک فرسەتێکی لەبار بۆ خۆی بەکاربێنێ و دەست بکات بە نووسینی شانۆنامە مێژووییەکانی کە ڕاستەوخۆ لە مێژووی وڵاتەکەیەوە وەریان دەگرێت، تا لەو ڕێگایەوە هاووڵاتییەکانی هێور بکاتەوە و ئارامییان پێ ببەخشێت. شەکسپیر هەر لەم قۆناخەدا هەندێ لە شانۆنامە کۆمیدییەکانیشی دەنووسێت.

# • چەردەیەکی کورت لە ژیانی ولیەم شەکسپیر

شەکسپیر لە خێزانێکی بۆرژوازی و لە شارۆچکەی ستراتفۆرد لەدایکبووە، باوکی بە کاروباری بازرگانییەوە خەریک بووە، بەڵام زەرەر و زیانێکی گەورە دەکات و لە ئەنجامیشدا بەتەواوەتی نابووت بووە.

شەکسپیر ئافرەتێکی لەخۆی گەورەتر دەخوازێت، چەند منداڵێکیان دەبێت و دواجار لە ساڵی ١٥٨٥، لەگەڵ خێزانەکەیدا شاری ستراتفۆرد جێدێڵن و دەچنە لەندەن و لەوێ بەتەواوەتی جێگیر دەبن. گەلێک چیرۆکی جیاواز هەن سەبارەت بە سەرەتای ژیانی شەکسپیر و گوزەرانکردنیان، بۆ نموونە هەندێک لەو سەرچاوانە دەڵێن کە شەکسپیر وەک پاسەوانی ئەسپی گەورەپیاوانی بەر دەرگای شانۆکان کاریکردووە، هەندێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شەکسپیر هەر لە سەرەتاوە، وەک بەردەستێک لەناو هۆڵی شانۆکاندا هەڵسوڕاوە. بەو شێوەیە، ئەمیان بووبێت یان ئەویتریان، سەرەتای ژیان و دەرامەتی ئەو خێزانە لەڕێگای شانۆکانەوە بووە. شەکسپیر لەدوای سەرکەوتنی شانۆنامەکانی دەبێتە سەرپەرشتیارێکی گشتی بەرهەمهێنان و نەمایشکردنی شانۆنامەکانی خۆی و لەدوای ساڵی ١٦٠٣ یشەوە، بەتایبەتی دوای گۆڕانکارییەکانی ڕژێم و دەسەڵاتی پادشایەتی، خۆیی و گروپە شانۆییەکەی دەبنە شانۆکارانی کۆشکی پادشایەتی The King´s men.

شەکسپیر لە ساڵی ١٦١٠ ەوە دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی لە ستراتفۆرد و لەناوەندی شارەکەدا و لە یەکێک لە خانووە ڕازاوەکاندا، وەک هەموو یەکێک لەدەست ڕۆیشتووەکانی ئەو شارە دەژی. شەکسپیر لە ڕۆژی ٣ ی ئەپریلی ١٦١٦ دا و لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات. هەرچەندە پەنجا و دوو ساڵ تەمەنێکی زۆر کەمە، بەڵام شەکسپیر فریای زۆر شت کەوتووە: لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ژنی هێناوە، لە تەمەنی سی ساڵیدا وەک نووسەرێکی گەورەی شانۆیی ناوبانگی دەرکردووە و لەدوای خۆیشی چل شانۆنامە، دیوانێکی شیعر و ژمارەیەکی زۆر سۆناتای بۆ جێهێشتووین. شەکسپیر شانۆنامەکانی لەسەر ڕاسپاردەی پادشا و گەورەپیاوانی کۆشک و شانۆ دەوڵەمەندەکان نووسیون.

شەکسپیر توانیویەتی بەشێوازێکی بەرز شێوە قسەکردنی چینە بەرزەکەی کۆمەڵ، وتووێژی ژیانی ڕۆژانە، زمانێکی شیعریی بەرز و دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی ئینگلیزی تێکەڵاو بکات. لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا، زمانە دەوڵەمەندەکەی شەکسپیر هەمەلایەنە و کۆمەڵێ سیمبولی قووڵ لەخۆدەگرێت.

شەکسپیر توانیویەتی بە سەلیقەیەکی گەورە، سوود لە مێژوو وترادیشۆنی وڵاتی ئینگلیستان وەربگرێت، سەرلەنوێ و بە شیعرێکی بەرز و لەدیدێکی نوێوە دایان بڕژێتەوە و ڕۆحێکی تری تا هەتاییان بەبەردا بکات. هەروەها چیرۆکە ئەفسانەیی و ڕۆمانتیکییەکانی نووسەرێکی ئینگلیزی وەک (جون لیلی) و شانۆنامەکانی کاریتێکردوون، ئەم نووسەرە یەکەم کەس بووە شانۆنامە و چیرۆکەکانی بە زمانی پەخشان نووسیوە. هەروەها بیروباوەڕی نووسەر و سیاسەتمەداری ئیتالی ماکیاڤیللی ١٤٦٩_ ١٥٢٧ لە شانۆنامەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، لە دەروازەی نووسینەکانی ماکیافیللیەوە چارەسەری بابەتە مێژووییەکان، ئاکار و ڕامیاری بۆ کارەکتەر و ڕووداوەکانی شانۆنامەکانی دۆزیوەتەوە. کارەکتەری (یاگۆ) ش لە ئۆتێللۆدا، باشترین نموونەی بیری ماکیافیللییە لە شانۆی شەکسپیردا.

کارەکتەری شانۆنامەکانی شەکسپیر کەسانی ڕاستەقینەن، کەسانێکن لە دەرەوەی چەمک و تێزەکانی ( دەبێت و پێویستە وابێت ) کاردەکەن، بەڵکو مرۆڤ خۆی چۆنە، هەرواش بەرجەستەی کردوون: مرۆڤ بەهەموو لایەنە دژوار و نادیارەکانییەوە، بەهەموو ڕووناکی و تاریکییە شاراوەکانییەوە. ڕەخنەگر و توێژەرەوەی پۆڵەندی یان کۆت لە کتێبە گرنگەکەیدا ( شەکسپیر هاوچەرخمانە ) دەڵێت:" هاملێت، شالییر، ڕیچاردی سێیەم، کەسانی سەر بە ڕابردووی ناو کتێبە مێژووییەکان نین، ئۆتێللۆ و دەزدەمونە کەسایەتی خەونەئامێزی ڕۆمانسی، یان جیهانێکی ئەبستراک و فەنتازیا نین. ڕووداوەکانی ئەو شانۆنامانە ڕاڤەیەکی ڕاستەوخۆ و چارەنووسسازی ئێمە و ڕووداوەکانمانە، ژیانی ئەو کارەکتەرانە پەیوەندی بە ژیانی ئێمەوە هەیە، تراژیدیاکانیان تراژیدیای ئێمە و ئەم سەردەمەیە."

## • لە کۆمیدیاوە بۆ تراژیدی

شەکسپیر تەنها شانۆنامەی تراژیدی نەنووسیوە، بەڵکو سەرەتای نووسینی بە کۆمەڵێ شانۆنامەی کۆمیدی دەستپێدەکات، بە شانۆنامەی (خەونی نیوەشەوێکی هاوین) Amidsummer night´s drem کە وا مەزەندە دەکرێت لەنێوان

ساڵەکانی ١٥٩٧ -١٥٩٦ دا نووسیویەتی، دەگاتە ئاستی ترۆپکی داهێنان. دوای ئەوە کۆمەڵێ شانۆنامەی مێژوویی دەنووسێت و بە شانۆنامە تراژیدیاکانیشی کۆتایی بەو ڕەوت و بزوتنەوە گەورە و مەزنە دەهێنێت.

شانۆنامە کۆمیدییەکانی کە لە ساڵی ١٥٩٥ ەوە دەست پێدەکات بریتیین لە: خەونی نیوەشەوێکی هاوین، شەوی دوانزەیەم، زریان، کۆمیدیای هەڵەکان.

شانۆنامە مێژووییەکانیشی لە ساڵی ١٥٩٠ ەوە دەست پێدەکات و گرنگترینیان بریتییە لە: شا هنری چوارەم ( دوو بەشە )، شا هنری پێنجەم، هنری شەشەم (سێ بەشە)، شا ڕیچاردی دووەم، شا ڕیچاردی سێیەم، شا جۆن.

شانۆنامە تراژیدییەکانی لە ساڵی ١٦٠١ ەوە دەست پێدەکات و لە ساڵی ١٦٠٨ دا کۆتاییان هاتووە. ئەم قۆناخەش دادەنرێت بە لوتکەی بەرەوپێشەوەچوونی شانۆی شەکسپیر، گرنگترین بەرهەمە تراژیدیاکانیشی بریتین لە: هاملێت، سیزەر، ئۆتێلۆ، تیمونی ئەسینی، ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترا، کاریۆلانس، شالییر و ماکبس.

## • چیرۆکێکی مێژوویی و ڕاستەقینەی ژیان و مەرگی شالییر

شەکسپیر بە نووسینی شالییر، وەک زوربەی شانۆنامەکانی تری سوودی لە کتێبە کۆن و مێژووییەکان وەرگرتووە، بۆ سەرچاوەکانی شالییر چەند بۆچوونێکی جیاواز هەن، لەوانە کتێبە کۆنەکانی مێژووی ئینگلیستان و بەپێی ئەم سەرچاوانە شالییر دەگەڕێتەوە سەر ترادیشۆنە دێرینەکانی ئینگلیز و چارەنووسی ئەو پادشایە لەو ترادیشون و کتێبانەدا باسکراون. هەروەها شانۆنامەیەکی تری زۆر کۆن هەبووە بەناوی ( ڕووداوە ڕاستەقینەکانی مێژووی شالییر ) کە بەتەواوەتی نازانرێت نووسەرەکەی کێ بووە، بەڵام بەپێی بۆچوونی لێکۆڵەرەوانی شانۆ، مێژووی نووسینی ئەو شانۆنامەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی شانزەیەم.

شالییری شەکسپیریش بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٦٠٥ دا نەمایشکراوە و دواتریش لە دەوروبەری ساڵانی ١٦٢٣ دا چاپکراوە. شەکسپیریش لەسەرەتادا شانۆنامەکەی بەناوی (چیرۆکێکی مێژوویی و ڕاستەقینەی ژیان و مەرگی شالییر) بڵاوکردۆتەوە.

لییر پادشایەکە لە زەمەنێکی زۆر دێرین و تاریکی چاخەکانی ناوەڕاستی وڵاتی ئینگلیستاندا دەژی، بە دەستێکی پۆڵایین، دڵڕەق و توندوتیژ وڵات دەبات بەڕێوە. پادشایەکە تاکڕەوانە بیردەکاتەوە، ئەوەی ئەو بیەوێت، ئەوەی ئەو ئارەزووی لێبێت و ئەو بڕیاری لەسەر بدات جێبەجێ دەکرێت. ئەم پادشا دڵڕەقە بە زەبروزەنگە سێ کچی هەن و لەدوا ڕۆژەکانی ژیانیدا دەیەوێت دەست لە دەسەڵاتی پادشایەتی بکێشێتەوە و وڵاتەکەشی بەسەر هەر سێ کچەکەیدا دابەش بکات. شالییری پیرەمێرد دەیەوێت لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا بە بەزم و سەما بژی و لەهەمانکاتدا شێوەیەک لەشێوەکانی دەسەڵات و ناونیشانە پادشایەتییەکەی بۆ خۆی بهێڵێتەوە.

بۆ ئەو مەبەستە سەد پیاو، سوارچاک و دەستوپێوەند لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە. بۆ دەست لە دەسەڵات کێشانەوەش، خۆشەویستی کچەکانی دەکاتە تەرازووی ئەو دابەشکردنە، دابەشکردنێکی ڕواڵەت ئامێزانەی ڕووت و دوور لە بنەماکانی یاسا و لۆژیکی ئەقڵ. ئەم مەسەلەیەش بۆ هەردوو کچە گەورەکەی (گۆنریل و ریگن) زۆر ئاسانە، بەڵام بۆ کچە بچوکە خۆشەویستەکەی ( کۆردیلیا) وەڵامێکی گرانە و نازانێ چۆن خۆشەویستیی خۆی بۆ لییری پادشا و لییری باوک دەربڕێت.

## • دابەشکردنی دەوڵەت

شانۆنامەی شالییر بە وەسیەتنامەی شەکسپیر دادەنرێت، شەکسپیر لە شالییردا هەموو تواناکانی خۆی بەکارهێناوە بۆ خوڵقاندن و بەرجەستەکردنی تراژیدیایەکی گەورە، لەو تراژیدیایەدا ڕاستی و درۆ، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت و دەسەڵات، پیربوون و بەساڵاچوون، سیفەتە گەوهەرییەکانی مرۆڤ و هەموو کەوتنەکانی ناوەوە و دەرەوەی، لە دیدێکی فەلسەفی و شانۆیی بەرزدا دەنەخشێنێت.

هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە دەوڵەت و کۆمەڵگاکەی شالییر بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت، لە دەسەڵاتێکی توندوتیژی سەنتەرەوە بۆ دەسەڵاتێکی بێهێز و هەڵوەشاوەی پارچە پارچە کراو بەڕێدەکەوێت. شالییر خۆیشی دەبێتە قوربانییەکی گەورەی ئەو دابەشکردن و بە پەراوێز بوونە.

بەڵام ڕەوتــی تراژیـدیاکە و هەڵوەشـاندنەوەی تێکـڕای کۆمەڵگـاکەی لییـر لەم دابەشــکردنەوە دەســت پێناکــات، هێنــدەی لە وەڵامە چــاوەڕوان نەکــراوەکەی کۆردیلیاوە سەرچاوە دەگرێت:

**لییر**

**تۆ دەڵێی چی تا بەشی سێیەم بەریتەوە**
**کە گەلێ بەخێرترە لە هی خوشکەکانت؟**
**قسە بکە ...**

**کۆردیلیا**

**هیچ گەورەم.**

**لییر**

**هیچ؟**

**کۆردیلیا**

**هیچ.**

**لییر**

**هیچ لە هیچەوە دێت ... قسە بکە ... دەی.**

**کۆردیلیا**

**وەی لەخۆم دڵتەنگێ کە ناتوانم**
**ڕازی دڵم بخەمە سەر زبانم:**
**گەورەم من ئێوەم خۆش دەوێ**
**خۆشەویستی فەرزەندێ بۆ باوکێ**
**نە کەم و نە زۆرتر.**

**لییر**

**چۆن ... چۆن کۆردیلیا ..؟**
**تۆزێ ڕاوێژت چاکە ...**
**با ئەوەی بەشتە کەم نەکا.**

**کۆردیلیا**

**هۆ گەورەی بەمرووەتم**
**تۆ منت هێنایە دونیا، بەخێوت کردم،**
**خۆشت ویستم، دەبێ ئەو هەقانەت بدەمەوە ..**

**ئەرکە لەسەرم ڕێزت بگرم،**
**خۆشتم بوێ .. ملکەچت بم**
**ئەی بۆ ئەو دوو خوشکەم شوویان کرد**
**گەر دەڵێن تەنیا تۆیان خۆش دەوێ؟**
**شادانە ... ئەو کاتەی شوو دەکەم**
**ئەو مەزنەی دەست دەخاتە نێو دەستم**
**دیارە کە نیوەی خۆشەویستیم دەبا**
**نیوەی خولیا و خەیاڵ و خەونم،**
**دیارە کە هەرگیز وەک خوشکەکانم شوو ناکەم**
**بڵێم ( باوکە هەر تەنها تۆی خۆشەویستم ).**

## مەرگەساتی شالییر

شالییر کچەکانی و هەموو پیاوانی کۆشک کۆدەکاتەوە تا بە ئامادەبوونی ئەوان، بەپێی ئاستە جیاجیاکانی بنەمای خۆشەویستی کچەکانی، وڵاتەکەی دابەش بکات. بەڵام شالییر ناتوانێ لەپاکی و ڕاستگۆیی کۆردیلیای کچی تێبگات کە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەو پادشای هێندە خۆش دەوێت کە لە سنووری باوکایەتی خۆیدایە.

خۆشەویستیی کۆردیلیا بۆ شالییری باوکی ناچێتە ناو بونیادی هیچ هاوکێشەیەکی واقیعی و شتە ڕواڵەتییەکانەوە. بەڵام لییر لەمە تێناگات و هێزی ئەو وەڵامەی کۆردیلیاش لەئاکامدا گشت دەمامکەکان هەڵدەماڵێت و وڵاتیش بەرەو جەنگێکی ناوخۆ و داڕمان و هەڵوەشاندنەوە دەبات.

شالییر لێرەدا ئەو هەڵە گەورە و کوشندەیە دەکات کە پێیوایە دەتوانێ واز لە دەسەڵات بهێنێت. ئەم دابەشکردنە دەبێتە هۆی کەوتنی تەواوەتی کەسایەتی خۆیی و کارەساتێکی گەورەش بۆ وڵات. شانۆنامەی شالییر و بەپێی ئەم لۆژیکە دەیەوێت بڵێت کە: هیچ کەسێک ناتوانێت لەو بەرپرسیارێتییە ڕابکات، یان واز بێنێت کە خودا، سروشت و وڵات پێیبەخشیوە. شەکسپیر هەر لە دیمەنی یەکەمەوە، وەک سەرەتایەک، هەموو هێزە دژ بەیەکەکان دەخاتە ڕوو، لێرەشەوە هاوکێشە و هێڵە جیاوازەکان، وەک دوو لایەنی جیاوازی ململانێکان بەرەو ڕووی یەکتر دەبنەوە. کێنت و پادشای فەڕەنسا، کە ئامادەی ئەو دابەشکردنەن، بە دڵنیاییەوە دەچنە پاڵ کۆردیلیا. گۆنریل و ریگن وەک دوو لایەنی بزوێنەری شەڕ، بێدەنگیی دۆق

کورنویل و ئەلبانی، کە مێردی گۆنریل و ڕیگنن، دەقۆزنەوە و بەمەش سترکتوری گشتی و هێڵەکانی تراژیدیاکە ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت.
هاوشان لەگەڵ چارەنووسی لییر و کچەکانی، چیرۆکی ( گلۆستر ) و کوڕەکانی ( ئێدگار و ئیدمۆند ) بەرجەستە دەبێت. هەڵگەڕانەوە و پیلانەکانی ئیدمۆند، کە زۆڵە کوڕی گلۆسترە، تراژیدیاکە دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپک. ئیدمۆند هەموو شتێک دەکات لەپێناوی دەسەڵاتدا: باوکی و براکەی دەکاتە قوربانی و لەخشتەیان دەبات، شالییر لە کەسێکی بێبەزەیی و کەللەڕەقەوە دەکاتە کەسێکی هەژاری بێدەرەتان، هەروەها هەردوو کچەکەی لییر ( گۆنریل و ریگن ) هەڵدەخەڵەتێنێ و لەیەک کاتدا گەمەی خۆشەویستی لەگەڵ هەردووکیاندا دەکات.
یان کۆت لە ( شەکسپیر هاوچەرخمانە ) سەبارەت بە شالییر دەڵێت:( شالییر داهێنانێکی گەورەیە، لییر لەگەڵ مۆسیقای باخ و سیمفۆنیای پێنج و نۆی بیتهۆڤن، پارسیڤالی ڤاگنەر و دۆزەخی دانتێ و شاکارەکانی مایکل ئەنجلۆ بەراورد دەکرێت. ناوەڕۆکی شالییر باسی دابەشبوونی جیهان و ڕووخانیمان بۆ دەکات. شالییر وەک شانۆنامەیەکی مێژوویی بەدابەشکردنی وڵات و دەستکێشانەوە لە دەسەڵات دەست پێدەکات، بەهەمان شێوە بە گەمەیەکی مێژووییش کۆتایی دێت: بەوەی کە پادشایەکی تر دەسەڵات دەگرێتە دەست. لەنێوان سەرەتا و کۆتاییدا شەڕێکی ناوخۆ هەڵدەگیرسێت. بەڵام بەپێچەوانەی شانۆنامە مێژووییەکان و زوربەی تراژیدیاکان، جیهان سەرلەنوێ بنیاتنانرێتەوە. لە لییری پادشادا نە ئەو فۆرتینباسە گەنجە هەیە کە بەهیچ شێوەیەک دوودڵ و ڕاڕا نییە لە وەرگرتنی دەسەڵاتی دانیمارک، یان ئەو ئۆکتافیۆسە سارد و سڕەی کە دەبێتە ئاگۆستێس سیزەر، یان مالکۆمێکی پیر کە لەدوای ڕوخانی ماکبێس دەگەڕێتەوە. لەکۆتایی شانۆنامە تراژیدی و گەمە مێژووییەکاندا عادەت وایە کە دەسەڵاتە تازەکان نەمایشی هێز و توانای خۆیان دەکەن. بەڵام لە شالییردا هیچ شتێکی وا ڕوونادات. ئێدگار هیچ شتێکی نییە کە پێشکەشی بکات. هەموو کارەکتەرەکان مردوون یاخود کوژراون، ئەوانەشی لەژیاندا ماون: ئێدگار، دۆق ئەلبانی و کێنت هەروەک لییر تەنها شاکارێکی تێکشکاوی سروشتن. لەو دوانزە کارەکتەرە سەرەکییەش، نیوەیان دادپەروەر و خێرخوازن، نیوەشیان زۆردار و شەڕخوازن؟ ئەم دابەشکردنەش بەهەمان شێوە ڕاست، لۆژیکی و ئەبستراکتە وەک لە بابەتە مۆرالییەکاندا هەیە. بەڵام جۆرە مۆرالێک کە لە ئاکامدا هەر هەموویان بەهەمان شێوە دەڕوخێن: ئاغا و

دەرەبەگ، ڕاونراوەکـان و ئەوانەشـی کە ڕاوی کەسـانی تریـان نـاوە، چەوسـاوە و چەوسێنەر. ئەم دیمەنانەش بەردەوام دەبێت تا شانۆکە بەتەواوەتی چۆڵ دەبێت ...

لەسـەرەتادا پادشـایەک هەیە، وڵاتێـک، وەزیرەکـان و لەدواییـشدا تەنهـا چـوار سـواڵکەر کە ڕێگایـان بـزر کـردووە و بەنـاو بـاران و زریانـدا دەڕۆن. کەوتـن و داڕمــانەکە لەســەرخۆ و تونــدوتیژە: لــە دەســپێکی گۆڕانــەکانــدا لییــر ســەد دەستوپێوەندی هەیە، دوای ئەوە پەنجا، دواییش تەنهـا یەک کەس. کێنت، تەنهـا بە ئامـاژەیەکی تـووڕەی شـالییر ، لە وڵات دەکرێتە دەرەوە. بەڵام پرۆسێسی کێشەکە هەمیـشە هەر یەک شـتە، هەمـوو ئەو شـتانەی کە جیاوازییـان لەنێوانـدا دەکرێـت پێویستە لاببرێن: پلەوپایە، پێگەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ناویش، ناویش گرنگ نییە. هەموو کەسێک تەنها بریتییە لە سێبەرەکەی خۆ. تەنها مرۆیەک.)

کۆردیلیا شوو دەکات بە پادشای فەڕەنسا، وڵات جێدەهێڵێت و لەسـەر شـانۆی ژیـان دوور دەکەوێتەوە، شـالییر شێت دەبێت و گلۆسـتریش هەردوو چاوی کوێر دەبێت و لە بەرئەنجامدا هەوڵی خۆکوشتنیش دەدات.

گومـانی تیـا نییـە کە هەڵوێـستی شـالییر، وەک پێـشتر ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، لەدابەشکردنی وڵاتەکەی و لەسەر بنەمای ئاستی خۆشەویستی کچەکانی هەڵەیەکی گەورەیە و لەتراژیدیای شەکسپیردا بە (هەڵەی خۆشەویستی) ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێت کە پاڵەوانەکە خۆی ئامـادەیی دەروونیـی سـەبارەت بەو هەڵەیە هەیە و هۆشـیارە بەو کـردارەی کە دەیکـات. بەڵام شەکـسپیر ئەو هەڵە خۆویستییە لە بـار و هەڵوێستێکی چارەنووسئاسـادا بەرجەسـتە دەکـات، بەوەی کە پاڵەوانەکەی توانای ڕزگاربوون و پەشیمان بـوونەوەی نەبێت و تەنهـا ڕێگـا ئەوەیە کە ڕووبەڕووی ئەو بەرئەنجام و چارەنووسە بێتەوە.

## • لییری پادشا و لییری ڕووخاو

لە شانۆنامەی شالییردا پـاڵەوانی (لییـر) بە سـێ قۆنـاخی گرنگدا تێدەپەڕێت، تـا لە بەرەنجامدا بەتەواوەتی دەڕووخێت: سـەرەتا لییری پادشـا و بە زەبروزەنـگ، دوای دابەشکردنی وڵاتەکەی و بێبەری کردنی کۆردیلیا، لییر خـۆی بە تەنیـا دەبینێتەوە، لێرەوە لییـر گۆڕانکـاریی بەسـەردا دێـت و دەبێـتە مرۆڤێکی بیر قـووڵ و لەجـاران زیـاتر دڵفراوانتـر، دوا وێـستگەش لییـری شـێت. پـاڵەوانی تراژیـدیاکانی شەکـسپیر بەگـشتی و شــالییر بەتـایبەتی، کە بەو قۆنـاخە پـڕ لە کارەسـاتانەدا تێـدەپەڕن و

گۆڕانکاری بنەڕەتی و گەورە بەسەر ڕەوتی ژیانیاندا دێت، وا لەو پاڵەوانانە دەکات کە زیاتر لە ڕاستییە قووڵ و پەنهانەکانی گەردوون بگەن. لە شالییردا، چەندە گرفتە دەروونییەکانی گەمارۆی بدەن، هێندە وەک کارەکتەرێکی تراژیدی پاکژ دەبێتەوە و دەگاتە ئاستێکی بەرز و زیاتریش درک بەجیهان و ئەو هێزانەش دەکات کە چارەنووسی بەڕێوە دەبات. لییری سەرەتا، بە هەموو مەزنیی تەختی پادشایەتی و لەشکر و دەستوپێوەندەکانییەوە، بەندی ناوەوەی خۆیەتی، خودی خۆی و هێزی دەسەڵات دەیبەستێتەوە و سنوری هەڵسوکەوت و جوڵانەوەکانی دیاری دەکات. بەڵام لییری کۆتایی، ئەو لییرەی پەلکێشی بەندیخانە دەکرێت، مرۆڤێکە لەناوەوەی خۆیدا هەست بە سەربەستیی دەکات. شالییر بۆ یەکەمجار و لەو هەڵوێستە دژوارەدا و لەژێر سێبەری ڕژێمەکەیدا هەست بە چەوساندنەوە و پەژارە و ئازارەکانی مرۆڤ دەکات.

**لییر**

**ئەی نەگبەتانی ڕەش و ڕووت ... کە لە هەر کوێیەک بن**
**ئەی ئەوانەی بەڕووی ستەمی ئەم ڕەشەبایە دەوەستن**
**ئێوە چۆن بەرگەی زوڵمی وەرزەکان دەگرن**
**ئێوە کە سەربانێک بەسەر سەرتانەوە نییە ...**
**بێ نان و ئاو ئەی ئەوانەی بەرگ و سپیاڵتان هەلاهەلایە..؟**
**ئاه .. چەند کەمتەرخەم بووم سەبارەت بەوانە**
**هۆ ... کەش و فش ... دەرمانەکەت هەڵقوڕێنە**
**دەی تۆیش خۆت بخەرە بەردەم ستەمی ڕۆژگار**
**تا هەست بەهەمان مەینەتی چەوساوەکان بکەیت**
**تا چیت لێ زیادە لێت بکەوێ**
**تاوەکو ئاسمان پتر هەقدۆست و دادپەروەر بێ ...**

**مەرگەساتی شالییر**

لییر لەو بارودۆخەدا، دوای هەڵوێستی پڕ لەژانی هەردوو کچەکەی، خۆی لە سوچێکی ئەم جیهانەدا بەتەنیا و دوور لە هەموو کەسێک دەبینێتەوە، هەست بە

کوشندەیی و ئازاری تەنایی دەکات، ئەم بارەش چارەنووسە و هێزی سروشت دەیسەپێنێت بەسەر مرۆڤدا.

## • گورزی سروشت یان تۆڵە لە لییر

سروشت هەمیشە هاوکێشەیەکی بابەتییانەیە لەتراژیدیاکانی شەکسپیردا و ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە: یان ئەوەتا لەگەڵ بارودۆخی مرۆڤدا دەگونجێت، یان بە پێچەوانەوە زۆر بەتوندی، بێ بەزەیی دژی مرۆڤ دەبێتەوە.
لییری تەنیا و پیر و پەککەوتە، ڕووت و قووت، بەبێ دەسەڵات ڕووبەڕووی هێزی کوشندەی سروشت دەبێتەوە. هێزی بێ سنووری سروشت، بەتایبەتییش لە شالییردا، دەروازەیەکی گرنگی تەرازوو و ڕووبەڕووبونەوەی دەسەڵات و تێکشکاندنییەتی، بەهەمان شێوە هێزی ململانێی مرۆڤ و نەمانی بەهاکانیشە. دیمەنی باوبۆران و زریانەکەش لە شانۆنامەی شالییردا یەکێکە لە دیمەنە هەرە بەرزەکان و هەر ئەم دیمەنەشە، وەک هێزێکی گەورەی دەسەڵاتی سروشت، لییر بەرەو شێتیی دەبات. لەم دیمەنەدا لییر تاکوتەنیا بەرەو ڕووی چارەنووسی خۆی دەبێتەوە، زریانەکەش سمبولێکی هەڵچوونی زریانی ناوەوەی ئەو پادشا تەنیا و خەمبار و کلۆڵەیە و هەموو زۆرداریی و دڵڕەقیی دەوروبەرەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە:

**شالییر**

**دەی باوبۆران و ڕەشەباکان هەڵیکەن ..**
**دەبا لالغاوەتان هەڵزڕێ**
**ئەی تۆف و زریان ... ئاوی ئاسمان دە داکەن**
**با سەر تۆپی باڵەخانە بەرزەکان و گومەزەکانیش نقوم بن**
**تۆش ئەی ئاگری کبریت کە فیکرئاسا هەموو شوێنێک دەتەنیت**
**ئێوەش ئەی ئەو بروسک و چەخماخەی داربەڕووەکان لەتوپەت دەکەن**
**دەی ئەم سەر و ڕیشە سپییەم ئاگردەن**
**تۆش ئەی گەواڵەی بەتاو و لەرزە**
**بازنەیی ئەم دونیا پڕە تەختکە**

**چی قاڵبی سروشت هەیە تێکی بشکێنە**
**هەموو تۆوێکیش بە "با" کە کە مرۆڤی سپڵە دروستکا**

## مەرگەساتی شالییر

شێتبوونی شالییر مانای ون بوون و لەدەستدانی هۆش و هەست و نەمانی درک پێکردن بە ڕووداوەکان و دەوروبەر نییە، بەڵکو ئەو شێتییە وایلێدەکات زیاتر درک بەو باروودۆخەی دەوروبەری و جیهان و گەردوونیش بکات. شێتبوونی لییر ئەزموونی ژیانی چڕ دەکاتەوە، مانایەکی قووڵی پێدەبەخشێ و دەیخاتە بەردەم ڕاستییەکان. لییر چەندە شێتە هێندەش هۆشیارە، لەو بارودۆخەدا لەخۆی دەڕوانآ، بە ناوەوەی خۆیدا ڕۆدەچێ و پرسیاری بوون و نەبوون دەکات.

**شالییر**
**ئەرێ کەس هەیە لێرە بمناسێ؟ نابێ ئەوە لییر بێ.**
**ئاخۆ لییر وا بەڕێوە دەڕوا ...؟ ئاوا دەدوێ ...؟ کوا چاوەکانی ...؟ عەقڵی زەعیف و ... هەست و نەستیشی**
**ئیفلیج بووە ... ها ... تۆ بڵێی من وەئاگابم؟ نەخێر ... کێ دەتوانێ پێمبڵێ من کێم ...؟**
**باڵووڵ**
**سێبەری لییر.**

## مەرگەساتی شالییر

لێبوک یان باڵووڵ وەک لەم وەرگێڕانەدا بەکارهاتووە، تاکە کارەکتەرێکە کە لە سەرەتای گەشتەکەی شالییرەوە، هاوشان، هاوڕێ و هاودەمی لییرە تا کۆتایی. کەسایەتی لێبوک "گاڵتەجاڕ" ڕۆڵێکی گەورە لە زوربەی تراژیدیاکانی شەکسپیردا دەگێڕێت، بەڵام ڕۆڵی لێبوک لە شانۆنامەی شالییردا، مەودایەکی فراوانی فیکری و هونەری هەیە و پەیوەندییەکی سەیر و نامۆ، لییر و گاڵتەجاڕەکەی و لەسەر دوو ئاستی جیاواز لە بۆتەی سۆزێکی گەرمی باوکانە و حاڵەتێکی گرژ و تاڵدا کۆدەکاتەوە. هۆشمەندی لێبوک، حاڵەتی شێتیی، نامۆیی و هەڵچوونی ناوەوەی

(هاملێت) ە، دەنگی هۆش و ئاوازێکی غەمگینە. ئەوەی لێبوک لە ڕووداوەکانی شالییردا دەیڵێت لە وتەی هەموو کەسایەتییەکانی تر بەماناتر، قووڵتر و هۆشیارانەترە. هەندێک جار شالییر ڕێگا بە لێبوکەکەی دەدا تا گاڵتەی پێبکات، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە شالییر خۆی شایەنی بەزەییە. کارەکتەری لێبوک ڕووکارێکی تری شالییرە، ویژدانی لییر، خەونەکانی و هەموو ئەو مۆتەکانەشی کە چۆکیان بەسەر سنگیدا داداوە.

**باڵووڵ**

**ورد گوێ بگرە ... مامە،**
**زۆرتر بێڵەوە لەوەی کە دەری دەبڕیت**
**کەمتر بدوێ لەوەی کە دەیزانیت**
**لەوە کەمتر ببەخشە کە هەتە**
**لێخوڕە تا ئەو شوێنەی لەتواناتایە**
**فێربە پتر لەوەی کە دەیزانیت**
**لەوە پتر گل بدەرەوە کە دەیبەخشیت**
**واز لە ئارەق بێنە و لە سۆزانی گەڕێ**
**دەرگا داخە و مەچۆرە دەرێ**
**ئەوسا لە هەر بستێک کە هەتە**
**دوو "دە" ی تری دێتە سەرێ.**

**مەرگەساتی شالییر**

لێبوک ڕووە فەلسەفییەکەی شالییرە و مەودایەکی گەلێ قووڵ و پتەوی بەخشیوەتە شانۆنامەکە، گەشتەکەی لێبوک گەشتێکی گەلێ گران و پڕ لە ژان و ئازارە، گەشتی خۆشی و ناخۆشییە، ڕەنگدانەوەی لییرە و ئاوازێکی خەمبار و ئاوێنەیەکی ڕاستی ڕووداوەکانە. هەر ئەم لێبوکەشە کە دەتوانێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ لییر قسە بکات، بیری بخاتەوە کە ئەو ئێستا پادشا نییە و لە دووڕییانێکی چارەنووسسازانەدا تەنها و بێکەس گیری خواردووە.

**باڵووڵ**

**ئەو کاتەی کە تۆ جحێڵێکی جوان بوویت**
**گوێت بە رووگرژی ئەم نەدەدا**
**ئێستاش کە تۆ سفری دوای ژمارەیت ..**
**من گەلێ لە تۆ چاکترم، من باڵوولم، تۆش هیچ نیت**

**مەرگەساتی شالییر**

## • گەمەی پێناس و خودی ڕاستەقینە

هەر لەسەرەتای دیمەنی یەکەم و لەدوای وەڵامەکەی کۆردیلیاوە گۆڕانکاری گەورە لە ڕێچکە و چارەنووسی کارەکتەرەکاندا ڕووئەدات، ئەم گۆڕانکارییانەش دەروازەیەکی تراژیدی بەڕووی کارەکتەر و ڕووداوەکاندا دەکاتەوە و چارەنووسی یەک بەیەکی کەسایەتییەکانیش دیاریدەکات.

کێنت شاربەدەر دەکرێت و دواتر ڕۆڵی شێت دەبینێت، ئێدگار وەک شێت خۆی پیشان ئەدات و لییریش شێت دەبێت. بەڵام ڕووداوەکان هەندێ لە کارەکتەرەکان ناچار دەکات کە پێناس و سیمای خۆیان بگۆڕن، تا بتوانن لە ڕووداوەکاندا بمێننەوە، ڕۆڵی خۆیان ببینن و لەهەمانکاتدا کاریگەریشیان هەبێت.

دوای ئەوەی شالییر دەست لە دەسەڵات دەکێشێتەوە، کێنت هەرچەندە بەر نەعلەتی تووڕەیی پادشا دەکەوێت، لەبەرئەوەی بەرگری لە کۆردیلیا دەکات، بەڵام بەجلوبەرگێکی خواستراوەوە، تا کەس نەیناسێتەوە، شوێن پادشا دەکەوێت و چاودێری ڕووداوەکان و چارەنووسی لییر دەکات. بەهەمان شێوە ئێدگاری کوڕی گلۆستر، دوای ئەوەی بە پیلانی ئیدمۆندی زۆڵەکوڕی گلۆستر تاوانبار دەکرێت، هەروەکو کێنت لەجلوبەرگێکی تردا خۆی دەگۆڕێت تا لە ڕاوەدوونان و لەناوبردن خۆی بپارێزێت.

ئەم کەسایەتییانە و لییریش پێناس و ناوی تایبەتی و ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست ئەدەن، بەڵام دان بە کارەساتەکانی جیهان و چارەنووسە ڕەش و دیاریکراوەکاندا نانێن و دەیانەوێت بیگۆڕن.

ئێدگار لەنێو ئەم کارەکتەرانەدا، لەهەموویان هۆشیارترە، بۆیە لەکۆتاییدا هەر ئەم دەسەڵات دەگرێتە دەست و شانۆنامەکەش هەر بە وتەیەکی ئەو کۆتایی دێت.

**ئێدگار**

**دەبێ ملکەچی سەنگی ئەم زەمەنە غەمگینە بین**
**ئەوەی هەستی پێدەکەین بیلێین ... نەک ئەوەی کە دەبێ بیلێین**
**لە هەمووومان پیرتر زیاتری چەشت**
**ئێمەی جحێڵ ئەوە نابینین کە ئەم بینی**
**نا ... قەتیش بەقەد ئەو ناژین**

**مەرگەساتی شالییر**

# • مەرگی کۆردیلیا و کۆتایی بازنەکانی شەڕ

به مردنی کۆردیلیا بەتەواوەتی بازنەی شەڕ لە شانۆنامەکەدا دادەخرێت و کۆتایی بە هەموو شتەکان دێت. کۆردیلیا بە سوپایەکی گەورەوە دەگەڕێتەوە تا فریای باوکی بکەوێت و لەدەست خوشکەکانی و لەو کێشە ئاڵۆزە ڕزگاری بکات. بەڵام کۆردیلیا دەگیرێ و لەگەڵ لییری باوکی و بە بڕیاری ئیدمۆند پەلکێشی بەندیخانە دەکرێن، لییر و کۆردیلیا سەرلەنوێ و لە بارودۆخێکی تردا یەکتر دەبیننەوە. لییر لەم هەڵوێستەدا گەورەیی خۆشەویستیی کۆردیلیای کچی و جیاوازی لەگەڵ خوشکەکانیدا بۆ دەردەکەوێت. کە لییر سەرلەنوێ هەست بە سۆزی خۆشەویستیی کۆردیلیای کچی دەکات، ئەقڵ و هۆشی هاوسەنگ دەبێتەوە، تەنانەت ڕووداوەکانی دوای ئەوەش ئارامیی لییر ناشێوێنن، کە دەنێردرێن بۆ بەندیخانەش، دەڵێت:

**لییر**

**نا ... نا ... نا ... وەرە با بە یەکەوە بچینە زیندانەوە**
**هەردوو بەجووت وەک دوو چۆلەکەی نێو قەفەز بچریکێنین**
**کاتێکیش داوای بەرەکەت لە من دەکەیت ... دێمە سەر چۆک**
**من داوای بەخشندەییت لێدەکەم ... ئاوا دەژین**

**نوێژ دەکەین، گۆرانی دەچڕین، حەکایەتە کۆنەکان دەگێڕینەوە ... پێدەکەینین**
**بەدەم پەپوولە ڕەنگینەکانەوە دەخەنین ... گوێ لەو چەوساوانە دەگرین**
**کە لە پادشا و میرەکان دەدوێن ... ئێمەیش لەگەڵیان دەدوێین**
**کێ دەیباتەوە و کێ دەیدۆڕێنێ، لە دەرەوە و ... لە ناوەوە**

**مەرگەساتی شالیر**

ئێدمرند تا دوا ساتەکانی تراژیدیاکە بەردەوامە لە چنینی تۆڕی تاوانەکانیدا، هەر لێرەوە بڕیاری کوشتنی کۆردیلیا ئەدات، بەڵام دۆق ئەلبانی پەردە لەسەر پیلانەکانی ئێدمۆند هەڵدەماڵێ و هەوڵ ئەدات کۆردیلیا و لییری باوکی ڕزگار بکات. بەڵام کۆردیلیا لە بەندیخانە دەمرێت و شالییریش وەک چیایەکی بەفرین دەتوێتەوە.

مردنەکەی کۆردیلیا نموونەیەکی بەرزی قوربانیدانە و زۆر جیاوازە لە هەردوو مردنی (دەزدەمونە و ئەنتیگۆنا)، هەرچەندە هەندێک لە لێکۆڵەرەوە شانۆییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە جۆرە لێکچوونێک لەنێوان مەرگی کۆردیلیا، دەزدەمونە و ئەنتیگۆنادا هەیە. لییریش دەیەوێت بەدوا وشەکانی، بەهەست و سۆزی، بە لۆژیکی باوکایەتی و چارەنووسی ڕۆژگار، ژیان بەبەری کۆردیلیادا بکاتەوە:

**لییر**
**ئا ئەو پەڕەموچە دەجوڵێ ... زیندووە**
**گەرچی بێت و زیندوو بێ**
**چ خەم و مەینەتی کە چەشتوومە لەیادم دەچێ و....برینەکانم سارێژ دەبن.**

**مەرگەساتی شالییر**

# هاملێت و
# تراژیدیای مرۆڤی
# ئەم سەردەمە

## ١

پیتەر بروک بەم شێوەیە پێناسەی هاملێت دەکات: دەکرێت تراژیدیای هاملێت هەمیشە و سەرلەنوێ وەک جهیانێکی شاراوە بدۆزرێتەوە و بژێنرێتەوە. هەر لەم دەروازەیەشەوە ئێمە دەتوانین لە هاملێتدا بەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێین، ئەو ڕاستییانەی دەبنە وێنەیەکی ڕاستەوخۆی ڕاڤە و ستركتوری ڕژێم، دەسەڵات، پەیوەندییە ڕامیاری، كۆمەڵایەتی و سیستەمە هەمەلایەنەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەم پێناسەیەی ڕیژیسۆری جیهانی پیتەر بروک دووپاتی ئەو جیهانە بەرفراوانە سەراپاگیرەی شانۆنامەی هاملێت دەكاتەوە و لەهەمانكاتدا ئاماژەیەكە بۆ نەمری و خوێندنەوەیەكی بەردەوامی جیاواز.

هاملێت ئاوێنەی هەموو سەردەمێكە، هەموو سەردەمێكیش فۆرم و ناوەڕۆكی خۆی لە هاملێتدا دەدۆزێتەوە، ناشكرێت هاملێت وەک خۆی و بەبێ هیچ مانایەک، خوێندنەوەیەكی جیاواز و دیدی سەردەمەكانەوە نەمایشبكرێت. هەر لەبەرئەوەشە كە هاملێت بەردەوام جێگای سەرنجی ریژیسۆر و ئەكتەرەكانی جیهان بووە، چەندین نەوە لە هاملێتدا ماناكانی خۆیان دۆزیوەتەوە، مەزنی هاملێتیش لەوەدایە

کە هەموو کەسێک وێنەی خۆی، وەک ئاوێنەیەکی روون و ئاشکرا، وەک میتافۆرێک لە هاملێتدا دەبینێت و لە هاملێتدا دەدۆزێتەوە.

هەر پیتەر بروک دووپاتی گرنگی شرۆڤەکردنێکی بەردەوامی شەکسپیرمان بۆ دەکاتەوە و دەڵێت:(ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لە شەکسپیر بکۆڵینەوە، چونکە هەموو ئەو شتانەی جێگای گرنگیپێدانن لەلای برێخت، بێکێت و ئارتۆ لەلای شەکسپیر هەن.) شەکسپیر هەموو جیهان و فۆرمەکانی شانۆی لە شانۆنامەکانیدا کۆکردۆتەوە، لەم ڕووەوە هاملێت دەستپێکی گرنگی ئەو گەردوونە هونەری، فیکری، دەروونی و شانۆییەیە.

هاملێت پاڵەوانێکە کە لەدەرەوەی تێکستەکاندا، لە دەرەوەی ئەدەب، شانۆ و فەلسەفەدا دەژی. ناوی هاملێت بۆ ئەو کەسانەشی کە هەرگیز شەکسپیریان نەخویندۆتەوە یان لەسەر شانۆکان نەیانبینیبووە، شتێک دەگەیەنێ. هاملێت هاملێتە و بە هەموو مرۆڤایەتی، لەمسەری دنیاوە بۆ ئەوسەری دنیا ئاشنایە.

ئەو جیهانەی کە لە هاملێتدا بەرجەستە دەکرێت، ئەو بەسەرهاتەی لە هاملێتدا دەگێڕدرێتەوە، توندوتیژە، دڕندانەیە و هەموو کارەکتەرێکیش ئەزموونی تایبەتمەندی خۆی لەگەڵ چەمکەکانی توندوتیژی و دڕندەییدا هەیە. هەندی لە کارەکتەرەکان لە توندوتیژی یاخی دەبێت، بە گژیدا دەچێتەوە، هەندێکی تر ملکەچی یاساکانی توندوتیژی و دڕندەیی سروشتی مرۆڤ دەبن. هەردوو بەرەکە، ئەوانەی کە یاخی دەبن و ئەوانەش کە ملکەچی دەبن، لە کۆتاییدا تووشی ڕوخان و تێکشکان دێن. یاساکانی ئەو جیهانە دڕندەیە لە هیچ کەسێک نابوێرێ. ئەوانەی لەسەر شانۆ ڕۆڵەکانی شانۆنامەی هاملێت دەبینن مرۆڤن، مرۆڤی ڕاستەقینەن! تێدەکۆشن، سوێند دەخۆن، یەکتری دەکوژن و بەناوی خۆشەویستییەوە تاوانەکانیان دەکەن و بەناوی خۆشەویستییەوە شێت دەبن، بۆسە بۆ یەکتر دادەنێن و خۆشیان دەکەونە ئەو بۆسانەوە. بەرگری لە دەسەڵاتی خۆیان دەکەن یان لە دەسەڵات یاخی دەبن، دەیانەوێت جیهان باشتر بکەن یان تەنها خۆیان ڕزگار بکەن، بۆ هەموو ئەمانە شتێک، هۆکارێک و بنەمایەک هەیە، تەنانەت جۆرە مەزنییەک لە تاوانەکانشیاندایە و تاوانەکانیان جۆرە شێتێتییەک لە ناوەوەی خۆیدا حەشار ئەدات.

لە کۆتاییشدا لاوێکی بەهێز (فۆرتینبراس) لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دێت و بە فەرمانێکی ئەفسوناوی، بە خەندەیەکی لەخۆبایی و بە بڕیارێکی سەربازییەوە

دەڵێت:( لاشەکان ببەن. دیمەنی وا بۆ گۆڕەپانی جەنگ شیاوە، بەڵام ئێرە جێگای نییە. برۆ بە سەربازەکان بڵێ تۆپ بتەقێنن. )

## ٢

ولیەم شەکسپیر لەساڵی ١٥٦٤ لەدایکبووە و لە ساڵی ١٦١٦ دا، لە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. پەنجا و دوو ساڵ ژیانێکی هێندە درێژ نییە و شەکسپیر بە گەنجی ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، بەڵام بە پیچەوانەوە، ژیانێکی هونەری دەوڵەمەند و درێژ. شەکسپیر لەو کاتەوەی کە لە شارەکەی خۆیەوە، ستراتفۆرد_ ئۆن _ ئەڤۆن و لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٠ دا، کە تەمەنی لەو دەمەدا بیست و پێنج ساڵ بووە، دێتە لەندەن تا ئەو ڕۆژەی کە گەڕاوەتەوە بۆ زێد و شوێنی لەدایکبوونی، لە دوروبەری ساڵی ١٦١٢ دا، نزیکەی چل شانۆنامەی نووسیون، جگە لە شیعر و سۆناتاکانی.

شەکسپیر لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ژنی هێناوە، ژنەکەی ( ئانا هاتوەی ) هەشت ساڵ لەخۆی گەورەتر بووە، یەکەم منداڵیان کچیک بووە و ناویان ناوە سۆزانە و ئەم کچەیان هەر دوای شەش مانگ بەسەر زەماوەندەکەیاندا لەدایک بووە. دوای دوو ساڵ دوانەیەکیان بووە، کچێک و کوڕێک، کوڕەکەی کە ناوی هاملێت بووە، لە تەمەنی یازدە ساڵیدا مردووە. لە ساڵی ١٥٩٢ دا بۆ یەکەم جار ناوی شەکسپیر لە لەندەن دەرکەوتووە، لەم ساڵەدا نووسەر و شانۆنامەنووسێک بەناوی ڕۆبێرت گرینێ باسی شەکسپیری ئەکتەری کردووە و لە ساڵی ١٥٩٤ یشدا ناوی شەکسپیر لەگەڵ گروپی لۆردەکانی لەندەندا هاتووە. The Lord Chamberlains Trupp
.

شەکسپیر لە ساڵی ١٥٩٣ و ١٥٩٤ دا بۆ یەکەم جار دوو شیعری درێژ و هەر لەم ساڵانەدا بەشێکی زۆری لە سۆناتاکانی بڵاوکردۆتەوە، یەکەم شانۆنامەکانیشی لە ساڵی ١٥٩٤ دا چاپکراوە.

شانۆنامەی ( دوو پیاوی گەنج لە ڤێرۆنە ) یەکەم شانۆنامەی شەکسپیرە، لێکۆڵەرەوەکان دڵنیانین کە کەی نووسراوە، بەڵام وای بۆ دەچن کە لە دەوروبەری ساڵی ١٥٩٠ دا نووسرابێت، بابەتی شانۆنامەکەش کۆمیدیایەکی ڕۆمانتیکییە و ڕووداوەکانی لە ئیتاڵیا ڕوودەدەن.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی نیوەی شانۆنامەکانی لە سەردەمی خۆیدا و بە ڕەزامەندی خۆی چاپکراون. بەڵام یەکەم جار تێکڕای شانۆنامەکانی، حەوت ساڵ دوای مردنی شەکسپیر لەژێر ناوی کۆمیدیا، مێژوویی و تراژیدیاکانی ولیەم شەکسپیر Mr. William Shakespeares Comedies, Historie and Tragedies بڵاوکراونەتەوە. ئەکتەر و شانۆنامەنووس نیکۆلایس رۆف ١٦٧٤_١٧١٨ لە دەوروبەری سەردەمی شەکسپیردا ژیاوە، یەکەم کەسە کە کتێبێکی چل لاپەڕەیی بچوکی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی شەکسپیر نووسیووە، ئەم دیکۆمێنتە دەبێتە بنەمایەکی گرنگی بیۆگرافیا و دەروازەکانی شیکردنەوە و نووسینی هەزارەها کتێب لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ولیەم شەکسپیر.

زوربەی سۆناتاکانی شەکسپیر باسی دڵداری و نزیک بوونەوە لە جیهانی ئافرەتەوە دەکات. پسپۆڕەکانی شەکسپیر دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە سۆناتاکانی بنەمایەکی بیۆگرافییان هەیە، ئەو پسپۆڕانە شیعر و سۆناتاکانی شەکسپیر وا ڕاڤە دەکەن کە گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆی چیرۆکە خۆشەویستییە تایبەتمەندەکانی ژیانی شەکسپیر خۆیەتی.

## ٣

شانۆنامەی (هاملێت)، وەک شانۆنامەی (ماکبێس) هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە ئەتمۆسفێرێکی شەڕانگێزە و سەرەتای تراژیدیایەکی خوێناوی لە دەروازەکانی دیمەن و لەنێو دێڕ و وشەی سەرزاری کارەکتەرەکانەوە دەردەخات. ئەم دوو شانۆنامەیە ( هاملێت و ماکبێس ) هەردووکیان بە هێزێکی ئەزەلی و نادیارەوە زایەڵەی چارەنووسەکان، سەرەتای تراژیدیاکان و ڕەوتی شانۆنامەکان دەستنیشان دەکرێت: تارماییەکە لە (هاملێتدا) و جادووبازەکان لە (ماکبێسدا). تارماییەکەی (هاملێت) هەر لە سەرەتاوە بە ووردی لەگەڵ تۆڕی ڕووداوەکاندا چنراوە و هاوشانی پێودانگە درامییەکە، ڕووداوەکانی شانۆنامەکە بەرەوپێشەوە دەبات.

**هۆراشیۆ**
**لەم کاتانەدا نازانم بە دروستی بیر لەوە بکەمەوە کە چی بکەم،**
**بەڵام بە بیروبۆچوونی من**
**ئەمە نوقڵانەی ڕوودانی ئاژاوەیەکە لە وڵاتەکەماندا.**

**هاملێت، پەردەی یەکەم، دیمەنی یەکەم**

هەر لە دیمەنەکانی پەردەی یەکەمەوە گرێکانی شانۆنامەکە دەکرێنەوە، هەموو شتێک دەربارەی (هاملێت)، باوکی ( پادشا_ تارمایی )، دایکی ( شاژن )، مامی ( پادشای ئێستا ) و گیروگرفتەکانیان دەخرێنە ڕوو، هێڵی تراژیدیاکە ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا چ بینەران و چ خوێنەران لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەبەستێتەوە بە ڕووداوەکانەوە.

**هاملێت**
**ڕۆحی باوکم بە چەکەوە! ئەمە هەرگیز شتێکی باش نییە.**
**گومان لە شتێکی خراپ دەکەم، خۆزگە شەو دابهاتایە!**
**ئەی ڕۆحی من، تا ئەوسا ئارام بگرە! کاری خراپ هەر سەردەردەهێنێت!**
**ئەگەر خۆڵی هەموو دونیاشی بەسەردا بکەیت لەبەرچاوی مرۆڤ خۆی دەنوێنێت.**

**هاملێت، پەردەی یەکەم، دیمەنی دووەم**

## ٤

(هاملێت) شانۆنامەیەکی چڕە، لەهەمانکاتدا مەوداکانی فراوانە و سنوری ڕووداوەکانی چەندین ئاستی جیاواز لەخۆدەگرێت. لە (هاملێت) دا چەندین گرێ و گرفت هەن: ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری زەبروزەنگ و مۆراڵ، پرسەکانی بوون و نەبوون، ئاست و بوارەکانی کێشە و گرێ دەروونییەکان. (هاملێت) سەبارەت بە بەرئەنجامەکانی کۆتایی و ماناکانی ژیان تراژیدیایەکی خۆشەویستییە، هاملێت،

ئۆفیلیا و شاژن، تراژیدیایەکی خێزانی و لەهەمان کاتدا تراژیدیای وڵاتێکە ، قەیرانی فەیلەسوفێک و تراژیدیایەکی میتافیزیکییە _ هاملێت لەهەمانکاتدا لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی قووڵ و هەژێنەرە.

لە مۆنۆلۆژەکانی هاملێتدا دیالۆگێکی ناوەکی لەنێوان لۆژیک و سیاسەتدا هەیە و لەهەمانکاتدا دنیابینی هاملێتە، خەون و ئەندێشە و بینینی جیهانە میتافیزیکیەکانە.

**هاملێت**

**باوکم، وا بزانم، باوکم دەبینم.**

**هۆراشیۆ**

**کوا، لەکوێ، ئەی سەروەری چاکم؟**

**هاملێت**

**بەچاوی بیرم، ئەی هۆراشیۆ.**

**هاملێت، پەردەی یەکەم، دیمەنی دووەم**

مۆنۆلۆگە گرنگەکەی هاملێتیش ( ببیت یان نەبیت، ئا ئەمە مەسەلەکەیە ) گفتوگۆیەکی قووڵی فیکرییە کە هاملێت لەگەڵ خودی خۆیدا دەیکات و بەپێی زوربەی بۆچوونەکانیش: ببیت مانای ئەوە بۆ (هاملێت) دەگەیەنێ، کە تۆڵەی باوکی بکاتەوە و پادشا بکوژێت، یان نەبیت، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کۆڵ بدات و واز لە تۆڵەسەندنەوە بهێنێت. باوکی کارەکتەرە گەنجەکانی ئەم شانۆنامەیە، هاملێت، لێیرتس و ئۆفیلیا، تەنانەت فۆرتینبراس، شازادەی نەرویج، هەموویان کوژراون یان دەکوژرێن.

(هاملێت) بۆ یەکەم جار لە بوون و دەرکەوتنی تارماییەکەوە هەست بە بوونی خۆی، کێشەکان و دەوروبەرەکی دەکات، تارماییەکە وەک دەسەڵاتێکی بەهێز (هاملێت) دەوروژێنێت و ڕووبەڕووی ڕاستییەکانی دەکاتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا بە تەنها لەو دووڕییان و جەنگەڵستانەدا، بەبێ یارمەتی بەجێ دەمێنێت. پەیوەندییەکانیش لە میکانیزمێکی دڕندە و توندوتیژدا بەرجەستە دەبێت، ئەم توندوتیژییەش زۆرجار لە بڕیار و چارەسەرکردنی خێرا و دەستوبرددا دەردەکەوێت و تەنگەژەی قەیران و گرفتەکان زیاتر دەکات. شەکسپیر لە هاملێتدا دیدوبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە تاوان و سزا دەربڕیوە و هەموو

کارەکتەرەکان بە سزای خۆیان دەگەن: شاژن دەمرێت. پادشا دەمرێت. پۆلۆنیەس لە پشت پەردەی ژووری شاژنەوە بە دەستی هاملێت دەکوژرێت، ئۆفیلیا شێت دەبێت و خۆی ئەدا بەدەم دەریایەکەوە و دەخنکێت، لێیرتیسی برای لە ڕووبەڕووبوونەوەی هاملێتدا دەکوژرێت و هاملێت خۆیشی دەمرێت. پۆلۆنیەس دەیەوێت تەڵە بۆ هاملێت بنێتەوە، لە پشت پەردەکەی دایکییەوە خۆی حەشار ئەدات و دەیەوێت لە پەیوەندییەکی توندوتیژدا، پلەوپایەی خۆی زیاتر بەرەو پێشەوە بەرێت، بەڵام لەم گەمەیەدا خۆی دەکوژرێت و بۆشاییەکی گەورەی ژەهر و تاوان بۆ پادشا و بۆ دەروازەی بەرەنگاربوونەوەیەکی تری هاملێت/ لێیرتیس دەکاتەوە.

**شا**

**هاملێت، هەرئێستا پێم بڵێ پۆلۆنیەس لەکوێیە؟**

**هاملێت**

**خەریکی نانخواردنی شێوانە.**

**شا**

**نانی شێوان! لە کوێ؟**

**هاملێت**

**لە جێگایەکدایە کە ئەو نان ناخوات بەڵکو بەخۆی دەخورێت.**
**ئێستا کۆبوونەوەی هەندێک کرمی سیاسی لەسەر ئەوە.**
**کرمی تۆ ئیمپراتۆری تۆیە لە خواردندا. ئێمە هەموو بوونەوەرێکی تر قەڵەو دەکەین تا خۆمان پێیان قەڵەو بکەین و خۆشمان بۆ کرمەکان قەڵەو دەکەین. شایە قەڵەوەکەی تۆ و سواڵکەرە لاوازەکە تەنیا جۆرە خواردنی جیاجیان_ دوو خۆراکن**
**بۆ سەر هەمان مێز، ئەمەش کۆتاییەکەیە.**

**هاملێت، پەردەی چوارەم، دیمەنی سێیەم**

ئەم گەمەیەی (هاملێت) گەمەی زمانە، لەهەمانکاتدا گەمەیەکی سیاسی و دوو دیو و دوو بنەما و دوو مانای هەیە، یەکێکیان گاڵتەئامێز، ڕیسواکردن و سوکایەتی پێکردن، ئەوی تریان مامەڵەیەکی توندوتیژە و دوورە لە ڕێساکانی مۆراڵ و تەنانەت بەها ئایینییەکانیشەوە.

تراژیدیای (هاملێت) تراژیدیای ژەهرە، باوکی هاملێت بە ژەهر کە دەکرێتە گوێچکەیەوە دەمرێت، یەکێک لە دیمەنە ژەهراوییەکانی تر ئەوەیە کە کلۆدیۆسی پادشا چۆن تۆڕی پیلانەکانی بۆ (لێیرتیس) دادەنێت بە ژەهراوی کردنی نووکی شمشێرەکەی، هەروەها ژەهرکردنە پێکی شەرابەکەی هاملێتەوە کە لەبری ئەو شاژن دەیخواتەوە و دەمرێت.

یەکێک لە گرفتەکانی (هاملێت) ئەوەیە کە ئاگاداری تاوانەکانە، بەڵام بەردەوام پلانی تۆڵەسەندنەوەکانی دوادەخات. هاملێت زۆر دەزانێ و زۆر تێدەگات و بە ئاسانی هەموو شتەکان دەبینێت و پیلانەکانی بۆ دەردەکەوێت، ئەمەش وای لێدەکات توانای کاردانەوە و تۆڵەسەندنەوەی نەمێنێ.

(هاملێت) تەنها بە وتەکانی تارماییەکە قایل نابێت، هەرچەندە کاریگەرییەکی زۆری تێدەکات، هەر لەبەرئەوەشە شانۆنامەکە ڕێکدەخات و کاردانەوە بەهێزەکەی پادشا بۆ ئەو دەبێتە بەڵگەیەکی تەواوەتی، لەگەڵ ئەوەشدا توانای تۆڵەسەندنەوەی نییە.

(هاملێت) تا ئەو کاتەی دایکی هاوار دەکات کە دەرمانخوارد کراوە بەو شەرابەی کە بۆ هاملێت ئامادەکرابوو، شمشێرە ژەهراوییەکەی لە ورگی پادشای مامی توند ناکات. کە دایکی لەبەردەمیدا دەمرێت و خۆی بریندارە، ئەوکاتە دەست لە پادشا ئەکاتەوە و پاشا ئەکوژێت. هاملێت تۆڵەی دایکی دەکاتەوە.

بەدرێژایی مێژوو خوێندنەوەی جیاواز بۆ (هاملێت) کراوە و هەموو سەردەم و سەدەیەکیش (هاملێت) فۆرم و شێوازی خۆی وەرگرتووە، لەم پەنجا ساڵەی دوایدا جگە لە شرۆڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، چەندین خوێندنەوەی دەروونی و سێکسیشی بۆ کراوە، بۆ نموونە کوشتنی باوکی و بیرکردنەوە لە تۆڵەسەندنەوە کەمتر بیر و هۆشی هاملێتی داگیرکردووە، بەڵکو مەسەلە سەرەکییەکە زیاتر پەیوەندی بە پەلە شووکردنەوەی دایکی و ئارەزووە سێکسییەکانییەوەیە. دەروون ناسەکان ڕاڕایی و بێ توانایی (هاملێت) لە بڕیار و دواخستنی تۆڵەسەندنەوەی باوکی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو هۆکارە.

## ٥

(هاملێت) وەک پاڵەوانێکی پۆست مۆدێرنیزم، هێدی هێدی وێنەکانی کۆمەڵگا، سیستەمی دەسەڵات و دیدی ڕۆژگارمان بۆ دەنەخشێنێت. ئەم پاڵەوانە بۆتە ناوەندێکی گرنگ بۆ کۆمەڵێک ڕوداو، لەم ڕووداوانەدا کەسایەتی (هاملێت) لە دیدی کارەکتەر و زوربەی کەسانی تری دەوروبەرەکەیەوە بە شێت ئاماژەی بۆ دەکرێت. چەمکەکانی شێتی دەبێتە تاکە پێناسەیەک بۆ بە پەراوێزکردن و دوورخستنەوەی (هاملێت) لە چەقی ڕووداوەکانەوە. گەمەی شێتیش دەبێتە میتۆدێکی هوشیار و چەمکێکی فەلسەفی بەدەست هاملێتەوە. هاوکێشە و پرۆسەی هۆش و لەدەستدانی هۆش لەیەککاتدا، وەک گەمەیەکی هۆشیار، دەبێتە پێکداچوونێکی چڕ و بەردەوامی ژیانی ڕۆژانەی (هاملێت).

(هاملێت) خۆی وەک شێت پیشان ئەدات و خۆی لە پشت دەمامکەکانی شێتێتییەوە دەشارێتەوە، تا کودەتایەک یان ڕاستتر تۆڵەی باوکی بکاتەوە و بەئاسانی پیلانەکانی دابنێت.

## ٦

سیخوڕیی، شوینپێهەڵگرتن، چاودێری و بە نهێنی گوێگرتن بەشێکە لە گەمە سیاسی و پیلان و سیستەمی ڕژێم و سترکتورە کۆمەڵایەتییەکەی دانیمارکی (هاملێت).

لەنێو ڕووداوەکاندا و لەسەر شانۆ بە بەردەوامی باسی شوێنکەوتن و سیخوریی دەکرێت، هەموویان بەبێ جیاوازی سیخوڕیی بەسەر یەکترەوە دەکەن، سیخوڕییش میکانیزمێکی بەردەوامی سیستمی ڕژێمەکەیە. (پۆلۆنییەس) تەنانەت سیخوڕەکانی دەنێرێت بۆ فەڕەنسا بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتی (لێیرتیس) ی کوڕی بێت.

**پۆلۆنییەس**

**سەرەتا دەربارەی دانیمارکییەکانی پاریس پرسیار بکە،**
**بزانە ئەوان کێن، چۆنن و چی دەکەن و لە کوێ دەژین،**
**هاوڕێی کێن، خەرجییان چەندە، جا دوای ئەوەی**
**بەو جۆرە پرسیارە پەنا و پێچاویانەوە ئەوەت زانی**
**ئەوان کوڕەکەم ئەناسن، تۆ ئەوسا بەم ڕێگایە**
**لە بابەتەکە نزیکتر دەبێتەوە لەوەی بەتایبەتی داوای زانیاری بکەیت.**
**ئینجا وا دەربخە کە تۆ لە دوورەوە ئەو دەناسیت،**
**وەکو ئەوەی " من باوک و برادەرەکانی دەناسم و**
**تۆزێک ناسیاویشم لەگەڵ ئەودا هەیە." لەمە گەیشتی، ئەی ریناڵدۆ؟**

**هاملێت، پەردەی دووەم، دیمەنی یەکەم**

پۆلۆنییەس (ئۆفیلیا) ی کچیشی ڕاپێچی گەمەکان دەکات و دەیکات بە بەشێک لە ئامێرەکانی سیخوڕیی و بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاریان دەهێنێت. (پۆلۆنییەس) بە نهێنیی گوێ لە گفتوگۆکانی (ئۆفیلیا) دەگرێت، نامە تایبەتمەندەکانی دەخوێنێتەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکات. ئۆفیلیاش لەم گەمەیەدا بەئاسانی ڕادەستی فەرمایشتەکانی باوکی، لێیرتیسی برای و پادشا دەبێت.

**پۆلۆنیەس**
**ئێوە دەزانن، جاری وایە ئەو چوار سەعات بەسەر یەکەوە پیاسە دەکات، لێرە لەو ڕاڕەوەدا.**
**شا**
**هەر بەڕاستی ئەو وا دەکات.**
**پۆلۆنیەس**
**لەکاتێکی وادا من کچەکەمی بۆ بەردەدەم،**
**ئەوسا ئێوە و منیش خۆمان لەپشت پەردە دەشارینەوە،**
**سەرنجی دیدارەکەیان دەدەین.**

**هاملێت، پەردەی دووەم، دیمەنی دووەم**

(ئۆفیلیا) لەیەک کاتدا بەشێکە لە پیلانەکان و لەهەمانکاتدا قوربانیشە، گوێڕایەڵی باوکییەتی و هاملێتیشی خۆش دەوێت، ئەو خۆشەویستییەش دەبێتە ئامرازێک بۆ پۆلۆنیەس و دژی کچەکەی و هاملێتیش بەکاری دەهێنێت. مەسەلە و پیلان و گەمە رامیارییەکان تەنانەت دەچێتە نێو هەست وسۆزە بچوکەکانیشمانەوە، هیچ کەسێک لە تۆڕەکانی ئەم گەمانە دەرباز نابێت.

(ئۆفیلیا) ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت بۆ ئەوەی باوکی و پادشا لە پشت پەردەکانەوە سیخوڕی بەسەردا بکەن. لەوانەیە (ئۆفیلیا) بەم ڕەزامەندی دەربڕینە بیەوێت (هاملێت) ڕزگار بکات، یارمەتی بدات و گومانەکانی برەوێنێتەوە، (ئۆفیلیا) ساویلکەیە و لە یاسای گەمەکان ناگات و ناتوانێ مەرامەکانی باوکی و پادشا بخوێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە خۆی دەکەوێتە تەڵەکەوە، ئەو تەڵەیەی کە پۆلۆنیەسی باوکی بۆ هاملێتی داناوە. دواجار بەرئەنجامەکانی ئەو پیلانە (ئۆفیلیا) ڕاودەنێتە، یان ڕاستتر دەخزێنێتە ڕەوشێکەوە کە زۆر زەحمەتە لێی بێتە دەرەوە.

## ٧

شەکسپیر بەر لە هەموو شتێک ئەکتەر بووە و شانۆنامەکانیشی بۆ شانۆ نووسیوە، لە شانۆدا ژیاوە و رۆژ بەڕۆژ لەگەڵ شانۆ مامەڵەی کردووە، لە نهێنییەکانی گەیشتووە، شارەزاییەکی ووردی تەکنیکی بونیادنان و ستركتوری شانۆنامەنووسین بووە، هەر لەبەر ئەوەشە زانیویەتی چی دەنووسێت، چی دەگێڕێتەوە و بە چ شێوەیەکیش دەیگێڕێتەوە. شەکسپیر ئەو ئەزموونەی هەبووە کە چۆن کارەکتەرەکانی فۆرمی خۆیان وەربگرن و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بگونجێن و گەورەبن.

بنەمای مەزنی و زیندوویەتی شەکسپیر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شانۆنامەکانی لەسەر شانۆ دەگونجێن و وەک لاستیک وایە، بە چ شێوەیەک بتەوێت دەتوانیت ڕایکێشیت. هەر لە زووەوە شانۆکاران توانیویانە چارەسەری کردەیی و پراکتیکی بۆ شانۆنامەکانی بدۆزنەوە و بە سەربەستی کاریان تێدا کردووە. هەر لەدێرزەمانەوە، لە سەردەمی شەکسپیر خۆیەوە، شانۆنامەکانی زەمینەیەکی

لەباربوون بۆ پێشکەش کردن، ئامادەکردن و گونجاندنی لەگەڵ ستایلی جیاواز و خوێندنەوەی جۆراوجۆر و شرۆڤەکردنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی.

شانۆنامەکانی شەکسپیر و زمانەکەی هەلومەرجێکی لەباری بۆ وەرگێڕانیش خوڵقاندووە و نەوە لەدوای نەوە وەرگێڕی جیاواز و بە زمانی جیاواز شەکسپیریان وەرگێڕاوە، زمانەکەیان تازە کردۆتەوە و جیهانێکی گلوبالی گەورەی شەکسپیریان خوڵقاندووە.

## ٨

شانۆ لە سەردەمی شەکسپیردا زۆر بەربڵاو بووە، بۆ نموونە شانۆی Globe Theatre لە هەزار کەس زیاتری گرتووە، لەم شانۆیەدا بینەران لە هەوای کراوەدا و لەبەردەم تەختەی شانۆکەدا بەپێوە وەستاون، ئەم بەشە گەورەیەی بینەران کراوە بووە و تەنها لەژێر ئاسمانێکی شیندا ئەو خەڵکە بەپێوە سەیری شانۆنامەکانیان کردووە، بەچوار دەوری شانۆکەشدا، لەشێوەی نیوەبازنەیەکی کراوەدا و لە دوو نهۆمدا بینەران دانیشتوون.

ئەزموونی شانۆیی و شارەزایی شەکسپیر لە هاملێتدا ڕەنگیداوەتەوە و کارەکتەری (هاملێت) وەک کەسێکی شانۆپەروەر، شانۆخواز دەردەکەوێت، ئەو گروپە شانۆییەش کە دێنە کۆشک، دەناسێت و لەوەوبەر کارە شانۆییەکانی بینیون و لاسایی ڕۆڵی یەکێک لە ئەکتەر و مەنەلۆژی کارەکتەرەکان دەکاتەوە.

**هاملێت**

**جارێکیان گوێم لێت بوو وتارێکت دەگوت، بەڵام هەرگیز نمایش نەکرا، یان ئەگەر نمایشیش کرابێت، لە جارێک تێنەپەڕی، چونکە من لەبیرمە شانۆییەکە بە دڵی ملیۆنان کەس نەبوو، وەک (کاڤیار) بوو لای خەڵکی گشتی. بەڵام ئەو شانۆییە، بە ڕای من و خەڵکی دی، ئەوانەی کە بڕیارەکانیان لەو بابەتانەدا لە سەرووی منەوە دەهات_ شانۆییەکی نایاب بوو، دیمەنەکانی باش گونجێنرابوون، هێندە بە سادەیی بە قەد کارامەییەکەی جوان بوو. وەک لەبیرمە، یەکێک گوتبووی دێڕەکانی هێندە تام و بۆی تێدا نەبوو تاوەکو بابەتەکە تام و بۆدار بکات، شێوازی دەربڕینەکەشی وا نەبوو تا دانەرەکەی بە ڕواڵەتبازی تۆمەتبار بکرێت، بەڵام من بە ڕێبازێکی ڕاستگۆیانەی نواندنم دانا، بەقەد ڕاست و دروستییەکەی خۆش بوو، جوانتر بوو لەوەی بڕازێنرێتەوە.**

**هاملێت، پەردەی دووەم، دیمەنی دووەم**

(هاملێت) دەستوبرد داوا لـە (پۆلۆنیـەس) دەکات کـە ڕێگا و جێگای شـیاویان بـۆ دابین بکرێت، کە (پۆلۆنیەس) دووپاتی ئـەوە دەکاتـەوە کـە ( بـە گـوێرەی شایستـەی خۆیان لەگـەڵیـان دەجووڵێمـەوە ) (هاملێت) بـە نـاڕەزاییـەوە داوا دەکات کـە ( دەبـێ لەوە باشتر بێت )

**هاملێت**

**...... ئەگەر هەر کەسێک بە گوێرەی**

**شایستەیی خۆی ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت، کێ هەیە لە قمچی لێدان ڕزگاری بێت؟**

**هاملێت، پەردەی دووەم، دیمەنی دووەم**

(هاملێت) ڕێنمایی ئەکتەرەکان دەکات و وانەیەکی هونەری نواندنیشیان پێدەڵێتەوە و گروپەکەشیان بۆ نیاز و مەرامی خۆی بەکاردەهێنێت. بۆ ئـەم مـەبـەستە هاملێت داوا لەم شانۆکارانە دەکات کە شانۆنامەیەکی تایبەتمەند ئامادە بکەن، هەر خۆیشی بابەتی شانۆنامەکە و نـاوەرۆکـەکـەی دەستنیشـان دەکـات و یارمـەتـی ئـەکتـەرەکـان ئەدات کە دواتر`لە کۆشک نمایشی دەکەن.

**هاملێت**

**هیندەش دەستەمۆ مەبە، با وریایی خۆت ڕابەرت بێت.**

**کارەکە لەگەڵ وشە بگونجێنە، وشەش لەگەڵ کردار، تەنیا و بەتایبەتی**

**ئاگات لەوە بێت، لە میانڕەوی تێمەپەڕێنە، جا هەر شتێکی وا**

**زێدەڕۆیی تێداکراو دوورە لە مەبەستی نواندن، کە ئامانجەکەی لە سەرەتا و**

**ئێستاشدا، جاران و هەنووکە ئەوەیە و ئەوە بووە کە ببێتە ئاوێنە و سروشت**

**ڕەنگ بداتەوە، ڕوخسارەکانی چاکە دەربخات و وێنەکانیشی ڕیسوا بکات و**

**ڕۆژگار و جەستەی سەردەمەکە بکاتە شێوە و ناوەڕۆکی بابەتەکە.**

**هاملێت، پەردەی سێیەم، دیمەنی دووەم**

## ٩

هەلومەرجەکانی شانۆ لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە و سەرەتاکانی سەدەی شازدەی ئینگلیستاندا زۆر گران بووە، ئەو شانۆنامەیەی کە لەیەکەم ڕۆژی نەمایش کردنیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابێت، ئیتر هەرگیز جارێکی تر ڕێگەی پێ نەدراوە نەمایش بکرێتەوە.

سانسۆر ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە و گروپەکان هەموو شانۆنامەکەیان ئامادەکردووە و دواتر سانسۆر هاتووە نمایشەکەی بینیوە و بڕیاریان داوە چ دیمەنێک یان مەنەلۆژ و دێڕەکانی ئەو نەمایشە سانسۆر بکرێت. لەگەڵ هەموو ئەم ڕێسا و سانسۆرانەشدا، شانۆ لەکاتی دەسەڵاتی شاژن ئەلیزابێس دا ڕۆڵ و پێگەی بەهێز دەبێت و گرنگییەکی لەبەرچاوی پێدەدرێت، گروپە شانۆییەکان چوونەتە کۆشک و شانۆنامەکانیان بەتایبەتی بۆ ئەلیزابێسی شاژن نەمایش کردووە. هەر شاژن ئەلیزابێسی یەکەم ئاستی شانۆنامەکانی شەکسپیری بەرز نرخاندووە، نەک هەر ئەوە بەڵکو شەکسپیر لەسەر ڕاسپاردەی ئەو شاژنە ڕاستەوخۆ هەندێ لە شانۆنامەکانی نووسیون و بەپێی هەندێ لەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستتدان، شەکسپیر لەماوەی تەنها چل ڕۆژدا شانۆنامەی De muntra fruarna i Windsor بۆ کۆشکی شاهانە نووسیوە.

## ١٠

شانۆنامەی هاملێت بۆ یەکەم جار لە مانگی مای ساڵی ١٦٠٣ و لە قەوارەیەکی بچوکدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دوو دانە لەو چاپە دانسقەیە تا ئێستا ماوە و یەکێکیان لە کالیفۆرنیا و ئەویتریان لە مۆزەخانەی نەتەوەیی بەریتانیا پارێزراوە. ناونیشانی ئەو کتێبە قەوارە بچوکە بەم شێوەیە بووە:

The Tragicall Historie of Hamlet
Prince of Denmarke
By William Shaespeare

دوای ئەوە لە ساڵی ١٦٠٤ دا چاپکراوەتەوە، ئەم چاپی دووەمە هێندە بایەخی زۆر بووە سەرلەنوێ لە ساڵی ١٦٠٥ و دواتریش لە ساڵی ١٦١١ دا چاپکراوەتەوە و لە ساڵی ١٦٢٣ شدا بە شێوەیەکی تەواوەتی لەگەڵ کۆی بەرهەمەکانیدا چاپکراوەتەوە.

## ١١

شەکسپیر بۆ نووسینی زوربەی شانۆنامەکانی گەڕاوەتەوە بۆ سەر کتێبی مێژوو، بەسەرهاتی کۆن و سەرچاوەی جۆراوجۆر، بەڵام شەکسپیر هەمیشە ئامادەکاری لەو سەرچاوانەدا کردووە و توانیویەتی بە شێوازێکی تایبەتمەندی خۆی شانۆنامەکانی لەسەر دابرێژێتەوە. نەژاد و سەرچاوەکانی (هاملێت) یش دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەکردنی چەندین ڕووداوی مێژوویی بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ هۆکار و دەرئەنجامەکانی کرابێت. پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوانی بواری شانۆی ئینگلیزی و شانۆی شەکسپیر چەندین سەرچاوەیان دۆزیوەتەوە کە پێدەچێت شەکسپیر سوودی لێوەرگرتبن. یەکێک لەو سەرچاوانە بە زمانی لاتین لەلایەن ساکسۆ گراماتیۆس ناوێکەوە و لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ەکاندا نووسراوە و ئەم بەسەرهاتەی ساکسۆ گراماتیۆس بۆ یەکەم جار و بە شێوەیەکی تەواوەتی لە ساڵی ١٥١٤ دا لە پاریس چاپکراوە، (هاملێت) لەم سەرچاوەیەدا ناوی (ئاملێت) بووە.

هەروەها چیرۆک و مێژووی (هاملێت) و لە ناوەڕستی ١٥٠٠ ەکاندا لەنێو کۆی بەرهەمەکانی نووسەری فەرەنسی Francois de Belleforests بەناوی مێژووی تراژیدی Histoires Tragiques دا بڵاوکراوەتەوە، ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٦٠٨ دا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێک لەبەردەستتدا نین بە دیقەت دووپاتی ئەوە بکەنەوە کە شەکسپیر سوودی لە چ سەرچاوەیەک وەرگرتووە، بەپیچەوانەوە، بەڵگەنامەکان ئاماژەی سەرچاوەیەکی تر دەکەن کە لەوانەیە شەکسپیر هاملێتەکەی خۆی لێوە وەرگرتبێت.

هەندێ یاداشت و بەڵگەنامەی شانۆیی کە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٥٩٠ ی لەندەن، ئاماژەی ئەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٥٨٩ دا شانۆنامەیەک بە ناوی هاملێتەوە هەبووە و لە ساڵێ ١٥٩٤ یشدا نەمایشکراوە. هیچ کەسێک نازانێت نووسەری ئەو هاملێتە کێ بووە و خودی شانۆنامەکەش فەوتاوە.

هەموو ئەو بەسەرهات و شانۆنامانەی کە بەناوی هاملێتەوە هەبوون و پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون، لە ڕووی ناوەڕۆک و کارەکتەر و بنەماکانی ڕووداوەوە لەیەکدی چوون و هەمووشیان زۆر نزیکن لە هاملێتەکەی شەکسپیرەوە. ئەوەی هاملێتی شەکسپیریش جیادەکاتەوە ئەوەیە کە کارەکتەری تارماییەکە ( پادشای باوکی هاملێت ) و شانۆکارەکانیش کە دێنە کۆشکی پادشا و شانۆنامەکانیان لەسەر ڕاسپاردەی (هاملێت) پێشکەش دەکەن، لە هیچ یەکێک لەو سەرچاوانەی تری کە باسمان لێوەکردن نییە و شەکسپیر ئەو مەودا قووڵانەی بەخشیوە بە هاملێتەکەی خۆی. هەروەها زمانە شیعرییە ساکار و بەرزەکەی شەکسپیریش زۆر جیاوازترە لەو زمانەی کە هاملێتەکانی تریان پێنووسراوە.

زمانەکەی شەکسپیر چەندین ئاستی گوزارشتئامێز لەخۆدەگرێت: زمانێکی شیعریی وێنەئامێز، مەجاز و مەودای قووڵ و جیاواز دەبەخشێتە شانۆنامەکە و سەرلەنوێ ژیان دەکاتەوە بە خودی زمانەکەدا و گەمە بە وشە و دەستەواژە و مانا وێنەییەکان دەکات.

# شانۆی سمبولیزم و مۆریس مەتەرلینگ

ڕێبازی سمبۆلیزم لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی دەیەی ١٨٨٠ وە تا سەرەتا و ناوەڕاستی دەیەی ١٨٩٠ لە پاریس وەدیار دەکەوێت. ئەم تەوژمە وەک کاردانەوەیەکی بەهێزی ڕێبازی ناتورالیزم سەرهەڵدەدات و دید و ئامانجەکانیشیان شتێکی تەواو پێچەوانەی ڕیالیزم/ ناتورالیزم دەبێت لە ئەدەب و هونەردا. بەڵام نەژاد و ڕەگ و ڕیشەکەی بەشێوەیەک لەشێوەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕێبازی ڕۆمانتیکی و هزری فەیلەسوفە ناتورالییەکان.

ناتورالیزم درێژکراوەیەکی یان بەردەوامییەکی لۆژیکیی ڕێبازی ڕیالیزم و ئەدەبی ڕیالیزم دەبێت. بۆ زیاتر شارەزابوون لەم ڕێباز و قوتابخانانە و کاریگەرییان بەسەر یەکتر و ڕەنگدانەوەیان لە شاکاری ئەدەبی و هونەریدا، دەگەڕێینەوە سەریان و زۆر بەکورتی ئاماژە بەو دەروازە گرنگە دەکەین.

ڕێبازی ڕیالیزم لەناوەڕاستی سەدەی هەڤدەهەمدا دەردەکەوێت و زۆر زوو کاریگەرییەکی فراوان لە ئەدەب و هونەری ئەو دەمەدا بەجێدەهێڵێت. لە سەرەتادا و بەشێوەیەکی گشتی ڕیالیزم لەئەدەبدا، بریتی بووە لەچارەسەرکردنێکی بابەتیانەی واقیع و بەبێ هیچ دەست تێوەردانێکی نووسەر. هەر لەبەرئەوە ڕیالیزمییەکان بە هەموو شێوەیەک دژ بە ڕێبازی ڕۆمانسی بوون، لەبری گرنگیدانیش بە خەون و ئەندێشە، ڕوویان کردۆتە خەڵکی ئاسایی و ژیانی ڕۆژانە.

ڕاستگۆیی لەخستنەڕووی مەودا و بوارە جیاوازەکان و ڕاستی ژیان و واقیع، ئاوێتەی ڕەنگدانەوەی دید و تێزەکانی ئەم ڕێبازە دەبێت. ڕاستگۆیی لەهونەردا

مانای ڕاستگۆییە بەرامبەر بە ڕێساکانی ژیان بەگشتی و گوزارشتکردن لە ڕۆحی کۆمەڵ و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵگا بەتایبەتی.

فلوبیر ئەدەبی ڕیالیزمی لە فەرەنسادا بڵاودەکاتەوە، هەروەها توانی ڕۆڵێکی گەورەش لە نەشونماکردنی ئەم ڕێبازە و بڵاوکردنەوەی بە هەموو جیهاندا بگێڕێت. ڕۆمانی ( خاتوو بۆفاری ) نموونەیەکی بەرزی ئەم ئەدەبەیە. بەڵام بلزاک ١٧٩٩ –١٨٥٠ زیاتر لەهەموو کەسێک نەک تەنها لە فەرەنسا، بەڵکو لەهەموو جیهاندا دادەنرێت بە باوکی ڕاستەقینەی ئەدەبی ڕیالیزم. بلزاک ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا لەشیکردنەوەی شانەکانی ژیان و بەستنەوەی بەکۆمەڵگا و خستنەڕووی بوار و لایەنە شەڕانگێز و دزێوەکانی کۆمەڵگاوە. ناتورالیزمیش وەک دیاردە و تەوژمێکی بەهێز و قۆناخێکی هەڵەشە و پێشکەوتووی ڕیالیزم سەریهەڵداوە. ئەم ڕێبازە گرنگییەکی بێهاوتای داوەتە وێنەکێشانێکی زۆر ووردی سەراپاگیری چارەنووس و خودی مرۆڤ، لەڕوانگەی سروشتی ئەو خودە خۆیی و تووخمە بایۆلۆژییەکان و ناوەندە کۆمەڵایەتی و ماتەرییەکانەوە. نووسەرانی سەر بەڕێبازی ناتورالیزم ویستوویانە زیاتر و زۆر بە ووردی دووپاتی نزمترین و کلۆلترین چینە هەژارەکانی کۆمەڵ و لەسەر هەموو ئاستەکان بکەنەوە و بارێکی دژوار و ڕەشبینی و توندوتیژی ئەو جیهانە دەستەبەر بکەن.

ئەمیل زۆلا وەک ڕۆماننووس، شانۆنامەنووس و تیئۆریست، ڕۆڵێکی گەورەی دەگێڕا لە بڵاوکردنەوە و بانگەشەکردنێکی بەربڵاوی ئەم ڕێبازەدا. ئەمیل زۆلا مێتودە زانیاری و پزیشکییەکانی بەکاردەهێنا بۆ پشتگیری، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دیاردەکانی ژیان و هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی، بەتایبەتیش دۆزینەوەکانی زانستی پزیشکی ئەزموونگەری. لەم بوارەدا تاقیکردنەوەکانی کلود برنار وەک پزیشکێکی تایبەتمەند و لەهەمانکاتدا لێکۆڵینەوە ئەزموونگەرییەکانی لەبواری زانستی ئامرازەکانی جەستە و جەستەی مرۆڤدا، کاریگەرییەکی گەورە و لەبەرچاویان هەبووە.

(کلود برنار) کتێبێکی گرنگ ( دەروازەیەک بۆ پزیشکیی ئەزموونگەری ) بڵاودەکاتەوە، کتێبەکە بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئەوروپا، بەهایەکی فرە گرنگ و مەودایەکی فراوانی هەبووە. لەدەروازەکانی ئەم تاقیکردنەوە زانستییانەوە دەرگایەکی تر بەڕووی ئەم ڕێبازەدا دەکرێتەوە.

ئەمیل زۆلا جگە لە ڕۆمانەکانی، کۆمەڵێک کتێبی گرنگیش دەنووسێت، بۆ نموونە ( ڕۆمانی ئەزموونگەری ) ، ( ناتورالیزم لە شانۆدا ) ، ( ڕۆماننووسە

ناتورالیستەکان ). هەروەها زۆلا گرنگییەکی زۆری بە شانۆ داوە و گەرەکی بووە لەڕوانگەی ڕێبازی ناتورالیزمییەوە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەشێوە و شێوازەکانی نەمایشکردنی شانۆیی و هونەری ڕیژی لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە لەڕووی چۆنییەتی نووسینی ئەدەبی شانۆییدا بکات.

لە ساڵی ١٨٩٠ بەدواوە، ڕێبازی ناتۆرالیزم دەگاتە ئاستێکی وا کە چیتر سەرنجی هونەرمەند و نووسەرانی ئەو ڕۆژگارە ڕاناکێشێت. لەبەر ئەوە کۆمەڵی شاعیر و هونەرمەندی وێنەکێش کەوتنە گەڕان بەدوای ڕێبازێکی تردا کەزیاتر بتوانێت گوزارشت لەدیدی ناوەوەی شتەکان، بوونی مرۆڤ، ئێستاتیکای هونەر و دۆزینەوەی هێما لە گەوهەری ئەدەب و هونەردا بکات. بۆ نموونە بۆدلێری فەڕەنسی و فرهایرنی بەلژیکی بە شیعرە سیمبۆلیستیەکانیان جیهانێکی تر و جیاوازیان لە شاکارە شیعرییەکانیاندا ئەفراندووە. دواتر ئەدەب و هونەرێکی سیمبۆلیزم و لەنێوان ساڵانی ١٨٩٠ بۆ ١٩٠٠ ەکاندا تێکڕای ڕێباز، تەوژم و شێوازەکانی گوزارشتکردن بە زمانی فەڕەنسی دەگرێتەوە و کاردانەوەیەکی خێراشی دەبێت بەسەر بەشێکی گەورەی وڵاتانی ئەورووپاوە.

بەڵام لەسەرەتادا زۆر گران بووە بۆ سیمبۆلیستەکان کە بتوانن پێناسەیەکی ئاشکرا و تەواوەتی بۆ ڕێبازەکەیان بکەن، ناتورالیستەکان کەسێکی وەک ئەمیل زۆلایان هەبوو، لەپاڵ نووسینەکانیدا مانیفێست و ووتاری تیئۆری سەبارەت بە چەمکەکانی ناتورالیزم دەنووسێت و بانگەشەیەکی بەربڵاوی بۆ دەکرد، بەڵام سیمبولیستەکان هیچ کەسێکی وەک ئەمیل زۆلایان نەبوو.

بە شێوەیەکی گشتی دید و هزری سیمبولیستەکان مۆرکێکی ئایدیایی و ڕۆحی لەخۆ دەگرێت. واقیع و دیاردە ئاشکراکانی وەلاوە دەنا و ئامێزی بۆ جیهانێکی نهێنی، خەونەئامێز و ناتەباوە کردۆتەوە و لە دەرگای لاشعوری داوە. سیمبولیستەکان زۆر بەتوانا بوون لە ڕۆچوونە خوارەوە و گوزارشتکردنی جیهانە وێنەئامێز و شاراوەکانی ناوەوەی مرۆڤدا، لەهەمانکاتدا وویستوویانە جیهانە نهێنییەکان بەشێوازێکی تەجریدی ڕووت بخوڵقێنن. سیمبولیستەکان دووپاتی دڵەڕاوکێی ڕۆح و حەپەسان و گەمارۆدانی بوونی مرۆڤایەتییان دەکردەوە و بە سمبوڵ دەگەڕان بەدوای ڕاستییە شاراوەکاندا.

## • دەستپێکی شانۆیەکی سمبولیست

### - دەروازە

شانۆی سمبولیزم یەکەم هەوڵە ئەزموونگەر و ناتەباکانی کولتوورێکی نوێی شانۆیی لە ئەوروپادا دامەزراند. ئەم گروپە شانۆکارە دەیانویست سەرلەنوآ شانۆ لە فۆرمێکی تردا دروست بکەنەوە و لەهەمانکاتدا بە ئاراستەیەکی تر و جیاوازیشدا ببیەن.

سمبولیستەکان خوازیار بوون هەموو بنەما سەرەتاییەکانی شانۆی ئەوروپی و ترادیشونی هونەری شانۆ و پێکهاتەکانی بگۆڕن، بەتایبەتیش لەڕووی هونەری نواندن، ستروکتوری شانۆ و بنەماکانی دیالۆگی شانۆنامەکانەوە.

چەقی پرسیار و دیدە ئیستاتیکییەکەی سمبولیستەکان ئەوەبوو کە ناوەندێکی جیاواز ببەخشنە ناوەڕۆکی خەون و فەنتازیاکانمان. ئەم هونەرمەندانە دەیانویست لەڕێگای شانۆیەکی ناتەبا و جیاوازەوە، شانۆیەک کە پشت بە بنەما سایکۆلۆژییەکان نەبەستێت، ڕووبەڕووی سروشت و هێزە شاراوەکانی گەردوون و نائاگاییمان بکەنەوە.

هونەرمەندە شانۆییەکانی ڕێبازی سمبولیزم مەسەلە فیزیکییەکان و بەکارهێنانێکی ناتەبای پانتاییەکان سەرنجی ڕادەکێشان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو هونەرمەندانە پانتایی شانۆ، وەک شوێن و ڕووبەرێکی بەتاڵ جێگای سەرنجیان دەبێت. سمبولیستەکان دووپاتی ئەوەیان دەکردەوە کە لەم پانتاییانەدا هەموو هونەرەکان یەکدەگرنەوە، پێکدا دەچن و جیهانی خەونەکانیشمان بەشێوەیەکی ماتریالیزمی و شیعری بۆ بەرجەستە دەکەن. سمبولیستەکان هەموو ڕەگەزەکانی درووژاندن و نائاگایی مرۆڤ دەکەنە هاوکێشەیەکی گرنگی پرۆسێسەکەیان.

لە دەوروبەری دەیەی ١٨٩٠ ەوە سمبولیستەکان توانییان گوزارشت لەهێما، دید و بۆچوونەکانیان بکەن و لەم ساڵانەشدا چەمکی تەوژم و ڕێبازەکەیان زیاتر

دەردەکەویت. هەر لەم ساڵانەشدا هونەرمەندە شانۆییەکانیش لە پاریس هەوڵیاندا کە شانۆیەکی سمبولیزم دابمەزرێنن.
شانۆی سمبولیزم وەک کاردانەوە و بەرهەڵستییەکی توند و بەهێزی شانۆ ناتورالیستەکەی ئەندریە ئەنتوان و شانۆی سەربەست لە پاریس دەردەکەویت.

## • شانۆی Theatre d´ Art

پاول فۆرت 1960- 1872 Paul Fort شانۆی d´Art وەک ئەڵتەرناتیڤێکی هونەری و لە ساڵی ١٨٩٠ دا لە پاریس دادەمەزرێنێت. پاول فۆرت لە بنەڕەتدا شاعیر دەبێت و بۆچوونێکی ئایدیالیستی و شاعیرانەشی بۆ شانۆ دەبێت، بەڵام دادەنرێت بە پێشڕەوی شانۆی سمبولیزم لە جیهاندا. بۆ یەکەمجار و لەم شانۆیەدا هونەری سینۆگرافیا ڕۆڵێکی جیاواز و گەورە لە دروستکردنی ئەتمۆسفێرەکاندا دەگێڕێت.
یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئەم شانۆیە و کارەکانیان ئەوە دەبێت کە پاول فۆرت زیاتر شاعیر بووە وەک لە هونەرمەندی شانۆیی، توانا و هزری شانۆیی لە ئاستی شیعر و بۆچوونە ئەدەبییەکانیدا نابێت. ئەم گەنجە لەپاڵ نووسین و پرۆژە شانۆییەکانیدا، ڕۆژنامەیەکی شانۆیی بچوکیش بڵاودەکاتەوە. ڕۆژنامەکە چوار تا حەوت لاپەڕە بووە و شیعر، پرۆگرامی شانۆکەیان، تابلۆ و وێنەی وێنەکێشە سمبولیزمەکان و ووتاری کورتی ڕەخنەیی بڵاوکردۆتەوە.
پاول فۆرت وەک شاعیرێک زۆر بە زەحمەت بیر و دیدە شانۆییەکانی پراکتیزە دەکات، نەمایشەکانی لەزۆر ڕووەوە کەموکوڕی تیابووە و هێمای نەمایشەکانیان تەمومژاوی بووە، یان بەهیچ شێوەیەک نەخوێنراوەتەوە. یەکێک لە ڕەخنەگرانی ئەو دەمە سەبارەت بە پاول فۆرت وتویەتی ( لەبەرئەوەی پاول فۆرت شاعیرە، زۆر زەحمەتە شانۆکەی بەشێوەیەکی کردەیی بەرجەستە بکرێت.) ئەم شانۆیە لەسەرەتادا هیچ پەیڕەو و پرۆگرامێکی دیاریکراویان نابێت، شانۆکەش بریتی دەبێت لە هەوڵێکی بچوکی ئەزموونگەری، نەمایشەکانیان یەک یان دوو جار و بۆ بینەرێکی دەستەبژێر و دیاریکراو پێشکەشکراوە. ئەم تیپە سمبولیزمە زۆر کێشەی دارایی، هونەری و خانووبەرەیان هەبووە. بەڵام پاول فۆرت لەگەڵ هەموو

کەموکوڕییەکاندا یەکەم شانۆی سمبولیست و درامایەکی هێماگەری و شانۆیەکی جیاواز و ناتەبا دادەمەزرێنێت و دەرگایەکی تر بەڕووی ڕەوتی شانۆی جیهانی و شانۆیەکی مۆدێرنی ئەوروپیدا دەکاتەوە.

پاول فۆرت کۆمەڵێ شانۆنامەی هێماگەری نووسەرە گەنجەکانی فەرەنسا دەخاتە سەر شانۆ، مۆریس مەتەرلینگ بەجیهان دەناسێنێت، بەهەمان شێوە ڕوودەکاتە شانۆنووسانی جیهانی: گریکەکان، شەکسپیر، شانۆنامەی نووسەرە چینییەکان و شانۆی هیندی پێشکەش دەکات.

پاول فۆرت لەدوو ساڵ زیاتر ناتوانێت بەردەوام بێت و پرۆژە و نەمایشەکانی زۆرجار شکست دێنێت، خەون و پلانەکانی نایەنە دی، بەڵام توانی ڕێگا بۆ شانۆیەکی تر بکاتەوە و بەردەوامییەکی پتەوتر بەشانۆی سمبولیزم بگەیەنێ.

## • شانۆی Theatre de l´Oeuvre

دوابەدوای داخستنی شانۆ سمبولیستەکەی پاول فۆرت شانۆی Theatre de l´Oeuvre بەرەو بە ڕەوت و چالاکییە شانۆییەکانی سمبولیستەکان ئەدات. بەڕێوەبەری هونەری و دامەزرێنەری ئەم شانۆ نوێیەش، بەپێچەوانەی شانۆکەی پاول فۆرت، هونەرمەندێکی شانۆیی و ئەکتەرێکی ناسراوی ئەوکاتەی شانۆ ناتورالیستەکەی ئەندریە ئەنتوان دەبێت لە پاریس.

ئەکتەر و هونەرمەندی شانۆییPoe Aure´lien Lugne´ 1869-1940 سەرکەوتووانە لەنێوان ساڵانی ١٨٩٣ بۆ ١٨٩٩ دا بەردەوامی بەچالاکی و پرۆژەکانی ڕەوتی شانۆیەکی هێماگەری ئەدات. ئەم شانۆیەش دادەنرێت بەیەکەم شانۆی دانپیانراوی بزووتنەوەیەکی ئەزموونگەری و شانۆیەکی سمبولیست لە فەرەنسا وجیهاندا، دەشبێتە ناوەندێکی گرنگی تەوژم و ڕەوتە ئەڵتەرناتیڤ و دژ بە ناتورالیستەکان. لەنێوان چالاکییەکانی ئەم دوو گروپە گرنگەی شانۆی سمبولیزمدا، چەندین گروپی تری ئەزموونگەری، هەر وەک قارچک، لێرە و لەوێ، لەژێر زەمین و ژووری بچووک و قاوەخانەکاندا هەڵدەتۆقن. بەڵام هیچ کام لەم گروپە بچوکانە ناتوانن بگەنە ئاستێکی وەها کە شان بەشانی شانۆی de l´Oeuvre بەرەو بە ڕەوت و چالاکییەکانیان بدەن، بۆ نموونە ئەو هەلومەرجەی کە هەر لە سەرەتاوە

بۆ Aure´lien Lugne´ Poe هەڵدەکەوآ بۆ هیچ کەسێکی تر هەڵناکەویَ: بەر لە هەموو شتێک خۆی ئەکتەرێکی بەهێز بووە، سەرکەوتووانە تیپەکەی بردووە بەڕێوە، کەسانێکی زۆری ناسیون و پەیوەندییەکانی چڕ و بەربڵاو بووە. دوای وازهێنانیشی لە شانۆی سەربەست و ناتوورالیستەکان، خێرا تێکەڵاوی تەوژم و ڕێبازە نوێیەکەی شانۆی سمبولیزم دەبێت.

هەر لەم قۆناخەدا شانۆی ئاسیا و ئاسیای ناوەڕاست، بەتایبەتی شانۆی هیندی و چینی کاریگەرییەکی بەرفراوانی بەسەر شانۆکارانی شانۆی سمبولیزمەوە دەبێت. لە ئەورووپاش دید و بۆچوونە مۆسیقی و شانۆییەکانی ڕیتشارد ڤاگنەر و هونەرە گشتگرەکەی چاوگێکی بەپێز و گرنگی زمانە شانۆییەکەی سمبولیستەکان دەبێت. هزر و بۆچوونەکانی ڤاگنەر و ئاوێتەکردنی وشە، وێنە، ئاواز و شیعر وەک یەکەیەکی دراماتۆرگی لە ئۆپێراکانیدا، کاریگەرییەکی گەورە بەجێدەهێڵێت. مۆسیقا و ئۆپێراکانی ڤاگنەر مۆرکێکی خەونئامێز، داستان و ئەفسونی لەخۆگرتووە، ڤاگنەر خۆی پێی وابووە کە هونەری مۆسیقا زۆر نزیکە لە شیعرەوە و بەم پێیەش وشە و دیالۆژەکانی پانتایی و بوارێکی تر لەخۆدەگرێت.

لە سەرەتادا شانۆی Theatre de I´Oeuvre پشت بەشانۆنامەکانی هێنریک ئیبسن دەبەستێت کە بەشێوازێکی هێماگەری پێشکەشیان دەکرد. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە هەر لەم قۆناخەدا شانۆنامەکانی ئیبسن لە ئەڵمانیا و لە ڕیزی ئۆتۆبراهەم پێشکەشدەکرا، بەڵام لە ئەڵمانیا بە بەراورد لەگەڵ فەڕەنسا، بەشێوازێکی ووردی ناتورالیزم نەمایش دەکرا. ئیبسن وەک شانۆیەکی ناتورالیست دەروازەیەکی گرنگیش دەبێت بۆ ئەندریە ئەنتوان و شانۆ ناتورالیستییەکەی لە پاریس.

Aure´lien Lugne´ Poe کە خۆی ئەکتەری سەرەکی شانۆکەی دەبێت، یەکەم کەسیش دەبێت کە لە ساڵی ١٨٩٣ دا شانۆنامەی ( پێلیس و مێلاندە ) ی مۆریس مەتەرلینگ نەمایش دەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا ستریندبیری، گۆرکی و شەکسپیریش پێشکەش دەکات. هەر لەسەر ئەم شانۆیە و لە ساڵی ١٨٩٦ دا بۆ یەکەمجار شانۆنامەی ( ئۆبۆی پادشا ) ی ئەلفرێد گاری نەمایش دەکرێت. ئەم پیەس و شانۆنامەیە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەرییەکی لەبەرچاوی دەبێت لەدروستکردنی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەورووپیدا. ئەوەی جێگای ئاماژەکردنە ئەوەیە کە ئەم شانۆنامەیە یەکەم سەرەتاکانی شانۆیەکی سوریالیزم و ئەپسوردیزم لەخۆدەگرێت.

شانۆی سمبولیزم زۆر زوو هەنگاوەکانی دەنێت، هەرچەندە هێنریک ئیبسن بەر لەهەموو کەسێک لەفۆرم و شێوازێکی بەرزدا ڕیالیزم و سمبولیزم، سمبولیزم و ڕیالیزم تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتر دەکات، لەم پێکداچوونەشدا ئەدەبێکی بەرز و شانۆیەکی مۆدێرنی بێوێنە دەخولقێنێت. بەڵام شانۆیەکی تەواوەتی سمبولیزم و ئەدەبێکی شانۆیی لەسەر دەستی نووسەر و شانۆنامەنووسی بەلژیکی مۆریس مەتەرلینگ ١٨٦٢-١٩٤٩ دا لەدایک دەبێت.

# • تراژیدیای ناو ژیانی ڕۆژانە

مۆریس مەتەرلینگ شانۆی بووکەڵە سەرنجی ڕادەکێشێت، لەم شانۆیەدا هێما ڕۆڵ دەبینێت و لە واقیعییەت و ناتورالیزمەوە دوورە. مەتەرلینگ لە سەرەتادا دوو شانۆنامەی کورتی یەک پەردەیی La Princesse Marleine و L´Intruse بۆ شانۆی بووکەڵە دەنووسێت. ئەم نووسەرە لەبنەمایەکی قووڵ و زەمینەیەکی جیاوازی ئاراستە هونەرییە سمبولییەکاندا بیر لە لابردنی بوونی ( ئەکتەر ) دەکاتەوە لەسەر شانۆ. جەستەی ئەکتەر، بەپێی بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم بەرەوپێشەوەچوونی هونەری شانۆدا. لە یەکێک لە نامە و بابەتە شانۆییەکانیدا سەبارەت بەم بۆچوونەی ووتوویەتی:" دەکرێت لەبری جەستەی مرۆڤ، سێبەر، تیشک یان بەکارهێنانی فۆرم و دید و هزری هێماگەری بەکاربهێنرێت، بەکارهێنانی بوونەوەرێکی بێگیان، کە لەوە دەچێت گیانی تیادا بێت؟ بەڵام دوورکەوتنەوە و وون بوونی جەستەی مرۆڤ لەسەر شانۆ بەشتێکی زۆر گرنگ و پێویست دەزانم." لەلای مۆریس مەتەرلینگ کارەکتەرەکان ڕۆڵی هەست و سۆزی ناوەوەی مرۆڤ دەبینن و دەرگایەک دەکەنەوە تا شتە نەبینراوەکان ببینرێ و هەر لەم ڕێگایەشەوە فۆرم و دەروازەیەکی تری بەڕووی بەکارهێنانی شانۆدا کردۆتەوە.

مۆریس مەتەرلینگ تەرزێکی تایبەتمەندی تراژیدی دەخولقێنێت، تراژیدیایەک زۆر بەهێمنی و لەناو نهێنییەکانی بوونی مرۆڤایەتیدا دەسوڕێتەوە. گەر پاڵەوانەکانی تراژیدیای گریکی ڕووبەڕووی کارەساتێکی دیاریکراوی تراژیدی بوونەتەوە، لەبەر ئەوەیە کە پێشوەخت خواوەندەکان چارەنووسی ئەو پاڵەوانانەی دیاریکردووە. بەڵام لەلای مۆریس مەتەرلینگ تراژیدیا و کارەساتەکانمان تەنها لەو

چرکەساتانەدا ڕوودەدات کە مرۆڤ لەپڕ و لەکاتە نادیارەکاندا بەڕووی چارەنووسی خۆیدا دەتەقێتەوە. مەتەرلینگ تراژیدیاکەی خۆی بە تراژیدیای ژیانی ڕۆژانە پێناسە دەکات:( تراژیدیایەکی ژیانی ڕۆژانە هەیە، زۆر گەوهەری، قووڵتر و نزیکترە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر یەکانگیرە بە واقیعی ژیانی ڕۆژانەمانەوە. لەڕووداوە گەورە تراژیدییەکاندا بەشێوەیەکی ئاسان هەست بەبوونی کارەساتێک دەکەیت، بەڵام لەهەمانکاتدا بە ئاسانی دەرناکەوێت و نابینرێت.)

مۆریس مەتەرلینگ ئاماژە بە تراژیدیای گریکی دەکات و ڕاڤەیەکی لۆژیکی لەژێر چەمکەکانی بێدەنگیدا بۆ دەکات. لەو تراژیدیایانەدا و بەڕای مەتەرلینگ هیچ شتێک ڕوونادات و هەموو شتێکیش ڕوودەدات. کارەساتەکان، تراژیدیا و چارەنووسە دیاریکراوەکان لەبێدەنگیدا، لەجیهانێکی وەستاوی نهێنی و تەلیسماویدا بەرجەستە دەبن، بەبێ هات و هاوار، بەبێ قەرەباڵغی و بەبێ جووڵە. لەبەرئەوە مەتەرلینگ لەنێو ژیانی ڕۆژانەماندا بەدوای تراژیدیاکان و کارەساتەکاندا دەگەڕێت، تراژیدیا لەنێو ژیانی ڕۆژانەدا دەدۆزێتەوە و ئاوێتەی ژیانە ئاساییەکانمانی دەکات.

## • چەردەیەکی کورت لەژیانی مۆریس مەتەرلینگ

مۆریس مەتەرلینگ شاعیر، نووسەر و شانۆنامەنووسێکی بەڕەگەز بەلژیکییە و لە ٢٩ ی ئەگوستی ساڵی ١٨٦٢ دا لەشاری گێنت لەدایکبووە، خوێندنی باڵای لە کۆلیژی یاسا تەواوکردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەک پارێزەر کاریکردووە و هەر لەم ساڵانەشدا یەکەم شیعر لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکاتەوە. دواتر واز لە کاری یاسا و پارێزەری دەهێنێت و بەتەواوەتی خۆی بۆ نووسین و ئەدەب تەرخان دەکات.

مۆریس مەتەرلینگ لە ساڵی ١٨٨٧ ەوە دەچێتە پاریس و لەوێ تێکەڵاوی شاعیرە سمبولیستەکان دەبێت، بەڵام هەرگیز بەتەواوەتی لەپاریس جێگیر نابێت، لە بەلژیکیش نامێنێتەوە، بەڵکو لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا و لەنێوان گێنت و پاریسدا هاتوچۆ دەکات تا ساڵی ١٩٤٩ لە شاری ( نیس ) ی فەڕەنسا کۆچی دوایی دەکات. ئەم نووسەرە سەرەتای ژیانی بەشیعر دەست پێدەکات و لە ساڵی ١٨٨٩ شدا یەکەم دیوانە شیعری سمبولیستیی خۆی بڵاودەکاتەوە. لەساڵی ١٨٩٠ دا دوو شانۆنامە ( بانگێشت نەکراو ) و ( کوێرەکان ) بڵاودەکاتەوە. دوای ئەوە

بەتەواوەتی ڕوودەکاتە نووسینی شانۆنامە، شانۆگەرییەکانی لە سەرەتادا بە شیعر دەنووسێت، دوای ئەوە هەر خۆی سەرلەنوێ بە پەخشان دایاندەڕێژێتەوە. لە ساڵی ١٨٩٢ دا شاکارە گەورەکەی ( پێلیس و میلاندە ) بڵاودەکاتەوە. ئەم شانۆنامەیە ناوبانگێکی جیهانی بۆ مەتەرلینگ بەدەست دەهێنێت و پایە و پێگەشی لە وڵاتی فەڕەنسا گەلێک پتەو دەکات.

مۆریس مەتەرلینگ فرە بەرهەم بووە، جگە لە شانۆنامەکانی، لە ساڵی ١٨٩٥ یشەوە بابەتی تیئۆری، ڕەخنەی ئەدەبی، ووتاری شانۆیی و تەنانەت باس و لێکۆڵینەوەی فەلسەفیشی نووسیوە. ئەم نووسەرە گەورە و ڕابەرە لە ساڵی ١٩١١ دا پاداشتی نۆبڵی ئەدەب وەردەگرێت و بەمەش هەموو جیهان دووپاتی بلیمەتی و تایبەتمەندی ئەم نووسەرە دەکەنەوە.

مۆریس مەتەرلینگ لە فۆرمێکی شانۆییدا خودی مرۆڤ ڕووبەڕووی چارەنووسێکی گران و نادیار دەکاتەوە، ماناکانی ژیان شاراوەیە و وا هەست دەکرێت کە لە جیهانێکی وەهمی و ئەندێشەییدا دەسوڕێتەوە، ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆیش ڕووئەدات ڕەنگدانەوەیەکی دەرەکی دەروونی خودی کەسایەتییەکان و ژیانیانە. ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی خەونەئامێز و گرۆتێسکە، کارەکتەرەکان کەسانی دەستەپاچەن بەرامبەر بە چارەنووس، هێز و ووزەی سروشت. ئەم نووسەرە زمانێکی میتافیزیکی و ئەفسونی خوڵقاندووە، وتاری کورت، وشەی ساکار و وێنەی بەهێزی قووڵ سترکتوری پیەسەکانی پێکدەهێنێت. بۆ ئەم مەبەستە پانتۆمایم و بێدەنگی و دابینکردنی ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە نهێنی، دەکاتە ئامرازە سەرەکی و سەرەتاییەکانی.

کارەکتەرەکان لە فۆرمێکی خەونەئامێز و لە دنیایەکی نادیاردا دەجووڵێنەوە، لەم جیهانەدا شتەکان لە تاریکی و ڕووناکییەکی کز و لەناو سێبەرە ڕەشەکاندا دەبزوێن، بەم شێوەیە و لە ڕوانگەی بێدەنگییەکی مۆسیقییەوە ڕیتم و بارودۆخێکی ئەفسونی دەبەخشێت بە کارەکتەرەکانی.

مۆریس مەتەرلینگ دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکە کۆنەکانی چاخەکانی ناوەڕاست و شانۆی خەیاڵی سێبەر و سرووتە نهێنییەکان، سوودیان لێوەردەگرێت و سەرلەنوێ لە شانۆنامەکانیدا، بەشێوەیەکی تر گیانیان بەبەردا دەکاتەوە.

## • کوێرەکان

کوێرەکان یەکێکە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی مۆریس مەتەرلینگ و لەساڵی ١٨٩٠ دا نووسیویەتی. ئەم شانۆنامەیە هەر دوای چەند ساڵێک لە پاریس نەمایشدەکرێت و دەروازەیەکی فراوان بەڕووی شانۆی سمبولیزمدا دەکاتەوە.

مـۆریس مەتەرلینـگ لە ( کوێرەکـان ) دا گوزارشـت لە زۆر هێمـا و دیـد و بۆچوونە سـمبولییەکانی دەکات، بابەتێکی نویَ و تەکنیکێکی مۆدێرن دەستەبەری ئامرازەکانی دەکات.

شانۆنامەی کوێرەکان باسی مەرگ لە چاوەڕوانیدا دەکات، چاوەڕوانی دەبێتە تـوخمێکی گرنـگ و سـەرنجڕاکێش. چـاوەڕوانی پرۆسـەیەکی گـران و دژوارە، لەم پرۆسـەیەدا مەرگ ئامـادەیە، ئامـادەییەکی بەهێـز و کـارەکتەرە کوێرەکـان ڕووبەڕووی ترسـێکی کوشـندە دەکـاتەوە. تەنهـایی لەم چـاوەڕوانییەدا ترسـی کـارەکتەرە کوێرەکـان، لەخۆیـان، لە شـوێنەکە، لە ئاینـدە و لە چارەنووسـیان زیـاتر دەکات. لە شانۆنامەکەدا دوانزە کەسایەتی کوێر لەدارستانێکدا کۆبوونەتەوە، یان ڕاستتر وایە بڵێین گیریان خواردووە. ئەم کوێرانە ڕابەرەکەیان کە قەشـەیەکی پیرە بەتەنها جێیهێشتوون، قەشەکە لە دارستانەکە دوورکەوتۆتەوە تا ئاویان بۆ بێنێت.

کـابرای قەشـە دەنگـی نییە و هەرگیـز ناشـگەڕێتەوە، نەگەڕانەوەی ئەم ڕابەر و ڕێنوێنە بارێکی نائارامی و کۆمەڵێ پرسیاری بیَ وەڵام لەلای کوێرەکان دروست دەکات. هەر لە سەرەتاوە شانۆنامەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**یەکەم کوێر**

**باشە ئێستا ئەو ناگەڕێتەوە؟**

**دووەم کوێر**

**بێدارتان کردمەوە.**

**سێیەم کوێر**

**منیش دەنووم.**

**یەکەم کوێر**

**چیتر ناگەڕێتەوە؟**

**دووەم کوێر**

**من هیچ تەپەی پێی نابیستم.**

**سێیەم کوێر**

**کەواتە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە جێگاکەی خۆمان.**

**یەکەم کوێر**

**لەو کاتەوەی ئەو ڕۆیشتووە هەوا سارد بووە.**

**پیرەمێردی کوێر**

**پێم بڵێن، ئێستا ئێمە لەکوێداین؟**

**پیرێژنی کوێر**

**ماوەیەکی زۆرە بەڕێگەوەین، دەبێ ئێستا لەجێگاکەی خۆمانەوە زۆر دوور بین!**

**شانۆنامەی کوێرەکان**

دیالۆژی شانۆنامەکە لەنێوان کوێرەکاندا بەشێوەیەکی بێ پلان دەسوڕێتەوە، ترسیان لێ نیشتووە، هەریەکە و بەتەنها چۆتە جیهانە داخراوەکەی خۆیەوە، وشە و ڕستەکانیان هەر وەک ئەوە وایە بە ئاسماندا، بەبێ هیچ کاریگەرییەک، وەک ئەوەی کەس گوێی لێیان نەبێت بڵاودەبێتەوە.

ئاستی ترس و دڵەڕاوکێی کارەکتەرەکان هێدی هێدی بەرز دەبێتەوە و لەبەرئەنجامدا دەبێتە کۆرسێکی تۆقێنەر، خەم، ترس و چاوەڕوانی پێکدا دەچن و باروودۆخێکی دژوار و نالەبار بۆ کوێرەکان دەخوڵقێنێت. چاوەڕزانی قەشە لەم نەمایشەدا هێمای چاوەڕوانییە هەتاهەتاییەکەی مرۆڤە، چاوەڕوانی شتێکی نادیار، چاوەڕوانی چارەنووس و ئایندەیەکی شاراوە.

**سێیەم کوێر**

**ئێمە ئێستا واخەریکە لەو شتە تێدەگەین کە دەمانویست تێی بگەین. تا قەشە دەگەڕێتەوە، با ئێمە کەمێک بەیەکەوە بدوێین!**

**پیرێژنی کوێر**

**قەشە پێی گوتین کە دەبێ بێدەنگ دانیشین و چاوەڕوانی بکەین.**

**خۆ ئێمە لە کەنیسە نین!**

**سێیەم کوێر**

**ئێوە نازانن ئێمە لەکوێین؟**

**پیرێژنی کوێر**

**من گەر قسە نەکەم دەترسێم.**

**دووەم کوێر**

**دەزانن قەشە بۆ کوێ چووە؟**

**سێیەم کوێر**

**من وابزانم ئەو دەمێکە ئێمەی جێهێشتووە!**

**شانۆنامەی کوێرەکان**

کوێرەکان، ئەو مرۆڤانەی کە بەتەنها و لەدارستانێکی تاریکدا بەجێهێڵراون، نازانن لەکوێن، شوێن لە یادەوەرییاندا بوونی نییە و ئەم نهێنییەش هێندەی تر ترسی لەلا وروژاندوون. بەڵام لەبەرئەنجامدا و بەهۆی سەگێکەوە بۆیان دەردەکەوێت کە قەشەکە بۆ هیچ شوێنێک نەڕۆیشتووە و هەر لەوێدا و لەژێر دارێکدا مردووە و گیانی تیانەماوە. کوێرەکان کە ئەم ڕاستییەیان لەلا ئاشکرا دەبێت دەکەونە هاوار هاوار، بەبێ ئەوەی کەس گوێی لەدەنگیان بێت.

مەرگ لای مۆریس مەتەرلینگ چارەنووسی مرۆڤە، هەر لەم ڕووەشەوە مەرگ باڵ بەسەر شانۆنامەکانیدا دەکێشێت و ئامادەگییەکی بەهێز و بەردەوامی هەیە. بەڵام مەرگ لەلای ئەم نووسەرە فۆرمێکی دیاریکراو یان بەشێوەیەکی تراژیدی نابەستێتەوە بەژیانەوە، بەڵکو مەرگ وەک مەرگ بوونێکی ئاسایی و لەهەمانکاتدا بینراوی هەیە. هیچ هۆکارێکی دیاریکراو دروست ناکات بۆ مەرگ، یان پاساو بۆ خودی مەرگ ناهێنێتەوە و هیچ کەسێکیش بەرپرسیار نییە لەو مەرگە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە مۆریس مەتەرلینگ گرنگی نادات بە ( کردار ) بەشێوە تەقلیدییەکەی ستركتوری دراما و شانۆنامە، بەڵکو لەبری ئەوە کردار دەگۆڕێت بە هەڵوێستە. هەڵوێستەکانیش تەنها دەروازەن بۆ دروستکردنی کردارەکان. کارەکتەرەکان هیچ جۆرە کردارێکی ئەوتۆ ناکەن، بەڵکو لە شوێنەکانی خۆیاندا و بەبآ جوڵە دەمێننەوە تاکو مەرگ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. تەنها کرداری ئەم کارەکتەرانە ئەوەیە کە هەمیشە دەیانەوێت بەسەر هەڵوێستەکاندا زاڵبن، یان گەمارۆی هەڵوێستەکانیان بدەن.

شانۆنامەکە گەمەیەکی پڕ لە نهێنی و تەلیسماوییە، هیچ یەکێک لە کارەکتەرەکان ناویان نییە و بە کوێری یەکەم، دووەم .... هتد ئاماژەیان بۆ دەکرێت. هەندێک جار دیالۆژەکان دەبنە چەند پارچە مەنەلۆژێکی لیریک ئامێز و لەچەند وێنەیەکدا جیهانی فەنتازیای کوێرەکان بەرجەستە دەکات. گوێمان لەدەنگی دارستان، گڤەی با و شەپۆلی زەریا دەبێت، هەرچەندە کەسایەتییەکان کوێرن و هیچ نابینن، بەڵام بۆنی گوڵ و زەریا دەچێت بەسەریاندا، هەست بە تاریکی شەو دەکەن و دەزانن کە شەویان بەسەردا هاتووە:

**کچۆڵەی کوێر**

**بۆنی گوڵ لەم ناوە دێت!**

**یەکەم کوێر**

**تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.**

**کچۆڵەی کوێر**

**نا ... گوڵە! دەوروبەرمان گوڵە.**

**دووەم کوێر**

**تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.**

**پیرێژنی کوێر**

**با یە و بۆنی گوڵ لەگەڵ خۆی دێنێت.**

**سێیەم کوێر**

**من تەنها بۆنی زەوی دەگاتە کەپووم.**

**پیرەمێردی کوێر**

**وابزانم ژنەکان ڕاست دەکەن.**

**شەشەم کوێر**

**گوڵەکان لەکوێن؟ دەمەوێ بیانچنم.**

### شانۆنامەی کوێرەکان

مۆریس مەتەرلینگ وەک ئەوەی هەستی بەوە کردبێت کە دیالۆژەکانی هەموو شتێک نادات بەدەستەوە، بۆیە شانۆنامەکانی بە کۆمەڵێ وێنەی سینەمایی، سیناریۆ، ڕوونکردنەوە، دەنگ و ئامادەکردنی ئەتمۆسفێر پڕدەکاتەوە. ئەو دوانزە

کوێره پرسیاری بەتاڵ لە چارەنووس و ئایندەی خۆیان دەکەن و هێدی هێدی لە بار و هەڵوێستە گرانەکەی خۆیان دەگەن. هەموو ووتووێژەکانیشیان، پرسیار و وەڵامەکانیان ڕیتم و ڕێچکەیەکی خەمناک لەخۆدەگرێت.

**دووەم کوێر**

**ئێستا ئێمە لەبەر هەتاوداین؟**

**سێیەم کوێر**

**بۆچی هەتاو هێشتا ماوە؟**

**شەشەم کوێر**

**باوەڕ ناکەم. وابزانم درەنگە.**

**دووەم کوێر**

**ئاخۆ سەعات چەند بێ؟**

**کوێرەکانی دیکە**

**نازانین. کەس نازانێ.**

**دووەم کوێر**

**ئاخۆ دونیا هێشتا ڕووناکە؟ ( بە شەشەم کوێر ) لەکوێیت؟ ئەرێ خۆ تۆ دەتوانیت کەمێک ببینیت، دونیا ڕووناکە؟**

**شەشەم کوێر**

**وابزانم زۆر تاریکە. چونکە کاتێک هەتاو دەبێ هێڵێکی ڕوونی ئاو لەژێر پێڵووەکانمدا دەبینم. بەڵام ئێستا چەند سەعاتێک تێپەڕیوە و ئەو هێڵە نابینم.**

**یەکەم کوێر**

**هەمیشە درەنگانێ برسیم دەبێ، ئێستا برسیمە.**

**شانۆنامەی کوێرەکان**

کوێری لە شانۆنامەی کوێرەکان دا سمبوڵی بێ دەسەڵاتی و دابڕانی مرۆڤە، ئێمە چەندین ساڵە لەگەڵ یەکترین، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕوخساری یەکترمان نەبینیوە. ئەمە دووپاتکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی هەتاهەتایی تەنیایی و تەنیا بوونی مرۆڤە، مرۆڤ دەبێت ببینێ تا بتوانێ کەسێکی خۆش بوێت.

وشـــه، ڕســـته و دیالۆژەكـان زۆر جـار نـابنه ئـامرازێكی گوزارشـت ئـامێز بـۆ كارەكتەرەكـان وەك تاكێـك كه چـاوەڕوانی وەڵامـێكه، بەڵكـو لەبـری ئەوە دەبێـته خولْقانـدنی ئەتمۆسـفێرێكی وەهـا كه دەسـەڵاتی بەسـەر دەوروبەرەكه و بەسـەر هەمـــوو كارەكتەرەكانیـــشدا دەشـــكێت. هەمـــوو دیالۆژەكـــانیش، وەك لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ كردووە، ڕەنگدانەوەیەكی ئاشكرای دڵەڕاوكێ، چـاوەڕوانی، تەنیـایی و نەزانینی چارەنووس و ئایندەیەكی نادیارە.

# گەڵك و سمبوڵەكانی وەچە و تراژیدیای خێزان

لە سەرەتای ساڵەکانی 1900 ەکاندا، کۆمەڵێ لە شانۆنامەکانی ستریندبێری، یەک لەدوای یەک لە ستۆکهۆڵم نەمایشدەکرێن: خاوەن قەرزەکان، تاوان و تاوان، گۆستاف ڤاسا و خاتوو ژۆلیا. لەناو ئەو نەمایشانەدا، شانۆنامەی خاتوو ژۆلیا لەهەموو نەمایشەکانی تر زیاتر سەرکەوتنێکی هونەری بەدەست دەهێنێت. بینەران بە پەرۆشەوە بەرەو پیری شانۆنامەکان دەچن و ڕۆژنامەکانیش بە گەرمییەوە نەمایشەکە هەڵدەسەنگێنن.

نەمایشکردنی خاتوو ژۆلیا بۆ ستریندبێری لە هەموو شانۆنامەکانی تری زیاتر جێگای بایەخ و گرنگیپێدان دەبێت. بەتایبەتی ئەوە یەکەم نەمایش و سەرکەوتنی خاتوو ژۆلیا دەبێت، خاتوو ژۆلیا لەساڵی 1888 دا نووسراوە، بەڵام لەساڵی 1906 دا نەمایش دەکرێت. خاتوو ژۆلیا بۆ چەندین ساڵ و بە هەموو شێوەیەک و لەسەر هەموو شانۆکان قەدەغە دەکرێت. هەرچەندە خاتوو ژۆلیا یەکەم شانۆنامەیە کە سەرکەوتنە نێونەتەوەییەکان بۆ ستریندبێری بەدەست دەهێنێت: بۆ یەکەم جار لە پاریس و لەسەر شانۆی سەربەست لەلایەن ئەندریە ئەنتوانەوە پێشکەش دەکرێت، هەروەها لە بەرلین و لەسەر شانۆی ژووری ماکس ڕاینهارت، بە سەرکەوتنێکی گەورە پێشکەش دەکرێت.

بەڵام ئەو سەرکەوتنانەی خاتوو ژۆلیا لە پاریس، بەرلین و کۆپنهاگن هیچ لە بیروبۆچوونی سویدییەکان ناگۆڕێت و بۆ ماوەی زیاتر لە دە ساڵ سانسۆر هەموو جۆرە هەوڵێکی پێشکەشکردنی خاتوو ژۆلیا قەدەخە دەکات.

نەمایشەکەی خاتوو ژۆلیا لەسەرەتادا لەزوربەی شار و شارۆچکەکانی سوید نەمایش دەکرێت و دوا وێستگەی ئەو سەرکەوتن و گەشتە هونەرییە لە 13 ی دیسەمبەری 1906 دا لە ستۆکهۆڵم کۆتایی دێت. ئەو نەمایشە سەرکەوتووە لە نواندن و ڕیژی هونەرمەندێکی نەناسراو و لاوی ئەو کاتە ( ئاگۆست فاڵک ) دەبێت.

ئەو نەمایشە و ئاگۆست فاڵک خەونە دێرینەکەی ستریندبێری سەبارەت بە دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی زیندوو دەکاتەوە. ستریندبێری دەکەوێتە نەخشەدانان، پەیوەندی دەکات بەو ڕیژیسۆرە گەنجەوە و هەر لەسەرەتاشەوە بڕیار دەدات کە ئەو هونەرمەندە بکاتە بەرپرسیار و بەڕێوەبەری هونەری و ئیداری ئەو شانۆیە. شانۆکەشیان جۆرە شانۆیەکی ژوورئاسا، ڕاینهارتێکی سویدی دەبێت لە ستۆکهۆڵم و بەناوی شانۆی ئینتیم ناوزەدی دەکەن. ستریندبێری و لەماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێ شانۆنامەی تایبەتمەند بەناوی شانۆی ژوورەوە بۆ ئەو شانۆیە دەنووسێت. ( بڕوانە پێشەکی ژمارە پێنجی ئەم زنجیرەیە، شانۆنامەی سۆناتای تارمایی و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور ). ئەمڕۆ سەد ساڵ بەسەر دامەزراندنی شانۆی ئینتیم و شانۆنامەکانی گەمەی ژووردا تێپەڕیوە، شانۆی ئینتیمیش لەو ڕۆژەدا وەک یەکێک لە شانۆ مۆدێرنەکانی سوید ئاماژەی بۆ کراوە. لەکاتی کردنەوەی شانۆکەشدا، ئەندامانی ئەو گروپە نوێیە لە سیانزە ئەکتەر پێکهاتووە.

ئەو شانۆیە بە شێوازێک کاری کردووە کە زۆر نوێ بووە بۆ ئەو کاتەی بزووتنەوەی شانۆیی لەسوید، هەر لەم ڕووەوە ئەم شانۆیە و لەسەرەتادا بە شانۆی تەقەلا، شانۆیەکی سەربەست، شانۆی ئەفنتاگەر، شانۆیەکی کراوە و شانۆی ئەزموونگەری ئاماژەی بۆ کراوە، تا لەدواییدا بەشانۆی ئینتیم، واتە شانۆیەکی نزیک لە بینەرانەوە ناوزەد دەکرێت.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، ستریندبێری و ئاگۆست فاڵک زۆر بە ووردی و لە نزیکەوە ئاگاداری گۆڕانکارییەکان و بەرەو پێشەوەچوونی بزووتنەوەی شانۆی ئەوروپی بوون، ئەمەش زیاتر هانیداون بۆ کردنەوەی شانۆکەیان و هەوڵی تێپەڕاندن و خولقاندنی شێوازی نوێیان داوە،

## • کەڵک و سەرەتاکانی شانۆی ئینتیم

ستریندبێری کە شانۆی ئینتیم بەهاریکاری ئاگۆست فالک لە ستۆکهۆڵم دادەمەزرێنێ، دید و بیرۆکەیەکی تایبەتمەندی لەپشت دامەزراندنی ئەو شانۆیەوە دەبێت. پرۆژەیەکی هونەری گشتگر و قووڵ مەوداکانی ئەو شانۆیە پێکدەهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێ شانۆنامە بەناوی گەمەی ژوورەوە بۆ ئەو شانۆ نوێیە دەنووسێ. شانۆنامەکانی گەمەی ژوور کە بریتین لە شانۆنامەکانی: باوبۆران، زەوی سوتاو، سۆناتای تارمایی و کەڵک یان ( سەقاقوش )، لەنێوان مانگی یانیوەری تا مانگی یونی ساڵی 1907 دا، نووسراون.

چالاکییەکانی شانۆی ئینتیم بۆ یەکەمجار لە 26 ی نۆڤەمبەری 1907 دا، وەک دەیەمین شانۆی ستۆکهۆڵم بە شانۆنامەی کەڵک دەست پێدەکات. نەمایشە شانۆییەکە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەستناهێنێ، ڕەخنەگرەکان بەتوندی هێرش دەکەنە سەر شانۆنامەکە و نەمایشەکەش، ئەمەش دەبێتە هۆی قەیرانێکی مادیی و مانەوی بۆ ئەندامانی ئەو گروپە تازەیە و هەر دوای سیانزە جار، شانۆنامەکە لەبەر نەبوونی بینەران ڕادەگیرێ.

بەپێی ئەو ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوانەی ئەمڕۆ لەبەر دەستتدان، سەرنەکەوتنی یەکەم نەمایشی کەڵک دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی ڕێژیسۆر و کەم ئەزموونیی ئەکتەرەکان. هەروەها هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی شانۆی ئینتیم و ستریندبێری ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە نەمایشەکە لە پلانێکی ڕیالیزمییانەی بەرتەسکدا بەرجەستە کراوە و بەهیچ شێوەیەک توخم و مەودا گوزارشتئامێزە دەوڵەمەندەکانی شانۆنامەکە نەدۆزراونەتەوە.

شانۆنامەی کەڵک بەنێو مەرزەکانی ناتورالیزم و شانۆیەکی گوزارشتئامێزدا گوزەر دەکات. ئەم دوو تەوژمە تێکەڵاو دەکات و دەروازەیەکی جیاواز و مۆدێرن بەڕووی شانۆی سویدی و شانۆی جیهانیدا دەکاتەوە. ستریندبێری ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە کەڵک دەکرێت وەک شانۆنامەیەکی درێژی یەک پەردەیی، یان شانۆنامەیەکی سێ بەشیی کورت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لەم سێ بەشەدا هەموو

ڕووداوەکــان لــە هــەمــان ژووردا ڕوو دەدەن، بــەمــەش هــەســتێکی داخــراو و بەندیخانەئاسا دەخولقێنێ.

یەکەم سەرکەوتنەکانی شانۆنامەی کەڵک وەک نەمایشێکی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ شـانۆی ژووری ئەڵمـانی. لـەدوای جـەنگی یـەکـەمی جیهانیدا، تـەوژمـی شـانۆی گوزارشـتئامێز لـەبرەودا دەبێت، ئـەم تـەوژمـە زیـاتر لـە ئـەڵمانیـای دوای جـەنگ سـەرهـەڵئـەدات و کاریگـەریـشیان بـەسـەر بزووتنـەوەی شـانۆی ئـەوروپییـەوە ڕاستەوخۆ دەبێت.

ماکس ڕاینهارت کە یەکێک دەبێت لە ڕیژیسۆرە هەرە بلیمەت و ناودارەکانی ئەو ڕۆژگارە، لە ساڵی 1914 دا کەڵک لە بەرلین و لە شانۆی ژوور پێشکەش دەکـات. مـاکس ڕاینهـارت بـە شـێوازێکی گوزارشـتئامێزی کاریگـەر، جیهانـە خـەونـەئـامێز و تـەکنیکـە ترسناکە ڕەشـەکـەی نـاوەوەی پیـەسـەکـە دەدۆزێتـەوە. ئەکتەرەکانی لەو گەمە ترسناکەدا مۆرکێکی ڕەسەنی هونەری نواندنیان بەرجەستە کردووە. ئەم نەمایشە دواتر و لە ساڵی 1920 دا بە سـەردانێکی هونـەری دێتـە سوێد و لە شاری یۆتۆبۆری و ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێت. نەمایشەکە دەبێتە جێگای ستایش و سەرسوڕمانی شانۆکاران، ڕەخنەگران و بینەران. ئەو ڕاپۆرت و ووتارانەی کە دوای نەمایشەکە نووسراون، ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئـەڵمانییـەکـان زیـاتر لـە ئێمـە، باشـتر لـە ئێمـە دەتـوانن سـتریندبێری بخوێننـەوە. بـەکورتی نـەمایشـەکـە دەبێتـە وانـەیـەکی هونـەری بـۆ ئـەو کاتـەی ڕەوتـی شـانۆی سوێدی.

## • کەڵک شانۆنامەیەکی ڕەشی دژ بە ئافرەت

سـتریندبێری بـەوە ناسـراوە کـە هـەمیـشە دژی ئـافرەت کـاریکردووە، بـەڵام نەیتوانیوە بەبێ ئافرەت بژی. سێ جار ژنی هێناوە و هەر سێ جارەکـەش تووشـی نووشوستی بووە، خۆی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە تەنها بە تیۆریی دژی ژنە.

زوربـەی شـارەزایـان و پـسپۆڕانی بـواری سـتریندبێری شـانۆنامەی کـەڵک بـە یەکێک لە ڕەشترین و توندوتیژترین بەرهـەمـەکانی ستریندبێری دادەنێن کە دژی ژن نووسرابێت. کارەکتەری دایک ڕۆڵی سەرەکی هـەیە و بـەرپرسیارە لـە هـەموو

ڕووداو و تاوانەکانی شانۆنامەی کەڵک، کەڵکیش وەک ناونیشان مانایەکی مەجازی لەخۆدەگرێت.
کەڵک هاوکێشەیەکی گاڵتەئامێز و ئاراستەیەکی پێچەوانە و سمبولیزم دەبەخشێتە کارەکتەری دایک. کەڵک باڵندەیەکە کە بەچکەکانی بە خوێنی خۆی پەروەردە دەکات، گەر خواردنی دەست نەکەوێت، ئەوا خوێنی خۆیانیان ئەداتێ. بێگومان ئەمەش بۆچوونێکی زۆر جیاوازی کارەکتەری دایکە لە شانۆنامەی کەڵک دا.

## • کەڵک باسی چی دەکات

چیرۆکی کەڵک یەکێکە لە دژوارترین کارەسات و پەیوەندییەکانی ئەندامەکانی خێزانێک. کە شانۆنامەکە دەست پێدەکات باوکی ئەو خێزانە مردووە، دایک کوڕ و کچێکی هەیە کە هەمیشە برسییانە و لە سەرمادا هەڵدەلەرزن. هەروەها دایک پەیوەندییەکی نزیک و پڕ لە نهێنیی لەگەڵ زاواکەی کۆیان دەکاتەوە. ئەم دایکە لەڕێگای نامەیەکی باوکە مردووەکەوە تاوانبار دەکرێت بە دز، خۆپەرست و بەرپرسیاری یەکەمی مەرگی خۆیشی، واتە مەرگی (باوک).
شانۆنامەکە بە دیالۆژێکی نێوان دایک و مارگرێتی کارەکەر دەستپێدەکات، هەر لە سەرەتاوە، لەم دیالۆژەدا هەموو هێڵە گشتی و گرفتە گرنگەکانی شانۆنامەکە ئاشکرا دەبێت. هەر لەم دیمەنە کورتەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە مێردی دایک، واتە باوکی کوڕ و کچەکە، تازەکیی بە خاک سپێردراوە. بۆنی مەرگ لەماڵەکە دێت و هەست بە نائارامیی و ئایندەیەکی نادیار چاوەڕوانی ئەم خێزانە دەکات. هەر لەم دیمەنە کورتەدا و لەڕێگای مارگرێتەوە پەردە لە ڕووی خۆویستیی، بەرچاوتەنگیی و پیسکەیی دایک هەڵدەماڵدرێت. دایک خۆیشی پەردە لەڕووی خەونە ئیرۆتیکییەکانی لەگەڵ زاواکەیان هەڵدەماڵێت.

**دایک**

**.... بیریشت نەچێت کە زاواکەی من لە هیچ زاوایەکی تر ناچێت و جیاوازە ....**

**مارگرێت**

**بەڕاست؟**

**دایک**

**ئا .... وایە! چونکە ئەو وەک خەسوویەک هەڵسوکەوت لەگەڵ مندا ناکات .... بەڵکو ئەگەر نەڵێین دۆستێک، بە چاوی خوشکێک سەیرم ئەکات ....**

**( سەروسیمای مارگرێت ئەگۆڕێت. )**

**دایک**

**تێت ئەگەم، سەروسیمات چاک ئەخوێنمەوە .... پێشت سەیر نەبێت کە زاواکەمم خۆش ئەوێت، ئەویش ڕێز لەو خۆشەویستییە ئەگرێت و بەلایەوە گرنگە .... مێردەکەم ئەوی خۆش نەئەویست، چونکە ئەگەر نەڵێم ئیرەیی پێ ئەبرد، دڵیشی لێ پیس کردبوو .... بەوەیش، ڕێزێکی زۆری بۆ من پەیدا کردبوو، هەرچەندە من ئەوەندە گەنجیش نیم، کە شایانی دڵپیسکردن بم .... هیچت وت؟**

**شانۆنامەی "کەڵک"**

ئەم دەروازە و دەستپێکەی شانۆنامەکە، دواتر لە کۆمەڵێ دیمەنی تردا، بە قووڵی هەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن و کارەکتەرەکان یەک لەدوای یەک پلان، خەون، ئارەزوو و نهێنییەکانیان بۆ بینەران و بە شێوازێکی سوریالی، ڕیالیزمییانە و خەونەئامێز دەخەنە ڕوو.

سەرەتای بەشی دووەمی شانۆنامەکە بە دیمەنێکی نێوان خوشک و برا (فریدریک و یاردا) دەست پێدەکات، دیمەنەکە دەستپێکی نوێی پەیوەندییەکانی ئەم خوشک و برایەن. هەر لە سەرەتاوە لەوە دەگەین کە ئەم خوشک و برایە لەوەوبەر بەم شێوەیە پێکەوە نەدواون، یان بەم شێوەیە لەیەکتر نزیک نەبوونەتەوە، فریدریک لەگەڵ باوکی و یارداش لەگەڵ دایکی لە دوو بەرەی جیاوازدا بوون.

هەستی تەنیایی یاردا، خەمۆکی و دڵەڕاوکێی فریدریک ئەم دوو ئەندامی خێزانە، لە ئاستێکی ناهەمواری ژیانی کۆمەلایەتی و خودێتی ئەم دوو کەسایەتییەدا کۆدەکاتەوە. دەیانەوێت بۆ تاوێک دالدەی یەکتری بدەن و لە نهێنییەکانی ڕەفتار و ئاکاری دایکیان بگەن. لەسەر و هەموو ئەمانەشەوە فریدریک دەیەوێت یاردای خوشکی بەئاگا بهێنێتەوە.

**یاردا**

**..... دانیشه، با کەمێک قسه بکەین .... هەست بە تەنیایی ئەکەم ...**

**کوڕ**

**( دائەنیشێت ) ڕاست ئەکەیت، منیش پێم وایە کە لەمەوبەر بۆمان نەلواوە ...... پێکەوە قسە بکەین .... هەمیشە هەر لەیەکدابڕاوبووین و هەستمان بە سۆزی یەکتر نەکردووە.**

**شانۆنامەی " کەڵک "**

فرێدریک لەسەرەتادا ئەوە بۆ خوشکەکەی ئاشکرا دەکات کە مێردەکەی درۆی لەگەڵدا کردووە، نەچووە بۆ کۆبوونەوە، بەڵکو لە شەوی بووکێنییەکەیاندا، بە تەنها چووە بۆ یانەی خواردنەوە و کات بەسەربردن، نەک بۆ کار و کۆبوونەوە، وەک ئەو بە یاردای ژنی ووتووە. هەر لەم دیمەنەدا فرێدریک فریای ئەوە دەکەوێت هەندێ لە ڕاستییە تاڵەکانی ڕەفتار و هەڵوێستی دایکیشی بگێڕێتەوە.

**کوڕ**

**ئا، تۆیش ئەزانیت دایکم زۆر حەزی لەخۆتێهەڵقورتاندنە و لەبەکارهێنانی تەلەفۆنیشدا ئەوەندە کارامەیە کەس لینگەی نییە ...**

**یاردا**

**چیی! ناشێت خۆی لە کاروباری ئێمەیش هەڵقورتاندبێت .... بێ ئەوەی پێ بزانین!**

**کوڕ**

**بۆ لە خۆتێهەڵقورتاندن زیاتر شتێکی تری کردووە .... هیچ دووریش نییە، ئێستا لە پەنای یەکێک لە دەرگاکاندا خۆی مەڵاس دابێت و گوێی بۆ ئەم گفتوگۆیەمان ڕاگرتبێت ...**

**شانۆنامەی " کەڵک "**

کارەکتەری دایک هەمیشە وویستوویەتی نیازی دڵی مناڵەکانی بزانێ، یاردا بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و دژی باوکی هانی بدات، ئەم کارانەی بە ئامۆژگاری، ڕێنمایی و قسەکردن لەگەڵ مندالەکانیدا نەکردووە، بەڵکو پەنای بردۆتە بەر خۆتێهەڵقورتاندن، چەواشەکردن، سەرکۆنەکردن، برسی کردن و هەموو شێوازێکی تری ناپەسەند.

شانۆنامەی کەڵک لەزۆر ڕووەوە لە جیهانی شانۆنامەکانی هێنریک ئیبسنەوە نزیکە، یاردا لە زیندەخەونێکی بەئاگادا، لەگەڵ درۆکانی ژیاندا دەژی، هەروەک پاڵەوانەکانی مراوی کێوی و تارماییەکان. یاردا بەدەم خەوەوە دەڕوات، یان

بەمانایەکی تر بەدەم خەوەوە دەژی. یاردا لەبەشی دووەمی شانۆنامەکەدا بە فریدریکی برای دەڵێت:" دڵنیام لەوەی لە خەوێکی قورسدام، بەڵام بەهیچ جۆرێک نامەوێت بەخەبەر بهێنریمەوە.... چونکە ئەوسا ناتوانم .... لەوە زیاتر بژیم ..... شانۆنامەی "کەڵک"

هەروەها شانۆنامەی کەڵک لەزۆر ڕووەوە لە شانۆنامەی (سەمای مەرگ) ەوە نزیکە. کەڵک بە شێوەیەک لە شێوەکان تەواوکەر و چارەسەرێکی تری شانۆنامەی سەمای مەرگە، یان بەشی سێیەمییەتی (سەمای مەرگ لە دوو بەش پێکهاتووە) وەک هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان و ستریندبێری ناسان ئاماژەیان بۆ کردووە. لە کەڵکدا باوک مردووە و لەسەر شانۆ نابینرێ، جێگای کاپتن دەگرێتەوە، دایکەکەش بە تەنیا لەگەڵ کوڕ و کچەکەیدا دەژی. کەڵک هەروەک سەمای مەرگ دەنگی ڕەشەبا و با و بۆران ئەتمۆسفێرێکی ترسناک دروست دەکات.

هەروەها ستریندبێری لە مانگی ئەپریلی ساڵی 1907 دا، بەرلەوەی شانۆنامەی کەڵک بنووسێ، شانۆنامەیەکی کورتی میناتۆری تری بە ناوی Toten_Insel ەوە نووسیوە. ئەم شانۆنامەیە لەیەک کاتدا بەردەوامییەکە بۆ شانۆنامەی سۆناتای تارمایی، بەتایبەتی لە دیمەنی کۆتاییدا کە بە دوورگەی مەرگ کۆتایی دێت (بڕوانە ژمارە پێنجی ئەم زنجیرەیە، شانۆنامەی سۆناتای تارمایی) دەروازەیەکیشە بۆ شانۆنامەی کەڵک. شانۆنامەکە بە دیمەنێکی کورت دەست پێدەکات، هەروەک (کەڵک) بە ماوەیەکی کورت دوای مردنی باوکی خێزانەکە.

## • کەڵک و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ستریندبێری

ستریندبێری وەک زوربەی ڕۆمان و شانۆنامەکانی تری، بۆ نووسینی شانۆنامەی کەڵک سوودێکی زۆری لە ژیانی خۆی، دەوروبەر و خێزانەکەی وەرگرتووە. وەک لە پێشەکی ژمارەی پێشووی ئەم زنجیرەیەدا ئاماژەمان بۆ کردووە، لەکاتی نووسینی شانۆنامەکانی گەمەی ژووردا، ستریندبێری لە بارودۆخێکی زۆر گران و ئاڵۆزی دەروونیدا ژیاوە. بۆ نموونە ژنی سێیەمی (هاریێت بۆسە) وازی لێدەهێنێ، بە تەنیا ژیاوە و زیاتر پشتی بە یارمەتی بەردەست و کەنیزەکەکانی بەستووە، بەڵام هیچ یەکێک لەو کارەکەرانە: ئالما، سۆفی، ئێبا،

خاتوو کۆپەرباری ... هتد لەلای ستریندبێری تا سەر نەماونەتەوە و هەر زوو، دوای چەند ڕۆژێک لەبەر گرانیی مامەڵە کردن لەگەڵ ستریندبێری، وازیان لەو کارە هێناوە و ستریندبێرییان بەتەنیا لەو ماڵەدا جێهێشتووە. دواجار خوشکەکەی ستریندبێری کە ناوی (ئانا) بووە، ناچار دەبێت بێتە لای ستریندبێری و لەبری کەنیزەکان، ئەو خزمەت و یارمەتی ستریندبێری برای بدات. ئانای خوشکیشی هەر دوای چەند ڕۆژێک بێزار دەبێت و بەبێ ماڵئاوایی، لە ماڵەکە ئەچێتە دەرەوە. دواتر ستریندبێری تا هەتایە جارێکی تر نایەوێت ئانای خوشکی ببینێت و شانۆنامەی کەڵکیش دەنووسێت بۆ تۆڵە سەندنەوە لەو هەڵوێستەی ئانای خوشکی.

کارەکتەری سەرەکی کەڵک دایکە، هەروەک ئانای خوشکی، کوڕ و کچێکی هەبووە و بە بێوەژنیی ژیاوە. زوربەی ئەندامەکانی خێزان و بنەماڵەی ستریندبێری زۆر دڵگران و سەخڵەت بوون بە شانۆنامەی کەڵک و لۆمەی ستریندبێرییان کردووە. ئەوان بە ئاسانی وێنەی ژوورەکە، کەلوپەل، پەیوەندییەکان و تەنانەت هەندێ لە دیالۆژەکانی سەر زمانی کارەکتەرەکان دەناسنەوە.

ئانای خوشکی لەکاتی تەماشاکردنی نەمایشەکەدا تووشی خورپە و هەڵچوونێکی پڕ لە تووڕەیی دەبێت و لەناوەڕاستی نەمایشەکەدا هەڵدەسێتە سەر پێ و هاوار دەکات: ئەمە ڕاست نییە! ئەمە ڕاست نییە!

ستریندبێری لەدوای نەمایشکردنی شانۆنامەی کەڵک و لە نامەیەکدا بۆ (ئەکسل) ی برای نووسیوویەتی:" ئەم بەرهەمەم بەبێ ئیرادە و ویستی خۆم نووسیوە، لەکاتی نووسیندا بیرم کردەوە کە بیسوتێنم، بۆ ماوەیەکیش شاردمەوە. بەڵام سەرلەنوێ دەرکەوتەوە، وەک ئەوەی دوام کەوتبێت. هەروەها بە نەمایشکردنی ئازار دەچێژم. هەموو شەوێک کە لەسەر شانۆ دەیبینم ئازار دەچێژم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەمتوانیوە پەشیمان ببمەوە، یان ئارەزووم بە نووسینی نەکردبێت."

لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی کە وایان لە ستریندبێری کردووە شانۆنامەی کەڵک بنووسێت، لەگەڵ هەموو ڕاستییەکان و ئەو بنەما واقیعیانەی کە ستركتوری شانۆنامەکەی لەسەر بنیاتنراوە، کەڵک شانۆنامەیەکە بە شێوازێکی ئەدەبی و هونەری بەرز و دوور لەهەموو جۆرە ڕاپۆرت و ژیانی ڕاستەوخۆی خێزانی و بیوگرافیاکانەوە نووسراوە.

ستریندبێری وەستایەکی گەورە بووە لە بەکارهێنانی ژیانی خۆی و دەوروبەرەکەیدا. ئەوەی بەکاریهێناوە، ئەوەی ڕاستەوخۆ لەژیانی خۆی، یان

ئەندامەکانی خێزان و بنەماڵەکەیانەوە وەریگرتووە، کردوویەتی بە شیعرێکی بەرز، بە ئەدەبێکی گەورە و بە شانۆیەکی مەزن.

ستریندبێری لە سەرەتادا گەرەکی بووە شانۆنامەکەی ناوبنێ (ڕۆیشتن بەدەم خەوەوە)، لەو بڕوایەوە کە کەسانی تاوانبار و شەڕخواز، هەست بە هێزە شەڕخوازییەکانی ناوەوە و دەروونی خۆیان ناکەن، لەبەرئەوە پێویستە پەردە لەڕووی تاوانەکانیان هەڵماڵدرێت، بەئاگا بهێنرێنەوە و لەو خەوە خەبەریان بکرێتەوە.

## • تارمایی یان ئازاری ویژدان

لە شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا کارەکتەری هوممێل تووشی ئازاری ویژدان، شڵەژان و ڕاوەدوونان دەبێت کە کچە شیرفرۆشەکە و کۆنسولە مردووەکە دەردەکەون. بەهەمان شێوە لە کەڵکدا کارەکتەری دایک مێردە تازە مردووەکەی ڕاویدەنێ و ویژدانی ئازار دەدات، لانکە کورسییەکەی باوکە مردووەکە کە دەجوڵێتەوە، تارمایی ئاسا ڕاویدەنێ و وەک سزادانێکی دەروونی بۆ کارەکتەری دایک وایە و پیاوەکەی بە هەموو گرفت و ئازاراکانییەوە وەبیر دەخاتەوە. دایک لە وێنە هەڵواسراوەکەی باوک دەترسێ و وا دەزانێ ئەوە چاوەکانی ئەوە کە لە وێنەکەوە لێی مۆڕ دەبێتەوە، هەمیشە گوێی لە دەرگادان و هاوارکردنە.

شانۆنامەکە بە دیالۆژەکانی دایک دەست پێدەکات و چەندین جار دەڵێت ″*دەرگاکە پێوەدە!*″ کە کوڕەکەشی بۆ یەکەم جار دێتە ژوورەوە هەر دەڵێت ″*دەرگاکە پێوەدە!*″. دواتر لە بەشی یەکەمدا دایک دەرگاکە لەسەر خۆی و ئەکسلی زاوای دادەخات. ئەمەش دەبێتە هۆی دڵپیسکردنی یاردای کچی. کە یاردا دێتە ژوورەوە بە تێڕامانەوە دەڵێت:″ *بۆ دەرگاکەتان لەسەر خۆتان داخستبوو؟*″ شانۆنامەی "کەڵک"

لەدەرگادان، دەرگا داخستن و لەخۆڕا دەرگا کردنەوە، نائارامیی و هەندێک جار کەشێکی ترسناک و تارمایی ئاسا دەخوڵقێنێ. یەکەم لەدەرگادان حاڵەتێکی ئیرەیی و دڵپیسکردن دروست دەکات. یاردا دەیەوێت بێتە ژوورەوە، بەڵام دایک و زاوا پێکەوە دەرگایان لەسەر خۆیان داخستووە و بەدوای وەسێتنامە و بەڵگەنامەکانی تری باوکدا دەگەڕێن. هەندێک جار نازانرێ کێ بە دەرگاکاندا دەکێشێت، زیاتر

وەک ڕەشەبایەک دەردەکەوێت. ڕەشەبا، زریان و باوبۆران وەڵامی هێزە لەدوا نەهاتووەکانی سروشتە، ستریندبێریش هێزەکانی سروشت بەرامبەر بە مرۆڤ دادەنێت. هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە مرۆڤ هەست بە سەرما، ڕەشەبا و باوبۆران دەکات. ستریندبێری ژوورەکە بە چۆڵیی و بەرلەوەی کارەکتەرەکان بێنە ژوورەوە، بە ڕەشەبا و هێزێکی نادیاری سروشت گەمارۆ ئەدات. بڕوانە سەرەتای بەشی دووەمی شانۆنامەکە.

**( سەر شانۆکە چۆڵە، لە دەرەوە گڤەی با دێت، گڤەی بایەکە لە پەنجەرەکان و کونی ئاگردانەکەوە ئەبیسترێت. دەرگای بەشی دواوەی شانۆکە بەیەکدا دێت، دائەخرێت و ئەکرێتەوە. ئەو کاغەزانەی لەسەر مێزەکەن لەگەڵ بەیەکدادانی دەرگاکەدا، بە ژوورەکەدا بڵاو ئەبنەوە. ئینجانەیەک لەسەر ڕەفەیەک کە بە یەکێک لە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە، ئەکەوێتە جووڵە. وێنەیەک بەر ئەبێتەوە. هەر دوای ئەوە دەنگی فرێدریک ئەبیسترێت:" دایە ..." (پاشان) " پەنجەرەکە پێوەدە!" (پشوو ... لانکە کورسییەکە ئەکەوێتە جووڵە.)**

**شانۆنامەی "کەڵک"**

کە کارەکتەری دایک بەتەنها لەسەر شانۆیە و دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، سێ جار لە دەرگاکە دەدرێت. دایک بە دەنگی بەرز بەدەم خۆیەوە قسە دەکات، *کێیە؟ چی بوو؟* یان *وەرە ژوورەوە*. دوای ئەوە دەرگاکە دەکرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بێتە ژوورەوە، یان هیچ کەسێک ببینرێت، هیچ تارماییەک دەرناکەوێت، بەڵام دایک لەبارێکی ترسناکی دەروونیدا دەژی، زراوی چووە و وا دەزانێت تارماییەک هاتۆتە ژوورەوە: (**دەرگا ئەکرێتەوە. "کێیە ئەوە؟" دەنگی هاوار و قیژەی کوڕەکە ئەبیسترێت. " ئەوەتا .... دەنگی باوکیانە ... نەمردووە؟ چی بکەم! ڕوو بکەمە کوێ؟" لەپشت بۆفیەکەوە خۆی ئەشارێتەوە.)**

**شانۆنامەی "کەڵک"**

لەکۆتایی بەشی دووەمدا، دایک دێتە ژوورەوە، لەهەمانکاتدا کوڕەکەی لەسەر لانکە کورسییەکە هەڵدەسێتە سەر پێ و کورسییەکە دەجولێتەوە، جوڵانەوەی لانکە کورسییەکە، کە میراتی باوکە مردووەکەیە و ئەو هەمیشە لەسەری دانیشتووە، دایک ئەشڵەژێنێت.

باوک لەسەر شانۆ نابینرێت، تەنانەت وەک تارماییش دەرناکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی نادیار، زۆر بەهێز لە هەڵسوکەوتی دایکدا دەردەکەوێت. ئەم حاڵەتە دایک بێزار دەکات، هەوڵ ئەدات لە هێزی ئەو تارماییە نادیارە، وەک چەمکێکی

میتافۆری دووربکەوێتەوە. بۆ نموونە ئەو وێنەیەی باوک کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە، لادەبات.

**دایک**

**ئەو وێنەیەی باوکت ئەوێت، ئەوەی کە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە؟**

**کوڕ**

**بۆ؟**

**دایک**

**لەبەرئەوەی حەزم لەو وێنەیە نییە ... چاوەکانی زەق و دەرپۆقیون.**

**کوڕ**

**بەڵام من پێم وا نییە!**

**دایک**

**دە کەواتە لە دیوارەکەی بکەرەوە. تۆ کە پێت وا نییە و ئەوەندەت لا بەنرخە، ئەتوانیت بیبەیت بۆ خۆت!**

**شانۆنامەی "کەڵک"**

دواتر باوک لەڕوانگەی نامەیەکەوە دەردەکەوێت، بەر لە مردنی نامەیەکی بۆ کوڕەکەی نووسیوە و لەو نامەیەدا ڕاستیی کارەکتەر و دەروونی شەڕخوازی ژنەکەی ڕوونکردۆتەوە. وەک دزێک ئاماژە بە دایک دەکات:" ... بەردەوام لەو خەرجییەی گلداوەتەوە کە پێی دراوە، بەوەی وای پیشان داوە کە بەتامترین و چاکترین کەلوپەلی بە گرانترین نرخ کڕیوە، لەکاتێکدا کە خراپترین و هەرزانترین بوون ... **"شانۆنامەی "کەڵک"**

ئەو نامەیەش دەبێتە تارماییەکی بەهێز و بێزارکەری کارەکتەری دایک. فرێدریک هەر وەک هاملێت لە تارماییەکەوە پەیامێکی پێدەگات، بێگومان لەگەڵ جیاوازییەکی گەورە لەنێوان تارمایی باوکی هاملێت (پادشا) و باوکی فرێدریک لە شانۆنامەی کەڵکدا. لەلای ستریندبێری و لە کەڵکدا بە هیچ شێوەیەک هیچ تارماییەک دەرناکەوێت، بەڵام ستریندبێری لە ئاستێکی بەرزدا بارودۆخێکی ترسناک و ئەتمۆسفێرێکی تارمایی ئاسا دەخوڵقێنێت.

کەڵکی ستریندبێری نەفەسێکی قووڵی هاملێت لەخۆدەگرێت، بەڵام هاملێتەکەی ستریندبێری لەبری کۆشک و تەلاری پادشا، لەنێو خێزانێکی بۆرژوای داخراودا

بەرجەستە دەبێت. لەهەمانکاتدا فریدریک کارەکتەرێکی مۆدێرنی (ئۆرستێس) ی دراماى گریکییە و هەروەک ئۆرستێس بەدوای پشتیوانی ئێلێکترای خوشکیدا دەگەڕێ. بۆ فریدریک زۆر گرنگە کە خوشکەکەی لەو خەونە قورسە خەبەرکاتەوە، پشتیوانی لێبکات و پیلان و دڵڕەقیی و ڕۆڵی نامرۆڤانەی دایکی بۆ ڕوونبکاتەوە. ئەمانەش کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و ناوەکی سیکۆلۆژی کارەکتەرەکانن، هەر ئەو فاکتەرانەشە کە کارەکتەرەکان دەجوڵێنێ و کردارەکانیان ئاراستەی ڕووداوەکان دەکات، یان کردارەکانیان بەرجەستەی ڕووداوەکان دەکات و پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

## • سمبوڵە میتافۆرییەکان لە شانۆنامەی کەڵکدا

ئاگر لە زوربەی شانۆنامەکانی گەمەی ژووری ستریندبێریدا، سمبوڵ و دەروازەیەکی ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانە، بۆ نموونە: باوبۆران، زەوی سووتاو و کەڵک. لە شانۆنامەی کەڵکدا ئاگر سمبوڵی پاکژبوونەوە و سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی جیهانە. لە کەڵکدا دەتوانین ئاماژەی ئەوە بدەین کە شانۆنامەکە لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامی ئاگردایە.

سەرەتا ئاگرێکی کۆنترۆڵکراو، ئەو ئاگرەی کە گەرمایی دەبەخشێت و لە سەرما و سۆڵە دەمانپاریزێت، گەرمایش بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەیەکی ئارامی و دڵنیابوونە. ئەو ئاگرەی لە کۆتایی شانۆنامەکەشدا هەڵدەگیرسێ، بەرئەنجامێکی تراژیدیای شانۆنامەکەیە. بەرئەنجامێکی نەبوونی ئارامی و دڵنیاییە. ستریندبێری لە کۆتاییدا، ئاگر وەک چەمکێکی میتافۆری بەکاردەهێنێ: کەڵک لەسەر ئاستی یەکەم بە ئاگرێکی گەورەی ڕیالیزمیی کۆتایی بە ئاگرەکە دەهێنێ. لەسەر ئاستێکی تر ئاگرەکەی کۆتایی چەندین هێمای میتافۆریی لە ستروکتوری شانۆنامەکە، جیهانە ئەبسورد و گوزارشتئامێزەکەیدا دروست دەکات. ئاگر لێرەدا دەبێتە پێکداچوونێکی نێوان مەرگ و ژیان، گەرمایی و ئاگر. ئەو ئاگرەی لە کۆتاییدا دەکرێتەوە جۆرێکە لە چاوەڕوانیی، بەتایبەتی لەلای ئەو کارەکتەرانەی کە هەڵگری ئاکار و مۆراڵێکی مرۆڤانەی پاکن: خوشک و برا (فریدریک و یاردا). ئاگرەکە سەرەتا گەرمیان

دەکاتەوە، دواتر کۆمەڵێ دەنگی لێوە دێت، قرچە قرچی ئاگرەکە، لەهەمانکاتدا ئاگرەکە بۆنێکی خۆش بۆ ئەو خوشک و برایە دروست دەکات کە ڕۆژانی منداڵییان دەخاتەوە یاد.

لە شانۆنامەی کەڵکدا، کارەکتەری کوڕەکە (فرێدریک) وەک خوێندکارێکی کۆلیژی یاساناسیی، هۆشیارە لەسەر هەردوو ئاستی لۆژیک و هەست و سۆز و لە هەموویان زیاتر ئاگاداری ڕووداوەکانە، هەر لەبەر ئەوەشە، وەک هەڵوێست و بەرئەنجامێکی ڕووداوەکان خانووەکە دەسووتێنێ. لەم چرکەساتەدا یاردای خوشکی هێشتا نیوە ئاگایە و مەرگ وەک ڕزگارکەرێک، لە گێژاوی ڕووداوەکاندا دەبینێ.

هەروەها ئاگر لەلایەکی تریشەوە، لە شانۆنامەی کەڵکدا، وەک حاڵەتێکی مەجازیی پەیوەستە بە ڕاستییەوە، دایک منداڵەکانی لە گەرمی بێبەش دەکات، گەرمی سۆزی دایکایەتی و گەرمایی گەرمبوونەوە، بەلای دایکەوە ئاساییە کە منداڵەکانی لە سەرمادا هەڵبلەرزن. بە هەمان شێوە وێنەیەکی دژوار و نەخوازراوی باوک نیشان دەدات و هەمیشە درۆی بە دەمەوە هەڵدەبەستێت. ڕاستی و دروستیی کارەکتەری باوکیش لە ئاگردانەکەوە ئاشکرا دەبێت. کوڕەکە نامەکەی باوکی لە ئاگردانەکەدا دەدۆزێتەوە، ئەو نامەیەی کە دایک دەیەوێت بیسووتێنێ و لە کوڕەکەی بشارێتەوە. لەم شانۆنامەیەدا، جگە لە کارەکتەری دایک هەموو کارەکتەرەکانی تر هەمیشە سەرمایانە، کوڕەکەی لە هەموویان زیاتر سەرمایەتی، هەندێک جار پیانۆ دەژەنێ تا گەرمی بێتەوە.

**مارگرێت**

**ئا... ئا ... (پشوو) ئێرە زۆر ساردە، کەمێک ئاگرت بۆ نەکەمەوە؟**

**دایک**

**نەخێر .... چیتر لە توانامدا نییە بسووتێنین.**

**مارگرێت**

**بەڵام کوڕەکەت، بە درێژایی ڕۆژ لەمماڵەدا لە سەرمادا هەڵئەلەرزێت، هەر بۆیە ناچارە یان ئەبێت بڕوات بۆ دەرەوە، یان ئەبێت ماڵەکە گەرم دابێت، تا بتوانێت لەگەڵ خوێندنەکەیدا بەردەوام بێت ...**

**دایک**

**ئەو هەروا بووە، سەرمابردەڵە بووە و هەمیشە لە سەرماندا هەڵەرزیوە ...**

## شانۆنامەی "کەڵک"

سەرما و برسی بوونی منالەکان چەمکێکی تری سمبولیان هەیە، سەرما و برسێتی کوڕ و کچەکە، نەبوونی خۆشەویستی و نەزۆکیی هەستی دایکایەتی کارەکتەری دایکەکە بەرجەستە دەکات، لەهەمانکاتدا بوارێکی تری فراوانتر لەخۆدەگرێت، ئەویش چەمکی دەسەلاتە. دایکێکی دڵڕەق خواردن و گەرمکردنەوەی ماڵەکەی دەکاتە ئامرازێکی دەسەلات و بۆ چەوساندنەوەی مێرد و منداڵەکانی بەکاریان دەهێنێ. ساردوسڕیی یەکێکە لە سیما گرنگەکانی شانۆنامەکە، ساردیی هەست و سۆز و ساردیی سەرما، وەک لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەم دوو توخمە پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن و کارەکتەرەکان ئازار ئەدەن و سەرکۆنەیان دەکەن، ئەم ساردییە لە دیمەنی کۆتاییدا دەبێتە هێزێکی گەورەی گەرمیی، گەرمیی لە هەست و هۆشدا و گەرمیی لە ژوورەکەدا. دوای ئەوەی کوڕەکە ماڵەکەیان دەسووتێنێت، دەڵێت:

**کوڕ**

**یاردا! هەست ئەکەیت چەند گەرم و خۆشە! ئیدی هەڵناڵەرزم و سەرمام نابێت ... گوێ بگرە چ قرچە قرچێکە لە دەرەوە ... ئێستا ئیتر هەرچی کۆنە، هەرچی کۆن و ناشیرین و خراپە، ئەسووتێت و ....**

**شانۆنامەی "کەڵک"**

دیمەنی کۆتایی ڕۆژانی ڕابردوو و ژیانی کارەکتەرەکان سەرلەنوێ لەنێو بڵێسەی ئاگرەکەدا زیندوو دەبێتەوە، فرێدریک و یاردای خوشکی، ژیانی ڕابردوو و منداڵیی خۆیان بیر دەکەوێتەوە. لەنێو ئەو یادگارانەدا گەرمیان دەبێتەوە، پاکژ دەبنەوە و سەرلەنوێ دەبنەوە بە دوو منداڵەکەی جاران.

**کوڕ**

**.... یاردا! ..... پەلە بکە .... ئەوا کەشتییەکە خەریکە بەڕێ ئەکەوێت... دایکیشمان لە ساڵۆنی بەشی پێشەوەدا دانیشتووە و چاوەڕێی ئەوەیە ئێمەیش سواربین ... نەء! ئەومان لەگەڵدا نییە ... ئەو بەتەنیایە و لەسەر قەراخی دەریاکە بەجێ ماوە .... وا نییە؟ لەکوێیە؟ نایبینم؟ .... ئەم گەشتە، بێ دایکمان، هیچ تامێکی تێدا نابێت! ... ئەوەتا ... ئەویش گەیشت! ... ئیتر پشووی هاوینیش دەست پێ ئەکات ....**

# شانۆنامەی "کەڵک"

ئەو ترسەی دایک کە هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە لە دڵ و دەروونی یاردای کچیدا دروستی دەکات، لەکۆتایی شانۆنامەکەدا وەک دەمامکێکی درۆزنانە و شەڕخواز دادەماڵرێ و چارەنووسی دایک وەک مرۆڤێکی تراژیدی دەردەکەوێت. دایک لەنێو ئاگرەکەی کۆتاییدا دەبێتە قوربانییەکی دەست کەسانی وەک ئەکسلی زاوای کە هەڵیانخەڵەتاندووە، بەڵام لەهەمانکاتدا هێزی شەڕی دەروونی خۆیشی هەڵخەڵەتاوە. یاردا لەم کۆتاییەدا دەڵێت:" *دایکە بەستەزمانەکەم، چەند خراپ بوویت. چەند ...*" شانۆنامەی "کەڵک"

کە دایک لەکۆتاییدا پەنجەرەی بانیژەکە دەکاتەوە، لە ئاستێکی ڕیالیزمیدا دەیەوێت خۆی لە ئاگرەکە دەرباز بکات، بەڵام لە ڕوانگەیەکی میتافیزیکییەوە تەقەلایەکە بۆ دەربازبوون لە دۆزەخ و دەڵێت:" *من نامەوێت بسووتێم!*"

# سۆناتای تارمایی و
# شانۆنامەکانی گەمەی ژوور

## • شانۆی ژوور

ڕیژیسۆری ئەڵمانی ماکس راینهارت 1873- 1943 لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەپاڵ شانۆ جۆراوجۆرو چالاکییە بەردەوامەکانیدا، شانۆیەکی تایبەتی بەناوی شانۆی " ژوور " ەوە لە بەرلین دەکاتەوە. لەم شانۆیەدا، جگە لە شانۆنامەنووسە ئەڵمانییەکان، هێنریک ئیبسن و ئاگۆست ستریندبێری پێشکەش دەکات. ستریندبێریش هەمیشە خەونی بە شانۆیەکی تایبەتمەندی خۆیەوە بینیوە و زۆر بە ووردیش ئاگای لە ڕەوت و بزووتنەوەی شانۆی ئەورووپی بووە. شانۆنامەکانی لە پاریس و لە ئەڵمانیا بەردەوام پێشکەشکراون و لە پەیوەندییەکی بەردەوامیشدا بووە بە شانۆکانی ئەو وڵاتانەوە.

خەونەکەی ستریندبێری لە ساڵی 1907 دا دێتە دی و لە ستۆکهۆڵم و بە هاریکاری چەند ئەکتەر و ڕیژیسۆرێکی لاو شانۆی ئینتیم Intima Teatern دادەمەزرێنێ. ئەم شانۆیەش لەژێر کاریگەری ماکس راینهارت و شانۆ ژوورەکەیدا، فۆرمێکی جیاواز و شانۆیەکی ژوورئاسای بچوک لەخۆدەگرێت.[1]

---

[1] خوێنەران بۆ زیاتر شارەزابوون لە شانۆی ژوور، شانۆنامەکانی گەمەی ژوور و سۆناتای تارمایی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر کتێبی ( ستریندبێری – سۆناتای تارمایی لەنێوان راینهارت و بێریماندا، خوێندنەوەی پیەسی سۆناتای تارمایی، لەنێوان دیدی دوو ریژیسوردا ) نووسینی: دانا ڕەئوف، 2001 ، چاپی کوردستان، دەزگای سەردەم و چاپی سوێد.

ستریندبێری و لەماوەیەکی کورتدا، لەنێوان مانگی یەک تا مانگی شەشی ساڵی 1907 دا چوار شانۆنامە بە ناوی ( گەمەی ژوور ) ەوە دەنووسێت، شانۆنامەکانیش بریتین لە: باوبۆران، زەوی سووتاو، سۆناتای تارمایی و کەڵک.[1]

ستریندبێری ئەم شانۆنامانە لە شێوازی کۆمەڵی جوڵەی مۆسیقیدا دەنووسێ، هەر شانۆنامەیەکیش بریتییە لە جوڵەیەکی مۆسیقی و پێکەوە پارچە مۆسیقایەکی چەند بەشی پێکدەهێنن.

شانۆی ئینتیم و گەمەی ژوور بەرجەستەکردنێکی خەون و بۆچوونە دێرینەکانی ستریندبێری بووە بۆ خوڵقاندنی شانۆیەکی ئازموونگەری، جیاواز و ڕاستەقینە. ستریندبێری بەم شێوەیە باسی شانۆی ئینتیم دەکات: ( گەر ئێستا لە من بپرسن شانۆیەکی ئینتیم چی دەوێت، مەبەست لە بیرۆکەی گەمەی ژوور چییە، دەتوانم بەم شێوەیە وەڵامی بدەمەوە: لە دراماکەدا ئێمە هەوڵی دۆزینەوەی هۆکارە پڕ لە مانا و بەهێزەکان دەدەین، بەڵام بە شێوەیەکی سنوردار و دیاریکراو. لە چارەسەرکردندا هەوڵی وەلاوەنانی هەموو جۆرە زەخرەفەکاری، کاریگەری چاوەڕوانکراو، چەپڵەڕێزان، ڕۆڵی بریقەدار و سەرەکی دەدەین. نابێت هیچ جۆرە فۆرمێکی دیاریکراو، نووسەر ببەستێتەوە، لەبەرئەوەی هۆکارەکە خۆی مەرج بۆ فۆرم دادەنێت. بە مانایەکی تر سەربەستی لە چارەسەرکردندا، تەنها پابەندی یەکەی پرۆژە و شێواز و هێڵە هەستییەکە دەبن.)

ستریندبێری ئەم دید و چەمکە شانۆییە لە شانۆییەکانی گەمەی ژووردا پراکتیزە دەکات، فۆرمێکی نوێ و زمانێکی جیاوازی شانۆیی دەخوڵقێنێ. فەلسەفە و ناوەڕۆکی ئەو شانۆنامە کورتانە قووڵ و پڕ مانان، دنیادیدە و جیهانێکی گەورەی ئاڵۆز، هەندێ جار بە کەرەستەی زۆر دیاریکراو، زمانێکی سادە و لەهەمانکاتدا ئەتمۆسفێرێکی سوریالیزم دەخوڵقێنێ.

ستریندبێری هەست بە گرنگی و بەهای ئەم شانۆنامانەی دەکات، لەهەمانکاتدا دەزانێت گەمەی ژوور شتێکی نوێ و جیاوازە، هەر لەبەرئەوە لەگەڵ نامە و بابەتی تری شانۆییدا هەوڵیداوە بۆچوونەکانی و فۆرمی ئەو شانۆ نوێیەی ڕوون بکاتەوە، بۆ نموونە لە یەکێک لە نامەکانیدا کە لە ساڵی 1907 دا نووسیویەتی سەبارەت بە گەمەی ژوور دەڵێت:( بابەتێکی بچوک، گشتگر و قووڵ چارەسەرکراو، کەسایەتی

[1] ژمارەی داهاتووی ئەم زنجیرەیە شانۆنامەی ( کەڵک ) ە و هیوادارین لە ئایندەدا بتوانین هەموو شانۆنامەکانی تری گەمەی ژووری ستریندبێری بڵاوبکەینەوە.

و ئەکتەری کەم، دیدێکی گەورە و فراوان، فەنتازیایەکی سەربەست، بەڵام زۆر بەوردیی داڕێژراو، پڕ لە ئەزموون، ساکار، بەڵام زۆر ساکار نا، دوور لە هەموو جۆرە ماشێنە کۆن و گەورەکان، هیچ یاسایەکی داڕێژراوی پێنج پەردەیی، ڕۆڵی بچوک و لاوەکی و شەوگاری درێژ لەخۆنەگرێت.)

ستریندبێری لە ساڵی 1907 دا شانۆی ئینتیم و گەمەی ژوورەکەی بە شانۆنامەی ( کەڵک ) دەکاتەوە. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنێ و ڕەخنەگرەکان نەمایشەکە و شانۆنامەکەش بە توندوتیژیی هەڵدەسەنگێنن.[1]

شانۆی ئینتیم تەمەنی زۆر نابێت و هەر دوای چوار ساڵ، بەهۆی بارێکی گرانی داراییەوە لە ساڵی 1910 دا دادەخرێت. شانۆنامەکانی گەمەی ژووری ستریندبێری کاریگەرییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆیان بەسەر شانۆی جیهانییەوە هەبووە، ئەو کاریگەرییە و بە تایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەلای نووسەرانی شانۆی پووچگەرایی، بەتایبەتی بێکێت و یۆنسکۆ دەردەکەوێت.

شانۆنامەکانی گەمەی ژوور ڕێگاخۆشکەرێکی پتەویش بووە بۆ تەوژمە نوێیەکانی شانۆی ئەوروپی، لە هەمانکاتدا ستریندبێری خۆشی کاریگەری شانۆنامەنووسە سمبولیزمەکان، بەتایبەتی (مۆریس مەتەرلینگ) ی بەسەرەوە بووە. ستریندبێری لەزۆر بۆنەدا ئاماژەی بەوە داوە کە مۆریس مەتەرلینگ پێگە و بەهایەکی ئێجگار تایبەتی لەلای ئەو هەبووە و بە چاوی ڕێز و ڕامانەوە لە شانۆنامەکانی وورد بۆتەوە.

## * سۆناتای تارمایی یان خوانی تارمایی

ستریندبێری هەر لە سەرەتاوە کە شانۆنامەکانی گەمەی ژووری نووسیون، بیری لە زنجیرە یان چەند جوولەیەکی مۆسیقی کردۆتەوە. هەر یەک لە شانۆنامەکانیش، جولەیەکی مۆسیقی پێکدەهێنن و تێکڕا پێکیشەوە پارچە مۆسیقایەکی چەند بەشیی دەخولقێنن. بۆ نموونە ستریندبێری (سۆناتای تارمایی) لە ئاوازێکی مۆسیقی (پیانۆ سۆنات) ی ژمارە دووی بیتهۆڤنەوە وەرگرتووە.

---

[1] شانۆنامەی ( سۆناتای تارمایی ) ش بۆ یەکەم جار لە 21 ی یانیوەری ساڵی 1908 دا لەسەر شانۆی ئینتیم لە ستۆکهۆڵم پێشکەشکراوە. ڕەخنەگرەکان شانۆنامەکە بە دەردی نەمایشی کەڵک دەبەن و هێرشێکی توندی دەکەنە سەر.

ستریندبێری زۆر چێژی لە مۆسیقا وەرگرتووە و هەمیشە گوێی لە مۆسیقای کلاسیکی گرتووە، شارەزایی هەبووە و توانیویەتی مۆسیقاکان بخوێنێتەوە. ئەو پیانۆ سۆناتای بیتهۆڤنەش یەکێک بووە لەو پارچە مۆسیقییانەی کە ستریندبێری زۆر خولیای بووە، گوێی لێگرتووە و لە ناواخن و زمانە مۆسیقییەکەشی گەییشتووە. ستریندبێری دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە، کاتێ گوێ لەو پیانۆ سۆناتەی بیتهۆڤن دەگرێت، تارمایی ڕاستەقینە دەبینێت.

ستریندبێری لە سەرەتادا بیریکردۆتەوە کە شانۆنەمەکەی بە (خوانی تارمایی) نێوزەد بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دیمەنی دووەمی ئەم شانۆنامەیە کە لە ئەتمۆسفێرێکی سەیر و سەمەرەدا، ژیانی پڕ لە نهێنی کارەکتەرەکان ئاشکرا دەبێت و یەکە یەکە دەمامکەکانی ڕوخساریان دادەماڵرێت.

کاریگەری پیانۆ سۆناتاکەی بیتهۆڤن و هەندێک هۆکاری تری تایبەت بە ستریندبێری خۆی، وا لەم نووسەرە دەکات کە دوا جار ناونیشانی شانۆنامەکەی بە سۆناتای تارمایی بمێنێتەوە[1]. ئەم ناونیشانەش بەهاو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانرێت بەچەندین شێواز بخوێنرێتەوە: سۆناتای تارمایی، وەک وشەیەکی لێکدراو، بەرجەستەی دوو جۆر لە هەستەکانی مرۆڤ دەکات، بەمەش مەودایەکی قووڵ و فرە لایەن دەبەخشێتە ناوەرۆک و ڕاڤەکردنی شانۆنامەکە. سەرەتا گەر وشەی (سۆناتا) وەک پارچە مۆسیقایەک وەربگرین، جۆرێک لە هەستی بیستن لەلای خوێنەر و بینەر دروست دەکات. مرۆ لە ڕێگای گوێ و هەستی بیستنەوە گوێ لە مۆسیقا ڕادەگرێ. وشەی (تارمایی) ش، شتێکی بینراوە، هەرچەندە چەمکێکی مەجازی لەخۆدەگرێت، زیاتر تایبەتە بە هەستی بینینەوە. هەستە مرۆڤایەتییەکانیش، بۆ نموونە لێرەدا (بیستن و گوێگرتن) لایەنێکە لە لایەنە گرنگ و ناسکەکانی مرۆڤ کە دەکرێت زۆر بە ئاسانی بەهۆی هەر کردار، بارودۆخ و ڕووداوێکەوە بێت بشێوێنرێت. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین سۆناتای تارمایی، وەک

[1] ستریندبێری لە سەرەتادا بیریکردۆتەوە کە شانۆنامەکەی ناوبنێت "خوانی تارمایی"، بەڵام دواجار ئەم ناونیشانەی گۆڕیوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ جۆرە تێکەڵاوییەک یان بەهەڵە تێگەییشتنێک ڕوونەدات لەگەڵ بەشی یەکەمی ڕۆمانی (ئاڵا ڕەشەکان) کە ناونیشانی " خوانی تارمایی " لەخۆدەگرێت. ڕۆمانەکە وا نیاز بووە لە 29 ی ئایاری ساڵی ١٩٠٧ دا بڵاوبکرێتەوە. واتە هەر بە ماوەیەکی کورت دوای نووسینی شانۆنامەی سۆناتای تارمایی.

ئاوازێکی ترسناک، دێوەزمە ئاسا، دەروون و هەستی بینین و بیستنی کارەکتەرە تارمایی ئاساکانی ناو شانۆنامەکەی شێواندووە.

سۆناتای تارمایی وەک پارچە مۆسیقایەک لەم شانۆنامەیەدا، بەرجەستەی ئەو سێ بەشەی شانۆنامەکە دەکات. ستریندبێری بەم داهێنانەی جۆرە یاسایەکی تری خوڵقاندووە بۆ بەدیهێنانی کۆمپۆسیتۆرێکی شانۆیی، شانۆ وەک ئاوازێکی مۆسیقی ستروکتوری شانۆنامەیەکی ترسناک دادەڕێژێت.

هانس-یۆران ئێکمان، لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگدا سەبارەت بە شانۆنامەکانی گەمەی ژووری ستریندبێری، هەستەکانی مرۆڤی لە شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا، بەم شێوەیە دابەشکردووە: بەشی یەکەمی پیەسەکە بەرجەستەیەکی ئاشکرای هەستی بینین و سنور بۆ دانانی ئەو هەستەیە لەلای مرۆڤ. بەشی دووەم بە هەمان شێوە بەرجەستەی هەستی بیستن دەکات، بەشی سێیەمیش بە هەستی تام و بۆن کۆتاییان پێدێت. ئەم سێ بەشەش وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە لە ڕیتم و جوڵەی مۆسیقییەوە نزیکن: جوڵەی یەکەم ئاوازێکی گشتی و دیاریکراوە، جوڵەی دووەم ئاوازێکی دژ بە جوڵەی یەکەم دروست دەکات، جوڵەی سێیەمیش، وەک دیمەنی کۆتایی شانۆنامەکە، ئاوازێکە جوڵە و تۆنەکانی یەکەم و دووەم پێکەوە دەبەستێتەوە.

ستریندبێری لە شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا کارەکتەرەکانی ڕووبەڕووی ڕابردوویان دەکاتەوە، پەردە لەسەر هەموو نهێنییەکانی تاوان و شەڕ و گوناهکاری ژیانیان هەڵدەماڵێ. هەمیشە ئەو ڕابردووە ڕەشە ڕاویان دەنێت و دەبێتە تارماییەکی ترسناک و هەڕەشە لە ئێستایان دەکات. هیچ ڕێگایەکی دەربازبوون و ڕزگاربوونیان بۆ نییە، تەنها ڕێگا ئەوەیە، مرۆڤ دەبێت باجێکی گرانی هەموو ڕووداوێکی ناهەمواری پڕ لە تاوانی ژیانی ڕابردووی خۆی بدات. تەنها گەنجەکان توانای ئەوەیان هەیە لەو تارماییانە قووتاریان بێت، چونکە گەنجەکان لە سەرەتای ژیاندان و خاوەنی هیچ ڕابردوویەک نین. بەڵام ستریندبێری دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە تاوان وەک چەمکێکی شەڕانگێز لە هەر قۆناخێکی تەمەندا بکرێت، ژیان ژەهراوی دەکات. هەندێک جار ئەو چەمکە ترسناکە ژیانی لاوەکانیش دەشێوێنێت، بەمەش هیچ قوتاربوونێک لە ژیاندا بۆ هیچ کەسێک نامێنێتەوە.

## • چی لە سۆناتای تارماییدا ڕوودەدات؟

خوێندکارێک و پیرەمێردێک بەناوی (هوممێل) ەوە لە بەردەم ڕووکاری دەرەوەی خانوویەکی ڕازاوەی گەورەدا، یەکتری دەبینن، دەست دەکەن بە قسە و دواتر هوممێلی پیرەمێرد باسی یەکە بە یەکەی ئەو کەسانەی کە لەو خانووەدا دەژین، دەکات و دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە هەر هەموویان باش ئەناسێ. هەندێک جار خەڵکانی ناو خانووەکەش لێرە و لەوێ، بە شێوازی جۆراوجۆرەوە دەردەکەون. خوێندکارەکە زۆر دڵی بە کچی کابرای کۆلۆنێلدا، کە لەو خانووەدا دەژین، دەچێت. ئەم خوێندکارە بەوپەڕی دڵخۆشییەوە بە یارمەتییەکانی هوممێلی پیرەمێرد قایل دەبێت، تا ڕێگای چوونە ژوورەوەی ناو ئەو خانووەی بۆ بکاتەوە. لە دیمەنی داهاتوودا، هەردووکیان، خوێندکارەکە و هوممێل لە هۆڵە بازنەییەکەی ماڵی کۆلۆنێلدا، لەناو خودی خانووەکەدا دەبینینەوە. لەم دیمەنەدا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژ و حساب لەگەڵ یەککردنێکی ڕاستەوخۆ، لەنێوان پیرەمێرد و دانیشتوانی خانووەکەدا، بەتایبەتیش کارەکتەری کۆلۆنێل، ڕوودەدات. ئەم مەسەلەیەش بە مەرگی هۆممێل کۆتایی دێت. دوا دیمەن و بەرئەنجامی شانۆنامەکەش لە ژوورەکەی خانمەکەدا ڕوودەدات، ژوورێکی سەرسوڕهێنەری گوڵەسنبوڵیدا. لەم ژوورەدا، هێدی هێدی خوێندکارەکە هەموو نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت، لەوە دەگات کە خانم نەخۆشە و هەرگیز بۆ ئەویش نابێت، خانم دەمرێت و خوێندکارەکەش بەتەنها دەمێنێتەوە.

ئەم شانۆنامەیە چەندە قووڵ و پڕ مەخزایە، هێندەش لە ڕووکاری دەرەوەی ناتەبا و جیاوازە، بۆ نموونە: مردوویەک بە جلوبەرگێکی سپییەوە، بەسەر شانۆکەدا دەڕوات، ئافرەتێکی بە تەمەن لە ژوورێکی کەنتۆرئاسای جلوبەرگدا، خۆی توند کردووە و وا دەزانێت کە (تووتی)ییە، چێشتلێنەرێکی ئێجگار گەورە ئەو خواردنەی لێدەنێت، بێهێز و بێتامی دەکات. ڕووداوەکان بەردەوام لە ڕووانگەی لۆژیکێکی جیاواز و شێوازێکی گرۆتیسک[1] ئاساوە ڕوودەدات.

---

[1] گرۆتیسک مانای ئەوەیە کە کارەکتەرەکە، یان هەڵوێستە و ڕووداو و کردارە درامییەکە، شێوازێکی کاریکاتێری و ناتەبا لەخۆدەگرێت.

ستریندبێری شانۆنامەکەی دابەش نەکردووە بەسەر چەند بەش و پەردەی جیاوازدا، بەڵکو لە تەنها سێ دیمەندا کۆیکردۆتەوە. سۆناتای تارمایی سێیەم شانۆنامەی گەمەی ژوورە و ستریندبێری لە 8 ی مانگی ئازاری ساڵی 1907 دا، لەهەمانکاتدا لەگەڵ شانۆنامەی (زەوی سووتاو) دا و لەماوەیەکی زۆر کورتدا نووسیویەتی. ستریندبێری لەم قۆناخەی ژیانیدا لەڕووی دەروونییەوە زۆر نەخۆش بووە، بیروبۆچوونی ئاڵۆز بووە و هەستی بە تەنیاییەکی کوشندە کردووە. ئەم بارودۆخە ناهەموارەش گوزەرانی ئەم نووسەرەی بە تەواوەتی تێکداوە و هیچ کەسێکیش توانا و حەوسەڵەی نابێت کە لەگەڵیا بمێنێتەوە و یارمەتی بدات.

چێشتلێنەرەکانی یەک لەدوای یەک، لەبەر گرانی باری دەروونی و ئاڵۆزی پەیوەندیکردن پێوەی، وازیان لەو کارە هێناوە و ستریندبێرییان جێهێشتووە. ئەو گرفتەی ستریندبێری و بە تایبەتی لەگەڵ چێشتلێنەرەکانی، لە دیمەنی کۆتایی شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا ڕەنگ دەداتەوە.

## • کارەکتەرەکانی سۆناتای تارمایی

### - ڕاڤە و لێکۆڵینەوە

ستریندبێری لە شانۆنامەی سۆناتای تارماییدا، پەردە لەڕووی کۆمەڵی خەڵکدا هەڵدەماڵێ کە پێکەوە لە خانوویەکدا دەژین، ئەو خانووەش گوزارشت لە شارێک، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە دەکات. لە نهۆمی خوارەوەی ئەو خانووەدا کۆلۆنوێلێک دەژی کە هەڵگری نازناوی چینێکی دیار و بەرزی کۆمەڵە. بەڵام لەڕاستیدا پلەوپایە سەربازییەکەی لە ڕاستییەوە دوورە و خۆی لەو بەرگەدا حەشارداوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ناووناوبانگە بەرزە چینایەتییەکەشی بنەمایەکی ڕاستی نییە و تەنانەت باوکی شەرعی کچە تاقانەکەی خۆیشی نییە. هەر لەهەمان خانوودا پیرێژنێک دەژی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بووە، گەنجێتی و جوانیی ئەم شۆخە لە پەیکەرێکی سپیی مەڕمەڕدا پارێزراوە. بەڵام ئێستا بە شێوەیەک پیر و چرچ بووە و هەر لە مرۆڤێکی مۆمیاکراو دەچێت. ئەم کارەکتەرە مۆمیاکراوە نایەتە نێو خەڵکییەوە و خۆی لەنێو ژوورێکی تەسکی

تـاریکی جلوبـەرگ هـەڵگرتنـدا تونـد کـردووە. یـەکێک لـە گرنگتـرین گوناهـەکـانی ڕابردووی ئەم ئافرەتە مۆمیاکراوە ناپاکیی و داوێنپیسییە. کچەکەی کە بەرهـەمێکی ئـەو گوناهکارییـەیـە، گـەرەکییـەتـی هـەمیشـە لـەنێو گوڵـەکانی و لـە ژووری گوڵـە سونبولەییەکانیدا بمێنێتـەوە. ئـەم کیژە گـەنجە ناتوانێت شـوو بکات، لـەبـەرئـەوەی نـەخۆشـە و سـەرچاوەی ژیانی بـە تـەواوەتی ژەهـراوی بـووە. ئـەم نـەخۆشـییەش جۆرێکە لە نەفرەت و گوناهەکانی ڕابردووی دایکی. باوکی ڕاستەقینـەی ئـەم خانمـە هوممێلی پیرەمێردە.

لە سـەرەتادا وا هەستدەکرێت ئەم پیرەمێردە کە قاچـەکانی پـەکیان کـەوتووە و لەسـەر عەرەبانە بە کۆڵان و شەقامـەکاندا دەڕوات، تـەنها چـاودێرە و لـە دەرەوەی بازنەی ڕووداوەکاندایە. دیمەنی سـەرەتا یـەکێکە لـە دیمـەنـە چڕ و گرانـەکانی ئـەم شانۆنامەیە و بە شێوەیەکی گشتگر گوزارشت لە ژیانی کارەکتەرەکان دەکات. هـەر لـەم دیمـەنـەدا ئاشـنا دەبین بـە کـارەکتـەرەکـانی نێـو خـانووەکـە: لـە سـەرەتـای دیمەنەکەوە هوممێلی پیرەمێرد لە هەوڵی ئەوەدایە کە کار بکاتە سەر خوێندکارەکـە تا گرنگی بدات بە کچە نەخۆشە ناشەرعییەکەی و لێی نزیک بێتەوە.

خوێنـدکارەکـە لـە دەرەوە، لـە ڕووکـاری دەرەوەی خـانووەکـەوە خـەون بـە نـاوەوەی ئـەو خـانووەوە دەبینـێ، ئاواتـەخـوازە ڕۆژێـک لـەڕۆژان بتوانێـت ببێتـە خاوەنی ژوورێک لەو خانووەدا.

**خوێندکارەکە**

**..... دوێنێ بێرەدا ڕەتبووم، ئەو کاتەی خۆر دیوی ناوەوەی جامەکانی ڕووناک کردبووەوە، بە خەیاڵ خۆم کرد بە خاوەنی هەرچی جوانی و خۆشگوزەرانییەک کە لەنێو ئەو ماڵـەدا هـەیە. بـە هەڤاڵەکەم ووت: ئەوەی ئێستا خاوەنی نهۆمیکە لـەوێ، چوار نهۆم لـە سەرەوە، ژنێکی جـوان و کەم تەمەن، دوو منداڵی جوان و چکۆلانە، بیست هەزار کرۆنیش سەلەم ....**

**سۆناتای تارمایی، بەشی یەکەم**

بەڵام لە بەرئەنجام و کۆتاییدا، کـە خوێندکارەکە زیاتر دەچێتە نێو گرنگترین و قـووڵترین ئاسـتی نهێنییـەکانـەوە، بـە تایبـەتیـیش لـە ژووری گوڵـە سـونبولەکانـدا، خوێندکارەکە لەلای خانم دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت:

**خوێندکارەکە**

**ئەگەر بێت و ئاو بۆ ماوەیەکی درێژ لە جێگای خۆیدا بە وەستاوی بمێنێتەوە بۆگەن دەکات، ئەم ماڵەش هەر وەک ماڵی ئێمەی بەسەر هاتووە. لێرەدا شتێک خەریکە بۆگەن دەکات! ئەو کاتەی من بۆ یەکەم جار ئێوەم لێرە بینی خۆتتان پێم نیشاندا، لەو باوەڕەدا بووم ئێرە بەهەشت بێت...**

**سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم**

دەستپێکی شانۆنامەکە بە دیمەنی شەقامێک، لەبەردەم دەرگای خانووەکەدا دەستپێدەکات. ڕۆژێکی یەکشەممەی هەتاو و خۆشە، زەنگی کڵێسە، توتەی پاپۆڕ و ئاوازی ئۆرگۆن دەبیسترێت. ئەمە دیمەنی دەرەوەی خانووەکەیە و خەڵکە تارمایی ئاساکەش لە ناوەوەن.

ستریندبێری زوو دەمانگوێزێتەوە بۆ ناو خانووەکە، کۆمەڵێک مرۆڤ بەردەوام خەریکی هەڵخەڵەتاندنی یەکترین. لە یەکێک لە دیمەنەکاندا، کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی بازنەیی دانیشتوون، بەڵام سیمای هیچ کامێکیان ئاماژەی سیمای ڕاستەقینەی مرۆڤیان پێوە نییە.

کارەکتەری (بێنگیستۆن) کە بەردەستی ئەم ماڵەیە، بەم شێوەیە وێنەی ئەو کۆبوونەوە و خوانە بۆ خزمەتکارەکەی هوممێل باس دەکات.

**بێنگتسۆن**

**ئەم شەو شێوە ئاساییەکەیە، ئێمە پێی دەڵێین شێوی تارمایی. چا دەخۆنەوە و وشەیەک چییە نایڵێن، یاخود کۆڵۆنێڵ بە تەنیا قسە دەکات و ئەوانیش هەر هەموویان لەهەمان کاتدا خەریکی خرماندنی وردە نانن، ئەو خرمە خرمە هەر بە دەنگی جرجی نێو ئیدارەیەکی ژێر بنمیچ دەکات.**

**سۆناتای تارمایی، بەشی دووەم**

هوممێلی پیرەمێرد بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پەردە لەسەر ڕابردووی هەموو کارەکتەرەکان هەڵدەماڵێ، بەتایبەتی کۆڵۆنێڵ کە بەشێوەیەکی توندوتیژ و دڕندانە قژە دروستکراوەکەی فڕێدەدات و دەیخاتە ژێر هێرشێکی پڕ لە هەڕەشە و

گاڵتەجاڕییەوە. هوممێل دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەموو شتێک موڵکی ئەوە، هەموو شتێک.

**کۆڵۆنێل**
**ئێوە دەتانەوێت ببنە بڕیاردەری ماڵەکەم؟**
**پیرەمێرد**
**بەڵێ! لەبەرئەوەی هەرچییەک ئا لێرەدا دەبینرێت موڵکی منە ... مۆبیلەکان، پەردەکان، قاپوقاپچاخەکان، دۆلابی چەرچەفەکان .... لەگەڵ زۆری تردا!!**
**کۆڵۆنێل**
**ئەو لەگەڵ زۆری تردایە چییە؟**
**پیرەمێرد**
**هەموو شتێک! هەموو شتێک کە بەچاو دەبینرێت خاوەنیم! موڵکی منە!**
**کۆڵۆنێل**
**باشە! ئەوە هی تۆیە! بەڵام دروشمی نەجیبزادەیی و ناوە چاکەکەم بۆ هەتاهەتایە هی خۆمە!**
**پیرەمێرد**
**نەخێر، تەنانەت ئەوەش نا!**
**( پشوو )**
**تۆ کەسێکی نەجیبزادە نیت!**

**سۆناتای تارمایی، بەشی دووەم**

کارەکتەری کۆڵۆنێل توانای هیچ بەرگریکردنێکی نییە بەرامبەر بە تۆمەتەکانی هوممێل؛ لەبەرئەوەی کۆڵۆنێل قەرزاری هوممێلە، هەروەها دەشزانێ کە ئەو پەردە هەڵماڵینە ڕاستییەکی دڵتەزێن و تاڵی ڕابردووی ژیانی خۆیەتی.
بەڵام ئەوەی پەردە لە ڕووی خەڵکی هەڵماڵێ، پەردە لە ڕووی خۆیشی هەڵدەماڵرێت. لە هەڵوێستە و کاردانەوەیەکی بەهێزدا، ئافرەتە مۆمیاکراوەکە دێتەوە هۆش خۆی، لە هۆممێلی پیرەمێرد ڕادەپەڕێت، پەردە لەسەر هەموو تاوانەکانی، ڕابردووە پڕ لە شەرمەزارییەکەی هەڵدەماڵێ. ئافرەتە مۆمیاکراوەکە کات دەوەستێنێت و ڕاستەوخۆ بە گژ هوممێلی پیرەمێردا دەچێت.

**مۆمیاکراوەکە**

**( دەچێتە بەر چاڵمەکە و ڕایدەگرێت، پاش ئەوە ئامادە و جدییە )**

**بەڵام من دەتوانم کات لە خولانەوەکەی ڕابگرم ... دەتوانم ڕابردوو بکەم بە عەدەم، ئەوەی کراوە بیکەم بە نەکراو؛ بەڵام بە بەرتیل نا، بە هەڕەشە نا .... بەڵکو بە ئازار چەشتن و پەشیمانی ... ( دەچێتە بەردەم پیرەمێرد ) ئێمە مرۆڤی بەستەزمانین، ئێمە ئەوە دەزانین؛ ئیمە هەڵەمان کردووە، ئێمەیش وەک هەموو کەسێکی ترین، ئێمە ئەوانە نیین کە بە چاو دەبینرێن، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا لە خودی خۆمان باشترین، ئینجا ئێمە خۆشیمان بە گوناهەکانماندا نایەتەوە، بەڵام تۆ یاکوب هوممێل بە ناوێکی ساختەوە وەک دادوەرێک دابنیشیت، ئەوە ئەوە نیشاندەدات، کە تۆ لە ئێمەی بەستەزمان خراپتری! بگرە تەنانەت تۆش ئەو کەسە نیت، کە بەچاو دەبینرێت! تۆ مرۆڤ دزیت، چونکە تۆ جارێک لەجاران منت بە هیوای درۆزنانەوە دزی، ئەو قونسوڵەی کە ئەمرۆ ئا لێرەدا دەنێژرێت تۆ کوشتت، تۆ ئەوت بە کاغەزە پارەی قەرز تاساند، تۆ خوێندکارەکەت دزیوە تا بەڕێگای ئەو قەرزە هەڵبەستراوەی باوکییەوە بیبەستیتەوە، کە هەرگیز یەک ئوێرێ قەرزاری تۆ نەبووە ......**

**سۆناتای تارمایی. بەشی دووەم**

هوممێلی پیرەمێرد ڕووتدەبێتەوە و ئەویش وەک کۆلۆنێل ڕووبەڕووی ڕاستییەکی تاڵ و کوشندە دەبێتەوە، دەبێتە مرۆڤێکی گرگن، گرمۆڵە دەبێت و ئەویش وەک ئافرەتە مۆمیاکراوەکە دەبێتە تووتی، دارشەقەکانی فڕێدەدات و دەکەوێتە سەر ئەژنۆ، ئەم پەردە هەڵماڵینەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هوممێل بخزێنرێتە ژوورە تاریکەکەی جلوبەرگەکانەوە و لەوێ خۆی هەڵواسێت. تاوانەکانی هوممێل تاوانێکی گەورەیە و وەک نەفرەت ژیانی هەموو کارەکتەرەکانی تری ژەهراوی کردووە.

ئافرەتە مۆمیاکراوەکە بەو پەردە هەڵماڵینەی هوممێلی پیرەمێرد تووشی قوتاربوون و پاکژبوونەوە دەبێت. چەندەها ساڵە تاوانەکان، داوێن پیسیی و هەڵخەڵەتاندن لە قووڵایی دەروون و ویژدانیدا پۆنگی خواردۆتەوە، هەر بۆیە لە ماوەی بیست ساڵدا، وەک سزایەکی خۆ، لەو ژوورە تاریک و تەسکەدا نەهاتۆتە دەرەوە.

لە دیمەنی کۆتاییشدا، خوێندکارەکە و خانمە گەنجە نەخۆشەکە، لە دیمەنێکی خۆشەویستی توندوتیژ و هەست و سۆزێکی هەڵچوودا، ڕووبەڕووی یەکتری

دەبنەوە. هەر لەم بەشەشدا خانمەکە بەو ڕاستییە تاڵەی بوونی خۆی دەزانێت کە منداڵێکی زۆڵ و ناشەرعییە. ئەم چرکەساتە کۆتایی بە ژیانی کچەکە دەهێنێ و پەردەی مەرگ بەڕوویدا دادەدرێتەوە. پەردەی مەرگ لەم شانۆنامەیەدا. تێکەڵێکە لە چەمکەکانی ژاپۆنی و بۆچوونێکی بودیزم و شۆپینهاوەرییەوە. سۆناتای تارمایی و ئەو ڕەشبینییەی بۆ ژیان هەیەتی، پێکداچوونێکی ڕۆحیی شۆپینهاوەرە لە هزر و دەروونی ستردیندبێریدا دروست دەکات و دەبێتە شیعرێکی بەرز. لە دیدی ئەو بنەما و تێڕوانینەوە ژیان، وەک بوزییەکان دەڵێن، وەک خەونێکی پڕ لە ئازار وایە.

## • ماریۆنێت یان گرۆتێسک

شانۆنامەی سۆناتای تارمایی کۆمەڵێ کارەکتەری سەیر و سەمەرە و جیاواز، ماریۆنێت ئاسا و گرۆتێسک لەخۆدەگرێت. زوربەی کات بەشێکی زۆری ئەو کارەکتەرانە، وەک بووکەڵە دەجوڵێنەوە، یان لە پشت دیوار و پەنجەرەکانی خانووەکەوە بەبێ دەنگ دەبینرێن. لە بەشی یەکەمی شانۆنامەکەدا تەنها هوممێلی پیرەمێرد، خوێندکارەکە و یۆهانسۆنی بەردەستی هوممێل، سیمایەکی مرۆیانە و کەسایەتی زیندوو لەخۆدەگرن. کارەکتەرەکانی تر: ژنە ڕەشپۆشەکە، ژنە دەرگاوانەکە، کچە شیرفرۆشەکە و پیاوە مردووەکە لە گەوهەری مرۆڤایەتی خۆیان دابڕاون و زیاتر لە کارەکتەری بووکەڵە و تارمایی ئاسا و گرۆتێسک دەچن.

هەندێک جار دەرکەوتنی ئەم کارەکتەرانە، جووڵە و هەڵسوکەوتیان، یان دەرکەوتنیان لەپشت پەنجەرەکانی ماڵەکەوە، هێزێکی تایبەتییان پێدەبەخشێت. بۆ نموونە ژنە دەرگاوانەکە، مارەبڕەکە ( ئافرەتێکی پیری سەر سپییە ) یان کونسوڵە مردووەکە کە تەنها بەسەر شانۆکەدا ڕێدەکات، ئەتمۆسفێر و ووزەیەکی تەلیسماوی بە ڕووداوەکان دەبەخشن. ئەم کارەکتەرانە جلوبەرگی دەستنیشانکراو و تایبەتمەندی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکەیان لەبەردایە، سیمای تایبەتی خۆیان هەیە و توانای جوڵانەوە و هەڵسوکەوتیشیان هەیە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم پێکهێنەرانەشدا، هیچ هێمایەکی ژیانیان تێدا نییە. لەبری ئەوە هەمیشە هوممێلی پیرەمێرد سیمای ئەو کارەکتەرانە دیاریدەکات و پێناسە و باسیان دەکات: بیرکردنەوەیان، ڕابردوویان، تاوانەکانیان، خەون و هیواکانیان، بۆچوونەکانیان، پەیوەندییەکانیان و تەنانەت دەستنیشانی ڕۆڵەکانیشیان دەکات.

## • تارمایی یان کەسایەتی ڕاستەقینە

بەدرێژایی مێژووی شانۆ، هەر لە گریکەکانەوە تاکو ئەمڕۆ شانۆنامەنووسەکان مۆتیڤی (تارمایی) یان بەکارهێناوە، بەکارهێنانی تارماییش چەندین ئاراستە و بیرۆکەی تایبەتمەندی خۆی هەبووە.

کە گریکەکان، بە تایبەتییش ئەسخیلۆس لە شانۆنامەی (فارسەکان) دا تارمایی بەکاردەهێنی، هەمان مەودا و هزری شەکسپیر لە (هاملێت) یان (ماکبێس) دا لەخۆناگرێت. کە ستریندبێرییش کارەکتەری تارمایی ئاسا بەکاردەهێنی، فۆرمێکی تایبەت بە خۆی، لە خودی ناوەڕۆک و فەلسەفەی شانۆنامەکەیەوە بەرجەستە دەکات.

تارمایی لەلای ستریندبێری، وەک چەمکێکی پڕ لە خەون و خەیاڵ، دەبێتە واقیعێکی هەستپێکراو، هەرچەندە ئەو کارەکتەرانە، بە شێوازێکی تارمایی دەردەکەون. تارمابییەکانی شانۆنامەی سۆناتای تارمایی دەبنە بەشێک لە واقیعێکی ترسناک و نادیاری جیهانێکی میتافیزیکی، تارمایی کەسایەتی کونسوڵە مردووەکە، کچە شیرفرۆشەکە، ئافرەتە مۆمیاکراوەکە و چێشتلێنەرەکە چەند نموونەیەکن لەو واقیع و لە هەمانکاتدا جیهانە نەبینراو و ناتەبایە. تارماییەکان، وەک هێزێکی کاریگەر، لە هەست و هۆشی کارەکتەرەکانی تردایە، ڕاویان دەنێت، دادگاییان دەکات و بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتێکی ترسناکیان هەیە و چارەنووسی کارەکتەرەکان دیاریدەکەن.

لەنێو ئەم کارەکتەرە تارماییانەدا، کچە شیرفرۆشەکە و کونسوڵە مردووەکە، مۆرکێکی دەربڕین و گوزارشت ئامێزی بەهێز لەخۆدەگرن، ستایلی ماریۆنێت و گرۆتێسک دەبێتە بنەمایەکی گرنگی دەرکەوتن و بەرجەستەکردنیان. ستریندبێری خۆی کچە شیرفرۆشەکەی وەک کەسێکی خەیاڵی ناوزەد کردووە. (بڕوانە لیستی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکە: کچە شیرفرۆشەکە: کەسێکی خەیاڵییە.)

لە سەرەتای دیمەنی یەکەمدا، خوێندکار و کچە شیرفرۆشەکە پێکەوە دەردەکەون، بەڵام کچە شیرفرۆشەکە هیچ قسە ناکات و تەنها خوێندکارەکە دەدوێت. هوممێلی پیرەمێردیش کە چاودێری خوێندکارەکە دەکات، کچە شیرفرۆشەکە نابینێ، هوممێل دەڵێت:( **ئەوە کێ قسە دەکات؟ من کەس نابینم! چییە**

**تێکچووە؟**) سۆناتای تارمایی، بەشی یەکەم. دواتر لە دیمەنی دووەمیشدا تارمایی کچە شیرفرۆشەکە دەردەکەوێتەوە، بەبێ ئەوەی هوممێل بتوانێت بیبینێ. ئەم کارەکتەرە، کچە شیرفرۆشەکە لە تارمایی پادشای شانۆنامەی هاملێت و بانکۆکی شانۆنامەی ماکبێسەوە نزیکە. تارمایی کچە شیرفرۆشەکە، شوێنپێی ئەو کەسانە دەکەوێت کە بەرپرسیارن لە کوشتنیان، یان ڕاستەوخۆ دەستیان لە تاوانی لەناوبردنی ئەو کەسەدا هەبووە. بێنگتسۆنی سفرەچی کۆڵۆنێل بەم نهێنییانە دەزانێ و دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هوممێل دەستی هەبووە لە تاوانی لەناوبردنی کچێکی شیرفرۆشدا.

تارمایی دووەمیش پیاوە مردووەکەیە. ئەم پیاوە مردووە، لە دەرگای ماڵەکەیەوە، وەک هەر کەسێکی تر، بەبێدەنگ و بە کفنە سپییەکەیەوە دێتە دەرەوە و بەسەر شانۆکەدا دەڕوات. ئەم کونسوڵە مردووە دەیەوێت لە نزیکەوە تەماشای خۆئامادەکردنی پرسە و کاروباری کفن و دفنکردنی خۆی بکات. ئەم دوو تارماییە، کچە شیرفرۆش و پیاوە مردووەکە، کە دەردەکەون، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو شانۆنامانەی کە کەسایەتی تارمایی و مردوویان تێدایە، هیچ هات و هاوارێک دروست ناکەن، بەبێ دەنگ لەو ئەتمۆسفێرە واقیعی و ئاشکرایەدا دەردەکەون، بە هەمان شیوەش و هەر بەبێ دەنگ لەبەرچاو ون دەبن. ئەم تارماییانە، وەک دوو کارەکتەری سەربەخۆ لە سترکتوری شانۆنامەکەدا، بە شێوازێکی بەرز پێکداچوون و تێهەڵکێشی کارەکتەرەکانی تر دەبن. هەردوو تارماییەکە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، مەرزەکانی ژیان و مردن، واقیع و خەیاڵ دەبەزێنن و لە یەک کاتدا واقیعین و لە هەمانکاتدا ئەندێشە و خەیاڵن. کچە شیرفرۆشەکە لە بەشی یەکەمدا یارمەتی خوێندکارەکە ئەدات تا چاوی پاکبکاتەوە، بەڵام وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، بەبێ ئاوەی هیچ وشەیەکی لە دەم بێتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی هوممێلی پیرەمێرد کە لە نزیکیانەوە وەستاوە ببینێ و هەروەها زۆر خێراش لەچاو وون دەبێت.

ئافرەتە مۆمیاکراوەکەش، تەواوکەر و لایەنێکی تری ئەو هاوکێشە چڕەی چەمکی تارماییە لە شانۆنامەکەدا. کارەکتەری ئەو ئافرەتە لە یاک کاتدا بوونەوەرێکی زیندوو/ مردووە و سیمایەکی تارمایی ئامێز لەخۆدەگرێت. وشەی مۆمیاکراویش کە ستریندبێری بۆ ناوی ئەم کارەکتەرەی داناوە، مانایەکی مەجازی لەخۆدەگرێت. مۆمیا واتە لاشەی وشککراوە، کارەکتەرێک بە جەستە بوونی هەیە، بەڵام بە ڕۆح مردووە و وەک لاشەیەکی وشککراوە لە دۆڵابێکدا هەڵگیراوە. مەرگ

به درێژایی شانۆنامەکە، هێزێکی ترسناکە و بوونی هەیە، لەگەڵ کارەکتەرەکاندا گەمە دەکات، کۆتایی بە ژیانیان دەهێنێ و دەسەڵاتی بێ کۆتایی خۆی دەسەلمێنێ. لە بەشی یەکەمدا پیاوە مردووەکە بە ئاشکرا و بەناو ماڵەکەیدا و بەنێو خەڵکەکەدا دەڕوات. مەرگ لە بەشی دووەمدا کۆتایی بە ژیانی هوممێل دەهێنێ: لێرەدا مەرگ چەمکەکانی تۆڵەسەندنەوە لەخۆدەگرێت، مەرگی هوممێل کۆتایی زنجیرە تاوانێکی یەک لەدوای یەکە، بەڵام لە بەشی سێیەمدا کە خانمەکە دەمرێت، مەرگ هێزێکی فریاگوزاری و ڕزگارییە بۆ خانمە نەخۆشە بێگوناهەکە.

## • خوێندکار یان ویژدانی شاعیر

لەناو ئەو هەموو کارەکتەرە ماریۆنێت ئاسا و تارماییانەدا، کارەکتەری خوێندکارەکە بە هیچ شێوەیەک نەبەستراوەتەوە بە کارەکتەرەکانی ترەوە. کەسایەتی خوێندکارەکە، وەک کەسایەتییەکانی تر، دانیشتووانی خانووەکە نییە، کارەکتەرێکە بە تەنها دەجوڵێتەوە و لە دەرەوەی سنوری هەموو کارەکتەرەکانی تردایە: خوێندکارەکە لە ڕووداوەکان، کارەکتەرەکانی تر و ڕووکاری خانووبەرەکە دەڕوانێت و پرسیار دەکات، بە ووردی لە هەموو شتەکان دەڕوانێ و چاودێرییان دەکات و هەر خوێندکارەکەشە کە لە بەرئەنجامدا دەگاتە ڕاستیی کەسایەتییەکانی تر و هەموو نهێنییەکانیانی بۆ دەردەکەوێت. هەر لەم ڕووەوە دەتوانین دووپاتی ئەوەش بکەینەوە کە خوێندکارەکە، بە پێچەوانەی کارەکتەرەکانی ترەوە، سیمایەکی مرۆڤانەی تەواوەتی لەخۆدەگرێت، بەمەش جیادەکرێتەوە لە زۆرینەی ماریۆنێت و کارەکتەرە گرۆتیسکەکانی تری شانۆنامەکە. خوێندکارەکە وەک شاهێدی ڕووداوەکان وایە، تێکەڵاوی بەسەرهاتەکان دەبێت، بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییەک لەلای خۆی دروست بێت، لەهەمانکاتدا باسی ڕووداوەکان دەکات و هەڵوێستەیان لەسەر وەردەگرێت. ئەم مەرجانەش وا لەم کارەکتەرە دەکات کە وەک چاودێرێک بمێنێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خوێندکارەکە هەست دەکات کە هێزێکی گەورە بەرەو خانووەکەی ڕادەکێشێت، عاشقی خانم دەبێت و خەون بەوەوە دەبینێت کە بتوانێ بچێتە ناو خودی خانووەکەوە. خوێندکارەکە هێزێکی خواوەندیی هەیە، ئەوەی ئەو دەتوانێ بیبینێ، کەسانی تر ناتوانن بیبینن. خوێندکارەکە کۆرپەیەکی

لەدایکبووی ڕۆژیکی یەک شەممەیە، ئەوەی لە یەک شەممەدا لەدایک دەبێت چارەنووسێکی بەختیار و هێزێکی تایبەتییش لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

**خوێندکارەکە**

**تۆ باسی منداڵی لەدایکبووی ڕۆژی یەکشەممە دەکەیت. ئەوەی ڕاست بێت من لە ڕۆژی یەکشەممەدا لەدایک بووم ....**

**پیرەمێرد**

**نا! ئایا تۆ ....؟ من لەو بڕوایەدا بووم ... من ئەوەم لە ڕەنگی چاوەکانت بەدی کرد ... کەواتا ئێوە دەتوانن ئەوە ببینن، ئەو شتانەی کە خەڵکی تر نایبینن، ئایا خۆت هەستت بەوە کردووە؟**

**خوێندکارەکە**

**من نازانم خەڵکی تر چی دەبینن، بەڵام هەندێ جار .... بەڵێ، مرۆ ئەو شتە ناگێڕێتەوە!**

**سۆناتای تارمایی، بەشی یەکەم**

خوێندکارەکە، هەر وەک کچەکەی ئیندرای خواوەند لە شانۆنامەی (خەونە نمایشێک[1]) دا بەزەییەکی گەورەی لەدڵدایە بۆ ئەو کەسانەی بەدەست ئازار و پەژارەی ڕۆژگار و ژیانەوە گیرۆدەن.

خوێندکارەکە خستنەڕوویەکی تری هاملێتە و زۆربەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوانی بواری زانستی شانۆ ئەم لێکچوون و کاریگەرییەیان باسکردووە.

کارەکتەری خوێندکارەکە گۆڕانکارییەکی گەورەی لەنێوان بەشی یەکەم و سێیەمدا بەسەردا دێت. جیهانە ئیدیالی و ماتەریاڵییەکەی بەشی یەکەمی بە تەواوەتی دەڕوخێت، ڕووداوە ترسناکەکانی خانووەکە و کارەکتەرەکانی، بیروبۆچوونەکانی دەگۆڕن.

ئەم دوو بەشە، یەکەم و سێیەم هاوتەریب و تەواوکەری یەکترین: لە بەشی یەکەمدا خوێندکارەکە لە شتەکان ڕادەمێنێ، پرسیارەکانی دەکات و دەیەوێت بچێتە

---

[1] کە ستریندبێری خەریکی نووسینی شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) دەبێت، چاودێری بەرهەمهێنانی شانۆنامەی (خەونە نمایشێک) کردووە کە لە ساڵی 1907 دا پێشکەشکراوە. ئەم چاودێری و ئامادەبوونە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر پرۆسەی نووسینی شانۆنامەی سۆناتای تارمایی.

ناو خانووەکەوە. لە بەشی سێیەمدا لەناو خانووەکەدایە و نهێنییەکانیشی بۆ ئاشکرا دەبێت، دەگاتە دوا بەرەنجامەکان و هەڵوێستەیەکیشی بەرامبەر وەردەگرێت. بێگومان بەرئەنجامەکانیش تەواو پێچەوانەی بەشی یەکەمی شانۆنامەکەیە کە خوێندکارەکە ئاواتەخوازی ئەوە بووە بچێتە ناو خانووەکەوە.

یەکێک لە وەڵامە گرنگەکانیش بۆ خوێندکارەکە ئەوەیە کە ژیان سروشتێکی دوو فاقی هەیە، خێر و شەڕ بە تەنیشت یەکەوە، ژیان و سروشت لە ئاکاری مرۆڤ و لۆژیکی گەردووندا دەنەخشێنێت.

## • هوممێل و چێشتلێنەرەکە

هەردوو کارەکتەری هوممێل و چێشتلێنەرەکە هاوکێشەیەکی دووفاقیی شەڕ/ خوێن مژین، پێکدەهێنن، یەکتری تەواو دەکەن و سمبوڵەکانی هێزی شەڕ لە شانۆنامەکەدا بەرجەستە دەکەن.

ستریندبێری ئەم دوو کارەکتەرەی بە شێوازێکی گرۆتێسک خوڵقاندووە، بەمەش وزە و هێزێکی زیاتری پێبەخشیوون و کاریگەرییەکانیان بەسەر کارەکتەرەکانی ترەوە باشکرا دیارە، نەک هەر ئەوە بەڵکو دەسەڵاتێکی گەورەیان بەسەر ژیان و چارەنووسی کارەکتەرەکانی ترەوە هەیە. هوممێل یەکە یەکەی کارەکتەرەکان هەڵدەسوڕێنێ، ڕووتیان دەکاتەوە و بەو شێوەیەی کە بیەوێت بەکاریان دەهێنێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توانا گەورەیەی هوممێل کە زۆر زیرەکانە، بێ بەزەییانە قەوارەی کۆمەلایەتی و دەروونی کارەکتەرەکانی تر بچوک دەکاتەوە. بەم کارەش دەسەڵات و هێزی خۆی لە سەرکۆنەکردن و بێهێزیی ئەوانیترەوە وەردەگرێت.

هوممێل خوێنی کەسایەتییەکان دەمژێت، هەروەها ئەوانیش ئەم ڕاستییە دەزانن، لێیدەترسن و بە خوێنمژ ئاماژەی بۆ دەکەن. هوممێل خۆیشی ئەم ڕاستییە ناشارێتەوە و دەڵێت:( من کاتێک قەپم لە تیکەکە گرت، ناتوانم بەری بدەم ....). هوممێل دواتر لە بەشی سێیەمدا لە کارەکتەری چێشتلێنەرەکەدا زیندوو دەبێتەوە و سەرکۆنەی خانم و خوێندکارەکە دەکات. جەستەی چێشتلێنەرەکە ئێجگار زل و بە قەبارە قەڵەوە. شێوەیەکی ترسناک و قێزەوەن لەخۆ دەگرێت.

**خاتوون**

**ئەوە چێشتلێنەرەکە هات ... تەماشایکە چەند گەورە و قەڵەوە ....**

**خوێندکارەکە**

**چی دەوێت؟**

**خاتوون**

**دەیەوێت لەبارەی خواردنی شێوەوە پرسم پێبکات، ئەوەی ڕاست بێت لەو ماوەیەی دایکم نەخۆشە من کاروباری ماڵ هەڵدەسوڕێنم ...**

**خوێندکارەکە**

**چیمان لە کاری چێشتخانە داوە؟**

**خاتوون**

**ئێمە پێویستە نان بخۆین ... تەماشای چێشتلێنەرەکە بکە، من ناتوانم تەماشای بکەم ...**

**خوێندکارەکە**

**ئەو ژنە زەبەلاحە کێیە؟**

**خاتوون**

**ئەو ژنە سەر بە خێزانی هوممێلی خوێنمژە؛ هەمووومان دەخوات ...**

## سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم

خانمەکە لێرەدا مەبەستی ئەوە نییە کە چێشتلێنەرەکە و هوممێل سەر بە یەک خێزانن و کەسوکاری یەکترن. بەڵکو مەبەستی خانم ئەوەیە کە چێشتلێنەرەکە بە چەشنی هوممێل خوێنمژ و توندوتیژە، بۆ نموونە چێشتلێنەرەکە ئەو خواردنەی کە لێیدەنێت تێکیدەدات و ئارەزووی خواردن لەلای ئەوانیتر دەشێوێنێ، چێشتلێنەرەکە هەرچەندە ڕۆڵێکی بچوکی هەیە و لە ماوەیەکی کورتدا دەردەکەوێت، بەڵام کاریگەرییەکی زۆر و بەهێزی هەیە.

**خاتوون**

**گەلێک چەشنە چێشتمان پێ دەدرێت، بەڵام چێشتەکان هەموو هێزێکیان لەبەر براوە... ئەو گۆشتەکە دەکوڵێنێت تا دەتوێتەوە، تەنها دەزوولە گۆشت و ئاو بە ئێمە دەدات، هەمان کاتیش خۆی گۆشتاوەکە هەڵدەقوڕێنێت ...**

**سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم**

چێشتلێنەرەکە خۆیشی بەم چەشنە ڕووبەڕووی خوێندکارەکە و خانم دەبێتەوە، هەڕەشەیان لێدەکات و وەک خەونێکی ناخۆش بێزاریان دەکات.

**چێشتلێنەرەکە**

**ئێوە ئاومان تیا ناهێڵن، ئێمەیش ئاو لە ئێوە دەبڕین، ئێمە خوێن دەمژین و ئێوەیش ئاوتان بەر دەکەوێت ... لەگەڵ کلۆریتیین. ئەمە کلۆریتە! ئێستا دەڕۆم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچۆنێک خۆم ئارەزووم لێبێت دەمێنمەوە.**

**( دەڕوات )**

**سۆناتای تارمایی، بەشی سێیەم**

# پایەکانی کۆمەڵگا، هێنریك ئیپسن و شانۆی ریالیزمی

هێنریک ئیپسن ١٨٢٨_ ١٩٠٦ یەکێکە لەو نووسەرانەی کە زۆر بە ڕاستگۆیی و دیقەتەوە سەردەمەکەی، وێنەیەکی زیندووی کۆمەڵگاکەی، هەست و نەستی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی بەرجەستە دەکات و وەک هونەرمەندێکی نووسەر توانیویەتی ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی، بۆچوونە فەلسەفییەکانی و دیدە واقیعیەکەی بە ئامرازی جیاواز ئاراستە بکات. ئەم هەستە قووڵ و ساکارە، هێنریک ئیپسن دەگەیەنێتە لوتکە و داشدەنرێت بە یەکێک لە نووسەرە هەرە گەورەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی. مارتین لام سەبارەت بە شانۆی هێنریک ئیپسن ووتوویەتی: رۆمانێکی مۆدێرن: هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر ڕۆما و هەر لەوێشەوە دەرباز دەبن.

شانۆی ناتورالیزم، ریالیزم یان ڕیالیزمی هیماگەری و لەسەر هەموو ئاستەکان لەلای ئەم نووسەرە بەهیچ شێوەیەک نابێتە هەستێکی ساکار، دیالۆژێکی بێ گیان و ڕووداوێکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لەکاتێکدا شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە شێوازێکی ڕۆژانە و ئاسایی لەخۆدەگرێت، دەبێتە هونەرێکی بەرز و لەچەندین ئاست و مەخزای جیاوازدا ماناکانی دەردەکەوێت.

بەشێکی زۆر لەو گرفت و کیشە کۆمەڵایەتی، دەروونی و گرفتە خێزانییانەی ئیپسن لە شانۆنامەکانیدا باسیان دەکات، تاکو ئێستاش گۆڕانکاریەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. یاخود بە شێوەیەک لە شێوەکان، وەک تارماییەکی تۆقێنەر و قیزەون لە سترکتوری کۆمەڵگاکانماندا، لە ناوەوەی خۆماندا، وەک تاکەکەس

دەردەکەوێت و ساتەوەختەکانمان، پێوەندییەکانمان و ڕەوتی ژیانمان ژەهراوی دەکات.

ئیپسن ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بەرز ڕادەگرێت و کارەکتەری ئافرەتی شانۆنامەکانی زۆر باشتر لە نەژاد و کارەکتەری پیاو دەگەن، وەک ئەوەی نەژادی پیاوەکان لە ئافرەتەکان بگەن. دەرگا بەیەکادانەکەی نورا لە شانۆنامەی (ماڵی بووکەڵە) دا هەموو کۆمەڵگای پیاوسالاری ئەوروپا دەلەرزێنێ و ئافرەتان ئیپسن دەکەنە نوێنەرێکی ڕاستەقینەی خۆیان. بەڵام ئیپسن خۆی بەرپەرچی ئەو بۆچوونانەی ئەدایەوە کە ئاماژەیان بۆ ئەوە دەکرد کە گوایە ئەو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داکۆکی لە مافی ئافرەتان و پرسەکانی ئافرەت کردبێت، بەڵکو ئیپسن هەمیشە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ئەو بەرگری و سەرگەرمی بەرجەستەکردن و لەسەر نووسینی پرسەکانی مرۆڤایەتییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئافرەتان، یان بڕوای وا بووە کە ئافرەتان زیاتر لە پیاو پەرۆشی بانگەشەکردنی تەوژمە ئازادیخوازەکانە و ئەوان زیاتر بەدەنگ سەربەستی مرۆڤایەتییەوە دەچن.

لەلایەکی ترەوە ئیپسن کۆمەڵێ پرسیاری چارەنووسسازی گرنگی وەک بەرپرسیارییەتی، سەربەستی و مانای ئەو نائومێدییەی کە ڕەگ و ڕیشەیان لە خودی و بوونی مرۆڤدا داکوتاوە، دەوروژێنێت، ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤ لە مێژوودایە، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕەگ و ڕیشەی مێژوو لەلای ئەو مرۆڤانەیە کە لە دەرەوەی پێداویستییەکانەوە بنەماکانی کۆمەڵگا دەخولقێنن. ئیپسن زۆر بە ووردی و بە وریایی مرۆڤەکانمان وەک ڕۆحێکی تراژیدی بۆ دەخولقێنێ کە لە کێشەیەکی دژواردان لەگەڵ دەوروبەرەکەیان و لەگەڵ خودی خۆیاندا.

ئیپسن لە ڕوانگەی دیدێکی خودێتی و مرۆڤی تاکەوە، لەناو خانەکانی تاکە کەسەوە پرسیارەکانی دەخاتە ڕوو، نەک لە تەوژمەکانی سۆسیالیزم و سیاسەتێکی هاوبەش و بە کۆلێکتیڤ کراوەوە. سەربەستیش پرۆسەیەکی ئێجگار دوورو درێژە و ڵاتێکە کە هەرگیز داگیر ناکرێت. بیروبۆچوونە خودێتییەکەی ئیپسن هەمیشە لە کێشەدایە، دەنگەکان لە ناوەوە دێن و ملکەچی یاساکانی سەرەوە نابن، منی تاک لەگەڵ خۆم، لەگەڵ دەوروبەر و لەگەڵ ئەوانیتردا لە چەقی ڕووداوەکاندان.

ئەم نووسەرە هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزی فەیلەسوفی دانیمارکی کیرکیگاردەوە و بەر لە دەرکەوتنی فەلسەفەی خودێتی، ئیپسن لەو تێزانەدا بیری کردۆتەوە.

بەهەمان شێوە خۆیشی کاریگەرییەکی لەبەرچاوی بەسەر زۆر نووسەر، شانۆنامەنووس، هونەرمەند و بیریارەکانی سەردەمی خۆیەوە هەبووە. بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی دادەنرێن بە ئەدەبێکی بەرزی کولتووری جیهانی. هەر بۆ نموونە ئیپسن کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی بەسەر فرۆید و تیۆر و بۆچوونە سیکۆئەنالیس (شیکاری دەروونی) و دەروونییەکانەوە هەبووە. فرۆید زۆرجار گەڕاوەتەوە سەر شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە، بەتایبەتییش هیداگابلەر، ئێولۆڤی بچووک، یوهان گابریل بۆرکمان، کاتێک ئێمەی مردوو هەڵدەستینەوە .... هتد. لەم شانۆنامانەدا مەسەلەکانی خۆشەویستی و ژیانی، یان پەیوەندی ژن و مێردایەتی، کێشەکانی ژیان و هونەر لە چەقی ڕووداوەکاندان. ئەو پیاوانەی کە خۆشەویستی و ژیانێکی پڕ لە حەزی ژن و مێردایەتی دەکەنە قوربانی هەڵپە و سەرکەوتن بەسەر پەیژەکانی کۆمەڵگا و پلەوپایەدا.

## • هێنریک ئیپسن

هێنریک یۆهان ئیپسن لە ٢٠ ی مانگی مارتی ساڵی ١٨٢٨ لە شین Skien لەدایک بووە. لە ٢٣ ی ئایاری ساڵی ١٩٠٦ دا لە کریستیانیا (ئۆسلۆ) کۆچی دوایی کردووە.

ئیپسن تەمەنی تەنها هەشت ساڵان دەبێت کە باوکی بەهۆی کاروباری بازرگانییەوە هەموو سەروەت و سامانەکەی لەدەست دەدات، لە ماڵە ڕازاوەکەیان دەکرێنە دەرەوە و تووشی نەهامەتییەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری گەورە دێن. ئەم کارەساتە کاریگەرییەکی قووڵ لە دەروون و ڕەوتی ژیان و ئایندەی ئیپسن دەکات، هەر ئەم ڕووداوەش وا لە ئیپسن دەکات کە لە خێزانەکەی داببڕێت، نەک هەر ئەوە بەڵکو هەموو خانەوادەکەیان پەرتەوازە دەبن، دایک و باوکی جیادەبنەوە و دواتریش دایکی و خوشک و برا بچووکەکانی تووشی قەیرانێکی دەروونی دەبن، گۆشەگیر ڕوودەکەنە کڵێساکان و بە تەواوەتی دەبنە کەسانێکی ئایینپەروەر.

هێنریک ئیپسن هەروەک ستریندبێری ڕقی لە باوکی بۆتەوە، کەم یەکتریان بینیوە و هەستی بەهیچ پەیوەندییەکی فەرزەند و باوان نەکردووە، بەڵام هەست و سۆزێکی گەرم و پڕ لە خۆشەویستی بۆ دایکی و هێدفیگی خوشکی هەبووە.

ئیپسن دواتر وێنەیەکی بەرز و نموونەیی هێڤیلی خوشکی و هەر بە ناوە ڕاستەقینەکەیەوە لە شانۆنامەی مراوی کێویدا دەنەخشێنێ.

هێنریک ئیپسن سێ برا و خوشکێکی دەبێت، بەڵام هەمیشە تەنها و دوورەپەرێز دەبێت، حەزی بەوە نەکردووە کە لەگەڵ منداڵی تر گەمە بکات و تەنها لە دوورەوە تەماشای کردوون. ئەم نووسەرە سەرەتا و بۆ ماوەی شەش ساڵ لە دەرمانخانەیەکدا کاردەکات، هەر لەم قۆناخەدا و لە ساڵی ١٨٥٠ دا یەکەم شانۆنامەشی Catilina دەنووسێت و هەر لەهەمان ساڵدا بە مەبەستی خوێندن دێتە کریستیانیا و تێکەڵاوی هەندێ لە نووسەرە لاوەکانی ئەو سەردەمە دەبێت. ئیپسن لەم قۆناخەی ژیانیدا دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەوژمە نەتەوایەتییە ڕۆمانتیک و بۆچوونە ڕادیکالە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەوە و هەر خێرا ناوێکی کولتووری بۆ خۆی بەدەست دەهێنێ. هێنریک ئیپسن لە شانۆکانەوە دەست پێدەکات و هەر لە شانۆکانیشەوە سنوورەکانی دنیا دەبڕێت و هەر لە دەروازەی شانۆکانیشەوە دەبێتە یەکێک لە گرنگترین شانۆنووسەکانی شانۆی هاوچەرخی جیهانی.

لەساڵی ١٨٥١ دا وەک ڕێژیسور و نووسەری شانۆیی و لە شانۆی نەرویژی و لە شاری بێرگن دادەمەزرێ، بەمەرجێ کە هەموو ساڵێک شانۆنامەیەک بەرهەم بهێنێ، بەڵام ئیپسن لەم شانۆیەدا زیاتر دەبێتە یاریدەدەری ڕێژیسۆرەکان و کۆمەڵێ شانۆنامەی مێژوویی دەنووسێت. ئیپسن لە ساڵی ١٨٥٧ دا دەبێتە بەڕێوەبەری هونەری شانۆی نەرویژی لە کریستیانیا، ئەم شانۆیە تازە بنیاتنرابوو، باری هونەری و ئابوری زۆر باش نابێت و ئیپسن هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەم شانۆیە لە تەڵەزگە و قەیرانەکانی ڕزگاربکات. بینەری ئەم شانۆیە و لەو سەردەمەدا زیاتر بەدوای شانۆنامەی هەزەلی و ساکاری کات بەسەربردندا گەڕاون. ئیپسن خۆشی لەبری شانۆنامەی باش و ناوەڕۆک دەوڵەمەند، کۆمەڵێ شانۆنامەی ساکاری میللی و گاڵتەوگەپ پێشکەش دەکات. ئەم نووسەر و هونەرمەندە شانۆییە و دوای پێنج ساڵ واز لەم شانۆیە دەهێنێت، لەم قۆناخەدا چ شانۆکە و چ ئیپسن خۆیشی لە ئاستێکی خراپی ئابوری، کۆمەڵایەتی و دەروونیدا دەبن و شانۆکەش بەتەواوەتی نابوت دەبێت.

هێنریک ئیپسن لەم قۆناخەی ژیانیدا، وەک بەڕێوەبەری ئەو شانۆیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شانۆ، گرفتە پراکتیکییەکان و تەکنیکی بەرجەستەکردنی شانۆدا دەکات. کاریگەری و گرنگی کارەکانی ئەم قۆناخە، دواتر

له پرۆژه شانۆییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەر لەم قۆناخەشدا ئاوڕێکی ئایدیایی لە گرفتەکانی خێزان و ژن و مێردایەتی ئەداتەوە. دوای داخستنی ئەم شانۆیە، هێنریک ئیپسن بەیارمەتی دەسگیرییەکی دارایی دەوڵەت و لە ساڵی ١٨٦٤ دا نەرویژ بەجێدێڵێ، سەرەتا لە ڕێگەی دانیمارکەوە دەگاتە ئەڵمانیا و لەوێشەوە بەرەو ئیتالیا دەکەوێتەڕێ و تا ساڵی ١٨٩١ ناگەڕێتەوە. ئیپسن بەم سەفەرگەل و گەشتی دووره وڵاتییەی خۆی دەڵێ: گەشت لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی و سەربەستی و ڕۆشنبیری. هەر لەم ماوەی دووره وڵاتییەشیدا گرنگترین بەرهەمە شانۆییەکانی خۆی نووسیون.

ئیپسن لە ساڵی ١٨٦٧ دا شانۆنامەی پێرگێنت دەنووسێ، کارەکتەرە سەرەکییەکەی ئەم شانۆنامەیەی لە چیرۆکە میللییەکانی نەرویژەوە وەرگرتووە. دواتر ئیپسن لە دیدە ڕۆمانسییەکانی دووردەکەوێتەوە و دەکەوێتە چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتە هەنووکەییەکانی ئەو سەردەمە. شانۆنامەی ماڵی بووکەڵە کە لە ساڵی ١٨٧٩ دا دەینووسێ، سەرکەوتنێکی گەورە لە بواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا بەدەستدێنێ. خودی ماڵی بووکەڵە دەبێتە سیمبوڵی ئافرەتێک کە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا هەموو ڕێگاکانی بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکارییەکانی لێگیراوە و مافەکانی بەتەواوەتی زەوت کراوە. (نورا) کارەکتەرە سەرەکییەکەی ئەم شانۆنامەیە، لەم خێزانە پیاوسالارییەدا ڕووبەڕووی ڕاستییەکی ڕەها دەبێتەوە. مێردەکەی کە هەڵەیەکی نورای بۆ دەردەکەوێت، هەرچەندە نورا هەڵەکەشی بۆ بەرژەوەندی مێردەکەی و ڕزگارکردنی تەندروستی ئەو کردووە، ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و بەرکەوتنێکی توندوتیژانەی مێردەکەی دەبێتەوە. ئەم هەڵوێستەی مێردەکەی، نورا بەتەواوەتی وریا و ئاگاداردەکاتەوە و ڕاشکاوانە هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ: ماڵ، منداڵ و مێردەکەی بەجێدەهێڵێ تا خودی خۆی بدۆزێتەوە و دەرگای ماڵەکەشیان، لەدوای خۆیەوە زۆر بە توندی بەیەکدا ئەدات. ئەم نووسەرە گەورەیە لە ساڵی ١٨٨١ دا و بە شانۆنامەی تارماییەکان وزەیەکی گەورە دەبەخشێتە ڕێبازی ناتورالیزم.

شانۆنامە هەنووکەییەکانی ئیپسن بەشێوەیەکی بەردەوام باس لە پەیوەندی و گرفتەکانی مرۆڤی تاک لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکات، ئەم مەسەلەیەش لە شانۆنامەی دوژمنی گەل دا دەگاتە ئاستێکی بەرز. لەنێوان ساڵانی ١٨٨٣_ ١٨٨٤ دا شانۆنامەی مراوی کێوی دەنووسێت. مراوی کێوی بەڕای زوربەی ڕەخنەگر و شانۆکاران بە ترۆپکی شانۆنامەکانی هێنریک ئیپسن دادەنرێت. لەم شانۆنامەیەدا سیمبول و واقیع

له یەکەیەکی هونەری و فیکریدا پێکدا دەچن، سیمبولی مراوی کێوی تەنها وێنەیەک نییە، یان خەیاڵێکی ساکار، بەڵکو مراوی کێوی دەبێتە سیمبولێکی قووڵ بۆ شتە ناتەبا و لەهەمانکاتدا بۆ سەربەستی. دواتر ەب شانۆنامەی هێدا گابلەر کە لە ساڵی ١٨٩٠ دا نووسیویەتی دەگەڕێتەوە بۆ تەوژمەکانی شانۆی ناتورالیزم و ریالیزم، لەم شانۆنامەیەدا هەندێ لە بەکارهێنانی هێماکان دووردەکەوێتەوە و زیاتر ڕێچکەیەکی سایکۆلۆژی دەگرێتەبەر. ڕێبازی ڕیالیزمی سایکۆلۆژیی ئیپسن بە شۆڕشێکی گەورە و گرنگ دادەنرێت لە مێژووی دراما و شانۆی ئەورووپی و جیهانیدا. ئەم نووسەرە لەهەر سێ شێوازەکەی نووسینی شانۆییدا: مێژوویی، ریالیزمی سایکۆلۆژی و هێماگەریدا، هەنگاوێکی گەورەی ناوە و شانۆی هاوچەرخی ئەورووپی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرز.

هێنریک ئیپسن و ئاگوست ستریندبێری ئەدەبی مۆدێرنی باکوری ئەورووپا دەگەیەننە ئاستەکانی ترۆپک و وڵاتانی سکەندنافیاش دەکەنە دەسەڵاتێکی گەورە و بەهێزی ئەدەب و کولتوور.

## • لە ڕۆمانتیکەوە بۆ ڕیالیزم

هێنریک ئیپسن لە سەرەتادا کەوتبووە ژێر کاریگەری تەوژمەکانی شانۆ و ئەدەبی ڕۆمانتیکی نەرویژی و ئەورووپییەوە. بە قەیرانەکانی ئەم تەوژمەدا گوزەر دەکات، ڕۆدەچێتە خوارەوە، ڕادەمێنێ و لەبەرئەنجامدا زۆر بە هۆشیاری تێدەپەڕێت و چارەسەرەکان لە شانۆی ریالیزمدا دەدۆزێتەوە. لە بنەماکانی شانۆی ناتورالیزم و ریالیزمەوە، دەروازەکانی شانۆیەکی میللیی بەڕووی جیهاندا دەکاتەوە، بێگومان وشەی میللی لە شانۆی هێنریک ئیپسن دا هەمان ئەو چەمکەی شانۆی میللی ناگەیەنێ، بەتایبەتی بە گەڕانەوە و بەکارهێنانی دابونەریت و مۆسیقای میللی، بەڵکو ئیپسن ڕێگاخۆشکەرێکی گرنگ و گەورەی شانۆی ناتورالیزم و ریالیزم دەبێت. دەروازەکانی ئەم شانۆیەش بنەمایەکی بەربڵاو و میللی و چەمکێکی جیاوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بینەراندا خولقاندووە. ئەم تەوژمە شانۆییە یان وێژەییە لەسەرەتادا لە پاریس و لەسەر دەستی ئەمیل زۆلا و

شانۆی سەربەستی ئەندریە ئەنتوان دا دەرکەوت. بەڵام هێنریک ئیپسن و ئاگۆست ستریندبێری لە باکوری ئەوروپاوە، توانییان پێودانگ و ڕەوش و شێوازەکانی ئەم شانۆیە و لەسەر ئاستێکی بەرز دیاریبکەن. ئیپسن توانی بە شانۆنامە ناتورالیستی و ریالیستیەکانی دیدە سروشتییەکانی چڕ بکاتەوە و وێنەیەکی سەراپاگیر، لەهەمانکاتدا قووڵ، ووردەکاری و ڕواڵەتئاسای کۆمەڵگای نەرویژی دەستەبەر بکات. ئەم نووسەرە پێنج شانۆنامەی نووسیوە کە ڕاستەوخۆ لە خانەکانی شانۆی ناتورالیزم/ ریالیزم دا کۆدەبنەوە، ئەو شانۆنامانەش بریتین لە: پایەکانی کۆمەڵگا، ماڵی بووکەڵە، تارماییەکان، دوژمنی گەل و مراوی کێوی. بەڵام شانۆنامەی مراوی کێوی زیاتر دەکەوێتە نێوان، یان ڕاستتر وایە بڵێین ئاوێتەکردنێکی بەرزی تەوژمەکانی ڕیالیزم و هێماگەرییە و ئیپسن لەم شانۆنامەیەدا هەنگاوێکی گەورە لە تێکەڵاوکردن و بەکارهێنانی هێماکان و بەرەوپێشەوەچوونی توانا هونەری و دیدە شانۆییەکانیدا بەدەست دەهێنێ. بابەتی سەرەکی هەر چوار شانۆنامەکەش بریتییە لە مەسەلەکانی ناپاکی، درۆ، ریایی و چەواشەکردنی ئەوانیتر، ئەو درۆ و ڕیاییانەی کە هەموو بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگا دەگرێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، ژیانی هاوسەرێتی ژەهراوی دەکات و ڕەوتی ژیان بە ئاراستە جیاواز و چەواشەئامێزەکاندا دەبات.

هەر لەم رووەوە دەتوانین ڕەوتی نووسینی شانۆنامەکانی هێنریک ئیپسن دابەشی چوار قۆناخ بکەین: یەکەم لەنێوان ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٨٦٦، ئەم قۆناخەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە زیاتر دەکەوێتە ژێر خانەی ڕۆمانتیک، مێژوویی و ئیدیالیزم، دووەم لە ساڵی ١٨٦٦ ەوە دەست پێدەکات و لەساڵی ١٨٧٧ دا کۆتاییان پێدێت، ئەم قۆناخە گەشەکردنێکی لەبەرچاوە لە ڕۆمانتیکەوە بۆ ڕیالیزم، قۆناخی سێیەمیشیان کە لە ساڵەکانی ١٨٧٧ ەوە دەست پێدەکات و تا ساڵی ١٨٨٢ بەردەوام دەبێت و بە لوتکەی قۆناخی ڕیالیزم و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەم نووسەرە دادەنرێت. بەڵام دوا قۆناخی شاکارەکانی ئیپسن لە ساڵی ١٨٨٣ ەوە دەست پێدەکات و بنەمایەکی قووڵی سیکۆلۆژی و هێماگەلی لەخۆدەگرێت.

هێنریک ئیپسن لە قۆناخی یەکەمدا بەرهەمەکانی زیاتر گەڕانەوەیەکی ناسیونالیستییە بۆ مێژوو و کولتووری نەرویژی، بۆ نموونە لەم قۆناخەدا مێژووی پادشاکان و بەسەرهاتەکانی جەنگی دەسەڵاتی پادشاکانی نەرویژ لە سەدەی یازدەدا دەکاتە چیرۆکی شانۆنامەکانی. لە قۆناخی دووەمدا یەکەم سەرکەوتنی گەورەی خۆی بە شانۆنامەی براند بەدەست دەهێنێ. ئەم شانۆنامەیە پێشوازییەکی

ئەوتۆی لێناکرێت، چ لە نەرویژ و چ ئەوروپا دەکەوێتە بەر شاڵاوی ڕەخنە و لە زوربەی وڵاتانی ئەوروپاش قەدەخە دەکرێت کە لەسەر شانۆکان نمایش بکرێت. دواتر ئیپسن وەک کاریگەری و کاردانەوەیەکی ئەو شاڵاو و بۆچوونە نێگەتیڤانە، شانۆنامەی دوژمنی گەل دەنووسێت. لە دوژمنی گەلدا بە روون و ئاشکرا هێرش دەکاتە سەر مێگەلیزم و دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە مرۆڤی بەهێز دەتوانێ هەر خۆی و بە تەنها ڕووبەڕووی هەموو ڕاستییەکان ببێتەوە و خۆڕاگربێ. لە قۆناخی سێیەمیشدا و بە شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا دەرگاکانی شانۆی ڕیالیزم دەخاتە سەر پشت، شانۆی مراوی کێوی یش شانۆی ئیپسن و تەوژمەکانی ریالیزمی هێماگەری دەگەیەنێتە ئاستی ترۆپک. مراوی کێوی وەک سەرەتای قۆناخی چوارەم و کۆتایی هێڵی بەرەوپێشەوەچوونی شانۆنامەکانی ئیپسن، سەرەتایەکی گرنگی شانۆی هاوچەرخی جیهانیشە. ڕیالیزمی هێماگەری، یان سایکۆلۆژی هێماگەری بە شێوەیەکی بەرفراوانتر، قووڵ و هەمەلایەن سترکتوری شانۆنامەکانی، بەسەرهات و کارەکتەرەکانی دەگرێتەوە. بەڵام هێنریک ئیپسن لە ڕێبازی ڕیالیزم و ڕیالیزمی هێماگەرییەوە نەپەڕیوەتەوە بۆ مۆدێرنیزم و لەو ئاستەدا مایەوە، بەپێچەوانەی ستریندبێرییەوە کە بە شانۆنامەی سێینەی بەرەو دیمەشق، گەمە خەونێک و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور سنووری شانۆی ناتورالیزم و ڕیالیزم دەبڕێت. ئەم دوو نووسەرە کێشە و ململانێیەکی گەورەیان لەنێواندا بووە و هەرگیز دانیان بەیەکتردا نەناوە، ئیپسن وێنەیەکی گەورەی پۆترێتی ستریندبێری بەسەر مێزی نووسینەکەیەوە هەڵدەواسێ و لەم بارەیەشەوە ووتوویەتی:( ستریندبێری دوژمنی سەرەکی منە، هەر لەبەرئەوەشە کە ئەم وێنە گەورەیەم هەڵواسیوە تا ئاگادار بێت و بزانێت کە من چی دەنووسم.)

## • زمان/ دیالۆژ و سترکتوری شانۆ

هێنریک ئیپسن دەسەڵاتێکی ئەفسوونی بەسەر زمانەکەیدا هەبووە، لە نهێنییەکانی گەیشتووە، بەرەو پێشەوەی بردووە و توانیویەتی بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکاریان بهێنێ. هەموو شانۆنامەیەک لە شانۆنامەکانی هێنریک ئیپسن زمانێکی وێنەیی تایبەتمەند و ئەتمۆسفێرێکی جیاواز لەخۆدەگرێت. دیالۆژی شانۆنامەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە، ڕەوتی شانۆنامەکان دەبەن بەڕێوە، وشە لە سترکتوری

دیالۆژەکاندا ڕووداوەکان بەرجەستە دەکەن و زمان و زمانە شانۆییەکە جیهانی دراماکە دەخوڵقێنن. ئیپسن زمانێکی وا بەکاردەهێنێ کە لەیەک کاتدا پەردەیەکی نهێنی بەسەر ڕووداوەکاندا دەپۆشێ و لەهەمان کاتدا نهێنییەکان ئاشکرا دەکات. خودی دیالۆژەکان ساکارن، لەهەمان کاتدا قووڵ و پڕ مانان و هیماکانیشی ئاڵۆز و تەمومژاوی نین. زمانەکەی ئیپسن جۆرە چەکێکە بەدەست کەسی تاکەوە تا مەرامەکانی خۆی بەدەست بهێنێ و ئامرازێکی بەرگریشە بۆ تایبەتمەندێتی و خۆدێتی کارەکتەرەکانی. لەسەر ئاستێکی ڕووکەش ساکارە و زمانی مامەڵەی ژیانی ڕۆژانەیە، بەڵام بەردەوام ماناکانی خۆی لەوەوە وەردەگرێت کە باسی شتە قەدەغە و نەوتراوەکان دەکات، لەهەر کاتێکیشدا، لەهەر شوێنێکیشدا زمان بووەستێ، جەستە لەبری ئەو دەکەوێتە ئاخافتن.

دیالۆژ و زمانی کارەکتەر و شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە ڕووداوەکان ناگێڕنەوە، بەڵکو لە پرۆسەیەکی وورد و بەهۆی پلانێکی شانۆیی و سەلیقەی ئیپسنەوە ڕووداوەکان بەرجەستە دەکەن. شانۆنامەکان لە ئێستادا و لەنێوان کەسی یەکەم و کەسی دووەمدا ڕوودەدەن، هەمیشە (من) لە ئێستا و لێرەدا ڕووبەڕووی (تۆ) دەبێتەوە و (من) بەردەوام لەگەڵ (تۆ) دا جێگا دەگۆڕێتەوە.

پرۆسەی دیالۆگ چەمکی زمان لە شانۆنامەکانی ئیپسندا پێکدەهێنێ، شێوازی قسەکردنی ئەکتەرەکانی لە کارەکتەرێکەوە بۆ بۆ کارەکتەرێکی تر دەگۆڕێت. ئیپسن توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو خودی ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی لە دیالۆژەکاندا بەرجەستە بکات و ڕەنگی پێبداتەوە، کارەکتەرەکانیشی لە خودی دیالۆژەکانەوە ببنە بەشێکی گرنگی ئەتمۆسفێر و دەوروبەرەکە.

## • تەکنیکی نووسین لای هێنریک ئیپسن

ئیپسن لە تەمەنی سیساڵیدا بە قەیرانێکی دەروونی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، هەر لەم قۆناخەی ژیانیدا لە پۆستی بەڕێوەبەری شانۆکەیدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، کەمتر یان هەر هیچ نانووسێت. بەڵام ئیپسن زۆر بە هێمنی لەم قەیرانە دێتە دەرەوە، وورده وورده توانای نووسینی گەشە دەکات، قووڵ دەبێتەوە و دیدێکی فراوانی نووسینی لەلا دروست دەبێت. ئەم قۆناخەی ژیانی ئیپسن درێژخایەن دەبێت و بۆ یەکەمجار لە ئیتالیا، لە دەرەوەی سنووری وڵاتی نەرویژەوە، بورکانی

وزە و تواناکانی دەتەقێتەوە و براند و پێرگینت دەنووسێ. هەر لە ئیتالیا و دواتریش لە ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی تەوژمە کولتووری و شانۆییە گەورەکانی ئەو سەردەمەی ئەورووپا دەبێتەوە. ئەم نووسەرە بە دوو ساڵ شانۆنامەیەکی نووسیوە، سەرەتا زۆر بە ووردی و بەرلەوەی دەست بکات بە نووسینی شانۆنامەکەی، بیریکردۆتەوە، بنەما و سترکتوریکی فراوانی لە مێشکیدا داڕشتووە، دوای ئەوە کەوتۆتە نووسینی تێبینییەکانی سەبارەت بە ناوەڕۆک، بابەت و کارەکتەرەکانی. ئیپسن بەردەوام دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە ویستوویەتی کارەکتەرەکانی، بەر لە جوڵانەوەیان لەسەر شانۆکان، زۆر باش بناسێت. لە سەرەتای بیرکردنەوە و کۆکردنەوەی تێبینییەکانییەوە، تا بە تەواوەتی شانۆنامەکەی نووسیوە، پرۆسێسێکی دوور و درێژ بووە بۆ ئیپسن. بەلای نووسەرەوە زۆر گرنگ بووە کە دوای نووسینی شانۆنامەکانی و بەر لە نەمایشکردنی لەسەر شانۆکان، خودی شانۆنامەکە بە کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوبکاتەوە.

ئیپسن پانتاییەکی فراوان دەبەخشێتە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر خودی ڕووداوەکان و ئایندەی کارەکتەرەکانیشەوە هەیە، ئەمەش تەکنیکێکە کە ئیپسن لە زوربەی شانۆنامەکانیدا بەکاریهێناوە.

ئیپسن بەم تەکنیکە ڕابردوو و ئێستا پێکەوە دەبەستێتەوە، تێڕوانین و بۆچوونەکانمان زیاتر قووڵ دەکاتەوە و بوارێکی فراوانتریش دەبەخشێتە زەمەنی دراماکە. ئێستا و ساتەوەختەکانی ڕووداوەکان بە ڕابردوو بارکراوە و لەهەمانکاتدا بە ئایندەش بارکراوە. هێڵی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی و لەیەک ڕوانگەوە ناجوڵێنەوە، بەڵکو هەمیشە و بەهۆی ڕابردووەوە لەبارێکی بزۆز، پێچاوپێچ و هەڵبەزودابەزدایە. دیالۆژی کارەکتەرەکان دەبێتە پرۆسێسێکی شیکار بۆ خودی ڕووداوەکانی ئێستا، یەکە یەکە و بە شێوەیەکی ئازاد بەرگی کارەکتەرەکان، ڕووداوەکان و هێڵی گشتی چیرۆکەکە دادەماڵێ و لەهەمانکاتدا ئاوڕدانەوەیەکی بەردەوامی چاودێر و ڕەخنەئامێزی ڕابردووشە. بەڵام ئیپسن لەم تەکنیکەدا و زۆر بە سەلیقەوە خودی تەنگژە و گیروگرفتەکانی خستۆتە زەمەنی ئێستاوە. ئەم گێڕانەوە تەکنیکییەی ئیپسن باسی مرۆڤ دەکات و سەبارەت بە مرۆڤە، خودی ڕووداوە درامییەکانیش لەنێوان مرۆڤدا ڕوودەدەن، هەموو شتێک لەلای ئیپسن لەنێوان مرۆڤەکاندا ڕووئەدات. ڕووداوەکان لەناوەوەی خۆیەوە گەورە دەبێت،

گەشە دەکات و سیماکانی خۆی لە ڕووداوەکانەوە وەردەگرێت. کارەکتەرەکانی مرۆڤی ئاسایین و لە ڕووداوەکانەوە و لەبەرچاوی بینەراندا دەردەکەون.

## • پایەکانی کۆمەڵگا وەک نموونە

تەکنیکی گێڕانەوە، ڕابردوو لە ئێستا و کاریگەرییەکانی بەسەر ئایندە و چارەنووسی کارەکتەر و ڕووداوەکانەوە، دەبێتە تەکنیکێکی لەبەرچاوی ئیپسن و لە زوربەی شانۆنامەکانیدا دەگەڕێتەوە سەریان. ئیپسن سەرەتای ئەم تەکنیکە لە شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگادا بەکاردەهێنێ و دواتر دەبێتە مۆدێلێک و لەزوربەی شانۆنامەکانی تریدا پەیڕەوی دەکات و زوربەی نووسەر و شانۆنامەنووسەکانی تریش شوێنپێی هەڵدەگرن. ئیپسن خۆی ئەم تەکنیکە بە هەندێ گۆڕانکاری و نوێکردنەوەوە لە دراما و شانۆی گریکییەوە وەردەگرێت: سەرەتا لە ئێستادا دەست پێدەکات، بەتایبەتیش لە بارودۆخێکی هێمن و ئارامدا، بڕوانە سەرەتای پایەکانی کۆمەڵگا:( **کۆمەڵێ ئافرەت لەناو هۆڵی پێش باخچەکەدا لە دەوری مێزێک دانیشتوون. لە ناوەڕاستدا لەبەردەم مێزەکەدا بێتی دانیشتووە. لەلای چەپی ئەوەوە هۆڵت خانم و کچەکەی دانیشتوون، ئینجا ڕوومێل خانم و ڕوومێل خاتوون. لەلای ڕاستی بێرنیک خانمەوە، لینگە خانم و مارتا و دینا دۆرف دانیشتوون. ئافرەتەکان هەموویان خەریکی ئیشی دەستن. لەسەر مێزەکە قووماشی کەتانی نیوە دووراو و بڕاو لەگەڵ جلوبەرگی تردا هەڵدراونەتەوە. لە دواوە، لەسەر مێزێکی بچکۆلە کە دوو ئینجانەی گوڵ و پەرداخێک شەربەتی لەسەرە، مامۆستا ڕۆرلوند دانیشتووە و بە دەنگی بەرز کتێبێکی قەراغ زەرد دەخوێنێتەوە، بەجۆرێک کە دانیشتوان تەنها گوێیان لە تاکوتەرای وشەکانە. لە دەرەوە لە باخچەکەدا ئۆلاف بێرنیک بەملاولادا ڕادەکا و بە تیروکەوانەکەی نیشانە دەگرێتەوە.**)

**پایەکانی کۆمەڵگا، سەرەتای بەشی یەکەم**

دواتر هێدی هێدی گومان، دڵەڕاوکێ، ترس و دوودڵی خۆی دەخزێنێتە ئەو دۆخە ئارام و ئاسایشەوە و هەنگاو بەهەنگاو پەردە لەڕووی ئەوە هەڵدەماڵێ کە بۆچی ئەو بارودۆخە هێمنە ڕەوتێکی دراماتیکی و دڵتەزێن لەخۆدەگرێت و لەکۆتایی و بەرئەنجامدا دەمانگەیەنێتە ئاشکراکردن و کردنەوەی گرێکان و چارەسەرکردن. لەم شانۆنامەیە و زوربەی شانۆنامەکانی تری ئیپسندا کارەساتەکان ڕوویانداوە

(کونسوڵ بێرنیک) بەشێوەیەکی نابەجێ سەروەت و سامانەکەی کۆکردۆتەوە و ئەو پایەیەش نییە بۆ کۆمەڵگاکەی وەک لەنێو خەڵکدا ئاماژەی بۆ دەکرێ و بەپێی تەکنیکێکیووردی گێڕانەوە، ئارامیی ئێستا دەشڵەقێ و ئێستا و ئایندەش ڕووبەڕووی گێژاوێکی گەورە و تەقینەوەیەکی تری ئەو ڕابردووە دەبنەوە. هەر لە سەرەتای دیمەنی یەکەمەوە هۆکارە سایکۆلۆژییەکان ئاشکران و لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی ڕووداوەکان، ئەو هۆکارە سیکۆلۆژیانە قووڵتر و فراوانتر دەبن و سیمای کارەکتەرەکانیش ئاشکراتر دەکات.

بەم شێوەیە هەر پیەسێکی ئیپسن پریشکێکە، پارچەیەکە لەو ئاوێنە گەورە شکاوەی کە دەیەوێت وێنەیەکی گشتگری ژیان بەرجەستە بکات. بەرهەمەکانی هێنریک ئیپسن لە دیالۆژێکی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتریدا، یەکتری تەواو دەکەن، تیشک دەخەنە سەر یەکتری و زەمینە بۆ یەکتری خۆش دەکەن. هیچ شانۆنامەیەکی ئیپسن بە تەنها وێنەیەکی تەواوەتی ژیان لە هەموو لایەنەکانییەوە ناخاتە ڕوو. تەنها هەموو شانۆنامەکانی پێکەوە بەرجەستەی دید و بۆچوونەکانی ئیپسن دەکات و باری مرۆڤ و مرۆڤایەتیمان بۆ شیدەکاتەوە.

## • پایەکانی کۆمەڵگا

هێنریک ئیپسن لە پایزی ساڵی ١٨٧٥ دا لە شاری درێستنەوە کە حەوت ساڵ تیایدا ژیاوە، دەگوێزێتەوە بۆ شاری میۆنشن و لەوێ جێگیردەبێت. ئیپسن لە میۆنشن هەست بە ئاسودەییەکی ڕۆحی و فیکری تەواوەتی دەکات و هەر لێرەش و لەگەڵ جێگیربوونی دەست دەکات بە نووسینی شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا. دوای دوو ساڵ بیرکردنەوە، پلاندانان و ڕەشنووسی کردن و لە ساڵی ١٨٧٧ دا شانۆنامەکەی تەواو دەکات و هەر لە هەمان ساڵیشدا ناردوویەتی بۆ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. هەر لەم ساڵەدا ئەندریە ئەنتوان شانۆکەی خۆی (شانۆی سەربەست) لە پاریس دەکاتەوە و ڕۆمان و شانۆنامەکانی ئەمیل زۆلا ی تێدا پێشکەش دەکات.

پایەکانی کۆمەڵگا سەرکەوتنێکی نێونەتەوەیی گرنگ و ناوبانگێکی مەزن بۆ هێنریک ئیپسن بەدەست دەهێنێ و هەر دوای بڵاوکردنەوەی، شانۆکان لە سەرانسەری ئەوروپادا دەکەونە پێشبڕکێی نەمایشکردنی پایەکانی کۆمەڵگا[1].

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە شارێکی بچووک و لە ماڵی کونسول بێرنیکدا ڕوودەدەن، ئەم کونسوڵە دەسەڵات و ناووناوبانگی خۆی با ناپاکی، درۆ، دزی، هەڵخەڵەتان و چەواشەکردنی خەڵکی بەدەست هێناوە و لە کۆتایی شانۆنامەکەشدا بێرنیک ناچار دەبێت کە پەردە لە ڕووی تاوانەکانی هەڵبماڵێت و دان بە هەڵە و خراپەکارییەکانیدا بنێت.

ئەم شانۆنامەیە چەندین ڕووداوی چڕ و جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ و بە ئاسانی هەمووی لەیەکتری جیاناکرێتەوە، لیستی کەسایەتی و کارەکتەرە سەرەکییەکان لە زوربەی شانۆنامەکانی تری ئیپسن زۆرترە و جگە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان، چەندین کەسایەتی لاوەکی تریش لەخۆدەگرێت. ئەتمۆسفێر و شوێنی ڕووداوەکان ژوورێکی دانیشتنی دەرگا شووشەییە کە دەکەوێتە سەر باخچەی ماڵەکە، ماڵەکە و شوێنی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە هێمایەکە، یان ڕاستتر بەرجەستەیەکی ژیانی بۆرژوازییەکانی ئەو سەردەمە و ستایلی گوزەرانیانە.

بەشی یەکەمی شانۆنامەکە شاکارێکە بۆ خۆی، لە دووتوێی دیالۆژەکانەوە، کە بە ئاراستەیەکی ساکار، سروشتی و دوور لە ئاڵۆزی و زۆرلێکردنەوە ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان وەردەگرن. هەر لەم بەشەدا کارەکتەرەکان یەکە یەکە دەردەکەون،

---

[1] لە شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٧٧ دا، دوای بڵاوبوونەوەی لە کۆپنهاگن نمایش دەکرێت، هەروەها لە سوێد و بێرگن لە نەرویژ لەسەر زوربەی شانۆکان پێشکەش دەکرێت. لە فینلاند و دوای ئەوە لە یەک کاتدا لە پێنج شانۆی گرنگی شاری بەرلین، لە ئەڵمانیا و بە شێواز و فۆرمی جیاوازەوە پێشکەش دەکرێت. سەرکەوتنی پایەکانی کۆمەڵگا بەردەوام دەبێت و داراییەکی باشیش بۆ ئیپسن دابین دەکات، هەر لە ساڵی ١٨٧٧ دا لەسەر بیست و حەوت شانۆی شارەکانی ئەڵمانیا و نەمسادا نەمایش دەکرێت.

لە ساڵی ١٨٧٩ دا وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی چیکی و لە ساڵی ١٨٨٠ دا بە ئینگلیزی لە لەندەن و لە ساڵی ١٨٩٢ لە نیورک و ئوستراليا و لە ساڵی ١٨٩٣ شدا لە باکوری ئەفەریقا و شاری ڕۆما و لە ساڵی ١٨٩٦ دا لە پاریس پێشکەش دەکرێتەوە.

سیمای ڕۆڵەکانیان ئاشکرا دەبێت و پاڵەوانەکانی شانۆنامەکەش لە ڕێگای دیالۆژەکانی نێوانیان و لە بەکارهێنانی زمانەکەیانەوە، وێنەیەکی ئاشکرای ڕووداوەکان بە بینەران دەبەخشن.

مامۆستایەکی کۆنەپارێزی شارەکە کتێب بۆ خانمەکان دەخوێنێتەوە، ڕەخنە لە کۆمەڵگاکان دەگرێ و پایەی کونسوڵ بێرنیک بەرز ڕادەگرێ و ئافرەتەکانیش بەدەم گۆرەوی چنینەوە گوێڕایەڵی مامۆستان. هەر لە سەرەتاوە پایەی ئافرەتەکان دەردەکەوێ کە لەژێر سێبەری ڕۆڵی پیاودا دەسوڕێنەوە و خۆیان هیچ پێگە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری بەهێز و دیاریان نییە. هەموو ووردەکارییەک، ئاماژە و دیالۆژێکی بچوک گرنگە و لە ستروکتورە گشتییەکەدا جێگای خۆیان دەکەنەوە و گرفت و بەرئەنجام و کۆتایی شانۆنامەکە بەرجەستە دەکەن.

## • سەرەتا/ گرێ و کێشەکان

پایەکانی کۆمەڵگا بە ووتوێژێکی هەڵچووی نێوان ئەونای بەلەمساز و پارێزەر کراپ دەست پێدەکات. پارێزەر کراپ ئەونای بەلەمساز بەوە تاوانبار دەکات کە هانی کرێکارەکان دەدات و بە ناوی کونسوڵ بێرنیکەوە داوای لێدەکات کە چیتر لە ڕۆژانی شەممەدا ووتاری هاندانیان بۆ نەخوێنێتەوە.

**ئەونای بەلەمساز**

**کونسوڵ ناردبووی بەدوامدا.**

**پارێزەر کراپ**

**وایە، بەڵام ناتوانێ بتانبینێ، منی ڕاسپاردووە تا ...**

**ئەونای بەلەمساز**

**ئێوە؟ من بەڕاستی زیاتر حەزم دەکرد ...**

**پارێزەر کراپ**

**منی ڕاسپاردووە پیتانبڵێم کە ئێوە دەبێ لە وانە وتنەوەی ڕۆژانی شەممان بە کرێکاران دەست هەڵگرن.**

**ئەونای بەلەمساز**

**ئەوها؟ من بە ڕاستی وامدەزانی ئازادم کاتی بێئیشیی خۆم ئازادانە بەسەر بەرم.**

**پارێزەر کراپ**

**ئێوە نابێ کاتی بێئیشیی خۆتان بەکاربێنن بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکەن لەکاتی ئیشکردندا بێ کەڵک بن. ئێوە شەممەی ڕابردوو وتارتانداوە دەربارەی ئەو زەرەرەی کرێکارەکان پێیان دەگات بەهۆی ئامێرە تازەکانمانەوە و ئەو شێوە ئیشکردنە تازەیە لە کارگەی بەلەمسازیدا. ئێوە بۆچی ئاوا دەکەن؟**

**ئەونای بەلەمساز**

**هەتا یارمەتی کۆمەڵگا بدەم.**

**پارێزەر کراپ**

**سەیرە! کومسوڵ دەڵێ ئەمە کۆمەڵگا شێواندنە.**

**ئەونای بەلەمساز**

**کۆمەڵگاکەم کۆمەڵگای کونسوڵ نییە، جەنابی پارێزەر! وەکو لێپرسراو لە کۆمەڵگای کریکاران من دەبێ ..**

**پارێزەر کراپ**

**پێس هەموو شتێ ئێوە لێپرسهراوم لە وەرشەکەی کونسوڵ بێرنیک، ئێوە دەبێ خۆتان بە قەرزاربارى ئەو کۆمەڵگایە بزانن کە پێی دەگوترێ کۆمەڵگای کارگەی کونسوڵ بێرنیک، چونکە ئێمە هەمووومان لەسەر ئەوە دەژین. بەڵی ئێستا ئێوە دەزانن کونسوڵ چی هەبوو پێتان ڕابگەیەنێ.**

## پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی یەکەم

درۆ و چەواشەکردنی خەڵکی یەکێکە لە نەخۆشییە دەروونییەکانی پاڵەوانەکانی پایەکانی کۆمەڵگا: کونسوڵ بێرنیک و بازرگانەکانی هاوڕێی ڕوومیل، ڤیگەلاند، ساندستاد و تەنانەت مامۆستای شارەکە ڕۆرلووند. ئەم کارەکتەرانە لە ڕواڵەتدا کەسانی خێرخواز و پایەکانی کۆمەڵگان، بەلام هەر ئەوەندەی ئارەزووەکانیان، پلان و هەلپەی پارە و دەسەلاتیان ڕووبەڕووی گرفت و تەنگەژە ببێتەوە، ئەوا هەموو شتێک، تەنانەت ئامادەن کە زۆر بە توندوتیژی هەر کەسێک لەسەر ڕێگایان بووەستێ، لەناویبەرن. کونسوڵ بێرنیک کە هێمای پایەکانی کۆمەڵگایە، لە دەروازەکانی دیمەنی شانۆنامەکە و ڕەوتی ڕووداوەکانەوە، پەردە لەسەر ڕابردووی پڕ لە درۆ و ساختە و دزییەکانی هەڵدەماڵدرێ، ئەو ڕابردووەی کە پێگەی خۆی لە ئێستادا لەسەر ڕۆناوە.

## • گەڕانەوەیەکی چاوەڕواننەکراو

یۆهان تۆننەسێن و لوونا هێسڵ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و زۆر کوتوپڕانە لە ئەمەریکاوە دەگەڕێنەوە، ئەم گەڕانەوەیە گۆمێکی مەنگ دەشڵەقێنێ و مقۆمقۆ و بەرهەڵستییەکی بەهێز دەخولقێنێ.

کونسوڵ بێرنیک هەموو تاوانەکانی دزی و نابوتبونی کارگە و کاروبارە بازرگانییەکان هەیە خستۆتە ملی یوهان تونەسێن و یوهانیش ناچار دەبێت کە ڕابکات و لە ئەمەریکا ژیانێکی تر بۆ خۆی هەڵبژێرێت. ئێستا یوهان توننەسێن گەڕاوەتەوە و هەموو کەسێکیش نهێنییەکانی گەمەکەی کونسوڵ بێرنیک نازانێ و بە چاوی گومان و ڕق و شەرمەزارییەوە دەڕواننە یوهان توننەسێن. بەڵام بزوێنەری سەرەکی پەردە هەڵماڵینەکان و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان یوهان توننەسێن نییە، بەڵکو لوونا هێسڵە. یوهان و لوونا هەردووکیان بەشێوەیەکی چاوڕواننەکراو دەگەڕێنەوە تا ڕازی دڵی خۆیان دەربڕن، یوهان تۆننەسێن دڵی بە دینا دۆرفەوەیە کە مامۆستا ڕۆڕلووند دەیەوێت لەخشتەی بەرێت و لووناش تا سەرلەنوێ چاوی بە پاڵەوانی خەونەکانی و دڵدارە گەورەکەی کونسوڵ بێرنیک، ئەو کەسەی کە لەگەڵ ڕۆژگار بۆتە هێما و تاکە دەسەڵاتی شار و ناوچەکە، بکەوێتەوە. بەڵام وەک لەمەوپێش ئماژەمان بۆ کرد دەسەڵات و سەروەت و سامانەکەی کونسوڵ بێرنیک لەسەر کۆمەڵێ درۆ و دزی و ناپاکی وەستاوە، ناپاکییەکانی بێرنیک تەنانەت لوونا هێسڵی خۆشەویستی ژیانیشی گرتۆتەوە. بێرنیک و لوونا پەیوەندییەکی بەهێز و بێگەردی خۆشەویستی لەنێوانیاندا دەبێت، بەڵام بێرنیک دەستبەرداری لوونا و خۆشەویستییەکەیان دەبێت و لەپێناوی پارە و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتدا، لەگەڵ زڕ خوشکێکی دەوڵەمەندی لوونادا، بێتی خانم دەست تێکەڵاو دەکات و ژیانێکی هاوسەری بێگیان و بێ خۆشەویستی دروست دەکات. لوونا دەگەڕێتەوە و ڕووبەڕووی هەموو درۆ و ڕواڵەت و نهێنییەکان دەبێتەوە و بەهێز و توانا و بڕواوە دژایەتییان دەکات و کونسوڵ بێرنیک هانئەدات کە لەو گۆمی تاوان و درۆ و دەلەسانە بێتە دەرەوە و پەردە لەڕووی ڕاستییەکان هەڵبماڵێ.

**لوونا**

**گەشتن، من دەمەوێ یارمەتیت بدەم بۆ گەیشتن بە کەنارێکی جێگیر تا لەسەری ڕاوەستیت.**

**کونسوڵ بێرنیک**

**تۆڵە! تۆ دەتەوێ تۆڵەی خۆت بکەیتەوە؟ من باش ئەوە دەزانم، بەڵام تۆ لەوەدا سەرکەوتوو نابیت! بەس تەنها یەکێک لێرەدا دەتوانێ ئەو نهێنییە بدرکێنێ، ئەو کەسەش قسە ناکا.**

**لوونا**

**یۆهان؟**

**کونسوڵ بێرنیک**

**بەڵێ، یۆهان. هەر کەسێکی تر بیەوێت تاوانبارم بکا، ئەوا من نکوڵی لێدەکەم. ئەوەی بیەوێت لەناوم ببا، ئەوا من شەڕی ژیانی لەگەڵ دەکەم. بەڵام من پێموتی، تۆ هەرگیز لەوەدا سەرکەوتو نابیت! ئەوەی کە دەتوانێ تاوانبارم بکا، ئەو هیچ ناڵێ، ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە.**

## پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی دووەم

لوونا هێمای ئافرەتێکی بەهێزە و هەوڵ ئەدات پشتگیری ئافرەتەکانی تریش بکات و هانیان بدات، هەر لە ڕێگای ئەم کەسایەتییەوە ئیپسن مافی ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگا و لەناوجەرگەی ڕووداوەکاندا بەرجەستە دەکات. کارەکتەری لوونا و یۆهان بیرۆکەی خەونی کۆچ، تاراوگە و وڵات جێهێشتن بۆ ئەمەریکا، وەک سیمبوڵی سەربەستی و ئایندەیەکی باشتریش دووپات دەکاتەوە.

شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئاستێکی ڕووکەش بریتییە لە کۆمەڵێ ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی یەک لەدوای یەک، ئەم ڕووداوانە بارێکی چاودێری و چاوەڕوانی چ لەلای خوێنەر و چ لەلای بینەران دروست دەکات. بەڵام لەسەر ئاستێکی زیاتر قووڵ، سیکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کارەکتەری کونسوڵ بێرنیک دەخاتە بەردەم دووڕییانێکی سەختی بوون و نەبوونەوە، لەهەمانکاتدا ڕووبەڕووی بڕیاری هەڵبژاردنێکی سەختی دەکاتەوە.

ئەم ئاستەیان کارەکتەرە سەرەکییەکە (بێرنیک) تێکدەشکێنێ و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆشی بەسەر کەسایەتییەکانی تر و تێکڕای ڕەوتی ڕووداوەکانیشەوە دەبێت.

ئیپسن گرنگییەکی زۆری داوە بە هەردوو کارەکتەری کونسوڵ بێرنیک و لوونا هێسڵ و زۆر بە ووردی دایڕشتوون، بەڵام لەهەمانکاتدا بە بایەخەوە ڕۆڵ و کارەکتەرەکانی تریشی کردۆتە بەشێکی گرنگی گەمە و نهێنییەکان: دینا دۆرف، مارتا، ئەونای بەلەمساز، مامۆستا ڕۆر لووند، یۆهان تۆننەسێن .... هتد

کارەکتەری کونسوڵ بێرنیک ڕووبەڕووی لوونا هێسڵ دەکاتەوە، دوو هێزی دژ و جیاواز، بە هەمان شێوە بەرامبەر جوانی، بێگەردی و تەنهایی دینا دۆرف، ڕۆڕ لووندی درۆزن دەبێتە هاوکێشەیەکی دژوار و پڕ لە کێشە. دینا دۆرف هەست بە گوناە و تاوانەکانی دایکیشی لەخۆیدا دەکات و لەم گێژاوەدا یۆهان تۆننەسێن، کە لە ئەمەریکاوە گەڕاوەتەوە، دەبێتە دەروازەی هیوا و هێزی ڕزگاری و ئایندەیەکی جیاواز. دینا دۆرف ئەیەوێت هەموو شتێک بزانێت، ژیانی خۆی سەرلەنوێ بنیاتبنێتەوە، خۆی بدۆزێتەوە و لەگەڵ یۆهان تۆننەسێن بڕوات بۆ ئەمەریکا.

**یۆهان تۆننەسێن**

**دینا!**

**دینا**

**من لەگەڵ ئێوەدا دێم!**

**یۆهان تۆننەسێن**

**چی؟**

**لوونا**

**تۆ دەتەوێ بڕۆیت؟**

**دینا**

**بەڵێ، من لەگەڵیان دەڕۆم! ئەوی تر بۆی نووسیوم، دەڵێ کە ئەم ئێوارەیە بە فەرمی هەموو کەسێک دەبێت بزانێ ...**

**یۆهان تۆننەسێن**

**دینا، ئێوە ئەوتان خۆشناوێ؟**

**دینا**

**من هەرگیز ئەو مرۆڤەم خۆشنەویستووە. خۆم فڕێدەدەمە بنی دەریاوە ئەگەر من بکرێمە دەسگیرانی ئەو! ئۆ، دوێنێ چەند بە قسە جوامێرەکانی فشاری بۆ هێنام و خستمییە سەر چۆک! وای لیکردم هەستبکەم کە چۆن ئەو مەخلوقێکی بێنرخی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە! من نامەوێ ئیتر بێنرخ بکرێم. دەمەوێ سەفەرکەم. دەکرێ لەگەڵ ئێوەدا بێم؟**

**یۆهان تۆننەسێن**

**بەڵێ، بەڵێ ... هەزار جار!**

**دینا**

**من نامەوێ زۆر سەخڵەتتان بکەم. تەنها یارمەتیم بدەن تا بگەمە ئەوێ، کەمێک لە سەرەتادا یارمەتیم بدەن..**

**یۆهان تۆننەسێن**

**بە خۆشحاڵییەوە دینا، ئەوە خۆی لە خۆیەوە جێبەجێ دەبێ!**

**پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی چوارەم**

# • بێرنیک ڕووبەڕووی ڕاستییەکان دەبێتەوە

کونسوڵ بێرنیک گرفتێکی ئاکاری قووڵ دەوروژێنێ کە پابەستە بە گۆڕانکاری، دارایی، بازرگانی و مۆراڵی سەرمایەداری و بە هەر شێوەیەک و بە هەر نرخێکیش بووە لە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدایە. بۆ نموونە کونسوڵ بێرنیک لەگەڵ مامۆستا ڕۆرلوندا باسی ئەوە دەکا کە ئەندازیارێک مافی ئەوەی هەیە کە لەپێناوی کۆمەڵگا و سوودی گشتیدا، کرێکارێک بدات بە کوشت!

نرخی ژیانی کریکارێک لە پرۆژەیەکی سەرمایەداریدا، یان هەر پرۆژەیەکی تر بۆ کونسوڵ بێرنیکی پایەکانی کۆمەڵگا هیچ ماناو بەهایەکی نییە.

**کونسوڵ بێرنیک**

**.... گوێبگرە، شتێکم پێبڵێ، جەنابی مامۆستا، گەر ڕێگەم بدەن پرسیارێکتان لێبکەم ...**

**مامۆستا ڕۆرلوند**

**زۆر بە خۆشحاڵییەوە، جەنابی کونسوڵ.**

**کونسوڵ بێرنیک**

**بێریک کەوتۆتە مێشکمەوە، کاتیک مرۆڤ خەریکی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەورە بێت، کە تیایدا مەبەستی گەیشتنی هەزارەها مرۆڤ بێ بەخێر و خۆشی، ئەگەر ئەو پرۆژەیە داوای قوربانییەکی بچوک بکا ..؟**

**مامۆستا رۆرلوند**

**مەبەستتان چییە؟**

**کونسوڵ بێرنیک**

**بۆ نموونە من پیاوێک دادەنێم، بیرکاتەوە لە دامەزراندنی کارگەیەکی گەورە، ئەو پیاوە بەدڵنیاییەوە دەزانێ .. لەبەرئەوەی لە ئەزموونەکانییەوە فێربووە، درەنگ یان زوو لەکاتی دروستکردنی ئەو کارگەیەدا هەندی کەس ژیانیان تێدادەچێ.**

**مامۆستا ڕۆرلوند**

**بەڵی، ئەمە لەوانەیە.**

**کونسوڵ بێرنیک**

**یان کەسێک کە خەریکی ئیشی کانەخەڵوزە. ئەو کەسە هەم ژیانی باوکە خێزاندارەکان و هەم مرۆ گەنجە کە تەندروستەکان دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. ناکرێ بە هۆشیارییەوە بوترێ کە ئەمانە هەموویان لەوێدا ژیانیان دەرباز نابێ؟**

**مامۆستا ڕۆرلوند**

**با، بەداخەوە، ئەمە وایە.**

**کونسوڵ بێرنیک**

**کەواتە، پیاوێکی بەو جۆرە پیش وەخت دەزانێ، کە ئەو پرۆژەیەی ئەو دەیەوێ بیخاتە بواری کارکردنەوە، بێگومان .... جارێک لەجاران دەبێتە هۆی لەکیسچوونی ژیانی مرۆڤ. بەڵام ئەو پرۆژەیە لە بەرژەوەندی گشتیدایە، چونکە لەکیسچوونی ژیانی هەر مرۆڤێک لەو پرۆژەیەدا، بێگومان دەبێتە هۆی گەیشتنی سەدەها کەس بەخێر و خۆشی.**

## پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی سێهەم

ئەمە لۆژیکی بێرنیکە و بەهەمان شێوە بە وشەی ڕازاوە و سوودی کۆمەڵگا و نیازی شاراوە، ریگای لە دروستکردنی هێڵێکی شەمەندەفەر دروستکردن گرتووە، بێباکانە پاپۆڕێکی شاکوی ئەمەریکی ڕەوانەی دەریا دەکات.

ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ هەڵوێست و ئاکاری بێرنیک دەگونجێت، کونسوڵ بێرنیک دەیەوێت دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە درۆکانی ئەو یارمەتیدەر بوون لە گەشەکردنی کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانکردنی خەڵکیدا.

بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی زڕ خوشکەکەی بێتی خانم، لوونا و یۆهان تۆننەسێنی برای، پەردە لە ڕووی تاوان و نهێنییەکان هەڵدەماڵرێ، پایە و ناووباوبانگی

کونسوڵ بێرنیک درزی تێدەکەوێت و بێرنیک تووشی پەشیمانی، دڵەڕاوکێ و چۆکدادان دەبێت. کاریگەری لوونا زۆر بەهێز دەبێت و لە کۆتایی و لە دوا ساتەکانی ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانەدا و بێگومان لەژێر کاریگەری لوونا هێسلدا، کونسوڵ بێرنیک دان ئەنێت بە تاوانەکانیدا و ویژدانی خۆی پاک دەکاتەوە.
کونسوڵ بێرنیک لەبەردەمی ئەو حەشاماتەی کە هاتوون بۆ ستایش و پیرۆزبایی لێکردن و دووپاتکردنەوەی ڕێزی خۆیان و دەسەڵاتی تاکەکەسی ئەو لە شارەکەدا، پەردە لە ڕووی هەموو نهێنییەکان هەڵدەماڵێ و داوای لێبوردن دەکات.

**کونسوڵ بێرنیک**

**من پێویستە بگەڕێمەوە و لەو وشە پەسندانەوە دەستپێبکەم کە ئێوە، جەنابی مامۆستا، بەگوێرەی دابونەریتی ئەم جۆرە بۆنانە، بەسەر منتاندا دابارانڊ. من لایەقی ئەو قسانە نیم، لەبەرئەوەی من هەتا ئەمڕۆ پیاوێک نەبووم بیرم لە قازانجی خۆم نەکردبێتەوە، ئەگەرچی من هەمیشە بەدوای سوود و قازانجی پارەدا هەوڵم نەداوە، بەڵام بەهەرحاڵ من ئێستا تێدەگەم کە هەوەس و شەیداییەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، کاریگەری، ڕێز و شکۆ هێزی خستنەگەڕ بووە لە زوربەی زۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی مندا.**

**پایەکانی کۆمەڵگا، بەشی چوارەم**

هێنریک ئیپسن شانۆنامەی پایەکانی کۆمەڵگا بە ئاهەنگێکی قووتاربوون و دەرکەوتنی ڕاستییەکان کۆتایی پێدەهێنێت، بەڵام پایەکانی کۆمەڵگا بەوە کۆتایی نایەت و وەک لەوەوپێش ئاماژەم بۆ کردووە، پاڵەوانەکانی ئەم شانۆنامەیە و ڕووداوەکانی بە فۆرم و شێوە و شێوازی جۆراوجۆر لە شانۆنامەکانی ئیپسندا دەردەکەونەوە.
دواتر ئیپسن، ئەندامەکانی کارگەی کونسوڵ بێرنیک و بازرگانەکانی هاوڕێی لە شانۆنامەکانی تریدا ڕەنگ دەدەنەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان باسی ئەوان دەکات: نهێنییەکانی خێزان، خاوەن کارگەکان، دژایەتییە ئابوورییەکان، بەڕێوەبەری بانکەکان، پزیشک، پارێزەرەکان و ژنەکانیان کە لەژێر دەستی ئەم کارەکتەرانەدا دەچەوسێنرێنەوە. کارەکتەرە ئافرەتەکانی ئیپسن لە شانۆنامەکانیدا، لەیەککاتدا لەژێر دەستی کۆمەڵگایەکی بۆرژوازی و پیاوسالاریدا دەچەوسێنەوە، هەروەها لەهەمانکاتدا دەرکەوتنی ئافرەتە بەهێزەکانیش (لوونا، نورا) کە ڕووبەڕووی

دەسەڵاتی پیاو و پیاوسالاری دەبنەوە، بە مانایەکی تر زوربەی بابەتەکانی تری شانۆنامەکانی تری ئیپسن، کارەکتەرەکانی و ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی، پرۆسێسێکی بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکارییەکانە و لە پایەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن.

# شانۆنامەی سێ خوشك و
# دوا قۆناغەكانی شانۆی چیخەف

## ١

لە هەشتا و نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوودا، پیاوێكی هێمن، ڕۆشنبیر و زمانزان لە یەكێتی سۆڤێتی جارانەوە، دوای خوێندن بۆ كوردستان گەڕابۆوە. ئەم پیاوە لەپاڵ گوزەرانی ژیان و كار و پیشەی ڕۆژانەیدا، بە بێ دەنگ و بەبێ هات و هەرای ڕاگەیاندن، چەندین كتێب و شاكاری لە ڕووسییەوە كردبووە كوردی و چاپی دەكردن. لەبیرمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەكانی ئەم پیاوە جوانە بێدەنگەوە بە چیرۆكەكانی چێخەف و بە تایبەتی بە نۆڤلێتی (خانم و سەگەكەی) ئاشنابووم و چێژێكی گەورەم لێ بینی.

هەر لە ڕێگای ئەم وەرگێڕە نەفەس درێژەوە ئاشنای شانۆنامەكانی چێخەف بووم، لەو ڕۆژگارەدا چێخەفمان بە عەرەبی دەخوێندەوە و وەرگێڕە عەرەبەكانیش بە ئەمانەتەوە، یاخود ڕاستەوخۆ بەرهەمەكانیان لە زمانی یەكەمەوە وەرنەدەگێڕا.

ئەو مرۆڤە، ئەو وەرگێڕە، ئەو ڕۆشنبیرە و ئەو كوردە دڵسۆزە ناوی مامۆستا (جەلال تەقی) بوو. ئەم چاپە نوێیەی شانۆنامەی سێ خوشك و لەم زنجیرەیەدا ڕێزلێنانێكە لەو مرۆڤە، لە هەمانكاتدا وەرگێڕانەكەی تا ئێستا نوێیە و زمانەكەی زۆر پاراوە و بەپێی تواناش لەگەڵ وەرگێڕانە سویدییەكەدا بەراوردمان كردووە.

## ٢

دنیای شانۆنامەکانی چێخەف زۆر تایبەتە، چەندین درامای ناوەکی لەخۆدەگرێت و بە شانۆی ئەتمۆسفێر ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەم ئەتمۆسفێرەش پشت بە وروژاندنی یادەوەرییەکان، هیواکانی ئایندە و هەڵوێستە و بارە دوروونییەکان، بە تایبەتییش هەرەس هێنانی پەیوەندی خۆشەویستی و دڵشکاندن دەبەستێت. ڕەوشە دەروونییەکانیش لەنێو خەونەکانی ڕابردوو کە نەهاتۆتە دی و ئاواتەکانی ئایندەش کە زۆر دوورە لە بەدیهێنانیانەوە قووڵ دەبنەوە. ئەم مەسەلانەش گرنگترین سیفەتەکانی شانۆی چێخەفن و بە بۆچوونی ڕەخنەگرەکانیش چێخەف بۆ بەرجەستەکردن و دووپاتکردنەوەی ئەم بابەتانە دەگەڕێتەوە بۆ پانتاییەکانی سروشت، بۆ نموونە دەریاچە لە شانۆنامەی باڵندەی دەریا، باخی گێلاس لە شانۆنامەی باخی گێلاسدا، یان خەون بە گەڕانەوەوە بۆ مۆسکۆ لە شانۆنامەی سێ خوشکدا. ئەم مۆتیفانەش، بەتایبەتی سروشت تەنها وێنەیەک نییە و ڕووداوی شانۆنامەکانی تیا ڕووبدات، یان یتا بەند بکات، بەڵکو هێندەی کارەکتەرەکان گرنگە و ڕۆڵێکی لەبەرچاویان لەبەرەوپێشەوەچوونی هێڵی درامی و پەیوەندی کارەکتەرەکان و خودی ڕووداوەکاندا هەیە. چێخەف لە شانۆنامەکانیدا پەنا ناباتە بەر دروستکردن و پێکهێنانی دیمەنی توندوتیژ و هات و هاوار، بەڵکو پێودانگە دراماییەکان لەدووتوێی هێڵێکی هێمن و لەسەرخۆدا دەڕۆن بەرێوە. چێخەف لەم بارەیەوە و لە یەکێک لە نامەکانیدا وتوویەتی:( مرۆڤ لە ژیاندا بە بەردەوامی یەکتر ناکوژن. یان خۆیان لەناو نابەن و دان بە ناپاکییەکانیاندا نانێن ... هەروەها کاتەکانیشیان بە گفتوگۆی زیرەکانەوە نابەنە سەر ... ئەوەی کە بیر و هۆشیان داگیر دەکات خواردن و خواردنەوە و دڵداری و قسەی بێ مانایە. ئەم شتانەش ئەوەیە کە دەبێت لەسەر شانۆ بەرجەستەیان بکەین ... شانۆ دەبێت وێنەی خەڵکی بخاتە ڕوو لەکاتێکدا کەنوێژ دەکەن، سەفەر دەکەن، نان دەخۆن و دەربارەی ئاووهەوا قسە دەکەن و قومار دەکەن .... با هەموو شتێک لەسەر شانۆ ئاڵۆز و گران بێت هەروەک ژیان، ساکار و ئاسان بێت هەروەک ژیان ... کە خەڵکی نانی ئێوارە دەخۆن لە نان خواردن بەولاوە هیچی تر ناکەن ... ئەمەش ڕێگا لە بەختیاری خەڵکی ناگرێت، بەهەمان شێوە ڕێگا لەو کەسانەش ناگرێت کە ژیانی خۆیان دەشێوێنن. ) چێخەف وەک ئەدەب سەیری شانۆی نەکردووە، بەڵکو بەر لە

هەموو شتێک شانۆنامەنووسین بۆ ئەو بۆ شانۆ بووە، شانۆکەشی شانۆیەکی واقیعی بووە و بنەماکانی لەسەر تێکستە شانۆییەکانی بنیاتناوە. لەم ڕووەوە چێخەف نوێخواز بووە و مەبەستی شانۆ نەبووە، بەڵکو شانۆ پێویستی بە چێخەف بووە و بەدوای شانۆنامەکانیدا ڕایان کردووە. لەبەرئەوە نوێخوازی و واقیعییەتی چێخەف دابڕانێک بووە لە هەموو تەوژم و نەریتە شانۆییەکان. چێخەف شارەزاییەکی تەواوەتی لە هونەری شانۆ هەبووە، لەم ڕووەوە لە وەڵامی یەکێک لەو دەزگا چاپەمەنییانەی کە ویستوویەتی شانۆنامەکانی چاپ بکات ووتوویەتی:( من هیچ شانۆنامەیەک بە شایانی بڵاوکردنەوە نازانم تا لەکاتی پرۆڤە و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا پیایدا نەچمەوە ) تاکە هۆیەکیش کە وای لە چێخەف کردووە شانۆنامە بنووسێت ئەوە بووە کە لەسەر شانۆکان پێشکەش بکرێت.

شانۆکەی چێخەف واقیعییە بەڵام واقیعییەتێکی تایبەتمەندە، چێخەف پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ژیانە ساکارەکە بەرجەستە بکات، ژیانی هەموو ڕۆژێک، بەڵام گوێزانەوەی ژیانی ڕۆژانە بۆ چێخەف تەنها وێنەکردنێکی ڕووت نەبووە، بەڵکو فەلسەفەی ئەم نووسەرە فەلسەفەیەکی ساکار و ئاسایی بووە. چێخەف لەو ژیانە ئاساییەدا هەموو وردەکارییەکانی بینیوە، ژیانی لە چەمکە ساکارەکانیدا دۆزیوەتەوە و سەرلەنوێ پێمان دەناسێنێتەوە، خۆشگوزەرانیمان، ئازارەکانمان، هیواکانمان، ڕۆژە خۆش و دڵخۆشەکانمان، خەونەکانمان.

پێویستە ژیان لە ڕوانگەی دیمەنە ئاساییەکەوە وەربگرین، لە دەروازەکانی ساکاری بوونەوە لە ژیان و لە خۆمان تێدەگەین. مەبەستی چێخەف ئەوە بووە وێنەیەکی ژیانی ڕۆژانەمان بداتێ بە هەموو ساکاری، ناخۆشی و ڕیتمە خاوە بێزارکەرەکەیەوە، تا لە پشت ئەوەوە ئەو جیهانە ببینین کە بەدوایدا دەگەڕێن، ئەو جیهانەی کە لە خەونەکانماندا دەیانبینین.

لەو ژیانە ساکار و ئاساییەی چێخەفەوە ڕاستی خۆمان و ڕاستی ژیانمان دەبینین، لەنێوان ئەندێشە و واقیعدا، لەنێوان ناتەبا و تەبادا، لەنێوان ساکار و ئاسان و دژواردا شیعری چێخەف و شانۆی چێخەف وێنەیەکی ڕاستگۆی مرۆڤایەتی و پەیوەندییەکانمان بۆ بەرجەستە دەکات. لەم ئەتمۆسفێرەدا هەموو ڕەوش و پەیوەندی و هەڵوێستەکان پابەندن بە پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە، پەیوەندییەکانی مرۆڤیش بەوانیتر و بە شتەکانەوە، بە گەردوون، بە ژیان و بە خودی خۆیەوە.

واقیعییەتی چێخەف ناتورالیزمی ناگەیەنێ و زۆر دووریشە لە چەمک و بۆچوونەکانی ناتورالیزمی ئەمیل زۆلاوە، بەڵکو واقیعییەتی چێخەف زیاتر سروشتییەکی زیندووە و لەگەڵ کەسایەتییەکانیدا کۆمان دەکاتەوە. لێکنزیکبوونەوە و پێکگەیشتنی ئێمە و کارەکتەرەکانی چێخەف پێکگەیشتنێکی مرۆڤایەتییە بە هەموو گەرموگوڕی و خەون و هیواکانییەوە، بە هەموو سۆز و لێکچوونەکانی چارەنووسێکی هاوبەشەوە.

چێخەف چەندە گرنگی بە کەسی تاک ئەدات و مەسەلە خودییە فەلسەفییەکان لەلای مرۆڤی تاک چارەسەر دەکات، هێندەش بەو مانایەی کە مرۆڤ و مرۆڤی تاک ئەندامی کۆمەڵگا و بنەما کۆمەڵایەتییەکانە. لەبەرئەوە شانۆنامەکانی چێخەف پاڵەوانی تاک لەخۆناگرێت و هەموو کارەکتەرەکانی، بەبێ جیاوازی گرنگن و بەشێکن لە سیستەم و ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکان. کارەکتەرەکانی وەک خودێکی تاک پەیوەندییان بەوانیترەوە هەیە و لەهەمانکاتدا پەیوەستن بە کۆمەڵگەیشەوە.

بەها مرۆڤایەتییەکان لەلای چێخەف ئاشکران: پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە، تاک لەگەڵ تاک لە پەیوەندییەکانیدا بە کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگاش لەبەرامبەر خۆیدا، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە بە گۆڕانکاری و دابڕان و ململانێی فیکریی، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕن و بەم شێوەیەش بارودۆخی مرۆڤایەتی لە باشەوە بەرەو خراپ دەگۆڕێت و بارێکی ئاڵۆز و دوور لە ڕاستییەوە دەستەبەر دەکات.

زۆر گرانە شانۆنامەکان و کارەکتەرەکانی چێخەف بخزێنرێتە بوارەکانی کۆمیدیا یاخود تراژیدیاوە، بەڵکو لەو ڕووەوەی کە شانۆنامەکانی سیمایەکی مرۆڤایەتی گشتگر لەخۆدەگرن و چ کۆمیدیا یان تراژیدی بەشێکن لەم سیما گشتگرە مرۆڤایەتییە. چێخەف خەندە و پەژارە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تێکەڵاو دەکات، ئەمەش بۆ ئەو وێنەیەکی ڕاستگۆی ژیانە کە لە یەککاتدا پڕە لە پێکەنین و لە هەمانکاتدا خەم و پەژارە، خۆشی و ناخۆشی. چێخەف خۆی شانۆنامەکانی زیاتر وەک کۆمیدیا ناوزەد کردووە، بەڵام بۆ ڕەخنەگرەکان زۆر گران بووە لەژێر تەوژمەکانی شانۆیەکی کۆمیدیادا شرۆڤەی شانۆنامەکانی بکەن، زۆر گران بووە کە شانۆنامەکانی لەنێوان کۆمیدیا و تراژیدیادا جیابکەنەوە و هەر ئەم مەسەلەیەش خاڵێکی دژوار و جیاوازی و کێشەی نێوان چێخەف و ڕێژیسۆری گەورەی ڕووسی ستانیسلاڤیسکی بووە. ستانیسلاڤیسکی شانۆنامەکانی چێخەفی لەسەر

شانۆی هونەری مۆسکۆ وەک تراژیدیا ڕاڤەکردوون، نەمایشەکانی زیاتر لە تراژیدیاوە نزیک بوون نەک کۆمیدیا و ئەمەش چێخەفی دڵگران کردووە.

زوربەی ڕەخنەگرە ئەوروپییەکان شانۆنامەکانی چێخەف دابەش دەکەن بەسەر دوو قۆناغدا: یەکەمیان شانۆنامەکانی قۆناغی سەرەتای دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا ڕووداوی شانۆنامەکانی زیاتر ڕاستەوخۆن، بەتایبەتی شانۆنامە کورتەکانی، دووەمیشیان ئەو شانۆنامانە دێن کە ڕووداوەکانی ناڕاستەوخۆن و چێخەف لەم قۆناغەیدا دەگاتە ئاستێکی گەورەی داهێنان. باڵندەی دەریا، لالۆ ڤانیا، باخی گێلاس و سێ خوشک نموونەیەکی بەرزی قۆناغی دووەمی شانۆنامەکانی چێخەفن.

گۆڕانکاری و بەرەوپێشەوە چوونە ئاساییەکەی هێڵ و پێودانگە درامییەکان لەلای چێخەف تەنها گەوهەر و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کارەکتەرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لە پەیوەندییەکانیاندا: بەوانیترەوە، بە خۆیانەوە و بە ژیانیشەوە دەگرێتەوە. لەم نێوەندەشدا ڕاستگۆیی بە هەموو ماناکانییەوە، بێ پێچوپەنا، لە هەموو دیمەنێک لە دیمەنەکانی شانۆنامەکانیدا دەبینرێت.

سیمای شانۆنامەکانی چێخەف وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەتمۆسفێرێکی تاریکی هێدی کە دڵەڕاوکێ، ناخۆشی، بێزاری، دڵتەنگی، قێزلێکردنەوە، نائومێدی و ون بوون لەخۆدەگرێت، ئەم سیمایانەش هەموویان پێکەوە هاوکارن، پێکدادەچن، دژی یەکتر دەوەستنەوە و بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ یەکتری تەواو دەکەن و ڕووداوەکانی شانۆنامەکە بەرەوپێشەوە دەبەن.

چێخەف بە شێوەیەکی سروشتی، ساکار و وەستایانە ڕووداو و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا لە دەوری ڕووداوە سەرەکییەکەی شانۆنامەکانی کۆدەکاتەوە، دوای ئەوە یەک لەدوای یەک پەردە لەڕووی بابەت و هەڵوێستە درامییەکانی ڕووداوەکان لادەبات، بەم شێوەیەش گرێ درامییەکان و پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان دروست دەکات، ڕیتمێکی مۆسیقی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان شێوە و ناوەڕۆک، دیمەنی دەرەوە و گەوهەرە قووڵە شاراوەکەی دەکات.

## ٣

ئەنتوان چێخەف لە ساڵی ١٨٦٠ دا لە ئۆکراینا لەدایک بووە، باوکی بازرگان بووە و مرۆڤێکی بێ بەزەیی و توندوتیژ بووە لەگەڵ خانەوادە و منداڵەکانیدا. چێخەف لە

یەکێک لە نامەکانیدا سەبارەت بە باوکی ووتوویەتی:" هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵئەستام، یەکەم شت کە بیرم لێ ئەکردەوەئەوە بوو: ئاخۆ ئەمڕۆ لێدان ئەخۆم!"

لە ساڵی ١٨٧٥ دا باوکی نابووت ئەبێت و لە ترسی قەرزەکانی و سزای بەندیخانە ڕائەکات بۆ مۆسکۆ و لەوێ خۆی دەشارێتەوە، دواتر خێزانەکەشی ناچار دەبێت کە خانووبەرەکەیان بفرۆشن و بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ. چێخەف کە ئەوکات قوتابی ئامۆژگای مامۆستایان ئەبێت، بە تەنها ئەمێنێتەوە و لە ساڵی ١٨٧٩ دا کە قوتابخانە تەواو دەکات، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و لەوێ لە کۆلێژی پزیشکی دەست دەکات بە خوێندن. لەهەمانکاتدا دەسگیرۆیی ماڵەباوکی دەکات و یارمەتییان دەدات و دەست بە نووسینیش دەکات، لە سەرەتادا بە دیمەنی کورتی کۆمیدی و دواتریش بە کورتە چیرۆک، ئەم نووسینانە لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا و بەناوی خوازراوەوە بڵاودەکاتەوە.

چێخەف لە ساڵی ١٨٨٤ ەوە وەک پزیشک کاردەکات و نۆڤلێتەکانی بڵاودەکاتەوە، بەڵام زیاتر لە ساڵی ١٨٨٦ ەوە بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە، لە گۆڤار و ڕۆژنامە گەورەکانی ئەو سەردەمەدا دەست دەکات بە بڵاوکردنەوە. لە ساڵی ١٨٨٧ یشدا یەکەم شانۆنامەکەی ئیڤانۆڤ لە مۆسکۆ نەمایش دەکرێت، شانۆنامەی ئیڤانۆڤ زیاتر هانی چێخەف ئەدات کە لە شانۆ نزیک ببێتەوە، لە ساڵی ١٨٨٨ دا چوار شانۆنامەی یەک پەردەیی دەنووسێت و لەهەمان ساڵدا خەڵاتی پۆشکین وەردەگرێت.

چێخەف لە ساڵی ١٨٩١ دا گەشتێک بە زوربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا دەکات، سەرەتا دەچێتە ڤێنا، لەوێوە دەڕوات بۆ ڤینیسیا، فلۆرنس، ڕۆما، مۆنتیکارلۆ و پاریس. چێخەف لە ساڵی ١٨٩٢ ەوە تا ساڵی ١٨٩٧ وەک پزیشک کاری کردووە و بەشێوەیەکی چڕ سەرقاڵی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیش بووە، یارمەتی جوتیارەکانی داوە، قوتابخانەی دروستکردووە و بەردەوامیش سەرگەرمی نووسین بووە. لە ساڵی ١٨٩٤ یشەوە باری تەندروستی زۆر خراپ ئەبێت، لە هەمان ساڵدا و بۆ جاری دووەم سەردانی دەرەوەی وڵات دەکات. چێخەف بە چاوی ڕێز و خۆشەویستیەوە سەیری تۆڵستۆی کردووە و لە ساڵی ١٨٩٥ دا بە تایبەتی سەردانی دەکات.

لە ساڵی ١٨٩٦ دا شانۆنامەی (باڵندەی دەریا) لە شاری سان پیتەربۆرگ نەمایش دەکرێت، شانۆنامەکە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، ئەمەش چێخەف زۆر نیگەران دەکات و بیر لە دوورکەوتنەوە لە شانۆ دەکاتەوە. لە ساڵی ١٨٩٧ دا

چـەنـدین ڕووداوی گرنـگ ڕوودەدات، سـەرەتـا ستانیسلاڤیـسکی و فلادیمێـر نیمیرۆفیتش داتنـشکۆ شـانۆی هونـەر لـە مۆسـکۆ دادەمـەزرێـنن، چێخـەف بـاری تـەندروسـتی زۆر خـراپ دەبێت و لـە نـەخۆشـخانە دەکـەوێت، هـەر لـەم سـاڵەشـدا شـانۆنامەی (لالـۆ ڤانیـا) لـەگـەڵ شـانۆنامەکـانی تریـدا لـە دووتـوێی بـەرگێکـدا بڵاودەکاتەوە. باوکی چێخەف لە ساڵی ١٨٩٨ دا دەمرێت، بەڵام کۆمـەڵێ ڕووداوی گرنگـی تـر هـەر لـەم سـاڵەدا لـە ژیـانی چێخـەفدا ڕوودەدات، بـۆ نموونـە پارچـە زەوییەک لە نیوەدوورگەی کریم و لە شاری یاڵتا دەکڕێت، خانوویەکی گەورەی بە بەردی سپی لەسەر دروست دەکات، ئەو خانووبەرەیە دواتر بە خانووە سپییەکە دەناسرێت و ئێستا مـۆزەخانـەیـە. هـەر لـەم سـاڵەدا شـانۆی هونـەر شـانۆنامەی (باڵندەی دەریا) بە سەرکەوتنێکی گەورەوە پێشکەش دەکەن و چێخـەفیش ئۆلگا کینپەری ئەکتەر دەناسێت. ساڵی دواتر و لەبەر باری تەندروستی بە تـەواوەتی لە خانووە سپییەکەی لە یاڵتا جێگیر دەبێت، لە نزیکەوە مەکسیم گۆرکی دەناسێت و شانۆی هونەریش شانۆنامەی (لالۆ ڤانیا) نمایش دەکات.

لـە سـاڵی ١٩٠٠ دا چێخـەف بـە تـەنیـا لـە یاڵتـا دەژی و لـەهـەمانکاتدا خـەریکی نووسـینی شـانۆنامەیـەکـی نـوێش دەبێـت، ستانیسلاڤیـسکی لـە پـەیـوەندییـەکـی بەردەوامدا دەبێت لەگەڵ چێخەفدا و دەیەوێت بە زووترین کات ئەو شانۆنامەیە تـەواو بکـات، چێخـەف لـە نامـەیـەکیدا دەنوسێت:( شـانۆنامەکـە لـە ئـەتمۆسـفێرێکی سەربازیدا ڕووئەدات و چوار ڕۆڵی سەرەکی بۆ ئافرەت لـەخۆدەگرێت. ) چێخـەف لـە ٢٣ ی مـانگی ئۆکتۆبـەردا ئـەگـەڕێتـەوە بۆ مۆسـکۆ و لـە شـانۆی هونـەر یـەکـەم دەسنووسی شانۆنامەی سێ خوشک بۆ ئـەندامان و ئـەکتـەرەکانی شـانۆی هونـەر دەخوێنێتەوە و چێخەفیش لە کۆتایی مانگی دیسـەمبەری هەمان ساڵدا بـەتـەواوەتـی شانۆنامەکە تەواو دەکات.

لە ٣١ ی مـانگی یـانیوەری سـاڵی ١٩٠١ دا شـانۆی هونـەری مۆسـکۆ، شـانۆنامەی (سێ خوشـک) پێشکەش دەکـات، چێخـەف لـەم کاتـەدا لـە ئیتاڵیـاوە دەگـەڕێتـەوە بـۆ یاڵتا و هیچ تەلەگرامێکی بـەدەسـت ناگـات، ئـەمـەش وا لـە چێخـەف دەگـەیـەنێت کـە شانۆنامەی (سێ خوشک) لە مۆسکۆ سەرکەوتنی بـەدەست نـەهێناوە. چێخـەف تـا بـەتـەواوەتـی لـە نـاوەڕاسـتی مـانگی فێبریـوەریدا، دەگـەڕێتـەوە بـۆ یاڵتـا، نـازانێ کـە شانۆنامەکەی سەرکـەوتنێکی گـەورەی بـەدەسـت هێنـاوە. هـەر لـەم سـاڵەدا بڕیـاری تـەواوەتـی خـۆی ئـەدات و لـەگـەڵ ئۆلگـا کینپـەر زەمـاوەنـد دەگێڕێت، بـەڵام بـاری تەندروستی بەرەو خراپتر دەچێت.

چێخەف لە ساڵی ١٩٠٤ دا دوا سەرکەوتنی خۆی لە شانۆی هونەری مۆسکۆ دەبینێت، شانۆنامەی باخی گێلاس سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، بەڵام چێخەف بەتەواوەتی بێ هێز دەبێت و نەخۆشییەکەی زۆری بۆ دەهێنێت، تا لە ٢ ی مانگی یولی ساڵی ١٩٠٤ دا کۆچی دوایی دەکات.

٤

سێ خوشکەکە، ئۆلگا، ماشا و ئیرینا پێکەوە لەگەڵ براکەیان ئەندرێی لە شارێکی دوورەدەستی بچووکدا، دوای ئەوەی کە باوکیان وەک ژەنەراڵ و سەرلەشکر لە مۆسکۆوە گوێزراوەتەوە بۆ ئەوێ دەژین. ئێستا باکیان مردووە و هیچ شتێک وەک جاران نەماوە و ئەو خانەوادەیە لەسەرە ڕێگای ژیاندا بەجێماون. پریشکی سوپا بەردەوام بەر ماڵەکەیان دەکەوێت، ئەفسەر و سەربازەکان سەردانیان دەکەن و ژیانیان قەرەباڵغ و داگیر دەکەن، وەکی تر ئەو سێ خوشکە و براکەشیان زیاتر باسی ئەوە دەکەن کە ژیانیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ، تا سەرلەنوێ و لەوێ ژیانیان دەست پێبکەنەوە.
کە ئەندرێی براشیان ناتالیا دەخوازێت و دەیگوێزێتەوە ناو ماڵەکە، ژیانی هەر سێ خوشکەکە بەتەواوەتی دەگۆڕدرێت. ئەندرێی پارەکانی ئەدۆڕێنێ و خوشکەکانیشی دەسەڵاتیان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندرێیان نامێنێت.

٥

جگە لە سێ خوشکەکە و ئەندرێی و نەتالیا دوو کارەکتەری تر هەن کە ڕۆڵێکی گەورە و لەبەرچاویان لە شانۆنامەی سێ خوشک دا هەیە، ئەم دوو کارەکتەرەش هەرگیز دەرناکەون، یەکەمیان پرۆزۆرۆڤی باوکی ئەندرێی و سێ خوشکەکەیە، پرۆزۆرۆڤ سەرکردەی بەتالیۆنێکی سەربازی بووە و کە شانۆنامەکە دەست پێدەکات، ئەو ساڵێکە مردووە. دووەمیان پرۆتۆپۆپۆڤ، پارێزگاری شارەکە یان بەڕێوەبەری گوندەکانە، ئەم کەسایەتییانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە بەسەر ژیان و چارەنووسی کارەکتەرەکان و ڕەوتی ڕووداوەکانەوە.

پرۆزۆرۆڤی باوکیان هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەوە دەردەکەوێت و بوونێکی ئامادە و بەهێزی هەیە.

**ئۆلگا**

**ئیرینا، باوکم ساڵێکی تەواو لەمەوبەر، لەم ڕۆژەدا لە پێنجی مایسی پاردا و لە ڕۆژی بیرەوەری لەدایکبوونی تۆدا مرد. ڕۆژێکی سارد بوو و بەفر ئەباری. من وام ئەزانی بەرگەی ئەمە ناگرم. تۆ بێ هۆش کەوتبووی و وەک مردوو وابووی ... بەڵام وا ساڵێک تێپەڕی و ئێستا لەسەرخۆ یادی ئەکەینەوە.**

**شانۆنامەی "سێ خوشک"**

**پەردەی یەکەم**

جەنەراڵ پرۆزۆرۆڤ پلانی گەورەی بۆ پاشەڕۆژی منداڵەکانی هەبووە، بۆ نموونە فێری زمانەکانی فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئینگلیزی کردوون، ئیرینا تەنانەت ئیتاڵییش دەزانێت و هەر لەسەر داخوازی ئەو ئەندرێ ڕێگای بواری ئەکادیمیی هەڵبژاردووە و باوکی خوازیار بووە کە ئەندرێ ببێتە پرۆفیسۆر.

کە باوکیان جەنەراڵ و سەرکردەی لەشکری ئەو شارە بووە، کاریگەری و مانایەکی گرنگی لەدوای خۆیەوە بۆ هەموو شانۆنامەکە بەجێهێشتووە، ئەو ئێستا مردووە، بەڵام سەرباز، ئەفسەر و هەموو لیوای شارەکە بوونێکی ڕاستەوخۆیان لەماڵەکەدا هەیە و کاریگەرییان بەسەر هەموو کەسایەتییەکانەوە هەیە و ڕەوەتی چارەنووس و پێگەی ژیان و گوزەرانیان بەرجەستە دەکات.

جگە لە ژیانی سەربازی، شارێکی بچووکی دوورەدەستی ڕووسیا بنەما گرنگەکانی ژیانی خێزانی بنەماڵەی پرۆزۆرۆڤ پێکدەهێنێت. لەو ڕۆژەوەی باوکیان مردووە خەون و حەزە گەورەکانی هەر سێ خوشکەکە ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ مۆسکۆ. مۆسکۆ تەنها شارێک یان پانتاییەکی جوگرافی نییە بۆ ئەو سێ خوشکە، بەڵکو سمبولێکە، سمبولی ڕابردوو، ئەو کاتانەی کە هەموو دەرگاکان کراوە بوون، ژیان ڕووناک و خەندەی پێکەنین ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی پێی بەخشیبوون.

سوپا هێماگەلی چاکە، خۆشی، ژیانێکی گەرم و پڕ لە مانا و گوزەرانێکی بۆرژوازی و زیندوو، لەهەمانکاتدا ئەتمۆسفێرێکی پۆزەتیفە، بەڵام شارە بچووکەکە

هێماگەلی دڵتەنگی، بەرتەسکی، بێ مانایی و جیهانێکی نێگەتیفە، لەنێو ئەم دوو جیهانەشدا کارەکتەرەکان لە پەیوەندییەکی بازنەییدا دەسوڕێنەوە.

کارەکتەرەکان لە دەروازەی پەیوەندییەکانیانەوە بە سێ خوشکەکەوە، ڕەنگ و ئاستی کەسایەتییەکانیان وەردەگرن، هەر سێ خوشکەکە و ئەندرێی برایان و بەهۆی کارەکەی باوکیانەوە، زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ لەشکر و ئەفسەر و سەربازەکاندا ژیاون، هەر لەبەر ئەوەشە مردنی باوکیان تەنها مردنی جەستەی مرۆڤێک نییە، بەڵکو نەمانی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەشە بە سوپاوە و بەم شێوەیەش جەمسەرێکی گرنگی پەیوەندییەکان بە دنیای دەرەوە پچڕاوە. لەدوای مردنی باوکیانەوە لە (توزینباخ) و (سەلیۆنی) زیاتر کەسی تر سەردانیان ناکات و ئەم دووانەش هەردوکیان دڵیان بە ئیریناوەیە. بێگومان مردنی پرۆزۆرۆڤ هەموو خێزانەکەی لە چەقی ڕووداوەکان، پەیوەندی و گرنگیپێدانەوە گواستۆتەوە بۆ پەراوێز، ئەو جیهانەشی کە سێ خوشکەکە و ئەندرێی تیا دەژی، لە کۆتاییدا دەبێتە دیمەنێکی تێکشکاو: نەتالیا، ژنەکەی ئەندرێی دەست بەسەرماڵەکەدا دەگرێت، ئۆلگای ناچارکردووە بگوێزێتەوە، ماشا نایەوێت جارێکی تر بۆ ئەو ماڵە بێتەوە، ئیرینا دەبێتە مامۆستا و لە ماڵەکەیان ئەگوێزێتەوە، ئەندرێی کە دەبوایە ببوایە بە پرۆفیسۆر، ئێستا مووچەخۆرێکی بچوکی بەڕێوەبەرایەتی گوندەکانە و بە باخچەکەدا پاڵ بە عەرەبانەی منداڵێکەوە دەنێت کە نەتالیا ی ژنی لە کەسێکی تر بوویەتی و لە ماڵەکەشدا لە ژوورێکی بچووکی تەنهادا دەگیرسێتەوە و کەمانچە دەژەنێت. تەنانەت شارە بچوکەکەش چۆڵ و هۆڵ بووە و لیوا سەربازییەکەش گواستوویانەتەوە و شاریان جێهێشتووە.

## ٦

کارەکتەرە پۆزەتیفەکان لە سێ خوشکەکەوە نزیکن، تێکڕا هەموویان خەون ئەبینن و فەلسەفە لێ ئەدەن و کەمتر کرداریان هەیە، یان هیچ کارێکیان نییە. کارەکتەرە نێگەتیفەکانیش بەدەست و بردن، کرداریان دیارە، پرۆتۆپۆپۆڤ کلیلی زوربەی ڕووداوەکانە و کاریگەرییەکی خراپی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانەوە هەیە، کولیگین وەک مامۆستایەک ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، سەلیۆنی بارۆن

دەكوژێت و نەتالیاش، ژنەكەی ئەندرێی كەسێكی خۆپەرستە و تەواو پێچەوانەی هەر سی خوشكەكەیە. نەتالیا بە سەربەستی بەچواردەوری خۆیدا هەڵدەسوڕێت و ڕەوڕەوەی ڕووداوەكان ئەبات بەڕێوە، هەرچەندە كارەكتەرێكی نێگەتیفە، بەڵام وزە و هێزێكی گەورەی تێدایە و هەنگاو و بڕیاری چاونەترسانە ئەدات. نەتالیا بەرە لەژێرپێی خوشكەكان دەردێنێت و لە ماڵەكەیان دەردەپەڕێنێت، ناپاكی لە ئەندرێی دەكات و لەژیانی خۆی بەولاوە هیچیتری بەلاوە گرنگ نییە.

چێخەف تەكنیكێكی تایبەتمەند لە دروستكردنی كەسایەتییەكانیدا بەكاردەهێنێت، بۆ نموونە هەندێ لە كارەكتەرەكان، بەرلەوەی لەسەر شانۆ دەربكەون، لەسەر زاری كارەكتەرەكانی ترەوە پێشكەش دەكات، بەم شێوەیەش بارێكی چاوەڕوانی سەبارەت بەو كەسایەتییە لەلای بینەران دەخوڵقێنێت، هەندێ جاریش پەیوەندییەكی تایبەتی لەنێوان ئەو كەسەی قسە دەكات و ئەوەی كە دواتر دەردەكەوێت دروست دەكات و كارەكتەرەكان چ لەناو خۆیان و چ لەلای بینەران نامۆ نابێت.

ئەم تەكنیكە لە شانۆنامەی (سێ خوشكدا) بە ئاشكرا دیارە، سەلیۆنی، ڤێرشینین و نەتالیا پێش دەركەوتنیان باسیان دەكرێت. چ خوێنەر و چ بینەرانیش وێنەیەكی تەواوەتی نەتالیا، بەرلەوەی دەربكەوێت، وەردەگرن و هەر سێ خوشكەكە بە نێگەتیفی باسی دەكەن.

**نموونەی یەكەم:**

**توزینباخ**

**.... لەبیرم نەبوو، ئەمڕۆ ڤێرشینینی سەركردەی تازەی بەتالیۆنەكەمان دێ بە میوانیتان ( لای پیانۆكەوە دەوەستێ )**

**ئۆلگا**

**ئینجا چییە؟ .... من بەمە كامەرانم!**

**ئیرینا**

**پیرە؟**

**توزینباخ**

**نەء، خراپ نییە. تەمەنی زۆر زۆر بێ چل ساڵ، چل و پێنج ساڵ ئەبێ ( لەسەرخۆ ئاوازی گۆرانییەكە ئەڵێ ) گومانی تێدا نییە كە پیاوێكی بەتوانا و ژیرە، بەڵام زۆربڵێیە!**

**پەردەی یەکەم**

**نموونەی دووەم**

**ماشا**

**ئای ئەو خانمە جلی چۆن لەبەرئەکا! ناڵێم جلەکانی جوان نین یان مۆدەیان بەسەرچووە، بەڵام ڕێک پۆش نییە. تەنوورەیەکی سەیری زەردی کراوەی پەراوێزەدار و بلووزێکی سوور لەبەرئەکا. کوڵمەکانیشی هێندە شتوە و سوەتەوە بریقەیان دێ. نابێ ئەندرێی حەزی لێ کردبێ، من ڕێگای ئەمە نادەم.**

**شانۆنامەی سێ خوشک**
**پەردەی یەکەم**

بەڵام کە نەتالیا دێتە ناو ئەم خێزانەوە، هەر زوو دەست دەگرێت بەسەر ماڵەکەدا، لە ڕێگای ئەندرێی شەوە خۆی بەسەر هەر سێ خوشکەکەدا زاڵ دەکات و منداڵەکەشی (بوبیک) وەک چەکێک دژی هەموویان بەکاردەهێنێت.

نەتالیای ژنی ئەندرێی  کە بە (نەتاشا) ش دەناسرێت لە ڕووداوی دووەمدا داوا لە ئەندرێی دەکات کە لەگەڵ ئیرینا بدوێت بۆ ئەوەی ژوورەکەی خۆی چۆڵ بکات و بچێتە لای ئۆلگا تا بوبیک لە ژوورەکەی ئەو بنوێت، چونکە ئەو ژوورە زۆر باشە بۆ منداڵ.

**نەتاشا**

**... لەشی بوبیک ساردە، ترسم لێ نیشتووە، ڕەنگە ژوورەکەی سارد بێ، ئەبێ هیچ نەبێ تا هاوین بیبەینە ژوورێکی تر، ژوورەکەی ئیرینا بۆ منداڵ زۆر باشە، وشکە و بە درێژایی ڕۆژ تیشکی خۆری تێدایە، ئەبێ پێی بڵێین. ئەو ئەتوانێ جارێ لەگەڵ ئۆلگادا لە ژوورێکدا بنوون، خۆ بە ڕۆژ لە ماڵ نییە و هەر بۆ نوستن دێتەوە.**

**شانۆنامەی سێ خوشک**
**پەردەی دووەم**

له پەردەی سێیەمدا ئۆلگا و ئیرینا لە یەک ژووردا دەژین، لە پەردەی چوارەمیشدا ئۆلگا ماڵەکەی بەجێهێشتووە، لە کۆتایی ئەم پەردەیەشدا ئیریناش دەگوێزێتەوە و ماشاش بریار ئەدات کە هەرگیز نەگەڕێتەوە ئەو ماڵە.

نەتالیا لە پەردەی یەکەمدا وەک ئافرەتێکی شەرمنی دوودڵ و نادڵنیا دەردەکەوێت، بەڵام وردە وردە دەبێتە خانمی یەکەمی ماڵەکە و بە دەستێکی پۆڵایین ڕەفتار دەکات و بەئاشکرا بۆتە دۆستی پرۆتۆپۆپۆڤ کە کچە بچووکەکەشیان (سۆفۆچکا) هەر لەوە. بەهێزی نەتالیا بەهێزییەک نییە کە لە جەستە و ڕەفتاری ئەودا بێت، ئەو بەو شێوەیە لەدایک نەبووە، بەڵکو نەتاشا هێزی خۆی لە بێ هێزیی ئەندریێ و ڕەفتاری هەر سێ خوشکەکەیەوە وەردەگرێت، ئەم بێ دەسەڵاتییەی ئەندریێ و خوشکەکانی و هەوڵی بە پەراوێزکردنی نەتالیا وا لەم ئافرەتە دەکات کە کاردانەوەیەکی بەهێزی هەبێت و لەهەمانکاتدا پێگەشی بەهێز دەکات. کە نەتالیا لەبەرچاوی ئۆلگا لەلە پیرە تەمەن هەشتا ساڵییەکە تڕۆ دەکات، مەبەستی تڕۆکردنی ئۆلگایە، ئەو پیرێژنە (ئەنفیسا) لە ساڵانێکی زۆر لەوەوبەرەوە لەو ماڵەدا کاردەکات و هەر خۆیشی سێ خوشکەکە و ئەندریێ پەروەردە کردووە.

**نەتاشا**

**بەڵێ ... ڕەنگە زۆر ژاکابم! ( لەبەر ئاوینەکەدا ) ئەڵێن قەڵەو بووم، ڕاست نییە ... یەک تۆز چییە قەڵەو نەبووم ... ماشا نوستووە، بەستەزمانە زۆر ماندووە. ( بە ساردییەوە بۆ ئەنفیسا ) تۆ لەبەر چاوی من نابی دانیشی، هەستە .... لاچۆ لێرە. ( ئەنفیسا ئەچێتە دەرێ. بێ دەنگییەک ) تێ ناگەم، تۆ ئەم پیرێژنەت بۆچی ڕاگرتووە؟**

**ئۆلگا**

**( بە پەلە ) ببوورە، منیش تێ ناگەم!**

**نەتاشا**

**بوونی هیچ پێویست نییە ... ئەو جوتیارە و پێویستە لە لادێ بژی ... بۆچی ئەوەندەتان داوە بە دەمیەوە؟ من حەزم لە ماڵی ڕێک و پێکە ... ( دەست بە ڕوومەتیدا دێنێ ) بەستەزمان، تۆ ماندووی! بەڕێوەبەرەکەمان ماندوە ... کە سۆفۆچکای کچم گەورە بوو و هاتە قوتابخانەکەت، ئەوسا لێت ئەترسم!**

**شانۆنامەی سێ خوشک**

**پەردەی سێیەم**

لەنێو کارەکتەرەکانی شانۆنامەی (سێ خوشک) دا، بەتایبەتی کەسایەتی ئەندرێی، گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت، ئەندرێی لە هەموو کارەکتەرەکانی تر، بەتایبەتیش سێ خوشکەکە، توشی کارەساتی دەروونی و بێ هیوایی دەبێت. لە پەردەی یەکەمەوە کە کەمانچە دەژەنێت، خەون دەبینێت و خوازیارە ببێتە پرۆفیسۆر و لەبواری زانستدا بڕوانامەی گەورە بەدەست بهێنێت، تا پەردەی چوارەم کە بەتەواوەتی ڕووخاوە، موچەخۆرێکی بچوکە و دەروون و ڕۆح و جەستەی هیلاکن و لە باخچەکەدا بە عەرەبانەی منداڵەکەوە دێت و دەچێت، ماشای خوشکی بە ئاشکرا دەڵێ:( ئەندرێی برامان هەموو ئاواتەکانی تێک شکاون. )

٧

زۆر کارەکتەری پزیشک لە نۆڤلێت و شانۆنامەکانی چێخەفدا هەن، لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی تایبەتمەندی چێخەف خۆی کە لە ڕاستیدا پزیشک بووە و ماوەیەکی زۆریش وەک پزیشک کاری کردووە. کەسایەتی پزیشک لەلای چێخەف ئەو کەسەیە کە بە سەربەستی و بەبێ جیاوازی چینایەتی و هەموو جیاوازییەکانی تر، دەتوانێ بچێتە هەموو ماڵێکەوە، پزیشک هیچ سنوورێکی نییە و چێخەفیش ئەم سەربەستییەی کار و پیشەی پزیشک وەک جۆکەرێک بەکاردەهێنێت و هەندێ جار نهێنی زوربەی چینەکانی کۆمەڵگای لەلایە، بۆ نموونە لە هەموو شانۆنامەکانی چێخەفدا، جگە لە باخی گێلاس کارەکتەرێکی پزیشک هەیە، ئەم کارەکتەرانە یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ بەشداری ڕووداوەکانن و ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەرەوپێشەوەچوونی ململانێکاندا هەیە، یان ئەوەتا چاودێرێکی وردن.

دوا پزیشکی شانۆنامەکانی چێخەف (چیبووتیکین) ە، پیرە پزیشکێکی سوپایە و بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆکردنەوەیەکی یان بەرئەنجامێکی کۆتایی پزیشکەکانە. پزیشکەکانی نێو شانۆنامەکانی چێخەف لەگەڵ چێخەف دەچنە تەمەنەوە و پیر دەبن، (چیبووتیکین) یش دوا پزیشک و بەتەمەنترین پزیشکی شانۆنامەکانی چێخەفە. (چیبووتیکین) مرۆڤی قسە هێنانەوەیە و هەموو بوون و جیهان دەخاتە ژێر تێڕامانەوە و تەنانەت لە پەردەی سێیەمیشدا بوونی خۆشی وەک پزیشک و دەوروبەرەکەشی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**چیبووتیکین**

**هەمووتان بە لەعنەت بن ... سندانم لێ دان ... هەرایە ... وامئەزانی دوکتۆرم و ئەتوانم چارەی هەموو نەخۆشییەک بکەم، کەچی هیچ نازانم ... هەموو شتێکم بیرچۆتەوە ... هەرچیم زانیوە هەموویم لەبیرچۆتەوە، هیچم لەبیرنەماوە. ( بێ ئەوەی هەست پێ بکا ئۆلگا و نەتاشا ئەچنە دەرێ ) شەیتان بە لەعنەت بێ ... چوارشەممەی ڕابردوو لە زاسیپ ژنێکم تیمار ئەکرد، کەچی مرد .... من تاوانبارم، بەڵێ، بیست و پێنج ساڵێک لەمەوبەر هەندێ شتم ئەزانی، بەڵام هیچم لەبیرنەماوە ... هیچ ... باشە، بەڵکو من مرۆڤ نەبم و بەخۆڕایی وا خۆم پیشان بدەم کە دەست و قاچ و سەرم هەیە ... بەڵکو لە ڕاستیدا من هەر نەبم و وا بزانم دێم و ئەچم و ئەخۆمەوە! ( ئەگری ) ئاخ، خۆزگە هەر نەبوومایە. ( ژێر ئەبێتەوە و بە تووڕەییەوە ) شەیتان ئەزانێ ... سێ ڕۆژە لە یانە هەرایە و باسی شەکسپیر و ڤۆڵتەر ئەکەن ... من نەمخوێندوونەتەوە و هیچیان دەربارە نازانم. کەچی خۆم وا پیشان ئەدا کە خوێندوومنەتەوە ... ئەوانی تریش هەروەکو من بوون ... ئەمە نزمییە. ئەو ژنەشم هاتەوە بەرچاو کە چوارشەممە کوشتم و لەبەرچاوم ون نەئەبوو ... دڵم گیراوە، ئەمە ناڕەوایە، کارێکی چەوتە، تاوانە.**

**شانۆنامەی سێ خوشک**
**پەردەی سێیەم**

ئەم کارەکتەرە مەی بە چارەسەر دەزانێت و لەپشت سنوورەکانی بەدمەست بوونەوە خۆی دەشارێتەوە، هەندێک جار بە هەستێکی گەورە خۆشەویستی بۆ سێ خوشکەکە و بەتایبەتی بۆ ئیرینا دەردەبڕێت، یان گوێ ناداتە هیچ و هەندێ جار پەردە لە ڕووی ڕاستییەکان هەڵدەماڵێت و توندوتیژە، بۆ نموونە لە پەردەی چوارەمدا، بەم شێوەیە ئامۆژگاری ئەندرێی دەکات.

**چیبووتیکین**
**.... براکەم، من بەیانی ئەڕۆم و ڕەنگە ئیتر هەرگیز جارێکی تر یەکتری نەبینینەوە، بەڵام ئەم ئامۆژگارییەی منت لەبیربێ: شەبقەکەت بکەرە سەرت و گۆچانەکەت بگرە بە دەستتەوە و ماڵ بەجێ بێڵە و برۆ ... بێ ئاوڕدانەوە برۆ، هەتا دوورتریش برۆی باشترە!**

**شانۆنامەی سی خوشک**

**پەردەی چوارەم**

هەر چیبووتیکین پەردە لەسەر ئەو نهێنییە هەڵدەماڵێ کە هەموو ئەیزانن، بەڵام کەس ناوێرێت، یان نایەوێ ڕاستەوخۆ باسی بکات، ئەویش پەیوەندییەکانی نەتاشایە بە پرۆتۆپۆپۆڤەوە.
چیبووتیکین لەکاتێکدا ئەم نهێنییە ئاشکرا دەکات کە کاتژمێرە دێرینەکەی دایکی سێ خوشکەکە دەشکێنێت، شکاندنی ئەم کاتژمێرەش لەگەڵ ئاشکراکردنی پەیوەندییەکانی نەتاشا و پرۆتۆپۆپۆڤ سمبولی شکاندنی بەها کۆمەلایەتی، مرۆڤایەتی و داوێن پیسییە.

**چیبووتیکین**

**ڕەنگە هی دایکت بووبێ ... ئینجا یا هی دایکت بووبێ. ڕەنگیشە من نەمشکاندبێ، بەڵکو وا هاتبێتە بەرچاو کە من شکاندوومە. وا بزانم هەموومان هەر وا تێ ئەگەین کە ئێمە هەین و کەچی لە ڕاستیشدا نین. من هیچ نازانم ... کەس هیچ نازانێ ( لای دەرگاکەوە ) بۆچی سەیرم ئەکەن؟ نەتاشا لەگەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ، کەچی ئێوە نایانبینن ... ئێوە ئێستا لێرە دانیشتوون و هیچ نابینن. نەتاشا لەگەڵ پرۆتۆپۆپۆڤدا ڕائەبوێرێ.**

**شانۆنامەی سێ خوشک**

**پەردەی سێیەم**

چیبووتیکینی پیرە پزیشک پەیوەندییەکی دێرین و توندوتۆڵی بە بنەماڵەی پرۆزۆرۆڤەوە هەیە و هەر سێ خوشکەکە و ئەندرێی بە بەرچاوی ئەوەوە گەورەبوون. ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مۆسکۆ _ چیبووتیکین بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندییەکی خۆشەویستی بە دایکی سێ خوشکەکەوە هەبووە و ئێستا بە بیرەوەری ئەو پەیوەندییە دڵخۆش دەبیت و هەر بەو بیرەوەرییانە دەژی.

**چیبووتیکین**

**نەشمیلە نازدارەکانم، ئێوە بەنرخترین و خۆشەویستترین کەسن لەم جیهانەدا. ( بۆ ئیرینا ) نەشمیلەکەم، کۆرپەکەم، من لە ڕۆژی لەدایکبوونتەوە ئەتناسم ... جاران بە باوەش ئەمگێڕای و دایکی خوالێخۆشبووتم خۆش ئەویست.**

**شانۆنامەی سێ خوشک**

**پەردەی یەکەم**

**(چیبووتیکین) بەهەمان شێوە لە پەردەی دووەمیشدا بە ئەندرێی دەڵێت:**

**چیبووتیکین**

**لەبەر ئەوەی ژیانم وەک هەورە بروسکە تیژ و خێرا بەسەرچوو، فریا نەکەوتم ژن بهێنم. هەروەها لەبەر ئەوەش ژنم نەهێناوە چونکە دایکتم زۆر خۆش ئەویست، هەرچەندە ژنی مێردداریش بوو!**

**شانۆنامەی سێ خوشک**

**پەردەی دووەم**

ئەم مەسەلەیەش چەندین جاری تر دووبارە ئەبێتەوە و (چیبووتیکین) هەر فرسەتێکی بۆ هەڵ بکەوێت باسی خۆشەویستی خۆی بۆ دایکی سێ خوشکەکە دەکات، بەڵام هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست ناکەوێت کە ئایا دایکی سێ خوشکەکەش چیبووتیکینی خۆشویستووە یان خۆشەویستییەکە تەنها لەلایەن چیبووتیکینەوە بووە.

٨

ئۆلگا کچی ژیانی ڕۆژانەیە، بەردەوام کار دەکات و ژیانی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت. ئیرینا لە سەرەتای شانۆنامەکەدا وەک باڵندەیەکی سپی ئاماژەی بۆ دەکرێت، خەونەکانی نایەنە دی و لە کۆتایی شانۆنامەکەدا وەک باڵندەیەکی باڵشکاو ئامادەیە سەرلەنوێ ژیانی خۆی دەست پێبکاتەوە، ماشا لە سەرەتادا جلوبەرگەکانی ڕەشە و ئەمەش بە شێوەیەک لە شێوەکان سمبولێکە و ماشای ( باڵندەی دەریا ) مان بیردەخاتەوە. ماشا لە شانۆنامەی باڵندەی دەریادا جلوبەرگەکانی ڕەشە، لەبەرئەوەی وەک خۆی دەڵێت لە پرسەی ژیانی خۆیدایە، بەڵام ماشا لە شانۆنامەی (سێ خوشک) دا لە پرسەی ژیانی خۆیدا نییە، بەڵکو زیاتر کەسایەتییەکی سەرکەش، یاخی و سەربەستە. ماشا تاکە کەسێکە کە دەوێرێت و بە ئاشکرا دژی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەجولێتەوە، بۆ نموونە

سەرەڕای ئەوەی کە ژنی کوڵێگینە، بەڵام عاشقی ڤێرشینین دەبێت و پەیوەندییەکی کراوەی دڵداری لەگەڵدا دروست دەکات و گوێ بە قسەی خەڵکی و ئابڕووچوون نادات. بەڵام ڤێرشینین لەگەڵ سوپاکەیان لەو ناوە، یان لەو شارە بچووکە دەگوێزنەوە و خەون و هیواکانی ماشاش نایەنە دی و دەگەڕێتەوە سەر ژیانە ئاساییەکەی پێشووی و پۆشینی جلوبەرگە ڕەشەکانی.

کارەکتەرەکانی شانۆنامەی (سی خوشک) بەردەوام خەون بە کار کردن و خۆشەویستییەوە دەبینن، کارێک کە مانایەک بە ژیان ببەخشێت و هیوایەک بە خۆشەویستییەکەوە کە ژیانیان ئاسودە و بەختیار بکات. هەندێ جار ئەم دوو خەونە پێکدا دەچن و دەبنە یەک، بە هیوای گوزەرانێکی خۆش، هاوبەش و خەونێک بە کۆمەڵگایەکەوە کە مرۆڤ بتوانێ خودی خۆی لە واقیعدا بدۆزێتەوە.

لەهەر چوار پەردەکەی شانۆنامەی (سێ خوشک) دا کارەکتەرەکان بەردەوام باسی کارکردن و گرنگی کارکردن دەکەن، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای پەردەی یەکەمدا ئیرینا باسی ئاسودەیی لە کارکردندا دەکات.

**ئیرینا**

**کە ئەم بەیانییە خەبەرم بووەوە و هەستام و دەم وچاوم شت لەپڕ وام هەست کرد کە هەموو شتێکی ئەم جیهانەم لەلا ڕووناکە و ئەزانم ئەبێ چۆن بژیم. ئیڤان ڕۆمانیچی خۆشەویست ... من هەموو شتێک ئەزانم، مرۆڤ هەرچییەک بێ پێویستە کار بکا و بە ئارەقی ناوچەوانی خۆی بژی، ئاوات و مانای ژیان لەمەدایە. چەند خۆشە کریکار بی و لەگەڵ ڕۆژهەڵاتندا لەسەر شەقامەکان بەرد بشکێنی، یان شوان بی، یان مامۆستا بی منداڵان فێری خوێندن بکەی، یان شەمەندەفەر لێخوڕی ئای خوایە، با مرۆڤیش نەبی، با گامێش بی یان ئەسپێکی ئاسایی بی هەر بەو مەرجەی ئیش بکەی و ژنێک نەبی سەعات دوازدەی نیوەڕۆ لە خەو هەستی و لەناو جێگاکەدا قاوە بخۆیتەوە و دوای دوو سەعات خەریکی خۆگۆڕین بی ئای ئەمە شتێکی چەند سامناکە. وەک چۆن هەندێ جار مرۆڤ لە گەرمادا حەز ئەکا بخواتەوە منیش ئاوا حەز ئەکەم ئیش بکەم. ئیڤان ڕۆمانیچ، ئەگەر لەمەودوا بەیانیان زوو لە خەو هەڵنەستم و ئیش نەکەم هاوڕێیەتیم مەکە!**

**شانۆنامەی سێ خوشک**

**پەردەی یەکەم**

پەردەی سێیەمی شانۆنامەکە دادەنرێت بە خاڵی یەکالاکردنەوەی مەسەلەکان: لەم پەردەیەدا ئەندرێی ددان بەوەدا دەنێت کە چەند پارەی دۆڕاندووە و تا چەند کەوتۆتە ژێر باری قەرزەوە، هەر لەم بەشەدا ماشا باسی عەشقی خۆی و ڤێرشینین بۆ خوشکەکانی دەکات و هەر لەم بەشەشدا ئۆلگا ئامۆژگاری ئیرینا دەکات تا شوو بە توزینباخ بکات.

ئیرینا قایل دەبێت کە شوو بە توزینباخ بکات، هەرچەندە باش دەزانێت کە توزینباخی خۆش ناوێت، تەنانەت ئەویش دەزانێت کە ئیرینا ئەوی خۆش ناوێت. لە دوا دیالۆژەکانی پەردەی سێیەمدا ئیرینا بە ئۆلگا دەڵێت:

**ئیرینا**

**نەشمیلەکەم، نازدارەکەم، من ڕێزی بارۆن ئەگرم و نرخی ئەزانم .. پیاوێکی نایابە. قایلم شووی پێ بکەم، شووی پێ ئەکەم، هەر بەو مەرجەی بچین بۆ مۆسکۆ. لێت ئەپاڕێمەوە، با بچین. لە هەموو جیهاندا لە مۆسکۆ خۆشتر نییە ... با بچین. ئۆلا، با بچین!**

**شانۆنامەی سێ خوشک**

**پەردەی سێیەم**

ئیرینا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە و ڕاستەوخۆ بە توزینباخ دەڵێت، بەڵام توزینباخ لە دڵەوە عاشقی ئەوە و بە هەموو شتێک قایلە، لە پەردەی چوارەمیشدا ئیرینا ئەم ڕاستییە دەخاتە دەستی توزینباخەوە.

**ئیرینا**

**ئەمە بە دەست خۆم نییە ... من ژنێکی بەوەفا و گوێ ڕایەڵت ئەبم، بەڵام خۆشەویستی لە دڵمدا نییە، بڵێم چی؟ ( ئەگری ) من هەرگیز لە ژیانمدا کەسم خۆش نەویستووە ... من لە زۆر دەمێکەوە بە ئاواتی ئەوەوەم یەکێکم خۆش بوێ .. شەو و ڕۆژ بە ئاواتەوە بووم، بەڵام دڵم وەک پیانۆیەکی گرانبەها وایە کە کلیلەکەی ون بووبێ! ( بێ دەنگییەک ) .. چاوەکانت شڵەژاون!**

**توزینباخ**

**بە درێژایی شەو نەنووستم .. من لە ژیاندا هیچ شتێکی سامناکم نییە بمترسێنێ، بەڵام هەر ئەم کلیلە ون بووە گیانم ئەشڵەژێنێ و ناهێڵێ بنووم ... قسەیەک بکە. ( بێ دەنگییەک ) قسەیەک بکە.**

**ئیرینا**

**چی؟ ... چی بڵێم؟ ... چی؟**

**توزینباخ**

**هەرچییەک بێ.**

**شانۆنامەی سێ خوشک**

**پەردەی چوارەم**

لەناو ئەو سێ خوشکەدا ئۆلگا هەمیشە دەکەوێتە پەراوێزەوە، تەنانەت هەندێک جار لەبیر دەچێتەوە، ئیرینا توند خۆی بە خەونەکانییەوە هەڵدەواسێت و ماشاش خۆی ئەداتە دەست عەشق.

# یوجین ئۆنیل، ئیمپراتۆر جۆنز و شانۆی ئەمەریکی

## • دەروازەیەک

هەرچەندە بەر لە دەرکەوتنی یوجین ئۆنیل چەندین شانۆنامەنوس لە ئەمەریکا هەبوون، بەڵام شانۆ و شانۆی ئەمەریکی بەر لە دەرکەوتنی ئەم نووسەرە هیچ پێگەیەکی جیهانییان نەبووە. شانۆنامەنووسەکانی بەر لە یوجین ئۆنیل لە گەڕان و تەقەلای ئەوەدابوون کە شانۆیەکی مۆدێرنی ئەمەریکی دابمەزرێنن و لەڕێگای شانۆنامەکانییەوە و بەتایبەتی لەژێر کاریگەری شانۆی ئەوروپیدا، بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و چەمکەکانی کۆمەڵگا بخەنەڕوو. بۆ نموونە لە بیستساڵی کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا چەند شانۆنامەنووسێکی وەک جیمس ئا. هێرنە، برۆنسۆن هاوارد و ستێل ماکەیی لەژێر کاریگەرییەکانی هێنریک ئیبسن- دا کاریان کردووە، فرە بەرهەم بوون و تەنانەت بەرهەمەکانیشیان لەسەر شانۆی شار و شارۆچکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا نەمایشکراون. بەڵام ئەم نووسەرانە زیاتر لە سنورێکی تەسک و دیاریکراودا گوزارشتیان لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان کردووە و شانۆنامەکانیان مۆرکێکی ناوچەیی لەخۆگرتووە و هەرگیز نەیانتوانیوە سنوری شارەکانی خۆشیان ببڕن و ئەو مەسەلانەشی کە مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەستراونەتەوە بە گرفتێکی ساتەوەختی ئەو شارەوەی کە تایدا ژیاون و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شانۆنامەکانیان زوو لەبیربچنەوە.

بەڵام بە دەرکەوتنی یوجین ئۆنیل شانۆ و درامای ئەمەریکی شان بەشانی شانۆی جیهانی ئاماژەی بۆ دەکرێت و شانۆ و هونەری نووسینی شانۆنامەش دەبێتە لقێکی گرنگی ئەدەبی ئەمەریکی و جیهانیش.
هەر لەسەرەتاوە شانۆنامە یەک پەردەییەکانی یوجین ئۆنیل، کە دەریا دەبێتە هێما، بابەت و بنەما سەرەکییەکانی لە زوربەی شارەکانی ئەمەریکا و لە کەنارەکاندا پێشکەش دەکرێن و دواتریش یەکە یەکە شانۆنامەکانی وەردەگێڕدرێتە سەر زوربەی زمانە زیندووەکانی ئەوروپا و بە بەردەوامی لە جیهاندا نەمایش دەکرێن، تا لە ساڵی ١٩٣٦ دا و هەر بە شانۆنامەکانی خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرێت.

# • یوجین ئۆنیل و دەسپێکی نوێی شانۆی ئەمەریکی

یوجین ئۆنیل خاوەنی دیدێکی قووڵ و بەهێزی ئاشکرای شانۆیی، هونەرمەندێکی ئەفرێنەر و بەردەوام لە نوێکردنەوەدا بووە و هەردەم شتێکی تازەی لە وێنەیەکی تازەتردا خولْقاندووە و نووسینەکانی "شانۆنامەکانی" زنجیرەیەکە لە ئەزموونێکی بەردەوامی قووڵی شانۆیی. هەموو جۆرەکانی دراما بنەمایەکی چڕ لەلای یوجین ئۆنیل لەخۆدەگرێت: ڕووداوەکان، کەسایەتییەکان، دیالۆگ، تەنانەت نووسینی دیمەن و گۆڕانکارییەکانیش. یوجین ئۆنیل هەر لە یەکەم دەسپێکی نووسینیدا خۆی بە قوتابییەکی بە ئەمەکی ستریندبێری داناوە:" بۆ من ستریندبێری، هەروەک نیچە دوو داهێنەری گەورەن، تا ئەمڕۆش ستریندبێری زۆر لە هەموومان مۆدێرنترە، ئەو تەنیا سەرکردەمانە."
یوجین ئۆنیل بەهیچ شێوەیەک بەپێودانگە تەقلیدییەکانی شانۆ ڕازی نابێت، لەبەرئەوە خۆی لە هەوڵی تاقیکردنەوەیەکی بەردەوامدا بووە، شێوازی نووسینەکەشی لە شانۆنامەیەکەوە بۆ شانۆنامەیەکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و تەکنیکی جۆراوجۆری تاقیکردۆتەوە و بەکاریهێناون.
یوجین ئۆنیل بە شێوەیەکی تۆکمە و بە سەلیقەیەکی وەستایانە ڕێبازی ناتوراڵیزم، ڕیالیزم، سیمبولیزم، دەربڕینئاسا بەکار دێنێ و هەر لە دەسپێکی

کارەکانییەوە هەوڵیداوە دەمامک، کۆرس، گۆرانی و تەکنیکە بەهێزەکانی شانۆیەکی گوزارشئامێزی تایبەتمەند بەخۆی دروست بکات، هەندێک جار مۆتیڤە ناتورالیزم و هێماگەرییەکان لەیەک شانۆنامەدا تێکەڵاو دەکات، یان شان بەشانی یەکتر دەڕۆن. شانۆییەکانی یوجین ئۆنیل جۆرێکە لە شانۆیەکی شۆڕشگێڕی بە مانا هونەرییەکەی و لە وڵاتێکی گەورەی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، بە شێواز و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانی، بە بەردەوامی، بە فرە بەرهەمی و بە ناوەڕۆکە دەوڵەمەندەکانی شۆڕشێک لە شانۆی ئەمەریکیدا بەرپا دەکات و شانۆ لە بنەمایەکی دیاری نەکراوی بەربڵاوی بەبێ بنەما و ئەماتۆرئاساییەوە دەکاتە شانۆیەکی بە بنەما، جیهانی و خاوەن ڕیپورتواری پرۆفیشیوناڵ. یوجین ئۆنیل لە بنەمایەکی بەهێزی فیکری و هەست و هۆشێکی بەرز و تێڕوانینێکی قووڵی مرۆڤانەوە کاریکردووە و ئەم بنەما پتەوەش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

یوجین یۆنیل بڕوای بە ئازادی مرۆڤ، بە ئازادی هەڵبژاردن و بە دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆی هەبووە و هەر لەم دەروازەیەشەوە بڕوای وابووە کە تەنها مرۆڤ خۆی دەتوانێت بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات.

پاڵەوانە تراژیدییەکانیشی بەرجەستەیەکی ئەم بیرە مۆدێرنەی یوجین ئۆنیلە، ئێمە هەست و سۆزمان بەرامبەر بە چارەنووسی کارەکتەرەکانی، لەبەرئەوە ناجوڵێ کە ئەوانە قوربانین، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو مرۆڤە خۆی بەرپرسیارە لەو ڕێگایەی کە لە ژیاندا هەڵیبژاردووە و هەرخۆشی بەرپرسیارە لە چارەنووس و بەرئەنجامەکانی. گەر کێشە و ململانێی مرۆڤ لەوەوبەر لەگەڵ خواوەندەکاندا بووبێت، ئەوا لەلای یوجین ئۆنیل لەگەڵ خودی خۆیدایەتی، لەگەڵ رابردوویەتی، لەگەڵ ئەو تەقەلایانەی مرۆڤدایە کە دەیەوێت ڕێگای هەستکردن بە شتێک بدۆزێتەوە. هەروەها یوجین ئۆنیل ویستوویەتی ئەوە بەرجەستە و پیشانبدا کە میرات و ژینگە و هەلومەرجەکان چۆن فۆرم دەبەخشنە کەسایەتی و چارەنووسی مرۆڤ.

تراژیدیای گریکی پەیوەستە بە مەسەلەکانی خواوەند و چارەنووسێکی دیاریکراوەوە، لەلای شەکسپیر دەبێتە تراژیدیای مرۆڤ و لەڕێگای مەرگەوە کارەکتەرە تراژیدیاکانی یۆنان و تەنانەت شەکسپیریش دەگەنە چارەنووسی خۆیان و قووتاربوون، بەڵام یوجین ئۆنیل تراژیدیایەکی سیکۆلۆژی و فرە لایەن دەستەبەر دەکات.

ململانێ له شانۆنامەکانی یوجین ئۆنیلدا لەسەر بنەما تەقلیدییەکان ڕۆنەنراوە، کێشەکان لەنێوان مرۆڤ و خواوەند، مرۆڤ و چارەنووسدا، لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵگادا نییە، بەڵکو لەنێوان مرۆڤ و دەروونی خۆیدایە. بەم شێوەیەش کێشەکان، ململانی ئاڵۆزەکان لەناو دەروونی مرۆڤ خۆیدا دروست دەبێ و هەڵوێسته و بارودۆخه تراژیدییەکانیش بەشێکە له کێشەکانی دەروونی مرۆڤ.

گەر کێشە و ململانێ سەرەکییەکە لەژیانی مرۆڤدا کێشە بێت لەگەڵ خۆی و هەستی نائاگایی خۆیدا، لەگەڵ خۆی و دەروونی خۆیدا و لەگەڵ خۆی و خودی خۆیدا، ئەوا پرۆسەی خۆناسین و ڕووبەڕووبوونەوەی خود دەسپێکی گرنگی ئەم گەشته گرانەیه، بەبی ئاشنابوون و خۆناسینی خۆمان ناگەینە هیچ دەرەنجامێک. خۆناسینیش لەلای یوجین ئۆنیل لەکاتێکدا دێت کە مرۆڤ هەموو شتێکی لەدەستداوە، هەندێک جار ژیانیشی، بەڵام لە ئەنجامدا خۆناسینی بردۆتەوە، ئیمپراتۆر جۆنز نموونەیەکی ئاشکرای ئەم بیروبۆچوونەیە لەلای یوجین ئۆنیل.

# • یوجین ئۆنیل ... ژیان و بەرهەمەکانی

یوجین ئۆنیل لە ١٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٨ لە یەکێک لە ژوورەکانی میوانخانەیەکدا لە شاری نیۆیۆرک لەدایکبووە و لە ٢٧ ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٥٣ دا لە بۆستۆن کۆچی دوایی کردووە. باوکی جیمس ئۆنیل ئەکتەر و شانۆکار بووە و هەموو ژیانی لە گەشتی هونەریدا بەسەر بردووە، باوکی لە نەژاددا خەڵکی ئایرلەندا بووە و لە ساڵی ١٨٥٠ دا لەگەڵ خێزانەکەیاندا هاتوونەتە ئەمەریکا. دایکیشی ئێلا کیونەلان هەر ئایرلەندی بووە، بەڵام بە پێچەوانەی باوکییەوە لە ئەمەریکا لەدایکبووە و لە خێزانێکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو بووە.

یوجین ئۆنیل لە میوانخانەکاندا گەورە دەبێت، لەگەڵ دایکی و باوکی و براکەی، بەهۆی کارە هونەرییە بەردەوامەکانی باوکییەوە، لەم شار بۆ ئەو شار و لەمسەری وڵاتەوە بۆ ئەوسەری وڵات گەڕاون و لە میوانخانەکاندا ژیاون. بەم شێوەیەش یوجین ئۆنیل لەپشت دیکۆری شانۆکانەوە، لەنێو ئەکتەر و ڕێژیسۆر و کارمەندانی شانۆکاندا گەورە بووە و لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیشیدا گوتوویەتی:" ژیانی من وەک هونەرمەندێکی گەڕۆک دەستیپێکردووە."

دایکی یوجین ئۆنیل لەگەڵ لەدایکبوونی ئۆنیلدا و لەبەر نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ و ئاگاداری تایبەتمەند و وەک کاردانەوەیەکی سایکۆلۆژی و ژیانی بێ پەروای ناو ئوتێلەکان و ئازارێکی زۆر، خوو بە بەکارهێنانی ماددەی مۆرفینەوە دەگرێ. دایکی لە دڵەوە ڕقی لە شانۆ دەبێت و هەمیشە بەهۆی شانۆوە لەپەراوێزدا ژیاوە، یوجین ئۆنیل زۆر پابەند بووە بە دایکییەوە و کە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا و بۆ یەکەم جار بۆی دەردەکەوێت کە دایکی مۆرفۆنیستە، دووچاری ڕەوشێکی ئاڵۆزی دەروونی و خەمۆکییەکی قووڵ دەبێت، ئەم هۆکارەش وای لێدەکات کە بڕوای بە ئافرەت نەمێنێت.

دایکی بڕوایەکی پتەوی بە کەنیسەی کاتۆلیک بووە و ئەم بڕوایەش لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، یوجین ئۆنیل کە گەورە دەبێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەست دەکاتە نووسین، بەتەواوەتی لە بیروباوەڕی مەسیحییەت و کڵێسای کاتۆلیکی دوور دەکەوێتەوە و لەبری ئەوە گرنگی ئەدات بە فەلسەفەی نیچە، شۆپینهاوەر، شیکاری دەروونی و ئایینەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

یوجین ئۆنیل کە دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری، لە ژیانی ئوتێل و پێکەوە ژیانی خێزانەکەیان بێزار دەبێت، لێیان جیادەبێتەوە و ڕوودەکاتە گوێ دەریاکان، دەبێتە بەدمەست و لەم وڵاتەوە دەچێت بۆ ئەو وڵات. لە ساڵی ١٩٠٩ دا و بە مەبەستی گەڕان و هەڵکۆڵین بەدوای زێڕدا، گەشتێکی گرنگ و چارەنووسساز دەکات بۆ هۆندۆراس، لە ساڵی ١٩١٠ دا بەبێ زێڕ دەگەڕێتەوە، بەڵام نەخۆشی مەلاریا لەگەڵ خۆی دێنێتەوە و بەناچاری لە شانۆکەی باوکیدا، وەک یاریدەدەری ریژیسۆر و نواندنی ڕۆڵێ بچوک کاردەکات. دوای تەواوبوونی گەشتە هونەرییەکانی ئەو وەرزە شانۆییەی باوکی، وازدەهێنێت. سەرەتا لە ساڵی ١٩١٠ دا و زۆر بەخێرایی، لەباروودۆخێکی دەروونی ئاڵۆز و ناجێگیردا، یەکەم ژنی دەهێنێت، کوڕێکی لێیدەبێت و لە ساڵی ١٩١٢ دا جیادەبێتەوە.

یوجین ئۆنیل سەرلەنوێ ئەمەریکا جێدێڵێتەوە، ئەمجارەیان خۆی دەگەیەنێتە رۆخی ڕووبارەکانی بوینس ئایرێس لە ئەرجەنتین، پاش ماوەیەک و هەر بە کەشتی دەچێت بۆ باکوری ئەفەریقا، دەگەڕێتەوە بۆ بوینس ئایرێس و لە مەیخانەکانی رۆخی ڕووبارەکانی ئەم وڵاتەدا دەژی و دواتر ناچاردەبێت کە بگەڕێتەوە بۆ نیۆیۆرک.

پاییزی ساڵی ١٩١١ لە رۆژنامەی تێلێگراف Telegraph لە شاری نیولەندەن کاردەکات و کۆمەڵێ وتاری جۆراوجۆر بۆ ئەم رۆژنامەیە دەنووسێت، ئەم کارەش بڕوایەکی پتەو لەلای یوجین ئۆنیل دروست دەکات. بەڵام تەنها دوای شەش مانگ و بەهۆی نەخۆشییەوە ناچار دەبێت واز لە کاری رۆژنامەنووسی بهێنێت و لەبری ئەوە لە نەخۆشخانەکاندا دەکەوێتە ژێر چاودێری پزیشک و چارەسەرکردنەوە.

یوجین ئۆنیل تووشی (سیل) دەبێت و ئەم نەخۆشییەش لەو ڕۆژگارەدا ترسناک بووە و لەبەرئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە تایبەتییەکاندا ماوەتەوە. ئەم دەردەدارییە سنورێک بۆ سەرچڵییەکانی یوجین ئۆنیل دادەنێت، سەرەتا واز لە مەیخواردنەوە دێنێت، گەشت ناکات و لەبری ئەوە لەسەر جێگای نەخۆشخانەکاندا، دەست بە خوێندنەوە دەکات. زانستی دەروونی، شیعر، نیچە و شانۆی خوێندۆتەوە. یوجین ئۆنیل سەبارەت بەم قۆناخەی ژیانی دەڵێت (هەرچییەکم دەست بکەوتایە دەمخوێندەوە: بەرهەمی دێرینی گریکییەکان، ئێلیزابێسییەکان، بە شێوەیەکی گشتی هەموو بەرهەمە کلاسیکییەکان و بێگومان نووسەرە مۆدێرنەکانیش، ئێپسن و ستریندبێری، بەتایبەتی ستریندبێری.) لە ساڵی ١٩١٣ دا لە نەخۆشخانە دەچێتە دەرەوە، بە بڕواوە بڕیاری ئەوە دەدات کە ببێتە شانۆنامەنووس و لەماوەی پازدە شازدە مانگێکدا، یازدە شانۆنامەی یەک پەردەیی و دوو شانۆنامەی درێژ دەنووسێت.

لەنێوان ساڵانی ١٩١٤- ١٩١٥ دا کۆرسێک دەربارەی دراماتیک و تەکنیک و هونەری شانۆنامەنووسین دەخوێنێت، هەرچەندە بەچاوی گومانەوە دەڕوانێتە وانەکانی ئەم کۆرسە، بەڵام یاریدەدەرێکی باش دەبێت بۆ تەقاندنەوەی بەهرەی نووسین و فرە بەرهەمییەکەی. سەرەتای شانۆنامەکانیشی لە کەش و هەوای دەریاوانەکان و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا دەسووڕێتەوە، هەر لەم قۆناخەدا یوجین ئۆنیل لەگەڵ گروپێکی ئەزموونگەری گەنج و بۆ ماوەی چەندین ساڵ کاردەکات، گروپەکە Provincetown Players توانا هونەرییەکانی ئەم نووسەرە دەخاتەگەڕ و بەرهەمەکانی یەک لەدوای یەک دەخەنە سەر شانۆ و یوجین ئۆنیل وەک ئەکتەر و لە ڕۆڵی بچوک و لاوەکیدا بەشداری هەندێ لە شانۆنامەکانی خۆی دەکات. بەڵام پێشتر و بەر لە کارکردن لەگەڵ ئەو گروپەدا، هەندی لە شانۆنامە یەک پەردەییەکانی خۆی لە کتێبێکدا بەچاپ گەیاندبوو.

یوجین ئۆنیل لە ساڵی ١٩٢٠ دا بە شانۆنامەی (لەودیو ئاسۆوە) Beyond the Horizon کە لە برۆدوای نەمایش دەکرێت، ناوبانگی بەناو هەموو ئەمەریکادا

بڵاودەبێتەوە، ئەم شانۆنامەیە نموونەیەکی بەرایی تراژیدیایەکی ئەمەریکییە و یوجین ئۆنیل بە شێوازێکی واقیعی و ڕیالیزمی سیکۆلۆژی بەرز نووسیویەتی و هەر بەم شانۆنامەیەش خەڵاتی پولتیزەر Pulitzer Prize وەردەگرێت.

دوای ئەم شانۆنامەیە و لە ماوەی چواردە ساڵی داهاتوودا، یوجین ئۆنیل بە شانۆنامە ناتورالیزم، ڕیالیزم، هێماگەلی و گوزارشتئامێزەکانی دەبێتە بەناوبانگترین شانۆنامەنووسانی ئەمەریکا. هەر بۆ نموونە ئیمپراتۆر جۆنس ١٩٢٠، غۆرێلا ١٩٢٢، ئانا کریستیا ١٩٢٠، The Great God Brown، Strange Interlude ١٩٢٨، ئەم شانۆنامانە بۆ یوجین ئۆنیل دەبێتە دەسپێکی گرنگ و هەموو شێواز و تەکنیکەکان تاقیدەکاتەوە: گەمەی دەمامک، مەنەلۆژی ناوەکی، کردنەوەی زەمینەیەکی لەبار کە وا لە شانۆنامەکان، کارەکتەرەکان و ئەو تەکنیکەی کە بەکارهاتووە لە خودی گەمە و نەمایشەکاندا گەشە بکات، ئەم گەشەکردنە زیاتر لەنێو کێشە ناوەکییەکانی کارەکتەرەکان و زەمینە سایکۆلۆژییەکاندا پەرەدەسەنێت.

یەکێک لە شانۆنامە گرنگەکانی ئەم قۆناخەی، کە بە شێوەیەکی ئایینی بەرجەستەی جیهانە ناوەکییەکە و کێشە ڕۆحییەکان دەکات، سێینەی (پرسە هەر لە ئێلێکترا دێت Mourning Becomes Electra کە لە ساڵی ١٩٣١ دا نووسیویەتی. یوجین ئۆنیل بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە گەڕاوەتەوە سەر شانۆی گریکی و سوودی لە شانۆنامەی (ئۆرستین) سێینە بەناوبانگەکەی ئەسخیلیۆس وەرگرتووە. خێزانێکی ئەرستۆکراتی، لەدوا ڕۆژەکانی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکیدا دەبێتە مۆتیڤێکی گرنگی ئەم سێینە بەرزەی یوجین ئۆنیل.

شانۆنامەی (پرسە هەر لە ئێلێکترا دێت) پێگەیەکی گەورە و شوێنێکی دیاریکراوی بەرزی لە شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخی جیهانیدا هەیە . بە ماوەیەکی زۆر و بەر لە نووسینی ئەم شانۆنامەیە، هەندێک لە ڕەخنەگرە ئەمەریکییەکان، ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە یوجین ئۆنیل لە شانۆنامەکانیدا چەندین هێڵی هاوبەش، زمان، ڕووداو، کارەکتەرەکان و ڕێتواڵی شانۆنامەکانی نزیکە لە ئەسخیلیۆس و درامای گریکییەوە. ئەم بۆچوونانەش پاڵی بە یوجین ئۆنیل- ەوە ناوە کە بگەڕێتەوە سەر شانۆ و درامای کۆنی گریکی و سوودیان لێوەربگرێت.

دوای ئەم سەرکەوتنانە، یوجین ئۆنیل لەبەر نەخۆشی و باری ئاڵۆزی دەروونی و پەژارە و خەمۆکی، خۆی دوورەپەرێز دەگرێت، بەرهەمەکانی بڵاوناکاتەوە و بەتەواوەتی خۆی لە چاوی میدیاکان و شانۆکان دەشارێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٦ دا بە شانۆنامەی The Iceman Cometh دەردەکەوێتەوە و دوا ڕۆژەکانی

ژیانیشی تەرخان دەکات بۆ نووسینی شانۆنامەی (سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو). ئەم شانۆنامەیە لەسەر ژیان و بیۆگرافیای خۆی و خانەوادەکەی نووسیویەتی و تا خۆی لە ژیاندا بوو، لەسەر بڕیاری خۆی نەمایش نەکراوە.

(سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو) تا ئێستاش دادەنرێت بە باشترین و گرنگترین شانۆنامەی ئەمەریکی کە لە سەدەی ڕابردوودا نووسرابێت.

یوجین ئۆنیل دەسپێکی گرنگ و دامەزرێنەری شانۆیەکی مۆدێرنی ئەمەریکییە و تێنسی ولیامز، ئارتۆر میللەر و ئیدوارد ئەلبی درێژکراوەیەکی سروشتی ئەون و لەژێر کاریگەری یوجین ئۆنیل و شێوازە واقیعی- سیمبولییانەکەی ئەودا دروست بوون.

## • ئیمپراتۆر جۆنز

شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز یەکێکە لە شانۆنامە بەناوبانگە مۆدێرنەکانی جیهان و دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی یوجین ئۆنیل کە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ دا نووسیویەتی و هەر بەم شانۆنامەیەش ناوبانگی جیهانی بەدەست دەهێنێت و لەگەڵ شاکارە گوزارشتئامێزە گەورەکانی ئەڵمانیادا بەراورد دەکرێت.

شانۆی ئەمەریکی بەم شانۆنامەیە پێدەنێتە قۆناخێکی گرنگی ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە، هەر دوای ئەم شانۆنامەیەش یوجین ئۆنیل هەست بە بەرپرسیارییەکی گەورە، سەبارەت بە ئایندە و گەشەکردن و دروستبوونی شانۆیەکی مۆدێرنی ئەمەریکی دەکات.

یوجین ئۆنیل هەر لەبەرئەوە بە شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز ناوبانگی لە ئەوروپا دەرکرد، چونکە شانۆنامەکە زیاتر لە یەک کارەکتەردا چڕکراوەتەوە و لە شانۆی ناتورالیزمیش دووردەکەوێتەوە، هەرچەندە مەخزایەکی ناتورالیستی، ڕەنگێکی تایبەتی دەبەخشێتە دیالۆگەکانی ئەم شانۆنامەیە.

کە بۆ یەکەم جار (ئیمپراتۆر جۆنز) بە سەرکەوتنێکی گەورەوە نەمایش دەکرێت، ڕەخنەگران وەک شانۆیەکی گوزارشتئامێزی مۆدێرن ناوزەدی دەکەن، لەهەمان کاتدا ئەوەش دووپات دەکەنەوە کە یوجین ئۆنیل ئەم شانۆنامەیەی لەژێر کاریگەری تەوژمە گوزارشئامێزەکانی ئەڵمانیادا نووسیوە. بەڵام یوجین ئۆنیل بە توندی بەرپەرچی ئەم بۆچوونانە دەداتەوە و پێداگریی دەکات لەوەی کە ئەو دوای

هەردوو شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز و گۆریلا) و لەدوای ساڵی ١٩٢٢ – ەوە بە هەندێ لە شانۆنامە گوزارشتئامێزەکانی ئەڵمانیا کە لە نیۆیۆرک نەمایشکراون، ئاشنابووە.

یوجین ئۆنیل ئەم شێوازەی نووسین بە (سوپەرناتوراليزم) پێناسە دەکات، بەڵام خێرا ئەم شانۆنامانە چ لە ئەمەریکا و چ لە ئەوروپا مۆرکێکی دەربڕینئاسای دەوڵەمەندی پێدەبەخشن و لە زوربەی شانۆکانی ئەوروپا، بەتایبەتی ئەڵمانیا، سوێد، فەڕەنسا و تەنانەت لە ڕووسیاش نەمایش دەکرێت.

## • مرۆڤی ڕەشپێست و یوجین ئۆنیل

ئیمپراتۆر جۆنز کارەکتەرێکی ڕەشپێستە و یوجین ئۆنیل بەر لەم شانۆنامەیە، لە ساڵی ١٩١٨ دا و بە شانۆنامەی (خەونی لاوێک) کارەکتەری ڕەشپێست و تەنگەژەی ڕەگەزپەرستی و ڕەشەکانی چارەسەرکردووە و بەکارهێناوە. (خەونی لاوێک) شانۆنامەیەکی یەک پەردەییە و لەنێو بەرهەمەکانی یوجین ئۆنیل- دا هێندە بایەخی نییە، بەڵام تەنها دوای دوو ساڵ و بە شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) و مەسەلەی ڕەشپێستەکان لە نووسینی یەکێک لە گرنگترین شانۆنامەکانی دەبێتەوە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە یوجین ئۆنیل شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز لەماوەی یەک ساڵدا لەگەڵ کۆمەڵێ شانۆنامەی تردا دەنووسێت کە زیاتر بەرگێکی ڕیالیزمی لەخۆدەگرن و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئیمپراتۆر جۆنز چ لە ڕووی ناوەڕۆک، تەکنیک و چ لە ڕووی شێوازی نووسینەوە بەراورد ناکرێن. ئەمەش دووپاتی دەوڵەمەندی و فرە بەرهەمیی ئەم نووسەرە دەکاتەوە. یوجین ئۆنیل هەمیشە چەندین بابەت، چیرۆک و بیرۆکە و شانۆنامە لە هەگبەکەیدا بووە و بەردەوام گەڕاوەتەوە سەریان و بەشێوازی جۆراوجۆر چارەسەری کردوون. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە یوجین ئۆنیل تەنها بەتوانای خۆی و بەبێ هیچ کاریگەرییەک بەرهەمەکانی نووسیون، بەڵکو بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەری شانۆنامەنووسانی وڵاتانی سکەندناڤیا، بەتایبەتی ستریندبێری سویدی و ئیپسنی نەرویژی بەسەرەوە بووە و خۆیشی بە بەردەوام پێی لەم ڕاستییە ناوە. هەر لەم ڕووەوە شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) زیاتر کاریگەری شانۆنامەی (بەرەو دیمەشق) و شانۆنامەکانی

تری شانۆی ژووری ستریندبێری پێوه دیاره، نەک ڕێبازی گوزارشئامێزەکانی ئەڵمانیا.

ئیمپراتۆر جۆنز کەسایەتییەکی ڕەشپێستی ئەمەریکییە و وەک خزمەتکار کاریکردووە، بەڵام دوای یەکێک لە تاوانەکانی ناچار دەبێت لە دەست یاسا ڕابکات و خۆی بگەیەنێتە یەکێک لە دوورگەکانی ڕۆژئاوای هیند. لەوێ دەبێتە دیکتاتۆر بەسەر دەوەن نشینە ساکار و هەژارەکانی ئەو ناوچانەدا. ئەم ڕەشپێستە بە فێڵ و زیرەکیی خۆی، بۆ نموونە دروستکردنی ئەفسانەی گوللەی زیوییەوە، دەتوانێت خەڵکەکەی بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و بەدەستێکی پۆڵایین حوکمیان بکات. ئیمپراتۆر جۆنز بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو تەنها بە گوللەی زیو دەمرێت.

**جۆنز**

**ئەمە دوا فروفێڵە و دەشزانم سەرناگرێ. هەر بۆیەشە گوللەی زییوم بۆ خۆم دارشت تا پێیان بڵێم کەی خۆمی پێ دەکوژم. ئەمەیان پێدەڵێم چونکە دەمەوێ بۆیان بسەلمێنم من تاقە مرۆڤێکی گەورەم لەم دونیایەدا و کەسێکی لە خۆم گەورەتر نییە بتوانێ بمکوژێ.**

**شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمەنی یەکەم**

جۆنزی ئیمپراتۆر دوای تالانکردن و کوشتنی ئەو خەڵکە، دەوەن نشینەکان لێیهەڵدەگەڕێنەوە و لەکاتێکدا کە جۆنز هەوڵئەدات بە شەو لە ڕێگای دارستانەکانەوە ڕابکات، دوای دەکەون تا تۆڵەی لێ بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەکەونە تەپڵ لێدان و جادووگرتنەوە.

**جۆنز**

**..... ئەرێ ئەم زرم و هۆڕە چییە؟ بۆ ئەم تەپڵە دەکووتن؟**

**سمیسەرز**

**(بە کینەوە دەگرژێتەوە) بۆ تۆیە، بۆ تۆ. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئاهەنگەکەیان دەست پێکرد. لەوەوپێش ئەمەم بیستووە و دەزانم چییە.**

**جۆنز**

**ئاهەنگ؟ کام ئاهەنگ؟**

**سمیسەرز**

**ئەم قولەڕەشە نەگریسانە پێش ئەوەی بەدوات بکەون کۆڕ دەبەستن و سەمای جەنگ دەست پێدەکەن تا وره و ئازایەتی لە ناخیاندا بێتە جۆش.**

**جۆنز**

**چی دەکەن با بیکەن! لەوانەیە سوودی بۆیان هەبێ!**

**سمیسەرز**

**ئێستا خەریکی جێبەجێکردنی فەرمانی ئایینی بتپەرستانەی خۆیانن – پەنا دەبەنەبەر جادوو و ئەفسوونی شەیتانی تا یارمەتییان بدات دژ بە گولله زیوەکەت ...**

**شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمەنی یەکەم**

بەو شێوەیە و بە دەنگی تومبە تومب بە درێژایی شەو دوای دەکەون تا بیگرن.

هێدی هێدی و لەسەرخۆ ئیمپراتۆر جۆنز ڕادەکاتە جیهانێکی نادیارەوە، لەبەرئەنجامدا تەنانەت جلوبەرگەکانیشی لەبەردا نامێنێت. جۆنز سەرلەنوی لە ئیمپراتۆرەوە دەبێتەوە بە کۆیلە، لە خۆهەڵکێشان و کەسێکی خۆ بەزلزانەوە ڕووبەڕووی ڕاستی ژیانی خۆی دەبێتەوە و گەشتی خۆناسین دەکات. دارستان و شەویش بەرجەستەی بەرتەسکی ئەم کارەکتەرەدەکەن. جۆنز هیچ ڕیگایەکی دەربازبوونی نییە، ئەوە خودی خۆیەتی، ڕابردووی، چارەنووسی وەک مرۆڤ و وەک نەژاد، کە لەو تەنهاییەدا ڕاویدەنێت، ڕادەکات و ڕادەکات بەبێ ئەوەی لە شوێنی خۆی بجولێت.

شانۆنامەکە بریتییە لە هەشت دیمەن، دیمەنی یەکەم بە شێوەیەکی واقیعی دەست پێدەکات و لە دوا دیمەنیشدا هەر بە شێوەیەکی واقیعیی کۆتایی دێت، شەش دیمەنەکەی تر، دیالۆگەکانی جۆنزن، بە شێوەیەکی چڕ و گوزارشتئامێز ڕۆحی جۆنز شیدەکەنەوە و تەنها لە دیمەنی یەکەم و دیمەنی کۆتاییدا کارەکتەری تر دەردەکەون.

شانۆنامەی (ئیمپراتۆر جۆنز) لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژییە سەبارەت بە ترس و سایکۆلۆگییەتی ترس و هێماگەلێکە بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی. یوجین ئۆنیل بنەماکانی کۆنائاگایی بۆ کارەکتەری جۆنز بەکاردێنێ، جۆنز دیکتاتۆرێکی بچوکە و ئێستا لەدەست ئەوانەی کە چەوساندونییەتەوە ڕایکردووە. یوجین ئۆنیل بە تەکنیکە دەربڕینئاساکەی بەرجەستەی هەست و هۆشە خەیاڵاوییەکەی جۆنز دەکات، ڕابردوویەکی نزیکی و ڕابردوویەکی ڕەگەزپەرستانەی وەک مرۆڤێکی ڕەش دەردەخات. ئەو لەخۆباییبوون و خۆهەڵکێشانەی جۆنزی ئیمپراتۆر جۆرە

مۆرالییەتێکی دووفاق لەخۆدەگرێت، لە لەخۆباییبوونەوە بۆ دارمان و کەوتن، ئەم گەشتە گرانەش چەندین کەناڵی کۆمەڵایەتی، سیسۆلۆژی و سیکۆلۆژی دەکاتەوە و لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی مۆدێرن بەرجەستەی ئەو مرۆڤەمان بۆ دەکات کە هێدی هێدی دەکەوێ، دەروخێن و رۆحیان پارچە پارچە دەبێت.

جۆنز لەم گەشتە ترسناکەیدا ڕووت دەبێتەوە و لە هەموو شتێک دادەماڵرێ، لە ڕەگەزی خۆی و لەبری ئەوە دەبێتە بوونەوەرێکی ونبووی بی پێناس و لە جیهانی ترس و شێتێتیدا بزر دەبێت: لە تاریکیدا چەندین فیگوری ترسناکی جۆراوجۆری لێ پەیدا دەبێت، ئەمەش بەشێک یان هەموو ژیانی خۆیەتی، دیمەنە کورتەکان و وێستگەکانی ژیانی تێدەپەڕێنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا چارەنووسی کۆیلەیەکی ڕەش ڕووبەڕووی خاوەنی کێڵگە و شینایی کەران، جاڕچی، کۆیلەکانی تر، جادووگەرێکی کۆنگۆیی و خواوەندی تیمساحمان دەکاتەوە.

## • یوجین ئۆنیل و سەرچاوەکانی ئیمپراتۆر جۆنز

یوجین ئۆنیل ئاماژەی بەوە داوە کە بیرۆکەی نووسینی ئەم شانۆنامەیەی لەو چیرۆکەوە وەرگرتووە کە باسی پادشایەکی ڕەشپێستی کردووە لە (هایتی)، ئەم پادشایە بارودۆخێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی سەبارەت بەخۆی خوڵقاندووە، بۆ نموونە وتویەتی هەرگیز هیچ کەسێک ناتوانێت ئەو بە گوللەی ئاسایی بکوژێت، ئەو خۆی بە گوللەی زێڕ دەکوژێت. بەڵام یوجین ئۆنیل ئەم چیرۆکەی تێکەڵاوی ئەو بەسەرهاتانە دەکات کە خۆی لە گەشتەکانیدا بەرگوێی کەوتوون، بەتایبەتی گەشتەکانی هۆندۆراس و باکوری ئەفەریقا. لەم گەشتانەدا تێکەڵآوی خەڵک بووە و لەسەر زاری چینە میللییەکانی ئەو هۆز و بنەماڵە جۆراوجۆرانەدا و ڕیتواڵە دینی و چیرۆکی تەپڵە ئەفسوناوییەکانی پادشا ڕەشپێستەکانی کۆنگۆی بیستووە.

بنەما و ناوەندە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە بریتییە لەو مەنەلۆگە درێژەی ئیمپراتۆر جۆنز کە لەکاتی ڕاکردنەکەیدا دەیڵێت، لەم مەنەلۆگەدا جۆنز گوزارشت لە ترس و تۆقانی خۆی دەکات، بینەرانیش هەموو ئەو شتانە دەبینن کە ئەو دەیانبینێت، لەهەمانکاتدا گوێیان لە دەنگی بەردەوامی تەپڵەکانیشە.

**( له زوورگه دووره‌كانه‌وه ده‌نگی تومبه تومب به نزمی و به‌رده‌وامی به شێوه‌یه‌كی كز و له‌رزۆک دێ. له سه‌ره‌تادا له‌گه‌ڵ لێدانی ئاسایی دڵ هاوڕێكه- ٧٢ جار له خوله‌كێكدا- به‌ڵام هه‌ر له‌وكاته‌ی ده‌ست پێده‌كات تا كۆتایی شانۆگه‌رییه‌كه به‌رده‌وام خێراتر ده‌بێت.)**
**شانۆنامه‌ی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمه‌نی یه‌كه‌م**

ئه‌م ده‌نگه‌ش كاریگه‌رییه‌كی گه‌وره‌ی له‌سه‌ر بینه‌ران ده‌بێت، ئه‌مه‌ش یه‌كێكه له توخمه گرنگه‌كانی ریبازی گوزارشئامێز، له‌ڕوانگه‌ی ستركتوری دیمه‌نی خێراوه، هه‌روه‌ک كامێرای سینه‌مایی دیمه‌نه‌كان گۆڕانكارییان به‌سه‌ردا دێت، هه‌ڵوێسته‌یه‌كی ئاسایی سینه‌ماییش تێكه‌ڵاوی ئه‌و دیمه‌نه خێرایانه ده‌بێت و به‌م شێوه‌یه ده‌بنه ته‌واوكه‌ری یه‌كتری: ڕاونانی ئه‌و مرۆڤه ته‌نیایه.
له یه‌كه‌م دیمه‌نه‌كانی ئه‌م شانۆنامه‌یه‌دا و به‌ر له گه‌شته تۆقێنه‌ره‌كه‌ی ئیمپراتۆر جۆنز، ڕووبه‌ڕووی دیالۆگێكی جۆنز ده‌بینه‌وه له‌گه‌ڵ پیاوێكی سپیدا به‌ناوی (سمیسه‌رز) ی بازرگان. ئه‌م كاره‌كته‌ره هه‌ندێک ته‌مومژاوییه و له‌كۆتایی شانۆنامه‌كه‌دا، سه‌رله‌نوێ ده‌رده‌كه‌وێته‌وه و هێرش ده‌كاته سه‌ر ڕه‌شپێسته‌كان و به به‌رازی گێل ناویان ده‌بات:

**سیمسه‌رز**
**نه‌فره‌ت لێ كراوینه، بی مێشكانه، مێشک بۆگه‌ن، خۆتان وه‌ک به‌راز بێ مێشكن! گه‌وره و بچووكتان، هه‌ی قووله‌ڕه‌شی هیچ نه‌زانینه!**
**شانۆنامه‌ی (ئیمپراتۆر جۆنز) دیمه‌نی هه‌شته‌م**

ئه‌م كاره‌كته‌ره هۆشیاره، بڕوای به ده‌سه‌ڵاتی ته‌پڵه‌كان نییه و ڕۆڵه‌كه‌شی له‌نێو ڕووداوه‌كاندا، به‌رجه‌سته‌كردنی به‌هاكانی ماتریالیزمییه و به‌هیچ شێوه‌یه‌ک بڕوای نه به ئاین و نه به سیكۆلۆژی نییه و به ته‌واوه‌تی له سروشت دابڕاوه و كه‌سایه‌تییه‌كی ڕه‌گه‌زپه‌رسته.
كاره‌كته‌ری سیمسه‌رز به ته‌واوه‌تی پێچه‌وانه‌ی كاره‌كته‌ری ئیمپراتۆر جۆنزه، ئێمه له ڕوانگه‌ی ڕووداوه‌كانه‌وه، زیاتر و زیاتر هه‌ست به ئازاره‌كانی جۆنز ده‌كه‌ین. ته‌نانه‌ت جۆره لایه‌نگیرییه‌ک له‌لای بینه‌ران دروست ده‌بێت و خۆشمان له ئازاره‌كانی ئه‌ودا ده‌دۆزینه‌وه.

یوجین ئۆنیل وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە هەردوو شانۆنامەی ئیمپراتۆر جۆنز و گۆریلا دوو نموونەی ئەو شێوازەن کە بە (سوپەر ناتورالیزم) پێناسەی کردوون، بێگومان ئەم پێناسەیەش لە پێچەوانەیەکی راستەوخۆی واقیع هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت، بەڵام ئەوەی کە ئەم دوو شانۆنامەیە کۆدەکاتەوە ئەوەیە کە هەردووکیان لە ڕووی فیکری و ناوەڕۆکەوە، بەشێوەیەکی سیکۆلۆژی قووڵ، شیکردنەوەیەکی راستەوخۆی دەروونی مرۆڤن و هەردووکیان بە تەکنیکێکی شانۆیی و دەربڕینئاسای بەرز نووسراون. ئەوەی جێگای ئاماژەکردنیشە ئەوەیە کە یوجین ئۆنیل بە شێوەیەکی باڵا بنەما ناتورالیستییەکان دەبەستێتەوە بە هێڵێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و ئەم دوو توخمە تێکەڵاو دەکات و لەنێو ڕووداوەکاندا موتوربەیان دەکات.

# پێر لاگەرکڤیست و
# شانۆیەکی گوزارشتئامێز

پێر لاگەرکڤیست ١٨٩١_ ١٩٧٤ دادەنرێت بە ناوەندێکی گرنگ و یەکێک لە دەنگە ڕەسەنەکانی ئەدەبی سوێدی، شیعر، لیریک، ڕۆمان، ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی، شانۆنامەو بابەتی جۆراوجۆری نووسیوە. ئێجگار فرە بەرهەم بووە و لە هەموو بوارەکاندا مۆدێرن و هاوچەرخانە دید و هزری خۆی خستۆتە ڕوو. هەر لە سەرەتاوە ئەدەبەکەی پابەند بووە بە تەوژمەکانی ئیگزیستینیالیزم و فەلسەفەی خودێتییەوە، مرۆڤ و دەوروبەر، بڕوا، مرۆڤ و خودا و مرۆڤ و خودی خۆی، مەرگ و ژیان هاوکێشە و بابەتە سەرەکییەکانی شاکارەکانی ئەم نووسەرەن.
پێر لاگەرکڤیست لەنێوان ساڵەکانی ١٩١١ و ١٩١٢ دا لە شاری ئۆپسالا دەخوێنێت، دواتر دێتە ستۆکهۆڵم و هەر لەساڵی ١٩١٢ دا یەکەم نۆڤێلی بەناوی (مرۆڤەکان) بڵاودەکاتەوە.
ئەم نووسەرە ژیانی ڕاستەقینەی لە دەرەوەی وڵات دەستپێدەکات، سەفەرە بەردەوامەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر پرۆسەی نووسین و بەرەوپێشەوەچوونی خودی خۆیەوە دەبێت.
پێر لاگەرکڤیست لەساڵی ١٩١٠ ەوە تا ساڵی ١٩٢٠ بەتەواوەتی سوێد بەجێدەهێڵێت و لە دانمارک، فەرەنسا و ئیتالیا دەژی. کە دەگەڕێتەوە دەکەوێتە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر شاکارێکیشیدا گۆمی گفتوگۆ و دیالۆگ لە نێوەندە هونەری و ئەدەبییەکەی ئەودەمەی سوێددا دەشڵەقێنێت. دواتر پێر لاگەرکڤیست و لەساڵی ١٩٤٠ دا دەبێتە ئەندامی ئەکادیمیای سوێدی، لەساڵی ١٩٤١ دا لە زانکۆی یۆتۆبۆری و لەبواری فەلسەفەدا،

بڕوانامەی دکتۆرایەکی فەخری پێدەبەخشرێت و لەساڵی ١٩٥١ دا خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب وەردەگرێت.

## • سەرەتا و دەروازە

لەساڵی ١٩١٢ دا (مرۆڤەکان) وەک یەکەم نۆبەرە و هەوڵ و هەنگاوێکی پتەو دەردەکەوێت، ئەم هەنگاوە دووپاتی دیقەت، توانا و تەکنیکێکی بەرزی هونەری نۆڤلێت دەکاتەوە. نۆڤێلی مرۆڤەکان بڕوا بە پییێر لاگەرکڤیست دەبەخشێت و دەشیخاتە سەر ڕێگایەکی گران. مرۆڤەکان دەبێتە سەرەتا و دەروازەیەکی بەرینیشی بەڕووی پرۆسەی نووسین و داهێناندا بۆ دەکاتەوە.

پییێر لاگەرکڤیست دوای نۆڤێلتی مرۆڤەکان و لە ساڵی ١٩١٣ دا کتێبێکی بەبڕشت بەناوی (هونەر بە وشە و هونەر بە وێنە) بڵاودەکاتەوە، لەم کتێبەیدا گۆڕانکارییەکی سەیر و جیاواز لە مانای وشە، دروستکردنی ڕستە و نووسینی وشەکاندا دەکات. وشەکانی بەشێوەیەکی جیاوازتر، ، هەندێ جار هەڵەو مانای تریان پێدەبەخشێت، هەوڵ ئەدات وێنەی وشەکان بکێشێ و وێنەکانیش مانای وشەیان تێدا بدۆزێتەوە. پییێر لاگەرکڤیست بەم کتێبەی پێڕەو و پرۆگرامی نووسین و دیدی خۆی بۆ ئەدەب و فەلسەفەی نوسین ڕوون دەکاتەوە. ئەم نووسەرە بانگەشەی شێوازێکی جیاوازی نووسین دەکات کە یاسا و بنەماکانی دووربن لە ستركتور و ئەتمۆسفێرێکی ڕیالیزمییەوە. ناتورالیزم، ڕیالیزم و ئەدەبێکی ڕاستەوخۆ خەون و هزرە هونەرییەکەی، تێڕوانینە فەلسەفییەکەی و دیدە ئێکسپریسیۆنستییەکانی ئەم نووسەرە بەرجەستە ناکەن. هەر لەبەرئەوە ئەم نووسەرە لەم قۆناخەدا ڕوودەکاتە هونەری وێنەکێشان، بەتایبەتی تەوژمە نوێیەکانی هونەری کوبیزم زۆر سەرنجی ڕادەکێشن و بە وردی تابلۆکانیان شیدەکاتەوە. بەڵام داستانە گەورەکەی هۆمیرۆس، ئەلیادە و ئۆدیسە، کتێبی ئینجیل و چیرۆک و بەسەرهاتەکانی دورگەی ئێسلاند بە قووڵی کاریان تێدەکات.

پییێر لاگەرکڤیست هەر لەدوای یەکەم نۆڤلی مرۆڤەکانەوە، هەموو ساڵێک کتێبێک بڵاودەکاتەوە: دوو بەسەرهات سەبارەت بە ژیان ١٩١٣، وێنە ١٩١٤، ئاسن و مرۆڤ ١٩١٥، لە ساڵی ١٩١٦ یشدا دیوانی (پەشێو) بڵاودەکاتەوە. ئەم دیوانە شیعرییەش هەر زۆر خێرا بەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا بڵاودەبێتەوە و پلاتفۆرمێکی ئەدەبیش بۆ پییێر لاگەرکڤیست بەدەست دەهێنێت. شیعرەکانی ئەم

دیوانـه و بـەتایبـەتـیش شـیعری پـەشـێو، یـاخود (خـەمـۆکیی) ڕۆڵێکـی گـەورە و کاریگەرییەکی لەبەرچاوی دەبێت لە ئەدەبی سوێدیدا و بە هەنگاوێکی بەهێز و بەپێزی مۆدێرنەبوونی شیعری هاوچەرخی سوێدی دادەنرێت. دوای دیوانی (پەشێو) و لە ساڵی ١٩١٧ دا (دوا مرۆڤ) بڵاودەکاتەوە. بەڵآم لە ساڵی ١٩٢٤ دا و بە کۆمەڵە کورتەچیرۆکی (چیرۆکە بەدخوازەکان) وەرچەرخانێکی گەورە لە ئەدەبیاتی کورتەچیرۆکی سوێدیدا بەرپا دەکات. هەر لەسەرەتاوە ئەم چیرۆکانە وەک شاکارێکی کلاسیکی ئاماژەی بۆ دەکرێت و پییر لاگەرکڤیست لە ئەتمۆسفێر و جیهانی کافکا نزیک دەبێتەوە و کارەکتەرەکانی بە پەیژەی کارەبایی ڕەوانەی دۆزەخێکی مۆدێرن دەکات.

لە ساڵی ١٩٢٥ دا پییر لاگەرکڤیست یاداشتەکانی خۆی لە شێوازی ڕۆمانێکدا بڵاودەکاتەوە. ڕۆمانەکەی (میوانی ڕاستییەکانی ژیان) دەبێتە هەنگاوێکی تری ئەم نووسەرە بەرەو ترۆپکەکانی داهێنان، ڕووداوەکانی ئەم بیۆگرافیا ڕۆمانە لە شارێکی بچوکدا ڕووئەدەن و نووسەر سەرلەنوێ پرسەکانی ژیان، مەرگ و یەقین و باوەڕنەبوون بە خودا دەخاتە ڕوو.

## • بەرگریکردن لە ئازادی مرۆڤ

پییر لاگەرکڤیست هیومانیستێکی گەورە بووە و بە هەموو شێوەیەک دژی هەموو جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکی زەبروزەنگ وەستاوەتەوە، بەرگری لە مرۆڤ و مافەکانی کردووە، هەر لەم دەروازەیەشەوە زۆر بە توندی دژی ئایدیۆلۆژیای نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشییەکانی ئیتالیا وەستاوەتەوە. لەساڵی ١٩٣٣ دا دەچێتە فەلەستین و یۆنان، لەگەڕانەوەیدا بە ئیتالیا و ئەڵمانیادا گوزەر دەکات و لەم وڵاتانەش لائەدات و بەچاوی خۆی ڕەفتاری عەسکەرتاری و فاشییانە لەم دوو وڵاتەدا دەبینێت و زۆر بەقووڵی خەم دایدەگرێت و پێشبینی ئایندەیەکی نادیار بۆ ئەوروپا دەکات و کولتووری ئەوروپی ڕووبەڕووی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی دەکاتەوە. لەم سەردانە خێرایەدا، دیمەنە ئاڵۆزەکانی ئەڵمانیا و ئیتالیا، عەسکەرتارییەت و گرنگیدان بە جبەخانە و خۆ پڕ چەک کردن دەیتۆقێنێت، لەگەڵ گەڕانەوەیدا، دەسبەجێ دەکەوێتە نووسینی ڕۆمانی (جەلـلاد) و هەر لەساڵی ١٩٣٣ دا بڵاویدەکاتەوە. (جەلـلاد) گوزارشتێکی ئاشکرای دژایەتیکردنی زەبروزەنگ و ڕیسواکردنی ئەو ئایدیۆلۆژیا قێزەونەیە. ڕۆمانی جەللاد هەر لەساڵی ١٩٣٤ دا ئامادە دەکرێت بۆ شانۆ و چەندین

جار لەسەر شانۆکان نەمایش دەکرێت و زۆر بە خێراییش وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە ئەوروپییەکانی تر و یەکێکیشە لەو کتێبانەی کە نازییەکان لە گۆڕەپانی شارەکانی ئەڵمانیادا دەیسوتێنن. ڕۆمانی (جەللاد) لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان لە مەیخانەیەکی پاشکەوتەی چاخەکانی ناوەڕاستدا ڕووئەدات، لەم بەشەدا جەللادەکە دەبێتە هاومانای بەدخوازی، شەڕو خراپەکاری و بەشێوەیەکی بێدەنگ بەرجەستە دەبێت، بەشی دووەم چێشتخانەیەکی مۆدێرنە و ڕاستەوخۆ گاڵتەوگەپ بە نازییەکان دەکات. پییێر لاگەرکڤیست لە ساڵەکانی ١٩٣٦ و ١٩٣٩ دا سەرلەنوێ دەکەوێتەوە وێزەی نازییەکان و لە دژی دەسەڵاتی هیتلەر دوو شانۆنامەی تر دەنووسێت، یەکەمیان (پیاوێکی بێگیان) و دووەمیشیان (سەرکەوتن لە تاریکیدا).

ڕۆمانی (گرگن) یان بستەباڵا کە لەساڵی ١٩٤٤ دا بڵاوکراوەتەوە، یەکەم سەرکەوتنی گەورە و بەربڵاو بۆ پییێر لاگەرکڤیست بەدەست دەهێنێت و خوێنەرێکی ئێجگار زۆر لەخۆی کۆدەکاتەوە. ڕۆمانەکە هەندێ گرانە، ڕووداوەکان چڕ و پێکداچوون و هزر و بیر و باوەڕە فەلسەفییەکانی نووسەر بەتەواوەتی لەم ڕۆمانەدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەروەها (گرگن) بە چەشنی ڕۆمانی جەللاد، لە بنەمایەکی تر و لە دەروازەیەکی جیاوازەوە، لە هێزی شەڕ و توندوتیژیی دەدوێت. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەش باس لە ڕۆژگارەکانی سەردەمی بوژانەوە، ڕێنیسانسی ئیتالیا دەکات. پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە گرگنێکی لێبوک ئاسای ماڵی میرێکە و هێزە شەیتانییە شەڕانگێزە ڕەشەکان گامارۆیان داوە، ئەم کارەکتەرە هەر خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ئەم گرگنە قەمورە شەڕخوازە ڕقی لە خۆشەویستی و جەستە و جوانی ئافرەتە، دەسەڵات، شەڕ و هێزە شەیتانیەکان ئاراستەکانی ژیانی دیاری دەکات و لە خەونی شەڕ و دەسەڵاتەوە دەیەوێت ئاگر لە جیهان بەربدات. گرگن بە ئازاردانی خەڵکی و هەڵایسانی شەڕ و کوشتنی دڵدارەکان و بەندکردنی مرۆڤە بێتاوانەکان و شکاندنی دڵی ئافرەتان ئاسوودە دەبێت و دەگاتە ئاستەکانی سەرفرازی و ساتەوەختە خۆشگوزارەکانی ژیان.

دوای ڕۆمانی (گرگن) و لە ساڵی ١٩٥٠ دا شانۆنامەی (باراباس) بڵاودەکاتەوە. (باراباس) دادەنرێت بە لوتکەی پێگەیشتن و قووڵبوونەوەی ئەدەب و هزری پییێر لاگەرکڤیست. ئەم شانۆنامەیە هەر دوای بڵاوبوونەوەی و بە ماوەیەکی کەم

وەردەگێڕدرێتە سەر زوربەی زمانەکانی جیهان[1] . هەر ئەم بەردەوامی و سەرکەوتنانەشی بەرەو بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵی دەبەن. لەم شانۆنامەیەدا باراباس، ئەو تاوانکارەی کە لەبری عیسا ئازاد دەکرێت، دەبێتە هێماگەلێکی بڕوا و تێڕوانینی مرۆڤە مۆدێرنەکان لە مەسیحییەت و بوون و نەبوونی ئەو بڕوایە. (باراباس) دەبێتە ئەو کەسەی کە ناتوانێ باوەڕبهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتەخوازی هیوایەکی هەتاهەتاییە[2] .

بەکورتی دەتوانین بڵێین پیێر لاگەرکڤیست یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ وروژاندنی پرسیارە خودییەکان، بۆ گرفتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، لەهەمانکاتدا توانیویەتی پرس و گرفت و گفتوگۆ ئیگزیستینیالیستییەکان بکاتە پرس و گرفتی هەموو کەسێک. زمان و نووسینەکانی ئاوەڵایە و هەموو کەسێک بە ئاسانی تێیان دەگات، لەهەمانکاتدا هێما و فەلسەفە، ئەتمۆسفێرێکی تەلیسماوی و سوریالییانەی ئاوێزانی بەشێکی تری شاکارەکانی بوون و هێماکانی بە ئاسانی دەناسرێنەوە. بڕوا بە خودا، نائامادەیی ئەو خودایە و هێزە ئاسمانییەکان، هێزە شەڕخوازەکان، مانای خۆشەویستی و بوونی مرۆڤ بە زمانێکی خاوێن، ساکار و قووڵ بەرجەستە دەکات.

---

[1] ڕۆمان، لیریک، شیعر و شانۆنامەکانی پیێر لاگەرکڤیست تا ئێستا وەرگێڕدراونەتە سەر زوربەی زمانەکانی جیهان، بۆ نموونە، ئیوکرانی، ئەڵمانی، تورکی، شیکی، ئیسپانی، سلۆڤاکی، سەربۆکراتی، ڕووسی، ڕۆمانی، پرتۆگیسکی، پۆلۆنی، نەرویژی، هۆڵەندی، لیتوانی، چینی، کەتەلانی، ژاپۆنی، ئیتالی، ئیسلێندی، عیبری، گرێکی، فەڕەنسی، فینلەندی، ئێستنیسکی، ئینگلیزی، دانمارکی، عەرەبی و کوردی.

[2] شانۆنامەی (باراباس) تاکو ئێستا دوو جار کراوەتە فیلمی سینەمایی، یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٣ و دووەم جاریش لە ساڵی ١٩٦٢ دا.

## • پییێر لاگەرکڤیست و هونەری شانۆ

پییێر لاگەرکڤیست گرنگییەکی زۆر ئەدات بە هونەری شانۆ، پێگەی شانۆ، کاریگەری شانۆ بەرز ئەنرخێنێت و هەر لەبەر گرنگی ئەو هونەرەشە کە لە هونەری شانۆ ئەکۆڵێتەوە، شانۆنامە دەنووسێت و لەگەڵ ڕێژیسۆرەکان بە شەڕ دێت. هەر لە سەرەتاوە بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە شانۆنامەکانی ستریندبێری خوێندۆتەوە. شانۆنامەی خەونەنمایشێک، سێیینەی بەرەو دیمەشق و شانۆنامەکانی گەمەی ژوور و بە تایبەتیش شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە و کاری تێکردووە[3]. هەروەها ڕێبازی ئێکسپریسیۆنستەکانی ئەڵمانیا و شانۆ هێماگەرییەکەی مۆریس مایترلنگ سەرچاوەی داهێنان و شوێنپێهەڵگرتنی ئەم نووسەرە بووە.

پییێر لاگەرکڤیست لە تەوژمەکانی شانۆی گوزارشتئامێزەوە دەستپێدەکات و شێواز و فۆرمێکی جیاواز، هێماگەری و ئەتمۆسفێرێکی تەلیسماویی دەبەخشێت بە شانۆکەی. لە ساڵی ١٩١٨ شدا، پرۆگرامێکی شانۆیی وەک مانیڤێستێک بڵاودەکاتەوە، لەم پرۆگرامەدا زۆر بە توندی بە ڕووی شانۆ و دراما ناتورالیستیەکاندا دەوەستێتەوە[4]. هەر لەم ساڵەدا و لە هەناسە شیعرییەکانییەوە، لەدەسپێکی دەروازە وێنەییە مەجازییە بەهێزەکانی قەسیدەی (خەمۆکی) وە، لە خودی سترکتوری ئاماژە و پێکهێنانی خەونە شیعرییەکانییەوە چەند شانۆنامەیەک: دوا مرۆڤ، ساتە دژوارەکان و نهێنییەکانی ئاسمان دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٢١ دا (نهێنییەکانی ئاسمان) بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆ لە ستۆکهۆڵم نەمایشدەکرێت، ئەم شانۆنامەیە لەڕووی نەمایش و پێکهێنەرە سەرەکییەکانی نەمایشێکی شانۆیی و چۆنییەتی پێشکەشکردن و بەکارهێنانی سینۆگرافیاوە، بۆ ئەو ڕۆژگارە زۆر

[3] بڕوانە زنجیرەی شانۆی بیانی، ژمارە ٥ ، شانۆنامەی سۆناتای تارمایی، وەرگێڕانی لە سویدییەوە: عەبدوڵلا قادر دانساز.

[4] هەر لەم باسەدا بۆ ئەم چەمکە دەگەڕێمەوە.

جیاواز بووه و هەموو شتەکان وەک هێما و ئاماژە کاریان کردووە[5]. هەر لەم شانۆنامەیەدا پییێر لاگەرکڤیست سەرەتای کۆد و هێماکانی بەکاردەهێنێت و دواتر لە زوربەی ڕۆمان و شانۆنامەکانی تریدا دەگەڕێتەوە سەریان. خوا/ بڕوا و مەرگ وەک دوو هێما. دوو ئاماژە، دوو جیهانی پێکداچوو، دوو هاوکێشەی ژیان و دوو زاراوەی هەمیشە ئامادە، لە هەموو شانۆنامەکانیدا ڕەنگ ئەدەنەوە. بۆ نموونە لە شانۆنامەی نهێنییەکانی ئاسماندا، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، خودا و مەرگ دوو پاڵەوانی سەرەکی شانۆنامەکەن، خودا دار دەبڕێتەوە و مەرگیش گەمە بە کۆمەڵێ بووکەڵە دەکات و هێدی هێدی لە گەمەیەکی مەرگدا سەریان لێدەکاتەوە. هەر لەم شانۆنامەیەدا گەنجێک بەدوای ماناکانی ژیاندا، بەدوای بڕوا و مانای هەموو شتەکاندا دەگەڕێت، بەبێ ئەوەی هیچ وەڵامێکی دەست بکەوێت، بەبێ ئەوەی بگاتە هیچ دەرەنجامێک. ئەم شانۆنامەیە بیروبۆچوونەکانی پییێر لاگەرکڤیست چڕ دەکاتەوە، هێڵەکانی فەلسەفەی نووسینی ڕوون دەکاتەوە و ئەو گرفت و پرسیارانەش دەخاتە ڕوو کە دواتر هەمیشە دەگەڕێتەوە سەریان: ئامادەنەبوونی خودا و گەڕان بەدوای ماناکانی ژیاندا، ئەو مانا و بەهایانەی کە هەرگیز بوونیان بۆ نەبووە.

پییێر لاگەرکڤیست جگە لە مانیڤێستەکەی ئەم شانۆنامانەشی بڵاوکردوونەتەوە: دوا مرۆڤ ١٩١٧، ساتەوەختە دژوارەکان ١٩١٨، نهێنییەکانی ئاسمان ١٩١٩، نەبینراوەکە ١٩٢٣، ئەو کەسەی کە سەرلەنوێ ژیانی خۆی ژیایەوە ١٩٢٨، پادشا ١٩٣٢، پیاوی بێ ڕۆح ١٩٣٦، لیگەڕێن مرۆڤ بژی ١٩٤٩، سەرکەوتن لە تاریکیدا ١٩٣٩، خەونی نیوەشەوێکی هاوین لەماڵێکی هەژاردا ١٩٤١، بەردی زاناکان ١٩٤٧، جەللاد ١٩٥٠ و باراباس ١٩٥٣.

---

[5] سینۆگرافیای ئەم شانۆنامەیە پێکهاتووە لە گۆی زەوی و تەقەلایەکە بۆ بەرجەستەکردنی ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی. زوربەی کارەکتەرەکانی ئەم شانۆنامەیە دواتر لە بەرهەمە شانۆییەکانی تری پییێر لاگەرکڤیستدا دەردەکەونەوە.

## • شانۆی مۆدێرن، تێبینی و ڕەخنە

پییێر لاگەرکڤیست لە ساڵی ١٩١٨ دا (ساتە دژوارەکان) بڵاودەکاتەوە، کتێبەکە سێ شانۆنامە و باسێکی شانۆییش بەناوی (شانۆی مۆدێرن، تێبینی و ڕەخنە) لەخۆدەگرێت. بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە دادەنرێت بە هەوڵێکی تیۆری و پراکتیکی و تێڕوانینی نووسەر بۆ هونەری شانۆ.

پییێر لاگەرکڤیست لە دەروازەکانی باسە تیۆری و ڕەخنە ئیستاتیکییەکەیەوە دەیەوێت پرۆگرام و بۆچوونی خۆی بۆ هونەری شانۆ ڕوون بکاتەوە. باسەکە دەبێتە هۆی گفتوگۆیەکی هونەری، ئێستاتیکی و شانۆیی لە نێوەندە شانۆیەکەی ئەوسای سوێددا.

پییێر لاگەرکڤیست هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی بەرامبەر ڕەوتی شانۆی سوێدی هەبووە و زۆر بە توندیش دژی شانۆی ناتۆرالیزم وەستاوەتەوە. تەوژمی ناتۆرالیزم لەسەر دەستی ئیبسن و ستریندبێریدا لە ئاستێکی بەرز و ترۆپکدا دەبن، لە فەرەنساوە بانگەشە بۆ ئەم شانۆیە دەکرێت و ئەمیل زۆلا و ئەندرییە ئەنتوان شانۆیەکی تایبەتمەند بۆ ڕەوتی ناتورالیزم لە پاریس دادەمەزرێنن. بەڵام پییێر لاگەرکڤیست هەست بە پێویستی جۆرێکی تری شانۆ دەکات، شانۆیەکی گوزارشت ئامێزی وەها کە فۆرمێکی جیاواز و وێنەیی لەخۆبگرێت. پییێر لاگەرکڤیست دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە شانۆ پێویستە بگەڕێتەوە سەر بنەما شانۆنیەکانی خۆی و لەبری ڕۆچوونە خوارەوە بەنێو جیهانە ناوەکییەکاندا، ڕووبکاتە دەرەوە و ئامرازە هونەری و بنەما گوزارشتئامێزەکان بەکاربهێنێت. بۆ ئەم نووسەرە شانۆ ئامرازێکی بینینە، وێنە و شیعرە و دەبێت دوور بێت لە وشە و گوێڕادێران و ئاخافتنەوە و زیاتر ئەتمۆسفێرێکی گەمەئامێز و فەنتازیا لەخۆبگرێت.

پییێر لاگەرکڤیست گەڕاوەتەوە بۆ سەر بنەماکانی شانۆی چاخەکانی ناوەڕاست و شانۆنامە پیرۆزەکانی کڵێساکان، لەم شانۆیەدا هەندێ لە بنەما گرنگەکانی شانۆیەکی تەواوەتی و چەمکەکانی هونەری شانۆی دیوە و ئاماژەی ئەوەی کردووە کە شانۆی مۆدێرن دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت. پییێر لاگەرکڤیست بۆ چەندین جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە بە گەڕانەوە و سوودوەرگرتن لە شانۆی چاخەکانی ناوەڕاست دەکرێت هونەرێکی جیاوازی شانۆ بخوڵقێنین،

شانۆیەکی فەنتازیئامێز، بەرجەستەکراو، کردەیی و دوور لە بنەماکانی خەیاڵ و ئەندێشەکانەوە.

پییر لاگەرکڤیست سەبارەت بە شانۆی ناتورالیزم دەڵێت:" شێوازی ناتورالیزم چیتر ناتوانێت وەک ئامرازێکی دەربڕین کار بکات، چیتر ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی ئەم زەمەنەی کە تیا دەژین بداتەوە. ئەم فۆرمەی شانۆ ناتوانێت گوزارشت لە زوربەی ئەو شتانەی کە لە دەوروبەر و ئەوانەشی کە لە تاریکیدا ڕووئەدەن بکات، ئەم ژیانە مۆدێرنەی ئەمڕۆ بە هەموو شێوازەکانییەوە، بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە ناتوانێت خۆی لە فۆرمەکانی ناتورالیزمدا بدۆزێتەوە."

پێیر لاگەرکڤیست هەر لەم باسەدا لە ئەکتەر و هونەری نواندنیش دەدوێت، ئەکتەر شانە گرنگەکانی شانۆیە و بەبێ بوونی ئەکتەر شانۆ ناتوانێت پەیامەکانی بگەیەنێت. ( سەرەتا و کۆتایی: ئەو شانۆیەی کە خاوەنی شانۆنامەنووس و ئەکتەرە دەبێت لەبری ڕازیبوون بەردەوام لە گەڕان و پشکنیندا بێت، لەبری ئەوەی ئێمە لەناو ئاماداگیدا بەند بکات، دەروازەکانی بەڕووی پانتاییەکاندا بکاتەوە!)

پێیر لاگەرکڤیست لەم باسەدا لە دوو ئاراستەوە هێرش دەکاتە سەر شانۆی ئەو دەمەی سویدی بە تایبەتی و ئەوروپی بە گشتی، بۆ نموونە زۆر بە توندی ڕەخنە لە شانۆنامە و ئەو شێوازەش دەگرێت کە هێنریک ئیبسن شانۆنامەکانی پێ دەنووسێت و ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لێدەگرێت و شانۆنامەکانی بە وشەی بێتامی درێژی پێنج پەردەیی ناوزەد دەکات، لەهەمانکاتدا ڕەخنە لە شانۆ ئەینتیمییەکەی ستریندبێری دەگرێت. بەلای پێیر لاگەرکڤیستەوە زۆر گرنگ بووە کە لیریک و دیالۆژ بە سەربەستی پێکەوە لەگەڵ تواناکانی هونەری شانۆ و پانتاییەکانی تەختەی شانۆ کار بکەن. شانۆ دەبێت ڕەنگدانەوەی زەمەنەکەی خۆی بێت، دراما و هونەری شانۆ لە زەمەندا پێویستی بە پێناسەکردنی ڕاستی و واقیعییەتێکە کە نزیکترە لە خودی واقیعیەتەوە.

پێیر لاگەرکڤیست ئاماژەی بۆ بنەماکانی هونەری سەردەمی باروکیش کردووە، لە باروکەوە، لە شێوازەکانی هونەری وێنەکێشان و تەنانەت پەیکەرتاشینەوە، دەگەینە ئاستەکانی هونەرێکی ساکار، قووڵ و گەمەئامێز.

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە زەمینەیەکی لابار بوون بۆ شانۆی ئەزموونگەری و گوزارشتئامێز، ئەزموونگەری لە نووسین و لە بەرجەستەکردندا، لە سەرەتاکانی دراما و لە ڕەگەزەکانی خستنە سەر شانۆدا. شانۆی ئەزموونگەری لەلای پێیر

لاگەرکڤیست کات و شوێن، واقیع و ناتەبا، ڕاستی و ئەندێشە، خەون و زیندەخەون دەکاتە وێنەیەکی تری شانۆیی.

ڕیژیسۆری سویدی پێییر لیندباری بەشێکی زۆری ژیانی هونەری خۆی بۆ خوێندنەوەی شانۆنامەکانی پێر لاگەرکڤیست تەرخان دەکات و لە ماوەی بیست ساڵدا زۆربەی شانۆنامەکانی لەسەر شانۆکانی ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری و مالمیۆ پێشکەش دەکات. پێییر لیندباری دەتوانێت توانا تەلیسماوییەکانی، بنەما ئێکسپریسیۆنیستەکانی و ئەتمۆسفێرە سوریالیستییەکانی شانۆنامەکانی پێر لاگەرکڤیست بدۆزێتەوە[6].

## • لێگەڕێن، مرۆڤ بژی

پێر لاگەرکڤیست ئەم شانۆنامەیەی لە ساڵی ١٩٤٩ دا نووسیوە و دادەنرێت بە یەکێک لە هەوڵە ئێکسپریسیۆنیستەکانی و تا ئێستا بۆ چەندین جار چاپکراوەتەوە و لەسەر زۆربەی شانۆکانی شارەکانی سویدیش نەمایشکراوە.

هەر لە سەرەتاشەوە ناونیشانەکە (لێگەڕێن، مرۆڤ بژی) ئاماژەی ئەوە دەکات کە شانۆنامەکە باسی چی دەکات، دەسپێکی ڕووداوەکانیش دووپاتی ناونیشان و ناوەڕۆکی شانۆنامەکە دەکاتەوە.

**( لە تاریکیی سەر شانۆکەوە، دەنگەکان، هەموو پێکەوە )**

**تاوانبار کێیە؟ کێ تاوانبار ئەکات؟ دادوەرەکە کێیە؟**

**شانۆ ڕووناک ئەبێتەوە. کەسەکان لەنیوە بازنەیەکدا ڕاوەستاون. لە پشتیانەوە تاریکییە.**

**هەموو پێکەوە**

**ئێمەین تاوانبارەکان! ئێمەین، ئەوانەی تاوانبار ئەکەین! تاوانبارەکان ئێمەین! ئێمەین، ئەوانەی تاوانبار ئەکەین! کێیە دادوەرەکە؟**

**"لێگەڕێن، مرۆڤ بژی"**

---

[6] ڕیژیسۆر پێییر لیندباری لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨ دا لە بەرلین ژیاوە و لە نزیکەوە چاودێری کارە گوزارشتئامێزەکانی ماکس ڕاینهارت و شانۆی ئەڵمانی بووە. هەروەها بۆ ماوەیەکیش لەگەڵ ماکس ڕاینهارت کاریکردووە.

پێیر لاگەرکڤیست کارەکتەرەکانی لە ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە هێناون و هەمووشیان بەهۆی ڕووداوی جۆراوجۆری مێژووییەوە کوژراون. بڕوانە پەراوێزەکانی شانۆنامەکە.

هەرچەندە کارەکتەرەکان ڕاستەقینەن و ڕووداوەکانیش لە مێژووەوە وەرگیراون، بەڵام شانۆنامەکە تۆماری و دیکیۆمێنتاری نییە و ئەو ڕووداوانە و خودی کارەکتەرەکان، لە دووتوێی شانۆنامەکەی پێییر لاگەرکڤیست دا بنەما و سترکتورێکی تایبەتمەندی شانۆیی لەخۆگرتووە.

کە شانۆنامەکە دەست پێدەکات، کارەکتەرەکان، یان کەسایەتییە مردووەکان لە ڕیتواڵ و کۆراڵێکی هاوبەشدا و لە تاریکیدا دەدوێن، چیرۆکی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە، بەدوای تاوانبارەکانیاندا دەگەڕێن و هۆکاری کوشتنەکەیان دەخەنە ڕوو. بوێرانە باسی گرفتەکانی ژیان دەکەن، باسی خۆشەویستی و خەون و ئازارەکانیان و مەرگ دەکەن. کارەکتەرەکان ڕووداوەکان لە دەرەوەی ژیانەوە، لە دورگەکانی مەرگەوە دەبینن و هەڵیاندەسەنگێنن.

پێیر لاگەرکڤیست بە شێوەیەکی شانۆیی وێنەیەکی زیندووی چەند بەشێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتیمان بۆ دەخاتە ڕوو، لە عیسای مەسیح، یوداس و سوکراتەسەوە تا دەگاتە ژان دارک و پاولۆ مالاتێستا و فرانسێسکا داریمنی و مسکێنێکی ئاسایی.

هەموو شانۆنامەکەش باسی ئەوە دەکات کە چۆن مرۆڤ دەژی، هونەری ژیان و مەمەڵەکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و چارەنووسەکان. ڕۆنانی درامایی شانۆنامەکە تەقلیدی نییە و سترکتورێکی دیاریکراو لەخۆناگرێت، ڕۆڵەکانیش وەک کەسانێکی دیاریکراو بەهیچ شێوەیەک کارەکتەری ناتۆرالیستیی و سایکۆلۆژیی نین، بەڵکو زیاتر چەند دەنگێکن کە گوزارشت لە هاوشێوەکانی ژیان دەکەن. بە چەندین شێوە بەرجەستەی ستەمکاری و لەناوبردنی مرۆڤ دەکات.

پێیر لاگەرکڤیست لە دەسپێکی شانۆنامەکەدا، وەک دەروازەیەکی پێناسە و خستنەڕووی ڕووداوەکان، کارەکتەرەکان یەکە یەکە بە کورتی پێشکەش دەکات. لەم دەروازەیەدا ناوی خۆیان و ئەو ڕووداوانەی کە بۆتە هۆی مردنیان دەخەنە ڕوو.

**مسکێن**

**بە چاکەتێکی دڕاو و شەرواڵێکی پینەکراوەوە، لە ڕیزەکە دێتە دەرەوە و لەنێوەڕاستی شانۆکەدا ئەوەستێت.**

**من فرانسوام، هەڵواسراو بە تاوانی دزینی پارچە گۆشتێک.**
**بە ڕێزەوە خۆی ئەچەمێنێتەوە و ئەگەڕێتەوە جێی خۆی.**
**کۆمتێس دۆ لارۆچی مۆنتفاوکۆن**
**بەهەمان شێوە دێتە پێشەوە.**
**کۆمتێس دۆ لارۆچی مۆنتفاوکۆن، لە مەقسەڵەدراو، لەلایەن خەڵکی ڕەشوڕووتەوە، ئۆکتۆبەری ١٧٩٣ Ces sales cochons**
**ئەگەڕێتەوە جێێ خۆی**
**گیۆردانۆ برۆنۆ**
**دێتە پێشەوە.**
**گیۆردانۆ برۆنۆ، بە ئاگر سووتێنراو لە پێناوی ڕاستیدا.**
**ئەگەڕێتەوە.**
**" لێگەڕێن، مرۆڤ بژی "**

شانۆنامەکە زیاتر بریتییە لە کۆمەڵێ مەنەلۆژ و کارەکتەرەکان دێنە پێشەوە و ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان بۆ بینەران دەگێڕنەوە، بەڵام هەندێکجار نووسەر ئەم تەکنیکە دەشکێنێت و لە دیالۆژێکی کورتدا، هەندێ لە کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە. بەم شێوەیەش سنورەکانی مێژوو، کات و ڕووداوەکان دەشکێنێت و یەکەیەکی تری شانۆیی و لە ساتەوەختێکی تردا بەرجەستە دەکات.

مەسەلەکانی بوون و نەبوونی بڕوا، دەسەڵاتی یەزدان، پەشێویی مرۆڤ، نەبوونی خودا، گرفتەکانی مرۆڤ _ ئابووری، ڕامیاری، ڕۆحی و ئاڵۆزی ژیان شانە گرنگەکانی ( لێگەڕێن، مرۆڤ بژی ) پێکدەهێنێت.

# کۆتایی گەمە و شانۆی
# سامۆییل بێکێت

## - چەردەیەکی کورت سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی بێکێت

سامۆییل بێکێت لە ساڵی ١٩٠٦ دا لەدایکبووە، خێزانەکەی دەوڵەمەند و ناسراو بوون و ژیانیان لە ناوچەی فۆکس ڕۆک، لە دەرەوەی شاری دبلن بەسەر بردووە. دایک و باوکی سەر بە بنەماڵەیەکی ئێرلەندی پرۆتستانتی بوون، باوکی ویلیەم بێکێت ١٨٧١- ١٩٣٣ لە بواری ئەندازەی خانووبەرە و ڕوپێویی زەویوزاردا کاریکردووە. برا گەورەکەشی فرانک بێکێت ١٩٠٢-١٩٥٤ لە بواری وەرزشدا زۆر کارامە بووە، بێکێت خۆیشی زۆر حەزی بە یاریکردن کردووە و بە تایبەتی لە مەلە کردن، بۆکسێن و تێنسدا گەلێک بەتوانا بووە، ئەم بەهرەی یاریکردنەشیان لە باوکیانەوە بۆ ماوەتەوە. بێکێت و فرانکی برای پێکەوە زۆر بە ئاسودەیی ژیاون و هەمیشە خەریکی یاریکردن بوون، بەڵام بێکێت جگە لە یاری کاتێکی زۆریش بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکات. بێکێت هەر لە منداڵییەوە ئارەزوویەکی گەورەی لەسەر خوێندنەوە هەبووە و ئەم ئارەزووەش هەموو ژیانی دەگرێتەوە، هەر لە سەرەتایشەوە زۆر بەباشی کاتەکانی خۆی لەنێوان وەرزش و خوێندندا دابەش دەکات.

سامۆییل بێکێت لە باشترین قوتابخانە و زانکۆکانی ئەوکاتەی دبلن خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٢٦ یشدا بۆ یەکەمجار، لە ڕێگای زانکۆکەیانەوە سەردانی پاریس دەکات. بێکێت لە زانکۆی ترینیتی Trinity College لە دبلن گرنگییەکی زۆر بە زمانە مۆدێرنەکان ئەدات و هەر لەم زانکۆیەدا زمانی فەڕەنسی و ئیتالی دەخوێنێت. بێکێت لە سەرەتای تەمەنیدا نووسینەکانی ( دانتی ) کارێکی

زۆری تێدەکات و دواتر ئەو کاریگەرییە لە هەموو نووسینەکانیدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگ ئەداتەوە. بێکێت بە نۆڤێل، شیعر، لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی و دواتر بە ڕۆمان دەستیکردووە بە نووسین. هەرچەندە ڕۆمانەکانی گەلێ گرنگن و جێگای سەرنج و تێڕوانینن، بەڵام بێکێت بە شانۆنامەکانی ناوبانگی جیهانیی خۆی بەدەست دەهێنێت.

ساموێیل بێکێت لە ساڵی ١٩٣٠ دا، دوای ئەوەی کۆمەڵێ بابەتی گرنگ و سەرنجڕاکێش دەنووسێت، بۆ نموونە باسێک دەربارەی جیمیس جۆیس، شیعرێکی فەلسەفی سەبارەت بە دیکارت و بابەتێکی ڕەخنەی ئەدەبییش بۆ ڕاڤەکردنی بەرهەمەکانی ڕۆماننووسی گەورەی فەڕەنسی مارسێل پرۆست، دەبێتە مامۆستا لە کۆلێژی ترینیتی. پیشەی مامۆستایی و ژیانی ئەکادیمی ناو زانکۆکان هەر زوو بێزاری دەکات، لەبەرئەوە واز لە کاری مامۆستایی دەهێنێت و خانەوادەکەی بەم بڕیارەی بێکێت زۆر دڵگران دەبن. دوای وازهێنانی لەکاری مامۆستایی دەکەوێتە گەشتی جۆراوجۆر، سەرەتا دەچێتە لەندەن و دوای ئەوە بەبێ هیچ جۆرە پلانێک بەنێو شارەکانی ئەڵمانیادا دەسوڕێتەوە. لە ساڵی ١٩٣١ یشدا یەکەم شانۆنامە دەنووسێت و لە ساڵی ١٩٣٢ یشەوە بڕیار دەدات کە بەتەواوەتی لە پاریس بژی.

باوکی بێکێت، ویلیەم بێکێت لە ساڵی ١٩٣٣ دا کۆچی دوایی دەکات و بێکێت لەو دەمەدا تەمەنی ٢٧ ساڵ دەبێت، مردنی باوکی دەبێتە هۆی خەمێکی گەورە و تەنگژەیەکی دەروونی بۆ بێکێت و لە ئەنجامدا تووشی گۆشەگیرییەکی تەواوەتی دەبێت. بێکێت لە پاریس دەست دەکات بەنووسینی شاکارە ئەدەبییەکانی و هەر لەم ساڵانەدا یەکەم ڕۆمانی خۆی Drem of Fair to Middling Women دەنووسێت. ئەم ڕۆمانەی هیچ دەزگایەکی چاپەمەنی ڕازی نابێت بڵاوی بکاتەوە و هەتا خۆیشی لە ژیاندا بوو، ئەم ڕۆمانەی بڵاونەکرێتەوە. بێکێت کۆڵ نادات، بەردەوام دەبێت، لە ساڵی ١٩٣٨ دا یەکەم ڕۆمانی بەناوی (مۆرفی) Murphy یەوە بڵاودەکاتەوە. ئەم ڕۆمانە ئەتمۆسفێری کۆمیدیایەکی شێتانەی ڕەشی پێوەیە: مۆرفی کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە هەوڵ ئەدات لە پەیوەندییە خۆشەویستییەکانیدا جیهانی ناوەوە و دەرەوەی خۆی ڕێک بخات، بەڵام مۆرفی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی واقیعی و خودی خۆی نییە، تا لە ئەنجامدا لە یەکێک لە شێتخانەکاندا دەگیرسێتەوە و ژیانی لۆژیکی خۆی لەدەست دەدات.

بێکێت لە پاریس تێکەڵاوی چینێکی بەرزی ڕۆشنبیر و نووسەرەکانی ئەوکاتەی پاریس دەبێت، لەناو ئەو نووسەرانەدا زۆر لە جیمس جۆیس نزیک دەبێتەوە.

بەرهەمەکـــانی جـــیمس جـــۆیس زۆر ســــەرنجیان ڕادەکێــشێت، کـــاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆیان بەسـەر ژیـان و بەرهەمـی بێکێـتەوە دەبێـت و بێکێـت هەمیـشە بە ڕێزەوە باسـی نووسـین و شاکارەکانی جۆیس دەکات. بێکێت و جیمیس جۆیس هێنـدە لەیەک نزیـک دەبـنەوە، هەنـدێ کەس پێیـانوایە کە بێکێـت وەک سـکرتێری جۆیس کـاری کـردووە، بەرهەمەکـانی بـۆ پـاکنووس کـردووە و سـەردانەکانی بـۆ ڕێکخــستووە. هەنــدێکی تــر دووپـــاتی ئەوە دەکەنەوە کە بێکێــت پێوەنــدییەکی خۆشەویـستیی لەگەڵ خوشـکی جۆیـسدا هەبـووە. بەڵام بێکێـت ئەم بۆچـوون و پڕوپاگەندانە بەدرۆ دەخاتەوە.

ئەم نووسـەرە لە سـاڵی ١٩٣٨ دا و لە یەکێـک لە نەخۆشـخانەکانی پـاریس و بەڕێـکەوت دۆسـتایەتی لەگەڵ ئافرەتێـک بەنـاوی سـوزان دروسـت دەکـات. ئەم دۆسـتایەتییە دواتـر دەبێـتە پێوەنـدییەکی ئـازاد و هەتاهەتـایی لەنێـوان ئەم دوو مرۆڤەدا.

کە جەنگی دووەمـی جیهـانیی هەڵدەگیرسێت، بێکێت و سـوزان لە دبلـن دەبـن، بێکێت ڕاستەوخۆ بڕیاری گەڕانەوە ئەدات، دوای ئەویش بەچەند ڕۆژێک سـوزانیش بۆ پاریس دەگەڕێتەوە.

بێکێت لەم ڕووەوە دەڵێت:( فەڕەنسام لەکاتی جەنگدا زۆر لەلا خۆشترە وەک لە ئێرلەنـدا لەکـاتی ئاشـتیدا.) دوای کەوتنـی پـاریس، بێکێـت تـێکەڵاوی هێزێکـی بەرهەڵـستکار دەبێت و دژی سـوپای نـازی دەجەنگێت. بێکێت لەو جەنـگەدا ڕۆڵـی کۆکردنەوەی زانیـاریی دەگێڕێ و دەزگـایەکی زانیـاری کۆکردنەوە دەکـاتە بنکەی چالاکییەکانی. بۆ ئەم مەبەستە زۆر بە ووریایی میکرۆفیلم، بەڵگەنـامە و دۆکۆمێنت دەربارەی چالاکی و جووڵانەوەکانی هێزەکانی ئەڵمانیا، ڕەوانەی بەریتانیا و شـوێنە باوەڕپێکراوەکـانی تـر دەکـات. بێکێـت بـۆ کـۆکردنەوەی ئەو زانیارییـانە زۆر جـار ژیـانی خـۆی دەخـاتە مەترسییەوە. بەڵام سـوور دەبێت لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو کـارانەدا. لە سـاڵی ١٩٤٢ دا کە شـانەکەیان ئاشکرا دەبێت، بێکێت و سـوزان ناچـار دەبن ڕابکەن و خۆیان بگەیەننە نـاوچە ئازادکراوەکانی فەڕەنسا. بێکێت و سـوزان بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ بەنهێنـی لە گونـدە دوورەدەسـتەکانی فەڕەنسادا ژیـان دەبەنە سـەر. هەر لەم قۆنـاخەی ژیانیدا دەسـت دەکـات بە نووسـینی ڕۆمـانی وات Watt. دوای جەنگیش بـۆ پـاریس دەگەڕێتەوە و حکومەتی فەڕەنسیش خەڵاتـی جەنـگ و میدالیای ئازایەتی پێدەبەخشێت. بێکێت ئەم قۆناخەی ژیانی دەشارێتەوە و هێندە بە

گرنگییەوە باسی ناکات. بەڵام بێکێت لەدوای جەنگەوە زمانی نووسینی خۆی دەگۆڕێت و زیاتر بە زمانی فەڕەنسی بەرهەمەکانی دەنووسێت و بڵاودەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٩ دا یەکەم دەستنووسی شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە) دەنووسێت. هەر لەم ساڵانەدا بێکێت نەمایشێکی شانۆنامەی (سۆناتای تارمایی) نووسەری سویدی ستریندباری و لە ریژی رۆگەر بلین دەبینێت. نەمایشەکە زۆر سەرنجی ڕادەکێشێ و ئارەزووی خۆی بۆ رۆگەر بلین دەردەبڕێت تا بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە پێشکەش بکات.

بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە باسی دوو کەس دەکات، ڤلادیمیر و ئێستراگۆن. ئەم دوو کەسە بەدەم چاوەڕوانیی کەسێکەوە کە ناوی ( گۆدۆ ) یە داڵدەی یەکتر ئەدەن و ووتوویژەکانیان لەنێوان هەڵوێستەی کۆمێدی، بێ ئومێدی، هیوا و بێ هیواییدا دەسوڕێتەوە. گۆدۆ پێی ڕاگەیاندوون کە دێت، بەڵام هەرگیز دەرناکەوێت. هەر لەم سەرەڕێگای چاوەڕوانییەدا لەکی و پۆزۆ دەبینن، لەکۆتایی بەشەکانیشدا منداڵێک دێت و پێیان ڕادەگەیەنێت کە گۆدۆ ئەمڕۆ نایەت، بەڵام بەدڵنیاییەوە سبەی دێت. لەسەر شانۆکەیش تەنها درەختێکی ووشکی بێ گەڵا هەیە، بەڵام لەبەشی دووەمدا ئەم درەختە ووشکە گەڵای کردووە. بێکێت دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە مەبەستی لە گەڵاکردنی درەختەکە هیچ جۆرە هیوایەک نییە و تەنها مەبەست لەوەیە کە زەمەن تێپەڕیوە.

لە ساڵی ١٩٥١ دا ڕۆمانی مۆلۆی Molloy دەنووسێت، لە هەمان ساڵدا ڕۆمانی مالۆن دەمرێت Molone meurt دەنووسێت و لە ساڵی ١٩٥٣ شدا ڕۆمانی (ئەوەی ناو نانرێ) Den onämnbare بڵاودەکاتەوە. ئەو سێ ڕۆمانەش پێکەوە سێیینەیەک پێکدەهێنن و یەکتری تەواو دەکەن. پسپۆڕ و ڕەخنەگران ڕۆمانی مۆلۆی بە سەرکەوتووترین بەرهەمەکانی بێکێت دادەنێن. ڕۆمانەکە بریتییە لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا مۆلۆی دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی، هەرچەندە دوو قاچی پتەو و بەهێزی هەیە، بەڵام ناتوانێ پاسکیلەکەی بئاژوێ و لە ئەنجامدا ناچار دەبێت لەسەر سک بەرەو چاڵێک بخشێت. لە بەشی دووەمدا، مۆران دەگەڕێت بەدوای مۆلۆیدا، مۆران لەڕێگادا ڕووتدەکرێتەوە و هەرچییەکی هەیە لەدەستی دەدات و هەرگیز مۆلۆیش نادۆزێتەوە. لەدوا وێستگەکانی ڕۆمانەکەدا مۆران گۆڕانکاری بەسەردا دێت و وەک مۆلۆی لێدێت.

لە ساڵی ١٩٥٣ دا ڕۆمانی وات Watt کە بە ئینگلیزی و لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمدا دەینووسێت، لە پاریس بڵاودەکاتەوە. هەر لەم ساڵەدا یەکەم نەمایشی

شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە لەسەر شانۆی Theatre de Babylone و بەسەرکەوتنێکی گەورەوە پێشکەش دەکرێت. شانۆنامەکە هەر لە یەکەم نەمایشییەوە دەبێتە هێمای سەرەتایەکی نوێ بۆ شانۆی فەڕەنسی، شانۆی جیهانی و تەوژمی شانۆی ئەبسورد. بێکێت هەر لە سەرەتاوە لە هەموو سەرچاوەکانی شانۆی تەقلیدی دوور دەکەوێتەوە، زمانێکی تایبەتمەند و ئەتمۆسفێرێکی جیاواز بۆ شانۆ دەخولقێنێت. بێکێت دواتر لە بەرهەمە شانۆییەکانیدا هێدی هێدی جووڵانەوە، گۆڕانکاری لە ڕووناکی، پێکهاتەکانی سینۆگرافیا و تەنانەت جەستە، جووڵە و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانیشی سنوردار دەکات: هەندێکیان لە تەنەکەی خۆڵدا دەشارێتەوە، یان لە لمدا دەیاننێژێ و تەنها سەریان بەدەرەوە دیار دەمێنێ و لەدوا پیەسەکانیشیدا Not 1 هەموو جەستەی ئەکتەر وەلاوە دەنێ و تەنها ڕووناکی لەسەر ( دەم ) ی ئەکتەر دەبێت. لە شانۆنامەی ( هەناسەدان ) یشدا بەتەواوەتی بوونی ئەکتەر وەلاوە دەنێت.

لەساڵی ١٩٥٧ دا دووەم پیەسی خۆی ( کۆتایی گەمە ) دەنووسێت. لە کۆتایی گەمەدا، کارەکتەرەکان چیرۆک و یادەوەرییەکانی خۆیان دەگێڕنەوە و بیر لەهەندێ شت دەکەنەوە، تەنها بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر بوونی خۆیان و دەوروبەرەکەیاندا بشکێت. شانۆکانی فەڕەنسا بە پیر ( کۆتایی گەمە ) وە ناچن، بەڵام لە لەندەن و لەسەر شانۆی Royal Court Theatre و بە زمانی فەڕەنسی پێشکەش دەکرێت. هەر لە لەندەن و بەر لە دوو ساڵ، واتە ساڵی ١٩٥٥ پیتەر هاڵ بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکات. ڕیژیسۆرێکی گەورەی وەک پیتەر هاڵ ئاماژەی ئەوە دەکات کە لەدوای بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە، هەرگیز شانۆ نەگەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی. پیتەر هاڵ لە کتێبی یادەوەرییەکانیدا دەگەڕێتەوە سەر بێکێت و ئاماژە بە ئەفسونی میم و کرداری فیزیکی، لەپاڵ ووزە و هێزی وشەدا ئەدات لەشانۆی بێکێتدا.

سامۆییێل بێکێت کۆمەڵێ شانۆنامەی تری گرنگ دەنووسێت، لەوانە لە ساڵی ١٩٥٨ دا ( دوا شریتی کراب ) و لە ساڵی ١٩٦٠ دا ( نواندنێکی بێدەنگ ) و لە ساڵی ١٩٦١ دا ( ڕۆژێکی بەختیار ) و لە ساڵی ١٩٦٦ دا ( هەناسەدان ). بێکێت زیاتر و زیاتر لە شانۆنامەکانیدا گرنگی ئەدات بە دەنگ لەبری وشە، لەدوا شریتی کرابدا، کراب گوێ لە دەنگی خۆی دەگرێت کە لەسەر شریت تۆمارکراوە. لە Not 1 کە شانۆنامەیەکی یەک پەردەییە، تەنها دەمێک، دەمێکی ئاخێوەر دەبینرێت.

ئەم شانۆنامەیە زۆر بە قوولی باسی گەڕان بەدوای خودی خۆدا دەکات، هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە ئێمەی مرۆڤ بیر و بۆچوونەکانمان لەکوێوە سەرچاوە وەردەگرێت.

سامۆییل بێکێت سەر بە دوو کولتووری جیاواز بووە و هەردوو زمانی ئەو دوو کولتوورەشی باش زانیوە. ئینگلیزی کە زمانی دایکی بووە، لە دبلن و قوتابخانەکانی ئەو وڵاتەوە زمانێکی ستانداری ئەدەبی بەرز فێردەبێت. وریایی لە زمان و خوێندنەوە بەردەوامەکانی، زمانە ئەدەبیە ئینگلیزییەکەی دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرز و سەرەتای نووسینەکانیشی هەر بەم زمانە دەبێت. بەڵام زمانی فەڕەنسی سەربەستییەکی تر و دەروازەیەکی جیاوازتری پێدەبەخشێت، دەرگاکانی فەڕەنسا و شاری پاریسیان بۆ دەکاتەوە. زمانی فەڕەنسی بۆ بێکێت دەبێتە زمانی عەشق و داهێنان. کە هێدی هێدی لە زمانی ئینگلیزییش دوور دەکەوێتەوە، زمانی فەڕەنسی دەبێتە زمانی یەکەمی. بەڵام بێکێت هەردوو زمانەکە زۆر بەباشی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە هەر خۆی و بە سەلیقە و وەستایانە بەرهەمەکانی خۆی لە فەڕەنسیەوە وەردەگێڕێتە سەر ئینگلیزی و لە ئینگلیزیشەوە بۆ سەر زمانی فەڕەنسی. ئەم گەمە کردنە بەپێزەی نێوان ئەم دوو زمانە گەورەیە، بەرهەمەکانی گەلێ دەوڵەمەندتر و ئاسۆی هزریشی فراوانتر دەکات.

بێکێت لە ساڵی ١٩٦٩ دا پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت و لە ساڵی ١٩٨٩ شدا هەموو شتێک کۆتایی پێدێت: لە سەرەتادا لە مانگی تەمووزدا سوزانی هاوڕێی ژیانی لە تەمەنی ٨٩ ساڵییدا کۆچی دوایی دەکات، بێکێت خۆیشی لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا و لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی هەتاهەتایی دەکات.

## • بێکێت و شانۆی پووچگەرایی

لەکۆتایی ساڵەکانی دەیەی چل بەدواوە ڕێبازی شانۆی ئەبسورد و پووچگەرایی لە پاریس گەشە دەکات. ئەم ڕێبازە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لایەنگیران و نووسەرانی زیاتری لەدەور کۆدەبێتەوە، بەهەمان شێوە دەروازەیەکی فەلسەفی و ڕەخنەئامێزیش بەڕووی بەرهەمەکانی ئەم ڕێبازەدا دەکرێتەوە.

ئارتور ئەدامۆف، فێرناردۆ ئارابال، سامۆییل بێکێت، ژان ژینییە و یۆژین یۆنسکۆ نوێنەرە ڕاستەقینەکانی ئەم ڕێبازە بوون و زۆر بە وورییایی، بەخێرایی و

لە دیدێکی فەلسەفییەوە برەو بەو ڕێبازە دەدەن. بێگومان ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی دووەم، برسێتی، بێ هیوایی، مەرگ، هەژاری و نەمانی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی زەمینەیەکی لەباری دروست بوونی ئەم ڕێبازەن. ئەم نووسەرانە هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە چارەنووس و بوونی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی قووڵ و ڕاستەوخۆ بەرجەستە بکەن. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەم نووسەرانە شانۆنامەکانیان لەهەموو بنەما واقیعییەکان داماڵی و گەڕانەوە بۆ گەوهەرە بنەڕەتییەکانی هونەری شانۆ، شانۆنامەکانیان پاککردەوە لە مەسەلە سیکۆلۆژی، گیروگرفتە کۆمەڵایەتیی و بابەتە مێژووییەکان. لەبری ئەوە ئەم نووسەرانە دید و بونیادی شانۆنامەکانیان لەسەر کۆمەڵێ هێما دادەنێن: بۆ نموونە تەنەکەیەکی خۆڵ، لاشەیەک، چەند کورسییەکی بەتاڵ، درەختێکی بێ گەڵا، یان پانتاییەکی بۆش، سەر شانۆکانیان دەگرێتەوە. ئەم نووسەرانە دەیانویست لەڕووکاری دەرەوەی واقیع و ژیانی ڕۆژانە دوور بکەونەوە و وێنە ڕیالیزمییەکان لەخودی شانۆ دوور بخەنەوە، لەبری ئەوە وێنەی مەجازی و هێما بەکاربێنن. بێکێت بە شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە ڕێچکەکەی شکاند و فۆرمێکی نوێ و زمانێکی جیاوازی بۆ هونەری شانۆ داهێنا.

لەبەرهەمەکانی تریدا برەوی بەو تەکنیکەدا: لە بەشی یەکەمی شانۆنامەی (ڕۆژێکی بەختیاردا)، ژنێک تا ناوقەدی لە لمدا نێژراوە و کە دەگەینە بەشی کۆتایی تەنها سەری بەدەرەوە دەمێنێتەوە. یان یۆژین یۆنسکۆ لە شانۆنامەی (کرێگرتەدا) کە مرۆڤێک دەگوێزێتەوە بۆ ژوورێکی چۆڵ و شتوومەکەکانی یەک لەدوای یەک دێنێتە ژوورەوە. کورسی، مێز، دۆلاب و .... هتد، ئەم کەلوپەلانە دوایی نایەت و بەردەوام لەزیادبووندایە، تا هەموو ژوورەکە داگیر دەکات و کرێگرتەش بەتەواوەتی لەناو ئەو هەموو کورسی و مێز و دۆلابانەدا ون دەبێت و دەبێتە بەشێک لەو شتانە.

## • بێکێتی نووسەر و بێکێتی ڕیژیسۆر

بێکێت لە ساڵی ١٩٦٤ ەوە دەکەوێتە کارکردن لە پیەسەکانی خۆیدا، سەرەتا لە فەڕەنسا، دوای ئەوە لە ئینگلیزستان، ئەمەریکا و ئەڵمانیا. ئەم ڕووبەڕووبونەوە کردەییەش لەگەڵ شانۆدا وا لە بێکێت دەکات کە وردە وردە گۆڕانکاری لە

تێکستەکانیدا بکات، هەندێ شت لابەرێت و هەندێکی تر بگۆڕێت و لەهەندی حاڵەتیشدا دیمەن و دیالۆژ و تەنانەت کارەکتەرەکانیش سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە.

بێکێت هەندێک جار لەگەڵ ڕیژیسۆری کارەکانی خۆشیدا دانیشتووە و زۆر لە نزیکەوە چاودێری کارەکانی کردوون. لەم چاودێری کردنەدا زۆر ڕەق بووە و بە هەموو شتێک قایل نەبووە و ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکانی خستۆتە ژێر هەڵوێستەی گرانی ڕەخنەییەوە. کە خۆیشی کاریکردووە، بەهەمان شێوە ڕەق بووە، هەندێ جار خۆی تێکستەکانی بەشێوازێک خوێندۆتەوە و داوای لە ئەکتەرەکانی کردووە کە بەهەمان شێوە لاسایی ئەو بکەنەوە، یان داوای لێکردوون کە سەد دەر سەد وەک ئەو بجوڵێنەوە.

ئەم کارکردنە ڕاستەوخۆیەش لەگەڵ ئەکتەرەکاندا زۆر گۆڕانکاری لەلای بێکێت دروست دەکات، بێکێت بەچاوێکی ترەوە دەڕوانێتە پیەسەکانی و بەجۆرێکی تر تێیان دەگات. ئەو گۆڕانکارییانەی بێکێت لەکاتی مەشقی شانۆنامەکانیدا کردوویەتی وای لە دیالۆژ و ڕووداوەکان کردووە کە زیاتر چڕ ببنەوە و لەگەڵ ئەتمۆسفێری شانۆدا بگونجێن. بێکێت خۆی وەک ڕیژیسۆر لە هەموو کەسێک زیاتر توانیویەتی پەی بە ووردەکاری و میناتۆرەکانی ناو پیەسەکانی بەرێت. هەروەها هەر بێکێت لەهەموو ڕیژیسۆرێک زیاتر توانیویەتی مۆسیقا و ڕیتمی نێو دیمەن و ڕستە کورتەکانی بدۆزێتەوە.

## • تەنگژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بێکێت

لە ساڵی ١٩٨٩ وە سەنتەری The Theatrical Notebooks of Samuel Beckett دەستیکردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بێکێت. لەم سەنتەرەدا کۆمەڵێ پسپۆڕی تایبەتمەند خەریکی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری و ساخکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەن، تا سەرلەنوێ تێکڕای نووسینەکانی لەچەند بەرگێکدا بڵاوبکرێتەوە.

بێکێت تا خۆی لە ژیاندا بووە گۆڕانکاری زۆری لە پیەسەکانیدا کردوون و زوربەی چاپی شانۆنامەکانی جیاوازی دیار و ئاشکرایان پێوە دیارە. کاری ئەم گروپەش ئەوەیە کە زۆر بە ووردی لە چاپە جیاوازەکانی پیەسەکانی بکۆڵێتەوە،

تێبینییەکانی بێکێت خۆی ڕاڤە بکەن، دەفتەری دەرهێنانەکانی بخەنە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زانستییانەوە. بێکێت لەو دەفتەرانەدا زۆر تێبینی گرنگی نووسیون، ئاماژەی بە گۆڕانکارییەکان کردووە، ئەم گروپە لە تەقەلای ئەوەدان بتوانن لە نەژادی پیەسەکانی بێکێت خۆیەوە نزیک ببنەوە، تا بزانن چۆن دوا گۆڕانکارییەکانی کردوون و چۆن بیریکردۆتەوە. ئەم گۆڕانکارییانەی بێکێت و چاپە جیاوازەکانی تەنگژەیەکی گەورەی بۆ وەرگێڕی بەرهەمەکانی بێکێت لە سەرانسەری جیهاندا دروستکردووە و هەندێک جار ئەو وەرگێڕانە تووشی هەڵە و چەواشەکاریی بوون. ئامانجی ئەم سەنتەرەیش ئەوەیە کە چاپێکی یەکگرتوو و بێ کێشە بۆ تێکڕای بەرهەمەکانی بێکێت دەستەبەر بکات.

## • کۆتایی گەمە یان گەمەی دەسەڵات

لە شانۆنامەی (کۆتایی گەمەدا) کارەکتەری هام وەک سمبوڵی دەسەڵات، بە کوێری و لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە. گەمەی نێوان کارەکتەرەکانیش، بەتایبەتی هام و کلۆف گەمەی دەسەڵات: دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، پادشا و دەستوپێوەند و سمبوڵەکانی تری چەمکی دەسەڵات بەرجەستە دەکەن.

شانۆنامەی کۆتایی گەمە بۆ یەکەمجار لە لەندەن و لە ساڵی ١٩٥٧ دا و لە نیۆیۆرکیش لەساڵی ١٩٥٨ دا نەمایشکراوە. نەمایشەکەی نیۆیۆرک لە ڕیژی هونەرمەند ئالن شنایدەر و لەسەر شانۆی Cherry Lane Theatre بووە، ئەم نەمایشە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە و هەر لەسەرەتاشەوە بێکێت بە بەردەوامی خەریکی نامە گۆڕینەوە بووە لەگەڵ ڕیژیسۆر ئالن شنایدەر. بێکێت لەو نامانەدا کۆمەڵێ مەسەلەی زۆر گرنگ سەبارەت بە هەردوو شانۆنامەی (کۆتایی گەمە) و (بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە) و هەندێ مەسەلەی ڕەخنەییەوە دەخاتە ڕوو، دواتر هەندێ لەو نامانە و وەڵامەکانی ئالن شنایدەر لە کتێبێکدا چاپکراون.

کۆتایی گەمە بەپێچەوانەی بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە نەفەسێکی قووڵی ویژەیی تێدایە. کۆتایی گەمە بەشێوەیەک لەشێوەکان شانۆنامەکانی شالیر، زریان و ڕیشاردی سێیەمی شەکسپیرمان بیردەخاتەوە. زۆر لە توێژەرەوانی شانۆی جیهانی دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە کارەکتەری هام زۆر نزیکە لە کارەکتەری شالیری شەکسپیر و هەندێ لە ڕیژیسۆرەکانیش ( هام ) یان وەک شالیر

بەرجەستە کردووە. کۆتایی گەمە بەشێک لەچیرۆکەکانی ئینجیل و فەلسەفەی گریکییش لەخۆ دەگرێت.

لەکۆتایی گەمەدا، ژوورێکی ڕووتوقووت، کورسییەکی بزۆزی پێچکەدار و دوو تەنەکەی خۆڵی تێدایە. تابلۆیەک بەهەڵاوگێڕاویی هەڵواسراوە، دوو پەنجەرەی بەرز، دووربینێک، پەیژەیەک و فیکەیەک بەکاردەهێنرێت. ئەم ژوورە یان ئەم جیهانە بەتەواوەتی لەهەموو جیهان، سروشت و زەمەنێکی دیاریکراودا دابڕاوە. هام هەست بەم دابڕانە کوشندەیە دەکات و بە کلۆف دەڵێت:

**هام**

**سروشت ئێمەی لەبیرچووە!**

**کلۆف**

**سروشتی لێنەماوە.**

**هام**

**سروشتی لێنەماوە! موبالەغە دەکەیت!**

**کلۆف**

**لەم دەوروبەرە!**

**هام**

**بەڵام خۆ هەناسە دەدەین، دەگۆڕێین، قژمان دەوەرێ، ددانمان دەکەوێ! تەڕوبڕیمان لەدەستدەدەین، هزرمان ووندەکەین!**

**کلۆف**

**کەواتە سروشت ئێمەی لەبیر نەکردووە!**

**هام**

**بەڵام تۆ دەڵێیت کە لێرە سروشتی لێنەماوە.**

**کۆتایی گەمە**

کۆتایی گەمە چوار کارەکتەر لەخۆ دەگرێت، ئەم کارەکتەرانە بەپێچەوانەی شانۆنامە گوزارشت ئامێزەکانەوە کە هیچ جۆرە ناوێکیان نییە، هەریەکە و ناوی تایبەتی خۆی هەیە: ناگ، نیل، هام و کلۆف. ئەوەی جێگای سەرنجە سیانیان بەدرێژایی شانۆنامەکە دانیشتوون و قاچیان نابینرێت، بەڵام ئەویتریان بەدرێژایی شانۆنامەکە بەپێوەیە و هەرگیز دانانیشێت. ناگ و نیل کە دایک و باوکی ( هام ) ن،

هەریەکە و لە تەنەکەیەکی خۆڵی خۆیدا دانیشتووە و تەنها جارناجارێک سەریان دەبینرێت. سێیەمیان ( هام ) کوێرە و بەدرێژایی شانۆنامەکە لەسەر کورسییە پێچکەدارەکەی دانیشتووە، چوارەمیشیان کلۆفی کۆیلە و بەردەستی هامە. ئەم چوار کارەکتەرە پێوەندییەکی گرژ، توندوتیژ و دڵڕەقانە کۆیان دەکاتەوە. هەندێ جاریش گەمەیەکی بێزەوەری کۆمێدی لەگەڵ یەکتر دەکەن. ئەم گەمەیە داڵدەیەکی بێمانای دوو کەسە کە پێکەوە پەیوەستن و ناتوانن لەیەک دوور بکەونەوە، لەهەمان کاتدا ناتوانن پێکەوەیش بژین:

**هام**

**پەنجەرەکە بکەرەوە!**

**کلۆف**

**بۆچی؟**

**هام**

**دەمەوێ گوێ لە دەریا بگرم.**

**کلۆف**

**گوێت لێی نابێت.**

**هام**

**ئەگەر پەنجەرەکەیش بکەیتەوە؟**

**کلۆف**

**نە.**

**هام**

**کەواتە پێویست ناکا بیکەیتەوە.**

**کلۆف**

**نە.**

**هام**

**( بە توندوتیژییەوە ) دە کەواتە بیکەرەوە . ( کلۆف دەچێتە سەر پەیژەکە، پەنجەرەکە دەکاتەوە، ساتێک ) پەنجەرەکەت کردەوە؟**

**کلۆف**

**ئا.**

**هام**

**سوێندم بۆ دەخۆیت کە پەنجەرەکەت کردۆتەوە؟**

**کلۆف**

**ئا. ( ساتێک )**

**هام**

**چاکە. ( ساتێک ) کەواتە دەبێ دەریا زۆر ئارام بێ؟**

**( ساتێک ) پێتدەڵێم ئایا دەریا ئارامە؟**

**کلۆف**

**ئا.**

**کۆتایی گەمە**

ئەم کارەکتەرانە لەو کەسانە دەچن کە خەون بە مەرگی خۆیانەوە دەبینن، لەبێئاگاییدا دەدوێن، لە ساتەوەختە گرانەکاندا گەمەی دەسەڵات دەکەن و بەیەکتردا هەڵدەشاخێن.

بێکێت خۆی لە سەرەتای نووسینی ئەم پیەسەدا چەندین هزر و بۆچوونی جیاوازی هەبووە، بۆ نموونە لە یەکێک لە دەستخەتە سەرەتاییەکانی پیەسەکەدا دووپاتی مەسەلەی گۆڕینی شوناسی ڕەگەزی کارەکتەرەکانی کردۆتەوە: کلۆف لەپڕ بە قژی دەستکرد و جووتێک مەمکی زلی خوازراوەوە، هەروەک ئافرەت دەردەکەوێت. بەڵام بێکێت دواتر ئەم بۆچوونانە بەتەواوەتی لە پیەسەکەدا لادەبات و دەگەڕێتەوە سەر بنەما سەرەتاییەکانی پیەسەکە.

## • کۆتایی گەمە یان گەمەی شەترەنج

زۆر لە ڕەخنەگرە گەورەکان و پسپۆڕانی بێکێت ئاماژەی ئەوەیان کردووە کە شانۆنامەی کۆتایی گەمە چەندە نزیکە لە شانۆنامەی شالیری شەکسپیرەوە، هێندەیش جۆرێکە لە گەمەی شەترەنج. هام کە بەبێ جووڵە لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە، پادشای ئەم گەمەیەیە. دوو تەنەکەی خۆڵەکەش کە ناگ و نیلی تیادایە هاوشێوەی دوو قەڵای ئەمسەر و ئەوسەری گەمەی شەترەنجن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، کێ لەم گەمەیەدا دژ بە پادشا ( هام ) دەجوڵێتەوە؟ کات تاکە ململانێی ( هام ) ە کە خەریکە بە تەواوەتی بەسەر دەچێت و گەمەکە بەرەو سنوورەکانی کۆتایی دەبات.

لەم گەمەی شەترەنجەدا بواری جووڵانەوە و هاتوچۆکردن زۆر تەسک و دیاریکراوە. هام کە کارەکتەری سەرەکی شانۆنامەکەیە بەدرێژایی نمایشەکە لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و چیرۆکی بۆ سەروبەر دەگێڕێتەوە. بەردەستەکەشی کلۆف هەرگیز دانانیشێت و هەمیشە بەپێوەیە.

یەکێکیش لە مەسەلە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە ئەوەیە کە ئەم دوو کارەکتەرە، هام و کلۆف بگەنە کۆتایی، وێستگەی کۆتایی، کۆتایی گەمەکە یان کۆتایی ژیان، ئەمەش هاوکێشەیەکی چڕ و گرانی شانۆنامەکەیە. هام هەر لەسەرەتای شانۆنامەکەوە باسی کۆتایی دەکات:

**هام**

**ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، تەنانەت لەنێو پەنا و حەشارگەکانیش دەبێ ئەمە کۆتایی پێبێ. (ساتێک) لەهەمانکاتدا هەردەم ڕاڕام. دوودڵم کۆتایی پێ .... پێ بهێنم. بەڵێ وایە. کاتی ئەوەیە کۆتایی بێ و هێشتا هەر ڕاڕام کۆتایی پێ بهێنم. ( باوێشک ) ئۆووو ... بڕوانن خەریکی چیم، چاکتر وایە بچم بنووم.**

**کۆتایی گەمە**

یان لە دیمەنێکی تری شانۆنامەکەدا هام و کلۆف بەم شێوەیە باسی ڕاگرتنی گەمەکە دەکەن:

**کلۆف**

**( بە پاڕانەوە ) با ئەم گەمەیە ڕاگرین.**

**هام**

**هەرگیز. ( ساتێک ) بمخە ناو تابوتەکەم.**

**کلۆف**

**تابوتی لێنەماوە.**

**هام**

**کەواتە با کۆتایی بێ. ( کلۆف دەچێت بۆ لای پەیژەکە. بە توندوتیژییەوە ) زۆر بەخێرایی با تەواو بێ.**

**کۆتایی گەمە**

هەر لەم ڕوانگەیەشـــەوە وەک لەوەوبەر ئاماژەمــان بـۆ کـردووە چەمکـی کـات بـوونێکی گەورە و مەسـەلەیەکی گرنگ لە پیەسـەکەدا لەخۆدەگرێت، ئەو کۆتـاییەی کە نزیکە، کۆتایی چەمکی زەمەنێکی فەلسەفی گەمەکەی هـام و کلۆفە. لەهەمانکاتدا لەم گەمەیەدا کلـۆفیش ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیە: کلـۆف پەیوەنـدە بە هـامەوە، هـام دەیەوێت بمرێت، بەڵام کلۆف دەیەوێت بژی. کێ کش لەکێ دەکات بەپێی پرنسیپ و لۆژیکەکـانی گەمەی شـەترەنج. هەمـوو شـتێک وەک خـۆیەتی، هەرچەنـدە کلـۆف زیـاتر دەبێـتە خـاوەنی خـۆی و لەکۆتاییـدا دەیەوێـت هـام جێبێڵێـت، بەڵام هەرگیـز ناگاتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ ئەو بڕیارە بدات و هام جێبێڵێت:

**هام**

**تۆ بۆچی لەگەڵ من دەمێنیتەوە؟**

**کلۆف**

**ئەی تۆ بۆچی من ڕادەگریت؟**

**هام**

**کەسێکی تر نییە.**

**کلۆف**

**شوێنێکی تر نییە.**

**کۆتایی گەمە**

سـامۆییل بێکێـت سـەبارەت بە میتـافۆری لێکچـوونی گەمەی شـەترەنج و شـانۆنامەی کۆتـایی گەمە دەڵێـت: هـام پادشـای ئەم گەمەیەیە کە هەر لەسـەرەتاوە دۆڕاوە، هەر لەسـەرەتاوە ئەم پادشـا دۆڕاوە دەزانێـت هەمـوو ئەو شـتانەی کە دەیانکـات هـیچ مانایەکیـان نیـیە. هەروەهـا لەم گەمەیەدا، هـام هـیچ هەنگـاوێکی چاوەڕوانکراو و شیاویش نانێت. لە بەرئەنجامدا کۆمەڵێ یاری بێ ئەنجام و بێ پلان دەکات، یاری وەها کە هەر یاریزانی گەمژە و نەزان یاری وەها دەکات.

## • هام و کلۆف یان ڤلادیمیر و ئێستراگۆن

هام و کلۆف درێژکراوەیەکی لۆژیکی ڤلادیمیر و ئێستراگۆنن، یاخود وەک بێکێت خۆی ئاماژەی بۆ کردووە، هام و کلۆف، ڤلادیمیر و ئێستراگۆنن بە پیریی. کلۆف و ئێستراگۆن، لە بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە و لە کۆتایی گەمەدا، بەبەردەوامیی باسی ئەوە دەکەن کە پێویستە لەیەکتری، لە هام و ڤلادیمیر جیاببنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ بنێن و بەبێ ئەوەی یەک هەنگاو لەیەکتری دوور بکەونەوە. ئەم دوو کارەکتەرە ناتوانن پێکەوە بژین، بەڵام لەهەمانکاتدا ناتوانن بەبێ یەکیش بژین.

لەدوا دیمەنی شانۆنامەی کۆتایی گەمەدا کلۆف دێتە ژوورەوە و جلوبەرگی گۆڕیوە و جانتای سەفەری بەدەستەوەیە و خۆی بە تەواوەتی ئامادە کردووە تا بڕوات و هام بەجێ بهێڵێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناجوڵێ و لە ژوورەکەش ناچێتە دەرەوە، هەروەک دوا دیمەنی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆوە:

**ڤلادیمیر**

**ئێستا بڕۆین؟**

**ئێستراگۆن**

**با بڕۆین.**

**( ناجوڵێن )**

**بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە**

لەدوا چرکەساتەکانی کۆتایی گەمەدا مرۆڤێک، تەتەرێک دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی هیچ پەیامێکی پێبێ و بەبێ ئەوەی بێتە سەر شانۆش. تەتەرەکە منداڵێکە و نازانین تەمەنی چەندە و بەرەو کوێ دەچێت؟

کلۆف لە پەنجەرەکەوە تەماشا دەکات و هەواڵەکە بە هام دەگەیەنێ:

**کلۆف**

**ئۆو ... کەسێکە..**

**هام**

**ئێ چاکە، برۆ لەناویبەرە. (کلۆف لە پەیژەکە دادەبەزێت) یەکێک! (دەلەرزێ) فەرمانی خۆت بەجێبگەیەنە. (کلۆف بەخێرایی بەرەو دەرگاکە دەڕوا) نا، پێویست ناکا. (کلۆف دەوەستێ) چەند دوورە؟**

**( کلۆف دەگەڕێتەوە بۆ لای پەیژەکە، سەردەکەوێتە سەری، دووربینەکە ئاڕاستە دەکا )**

**کلۆف**

**حەفتا و ... چوار مەتر.**

**هام**

**نزیک دەبێتەوە؟ دوور دەکەوێتەوە؟**

**کلۆف**

**( بەردەوام تەماشا دەکا ) ناجووڵێتەوە.**

**هام**

**نێرە؟ مێیە؟**

**کلۆف**

**جا ئەوە دەبێ گرنگی چی بێ؟ ( پەنجەرەکە دەکاتەوە خۆی بۆ دەرەوە دەچەمێنێتەوە. کاتێک. ڕاست دەبێتەوە، دووربینەکە نزم دەکاتەوە، بەرەو هام دەسوڕێ، بە ترسەوە ) پێدەچی مناڵێک بێ.**

**کۆتایی گەمە**

کۆتایی گەمەش وەک دەسپێکی گەمەکە وایە، هام دەستەسڕە خوێناوییەکە بۆ دواجار دەداتەوە بەسەر دەموچاویدا و کۆتایی بە گەمەکە دێنێ. کلۆفیش بەبێ جوڵە و لەوپەڕی ئامادەییدا، بۆ گەمەی داهاتوو، لەپاڵ هام دا ڕاوەستاوە.

**هام**

**کلۆف! ( ساتێکی درێژ ) نا؟ چاکە. ( دەستەسڕەکەی دەردەهێنێ ) لەبەرئەوەی ئەمە بەم شێوەیە گەمە دەکرێ. ( دەستەسڕەکە دەکاتەوە ) ئێمەیش بەم شێوەیە ئەم گەمەیە دەکەین. ( دەستەسڕەکە دەکاتەوە ) ئینجا باسی ناکەین و ناچینەوە سەری. ( تەواو دەستەسڕەکە دەکاتەوە ) باسی لێوە ناکەین . ( دەستەسڕەکە بەکراوەیی بەرامبەر خۆی ڕادەگرێ ) کۆنە پەڕۆ. ( ساتێک ) ئا ... تۆ ... تۆ دەهێڵمەوە.**

**( کاتێک، دەستەسڕەکە لە دەموچاوی نزیک دەکاتەوە )**

**کۆتایی گەمە**

# پێگەی ژان ژینییە لە شانۆی هاوچەرخی جیهانیدا

## • ژان ژینییە ... ئەفسانە و واقیع

ژیـانی ژان ژینیـیە: لەدایکبـوونی، گەورەبـوونی، یـاخی بـوونی، نووسـینەکانی، پێوەندییە سێکسییە ناتەباکانی، بەدمەستیی، سوالْکردن، هۆمۆسێکسوالْیی، دزیی، بەنـدیخانە و تەنـانەت مەرگیـشی، واقیـع و خەیـالْ تیایانـدا تـێکەلاو دەبێـت و ئەفـسانەیەکی جیـاواز دەخولْقێنێـت. ئەفـسانەیەک کە فەیلەسـوف و نووسـەری گەورەی فەڕەنـسی ژان پـۆلْ سـارتەر ١٩٠٥-١٩٨٠ بە ( قەدیـس و شـەهید ) ئاماژەی بۆ دەکات.

ئەم نووسەرە یاخییە لە نۆزدەی مانگی دیسەمبەری سالْی ١٩١٠ دا لە پاریس بە زۆلْیی لەدایک بووە، باوکی تا ئێستایش نازانری کێ بووە، دایکی ئافرەتێکی سۆزانی بووە و بۆ دابینکردنی ژیانێکی کولەمەرگیی جەستەی خۆی فرۆشتووە. لەدایکبوونی ژان ژینییەش هەر لەسەرەتاوە کارەساتێکی کۆمەلایەتیی، ئاکاریی و دەروونیی بۆ ئافرەتێکی بێکەسی بێ دەرامەت دروست دەکات. بێگومان ئەو دایکە نەک توانای پەروەردەکردنی ئەو کۆرپەیەی نابێت، بەلْکو ناتوانآ لەسەر ئاستێکی زۆر ساکاریش – بژێوی ژیانی خۆیشی دابین بکات. لەبەر ئەوە، ئەو ئافرەتە تەنها دوای حەوت مانـگ ئەو کـۆرپە تـازە لەدایکبـووە دەداتە دەسـت یەکێـک لە هەتیوخانەکانی ئەوکاتەی پاریس.

هەر بە ماوەیەکی کەم خێزانێکی جووتیار لە باشووری فەڕەنساوە دێن و ئەو مندالْە هەتیوە دەگرنە خۆ، بەلام ژان ژینییە هەرگیز لەنێو ئەم خێزانەدا جێگای نابێتەوە، هەرگیز نانێکی گەرم ناخوات و هەرگیز نابێتە مندالْی ئەم خێزانە و هەر زوو لەسـەر دزیـی پەرتەوازە دەبێـت. پەرتەوازەبـوونی ژان ژینیـیەش لەو

ســەرەتایەدا، لەو دەســپێکە نــوێیەی ژیانــدا، پەرتەوازەبــوونی مرۆڤێکــی گەورە و لەدایکبوونی ئەفسانەی جیهانێکی نوێیە. ژان ژینییە لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە واز لە قوتابخانە دەهێنێت، ڕێگایەکی چەوت دەگرێتە بەر، دەبێتە دز، هۆمۆسێکسواڵ، بەدمەســت، شــەڕانی و دوای ئەوە بۆ چەنــدین جــار لەســەر دزیــی دەگیــرێ و لە بەندیخانەکان توند دەکرێت. بەم شێوەیەش ژان ژینییە هەموو قۆناخی هەرزەکاریی و گەورەبــوونی لە بەنــدیخانەی چارەســەری گەنجــان و دەزگــا کۆمەڵایەتییەکــان دەبــاتە ســەر، زۆر جــار ڕادەکــات و دەگیــرێتەوە، ڕادەکــات و دەگیــرێتەوە. کە گەورەش دەبێت بەشێکی زۆری تەمەنی هەر لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا دەباتە سەر. ژان ژینییە لە دەیەی سییەکانی هەزارەی ڕابردوودا، گەشتێک دەکات بەنێو زۆربەی وڵاتــانی ئەوروپــای ڕۆژئــاوادا، لەم قۆنــاخەدا زیــاتر وەک دزێکــی بچــوک دەناسرێ و هەر لەم سەردەمەشدا دەکەوێتە فرۆشتنی لەشی خۆشی.

## • نووسەری بەندیخانە

یەکەم ڕۆژی لەدایکبوون، یەکەم ڕۆژەکانی دیاریکردنی چارەنووسێکی ڕەش و هەڵگێڕانەوەی بەهاکانیش دەبێت. یەکەم ڕۆژەکانی ژیان لە هەتیوخانەکانی پاریسدا دەباتە سەر و لەنێو دیوارە ڕەق و تەقەکانی بەندیخانەکانیشدا گەورە دەبێت. ژان ژینییە لە بەندیخانەکاندا هەست بە ئازارەکانی هەتیویی خۆی دەکات و لەهەمانکاتدا لە مانا ڕاستەقینەکانی سەربەستییەکی ڕەهاش دەگات، ئەو سەربەستییەی بۆ ئەو بە تەواوەتی وونە. ژان ژینییە لە دەروازەی بەندیخانەکانەوە، لە ڕوانگەی ژیانێکی بوهیمییەوە، هەموو تەمەنی خۆی تەرخانی گەڕان و دۆزینەوەی چەمک و ماناکانی وشــەی سەربەســتیی دەکــات. هەر لە بەنــدیخانەش لە ئازارەکــانی ( ئەوانیتــر ) دەڕوانێ و لێیان تێدەگات، ئەوانیتر کە سارتەر بە ( دۆزەخ ) ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵام ژان ژینیــیە لەو دۆزەخەدا، دۆزەخــی هاوڕێکــانی بەنــدیخانەی، ئــارامیی دەدۆزێتەوە.

بێ دایک و باوکیی و بێ لانەیی وا لە ژان ژینییە دەکات ڕێگایەکی تر، جیاواز لەو ڕێگایەی کە یاساکانی کۆمەڵگا دایانڕشتووە، هەڵبژێرێت. بەڵام لەو ژیانە پڕ لە

تاوانە، بێگومان بەپێی یاساکانی کۆمەڵگا، سەربەستییەکی ڕەها بۆ خودی خۆی دەخوڵقێنێت، هیچ شتێک نایترسێنێ و بەهیچ شتێک دانامرکێتەوە، لەهەمانکاتدا شتێکی دەوڵەمەند و شاعیرییش دەدۆزێتەوە.

لە ساڵەکانی ١٩٤٠ دا ئەم قەدیس و شەهیدە بۆ ماوەیەکی درێژ لە سەختترین بەندیخانەکانی فەڕەنسادا توند دەکرێت، ئاستی هۆشمەندیی و توندوتیژیی بەندیخانە و هەستێکی قووڵی پەژارە و تەنیایی، حەزی نووسین و تواناکانی ئاستی نووسین لە مێشک و قەڵەمەکەیدا دەتەقێنێتەوە. لە بەندیخانەدا یەکەم وشەکانی دەنووسێت و هەر لە بەندیخانەشدا ئازارەکانی خۆی و ئازارەکانی هاوبەندەکانی بەرجەستە دەکات. ژان ژینییە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:( لەو بڕوایەدام کە هەر لەسەرەتای ژیانمەوە، خۆم بۆ بەدەستهێنانی هەست و هۆشێکی بەهێز ڕاهێناوە. ئەم هەست و هۆشەش لە نووسین زیاتر بۆ هیچ شوێنێکی تری ڕانەکێشاوم. گەر نووسینیش مانای بەدەستهێنانی هەست و سۆزێکی بەهێز بێت، بەشێوەیەک کەوێنەی ژیانت بخوڵقێنێت … بەڵێ لە بەندیخانەی نەوجەوانان نووسین سەرنجی ڕاکێشاوم .. لەو بڕوایەدا بووم کە هەرگیز لە بەندیخانە ناچمە دەرەوە. ) ژان ژینییە زۆر بیری لەوە کردۆتەوە کە ببێتە پیاوکوژ، هەوەسی کوشتنی خەڵکی لەلا دروست دەبێت، بەڵام لەو بیرۆکەیە دووردەکەوێتەوە، خوێندنەوە و دواتر نووسین لەم ڕێگا و بیرکردنەوەیەی لادەدات. ژان ژینییە زۆرجار کتێبی دزیوە، تەنانەت کتێبی هاوڕێکانیشی، دوای خوێندنەوەیان فرۆشتوونیەتییەوە.

ژان ژینییە لە ئازارەکانی ژیانی خۆیەوە دەڕوانێتە ئازارەکانی ئەوانیتر و لە هەمانکاتدا دەبنە بەشێک لە ژیانی و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسینەکانیشی.

ژان ژینییە لە ساڵی ١٩٤٤ دا یەکەم ڕۆمانی خۆی بەناوی ( دز و خۆشەویستیی ) لە بەندیخانە و بە زمانێکی بەرزی ئەدەبیی دەنووسێت. لە سەرەتادا ئەم بەرهەمەی لە دەرەوەی دەزگاکانی چاپەمەنییەوە بڵاودەکرێتەوە. ڕۆمانەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێت، خوێنەرێکی زۆر و لایەنگیرانێکی بەهێز لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە: ژان کۆکتۆ، ژان پۆل سارتەر و کۆمەڵێ نووسەری گەورەی تری ئەو دەمە، لە نامەیەکدا بۆ سەرکۆماری فەڕەنسا، داوای لێبوردنی بۆ دەکەن. ژان ژینییە هەرچەندە سزای تاهەتایی بەسەردا درابوو، بەڵام بەپاڵپشتی چینێکی گەورەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، لە ساڵی ١٩٤٨ دا ئازاد دەکرێت. ژان کۆکتۆ دوای بەربوونی ژان

ژینییە دەڵێت: درەنگ یان زوو جیهان ددان بەوەدا دەنێت کە ژان ژینییە مرۆڤێکی بەڕەوشت بووە.

ژان ژینییە لە ڕۆمانی ( دز و خۆشەویستیی ) دا بە زمانێکی بەرزی فەڕەنسی، بە زمانێکی قووڵی ئایینی، بە زمانێکی پڕ لە هەست و هۆش، باسی جیهانی پیاوخراپیی، دزیی، بەدمەستیی و سروشتی سێکسەناسازیی ( الشدود الجنسی ) خۆی دەکات. لەم ڕۆمانەدا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەی ژیانێکی پڕ لە زەبروزەنگ، ناپاکیی، کۆمەڵگا بۆرژوازییەکان، بەندیخانە، تاوان، سزا و مەرگ دەکات. ژان ژینییە بە نووسینەکانی سەربەستی ژیانی خۆی دەکرێتەوە، لە هەمانکاتدا بەندیخانەکانی فەڕەنسا و یاساکانی سزا و کۆمەڵگا مەدەنییەکان ڕیسوا دەکات و دەرگایەکی تر بەڕووی ئەدەبێکی تردا، ستایلێکی جیاواز و هونەرێکی ناتەباشدا دەکاتەوە. ژان ژینییە یەکەم نوسەرە کە بەم شێوە بەرزە، ئەدەب و شانۆ، فەلسەفە و ئیستاتیکا، دەکاتە ئامرازێکی بەهێزی بەرگریکردن لە تاوان و تاوانباران . لە ساڵی ١٩٥١ دا ژان ژینییە تەمەنی چل ساڵان دەبێت کە دەزگای پەخشی Gallimard کۆی شاکارەکانی بڵاودەکاتەوە. ئەم دەزگایەش ناوەندێکی گەورە و دیاری چاپ و بڵاوکردنەوەی فەڕەنسییە. دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی و لەڕێگای ئەم دەزگایەوە، چیتر کۆمەڵگا بۆرژوازییەکەی فەڕەنسا لە ژان ژینییە، لە تاوانەکانی، لە دەست پیسییەکانی نەدەترسان، بەڵکو بەپێچەوانەوە، خانمە دەوڵەمەندەکانی ساڵۆنە ڕازاوەکان، ئاواتەخوازبوون کە ئەو نووسەرە گەورەیە شتێکیان لێ بدزێت.

## • ژان ژینییە: شەهید و قەدیس

ژیانی ژان ژینییە دەبێتە ئەفسانە و میتۆلۆژیایەکی مۆدێرن. ڕۆمانەکانی، شیعر و شانۆنامەکانی جیهانێکی نوێ و پانتاییەکی فەلسەفی و ژیانی تاوانبارەکان، دز و سۆزانییەکان، لە ناوەوە و لە دەرەوە بەرجەستە دەکات. چەمکەکانی تاوان و شەڕ لە فۆرمێکی ڕاستەوخۆ و لە هەمانکاتدا ناڕاستەوخۆشدا، سمبوڵە واقیعییەکانی خۆی تێکدەشکێنآ. پێکداچوون و یەکگرتنێکی سەرسوڕهێنەر و تەلیسماویی لەنێوان بەها پیرۆزەکان و هێزی شەڕدا هەیە، شەڕ و تاوانکاریی پرسیارێکە سەبارەت بە لێبوردن، تاوانێکیش مرۆڤ ناکاتە کەسێکی شەڕانگێز و دڕەندە، لەبەر ئەوەی ئەو

کەسێکی شەڕخوازە، بۆیە هەڵدەسێ بە کاری تاوانکاریی. گەر ئەو کەسە تاوانیش نەکات، هەر شەڕخوازە و تاوانبارە، چونکە ئەو کەسە شەڕ و تاوان لە ناوەوەیدا و لە دەروونیدا چەکەرەی کردووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە ژان ژینییە باسی یەکگرتنەوەی تاوانبار و پاکیزەیی دەکات. خراپەکاری، تاوان، دزی و لەش فرۆشی دەکاتە پەیامێک بۆ دۆزینەوەی خۆی، بۆ لێکۆڵینەوەی تاوان و ڕووبەڕووبوونەوەی سزا، بۆ ڕیشاڵکردنی شانەکانی تاوان، بۆ تاوانبارکردنی کۆمەڵگا سپی و مەدەنییەکان. نووسینەکانیشی جۆرێکە لە پاکبوونەوەی دەروون و داننان بە تاوانەکانی خۆی و تاوانبارکردنی سیستەمەکانی کۆمەڵگا. ژان ژینییە تاوان وەک جۆرێک لە خواپەرستی، جۆرێک لە ئایین و ڕیتواڵێکی ئایینی دەبینێت.

لە سەرەتادا بەرهەمەکانی ژان ژینییە دەخرانە نێو خانەکانی فەلسەفەی خودێتییەوە، بەتایبەتییش لە بەرهەمەکانی سەرەتایدا. لەم بەرهەمانەدا وێنەی ئەو کەسایەتییە بێزارکەرانەمان بۆ دەکێشێ کە هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە وەلاوە دەنێن کە ئەوان کەوتوونەتە دەرەوەی یاساکانییەوە.

ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە سیکۆلۆژی و فەلسەفییەکان دەکەونە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ژیانی ژان ژینییە و بەرهەمەکانی، زوربەی ئەو ڕەخنەگرانە بەرهەمەکانی دەبەستنەوە بە ژیانی تایبەتی ژان ژینییە خۆیەوە. بەم شێوەیەش چەمکێکی فەلسەفی، ئەفسانەیی و شیکاری دەروونیی دەبەخشن بە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە.

ژان پۆل سارتەر بەرایی ئەم کاروانەیە و هەر سارتەر لە ساڵی ١٩٥٢ دا کتێبێکی گەورەی شەش سەد لاپەڕەیی لەسەر ژیانی ژان ژینییە: ( ژینییەی قەدیس: کۆمیدی و شەهید ) Saint Genet: comedien et martyr بڵاودەکاتەوە. سارتەر لەم کتێبەیدا باسی ژان ژینییە وەک قەدیسێکی شەهید دەکات، هەروەها ژان ژینییە دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەیەکی ووردی فەلسەفەی ئێگزیستینیالیزمەوە: ژان ژینییە لە ژیانـدا زۆر بەکراوەیی و ڕاشکاویی و بە قەناعەتەوە، دژی هەموو پرنسیپەکانی مەسیحییەت بووە، کە سارتەریش بە قەدیس ناوزەدی دەکات، ڕەخنەگرەکان ئەو قەدیسییەی ژان ژینییە دەبەستنەوە بە قەدیسی کڵێساکانی فەلسەفەی خودێتییەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ژان ژینییە وەک نموونەی مرۆڤێکی خودێتیی نوێ ئاماژەی بۆ دەکرێت. سارتەر لەو بڕوایەدایە کە ژان ژینییە لە دەرەوەی بازنەکانی کۆمەڵگادایە، لە بەرهەمەکانیدا، کارەکتەر و کەسایەتی هەڵگەڕاوە و قێزلێکەرەوەی، هەر وەک کەسایەتی خۆی، خوڵقاندووە.

لێکۆڵینەوەکانی سارتەر، کۆکردنەوەیەکی ژیانی ئەفسانەیی ژان ژینییە، جۆرێکە لە تراژیدیایەکی ئەنتی- پاڵەوان. ژان ژینییە لەژێر سێبەری کۆمەڵگادا دەژی، تاوانەکانیشی لە تاریکی، سێبەر و ڕووناکی هەمان کۆمەڵگادا، گوزارشت لە چەمکەکانی تاوان، وەک پەیامێکی ڕۆحی دەکات.

کەسایەتی ژان ژینییە لەگەڵ فەلسەفە خودێتییەکەی سارتەر زۆر بەباشی یەکیان دەگرتەوە، ژان ژینییە خۆی ئەو ژیانەی هەڵبژاردووە، بەڵام بەئیرادە و ویستی خۆی نەهاتۆتە ژیانەوە، خۆی بڕیاری ئەوەی داوە دزی بکات و لەشی خۆی بفرۆشێت.

ژان ژینییە فەلسەفەیەکی تایبەتمەندی لەناو بەها یاخیی و هەڵگەڕاوەکاندا بەدیهێناوە. لەو فەلسەفەیەدا ( تاوان و شەڕ ) جێگایەکی بەرزیان هەیە. شەڕ هێمای جوانیی و گەڕانە بەدوای ئەو بەهایانەدا کە مرۆڤ دەتوانێت هەموو بەهاکانی تر لەنێو بنەما ڕۆشن و باشەکانی نێو ژیاندا دووپات بکاتەوە.

هەرچەندە ژان ژینییە شەڕ و تاوان زۆر بەرز ڕادەگرێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مەبەستی ئەوە نەبووە کە ڕۆ بچێتە خوارەوە بۆ سەر ئاستە نزمەکانی چەمکی شەڕ و وێنەیەکی چەوتی تاوان و خراپەکاریی بەرجەستە بکات. بەڵکو ژان ژینییە هەوڵیداوە تاوان، پیاوخراپیی، لە یاسا لادان و ژیانێکی بازاڕیی بکاتە شتێکی قووڵ، ڕازاوە، دەوڵەمەند، ئاهەنگ ئامێز و شیعریی. نووسینەکانی بەرپەرچدانەوەیەکی ئەخلاقیی و ئیرادەیەکی بەهێز و نوێخوازیی هونەریین. پاڵەوانە تاوانبارەکانی ژان ژینییە لە دەروونی خۆیان ڕادەکەن بۆ دەرەوەی بازنەکانی ژیانە شەڕانگێزەکان و خۆیان لە شیعر و گۆرانیدا دەدۆزنەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە جوانیی، شەڕ، ئاکار و بەها پیرۆزەکان پێکدا دەچن و دەبنە یەک . ژان ژینییە خوێنەرەکانی ناچاردەکات لە ڕەهەند و گیروگرفتەکانی تاوان و شەڕ ورد بێتەوە، لە چەمکەکانی سزا تێبگەن و لە تێڕوانینێکی قووڵتری فەلسەفی، ئایینی، سیکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، بایۆلۆژی و تەنانەت ئاکارییەوە لە تاوان و شەڕ بڕوانن.

ژان ژینییە شێتێتیی بۆ ڕەفتاری خۆی هەڵدەبژێرێت، تا لەم ڕێگەیەوە لە ئاکار و بنەما باوەکانی کۆمەڵ لابدات. لە دوای ئەوەی لە بەندیخانەکاندا بووە نووسەر، کەوتە تەقەلای هەڵوەشاندنی ئەو ئاکار و بنەمایانەی کۆمەڵگای ئەوروپی لەسەر بنیاتنرابوو. هەر لەم قۆناغەشدا زۆر زاراوەی جیاوازی بەکارهێنا. جەستە و بنەما پیرۆزەکان و وێنەی ئەو دز و شێتانەی دەکێشا کە لە ژیانە سەختەکەی ڕۆژانە

یـان لەنێـو بەندیخانەکانـدا ڕووبەڕوویـان دەبـووەوە . بەنـدیخانە هەروەک زانکـۆ کەسی تاک لە کۆمەڵ جیادەکاتەوە، ژان ژینییەش جۆرە چێژێکی قووڵی لەلای دز، ناپاک، سۆزانی و پیاوکوژ بینیوە.

ژان پۆڵ سارتەر هەوڵدەدات بۆچوونە تیۆریەکانی خۆی سـەبارەت بە ئـازادیی، هەڵبژاردن و بەرپرسیارییەتیی لەڕێگای ژیانی ژان ژینییەوە ڕوونبکاتەوە. بەکورتی دەتـوانین بڵێـین کتێبـەکەی سـارتەر بەشـێکی خوێنـدنەوەی ژیـانی ژان ژینیـیەیە، بەشـێکی لێکـۆڵینەوەی ئەدەبیـیە، بەشـێکی لێکـۆڵینەوەی فەلـسەفییە و بەشێکیـشی شیکاری دەروونییە. کتێبەکەی سـارتەر ناوبـانگێکی گەورەی جیهانیی دەبەخـشێتە ئەم نووسـەرە، بەڵام لە هەمانکاتـدا، ژان ژینیـیە دوای ئەو کتێـبەی سـارتەر و بـۆ ماوەی چەندین ساڵ لە نووسین دەکەوێت.

## • ژان ژینییە و خەباتی گەلانی ژێر دەستە

ژان ژینیـیە هەر لە سـەرەتای ژیـانییەوە لەگەڵ ئـازار و ژانـدا گەورە بـووە. لە بەندیخانەکانیـشدا ڕووبەڕووی ئەو کەسـانە دەبێـتەوە کە کۆمەڵگـا، دەوڵەت و دامودەزگـا ڕامیارییەکـان غەدری لێکـردوون. هەر لەبەر ئەوەشـە کە ژان ژینیـیە لە سـەرەتای ژیـانییەوە هەڵوێـست وەردەگرێـت و بەرگـری لە هەمـوو چینـە هەژار و بێهێزەکـانی کۆمەڵگا دەکـات. ئەو بەرگریکـردنە لە سـاڵەکانی شەسـت و حەفتاکانـدا شـێواز و شـکڵێکی فراوانتـر لەخۆدەگرێـت، شـێوازێکی نێـونەتەوەیی سیاسـیی و ئاشکرا.

ژان ژینیـیە لەم قۆنـاغەدا وەک کەسـایەتییەکی سیاسـیی و خـاوەن هەڵوێـست دەردەکەوێت و بەوپەڕی ئازایەتییەوە و بە هەموو شێوەیەک بەرگری و پشتگیریی لە جـووڵانەوە ئـازادیخواز و شۆڕشـگێڕەکانی دنیـا دەکـات، نەک هەر ئەوە بەڵکـو ڕاستەوخۆ پێوەندیشی پێوە گرتوون. لەنـاو ئەو مەسـەلە هەنووکەییانەی دنیاشدا، شۆڕشـی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکـا و مەسـەلەی فەلەسـتین، دوو جەمـسەری زۆر گرنگـی ئەو بەرگریکـردنە بـوون. بـۆ نمـوونە ژان ژینیـیە لە سـاڵی ١٩٧٠ دا و بـۆ ماوەی دوو مانگ لەگەڵ بزاڤی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکادا دەژی، کە دەشگەڕێتەوە، خێـرا بەرەو ئەردەن بەڕێـدەکەوێت و دەچێتە فەلەسـتین و بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لەگەڵ فیداییە فەلەستینییەکان دەژی. هەروەهـا هەر دوای چەنـد کاتژمێرێـک بەسـەر

کارەساتەکەی ( سەبرا و شاتیلا ) دا دەچێتە ئەو قەسابخانەیە و بێزاریی خۆی دەردەبڕێ و سەرلەنوێ پشتگیریی خۆی بۆ خەباتی فەلەستییەکان دووپات دەکاتەوە. دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە هەر ڕۆژێک فەلەستینییەکان، یان ڕەش پێستەکان بوون بە خاوەنی خۆیان، من چیتر لایەنگیرییان ناکەم.

## • ڕۆمان یاخود بیۆگرافیا

ژان ژینییە بە ڕۆمان نووسین ڕەوتی ژیانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی خۆی دەستپێدەکات، ڕۆمان دەبێتە دالدەی تەنیایی و گوزارشتکردن لەژانی نێو بەندیخانەکان. بێگومان فۆرمی ڕۆمان، یان نووسینی ڕۆمان ئامراز و کەرەستەیەکی گونجاو و لەبار بووە بۆ ئەو دەسپێکە سەرەتایە و بۆ ئەو دامەزراندنە پتەوە.

ژان ژینییە شەش ڕۆمانی نووسیون، هەر شەشیان بەشێوەیەک لەشێوەکان بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی. ژیانی تایبەتی خۆی ڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگدەداتەوە و دەربڕی تاوانەکانی، مەسەلەکانی سزا و هێزی شەڕە. هەروەها ژیانی سێکسی تاوانکار، بە هەموو ووردەکارییەکانییەوە، وەک وزەیەکی بەهێزی چارەنووسی کارەکتەرەکانی، هەروەک خۆی لەژیاندا دەبات بەڕێوە. ڕۆمانی Notre-Dame des fleurs لە ساڵی ١٩٤٢ دا بڵاودەکرێتەوە، دوابەدوای ئەوە Miracle de larose لە ١٩٤٦، Querelle de Brest لە ١٩٤٧. لە ساڵی ١٩٥٧ یشدا سەرلەنوێ ڕۆمانی ( دز و خۆشەویستیی ) بڵاودەکاتەوە. دز و خۆشەویستیی زیاتر باسی منداڵێکی بێ دایک و باوکی ناو دەزگا خێرخوازییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لە ساڵی ١٩٤٧ دا ڕۆمانی Pompes funebres بڵاودەکاتەوە. لەم ڕۆمانەیدا باسی سێکس و پێوەندییە سێکسییە حەرامەکانی ڕەگەزی نێر دەکات. لە ساڵی ١٩٤٩ دا ڕۆمانی Journal du voleur و لە ساڵی ١٩٥٢ دا یادەوەرییەکانی دزێک بڵاودەکاتەوە. لەم دوو ڕۆمانەیدا سەرلەنوێ و زۆر بە ووردیی و بەبێ پەردە و هیچ بەربەستێک، لەسەر پێوەندییە سێکسییەکانی نێوان ڕەگەزی نێر دەنووسێ. لە ساڵی ١٩٨٢ یشدا یەکێک لە ڕۆمانەکانی دەبێتە فیلمێکی سینەمایی، فیلمەکە لەسەر ئاستێکی گەورە بڵاودەکرێتەوە و چەندین پاداشتی گرنگیش بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی ١٩٨٦ دا و دوای مانگێک بەسەر کۆچی دوایی ژان ژینییەدا، دوا ڕۆمانیشی Uncaptif amoreux ( بەندێکی

عاشق ) بڵاودەکرێتەوە. ئەم ڕۆمانەش باسی مەسەلەی فەلەستین و ژیانی پەنابەرە فەلەستینییەکان دەکات.
بەڵام ژان ژینییە لە ڕێی شانۆنامەکانییەوە بوو نەک ڕۆمانەکانی، کە نێوبانگە نێونەتەوەییە گەورەکەی خۆی بەدەست هێنا.

## • مەرگ و دوا وێستگەکانی ژیان

مەرگی ژان ژینییە مەرگی مرۆڤێکی گەورە و مرۆڤێکی ماندوو و مرۆڤێکی تووڕە و یاخییە، مەرگ وەک ژیان هاوکێشەی مەرگەساتی، یان تراژیدیای دوا چرکەساتەکانی ژان ژینییەیە. ئەم مرۆڤە ئازادە لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا و لە چاوپێکەوتنێکی خێرادا دەڵێت:( من چاوەڕوانی مەرگ دەکەم. ) ئەم نووسەرە مەزنە لە دوا چرکەساتەکانی تەمەنیدا زۆر نەخۆش و بێهێز بووە، ئازارە قووڵەکانی جەستەی، ڕۆژی داوەتە دەست شەو، شەویش بەبێداریی بەدیار جەستەیەکی بێهێزەوە چاوی بڕیوەتە تاریکییەکی ئەنگوستەچاو. لەگەڵ ئەوەشدا ژان ژینییە شەو و ڕۆژ لەدوا بەرهەمەکانیدا کاری کردووە، لە مەرگ پاڕاوەتەوە بواری بدات تا دوا دەسنووسەکانی تەواو بکات. ژان ژینییە دەیزانی ئەوەندەی نەماوە لە ژیاندا، دەیزانی مەرگ هاوڕێیەکی نزیکە و ئەوەندەی نەماوە پێکەوە سەفەری تا هەتایی بکەن. لەبەرئەوە بیری دەکردەوە بفڕێت و جەستە و گیانی لە شوێنێکی تر و لە زەمەنێکی تردا بشارێتەوە، دەرەوەی سنوورەکانی ئەوروپا و خاکی فەڕەنساش تاکە ئەڵتەرناتیڤی ئەو بڕیارە سەخت و گرنگە بووە. ژان ژینییە نەیدەویست لاشەکەی لەوڵاتێکدا بنێژرێت کە ئەو لە هەموو ژیانیدا دژی یاسا و بنەما ئاکارییەکانی وەستاوە و بەرهەڵستی کردوون. ژان ژینییە هەرگیز هەستی بەوە نەکردووە کە خەڵکی فەڕەنسایە و هیچ پەیوەندییەکی، ناسنامەیەکی بەم وڵاتەوە نەبووە و لە ناخی دڵییەوە ڕقی لە وڵاتی فەڕەنسا بووە و قێزی لێکردۆتەوە. ئەم مرۆڤە سەربەستە لە پانزەی مانگی چواری ساڵی ١٩٨٦ دا و لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا، تەنها یەک ڕۆژ دوای کۆچی دوایی ( سیمۆن دو بوڤوار ) بە نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ دڵە گەورەکەی لەلێدان دەکەوێت. ژان ژینییە لەسەر داواکاری خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی فەڕەنسا و لە وڵاتی مەغریب بەخاک سپێردراوە، بەڵام لەبەرئەوەی موسوڵمان نەبووە، لاشەکەی دەبێتە گرفتێکی گەورە

بـۆ دامودەزگاکـانی مەغریـب، لەبەرەنجامـدا لە گۆڕسـتانێکی کـۆنی ئیـسپانیدا لە مەغریب دەنێژرێت. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە گۆڕەکەی ژان ژینییە لەو گۆڕستانە کۆنەدا، بەڕێکەوت کەوتۆتە بەرامبەر بەندیخانەیەکی کۆنی ئیسپانی. ژان ژینییە ئەو مرۆڤەی تەمەنیکی زۆری ژیانی لە بەندیخانەکانی فەڕەنسادا بردە سـەر، گۆڕەکەشـی دەبێتە ناونیشان و دەروازەی بەندیخانەیکی کۆنی داگیرکەرە ئەوروپییەکان، چارەنووس دوا زەنگەکانی بەندیخانەیەکی تا هەتایی بۆ ژان ژینییە لەدەرەوەی وڵاتی فەڕەنساشەوە لێدەدات.

## • ووتار و هەڵوێستێکی تری توندوتیژیی ژان ژینییە

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ژیانی ژان ژینییە ڕێچکەیەکی تر لەخۆ دەگرێت، لەم قۆناخەدا دەزگا گەورەکانی فەڕەنسا بەرهەمەکانی بڵاودەکەنەوە، ناوبانگێکی گەورەی نێونەتەوەیی بەدەست دەهێنێ و دەشبێتە کەسایەتییەکی ناوداری کولتوور و چیتر فەڕەنسییەکان وەک دز و تاوانبار تەماشای ناکەن. ژان ژینییە هەر لەم قۆناخەدا و زیاتر لە ساڵی ١٩٥٧ ەوە بە بەردەوامی کۆمەڵێ ووتاری ئێستێکی و ڕامیاری دەنووسێت. لەم ووتارانەدا و بە شێواز و فۆرمێکی تر دەگەڕێتەوە سەر ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵگا بەچاوی گومان و هەڕەشەوە ئاماژەیان بۆ دەکرد. بۆ نموونە ژان ژینییە لەم ووتارانەدا و لە ئاستێکی بەرزدا پێناسەی شەڕ و تاوان و توندوتیژی دەکات، بەرگری لە جوڵانەوە چەپڕەوەکانی ئەوروپا دەکات و پاساو بۆ گورزەکانیان، بەتایبەتی تیرۆریستە ئەڵمانییەکان دەهێنێتەوە.

ووتارەکانی ژان ژینییە و لەم قۆناخەدا زۆر بەئاسانی دابەشدەکرێت بەسەر دوو خانەی جیاوازدا: یەکەمیان ئەو ووتارانەن کە هاوتەریب لەگەڵ شانۆنامەکانیدا نووسیونی، ناوەڕۆکی ئەم باسانە زیاتر پرسە هونەری و ئێستاتیکییەکان دەگرێتەوە. زوربەی ئەم باسانە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٧ دا بڵاوکراونەتەوە. ژان ژینییە لەم ووتارانەیدا لە بنەمایەکی فەلسەفەی خودێتییەوە دەڕوانێتە مرۆڤ، تەنهایی و مەسەلەکانی یەکسانی. ئەم ووتارانە نەفەسێکی قووڵی شیعریی لەخۆدەگرن و لەهەمانکاتدا لەژیانی هونەری و بەرهەمەکانی ڕابردووی هونەری خۆی ڕادەمێنێت.

دووەمیان دوا ووتارە سیاسییەکانی، دیدار و بابەتە جۆراوجۆرەکانی تری ژان ژینییە لەخۆدەگرێت. ئەم بەشەی ووتارەکانی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٨ و ١٩٨٢ دا بڵاوکراونەتەوە و ژان ژینییە لەم قۆناخەی ژیانیدا هیچ شانۆنامەیەکی نەنووسیوە.

## • شانۆ و سەرەتایەکی بەهێز

شانۆنامەکانی ژان ژینییە زەمینە و بنەمایەکی بەهێزی ئەزموونگەریی، درامایەکی گرۆتێسک و توندوتیژ لەخۆدەگرێت. ڕووداوەکانی بە چەشنی شانۆیەکی ئەپسوردیزم و مۆدێرن، کەشێکی ڕیتواڵئامێزی ئەفسوونیی پێکدەهێنی. زمانەکەی هەروەک زمانی ڕۆمانەکانی تێکەڵێکی سەیرە لە زمانێکی بازاڕیی، میللیی، لیریکیی و شیعرێکی بەرز. بەرامبەر بەم زمانە تێکەڵاوە، ڕووداوەکان، ئەتمۆسسفێر و ستركتورێکی توندوتیژ، لەهەمانکاتدا نەرم و نیان لەخۆدەگرێت. ژان ژینییە تەنها پێنج شانۆنامەی نووسیون: پاسەوانی مەرگ ١٩٤٩، کارەکەرەکان ١٩٥٤، بانیژە ١٩٥٦، ڕەشپێستەکان ١٩٦٠ و دوا شانۆنامەشی پەردەکان کە لە ساڵی ١٩٦١ دا نووسیویەتی. هیچ کام لە شانۆنامەکانی ژان ژینییە لەسەر شانۆ سەرکەوتوو نابێت گەر هاتوو لە قاڵبێکی واقیعییانە و تەقلیدیدا نەمایشبکرێت: شانۆی ناو شانۆ، گەمەی شانۆ، گەمەی نێوان گەمە و ڕیتواڵێکی تەلیسماویی ستركتوری شانۆنامەکانی پێکدەهێنێت. کارەکتەرەکان کەسایەتیی نین بە مانا تەقلیدییەکەی لە شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا، بەڵکو ڕۆڵی کەسایەتییەکان دەگێڕن، بە بەرچاوی بینەرانەوە و لە گەمەیەکی ئاهەنگئامێزییدا دەچنە ڕۆڵەکانیانەوە، دێنە دەرەوە و ئاهەنگی شانۆ دەگێڕن. ئەم پرۆسەیەش چەمکێکی گرنگ و تەکنیکێکی باڵای ئەم شانۆیە و هەندێک جار لە برێخت نزیکدەبێتەوە. ژان ژینییە بە شانۆنامەکانی ڕۆحێکی نوێ و فۆرمێکی جیاواز و زمانێکی مەجازی تری بەخشی بە هونەری شانۆ. شانۆنامەکانی ژان ژینییە لە دەرەوەی سنوورەکانی شانۆی ئەبسوردی ئەورووپیدا گەشە دەکات، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان تووخمەکانی شانۆی ئەبسورد لەخۆدەگرێت. سیکۆلۆژیایەکی ڕاستەقینە لە جەستەیەکی ئەبسورد و فۆرمێکی بەرزی ئەدەبییدا بەرجەستە دەبێت.

( پاسەوانی مەرگ ) باسی چوار بەندی یەکێک لە بەندیخانەکانی فەڕەنسا دەکات، ئەم تاوانبارانە یەکێکیان لەسەر شانۆ نابینرێت، بەڵام بوونێکی بەهێزی

هەیە. سێ کارەکتەرەکەی تر باسی دەکەن، سڵی لێدەکەنەوە، لێیدەترسن و هەر وەک خواوەند دەیپەرستن. ئەم بەندانە بۆ ئەوەی کات بەرنە سەر، گەمەی دەسەڵات، گەمەی پیاو کوشتن و گەمەی یەکتر هەڵخەڵەتاندن دەکەن و ئازاری یەکتر دەدەن. خودی پیەسەکە وەک ڕیتواڵێکی نێو خەونەکان نووسراوە، واقیع لەسەر ئاستێکی جیاواز تێکەڵاوی خەون و ڕیتواڵێکی توندوتیژ دەکات. ژان ژینییە خۆی لە ساڵی ١٩٤٩ دا ئەم شانۆنامەیەی بۆ یەکێک لە شانۆکانی فەڕەنسا پێشکەش کردووە. ژان ژینییە دوای پاسەوانی مەرگ شانۆنامەی ( کارەکەرەکان ) دەنووسێت. لەم شانۆنامەیەیدا پەردە لەڕووی بۆرژوازییەت و ڕیتواڵی گەمەیەکی دڵتەزێنی دەسەڵات هەڵدەماڵێت. مرۆڤ و دەسەڵات لە ڕوانگەی گەمەیەکی سادیی و ماسۆشییەوە کۆدەکاتەوە و بە ڕووتیی ڕووبەڕووی خودی خۆمانمان دەکاتەوە. بەڵام لە شانۆنامەی بانیژەدا شوێن و تەکنیکێکی تر بەکاردەهێنێت: بانیژە لە کۆمەڵە دیمەنێکدا باسی تیاترۆخانە Bordell یێک دەکات. کارەکتەرەکان لە ڕوانگەی خەیاڵ و ئەندێشەیەکی بەهێز و لە کەشێکی ڕیتواڵیی و خەونئامێزدا دەسووڕێنەوە. خاتوو ( ئیرما ) کارەکتەری سەرەکیی شانۆنامەکە، بینەران دەدوێنێ و دەیانکاتە میوانی تیاترۆخانەکەی. ئەو ژوورەی کە ڕووداوەکانی تێدا پێشکەش دەکرێت، لەبەرئەنجامدا لە خەیاڵێکی ئاڵۆز بەولاوە هیچ شتێکی تر نییە. کارەکتەرەکان بەهۆی فانتاسیایەکی ئاڕاستەکراوەوە گەمەی دەسەڵات دەکەن، ئەو دەسەڵاتەی کە لە بەرئەنجامی شۆڕشەکاندا بەتەواوەتیی لەدەستیان داوە. بۆ یەکەمجار شانۆنامەی بانیژە لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە لەندەن نمایش دەکرێت. نمایشەکە دەبێتە کارەساتێکی هونەریی، بەڵام دواتر پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە پاریس نەمایشی دەکات، بێگومان نەمایشەکەی پیتەر بروک سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دەهێنێ و ژان ژینییەش وەک شانۆنامەنووسێکی گەورە ئاماژەی بۆ دەکرێت. هەرچەندە ڕەخنەگرەکان نەمایشەکەی پیتەر بروک زۆر بەرز ڕادەگرن و وەک پرۆژەیەکی سەرکەوتووی ڕەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانیی ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵام ژان ژینییە بەوپەڕی بێزارییەوە پیتەر بروک بەوە تاوانبار دەکات کە لە شانۆنامەکەی حاڵی نەبووە!

بەڵام شانۆنامەی ( ڕەشپێستەکان ) وەک ئاهەنگێکی شانۆیی، لە هەموو بەرهەمەکانی تری ژان ژینییە سەرکەوتووترە و زوربەی ڕەخنەگرە شانۆییەکان بە ترۆپکی داهێنانی ئەم نووسەرە ئاماژەی بۆ دەکەن. ڕەشپێستەکان باسی گەمەی دادگایەک دەکات. ئەکتەری ڕەشپێست لەسەر شانۆ نەمایش بۆ کۆمەڵێک بینەری

ڕەشپێستی تر دەکات، وەک گەمەیەکی شانۆی ناو شانۆ، بەڵام بینەرە ڕەشپێستەکان بە دەمامکی سپییەوە دادەنیشن. بینەران گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و دەبنە ئەکتەر، بەتایبەتییش کە دەبنە شاهیدی کوشتنی ئافرەتێکی سپی بەدەستی پیاوێکی ڕەش بە شێوازێکی ڕیتواڵیی. ڕەشپێستەکان دەیانەوێت بەهۆی ئەم نەمایشەوە بینەرە سپی پێستە ڕاستەقینەکان چەواشە بکەن لەڕاستیی ئەو شۆڕشە ڕاستەقینەیەی کە لە دەرەوەی شانۆکەدا ڕوودەدات.

ژان ژینییە گەرەکیەتی لێرەدا و لە ڕێگای ئاهەنگێکی شانۆییەوە ئەوە پیشان بدات کە بینەری ڕاستەقینە دەبێتە تەماشاکەر و ئەکتەر، ئەوەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە: ئەو سپیپێستانەی ئەوان دەیانبینن تەنها نمونەیەکی ئەو سپیپێستانەن کە ڕەشەکان دەیانبینن. ئەو ڕەشپێستانەشی کە ئەوان دەیانبینن لە نموونەیەکی ئەو ڕەشپێستانە زیاتر نین کە سپیپێستەکان دەیانبینن.

ژان ژینییە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە شانۆنامەی ڕەشپێستەکان دەبێت بۆ بینەرانی سپیپێست نەمایشبکرێت، لە حاڵەتێکدا گەر بینەران خەڵکی ڕەشپێست بوون، ئەوە دەبێت لەکاتی هاتنە ژوورەوەیاندا دەمامکی سپییان بەسەردا دابەشبکرێت.

ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٠ دا و لە ڕێژیی ڕۆجیە بلان لە پاریس پێشکەش دەکرێت. هەروەها لە ساڵی ١٩٦١ یشدا و بە زمانی ئینگلیزی لەسەر شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت لە لەندەن پێشکەش دەکرێت.

( پەردەکان ) یش تەقەلایەکی زۆر گەورەی شانۆیی ژان ژینییەیە. ژان ژینییە لەم شانۆنامە زۆر بەربڵاوەدا و لە ڕوانگەی حەفتا دیمەنەوە باسی داگیرکردنی وڵاتی جەزائیر دەکات. بەکورتی دەتوانین بڵێین کە پەردەکان چارەسەرێکی درامیی، یان خستنە ڕوویەکی ڕاستەوخۆی درامیی ژیانی پڕ لە ئازاری خەڵکی جەزائیرە لەژێر دەستی سوپا و هێزی سەربازیی فەڕەنسادا.

ناونیشانی شانۆنامەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەچەند دیمەنێکی ئێجگار زۆر پێکهاتووە. هەندێجار ئەکتەرەکان لەبەرچاوی بینەران دیمەنەکان ئامادە دەکەن، پانتایی شانۆکە بەسەر چەند ئاستێکی جیاوازدا دابەش دەکەن و بەبێ دەنگ دەجوولێنەوە. ژان ژینییە زۆر بە ووردیی ڕۆڵی کارەکتەر و کەسایەتییەکانی هەڵبژاردوون و هەر ئەکتەرێکیش لەبری ڕۆڵێک چەندین ڕۆڵی جیاواز دەبینن. بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕۆڵانەش، دەمامک و ئارایشتێکی زۆر چڕ و تۆخ بەکاردێنن. هەروەها ئەکتەرەکان و لەبری مۆسیقا، هەموو جۆرە دەنگەکان، دەنگی ئاژەڵ،

تەقینەوە، بروسکە و باو بۆران بەکاردێنن. شانۆنامەکە نزیکەی سەد کارەکتەر لەخۆدەگرێت، ئەمەش یەکێکە لەو شانۆنامانەی لە مێژووی شانۆی جیهانیدا هێندە کارەکتەر و کەسایەتیی زۆر لەخۆبگرێت.

ئەم شانۆنامەیە لەبەر ئەوەی هێرشێکی توندوتیژی دەسەڵاتی سەربازی و کۆلۆنیالیزمی فەرەنسایە، بەهیچ شێوەیەک ڕێگای پێنادرێت کە لە پاریس، یان شارەکانی تری فەرەنسا نەمایش بکرێت.

پەردەکان لە سەرەتادا لە بەرلینی خۆرئاوا و لە ساڵی ١٩٦١ دا نەمایش دەکرێت، بۆ یەکەمجاریش لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٦٦ دا نەمایش دەکرێت.

## • ئارتۆ و ژان ژینییە

ئارتۆ دەروازەیەکی نوێی بەڕووی شانۆی ئەوروپیدا کردۆتەوە، دید و بۆچوونەکانی کاریگەرییەکی قووڵی لە جەستەی شانۆ سیکۆلۆژیی و باوەکانی ڕۆژئاوادا جێهێشتووە. هەرچەندە ئارتۆ خۆی نەیتوانیوە بۆچوونەکانی خۆی لەبواری شانۆ و پراکتیکدا بەرجەستە بکات، بەڵام ئەو بۆچوونانە بوونە سەرچاوەیەکی گەورەی سوود لێوەرگرتن و نوێبوونەوەی شانۆ، شانۆ وەک پیەسی شانۆیی و شانۆ وەک تەکنیک و شانۆ وەک دیدی ریژی. شانۆی ئەورووپی بەتایبەتی لە شەستەکاندا، لەژێر کاریگەرییەکانی ئەنتۆنین ئارتۆدا سەرلەنوێ بنیاتدەنرێتەوە. لەسەر ئاستێکی گەورە و بەربڵاو هەموو گروپە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرە شانۆییەکانی ئارتۆ و برێشتەوە.

لە شەستەکاندا پیتەر بروک لابورێکی یەک ساڵیی دەکاتەوە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تیۆرە توندوتیژەکەی شانۆی ئەنتۆنین ئارتۆ. پیتەر بروک لە کتێبەکەشیدا ( پانتایی بۆش ) ڕووبەرێکی فراوان بۆ ئارتۆ تەرخان دەکات و زۆر بە ووردیی باسی بەها و گرنگیی میتۆدەکانی دەکات. جگە لە پیتەر بروک، گرۆتۆفسکی و زوربەی ریژیسۆرە گەورەکانی تری شانۆی هاوچەرخی جیهانیی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ سوودیان لە ئارتۆ وەرگرتووە.

زۆر لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە شانۆییەکانیش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە ژان ژینییە کوڕێکی شەرعی و بەردەوامییەکی بەهێزی ئارتۆ و شانۆی توندوتیژە. بۆ

نموونه بۆچوونەکانی ئارتۆ سەبارەت بە گونجاندن و بەرجەستەکردنی خەون لەسەر شانۆ بەشێوە ڕاستەوخۆ و بەهێزەکەی وەک وێنەیەکی ژیان، لە شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا خۆی دەبینێتەوە. ژان ژینییە هەر وەک ئارتۆ، جیهانی ڕاستیی دەبەستێتەوە بە جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەوە، لەهەمانکاتدا واقیع دەشارێتەوە و سەرلەنوێ لە بەرگێکی تردا، لە خەونەکانماندا دەیدۆزێتەوە. ژان ژینییە شانۆیەکی سیمیائی، سەرەتایی و قووتار بوو دەخولقێنێت، زوربەی دید و بۆچوونەکانی ئارتۆ لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. شانۆیەکی ڕۆژهەلاتیی، میتافیزیکیی، وەک هاوکێشەیەکی هاوچەرخی ناو نهێنی دیانەتە کۆنەکان دەستەبەر دەکات. شانۆی ژان ژینییە پرۆژەیەکە لە جیهانی ناوەوە، لە خەون و ئەفسانە پێکهاتووە و زمانیش هەروەک خەون و ڕیتواڵەکان ئامرازێکی تەلیسماوییە.

شانۆنامەکانی ژان ژینییە زەمینەیەکی لەباری پراکتیزەکردنی خەونەکانی ئارتۆیە: شێوازی خەونە سەربەستەکان دەبەخشێتە شانۆنامەکانی و بنەمایەکی ئاشکرای ڕیتواڵییان پێدەبەخشێت.

ژان ژینییە بە بەرز ڕاگرتنی تاوان، درندەیی و شەهوانییەت، دەیەوێت هەموو هەستە توندوتیژەکانی دەروونی خۆی و بینەرانیش پاکبکاتەوە.

هەرچەندە ژان ژینییە زۆر نزیکە لە ئارتۆوە، بەلام هەندێ لە ڕەخنەگرە شانۆیی و لێکۆڵەرەوەکانی بواری زانستی شانۆ دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ژان ژینییە زیاتر نزیکە لە بیراندیللۆی ئیتالییەوە وەک لە ئارتۆی فەڕەنسی، بەتایبەتی لەو ڕووەوەی کە ژان ژینییە فۆرم و شێوازێکی گەمەئامێزی شانۆیی بەکاردەهێنێت، نزیکە لە چەمکەکانی شانۆی بیراندیللۆوە. بێگومان ئەم بۆچوونانەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر شانۆکارە گەورەکانی جیهانەوە هەبووە، بۆ نموونە پیتەر بروک وەک لەمەوپێش ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ساڵی ١٩٦٠ دا مەشقی ڕاگوزارییەکی فراوان بەکاردەهێنێت، وەک بەشێک لە تەکنیکی پرۆڤەکانی شانۆنامەی ( بانیژە ) لە پاریس. هەروەها پیتەر بروک لە ساڵی ١٩٦٤ دا دەگەڕێتەوە سەر ژان ژینییە و دوانزە دیمەنی شانۆنامەی ( پەردەکان ) بەکاردەهێنێ بۆ پراکتیزە کردنی ئەزموونەکانی شانۆی توندوتیژ. جگە لە پیتەر بروک زۆر ڕێژیسۆر و شانۆ گەورەکانی تری جیهان پەنایان بردووە بۆ شانۆنامەکانی ژان ژینییە، هەر بۆ نموونە ژۆلیان بێک و شانۆی زیندووی ئەمەریکی. ژۆلیان بێک شانۆنامەی کارەکەرەکان بەکاردەهێنێت، وەک گەڕانێک بەدوای میتۆد و شێوازێکی تایبەتی شانۆی توندوتیژدا. هەرچەندە شانۆنامەکانی

ژان ژینییە دەبێتە پلاتفۆرمێکی گرنگی فۆرم و شێوازی کار و پرۆژەی ڕێژیسۆرە گەورەکانی جیهان، بەڵام ژان ژینییە هەمیشە بەتوندی نارەزایی بەرامبەر ئەم ڕێژیسۆرانە دەربڕیوە و شەڕی ئەوەی لەگەڵ کردوون کە شانۆنامەکانی دەشێوێنن.

## • گەڕانەوە بۆ ڕیتواڵەکان

ریت یان ڕیتواڵ جۆرە ئاهەنگێکی تەرتیلە ئاسای پیرۆزە، گوزارشتێکی ڕێکوپێکی داب و نەریتی ئاینیی و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییە. ئەم ڕیتواڵە ئاینییانەش ڕەگ و ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە زۆر کۆنەکان و تا ئێستایش لەنێو هۆز و قەبیلە سەرەتاییە دوورە دەستەکانی ئەفەریقا، هیندە سوورەکان، هۆزەکانی مەکسیک و ئەمازۆنەکان، دورگەکانی بالی لە ئیندونووسیا و زۆر شوێنی تر پەیرەوی دەکرێت. لە پەنجا و شەستەکانی هەزارەی ڕابردووشدا زۆر گروپی نوێخوازی شانۆیی سوودیان لەو ڕیتواڵە کۆنانە وەرگرتووە و لە نەمایشەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. گروپە ئەزموونکارەکان، ڕێژیسۆرە بە ئەزمووونەکان و بەشێکی زۆری تەوژمی شانۆی هاوچەرخی جیهانی دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی ئەو ڕیتواڵە سەرەتاییانە. ئەم ڕیتواڵانە لە سەرەتادا زیاتر وەک تەکنیک و دیدی ڕێژیسۆرەکان لە نەمایشەکاندا بەکاردەهێنران، دواتر شانۆنامەنووسەکانیش وەک ئامرازێکی نوێ و چارەسەرکردنێکی جیاواز جۆرە ڕیتواڵ و تەکنیکێکی تر و ناتەبایان بەکارهێناوە. ئەکتەر لە دراما و شانۆنامە ڕیتواڵییەکاندا، لە ناوەند و چەقی ڕووداوەکاندایە، ئەکتەر دەبێتە گرنگترین ئامرازەکانی نەمایشەکە، تەنانەت دەکرێت بڵێین کە ناوەڕۆکیش دەچێتە پەراوێزی کاریگەریی و بوون و ئامادەگیی بەهێزی ئەکتەرەوە. ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و شێوازی ڕیتواڵە شانۆییەکە، هەر ئەو ڕیتواڵە شانۆییەشە کە ئەتمۆسفێرێکی جیاوازی ئاهەنگئامێز بۆ بینەرانیش دەرەخسێنێ تا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەخودی نەمایشەکەوە هەبێت.

لەڕێگای گەڕانەوە و بەکارهێنانی ڕیتواڵەوە هەموو هێماکانی ناو شانۆنامەکە دەچێتە سەرەوەی ڕواڵەتە سروشتییەکان و مانا مەجازییەکانی ڕووداوەکانی سەر شانۆکەش زۆر زوو ئاشکرا دەبن. بەمەش ڕووبەڕووبونەوەیەکی ڕاستەوخۆی تەختەی شانۆ یان پانتایی نەمایشەکە بە بینەرانەوە سەقامگیر دەبێت. بەم شێوەیەش سەرلەنوێ ڕووداوەکان لەسەر شانۆ، بەشێوەیەکی تر جۆرە نهێنییەکی

شاراوە لەخۆدەگرێت. ئەو ڕووداوانە و لەو فۆرمە شاراوەیەدا، ڕێسایەکی واقیعی جیاوازتر دەستەبەر دەکات، بێگومان ئەمەش تەنها لە ڕوانگەی خودی بەشداریکردنی ڕیتواڵەکەوە، وەک یەکەیەکی هونەریی، بەرجەستە دەبێت. هەر لەم دەروازەیەشەوە، چەمکی ڕیتواڵ لە شێواز و دیدی شانۆنامەکانی ژان ژینییەدا مەودایەکی فراوانی فەلسەفیی، ئاکاریی و هونەریی لەخۆدەگرێت. ژان ژینییە دەڵێت دەبوایە هۆڵی شانۆکان لە گۆڕستانەکانی شارەکاندا دروستبکرانایە. سەرقەبرانەکان باشترین شوێنن کە دووربکەوینەوە لەشوێنە گشتی، مێژوویی و ژیانە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکەی ژیانی ڕۆژانەوە. هەر لەم شوێنەدا دەکرێت شانۆنامەکان ئازاد بکرێت لە هەموو جۆرە پێداگۆگییەک، تا لەبری ئەوە نەمایشەکان بگەنە ئاستێکی قورسی تەلیسماویی. هەموو شانۆنامەیەک دەبوایە تەنها یەک جار پیشان بدرێت، تا نەمایشەکە هەمان تایبەتمەندیی ڕیتواڵێکی بەخاکسپاردن لەخۆبگرێت، ئەمەش وا دەکات ئەو شوێنە ببێتە ڕووداوێکی شیعری وەها کە تیپە شانۆییەکە بوێرێت و بتوانێت ڕووبەڕووی دەسەڵاتی بەهێزی زمان ببێتەوە و ئەو وشانە بەکاربهێنن کە ژیانی مردووەکان و مردن خۆشی هەڵلوشێت.

ژان ژینییە ڕیتواڵەکانی لە بنەما قووڵ و دێرینە کولتووریی و ئاینییەکانەوە ناهێنێت، بەڵکو ئەو خۆی جۆرە ڕیتواڵێکی تایبەتمەند، شانۆیەکی ئاهەنگئامێزی مەودا فراوان دروستدەکات، ئاهەنگ و ڕیتواڵەکانی ژان ژینییە لە دەروازەی هێرشکردنە سەر بنەما باوە کۆمەڵایەتییەکان، ئاکار و سیاسەتی کۆمەڵگای نوێ سەرچاوەی گرتووە. شێواز و بنەماکانی ڕیتواڵ لای ژان ژینییە لەسەر بە نزم سەیرکردن و ڕقێکی ئەستوور، دژی کۆمەڵگای مۆدێرنی فەڕەنسی و ئەورووپییەوە بنیاتنراوە. ئەم نووسەرە لەنێوەندی دراما ڕیتواڵییەکانەوە، جۆرە شانۆیەکی پڕ لە گۆڕانکاریشی خولقاندووە، گۆڕانکاریی لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، هیچ شتێک وەکو خۆی نییە، هەموو شتێک وەک گەمە، ئاهەنگ و ڕیتواڵێکی بەهێز، بە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوامدا تێدەپەڕێت.

## • کارەکەرەکان ... گرفتی تەڵەزگە چینایەتییەکان

کۆمەڵێ هۆکاری چینایەتی، دەروونی و کۆمەڵایەتی وا لە ژان ژینییە دەکەن کە ئاوڕێکی قووڵ لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە بداتەوە و بیکاتە ڕووداوێکی ڕاستەوخۆی یەکەم شانۆنامە ڕیتواڵییەکانی. بەرلەوەی بچینە سەر خودی شانۆنامەکە و

شیکردنەوەی ڕووداوەکانی، بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە خودی ئەو هۆکار و کارەساتە بدەم کە وایان لە ژان ژینییە کردووە شانۆنامەکەی بنووسێت.

لە ساڵی ١٩٣٣ ی سەدەی ڕابردوودا، ڕووداوێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی ترسناک تێکڕای کۆمەڵگای فەڕەنسی بە گشتی و پاریس بەتایبەتی دەشڵەژێنێت. زوربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕووپەڕی گۆڤار و ڕۆژنامەکان باسی تاوانێکی توندوتیژ و دڕندەیی دوو خوشکی چینێکی نزمی کۆمەڵ دەکەن. ئەم دوو خوشکە تاوانبارن و هەموو کۆمەڵگای فەڕەنسی نەفرەتیان لێدەکەن و داوای فەرمانی لەسێدارەدان و توندترین سزای بەندیخانەیان بۆ دەکەن. ئەم دوو خوشکە بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکان، کارەکەری ماڵێکی دەوڵەمەند و خانەوادەیەکی میهرەبان و دیارن.

لەپڕ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دوو خوشکە کارەکەرە، خانم و کچەکەی دەفڕێننە نێو دارستانێکی چڕی دەرەوەی شاری پاریس. لەو دارستانەدا زۆر بێ بەزەییانە و بە دڵێکی ساردەوە خانم و کچەکەی دەکوژن، دواتر جەستەیان پارچە پارچە دەکەن و لێرە و لەوێ لە دارستانەکەدا دەیانشارنەوە.

ئەم ڕووداوە کۆمەڵێ پرسیار لەگەڵ خۆیدا دەوروژێنێت و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای فەڕەنسی بەدوای پرسیارە بێ وەڵامەکاندا دەگەڕێن. لەو پرسیارانەش: کەی و بۆچی مرۆڤ تاوانێکی وا گەورە و دڵڕەقانە دەکات؟ دەکرێت بڵێین کە ئەو خانمە بەشێوەیەکی دڵڕەقانە و خۆ بەگەورەزان مامەڵەی لەگەڵ ئەو دوو خوشکە کارەکەرەدا کردووە، یان ئەو دوو خوشکە بەم کارەیان جۆرە شۆڕشێکیان بەرپا کردووە و بەم شێوەیەش کۆتاییان هێناوە بە جیهانێکی ناڕەوا و دژوار. بەڵام دەروونناسەکان زیاتر تاوانەکەیان بۆ حاڵەتێکی دەروونی و تەوژمێکی شێتیی و لەدەستدانی لۆژیکی ئەقڵ لەلای ئەو دوو خوشکە گەڕاندۆتەوە. هەروەها ئەم ڕووداوە کۆمەڵێ تێڕامانی فەلسەفیش لەلای چینێکی تری کۆمەڵگای فەڕەنسی دەوروژێنێت، بۆ نموونە چۆن هەوڵەکان لەپێناوی گۆڕانکارییەکاندا کۆتاییان پێدێت. بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر ئەو پرسیارە فەلسەفییانە بەرەنگاری ڕووداوێکی دڕندەئاسای لەو شێوەیە دەبنەوە و بەهیچ شێوەیەک نایانەوێت پاساو بۆ تاوانێکی ئاوها گەورە بهێننەوە. ژان ژینییە ئەم کارەساتە زۆر سەرقاڵیی دەکات، کاری تێدەکات و بەتەواوەتی دەیوروژێنێت، تا لە ئەنجامدا ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیە دەکاتە بابەتی یەکەم شانۆنامەی. ژان ژینییە هەوڵ دەدات لە شانۆنامەکەیدا هێز و ووزەی نێوان سێ کەسی سەر بەچینی جیاوازی کۆمەڵگای

فەرەنسی بەرجەستە بکات. دەسەڵات بکاتە دینامیکییەتی پەیوەندییەکان و لەم نێوەندەشدا گەمە ببێتە ئامرازێکی گرنگی گەیاندن و بەرجەستەکردنی حاڵەت و هێما دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.

ژان ژینییە لە شانۆنامەکەیدا دەیەوێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە ئێمەی مرۆڤ دەکرێت ببینە بوونەوەری دڵڕەق و قێزەون، بۆ نموونە مرۆڤ هەندێک جار لەپێناوی گۆڕانکارییەکاندا ببێتە یان پەنا بەرێتە بەر ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی سەرسوڕهێنەر.

ئەمڕۆ مەسەلە چینایەتییەکان، بەتایبەتی لە ئەوروپا، هەمان بەها و کاریگەری سییەکانی سەدەی ڕابردوی نییە، بەڵام (کارەکەرەکان) بەهەمان شێوەی ساڵانی سیی کاریگەریی و هێزی خۆی لەدەست نەداوە، ئەمەش بەڕای من زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانە ئەبسوردە ڕیتواڵییەی کە ستروکتوری پیەسەکە پێکدەهێنێت و ئاماژەی ڕووداوەکان دەکات. ئەو ڕووداوانەی کە دێنە ژیانمانەوە و ناتوانین پێشیان لێبگرین، ئەو ڕوداوانەی کە لەپڕ هەموو شتە جوانەکان دەشێوێنن و بەرەو بارە ناشیرین و قێزەونەکانیان دەبەن. لە خانوویەکی جوان و قەشەنگدا، خانمەکە تەنها خاوەنی ئاوێنە، جلوبەرگ، دۆلاب و کەلوپەلەکانی تری نێو ماڵەکە نییە، بەڵکو خاوەنی کارەکەرەکانیشە. ئەوەی لەم شانۆنامەیەدا گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە خانمەکە لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە جیاوازی چینایەتیدا گەورە بووە، هەموو مامەڵەکانیشی لەم ڕووەوە بە شتێکی سروشتی ناوەزەد دەکرێت. بەڵام دوو خوشکە کارەکەرەکە لەنێوان خۆیاندا، کەسەر بە چینە نزمەکەی کۆمەڵگان، لە کێشەی ئەوەدان کە کامیان لەویتریان بەهێزترە. ئەمەش هاوکێشەیەکی گرنگی شانۆنامەکەیە و بەشێوازێکی زیاتر کاریگەر پاڵ بە ڕووداوەکانەوە دەنێت، بەشێوەیەکی بەهێزتر "کارەکەرەکان" ڕووبەڕووی خۆیان و ڕووبەڕووی " خانمەکە" دەکاتەوە. چەمکەکانی دەسەڵات لە دوو مەداری جیاواز و دژ بە یەکتردا دەسووڕێنەوە: یەکەم، دەسەڵاتی خانم بەرامبەر کارەکەرەکان، دووەمیش گەمەی دەسەڵاتی نێوان دوو خوشکە کارەکەرەکە. ئەوان گەمەی بەهێز و بێهێز، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات دەکەن و لە کێشەیەکی بەردەوامدان.

## • کارەکەرەکان لەنێوان گەمەی دەسەڵات و لەدەستدانی خۆدا

شانۆنامەی کارەکەرەکان چیرۆکێکی دژواری دوو خوشکمان بۆ دەگێڕێتەوە: سۆلانژ و کلێر. لەم چیرۆکەدا ڕق و خۆشەویستیی لەیەک کاتدا بەرامبەر بە خاوەن ماڵەکە و بەرامبەر بە خۆشیان دەردەکەوێت. ئەم دوو خوشکە هەوڵی ئەوە دەدەن لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە ئارەزووە کپ کراوەکانیان دەرببڕن، لەم گەمەیەدا بە بەردەوامیی ڕۆڵی خانمی خاوەن ماڵەکە دەگێڕن. تێکستەکە بە زمانێکی تیژ و ڕاستەوخۆ، هەست و سۆزێکی هەڵچوو و بەرجەستەکردنی خۆشەویستیی / ڕق، کێشەکانی دەسەڵات ڕوون دەکەنەوە. ئەم دوو خوشکە لەیەک کاتدا خانمی ماڵەکەیان خۆش دەوێت، ڕقییان لێیە، دەیپەرستن دەیپەرستن و لەهەمانکاتدا دەیانەوێت بیکوژن. بێگومان مەسەلە چینایەتییەکانیش لەپاڵ پرسە خودییەکاندا، خاڵێکی گرنگی پیەسەکەن. کارەکەرەکان بەشێوەیەکی زۆر تۆقێنەر ڕق و شەڕ تێکەڵاو دەکەن، هەموو شتێک لەدووتوێی گەمەیەکی ترسناکدا ڕوو دەدات.

**کلێر**

**ئێوە هەست بە هاتنی ئەو ساتەوەختە دەکەن کە ئیتر کارەکەر نین. بیر لە تۆڵە دەکەنەوە؟ خۆتان ئامادە دەکەن؟ نینۆکەکانتان تیژ دەکەنەوە؟ کینە وەئاگاتان دێنێتەوە؟ کلێر ... بیر خۆتانی مەبەنەوە ... کلێر گوێتان لێمە؟ بەڵام کلێر ئێوە گوێم لێناگرن!**

ژان ژینییە بۆ یەکەمجار تەکنیکە جیاواز و شانۆ ڕیتواڵییەکەی لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا دەردەکەوێت. ئەو فۆرم و تەکنیکەش دادەنرێت بە سەرەتایەکی چاوەڕواننەکراوی پڕ لە سەرنج و تێڕوانین. ژان ژینییە هەر لە سەرەتاوە جەماوەر لە شانۆنامەی کارەکەرەکاندا چەواشە دەکات و بەهۆی شێوازە هونەرییەکەیەوە فێڵیان لێدەکات. بینەران لەو بڕوایەدان کە سەیری خانمێکی بەڕێزی سەر بەچینێکی بەرزی سەردەمی لویی پازدەیەم دەکەن. ئەم خانمە سووکایەتیی بە کارەکەرەکەی ( کلێر ) دەکات، لەکاتێکدا کە ئەو کارەکەرە بەدبەختە یارمەتی خانم ئەدات تا جلوبەرگەکانی لەبەر بکات. بەڵام دوای تاوێک و دەنگێکی ئاگادارکردنەوە، بینەران

لەوە حاڵیی دەبن کە ئەو خانمە لە ڕاستیدا تەنها کلێری کارەکەرە و ڕۆڵی خانمەکە لەگەڵ کارەکەرێکی تردا ( سۆلانژ ) کە خوشکییەتی، دەبینێت.

**سۆلانژ**

**( وا پێدەچێ کە کلێر بخنکێنێ، لەم کاتەدا کاتژمێرە زەنگدارەکە زەنگ لێدەدا، سۆلانژ دەوەستێ، هەردوو ئەکتەرەکە پێکەوە دەلکێن و واقوڕماو گوێ لە زەنگی کاتژمێرەکە ڕادەدێرن ) چ زوو؟**

**کلێر**

**با پەلە بکەین، ئێستا خانم دێتەوە! ( دەست بە داکەندنی جلەکان دەکا ) وەرن یارمەتیم بدەن، کات بەم خێراییە تێدەپەڕێ و ئێوەیش هەر تەواو نەبوون!**

ئەم دوو کارەکەرە هەموو شەوێک ئەم ڕیتواڵە پڕ لە ڕقە دەگێڕن و بەنۆرە ڕۆڵی خانمەکەشیان دەبینن. بەم شێوەیە ئەم دەستە خوشکە ڕۆڵی خانم و کارەکەرەکەی، کارەکەر و خانمەکەی دەبینن، ڕۆڵەکانیشیان لە ڕوانگەی گەمەیەکی شانۆییەوە دەگۆڕنەوە. ئەوەی گرنگە لەم گەمەیەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە ئەم دوو خوشکە، لە بنەمای گەمەی گۆڕینەوەی ڕۆڵەکانیانەوە، گوزارشتیان لەیەکتری کردووە، گوزارشتیان لەقێزی خۆیان لە یەکتری، لەخودی خۆیان و لە خانمەکەیان کردۆتەوە.

ژان ژینیە کارەکتەرەکانی بەندی پێناسەیەکی تایبەتمەند کردووە، بەندی ڕەنگدانەوەی وێنە تەڵخەکانی ناو ئاوێنەکانن. لەڕێگای ئەم ئاوێنە تەڵخانەشەوەیە کە کلێر و سۆلانژیش دەبنە کۆمەڵێک خەونی کۆمیدی دیاری نەکراو، سەرپێچیی لەو بەند، یاسا و بەربەستانە دەکەن کە خۆیان ملکەچن بۆی. هەر لەبەر ئەوەشە کلێر ڕقی لە سۆلانژی خوشکی دەبێتەوە، چونکە سۆلانژ سەد دەر سەد وێنەی کۆیلایەتیی خۆیەتی. ( ئەوان هەردووکیان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە بێزارن لە بینینی ئەندێشەی خۆیان کە لەسەر ئاوێنەکان رەنگ دەداتەوە. ) بەهەمان شێوە و لەبەر هەمان هەڵوێستە و هۆکارە دەروونییەکان سۆلانژیش ڕقی لە کلێر دەبێتەوە.

**کلێر**

**خۆشەویستیی بێ مانایە ... بەڵام ئیتر من وەڕس بووم لەم ئاوێنە ترسناکەی کە وێنەکەم وەک بۆنێکی گەنیو بەرەو ڕووم دەنێرێ، ئێوە ئەو بۆنە گەنیوەی منن ... ئۆە! زۆر چاکە ... من ئامادەم، من تاجەکەی خۆمم دەبێ و دەتوانم لە ژوورەکاندا پیاسە بکەم ..**

ئەم قین و ریتواڵە توندتیژە شانۆییەکەشیان بەرەو گەمەیەکی خوێناویی دەبات و لەبەرئەنجامدا کلێر لەبری خانمەکەیان دەبێتە قوربانیی و قەنداخە ژەهراوییەکە هەڵدەقوڕێنێت.

**کلێر**

**نکوڵیی لێمەکەن، بینیمن ... ( بێدەنگییەکی درێژ ) ... و ترسام، سۆلانژ ... ترسام. کاتێ تەمسیل دەکەین من دەست بە گەردنمەوە دەگرم، چونکە ئێوە بە هەوای خانم نیشانەم لێدەگرنەوە، چونکە هەستدەکەم گیانم لە مەترسیدایە ...**

لەم نەمایشەدا ڕیتواڵ ڕۆڵی کاریگەری خۆی بینیوە، فێڵە شانۆییەکانیش لەنێو خودی گەمە شانۆییەکەدا، چارەنووسێکی بابەتییانەی شۆڕشی چینایەتییە. هەر بەهۆی ئەم فێڵە شانۆییەشەوە، توانیویەتی بنەما واقیعییەکان لە پانتاییەکی جیاوازتری ڕیتواڵیدا بەرجەستە بکات، بەم شێوەیەش ڕق و قینی کارەکتەرەکان و بینەرانیش سەبارەت بە خانمەکە دەردەبڕێت.

ژان ژینییە لە سەرەتادا دەیویست دوو ئەکتەری پیاو ئەم ڕۆڵانە ببینن، تا ڕیتواڵی نەمایشەکە مەودا و پانتاییەکی قووڵتر لەخۆبگرێت، بەڵام ڕیژیسۆر و شانۆکاران زیاتر ڕۆڵەکانیان بەخشیوە بە ئەکتەری ژن. لەساڵی ١٩٦٧ دا ئەو هیوایەی ژان ژینییە دێتە دی، گروپێکی فەرەنسی کارەکەرەکان بە دوو ئەکتەری پیاو، کە جلوبەرگی ئافرەتیان پۆشیوە، پێشکەش دەکەن، هەروەها ڕۆڵی خانمەکەش دەبەخشنە پیاوێکی قژ درێژی قۆڵ و باڵ ئەستوور. نەمایشەکە سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدەهێنێ و لە زوربەی وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوادا پێشکەش دەکرێت.

شانۆنامەی کارەکەرەکان لە ساڵەکانی پەنجاکانەوە و تا ئێستاش بۆتە جێگای سەرنج و گرنگی پێدانی زوربەی شانۆ ئەزموونگەر و پێشڕەوەکانی ئەورووپا و دونیا.

# تراژیدیا لە دەروازەکانی کۆمیدیاوە ...
# خوێندنەوەیەکی خێرا بەسەر شانۆی فریدریش دێرنماتدا

جیهان لەلای دێرنمات بێهودەیە، بەڵام ئەم بێهودەییەی فریدریش دێرنمات لە شانۆی پوچگەرایی و نووسەرانی ئەو ڕێبازەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بێهودەییەکەی ئەم نووسەرە بێ هیوایی و دڵەڕاوکێ ناگەیەنێت، ژیان کارەساتە و لە قایلبوونیشی زیاتر بۆ ئێمەی مرۆڤ هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نییە. زۆر گرانە جیهان ڕزگار بکەیت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئازارەکاندا، لەگەڵ هەموو کێشە و کارەساتەکاندا، دەکرێت بەرگەی ژیان بگرین. هەموو شتێک بێهودەیە، هەموو بەهاکان لە درۆ و دەلەسە بەولاوە هیچیتر نین، بێهودەییش تاکە یاسایە، نەک تەنها لە ژیانماندا، بەڵکو لەسەر ئەستێرەکان و ئەو گەردوونەشی کە چواردەوری داوین.

ئەم بڕوایەش بنەما و زەمینەی هەموو نووسینەکانی فریدریش دێرنمات پێکدەهێنێت و بە ئاشکرا لە شانۆنامەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

پاڵەوانەکانی ئەم نووسەرە هاوشێوەیەکی شانۆی گریکی یان شەکسپیر نین، بەڵکو کارەکتەرەکانی کەسانێکی ئازا و لەخۆبوردەن، ڕاستگۆ و واقیعی، ئاگاداری ناواخنی شتەکانن، ڕاستی و نهێنییەکانی ئەم جیهانە دەزانن و خۆیانی لێ لانادەن و خۆشیانی لێ گێل ناکەن. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر ئاسان: ئەوە ڕاستی واقیعی ژیان و بوونە و هیچ کەسێکی هوشیار ناتوانێت خۆی لێ لادات.

فریدریش دێرنمات زۆر بە سەربەستی نووسیویەتی و هەرگیز پابەند نەبووە بە هیچ ئایدۆلۆژیا، تیۆر و تەوژمێکی سیاسی/ فیکرییەوە. بەڵام بڕوای بە جۆراوجۆریەتی شێوازەکانی شانۆ و هونەری شانۆ هەبووە. ئەو سەربەستییەش کە فریدریش دێرنمات هەستی پێکردووە، هەر لەسەرەتاوە لە وڵاتێکی بێلایەنی سەربەست و ئازادی وەک (سویسرا) وە فێری بووە.

فریدریش دیرنمات لە وڵاتێکدا لەدایکبووە، ڕەوتی هونەری شانۆ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەوروپا، وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا یاخود ئینگلستان، هێندە لە ئاستێکی گەورە و بەهێزدا نەبووە. بەڵام ئەم نووسەرە توانیوویەتی بە شانۆنامەکانی، وڵاتی سویسرا بخاتە سەر نەخشەی شانۆی هاوچەرخی جیهانی. دیرنمات زۆر زیرەکانە کەسایەتییەکانی، ڕووداوەکان و ئەتمۆسفێری شانۆنامەکانی دروست دەکات، تراژیدی، کۆمیدی، گرۆتێسک و تەنانەت سوریالیزم تێکەڵاو دەکات و چیرۆک و کارەکتەرەکانی، بۆچوون و ڕاڤەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن، هەر لە شیکردنەوەی دەروونییەوە تا دەگاتە ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و میتافیزیکییەوە، لەوانەیە شێوازێکی گرۆتێسک و کۆمیدیایەکی ڕەش گرنگترین سیما و ئامڕازە هونەرییەکانی ئەم نووسەرە بن، بەڵام لەهەمانکاتدا بە کولتوور و ترادیشونی شانۆی ئەوروپی کاریگەر بووە و هەر لەسەر زەمینە و بنەماکانی ئەو ترادیشونەش شانۆکەی خۆی بنیاتناوە.

ستركتورێكی ئەوروپی، زمانێكی ڕاستەوخۆ، تەكنیكێكی گشتگر و ئەتمۆسفێرێكی گاڵتەئامێزی توندوتیژ پێودانگە هونەری، فیكری و لەهەمانكاتدا كردەییەكانی شانۆی فریدریش دیرنمات پێكدەهێنێت. شانۆنامەكانی ڕوكارێكی دژوار و ناشیرینی واقیع و ژیانی ڕۆژانەمانە، بەبێ دەمامك و زۆر بە قووڵی پەردە لەسەر ڕاستی پەیوەندییەكانی نێوان مرۆڤ و لەسەر هەموو ئاستەكان هەڵدەماڵێت و بەبێ بەزەیی ڕووبەڕووی خۆیان، كۆمەڵگا، دەوروبەر و جیهانیشیان دەكاتەوە.

## • ژیان و شانۆ، شانۆ و ژیان

فریدریش دیرنمات لە 5 یانیوەری ساڵی 1921 دا لە گوندێکی نزیکی شاری بێرن، لە وڵاتی سویسرا لەدایکبووە و لە 14 ی دیسەمبەری ساڵی 1990 دا کۆچی دوایی کردووە. باوکی قەشەیەکی پرۆتستانتی بووە و پەیڕەوی پەروەردەیەکی ئایینی کردووە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی و بەڕێوەبردنی خانەوادەکەی. ئەم هزرە ئاینییەش دواتر لە بەرهەم و شانۆنامەکەنی فریدریش دیرنماتدا ڕەنگی داوەتەوە.

فریدریش دێرنمات لە ساڵی 1935 دا و لەگەڵ تێکڕای خانەوادەکەیدا لە گوندی کونولفنگنەوە دەگوێزنەوە بۆ شاری بێرن. لە ساڵی 1947 دا خاتوو لوتی گیسلەر دەخوازێت و هەر لەم ساڵەشدا یەکەم شانۆنامەکانی نەمایش دەکرێت. لە ساڵی 1959 شدا خەڵاتی (شیللەر) ی ئەڵمانی وەردەگرێت.

فریدریش دێرنمات لە سەرەتای ساڵەکانی 1941 دا لە شاری زیورخ دەست بە خوێندن دەکات، بەڵام دواجار دەگەڕێتەوە بۆ شاری بێرن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی قووڵ و فراوانتر فەلسەفە و ئەدەب و دواتریش زانیاری و زانستە سروشتییەکان بخوێنێت. هەر لەم قۆناخەشدا فەلسەفەی کریگیگارد، شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس و بەرهەمی شاعیرە گوزارشتئامێزەکانی ئەڵمانیا دەخوێنێتەوە.

ئەم نووسەرە لە سەرەتا و هەڕەتی هەرزەکاریدا، دەیەوێت ببێتە وێنەکێش و هونەرمەندی نیگار و سروشتی ڕازاوەی وڵاتەکەی، لە ڕێگای وێنەکێشانەوە خولیای خوێندنەوە دەبێت و لەڕێگای خوێندنەوەشەوە خولیای نووسین و شانۆ و گوزارشتکردن دەبێت.

فریدریش دێرنمات فرە بەرهەم بووە و لە هەموو بوارەکاندا بە سەرکەوتوویی و بە سەلیقەیەکی وەستایانەوە شانۆنامە، ئۆپەرێت، شانۆی ئێزگە و تەلەفزیۆن، ڕۆمان، کورتە چیرۆک. نۆڤلێت، لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیشی نووسیوە.

لەوانەیە ئاکار، خێر و شەڕ، ڕاست و هەڵە لە بنەما هەرە قووڵ و سەرەکییەکانی بابەتی نووسین و بەرهەمەکانی فریدریش دێرنمات بن.

هەر لەم دەروازەیەشەوە زوربەی کارەکتەری شانۆنامە و ڕۆمانەکانی کەسانی یاساناس، تاوانبار، جەللاد و قوربانین. هەر بۆ نموونە: قازی و جەللادەکەی 1956، گومانلێکراو 1957، پیاوکوژ و پارێزەر 1968، هەندێ لە گرنگترین ڕۆمانەکانییەتی.

فریدریش دێرنمات بە شێوازێکی باڵا فۆرم و بابەتەکان تێکەڵاو دەکات و پشێوییەکی تایبەتمەند بەخۆی دەخوڵقێنێت. کارەسات و ڕێکەوت زۆر جار کاری مرۆڤ و ئاراستەی چیرۆکەکان دەبات بە ڕێگاوە. ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکەوت و هەلە چاوەڕواننەکراوەکان و پێداویستی ساتەوەختی ڕووداوەکان، پێودانگ و زەمینەی هاتنە ژوورەوەی کارەکتەرەکان دەخوڵقێنێت. هەندێکجار تاوانبارەکان دادگایی دەکرێن و بە سزای خۆیان دەگەن، هەندێک جاریش دەرباز دەبن، هەموو جارێکیش هیچ پەیوەندی و هۆکارێک لەنێوان مەرگ و تاوانبار و تاوانەکاندا نامێنێت.

فریدریش دیرنمات بە کۆمەڵێ شانۆنامەی مێژوویی دەست دەکات بە نووسینی شانۆیی، لەنێو ئەو شانۆنامانەشیدا (ڕۆمۆلۆسی مەزن) کە لە ساڵی 1949 دا نووسیویەتی، پایەی ئەم نووسەرە، وەک شانۆنامەنووسێکی باوەڕپێکراو پتەو دەکات و تا ئێستاش بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە پەنجا زمانی جیهانی.

فریدریش دیرنمات تەنها نووسەر نەبووە، بەڵکو گرنگییەکی زۆریشی داوە بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بوارە زانستییەکان و لەو ڕووەشەوە ئەزموون و بڕوانامە و هۆشیارییەکی بەرزی هەبووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە بیروباوەڕە زانیارییەکانی، بۆچوون و پێناسەکانی بۆ زانستە سروشتیەکان، ئەتۆم و بەرئەنجامە ترسناکەکانی تەنها بۆچوونێکی سەرزارەکیی و ڕاگوزەری و دوور لە زانستەوە نەبووە، بەڵکو بنەمایەکی زانیاری پتەو و شارەزاییەکی تەواوەتی لەو بوارەدا هەبووە. فریدریش دیرنمات لەیەک کاتدا نووسەر و زانا بووە: بەدیقەت و زەین ڕوونی زانایەک و بە هەستێکی ناسک و زمانێکی پاراو و خەیاڵێکی بەربڵاوی شاعیرێک، ئەزموونێکی دەوڵەمەندی وێژەیی نووسیوە.

بەشێکی زۆری بەرهەمە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە، کۆمیدییە، بەڵام بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر: لەشێوازەکانی گۆرانی و ئاهەنگ ئامێزەوە تا دەگاتە کەباریا، بەڵام لە هەموو بارەکاندا مۆرکە کۆمیدییە گاڵتەئامێزەکانی، دەروازە و دەسپێکی گرنگی بەرهەمەکانییەتی.

فریدریش دیرنمات زۆر زیرەکانە بەرهەمەکانی لە ڕووداوە سیاسی و ڕۆژانەکانی ژیانەوە وەردەگرێت، بەڵام لە شێوازێکی ڕەخنەئامێز و کۆمیدیایەکی ڕاستەوخۆدا بەرجەستەیان دەکات.

## • دید و بۆچوونە شانۆییەکان

فریدریش دیرنمات کۆمەڵێ دید و بۆچوونی جیاواز و تایبەتمەندی سەبارەت بە شانۆ هەبووە، بۆ ئەو مەبەستەش هەندێ باسی گرنگی تیۆریشی لەسەر مەسەلەکانی شانۆ و هونەری شانۆ، ڕۆڵی شانۆ و تایبەتمەندی ئەم هونەرە

نووسیوه. گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی ئەم نووسەرەش (قەیرانەکانی شانۆ)[1] یە. دێرنمات لەم باسەیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە زمانی شانۆ بەبێ شێوازێکی گرۆتێسک و زلکردنی ڕووداوەکان سەرکەوتوو نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە کە بزانیت کەی ڕووداوەکان مۆرکیکی زل و پێوەنراو لەخۆدەگرن، بەتایبەتیش زۆر گرنگە بزانین کە چۆن و بە چ شێوەیەک شتەکان لە بارستەی خۆیان زیاتر گەورەتر دەکرێن. هەروەها ئاماژەی ئەوەش دەکات کە شانۆ دەبێت لەگەڵ بینەراندا یەک بگرێتەوە، نەک ئەکتەرەکان و ڕووداوەکانی شانۆنامەکە ڕووناک بکرێتەوە و بینەرانیش بە تەنها لە تاریکییدا خەو بیانباتەوە.

هەروەها لەو وتارەیدا بە چاوی ڕێزەوە ئەرستۆفانیس بەسەر دەکاتەوە و شاکارەکانی بە دەسپێکی گەورەی کۆمیدی ناوزەد دەکا و هەڵوێستە کۆمیدی و سیاسییەکانی، ڕووبەڕووبوونەوە چاوەڕواننەکراوەکانی و زمانە ڕاستەوخۆ و توندوتیژەکەی باس دەکات. کۆمیدیای ڕاستەقینەش لەلای فریدریش دێرنمات شتێکی ئاسان و پڕ لە خەندە و پێکەنین نییە، بەڵکو لەپشت هەڵوێستە پێکەنیناوییەکانەوە ئازارێکی گەورە بەرجەستە دەکرێت. جگە لە ئەریستۆفانیس، کریستۆفەر فرای، مۆلییر، چیرودۆ و پیراندللۆ، پێگە و بەهایەکی تایبەتییان لە ئەفراندنی کۆمیدیای فریدریش دێرنماتدا هەیە. (بریشت) یش لەو هاوکێشەیەدا یەکەیەکی گرنگی فیکری، سیاسی و هونەرییە.

فریدریش دێرنمات لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت:( شانۆ بۆ من بۆتە ئامرازێکی شانۆیی، نەک ئەدەبی. دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم کە من چیتر شانۆنامەکانم بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ بۆ ئەکتەر نانووسم، بەڵکو لەگەڵ ئەکتەرەکانمدا دەیاننوسم. من بە تەواوەتی پشتم کردۆتە شانۆیەکی وێژەیی. )

دێرنمات ڕووتکردنەوەی شوێن لە شێواز و فۆڕمە مادییەکانیدا سەرنجی ڕاکێشاوە، شوێنە بۆشەکان ئەفسونی شانۆ، هێزی ئەکتەر و گورزی کۆمیدیاکەی تیا بەرجەستە کردووە.

[1] فریدریش دێرنمات ئەم باسەی بۆ یەکەم جار و بەر لە بڵاوکردنەوەی، لە سیمینارێکدا پێشکەش کردووە.

## • کۆمیدیا و شێوازە کاریگەرەکانی شانۆ

سەرەتاکانی شانۆیەکی کۆمیدی لە وڵاتی گرێک و بۆ نووسەرێکی هاوچەرخ دەبێتە سەرەتا و کۆتایی، جەنگ و ئاشتی، شانۆ و هونەرێکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر. فریدریش دێرنمات لەو بنەمایانەوە دەڕوانێتە یەکەم تەقەلا کۆمیدییەکانی شانۆی گرێکی و ئەریستۆفانیس. لە ئەریستۆفانیسدا شێوازێک، زمانێک، فۆرمێک و بیرکردنەوەیەکی تر و جیاواز ئەدۆزێتەوە. کۆمیدیا دەبێتە دەروازە و شێوازێکی گرنگی نووسین، دەبێتە بڕوا و چەکێکی بەهێزی سیستەمیکی دیموکراسی. فریدریش دێرنمات بڕوایەکی پتەوی بە هێزی کۆمیدیا دەبێت و هەمیشە دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە (کۆمیدیا تاکە ڕەنگێکی گونجاوە بۆ ئەمڕۆ) کۆمیدیای فریدریش دێرنمات کۆمیدیایەکی جیاوازە، گرۆتێسک و جیهانێکی ئەبسورد تێکەڵاو دەکات، تا فۆڕمێکی تراژیدی_کۆمیدی تایبەت بەخۆی بخوڵقێنێت. ئەم نووسەرە لەڕێگای بەکارهێنانی کۆمیدیاوە، بینەرەکانی ناچار کردوون کە بیر بکەنەوە و هەڵوێست وەربگرن.

فریدریش دێرنمات لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا سەبارەت بە چەمکەکانی کۆمیدی و تراژیدی ووتوویوتی:( باسی تراژیدیا مەکەن، تراژیدیا هەموو بنەما چارەنووسساز و تراژیدیاکانی خۆی لەدەستداوە، ڕێساکانی دۆڕاندووە و لە زەمەنێکی ڕوکەش و بێ بەهادا وون بووە.)

هەر ئەم نووسەرە بۆ یەکەمجار وشەی گرۆتێسک و شێوازێکی کاریکاتێری دەکاتە تەکنیکی شانۆنامەکانی، وێنە گەورەکراوەکان، بارودۆخە نائاساییەکان و ڕووداوە کۆمیدیاکانی، بارێکی تووڕە و قێزەوەن دروست دەکەن. دوورکەوتنەوەی فریدریش دێرنمات لە چەمک و بنەما فیکرییەکانی شانۆی پووچگەرایی، نزیکبوونەوەیەکە لە شێوازەکانی شانۆیەکی گوزارشتئامێزی تایبەت بە فریدریش دێرنمات.

## • شانۆنامەکانی فریدریش دیرنمات

فریدریش دیرنمات وەک شانۆنامەنووسێکی بەتوانا ناسراوە و بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە جیاوازەکانی جیهان. گرنگترین شانۆنامەکانیشی بریتین لە: نووسراو 1946، کوێر 1947، رۆمۆلۆسی مەزن 1948، زەماوەندی ڕێزدار مسیسپی 1950، شەڕ لەسەر سێبەری کەر 1951، فریشتەکە لە بابل دادەبەزێت 1953، دیدەنی پیرێژنەکە 1955، زاناکانی سروشت 1962، با گەمەی ستریندبێری بکەین 1968.

فریدریش دیرنمات بۆ ناوەڕۆک و ڕووداوەکانی شانۆنامەی (نووسراو [2]) سوودی لە چیرۆکە ئایینیە کۆنەکان وەرگرتووە. مەسەلەی ئایین و بەکارهێنانی لەلایەن دەسەلات و بەسیاسیکردنی ئایین، چەمکێکی گرنگی ئەم شانۆنامەیەیە. ئەو شێوازە گاڵتەئامێز و کۆمیدیا توندوتیژە ڕاستەوخۆیەی کە لە شانۆنامەی (نووسراو) دا بەکاریهێناوە، دواتر دەبێتە سیما و زمان و شێوازی نووسینی فریدریش دیرنمات. پێودانگە درامییەکەی شانۆنامەکەش لەسەر کۆمەڵێ مەنەلۆژی بەهێز و چڕ داڕێژراوە. هەموو کارەکتەرەکان سیمایەکی سەربەخۆیان هەیە و هەر یەکە بەتەنها و بە جیا باس لەخۆی و بۆ خۆی دەکات. یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە ئەوەیە کە فریدریش دیرنمات، لەو زەمەنەدا توانیویەتی جۆرە خورپەیەک لەلای بینەران و لەڕێگای هەڵوێست و ڕووداوی چاوەڕواننەکراوەوە دروست بکات.

---

[2] شانۆنامەی (نووسراو) بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1947 دا لەسەر شانۆی زیورخ نەمایشکراوە. شانۆنامەکە پێشوازییەکی گەورەی لێدەکرێت و لەهەمانکاتدا هەرا و ناڕەزاییەکی زۆریشی بەرامبەر دەردەبڕدرێت، بە شێوەیەک پۆلیس ناچار دەبێت بێتە هۆڵی شانۆکەوە و خەڵکی تووڕە و ناڕازی و ئاژاوەچیی بکاتە دەرەوە. بەڵام ئەکتەرەکان بەهیچ شێوەیەک ئەو کاردانەوە بەهێزەی بینەران کاریان تێناکات و بەردەوام دەبن تا کۆتایی لەسەر نەمایشەکەیان. لەبەرئەنجامدا، کە شانۆنامەکە تەواو دەبێت بینەران لەبری فیکەکێشان و هوها لێکردن، بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان دەکەن.

بەڵام پەیامی شانۆنامەی (کوێر [3]) ئەوەیە کە وشە دەکرێت لە یەککاتدا ئامرازی بڕوا و درۆ و ڕیاکردنیش بێت. وشە دەتوانێت جیهانێکی نادیار و پڕ لە نهێنی بخوڵقێنێت، لەهەمانکاتدا جیهانێکی نەبووش دروست بکات.

پاڵەوانی سەرەکی ئەم شانۆنامەیە قەشەیەکی کوێرە، لەبەرئەوە نازانێت کە چی لەچوار دەوری ڕوودەدات و تەنانەت نازانێ کە چی لە خۆشی ڕوودەدات.

فریدریش دێرنمات بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە گەڕاوەتەوە بۆ سەر ئینجیل و سوودی لە چیرۆک و نامەکانی کتێبی پیرۆز وەرگرتووە. بەڵام شانۆنامەکە بنەمایەکی مێژوویشی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ جەنگە سی ساڵییە خوێناوییەکەی ئەورووپا (1618_1648-) ، لەنێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا شانۆنەمەکە دانانرێت بە شانۆنامەیەکی مێژوویی. مێژوو لێرەدا دەسپێکی تری خوڵقاندنی ڕووداوەکانە و سەرلەنوێ لە فۆرم و شێوازێکی تردا، لە زەمەنێکی تر و لە چارەسەرێکی جیاوازدا بەرجەستە دەبێت.

بەڵام ڕۆحی کۆمیدیای فریدریش دێرنمات و زمانە ڕاستەوخۆ توندوتیژەکەی و بنەما و سترکتوری شانۆنامەکانی، بەشێوەیەکی پتەو و گشتگر لەگەڵ شانۆنامەی (ڕۆمۆلۆسی مەزن) دەست پێدەکات [4].

مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکان لەم شانۆنامەیەدا زەمینە و بنەمایەکی گرنگی هەیە، زۆر لە ڕەخنەگرەکان (رۆمۆلۆسی مەزن) یان لە ڕەوتی شانۆی فریدریش دێرنماتدا، وەک خاڵێکی گۆڕانکارییە مێژووییەکان، یان وەرچەرخانێکی مێژوویی ئاماژەیان بۆ کردووە.

لە (رۆمۆلۆسی مەزن) دا ڕووخانی دوا ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما، وەک سەرکردەیەکی سەربازیی، خاڵە سەرەکییەکانی هێڵ و ڕووداوەکانی شانۆنامەکەیە. نووسەر زۆر بە دیقەت دووپاتی بەرجەستەکردنی ئەو زەمەنە مێژووییە دەکات کە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما بەرەو هەڵدێر و لەناوچوون دەچێت، بەڵام لەهەمانکاتدا هۆزە ئەڵمانییەکان، یان ئەو هۆزانەی کە ڕەگەزێکی ئاری و ئەڵمانییان هەیە، لەو ناوچانەدا سەرهەڵئەدەن.

---

[3] شانۆنامەی کوێر بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1948 دا نەمایشکراوە.

[4] شانۆنامەی رۆمۆلۆسی مەزن بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1949 نەمایشکراوە.

فریدریش دێرنمات لەم شانۆنامەیەدا، هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێشەوە و زۆر بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە ئەقڵی شارستانی و کولتووری ئەوروپا دەگرێت. ڕۆمۆلۆسی سیزەری ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما، لەبری بەرەنگاربوونەوەی دوژمنەکانی، پاراستنی ئیمپراتۆرییەتەکەی و سەرکوتکردنی بەرهەڵستکارەکانی، ژیانی تەرخانکردووە بۆ بەخێوکردنی جووجەڵە و مریشک. بەڵام لەهەمانکاتدا نووسەر ویستوویەتی ئاماژە بەو لۆژیکە هێمن و ستراتیژە بێباکەی ڕۆمۆلۆس بکات، لەکاتێکدا هەموو کەسانی دەوروبەری و دەستوپێوەندەکانی لە ترساندا هەڵدێن.

فریدریش دێرنمات بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیە گەڕاوەتەوە سەر چیرۆک و بەسەرهاتەکانی مێژووی ڕۆما و لە خودی ئەو چیرۆکانەدا زەمینەیەکی لەباری بۆ گاڵتە و کۆمیدیایەکی سیاسی و توندوتیژ دۆزیوەتەوە. هەروەها فریدریش دێرنمات لە زۆر بۆنە و چاوپێکەوتنیشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەیەوێت لە (ڕۆمۆلۆسی مەزن) دا بڵێت:( لەسەر مرۆڤ پێویستە کە نیشتیمانی کەمتر لە مرۆڤ خۆش بوێت.[5] )

فریدریش دێرنمات بە شانۆنامەی (زەماوەندی ڕێزدار مسیسپی) سەرکەوتنێکی گەورە و ناوبانگێکی جیهانی بەدەست دەهێنێت[6]. نووسەر لەم شانۆنامەیەیدا تەکنیکی سینەمای بەکارهێناوە، گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ڕووداوەکان، کۆکردنەوەی ڕابردوو و ئێستا لە یەکەیەکی هونەری و لەنێو یەک دیمەندا، دەکاتە ئامڕازی پەیوەندی و تەکنیکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکەی.

لە سەرەتا و دەستپێکی شانۆنامەکەدا کارەکتەرەکان دەدوێن و لەهەمانکاتدا هەڵوێستە لەتەک ڕووداوەکاندا وەردەگرن. بۆ نموونە لەپڕ گڵۆپەکانی هۆڵی بینەران پێدەکرێت و هەندێک لە کەسایەتییەکان ڕاستەوخۆ دەباتە ناو بینەرانەوە و پرسیاریان ئاڕاستە دەکەن.

---

[5] فریدریش دێرنمات بۆ چەندین جار ئەم شانۆنامەیەی سەرلەنوێ نووسیوەتەوە و گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ڕووداو و کارەتەرەکانیدا کردووە. بەڵام لە ساڵی 1957 دا بۆ دواجار فۆرم و شێوازی تەواوەتی خۆی لەخۆ گرتووە.

[6] شانۆنامەی (ڕێزدار مسیسپی) بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی میونشن و لە ساڵی 1952 دا نەمایشکراوە.

شانۆنامەی (زاناکانی سروشت[7]) گفتوگۆیەکی بەربڵاو لە ئەوروپا و ئەمەریکا دروست دەکات. فریدریش دیرنمات زاناکانی ئەتۆم و زانستە فیزیکییەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پرسی چارەنووسساز و ئاکاری دەکاتەوە. هەموو دەزانین کە دۆزینەوە و بەرەوپێشەوەچوونی زانیاری، چەکی ئەتۆمی، تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانیان بۆ مەبەستی سەربازی و ئایدۆلۆژی، ژیان و گۆی زەوی ژەهراوی دەکات و دەبێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی هەزارەها کەسی بێ تاوان.

فریدریش دیرنمات لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەم شانۆنامەیە ووتوویەتی:( لێم مەپرسە بیرۆکەی ئەم شانۆنامەیەم لەکوێوە بۆ هاتووە. مرۆڤ بیرۆکەی هیچ شتێکی بۆ نایەت، بەڵکو کۆی دەکاتەوە. هەموو شتەکان لەم ڕۆژگار و سەردەمەدا هەن، چاویان پێدا بگێڕە و کۆیان بکەرەوە و بەکاریان بهێنە.)

سێ کارەکتەری سەرەکی لەم شانۆنامەیەدا هەن، هەرسێکیان شێتن، یەکێکیان وا دەزانێ ئیسحاق نیوتنە، دووەمیان ئەنیشتین و سێیەمیشیان بەڕاستی زانایەکی ئەتۆم و زانستە سروشتییەکانە و لەو شێتخانەیەدا، لەگەڵ شێتەکانی تردا توند کراوە. ڕووداوەکانی شانۆنامەی (زاناکانی سروشت) وەک کۆمیدیایەکی ڕەش بەوە کۆتایی دێت کە شێتێک حوکمڕانی جیهان دەگرێتە دەست.

زاناکان شێتن، هەرچەندە زۆر هوشیارن، بەڕێوەبەر و بەرپرسە گەورەکان هوشیارن، بەڵام شێتن. جیهان پڕە لە خێر و خۆشی، بەڵام لە هەمانکاتدا پڕە لە شەڕ، کارەسات و مەینەتی. هێزی شەڕ هەمیشە هەبووە و لەهەموو شوێنێکیشدا جێگای خۆی دەکاتەوە.

فریدریش دیرنمات زۆر زیرەکانە جیهانە ڕەش و سپییەکەی شەڕی سارد و هەڕەشەکانی دەکاتە دەروازە و زەمینەیەکی لەباری ئەو ئەتمۆسفێرە گرۆتێسکەییە کە ئەو نووسەرە لە شێوازێکی کۆمیدییدا خوڵقاندوویەتی[١].

[7] شانۆنامەی (زاناکانی سروشت) لە هەموو شانۆنامەکانی تری فریدریش دیرنمات زیاتر لە ئەوروپا نەمایش کراوە. ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لە شاری زیورخ و لەساڵی 1962 دا نەمایشکراوە.

[1] فریدریش دیرنمات بۆ نووسینی ئەم شانۆنامەیەی سوودی لە شانۆنامەی (گالیلی) بریشت وەرگرتووە.

## • فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت

فریدریش دێرنمات هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە بیریی لە چیرۆکەکانی تاوەری بابل کردۆتەوە، ئەو چیرۆکانە خەیاڵیان بزوواندووە و لە ئەندێشەیدا ئەفسانە و واقیع، سیاسەت و مێژوو بوونەتە ناوەندێکی گرنگی بیرکردنەوە و خوڵقاندنێکی تری داستان و ئەفسانە کۆنەکان. ئەم بیرۆکە چڕ و بەربڵاوە لە ساڵی 1948 ەوە زیاتر فریدریش دێرنمات لە شانۆ نزیک دەکاتەوە، سەرەتا وویستوویەتی چیرۆک و ئەفسانە بابلییەکان بکاتە ناوەڕۆکی ڕۆمان و نۆڤێلتەکانی، دواتر شانۆ ڕێگای بابل دەگرێتە بەر. فریدریش دێرنمات هەمیشە هەستی بە فراوانی هێما و بنەما فیکری و چیرۆکە جۆربەجۆر و بەربڵاوەکانی تاوەری بابل کردووە. لە یەکەم تەقەلاکانی ئەو پرۆژەیەدا دێرنمات سەرکەوتوو نابێت، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانیش ئەوە بووە کە نەیتوانیوە ئەو هەموو چیرۆک و ڕووداوە جیاوازانە، بە هێما و بنەما فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییانەوە لە یەک شانۆنامەدا کۆکاتەوە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە فریدریش دێرنمات ئەو هزرەی لەلا ڕوون و ئاشکرا بووە کە شانۆنامەکەی توانا و دەسەڵاتی بێسنووری (نەبوخز نەسر) پادشای بابل بەرجەستە بکات. هەوڵەکانی ئەم نووسەرە لەگەڵ تاوەری بابل و (نەبوخز نەسر) ی پادشا و ڕووداوە سەیر و سەمەرەکانی ئەو دەوڵەتە، بێ بەرئەنجام نابێت، بەڵکو لە ساڵی 1953 دا شانۆنامەی (فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت) دەنووسێت[1].

فریدریش دێرنمات ئاماژەی ئەوەی کردووە کە شانۆنامەکەی پرسی دەسەڵات و دروستکردنی تاوەڕی بابل دەخاتە ڕوو. بێگومان مەسەلەکانی دەسەڵات ، دەسەڵات و جەماوەر، دەسەڵات و پرسە سیاسییەکان و بەدەسەڵاتکردنی دین و سیاسەت، تەوەرە گرنگەکەنی ئەم شانۆنامەیەن.

---

[1] شانۆنامەی (فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت) بۆ یەکەم جار لە ساڵی 1953 دا لە میونشن و دواتر لە ساڵی 1954 دا لە زیورخ نەمایش دەکرێت.

# • ڕووداوەکان لە بابل

## - فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، سەرەتا و کۆتایی

خودا بەجوانترین شێوە بوونەوەرێک دەخولڤێنێت و دەیداتە دەست فریشتەیەک تا لەگەڵ خۆیدا بیباتە سەر زەوی و بیبەخشێت بە کلۆڵترین و هەژارترین پیاوی ئەو شارە. لە شاریش (نەبوخز نەسر) ی پادشا خۆی لە بەرگی هەژارێکی سواڵکەردا دەگۆڕێت، تا بزانێت خەڵکی چۆن ژیان دەگوزەرێنن. ڕێکەوت کوروبی، کچە خواوەند و نەبوخز نەسری پادشای بابل، لە بەرگە دڕاوەکەیدا کۆدەکاتەوە و کوروبی ڕاستەوخۆ عاشقی نەبوخز نەسر دەبێت. تەنانەت فریشتەکەش کە نوێنەری خواوەندە و لە ئاسمانەوە دابەزیوە، نازانێت کە ئەو سواڵکەرە هەژارە، پادشای بابل (نەبوخز نەسر) ە.

(کوروبی) هەروەک ئیندرای خواوەند لە شانۆنامە بەناوبانگەکەی ستریندبێری (خەونەنمایشێک) دا زوو هەست بە کلۆڵی و ژیانی بێدەرەتان و پڕ کارەساتی خەڵکی دەکات.

**کوروبی**

**... ئەم سەرزەمینە بە شێوەیەکی زۆر ترسناک جیاوازە لەوەی کە فریشتەکە بیری لێدەکردەوە. هەر هەنگاوێک دەنێم ستەم و بێدادییەکی زۆر دەبینم، دەرد و درمێکی زۆرتر، نائومێدییەکی گەورەتر دەوری تەنیوم، مرۆڤ قەت بەختەوەر نییە.**

**فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت**

(کوروبی) شەیدای نەبوخز نەسرێکی هەژار و بێدەرەتان دەبێت، بەڵام ئەو پادشا بە زەبرە جلوبەرگە دڕاوەکانی سواڵکەرەکەی نەینەوا فڕێدەدا و دەگەڕێتەوە نێو کۆشکەکەی و ڕۆڵەکەی خۆی وەک پادشایەک. (کوروبی) تاتوانێ دڵدارەکەی لەیاد بکات و هەمیشە بەدوایدا دەگەڕێت (دەرۆزەکەرەکەی نەینەوا منی بەجێهێشت .. هۆ فریشتەکەم. من ئەوم خۆش دەوێت و کەچی ئەو فەرامۆشی کردم.) فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت.

لــەهــەمانکاتــدا هــەرچــی شــاعیر، پــۆلیس، کرێکــار، ســوالکەر، بازرگــان و سەربازەکانی بابلە، هەر هەموویان شەیدای (کوروبی) دەبن و شیعری بۆ دەڵێن. بەڵام (کوروبی) دڵی هەر لای سوالکەرەکەی خۆیەتی. کە لەکۆتاییشدا لە کۆشکە شاهانەکەی پادشادا ڕووبەڕووی (نەبوخز نەسر) دەبێتەوە، نایەوێت باوەڕ بکات کە ئەوە پادشایە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو هەژارەکەی خۆیەتی و دەیەوێت پادشا ناچار بکات دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت تا پێکەوە، دوور لە دەسەڵات و هێزی پادشایەتی، بەشێوەیەکی ساکار بژین. بێگومان پادشا بە هیچ شێوەیەک بەو مەسەلەیە ڕازی نابێت.

**کوروبی**

**تووخوا واز لەو خەونە ناخۆشە بێنە و با ئەو بۆتەکەیە نەمێنێت، تۆ پادشا نیت. دەی دیسانەوە ببەوە بە خۆت، ئەو دەرۆزەکەرەی کە هەمیشە بوویت، من تۆم خۆش دەوێت. با لەناو ئەم خانووە بەردینە بچینە دەرێ و ئەم شاری بەردە بەجێبێڵین. من دەرۆزەت بۆ دەکەم و ئاگام لێت دەبێت، بەنێو هەرد و وەردەکاندا دەگەڕێین و ڕووە و ئەو سەرزەمینەی کە فریشتەکە باسی کرد، بیابانەکان تەی دەکەین و ناترسین. شەوانە دەست لەملانێ و دەنێو باوەشی یەکدیدا لەسەر زەوییەکە دەخەوین، لەبن درەختەکان و ژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەدا.**

**فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت**

لە کۆتاییدا پشێوییەکی سەیر ئاراستەی ڕووداوەکان داگیر دەکات، شۆڕش هەڵدەگیرسێت و هەموو مەسەلەکان ئاوەژوو دەبنەوە. ئەوانەی کە شیعریان بۆ (کوروبی) دەوت دەبنە دوژمنی، پیاوانی ئایین و مەلاکان بەرگرییان لە هاتنی فریشتەکە و (کوروبی) کچی خواوەند دەکرد، بەڵام لەپڕ هەڵدەگەڕێنەوە و دەچنەوە ڕیزەکانی دەسەڵات و ملکەچی فەرمانەکانی پادشا دەبن، تەنانەت فریشتەکەش (کوروبی) بەجێدەهێڵێت و بە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، نەبوخز نەسر بێباکانە ڕوودەکاتە (کوروبی) و دەڵێ:( **فریشتەکە وا دەڕوات، دەگەڕێتەوە لای ئەستێرە کەسنەناسەکانی خۆی، تۆ تەنیایت. ئاسمانیش پشتی کردە تۆ، مرۆڤایەتییش تۆی ڕەت کردەوە.**)

**فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت**

(نەبوخز نەسر) نهێنی گەمەکانی لایە و دەزانێت تەنها لەبەر هێزی دەسەڵاتە کە وازی لە کچی خواوەند هێناوە. بەڵام ئەوانەی کە گۆرانییان بۆ دەووت لەپێناوی سامان و دارایی، قەشە و مەلاکان لە پێناوی ئایین و پیاوانی دامودەزگاکانی کۆشکی پادشایەتییش لەپێناوی دەسەڵات و دەوڵەتدا.

(کوروبی) لەگەڵ (عاقی) سواڵکەردا و بە تەنها بە بیابانەکانی چارەنووسدا ڕێدەکەن. فریدریش دێرنمات لە فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت، دیالۆژ و پەخشان و زمانێکی شیعرئامێز، لە شێوازێکی شانۆیی چڕ و گراندا کۆدەکاتەوە. تاوەری بابل دەبێتە هێمایەکی گەورە و هەمیشە لە پشتەوەی ڕووداوەکاندایە، دروستکردنی ئەو تاوەرەش جۆرێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە، بەگژاچوون و گەمارۆدانی ئاسمان، هێمای دەسەڵاتێکی ڕەهایە و مرۆڤیش لەو هاوکێشەیەدا بوونەوەرێکی بچوکە.

## • کۆتایی و سەرەتایەکی تری جیهان

شانۆنامەی (فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت) بە پشێوییەکی گەورە کۆتایی دێت، لەو پشێوییەدا جیهان دەکەوێتە ڕۆخی کۆتایی و لەهەمانکاتدا سەرەتایەکی تری دروست بوونەوە. نووسەر دەیەوێت لە دەروازەکانی ئەو تاوەرە مەزنە مێژووییەوە وێنەیەکی دڵتەزێن و کارەساتی کۆتایی جیهان بەرجەستە بکات. ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی لە ڕوانگەی کۆمەڵێک دیمەنی کورت کورت و چڕدا پێکدا دەچن و لە کۆتاییدا جیهان لە هەڵەکانی خۆیدا ون دەبێت. کۆمیدیای ئەم تراژیدیایەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە چۆن جیهان گەمە بە بەختیاری، پێداویستییەکان و تواناکانی خۆیەوە دەکات. دروستکردنی ئەو تاوەرە بابلییە گەورەیەش جۆرێکە لە تۆڵەسەندنەوە و لەهەمانکاتدا هێرشکردنە سەر ئاسمان. چەندە بارستاییەکانی ئەو تاوەرە بەرز و بەرزتر بێتەوە، بارستە و قەبارەی مرۆڤیش بچوک و بچوک دەبێتەوە تا لە ئەنجامدا دەبنە تەنها تارماییەکی ڕەشی بچوک. لەم هاوکێشە و گەمەی دەسەڵاتەدا، تاوەرەکە دەبێتە جۆرێک لە دەسەڵاتێکی توندوتیژ و بەهێز بەسەر مرۆڤدا، نەک داگیرکردنی ئاسمان. کارەکتەری (نەبوخز نەسر) زیاتر دەبێتە وێنەیەکی کۆمیدی، بەڵام فریشتەکە کە نوێنەری خوایە، ساویلکەیە و لە هەڵەکانی خۆیدا ون دەبێت. (عاقی) سواڵکەریش لەبری فریشتەکە بەدەم (کوروبی) یەوە دەچێت و یارمەتی ئەدات، کوروبی و عاقی

تـەنهـا و بێـدەرەتـان کۆتـایی بـەو کـارەسـاتە دەهێـنن و کـارەسـاتی گـەورەتـریش چاوەڕوانە.

**عاقی**

**.... ئەوان کە من و تۆیان بە مەرگ سپارد. لە پشت ئێمەوەش ئەوەتا تاوەری بابل بەرز و بڵند بە ڕووی ئاسماندا هەڵشاخاوە و ترۆپکی دیار نییە، لە پۆڵا و لە بەرد دامەزراوە، کوێر و نەچەسپیو، کەچی وەستاوە و ڕکەبەری دەکا و نایەوێت بڕوخێت، ئەسپ سوارەکانیش ڕاوەدوومان دەنێن، بووین بە نیشانەی تیرەکانیان و هەر بە دواوەمانن. ئەی، لە پێشەوە چی بەردەمی گرتووین؟ هێزێک کە نەیتوانی دوای ئازایەتی بکەوێت و بەجێما، پێیەکانمان نوقمبوو دەنێو لمی نەرمدا ڕادەکێشین و پرزەمان لەبەر بڕا، گەردەلوولیش ڕوومەتمان داغ و زامار دەکات، نێوان ئێمە و سەربەستییش بەربەست و کەندەڵانە، خۆ دواجاریش ئێرە خاکێکە کە ڕابردوو لەیاد دەکات، بەڵام زەوییەکە کە دەنێو ڕۆشنایی زیوینی کازیوەدا دەدرەوشێتەوە، پڕە لە ستەم و بێدادی و چەوسانەوەی تازە بابەت، بەڵام پڕیشە لە بەڵێنی نوێ، پڕ پڕە لە سترانەکان و بەستە و سپێدەی تازە.**

**(هەردووکیان ون دەبن، دەکرێت کۆمەڵێک لە شاعیرەکان دوایان بکەون کە دواجار دەکەونە ناو گێژەڵووکە و گەردەلوول، بەدەم قەڵەمباز و گورگەلۆقەوە ڕێ دەکەن.)**

**فریشتەیەک لە بابل دادەبەزێت**

# مارا- ساد و
# پیتەر ڤایس و شانۆیەکی بەرهەڵستکار

پیتەر ڤایس هونەرمەند و نووسەرێکی فرە بەرهەم بووە و لە زوربەی بوارە هونەری و ئەدەبییەکاندا پرۆژە و بەرهەمی دانسقە و باڵای هەیە. لەوانەیە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو فرە زمان و فرە کولتوورەی کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیا گەورە بووە.

وێنەکێشان، ڕۆمان، پرۆسە، شانۆنامە، دروستکردنی فیلم و چالاکییەکی بەهێزی سیاسی، ڕەوتی ژیان و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە پێکدەهێنێت.

پیتەر ڤایس لە ساڵی ١٩١٦ دا لە بەرلین لەدایک بووە، دایکی یەکێک بووە لە ئەکتەرەکانی ڕێژیسۆری بەناوبانگی ئەڵمانی ماکس ڕاینهارت، باوکی لە بنەماڵەیەکی جولەکە بووە، بەڵام هەر لەدێر زەمانەوە دەبێتە مەسیحی و پشت دەکاتە ئایین و دابونەریتی خۆیان. پیتەر ڤایس بەهیچ شێوەیەک ئەم ڕاستییە نازانێت، تا نازییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و بنەماڵەکەیان، وەک هەزارەها خێزان و بنەماڵەی جولەکەی تر تووشی ڕاوەدوونان و لێپێچانەوە دەبێت. سەرلەنوێ مۆرکی جولەکەیی بە تەوێڵی باوکی و بنەماڵەکەیانەوە دەنرێتەوە و پیتەر ڤایسیش لەگەڵ خێزانەکەیدا پەرتەوازە دەبن.

ئەم خێزانە ماوەیەک لە بەریتانیا و ماوەیەکیش لە چیکۆسلۆڤاکیای جاران ژیاون و پیتەر ڤایس لە سەرەتاکانی ژیانی لاوێتیدا لە شارەکەی کافکا، لە پراگ لە ئەکادیمیای هونەر خوێندوویەتی. (پیتەر ڤایس لە ساڵی ١٩٣٩ و لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا وەک پەنابەر لە ستۆکهۆڵم دەگیرسێتەوە.) پیتەر ڤایس لە سەرەتادا وەک هونەرمەندێکی وێنەکێش دەردەکەوێت، دواتر لە سوێد و بە زمانی سوێدیی

دەست دەکات بە نووسین، ڕۆمانێک و هەندێ کتێبی تری پرۆسە و لیریک بڵاودەکاتەوە. نووسینەکانی نابێتە جێگای هیچ سەرنج و تێڕامانێک، هیچ ڕەخنەگر و ڕۆژنامەیەکیش ئاوڕیان لێناداتەوە. لەبەرئەوە پیتەر ڤایس لە سەرەتای پەنجاکانەوە ڕوودەکاتە بواری سینەما و هەندێ فیلمی ئەزموونگەری و جیاواز کە هەناسە و مۆرکێکی سوریالیانە لەخۆدەگرن، لەگەڵ هەندێ فیلمی دیکۆمینتاری دروست دەکات. فیلمەکانیشی، هەروەک نووسینەکانی ئەو سەرکەوتنە بەدەست ناهێنن کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد. پیتەر ڤایس لە شەستەکاندا ناچار دەبێت کە بگەڕێتەوە سەر زمانی دایکی. لەم قۆناخەدا پیتەر ڤایس بەرهەمەکانی ڕاستەوخۆ بە زمانی ئەڵمانی دەنووسێت، ژیانی خۆی دەکاتە سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی ڕۆمان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی تری و لە ئەڵمانیا پیتەر ڤایس هەر لە سەرەتاوە دەبێتە جێگای سەرنج و تێڕامانی ڕەخنەگر و خوێنەرەکانی.

لە ناوەڕاستی شەستەکاندا پیتەر ڤایس بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو بە شانۆنامەی مارا- ساد سەرکەوتنێکی گەورە و ناوبانگێکی نێونەتەوەیی بەدەست دەهێنێت. شانۆنامەکەش باسی ئەوە دەکات کە چۆن مارکیز دی ساد لە ساڵی ١٨٠٩ دا و لەگەڵ نەخۆشەکانی بیمارستانی چارنتن نەمایشێک سەبارەت بەکوشتنی شۆڕشگێڕی فەڕەنسی ژان پۆل مارا لە ساڵی ١٧٩٣ دا پێشکەش دەکەن.

ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی شیلەر و لە ساڵی ١٩٦٤ دا لە شاری بەرلین پێشکەشدەکرێت، بەڵام ناوبانگی مارا- ساد، دوای ئەوەی کە پیتەر بروک و لە ساڵی ١٩٦٦ دا و لەسەر شانۆی ئالدویک لە لەندەن پێشکەشی دەکات، هەموو سنوورەکان دەبڕێت و وەک یەکێک لە شانۆنامە زۆر گرنگەکانی سەدەی ڕابردوو ئاماژەی بۆ دەکرێت.

پیتەر بروک مارا- ساد دوای تاقیگە ئەرتۆییەکەی خۆی، وەک بەرئەنجامێکی ئەو پرۆژە یەک ساڵییە، پێشکەش دەکات. پیتەر بروک لە نەمایشەکەیدا، زۆر زیرەکانە مێتود و بۆچوونە ڕامیارییەکانی شانۆی برتۆلد برێشت و شانۆ توندوتیژە فیزیکییەکەی ئارتۆ تێکەڵاو دەکات. بەڵام ڕەخنەگرەکان ئاماژەی ئەوەش دەکەن کە مارا- ساد جگە لە برێشت و ئارتۆ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی تەکنیک و ستایلی نووسەری ئیتالی لویجی بیراندیللۆ ١٨٦٧ - ١٩٣٦ ی بەسەرەوەیە.

پیتەر ڤایس بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی برێشت، ئارتۆ و بیراندیلۆش تێکەڵاو دەکات. بەم تێکەڵاوکردنەش ستایلێکی تر و شانۆیەکی سەراپاگیر و مۆدێرنی

ڕامیاری لە مەودایەکی فراوانی مرۆڤایەتییەوە دەنووسێت. بۆ نموونە پیتەر ڤایس بۆ ئەم گەمە شانۆییە سێ ڕۆڵی جیاوازی بەخشیوە بە ساد، ساد وەک ساد، سادی ڕیژیسۆر، سادی ئەکتەر و لەهەمانکاتدا هەر سادیش قسە لەسەر ڕووداوەکان دەکات. زمان و فۆرمی شانۆنامەکەش زمانێکی جیاوازە: شیعر، پەخشان، گۆرانی، هونەری پانتۆمایم و زمانێکی تری ساکاری ژیانی ڕۆژانە تێکەڵاو دەکات.

پیتەر ڤایس لە زۆر بۆنە و نووسیندا ئاماژەی بەوە کردووە کە ویستوویەتی هێزی دژ و جیاوازی برێشت و ئارتۆ، شانۆی داستانیی یان شانۆیەکی فێرگەیی و ڕامیاریی لەگەڵ شانۆیەکی فیزیکی و میتافیزیکی لە شانۆییەکەیدا کۆبکاتەوە، تا بەم پێکداچوونە زەمینەیەکی تری شانۆیی بخولقێنێت: جیاواز و لەهەمانکاتدا لێکچوو، لە هەردوو بنەما شانۆییەکانی برێشت و ئارتۆدا.

پیتەر ڤایس دوای مارا- ساد کۆمەڵێ شانۆنامەی تری گرنگ دەنووسێت، بۆ نموونە لێپێچانەوە ١٩٦٤، مۆکینپۆرت ١٩٦٨، ترۆتسکی لە تاراوگە ١٩٧٠، پرۆسەیەکی نوێ ١٩٨٢. پیتەر ڤایس جگە لە شانۆنامەکانی کۆمەڵێ ڕۆمان، لیریک و یاداشتنامەی نووسیوە. یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە ڕۆمانی (بەربەرەکانیکردنی ئیستاتیکا) یە، ئەم بەرهەمەی لە قەوارەیەکی زیاد لە هەزار لاپەڕەدایە و بە سێ بەش، وەک سێ بەرگی جیاواز بڵاویکردۆتەوە. ڕۆمانەکە بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی، تەکنیکی گێڕانەوە، ووتار، ڕیپۆرتاژی تێکەڵاو کردووە و بەشی یەکەمی بە زمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٧٦ دا و بەشی دووەم لە ساڵی ١٩٧٩ دا و دوا بەشیشی لە ساڵی ١٩٨١ دا هەر بە ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە باسی کرێکارێکی گەنج دەکات کە لە بەرلین لەگەڵ هاوڕێکانیدا دژی فاشییەت دەجەنگن. لەهەمانکاتدا ئەم گەنجە شۆڕشگێڕانە بە وردی دەخوێننەوە، مامەڵە لەگەڵ هونەر دەکەن و لەهەمانکاتدا وەک ئامرازێکی گرنگ بەکاری دەهێنن. سەرچاوە هونەرییەکان بۆ ئەم گەنجانە چاوگێکی گرنگی زانیاری و هێزێکی گەورەی ڕزگارکەریش دەبێت.

## • قۆناخی شەستەکان و شانۆیەکی ڕامیاری

شانۆی ئەوروپی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەژێر کاریگەری و لە ڕوانگەی دیدی (ئەنتۆنین ئارتۆ) و (برتۆڵد بریێشت) ەوە بنیاتنراوە. لەسەر ئاستێکی گەورە و بەربڵاو هەموو گروپە شانۆییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆرە شانۆییەکانی ئەو دوو شانۆکارە داهێنەر و مەزنەوە. لەهەمانکاتدا شەستەکان دادەنرێت بە قۆناخێکی گرنگی هەوڵ و پرۆژە ئەزموونگەرییەکان لە شانۆی ئەوروپیدا.

مارا- ساد لە هەردوو ڕووە سیاسی/ ئەزموونگەرییەکەوە زۆر گونجاو بووە لەگەڵ ئەو تەوژمە سیاسی/ ئەزموونگەرییەی قۆناخی شەستەکاندا. زوربەی هونەرمەند، نووسەر، ڕیژیسۆر، ڕۆژنامەنووس و تەنانەت ئەکتەرەکانیش چەپڕەو بوون و تەوژمێکی چەپ و سۆسیالیزم هەموو نەخشە و چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەو قۆناخە دەگرێتەوە.

ڕابوون و هەڵچوونی نەخۆشە شێتەکانی بیمارستانی چارنتنی شانۆنامەی مارا- ساد لە خۆپیشاندانی شۆڕشی قوتابیان و شەڕی سەر شەقامەکاندا ڕەنگ ئەداتەوە. ساد دەبێتە نوێنەری نووسەرێکی مۆدێرن و ڕوویەکی ئاشکرای کەسی تاک و فەلسەفەی خودێتی. ماراش بانگەشەی کردارێکی توندوتیژ و بەزەبر دەکات: تەنها شۆڕشە کە دەتوانێت جیهان بگۆڕێت.

پیتەر ڤایس خۆی لە ساڵی ١٩٦٥ دا مانیڤێستێکی ئەدەبی و سیاسی بەناوی ( دە خاڵیکارکردن لە جیهانێکی دابەشکراودا) بڵاودەکاتەوە و لەم مانیڤێستەدا خۆی لە خانەی (مارا) دا دەبینێتەوە.

پیتەر ڤایس مارا- سادی وەک گفتوگۆیەکی دیالیکتیکی نووسیوە. وتوویژ سەبارەت بە شۆڕش، وەک دەروازە و سترکتورێکی نوێی دەسەڵات، مارا بڕوای بە ڕابوون و شۆڕشێکی چەکداری، توندوتیژ و خوێناوی هەیە. بەڵام ساد کەسێکی شارستانییە و تاکڕەوانە بیردەکاتەوە. مارا- ساد هەموو کاتێک دەتوانرێت پێشکەش بکرێت و لەگەڵ هەموو کات، شوێن و سەردەمێک دەگونجێت: مەسەلە

ئایدیۆلۆژی، دەسەڵات، مرۆڤ وەک میگەلیزم و مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تاک و تەنها جەمسەرە سەرەکییەکانی ئەم هاوکێشە هونەرییەن.

پیتەر ڤایس بڕوایەکی پتەوی بە سۆسیالیزم دەبێت و هەردەم وەک نووسەرێکی سۆسیالیستیش کاری کردووە. هەر لەم قۆناخەی ژیانی ئەدەبی و هونەریی خۆیدا، برەو بە چەمکی (شانۆی تۆماری) ئەدات، دەگەڕێتەوە سەر ڕاستییە مێژووییەکان، پرۆتۆکۆڵی دادگاکان و ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیان. لە ساڵی ١٩٦٨ دا ووتارێکی گرنگیش بەناوی ( هەندێ تێبینی سەبارەت بە شانۆی تۆماری ) بڵاودەکاتەوە. ئەم نوسەرە هەوڵیداوە بنەما تیۆریی، ڕامیاری و هونەرییەکانی سەبارەت بە ڕۆڵ و بنەما گرنگەکانی شانۆیەکی تۆماری ڕوونبکاتەوە. پیتەر ڤایس زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی بەکارهێنانی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بخاتە قاڵب و شێوازێکی دراماتیکی و پڕ لە کێشە و گیروگرفتەوە. لەم ڕووەوە پیتەر ڤایس دەڵێت:" من نامەوێت بۆ ئایندە یان بۆ ئەبەدییەت بنووسم. من دەمەوێت بۆ ئەم ڕۆژگارە بنووسم. لەپێناوی گۆڕانکارییەکانی ئەم ڕۆژەدا. گەر من ئەمرۆ نەتوانم شتێک بە نووسینەکانم بەدیبهێنم، ئەوە هەموو پرۆسەی نووسین کارێکی بێهوودە و بێ ئەنجامە."

پیتەر ڤایس لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات وەک پاڵەوان ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا وەک شۆڕشگێڕێکی یاخی دەناسرێت. دوای نووسینی شانۆنامەی (ترۆتسکی لە تاراوگە) پێگە و پایەی هونەری و سیاسیشی لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات بەتەواوی دەگۆڕێت و چیتر ئەو بەهایەی نامێنێت.

## • هونەری شانۆ لە دیدی پیتەر ڤایسەوە

پیتەر ڤایس هەمیشە بیری لە شانۆیەکی گەورە، نێونەتەوەیی و جیهانی کردۆتەوە. ئەم دید و بیرۆکەیە هەر لە سەرەتاکانی ژیانی هونەرییەوە لەگەڵیدا گەورە بووە. لە سییەکاندا تابلۆیەکی بەناوی (شانۆ گەورە جیهانییەکە) وە کێشاوە، ئەم تابلۆیە بۆ پیتەر ڤایس وەک خەونێک وابووە و هەمیشە بیری لێکردۆتەوە. مارا – سادیش هەنگاوێکی گرنگی بەدیهێنان و بەرجەستەکردنی ئەو خەونەیە. شانۆ لەلای پیتەر ڤایس هەمیشە پەیامێکی مرۆڤایەتی، ڕامیاری و هونەری بووە، شانۆ لەلای پیتەر ڤایس باسی دەمەدەمێی ژیانی ڕۆژانەی خێزانە بۆرژوازی و مامناوەندییەکانی نێو ساڵۆنە ڕازاوەکان ناکات. شانۆ ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی

مرۆڤ و ڕووداوە مێژووییەکانە، شانۆ باسی ململانێی چینایەتی و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان دەکات کە لە ڕووداوی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراودا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە.

پیتەر ڤایس شاکارەکانی (دانتێ) و بەتایبەتی (کۆمیدیای خواوەندی) زۆر کاری تێکردووە و وەک پلاتفۆرمێکی گلوبالیزم ئاوڕی لێداوەتەوە، کۆمیدیای خواوەندی بۆ ڤایس بنەمایەکی گرنگ بووە بۆ گوزارشتکردن لە قەڵاچۆکردنی ڕەگەزی جولەکە، بەتایبەتیش لە کەمپەکانی (ئاوشویز) دا. دانتێ و کۆمیدیای خواوەندی زەمینەیەکی گرنگی دامەزراندنی ئەو شانۆ گەورە جیهانییە بووە بۆ پیتەر ڤایس. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٥٦ دا یەکەم شانۆنامەکانی خۆی بەناوی (دەموچاوێک لە سێبەردا) دەنووسێت و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی سیازدە شانۆنامەی تری نووسیون: هیچ شتێک ئاسایی نییە ١٩٥٧، بەپێی یاسا ١٩٥٧، ستۆدیۆی ١-٥ لەنێوان ساڵانی ١٩٥٢- ١٩٥٥، گەلەری، ستۆدیۆی دکتۆر ڤاوست ١٩٥٦، سەراب ١٩٥٩، مارا – ساد ١٩٦٤، لێپێچانەوە ١٩٦٥، بەڕێز مۆکینپۆت ١٩٦٨، گۆرانی بۆ دەموچاوە تۆقێنەرەکە ١٩٦٧، ترۆتسکی لە تاراوگە ١٩٧٠، هۆڵدەرلین ١٩٧٢، پرۆسێسێکی نوێ ١٩٨٢. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە هیچ شانۆنامەیەکی پیتەر ڤایس لەویتری ناچێت، هەموو شانۆنامەیەکیش لە شانۆنامەکانی ستایل و فۆرمی تایبەت لەخۆدەگرێت. بۆ نموونە لە (لێپێچانەوە) دا ١٩٦٥، کە لەسەر بەڵگەنامە و پرۆتۆکۆڵی دادگای ئاوشوێز ڕۆنراوە، وتووێژی شایەت و جەللادەکان، فۆرمێکی ڕیتم ئامێزی لیریکی دەخوڵقێنێت. (لێپێچانەوە) باسی قەڵاچۆکردنی جولەکەکان دەکات لەلایەن دامودەزگاکانی هیتلەرەوە لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانییدا. لە شانۆنامەی (گۆرانی بۆ دەموچاوە تۆقێنەرەکە) ١٩٦٧، گوزارشت لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی پورتوگال دەکات لە بەشێک لە وڵاتە ئەفەریقاییەکاندا. لەم شانۆنامەیەدا پیتەر ڤایس چەوسانەوە و سەرکوتکردنی ئەفەریقاییەکان لەلایەن دەسەڵاتێکی ڕۆژئاوایی و سپی پێستەوە دەکاتە دەروازەیەکی گرنگی ناوەڕۆکە فیکری و لەهەمانکاتدا سیاسییەکەی. ئەم شانۆنامەیە سەرەتایەکە بۆ ڕابوون و ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئەفەریقا بەڕووی دەسەڵات و هێزی کۆلۆنیالیزمی وڵاتی پورتوگالدا. پیەسەکە بەشێوازێکی فێرگەیی، بەتایبەتی سەبارەت بە ستروکتوری چەمکی ئیمپریالیزم نووسراوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە پیتەر ڤایس بە زمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ شانۆنامەکەی نووسیوە. بۆ نموونە نووسەر لەم شانۆنامەیەدا و وەک تەکنیکێکی جیاواز و گەڕانەوە بۆ

شانۆی دێرینی گریکی، کۆرس بەکاردەهێنێت، گۆرانی و ووتووێژی کۆرسەکەش ڕێگا بۆ کەسایەتی ئەفەریقاییەکان خۆش دەکات تا بدوێن و هەڵوێستە بەرامبەر و لەسەر ڕووداوەکان وەربگرن. پیتەر ڤایس لەڕێگای بەکارهێنانێکی وورد و قووڵی کۆرس و گۆرانییەوە شانۆنامەکەی بەشێوەیەکی پتەو دەبەستێتەوە بە دابونەریتی گەلانی ئەفەریقاوە و جۆرە شانۆیەکی میللی/ ترادیشونی/ سیاسی، بەرجەستە دەکات.

مارا – سادیش کەرنەڤاڵێکی شێتانەی شانۆیەکی سەراپاگیرە، شانۆیەکە کە هەموو تەکنیک و ڕەنگە جیاوازەکان تێکەڵاوی یەکتری دەکات و ڕێگا بۆ شانۆ گەورە جیهانییەکەی دەکاتەوە.

پیتەر ڤایس شانۆنامەکانی لە جیهانێکدا نووسراون کە ڕۆژهەڵات دژی ڕۆژئاوایە، ڕۆژئاواش ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتە و گوزارشت لە جیهانێکی دابەشکراو و لەتوپەتکراو دەکات.

## • پیتەر ڤایس و دابڕانی کولتووری

پیتەر ڤایس لە قۆناخی منداڵی، هەرزەکاری و گەورەییدا لەنێوان بەرلین، پراگ، لەندەن و سویسرادا، بەهەموو جیاوازییەکانی زمان، کولتوور و داب و نەریتەکانیانەوە ژیاوە و بۆ دواجاریش بەتەواوەتی لە وڵاتی سوێد و شاری ستۆکهۆڵم دەگیرسێتەوە. هەر لە ساڵی ١٩٣٤ ەوە لەگەڵ ئەتمۆسفێر و زمانی نامۆ و جۆراوجۆردا ژیاوە، کە نازییەکانیش دەسەڵات دەگرنە دەست بەتەواوەتی زمانی دایکی دەشێوێنن، پیتەر ڤایس تووشی دابڕان، سەرلەنوێ دابڕان، نامۆبوون و سەرلێشێواوییەکی زمانەوانی و ژینگە دەبێت. ئەو ڕۆژگارە وای لێدەکات کە هەمیشە نامۆ بێت بەو زمانە جیاوازانە، هەرچەندە توانایەکی گەورەی بۆ فێربوون و بەکارهێنانی ئەو زمانانەی هەبووە، بەڵام لەگەڵ زمانی دایکی تووشی تەڵزگە و دابڕانی جۆراوجۆر بووە. هەر لەم ڕووەوە پیتەر ڤایس لەزۆر لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا باسی بێدەنگی و کەسایەتی بآ دوو و لاڵ و مرۆڤی لاڵمان بۆ بکات.

پەناهەندەیی و هەڵبژاردنی تاراوگە و ڕاکردن لەزێدی خۆ و هەمیشە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانی نوێ، هێدی هێدی وا دەکات کە زمانی دایک لاواز بێت و دواتریش بمرێت. ئەو زمانە نوێیانەی کە لە وێستگە لەدوا نەهاتووەکانی ژیانماندا فێری دەبین و لەسەر هەموو ئاستەکان بەکاری دەهێنین، هەرگیز ناگاتە

ئەو ئاستەی کە وەک زمانی دایک دەمانەوێت گوزارشتی پێبکەین، بەتایبەتی هەست و هۆشـەکانمان. ئەمەش وا دەکـات کە تۆ هەمیشە لە دەرەوەی کۆمەڵگا، زمـان و کولتوورەکاندا خۆت ببینیتەوە.

ئەم حاڵەت و لە زمان دابڕانە وا لە پیتەر ڤایس دەکات کە لە سـەرەتای ژیـانی هونەریدا، لەبری نووسین ڕووبکاتە هونەری وێنەکێشان. بەڵام لەم گێژاوەدا زمـانی سـوێدی دەدۆزێتەوە و دواتـریش دەگەڕێتەوە سـەر زمـانی ئەڵمـانی. پیـتەر ڤـایس دوای گەڕانەوەی بـۆ سـەر زمـانی ئەڵمـانی، سـوێد بەجێناهێڵێـت و تـا مـردن لە ستۆکهۆڵم دەژی: دوو زمـانی جیـاواز ژیـان و کـار و بەرهەمەکـانی ئەم نووسـەرە پێکدەهێنێت، زمـانی ئەڵمـانی بـۆ نووسـین، سـوێدیش بـۆ هەڵسوکەوت و مـامەڵەی ژیانی ڕۆژانە. هەرچەندە پیتەر ڤایس زمانێکی باشی سوێدی دەزانی، بەڵام هەرگیز ئەو زمانە باڵادەستە نەیتوانیوە لە زمانی دایک، زمانی ئەڵمانی تێپەڕێنێت.

## • مارا – ساد

" چەوسـانەوە و کوشـتنی (مـارا) لەلایەن نەخۆشـەکانی بیمارسـتانی (چـارنتن) کە لەژێر چاودێری ( مارکیز دی ساد ) نەمایشکراوە " درێژترین ناونیشانی پیەسێکی شانۆییە و دواتر بە مارا – ساد ناسراوە.

پیتەر ڤایس بۆ نووسینی ئەم شانۆگەرییە پشتی بەکۆمەڵێ ڕووداو و حەقیقەتـی مێژوویی بەسـتووە. هەروەهـا ئـاوڕی لە کۆمەڵێ بەڵگەنـامە، ڕاپۆرت و کەرەسـتەی مێژوویـی و بـاوەڕپێکراو داوەتەوە. بەڵام لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا شـانۆنامەکەی بەکـارێکی مێژوویـی، یـاخود تۆمـاری لە قەڵەم نادرێـت. شـانۆی تۆمـاریش، وەک چەمکێکی گرنگ و تەوژمێکی شانۆی ڕامیاری، دوای ئەرڤین بسکاتۆر ١٨٩٣-١٩٦٦ لەسەر دەستی پیتەر ڤایسدا کۆمەڵێ چەمک و سیمای تایبەت لەخۆدەگرێت.

پیتەر ڤایس نەیویستووە تەنها ڕووداو و بەسەرهاتە توندوتیژ و ڕاستەقینەکانی مێژوو تۆمار بکات و بەشێوازێکی دیکۆمێنتاری نەمایشیان بکات. بەڵکو لەڕاستیدا ویـستویەتی جـۆرێکی تایبەتمەنـد لە درامـا بخوڵقێنێت کە لەدوای ئەو ڕاسـتیانەوە نەخـشەیەک بـۆ بیـری مرۆڤـایەتی بکێشێت، بەڵگەنـامە و ڕووداوە ڕاسـتەقینەکان لەبۆتەی چەند کێشەیەکدا یەکانگیر و دەسنیشانی چۆنیەتی کارکردنیشی بکات.

بەڵام مەسەلە توندوتیژەکان و بۆچوونە توندڕەوەکانی شۆڕشی میللەتان و گفتوگۆ ڕامیارییەکان نامۆ نەبووە بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی لەوەوبەری پیتەر ڤایس. ئەم نووسەرە وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، لەنێو ڕووداوە ڕامیاری و کێشە چینایەتییەکاندا گەورە بووە و هەمیشە لایەنگری چەوساوە و هەژاران بووە. مەسەلە توندوتیژەکانیش جێگای سەرنج و تێڕامانی بووە. ڕەخنەگری سویدی سڤێن هیگۆ پارشۆن، لە کتێبەکەیدا ( لە توندوتیژییەوە بۆ بەرهەڵستکارێکی ئێستاتیکی ) سەبارەت بەم مەسەلەیە دەڵێت:" پیتەر ڤایس لە سەرەتای ژیانی نووسینیدا، زۆرجار چارەسەر و باسی ئەو مەسەلانەی کردووە کە لە دەوری تەوەرەکانی توندوتیژیدا سوڕاوەتەوە، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە کە هەر لە سەرەتاوە نووسەری بەستۆتەوە بە مارا - سادەوە، لەوێدا مەسەلەکانی توندڕەویی مانایەکی دیاریان هەیە و ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە گفتوگۆ و بۆچوونەکانی مارا و سادەوە سەبارەت بە سروشت و مەرجەکانی مرۆڤ و مەسەلە ڕامیارییەکانەوە ." ئەم مەسەلانەش، توندوتیژی، کێ ڕاستە و کێ هەڵەیە، چارەسەرکردنی مێژوو و شانۆی تۆماری بەشێکن لە پرۆگرام و ڕیشاڵە گرنگەکانی تۆڕی شانۆنامەی مارا - ساد و بۆچوون و چارەسەرە ڕامیاری و هونەرییەکانی پیتەر ڤایس. پیتەر بروک سەبارەت بە شانۆنامەی مارا - ساد لە کتێبی خاڵی گۆڕانکارییەکاندا دەڵێت:" پیتەر ڤایس تەنها شانۆی سەراپاگیری بەکارناهێنێت، بەڵکو ئەو بیرۆکەیەش بەکاردەهێنێت کە هەموو توخمەکانی تەختە و ئەندازەی شانۆ لە خزمەتی شانۆییەکەدا بێت. هێزی شانۆنامەکەش تەنها ناگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی شێوازێکی جۆراوجۆر، بەڵکو زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئەو قەیرانەی لە بەرەنجامی پێکداچوونی ئەو شێوازە دژانەدا ڕوودەدات. هەموو شتێک بەهۆی دژەکەیەوە لەجێگای خۆیدا دانراوە: جیددی لە ڕێگای کۆمیدییەوە، پایەبەرزەکان لە ڕێگای (میللیی) یەوە، ئەدەبی لە ڕێگای بازاڕییەوە، ڕۆشنبیری لە ڕێگای جەستەوە. ئەمانەش بەهۆی وێنەکانی تەختەی شانۆوە ژیانیان دەکرێت بەرەدا. "

# * ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی

## - شۆڕشی فەڕەنسی

شانۆنامەی مارا – ساد لە شۆڕشی فەڕەنسی دەدوێت و بۆ ئەم مەبەستەش ڕووداوەکانی لەمێژووی فەڕەنسییەوە وەرگرتووە. پیتەر ڤایس، مارکیز دی ساد و ژان پۆل مارا ڕووبەڕووی یەکتری دەکاتەوە. ساد، وەک نووسەرێک و مرۆڤێکی نەخۆش بە سێکسە ناسازی (الشدود الجنسی)، خاوەن بیروڕا و فەلسەفەیەکی خودی دیاریکراو و بانگەشەی فراوانبوونی دەسەڵاتی تاکەکەس دەکات، بەنیازی بەدیهێنانی سەرفرازی بۆ مرۆڤایەتی. ماراش ڕابەری شۆڕشی فەڕەنسی، بڕوای بە زەبروزەنگ و توندوتیژییە، چونکە هەر ئەو توندوتیژییە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی سەرفرازی.

ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەش لەلای پیتەر ڤایس لەترۆپکی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی شۆڕشی فەڕەنسیدا بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی لەساڵی ١٧٩٣ دا، بە ماوەیەک بەر لەکوشتنی مارا بەدەستی (کۆردی). کۆردی لە یەکێک لە گوندە دوورەدەستەکانەوە هاتووە و خەون بە جیهانێکی درەوشاوەی ئایینییەوە دەبینێت و بڕواشی وەهایە کە بە کوشتنی مارا گەلی فەڕەنسا ڕزگار دەکات. بەڵام لەڕاستیدا مارا و ساد هەرگیز لەژیاندا ڕووبەڕووی یەکتری نەبوونەتەوە و یەکتریان نەبینیوە. بەڵکو پیتەر ڤایس جەمسەرە واقیعییەکانی ژیانی ئەو دوو کارەکتەرە مێژووییەی لە پرۆسە و هاوکێشەیەکی هونەری بەرزدا بەیەک گەیاندووە و ڕووداوەکانیشی لەناو نەخۆشخانەی (چارنتن) دا ڕوو دەدات.

# • کەسایەتی مارا و ساد کێ بوون؟

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بیرۆکە و هێڵە چڕ و دژوارەکانی ئەم شانۆنامەیە، زۆر بەکورتی تیشکی سەرنج دەخەینە سەر ڕەوتی ژیانی مارا و ساد و لەهەمانکاتدا کەسایەتی ڕاستەقینەی (کۆردی) یش ڕووندەکەینەوە.

## • مارا و شۆڕشی فەڕەنسی

ژان پۆڵ مارا شۆڕشگێڕێکی فەڕەنسایی بووە و لە ساڵی ١٧٤٣ دا لە سویسرا لەدایکبووە. پزیشک و زانا بووە و زۆر بەکاری زانیاری و لێکۆڵینەوەی زانستە جۆراوجۆرەکانەوە خەریک بووە. پاشان ڕوودەکاتە بواری ڕامیاری و بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٧٨٩ دا ڕۆژنامەی (هاوڕێی گەل) ی دامەزراندووە و دژی ڕژێمی ئەوکاتەی فەڕەنسا وەستاوە. پاش ماوەیەکی کورت ڕۆژنامەکەی دادەخەن و ئەویش لەبری ئەوە بەنهێنی بڵاوی دەکاتەوە. وتارە سیاسییەکانی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە هەڵایسانی شۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی ١٧٨٩ دا. دواتر لە ئەنجومەنی نیشتیمانی (پارلەمان) دا بە ئەندام هەڵبژێردراوە و سەرکردایەتی پارتی (کوردلییە) ی کردووە. پاش ئەوە مارا تووشی نەخۆشی پێست بووە و پاشماوەی ژیانی لەناو حەوزی گەرماوێکدا بردۆتە سەر. دواتر هەر لەو حەوزەشدا و لە ساڵی ١٧٩٣ دا، شارلوت کۆردی بە خەنجەر کوشتوویەتی.

## • ساد و سادیزم

کۆنت دۆنتیان ئۆلفۆس فرانسوا دی ساد لە ساڵی ١٧٤٠ دا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٨١٤ دا کۆچی کردووە، سەربازێکی فەڕەنسایی و نووسەرێکی دیار بووە. زوربەی ژیانی بەداوێن پیسیی بردۆتە سەر و ئەمەش لە ئەدەبەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە. نووسینەکانی بەناوی (مارکیز دی ساد ) ەوە بڵاوکردۆتەوە. بەهۆی ئەو ڕەوشتە نابەجێ و چیرۆکە ئێرۆتیکی و ژیانە نائاساییەی خۆیەوە، بەتایبەتی لەڕووی ژیانی سێکسییەوە، وەک مرۆڤێکی سێکسەناساز، زوربەی ژیانی لە گرتووخانەی باستیل و نەخۆشخانە دەروونییەکاندا بەسەر بردووە. زاراوەی سادیزم Sadisme یش هەر دەگەڕێتەوە بۆ مارکیز دی ساد و نەخۆشییە دەروونی و سێکسییەکانی: ساد خۆشنوود بووە بە ئازاردانی خەڵکی، بەتایبەتی لەکاتی جووتبوون و پرۆسەی سێکسدا. هەروەها سادیزم لە فەرهەنگی زانستی دەروونی و پزیشکیدا وەک نەخۆشییەک و لادانێک لە ڕەوشتی مرۆڤ پێناسە دەکرێت.

ماركیز دی ساد له چیرۆكەكانی ( كوێرەوەری داوێن پاكی ) و ( گوڵی داوێن پیسیی ) دا، كارەكتەرەكانی زۆر بە جەربەزەییەوە خستوونەتە ڕوو، بەتایبەتی بۆ دامركاندنەوەی ئارەزووەكانیان لەڕێگای ئازاردانی خەڵكییەوە. ئەم ڕەوشتە ناتەبایەش لەڕووی لێكدانەوەی دەروونییەوە بە (پاڵپێوەنەرێكی ڕوخێنەر ) ناسراوە. هەر لێرەوە (ساد ) بووە بە هێمایەك بۆ هەموو لادانێكی ڕەوشتی و سێكسە ناسازی، لە زانستی دەروونناسیشدا بەناوی ڕاستەقینەی سادەوە ناسرا بە (سادی – سادیزم)

# • شارلۆت كۆردی

شارلۆت كۆردی لە ساڵی ١٧٦٨ دا لەدایكبووە، یەكێك بووە لە لایەنگرانی "گیرۆندییەكان"، ئەمانەش گروپێك بوون لەكۆمارییەكانی فەڕەنسا. ناوەكەشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی گیرۆند كە لەساڵی ١٧٩١ دا دروستبووە. مارا لە ئەنجومەنی نیشتیمانیدا دەریاندەكات و سەركردەكەشیان لەسێدارە دەدات. ئەم گیرۆندییانە هانی كۆردی دەدەن بۆ كوشتنی مارا، دوای ئەوەی مارا دەكوژێت، خۆیشی لەسێدارە دەدرێت.

# • پیتەر ڤایس و مارا – ساد

پیتەر ڤایس ئەم سێ كەسایەتییەی لە مێژووەوە وەرگرتوون و لە شانۆنامەكەیدا بەشێوەیەكی زیندوو، ڕووبەڕووی یەكتری كردوونەتەوە. وەك فۆرم و شێوازی نووسینیش بۆ بەرجەستە و وەدەرخستنی ڕووداوەكان تەكنیكی (شانۆی ناو شانۆ) بەكاردەهێنێت. ئەم شێوازەش چیرۆكنووسی جیهانی (بیراندیللۆ) بۆ یەكەمجار، بەشێوەیەكی فراوان لە شانۆنامە بەناوبانگەكەیدا ( شەش ئەكتەر بەدوای نووسەرێكدا دەگەڕێن ) وەك تەكنیكێكی نوێ بەكاریهێناوە. پیتەر ڤایس لە چاوپێكەوتنێكدا لە ساڵی ١٩٧٩ دا بەم شێوەیە چیرۆكی نووسین و داهێنانی شانۆنامەی مارا – ساد دەگێڕێتەوە:" پاییزی ساڵی ١٩٦٢، من و كوڕە دوانزە ساڵییەكەم میكایل، فیلمێكی فەڕەنسیمان بینی بەناوی Madame Sans Ge´ne. ئەم فیلمە هانیداین مێژووی ئەو سەردەمە بخوێنمەوە كە باسی ڕووداوەكانی

فیلمەکەی دەکرد. لە کتێبێکی زۆر کۆندا بەناوی ( شۆڕشی فەڕەنسی ) چاپی ستۆکهۆڵم – ١٨٩٩، وێنەیەکی مارامان لە حەوزێکی خۆشتندا بەرچاوکەوت. بەر لەم قۆناغە، لەسەردەمی خوێندنمدا مارا جێگای سەرنج و سەرسوڕمانم بوو، هەروەها هەر لەو قۆناغەشدا، بەرنامەی ڕادیۆیەکی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، داوای لێکردبووم کە زنجیرە وتارێک سەبارەت بەشۆڕشی فەڕەنسی بنووسم، لەم ڕووەوە بیرم لەوە کردەوە کە گەمەیەکی شانۆیی ئێزگەیی سەبارەت بە مارا و کۆردی بنووسم. بەڵام تەنها ئەو کوشتنە مێژووییە ئامانجەکەی منیان نەدەپێکا. ئەوەی جێگای باسە لە پەنجاکاندا من بەرهەمەکانی سادم خوێندبۆوە. جیاوازییەکانی ژیانی ئەم دوو کەسایەتییەش جێگای سەرنج بوون، بابەتەکە ئامادە بوو، بەڵام هێشتا بیرم لەو لایەنە لۆژیکییەی کە ئەم دوو کارەکتەرە کۆبکاتەوە، نەکردبۆوە. ئەم مەسەلەیەش درێژەی کێشا تا زستانی ساڵی ١٩٦٢ / ١٩٦٣، دوای گەڕان و پشکنینێکی قووڵ، لەکاتی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نووسەر و سادناس (ئەلیکساندەر کۆڤاڵ) لە بەرلین، ئەو بیرە دراماتیکییەم بۆ هات. دەگونجا گفتوگۆی مارا و ساد لە بیمارستانی (چارنتن) دا کۆبکەمەوە، ئەمەش لە پیەسێکی ناو پیەسدا، کە بە بڕیارێکی بەڕێوەبەری بیمارستانەکە لەلایەن مارکیز دی سادێکی بەتەمەنەوە پێشکەش بکرێت. بەم شێوەیە دەکرێت دراماکە بنووسم."

مارکیز دی ساد نەخۆشێکی بەندکراوی بیمارستانی (چارنتن) ە و هەستاوە بە نووسین و کاری ڕێژی و ڕاهێنانی ئەکتەرەکانی ئەو شانۆنامەیە. هەر لەم ڕووەوە شێتە بەندکراوەکانی چارنتن دەبنە ئەکتەر و بینەری ئەو گەمەیە. مارکیز دی ساد لەڕاستیدا بۆ نەخۆشەکانی ئەو بیمارستانە زۆر شانۆنامەی نووسیون و هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە نەمایشی کردوون. مارکیز دی ساد وەک مرۆڤێکی زرنگ و هوشیار، بەشێتیی خۆی جیهانێکی تایبەتی بۆ هاوڕێ شێتەکانی دروستکردووە. بەمەش هەر یەکێک لەو کەسایەتییە شێتانە، بەهەستی شێتیی خۆیان، خۆیان لە ناوەوەی خۆیاندا بەدیهێناوە.

## • بنەمای سێینەیەکی مێژوویی

پیتەر ڤایس لەدیدی پەیوەندییەکی سێکوچکەییەوە بنەماکانی شانۆنامەی مارا – ساد ڕۆدەنێت. لەم پەیوەندییە سێکوچکەییەدا چەندین هێڵ و دارشتەی جیاوازی مێژوویی و خەیاڵ و فەنتازی تێکەڵاو دەکات، بەم تێکەڵاو بوونە، وەک پرۆسەیەکی

فیکری و هـونەری زنجیرەیەکـی ئـاڵۆزی دژ بەیەک و لەهەمانکاتـدا پێکەوە لکـاوی پێک هێناوە.

لـۆژیکی مـارا دژ و جیـاوازە لە سیـستم و لـۆژیکی سـاد. مـارا لە ڕوانـگەی چرکەزەمەنێکی هەڵچووی ناو شۆڕشێکی دژوارەوە دێت کە پابەنـدە بە ئایدۆلۆژیا و سیـستەمێکی تونـدوتیژەوە. ئەو سیـستەمە خوێنـاویی و تونـدوتیژە ئەڵتەرنـاتیڤی ئەو جیهـانبینییەیە کە مـارا گەرەکیەتـی. کەواتە گۆڕانکـاری شـتەکان لە ڕوانـگەی بۆچـوونێکی تونـدوتیژی شۆڕشـگێڕانەوە نەبێـت ناگـاتە هـیچ بەرەنجامێـک و دواجـاریش هەمـوو تەقەلاکـان لە سـنورێکی پەراوێزکـراودا دەمێنێـتەوە. بەڵام ئەم لـۆژیکە لەلای سـاد لـۆژیکێکی نائاراسـتەیە و لەهـیچ چرکەزەمەنێکـدا نـابێتە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو. بەڵکو بەپێچەوانەوە، خودی تاکە کەس لەلای ساد بونیاد و بنەمـا سـەرەکییەکانە و لەدیـدێکی فەلـسەفیانەی تـاکڕەوییەوە جیهـانبینی شـتەکان دەکات.

هاوکێـشەیەکی لاسـەنگە و کێـشەیەکی دژوارە. لەلایەکـی دیکەشـەوە کـۆردی لەدیـدێکی تـرەوە دەیەوێـت لەپێنـاوی ڕزگـارکردنی مرۆڤایەتیـدا، کودەتـایەکی ڕاسـتەوخۆ بەرپاکـات. ئەو کودەتـایەش بەکوشـتنی مـارا نەبێـت ناگـاتە هـیچ بەرئەنجامێک.

پیـتەر ڤـایس ئەم سـێ کـارەکتەرە ڕاسـتەقینە مێـژوویيە دەکـاتە بنەمـا و هەڵوێستەیەکی گرنگی هاوچەرخ و بەرجەستەی دیدێکی نوێ و هونەرییان دەکات. بەمەش مێژوو، واقیع و شانۆ دەکاتە بنەمـایەکی گرنـگ و ئێستاتیکایەکی جیاوازی جیهانی شانۆ.

# لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و بنەما کۆمەڵایەتییەکان

شانۆی سویدی داب و نەریتێکی دێرینی لە بواری شانۆ و پیەسی شانۆییدا هەیە. بۆ نموونە، ئاگوست ستریندبێری (١٨٤٩ـ١٩١٢) کاریگەرییەکی بەرفراوانی نەک تەنها بەسەر شانۆی سویدییەوە، بەڵکو بەسەر تێکڕای شانۆی جیهانییەوە هەیە و زۆربەی نووسەرە شانۆییە گەورەکانی دنیاش لەژێر ئەو کاریگەرییەدا نووسیویانە.
لاش نۆرێن کە لە ساڵی ١٩٤٤دا لە سوید لە دایک بووە، یەکێکە لە گرنگترین نووسەرە شانۆییەکانی ئەمڕۆ و دادەنرێت بە بەردەوامییەکی بەهێزی سترینبێری و هەروەک ئەویش سنوورەکانی وڵاتی سویدی بڕیوە و ناوبانگێکی نێونەتەوەیی و جیهانی بە دەست هێناوە.
هیچ نووسەرێک لە سوید هێندەی لاش نۆرێن، بە شێوەیەکی سەراپاگیر و لەسەر هەموو ئاستەکان ئاوێزان و تێکەڵاوی ویژدان و هەستی کۆمەڵگا و چینە جیاوازەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە نەبووە. ئەم نووسەرە لە کۆهەستی جەماوەر و نائاگاییاندا ڕەنگی داوەتەوە و بوونێکی بەردەوامی هەیە؛ ڕۆژانە خەڵکی سەبارەت بە گرفتەکانی خێزان، پەیوەندی ژن و مێردایەتی، بە پێکەنینەوە دەڵێن ئەمە نۆرێنە، یان دەڵێی شانۆنامەکانی لاش نۆرێنە. لە هەمان کاتدا هەموو کەسێک لە سوید دەزانێت کە ناوی لاش نۆرێن وابەستەی ڕەشبینی، دڵەڕاوکێ، دوودڵی، کێشەی خێزان، گرفتی بوون، ئازارەکانی تاکەکەس و مەرگە.
ئەم نووسەرە بەرهەمی یەکجار زۆرە و ساڵانە پیەسەکانی لەسەر زۆربەی شانۆکانی هەموو شار و شارۆچکەکانی سەرانسەری سویددا پێشکەش دەکرێن. ئەمە جگە لەوەی کە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان و شانۆنامەکانی لەسەر شانۆ گرنگەکانی ئەڵمانیا، فەڕەنسا،

نەرویژ، دانمارک، هۆڵاند، ڕووسیا و زۆربەی وڵاتانی تری ئەورووپا نەمایش دەکرێن.

لاش نۆرێن هەرچەندە فرەبەرهەمە و هەمیشە شاکاری تازە و نوێ پێشکەش دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەردەوام گۆڕانکاری لە زمان و شێواز و ناوەڕۆکدا دەکات، بۆ نموونە بە دوای فۆرمێکی نوێ و جیاوازی چەمکەکانی زماندا دەگەڕێت، شێواز و فۆرمی هەمەجۆرە دەخوڵقێنێت. زمان ئامرازێکی گرنگی کەرەسەکانی ئەم نووسەرەیە و وەستایەکی بەتوانای داهێنانی وشە و دیالۆگێکی قووڵیی ساکاری شانۆییە. داڕشتنی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی، یەکێکە لە پێکهاتە گەوهەرییەکانی شێوازە دراماتیکییەکەی.

نائومێدی، دڵەڕاوکە، خەمۆکی، سەرلێشێوان، بەختیاری و نەخۆشیی دەروونی پێکهاتەیەکی گرنگی بەشێکی زۆری کەسایەتییەکانیەتی، دیالۆگەکانی پاشبەندی بارە دەروونییەکان، یادەوەری و گەڕانەوەیەکی بەسۆزە بۆ منداڵیی، بۆ هەرزەکاری و بۆ یادەوەرییەکان. کەسایەتییەکان هەروەک ئەوە وایە کە لە ژوورە داخراوەکاندا گیریان خواردبێت و توانای هەناسەهەڵمژین و چوونەدەرەوەیان نەبێت.

ئەوەی زیاتر ڕێگا لەم کارەکتەرانەش دەگرێت، گرێگەلی دەروونی و هەستگەلی بەهێزی هەڵچوونیانە، دەروونی شێواو و یادەوەری تاڵیانە، هەندێک جار ئەم ڕووبەڕووبوونەوانەش، وەک بورکانێکی خەفەکراو، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو و توندوتیژ دەتەقێتەوە. ئەم کارەکتەرانە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدان بچنە دنیایەکی ترەوە، لە ڕابوردوویان ڕا بکەن، بەڵام هەرگیز بەو ئاواتە ناگەن و هەروەک کارەکتەرەکانی تراژیدیای گریکی ناتوانن لە چارەنووسی خۆیان هەڵبێن. ئەوەی کە زیاتر ڕێگاشیان لێدەگرێت، جگە لە بارودۆخی ئاڵۆزی دەروونیان، یادەوەرییەکانی ڕۆژانی منداڵی، هەستەوەری، نیگەرانی، هەستکردن بە گوناه، پاشگەزبوونەوە، نائومێدی و کارەسات و هەڵە گەورە بەردەوامەکانی دایک و باوکن.

لاش نۆرێن دەیەوێت بینەران خۆیان لە کەسایەتییەکانیدا بناسنەوە، خۆیان لە کارەکتەرەکانیدا بدۆزنەوە و ڕووبەڕووی حەقیقەتی ژیانی خۆیان ببنەوە.

# • شیعر و سەرەتایەکی شەرمن

بەر لە چل و پێنج ساڵ (لاش نۆرێن)ێکی شانزە ساڵی شەرمن، لە وێستگەی شەمەندەفەری ستۆکهۆڵم دادەبەزێت. ئەم گەنجە لە باکووری سویدەوە دێت و بڕیاری داوە ببێتە نووسەر؛ لە ستۆکهۆڵم کەس ناناسێت و نازانێت بەرەو لای کێ و بۆ کوێ بڕوات. بەڵام تەنها دوای سێ ساڵ ئەو گەنجە کە تەمەنی دەگاتە نۆزدە ساڵ، یەکەم دیوانەشیعری خۆی بڵاو دەکاتەوە. لاش نۆرێن لەسەرەتادا وەک شاعیر دەستی پێکردووە و هەر لەم ساڵانەشدا یەکەم دیوانی خۆی (لەیلاک، بەفر) بڵاو دەکاتەوە. شیعرەکانیشی نەفەسێکی قووڵی لیریکییان لە خۆ گرتووە و دواتریش ئەو زمانە شیعرییە لیریکییەشی دەگوێزێتەوە بۆ دنیای شانۆ. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا کۆمەڵی دیوانە شیعری تر و ڕۆمانێک بڵاو دەکاتەوە، شیعر و پەخشان تێکەڵاو دەکات و جیهانێکی ڕەش و مۆرکێکی تاریک، یادەوەری و پەرۆشی بۆ شتێکی نادیار، ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەو کاتەی پێک دەهێنن.

لاش نۆرێن لە بەرئەنجامدا شیعرەکانی زیاتر و زیاتر کورت و چڕ دەبنەوە، هێندە چڕ ئیدی وشەکان هێدی هێدی ون دەبن و تەنها ترووسکەی وێنەیەک، جیهانێکی تەڵخ و وشە کورتەکان دەمێننەوە.

لاش نۆرێن هەست بە پووکانەوەی وشەکانی، ونبوونی جیهانە شیعرییەکەی و دنیا تایبەتمەندەکەی خۆی دەکات، لەبەرئەوە هەر زووماڵئاوایی لە جیهانی شیعر دەکات و لەبری ئەوە ڕوو دەکاتە دنیای شانۆ و نووسینی پیەسی شانۆیی. لاش نۆرێن لەم بارەیەوە دەڵێت: "شیعر و دراما زۆر دوورن لە یەکترەوە، ئەمەش بۆ من مەسەلەیەکی گران و پارچەپارچە بوو. من بڕیاری خۆمم دا، کە شانۆشم هەڵبژارد لەبەرئەوە بوو کە شیعرەکانم کورت و کورت دەبوونەوە، تا وای لێهات بەتەواوەتی ون بوون. شیعرەکانم هێندە بچووک بوونەوە لە کۆتاییدا بوونە پارچەئێسقانی بچووک."

بەڵام دوورکەوتنەوە و وازهێنانی لاش نۆرێن لە شیعر پووکانەوەی تواناکانی ئەم نووسەرە ناگەیەنێت، بەڵکو ئەو جیهانە چڕە، وشە زبرەکان و شیعرییەتی نووسینەکانی، سەرلەنوێ لە دنیای شانۆ و شانۆنامەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

## • شانۆ و دەستپێکێکی تر

لاش نۆرێن دەزانێت بە تەنها بە وشەکانی، وێنە ئاڵۆزە شیعرییەکانی، جیهانە تاریک و پرسیارە بێ وەڵامەکانی، ناتوانێت ڕووبەڕووی دەروونی خۆی ببێتەوە، ناتوانێت ببێتە دەربڕی ناوەوەی خۆی و دەوروبەرەکەی، بۆیە هەر لەو دووریێیانەدا واز لە شیعر دەهێنێت و ڕوو دەکاتە شانۆ.

لاش نۆرێن لە شەستەکاندا کۆمەڵێ شانۆنامە دەنووسێت، لە شانۆنامەکانیدا شیعر و دراما لە یەکەیەکی ئۆرگانی و بنەماکانی شیکردنەوەی دەروونیدا تێکەڵاو دەکات. هەر لەسەرەتاوە دنیای ناوەوەی مرۆڤ دەبێتە ئامرازێکی باڵای ئەو شانۆ نوێیە و ئەو سەرەتا پتەوەی لاش نۆرێنی شانۆنامەنووس. ژان و پەژارە لەوانەیە سیمای سەرەکیی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە بن، لەو ڕوانگەیەوە ژیان لە پانتاییەکی ڕەشدا دەبێتە زیندەخەونێکی بێئارام. مەسەلەکانی سێکس و سێکسەناسازی، وەک دوو جەمسەری دژبەیەک، بارێکی دڕندەئاسا لەلای پاڵەوانەکانی دەخوڵقێنن. هەروەها نۆستالگیا، یادەوەری، تێڕوانینێکی ڕەشبینانە بۆ ژیان، بێزاری، تەڵەزگەکانی خێزان، بەتایبەت پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی دایک و باوک، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژ و یاخیبوون لە باوکسالاری و بەندبوون بە دایکەوە، توخمە سەرەکییەکانی دەقەکانی ئەم نووسەرە پێکدەهێنن. لاش نۆرێن هەنگاو بە هەنگاو دەرگا بە ڕووی شوێن، زەمەن و تەنانەت بوون و بوونەوەری نوێدا دەکاتەوە. زەمەن سنووری تەمەنی کارەکتەرەکانی دەبەزێنێت و لەم زەمەن و شوێنانەدا خود، کارەکتەرەکان، بەبێ بەربەست، ئەزموونی ژیانیان دەخەنە ڕوو. ئەوەی ئەو کەسایەتییانەش کۆ دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەموویان لەو شوێنانەدا گیریان خواردووە، هەروەک کەسایەتییەکانی چێخەف، کە حەز و هیوای ئەوان نییە و ژیان بەتەواوەتی ڕێچکەیەکی تری گرتووە.

لاش نۆرێن بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٣دا بە شانۆنامەی (ماستاوچی) دەرگای شانۆکانی بۆ دەکرێتەوە، دوای ئەوە یەک دوو شانۆنامەی تر دەنووسێت، بەڵام

هیچ کام لەو شانۆنامانە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بە دەست ناهێنێت. ئەم نووسەرە زیاتر لەنێوان سالآنی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا بەهرەی نووسینی شانۆنامەکانی گەشە دەکات، دید و هزری هونەری پەرە دەستێنن و هەر لەو قۆناغەشدا کۆمەڵێ پیەسی گرنگ و سەرکەوتوو دەنووسیت.

لاش نۆرێن لە شانۆنامەی (ئازایەتیی پیاوکوشتن) ١٩٧٨ و (ئۆریستێس) ١٩٧٩دا دەتوانێت تراژیدیایەکی نوێ بخوڵقێنێت، تراژیدیایەک کە لە ستركتور و تراژیدیای گرێکییەوە سەرچاوەکانی وەردەگرێت. لەم دوو شانۆنامەیەدا، زۆر سەرکەوتووانە و بەسەلیقەوە دەگەڕێتەوە سەر (ئۆدیپی پاشا)ی سۆفۆکلیس و (ئۆرێستێس)ی ئەسخیلیۆس.

ئازایەتیی پیاوکوشتن (Modet att d□da) باسی سەردانی باوکێک دەکات بۆ لای کوڕەکەی، ئەم باوک و کوڕە پەیوەندییەکی باشیان بەیەکترەوە نەبووە و هەرگیز تەڵەزگە و کێشەکانی نێوانیشیان یەکلا نەکردۆتەوە، سەردانەکەش دەبێتە هۆی تەنگپێهەڵچنین، سەرکوتکردن و بێزارییەکی بێ سنووری کوڕەکە (ئێریک) و لە بەرئەنجامدا ئێریک چەقۆ لە باوکی هەڵدەگرێت و دەستەویەخە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. لاش نۆرێن لەم دوو شانۆنامەیەدا (ئازایەتیی پیاوکوشتن و ئۆرێستێس) دوو زەمەنی جیاواز و دوو کارەساتی پیاوکوشن، یان بوێری و هەوڵی باوککوشتن بەرجەستە دەکات.

لە ئازایەتیی پیاوکوشتندا، زەمەنی ڕابوردوو و زەمەنی ئێستا، لە دەروازەی میتۆلۆژیای گرێکییەوە تێکەڵاو دەکات و تراژیدیایەکی مۆدێرن لە شانۆی هاوچەرخی سوێدیدا دەخوڵقێنێت. لەم دوو شانۆنامەیەدا گرێی دەربازبوون و بوێریی کوشتنی فەرزەند و باوان هۆکارێکی ڕاستەوخۆ و سمبولێکی باڵا و دەروازەیەکی بەبەهای سەرەتای دراما خێزانییەکانی لاش نۆرێنە. کلیلی هەموو کێشەکانی شانۆی لاش نۆرێن لە هەشتاکانی هەزارەی ڕابوردوودا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەبارەت بە ڕووخانی بنەماکانی خێزان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانی دایک و باوکە. ئەم کێشەیەش لە هەموو شانۆنامەکانی تری ئەو قۆناخەدا و لە فۆرم و ناوەڕۆکی جیاوازدا ڕەنگ دەداتەوە.

لاش نۆرێن لە ساڵی ١٩٨٢دا بە شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە) و لە ساڵی ١٩٨٣دا بە شانۆنامەی (پشێوی دراوسێی خوایە) دەبێتە نووسەرێکی گەورە و ناسراوی سوێدی، هەردوو شانۆنامەکەش لە بیوگرافیا و ژیانی تایبەتی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتووە. لاش نۆرێن لەم دوو شانۆنامەیەدا باسی هەرەسهێنان،

پەرتەوازەبوون و ڕیشەکێشبوونی قەوارەی خێزانێک دەکات لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٦ بۆ ١٩٦١دا.

ڕووداوەکانی (شەو دایکی ڕۆژە) لە ساڵی ١٩٥٦ و لە میوانخانەیەکی کۆنی شارێکی بچووکدا ڕوو دەدەن، خێزانەکەش بریتییە لە دایک و باوک و هەردوو کوڕەکەیان. ئەم خێزانە بە شێوەیەکی سەیر پێکەوە بەستراونەتەوە و بە هیچ شێوەیەک هەست ناکەیت کە پێویستیان بە پەیوەندییەکانی دنیای دەرەوە بێت. خۆشەویستی، ڕق، بێزارییەکی کوشندە، کۆیان دەکاتەوە و باوکەکە بەدمەستە و هەمیشە شەڕ و هەرا لەنێوانیاندایە.

بەڵام ڕووداوەکانی (پشێوی دراوسێی خوایە) باسی هەمان خێزان دەکات لە گۆشەنیگایەکی ترەوە: هێلین دایکی ئەم خێزانەیە و بەردەوام نەخۆشە و لە نەخۆشخانەکان کەوتووە، بۆ ماوەیەک پشوو وەردەگرێت و نەخۆشخانە جێ دەهێڵێت و بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە. هەروەها لەگەڵ ئەو هەردوو کوڕەکەشی (فرانک و ڕیکی)ش دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. ڕیکی وەک هێلینی دایکی لە نەخۆشخانەی دەروونییەوە دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی هەوڵی خۆکوشتنی خۆی داوە. کۆبوونەوەی ئەم خێزانە، دایک و باوک و هەردوو کوڕەکەیان: پڕە لە ترس، دڵەڕاوکێ، نیگەرانی، خەم، قینێکی بەردەوامی هەڵچوو، خۆشەویستی و دوژمنکاری. دوای ئەوەی کە کوڕە بچووکەکەیان (ڕیکی) باسی هۆمۆسیکسیۆلیی خۆی دەکات، ئیدی پەیوەندی نێوانیان دەگاتە ئاستی تەقینەوەیەکی گەورە بە ڕووی یەکتردا.

ئەم شانۆنامانە بە پیسەکانی میوانخانەش ئاماژەیان بۆ دەکریت، کارەکتەرەکان لە میوانخانەیەکدا دەژین و هەر خۆشیان خاوەنی ئەو میوانخانەیەن و لاش نۆرێن ئەم پیەسانەی لەژێر کاریگەریی نووسەر و شانۆنامەنووسی ئەمریکایی (یۆژین ئۆنێل)دا نووسیوە، بۆ نموونە (پشێوی دراوسێی خوایە) ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای شانۆنامەی (سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)ی یۆژین ئۆنێلە.

ئەم سێ شانۆنامایەش: شەو دایکی ڕۆژە، پشێوی دراوسێی خوایە و ئازایەتیی پیاوکوشتن، پێکەوە سێینەیەکی درامایی پێکدەهێنن و لاش نۆرێن لە ڕوانگەی ڕێبازی سروشتی و دەروونییەوە نووسیونی.

لە هەمان کاتدا ئەم پیەسانە جۆرە هەڵوێستە و مامەڵەکردنێکی مۆدێرنە لەگەڵ گرێی ئۆدیپ و پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەنێوان منداڵ و پێگەی دایک و باوکدا دەخەنە ڕوو.

لاش نۆرێن لەنیوان ساڵانی ۱۹۸۹ـ۱۹۹۵دا (پیەسە مردووەکان) دەنووسێت، ئەم شانۆنامانەش بریتین لە چواردە پیەس و لە چوار بەرگدا بڵاو کراونەتەوە. لاش نۆرێن لەم پیەسانەدا، وەک دەروونناسێکی شارەزا، زۆر بەوردی جیهانی بۆرژوازی و ناواخنە قوولە دەروونییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای نوێی سویدی شی کردۆتەوە.

نووسەر سەبارەت بە پیەسەکانی ئەم قۆناخەی خۆی دەڵێت: "من خۆم سەرسامم بە پیەسە بۆرژوازییەکانم، بەتایبەتی زمانی ئەو شانۆنامانە، ئەو شێوازەی کە بۆرژوازییەکان قسەی پێ دەکەن، لە خێزانە بۆرژوازییەکاندا کارەکتەرەکان، حاڵەتە کەپتکراوەکان و درۆکانیان زۆر ئاشکران."

## • قۆناخی نەوەدەکان و وەچەیەکی نیگەران

لاش نۆرێن لە سەرەتای نەوەدەکانی هەزارەی ڕابوردووەوە دابڕانێکی گەورە لە شێوازە دەروونی و ناتورالیزمییە خێزانییەکەیدا بە دی دەکرێت. لەم قۆناخەدا، فۆرم، زمان، پانتایی شانۆنامەکانی و خودی کارەکتەرەکانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و سەرانسەرییان بەسەردا دێت. (لاش نۆرێن لەم قۆناخەدا جاربەجار دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەکانی خێزان، بەڵام لە بۆچوون و دیدێکی فراوان و جیاوازترەوە.) بۆ نموونە لە شانۆنامەی (Personkrets 3.1) کە بەشی یەکەمی سێینەی (مەرگی چینایەتی)یە، لە گرفتەکانی خێزان و پەیوەندییەکانی باوک و دایک دوور دەکەوێتەوە. لەم شانۆنامەیەدا گۆڕانکارییەکی جیاواز لە ڕەوتی شانۆنامەکانی لاش نۆرێندا ڕوو دەدات، شانۆیەک دەروازەیەکی ڕوون بە ڕووی پرس و گرفتە چینایەتییەکاندا دەکاتەوە؛ بۆ نموونە لەم شانۆنامەیەدا لەنێو خودی ماڵە بۆرژوازییەکان دێتە دەرەوە و دنیایەکی تر دەخوڵقێنێت و دەرگایەکی تر بە ڕووی شانۆیەکی ڕامیاری/چینایەتی و لە هەمان کاتدا دەروونیدا دەکاتەوە. شوێنی ڕووداوەکانی شانۆنامەی (Personkrets 3.1) وێستگەی شەمەندەفەری نێوەندی شار و ئەو سنوورانەیە کە لاوە بێ لانە، پەرپووت، بەدمەست، تلیاکخۆرەکانی تێیدا کۆ دەبنەوە.

لاش نۆرێن خۆی هەڵوێستەیەکی قووڵ لەتەک ئەو کەسایەتییانەدا دەکات و بە ڕۆڵەی خێزانە بۆرژوازییەکانی پیەسەکانی هەشتاکانی خۆی ناوزەدیان دەکات. ئەو

کەسایەتییە گەنجە بێ لانە و بەدمەستانە کوڕی ئەو خێزانە هەڵوەشاوانەن، ئەو کەسایەتییانە هەمیشە لە پاڵ دیوار و لەبەر پەنجەرە و لەنێو ژوور و پەیوەندییەکانی ئەو خێزانە پڕ لە پشێوییانەدا هەبوون و هەر لەو ماڵانەشدا گەورە بوون.

ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٩٨ بەدواوە زیاتر دێتە سەر شەقام و کۆڵان و کون و قوژبنەکانی ستۆکهۆڵم و شارە گەورەکانی تری سوێد. لەم شانۆنامانەدا تلیاکخۆر، بەدمەست و خەڵکانی دەرەوەی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای سوێدی دەخاتە ڕوو، ئەو کەسانەی کە هیچ دەنگێکیان نییە و کوتوونەتە پەراوێز و نزمترین ئاستەکانی کۆمەڵگاوە.

بەشی دووەمی ئەم سێینەیە شانۆنامەی (ئەو کوڕانەی سێبەرن) ١٩٩٩، لاش نۆرێن لەم پیەسەدا، شێواز و فۆرمە شانۆییەکەی بەرەوپێشەوە دەبات و بەدوای شوێن و ڕێگاچارەیەکی تر و جیاوازدا دەگەڕێت. لەم شانۆنامەیەدا کۆمەڵی تاوانبار و نەخۆشی دەروونی پێکەوە لە بەندیخانەیەکدا کۆ دەکاتەوە. (ئەو کوڕانەی سێبەرن) حەوت کارەکتەر لە خۆ دەگرێت: حەوت کەس کە کۆمەڵی تاوانی گەورەیان کردووە و بۆ ماوەیەکی نادیار لە پشت دیوارە بەرزەکانی بەندیخانەکانەوە توند کراون. جیهانێکی نادیار، گرێی دەروونی، گرفتی کۆمەڵایەتی و مادی بەرجەستەی ئەو کەسانە دەکات کە لە پەراوێزی کۆمەڵگایەکی بۆرژوازیدا بە شێوەیەکی دڕندە دەچەوسێنرێنەوە. شانۆنامەکەش مێژووی شانۆنامە خێزانییەکانی لاش نۆرێنە و کارەکتەرەکانیش بەرئەنجامێکی ئاشکرای ئەو کوڕانەن کە بە درێژایی زەمەنی گەورەبوونیان لەژێر پێگەکانی باوکسالاریدا سەرکوت کراون.

لاش نۆرێن لەم پیەسانەیدا زۆر بەوردی باسی مەسەلەکانی تاوان، سزا و کۆمەڵگا مەدەنییە مۆدێرنەکانیش دەکات. لە سەرەتای نەوەدەکانەوە لاش نۆرێن، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، خێزان و گەڕەکە بۆرژوازییەکان بە جێ دەهێڵێت و زیاتر شانۆنامەکانی سیمایەکی چێخەفئاسا لە خۆ دەگرن و بیرەوەری و جیهانە شیعرییە شاراوەکان بەرجەستە دەکەن.

شانۆنامەی (Endagsvarelsers) لە ساڵی ١٩٩٠دا نووسیویەتی دادەنرێت بە سەرەتای ئەم قۆناغە و لە (پیەسە ڕەشەکان)یشدا کە لە ساڵی ١٩٩٥ نووسیونی، لە ڕابوردووی خێزانەوە ڕوو دەکاتە کۆمەڵگایەکی پەرتەوازە و بێلانە.

لاش نۆرێن خۆی سەبارەت بە ڕەوتی نووسینە شانۆییەکانی دەڵێت: "پرۆسەی نووسینم گۆڕانکارییەکی لەبەرچاوی بەسەردا هاتووە، نووسینەکانی ئێستام هیچ زەمەنێکی دیاریکراو لە خۆ ناگریت. من لەو بڕوایەدام ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە تەمەنەوە هەبیت، من ئێستا شەست و یەک ساڵم. بۆ نموونە ئێستا خەریکی شانۆنامەیەکی تازەم سەبارەت بە ژن وپیاوێکی بەتەمەن کە خەریکی ماڵگواستنەوەن. لە هەمان کاتدا ژن و پیاوێکی گەنج دەگوێزنەوە هەمان خانووبەرە، شتەکانیان کۆ دەکەنەوە و پەردەکانی ژوورەکانیان دادەگرن، دوای کاتژمێرێک تێدەگەین کە هەردوو ژن و مێردەکە هەر یەکێکە، بەڵام ماوەی بیست ساڵ لە بەینی هەردوو گواستنەوەکەدا هەیە."

## • ئێگزیستێنتیالیزم و مەرگی مرۆڤ

لاش نۆرێن لە ساڵی ٢٠٠١دا شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) دەنووسێت و هەر خۆشی لەسەر شانۆی نەرویژی لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویژ پێشکەشی دەکات. لاش نۆرێن بە نووسینی ئەم پیەسە پێ دەنێتە قۆناخێکی تری جیاوازەوە، دەقی نۆڤێمبەریش بەشی یەکەمی سێینەیەکی تری ئەم نووسەرەیە و هەر سێ بەشەکەشی لە مەدارەکانی مردن و چەمکەکانی جیهانی ژیان/مەرگدا دەسووڕێنەوە. فۆرمی زمان و بەکارهێنانی ڕستە و وشەکانی ئەم پیەسانە گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە. پیەسەکانیش سترکتورێکی خەونەئامێز، ئەپسورد و جیهانێکی خودی ئێگزیستینتیالیزمی لە خۆ دەگرن. لە هەمان کاتدا بێدەنگییەکی ترسناک لەنێوان دیالۆگ و کەسایەتییەکاندا مەودای ڕووداوەکان داگیر دەکات. شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) باسی چوار مرۆڤ دەکات کە دوای مەرگیان و لەوەدنیا بە ئاگا دێنەوە، ئەم مرۆڤانە لە دنیایەکی ترن و دەزانن هەرگیز جارێکی تر ناتوانن بگەڕێنەوە تا ژیانی خۆیان بە ئاڕاستەیەکی تر بگۆڕن. کارەکتەرەکانی هۆشیارن بە مەرگی خۆیان، بەڵام نایانەویت بنوونەوە، یان بە مانایەکی تر بمرنەوە، تا هەموو گرفتەکانیان بەتەواوەتی چارەسەر نەکەن، ئەو گرفتانەی کە لە ژیاندا هەیانبووە و بەبێ چارەسەر ماونەتەوە.

شانۆنامەی (نۆڤێمبەر) لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ شانۆنامەی (پەرجوو) یەک دەگرێتەوە، پەرجوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٨دا لە شانۆی پادشایەتی لە

ستۆکهۆڵم پێشکەش دەکرێت. ئەم شانۆنامەیە زۆر نزیکە لە ئەتمۆسفێر، دنیا و شانۆنامەکانی (پێکێت)ەوە و ڕێگاچارە و خستنەڕوویەکی تری چەمکی (چاوەڕوانی)یە. شانۆنامەکە باسی کۆمەڵێ مرۆڤ دەکات کە لە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە، شوێنێک لەنێوان ژیان و مەرگدا؛ چاوەڕوانیش تەنیا فریاگوزار و دالدەی ئەم کارەکتەرانەیە. ئێمەی مرۆڤ چاوەڕوانی چین، مەرگ یاخود فریاگوزار، پێغەمبەرێکی تر یان موجیزەیەکی چاوەڕواننەکراو، ئەوەی پێویستە ئاماژەشی بۆ بکریت ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامداین تا ئەو ڕۆژەی دەمرین، مەرگیش بۆ خۆی چاوەڕوانییەکی ئەبەدیی مرۆڤە. هەموو شانۆنامەکە لە خەونێکی تۆقێنەر دەچێت.

لاش نۆرێن لە ساڵی ۲۰۰۲دا شانۆنامەی (ئاوی مەنگ) دەنووسێت. ئاوی مەنگ، وەک ئاوێنەیەکی شکاو، هەزارەها پارچە و هەزارەها وێنەی جیاواز جیاواز، لە هەمان کاتیشدا ڕوون و ئاشکرا لە خۆ دەگرێت. بەڵام دابڕانێکی ترسناک و درزێکی گەورە لەنێوان ئەو وێنانەدایە، ئەو ترسەش ترسی مەرگە! کارەکتەرەکانی شانۆنامەی ئاوی مەنگ مردوون و ڕووداوەکانیش لە دنیایەکی تردا ڕوو دەدەن. لاش نۆرێن خۆی دەڵێت: "(ئاوی مەنگ) باسی مەرگ دەکات لە خودی ژیاندا، ئەو جارانەی لە ژیاندا مرۆڤێک دەمریت، هەموو شتێک کۆتایی پێدێت؛ هەندێک جار ڕوو دەدات هاوڕێیەک، کەسوکارێکی نزیک دەمرێت؛ بەمەش هەموو هیواکان دەمرن. یان مەرگی عەشقێک، مردنی خۆشەویستیی نێوان دوو دڵدار، ئەو عەشقەی کە پێش ماوەیەک پڕ بوو لە حەز، خۆشەویستی، خۆشی و ژیان، لەپڕ دەمرێت.

کە مرۆڤ باسی مەرگ دەکات، لە هەمان کاتدا باسی ژیانیش دەکات، ناکرێت ژیان و مەرگ لەیەکتری جیا بکرێتەوە.

لاش نۆرێن دەیەوێت لەم شانۆنامەیەدا بە وشە، بە وێنە و بە خولقاندنی جیهانێکی شیعرئامێز بەرجەستەی گەردوونێک بکات کە ناکرێت بە هیچ شێوەیەک وێنا بکرێت و بخرێتە چوارچێوەی خەیاڵەوە. ئاوی مەنگ بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا و هەر لە ڕێژی لاش نۆرێن خۆی پێشکەش دەکرێت، دوای ئەوە بە سوێدی و لە ستۆکهۆڵم و لەسەر شانۆی (جوولەکە) لەلایەن لاش نۆرێنەوە، بە شێوازێکی تر پێشکەش دەکرێتەوە.

لاش نۆرێن دوای شانۆنامەی (ئاوی مەنگ) بە شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) برەو بە چەمک و فەلسەفەی مەرگ دەدات. لەم ڕووەوە دەڵێت: "مەرگ ئێستا زۆر

ڕوون و ئاشکراتره بەلای منەوە. من خۆم بەرەو دواقۆناخەکانی ژیانم دەڕۆم، هەر لەبەرئەوەشە بە شێوازێکی زۆر جیاوازتر بیر لە مەرگ دەکەمەوە."
(مۆسیقای بێدەنگ) کۆتایی ئەزموونە دەوڵەمەندەکەی لاش نۆرێن نییە، مەرگ و ژیان، ژیان و مەرگ لە بۆتەی پەیوەندییەکانمان، لەنێوان خێزان و خانە چڕ و ڕووناک و تاریکەکانی ژیانماندا زۆر بەخێرایی گوزەر دەکات.
شانۆنامەکانی (تەرمینال)یش گوزارشتێکی بروسکەئاسای ئەو حاڵەتەیە، تەرمینال دوا پیەس و ئەزموونی لاش نۆرێنە و تائێستا یانزە تەرمینالی نووسیون (هەر تەرمینالێک شانۆنامەیەکە). تەرمینالیش بۆ لاش نۆرێن مانای گەشت، بەرئەنجام و کۆتایی ئەو گەشتانەش دەگەیەنێت، گەشتێکی بەردەوام و جووڵانەوەیەکی ئەبەدی و ناکۆتا. لەم گەشتانەدا پەیوەندییەکانی خێزان، تێپەڕبوونی کات و بیربلاوی گوزارشت لە پیری و مەرگ دەکەن. کات و بیرەوەری و یادکردن سیمای کارەکتەرکان، پانتایی ژوورەکان و خودی ڕووداوەکان بەرجەستە دەکەن. لەم پیەسانەدا کۆتاییەکان سەرەتا و دەستپێکی نوێ و تری ڕووداوەکانە. لە تەرمینالدا کات، یادەوەری و ئێستا پێکدا دەچن و زۆر بەوریایی تێکەڵاو دەبن، ڕووداوەکان لە تەرمینالی سێدا لە ژوورێکی چاوەڕوانیی نەخۆشخانەیەکدا دەست پێ دەکەن. دوو خێزان لەم ژوورەدا بە دیار چاوەڕوانییەکانی خۆیانەوە دانیشتوون، خێزانێکیان چاوەڕوانی مەرگە و خێزانەکەی تریشیان چاوەڕوانی ژیانە. ژنی خێزانە گەنجەکە دوو گیانە و لە نەخۆشخانەن و چاوەڕوانی منداڵبوون دەکەن، بەڵام خێزانەکەی تر کە بەتەمەنترن چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی لاشەی کوڕە مردووەکەیان دەکەن. ئەم دوو خێزانە لەگەڵ یەکتر قسە ناکەن، بەڵام پەیوەندییەکی سەیر، لێکنزیکبوونەوەیەکی جیاواز و ڕیتواڵێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.
لە تەرمینالی حەوتدا دایکی خێزانێک تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بووە و منداڵەکانی لە دیدەنییەکی چاوەڕوانکراودا، سەردانی دایکە نەخۆشەکەیان دەکەن. دیالۆژ و یادەوەرییەکان تێکەڵاو دەبن، ڕابوردوو لە پرۆسەیەکی چڕدا دەبێتە ئێستا و کارەکتەرەکان لە دووتوێی گەمەیەکی ئازاراویدا ڕووبەڕووی یەکتر و خۆشیان دەبنەوە. ئەم دوو تەرمیناڵە بە شێوەیەکی زۆر ساکار، لە هەمان کاتدا گران و پڕ لە ژان، باسی ژیان، پەیوەندییەکانی منداڵ بە دایک و باوانەوە، پرۆسەی منداڵبوون، گەورەبوون و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ دەکەن.

## • بەرئەنجام و هەڵوێستەیەکی کۆتایی

لاش نۆرێن لە ماوەی چل ساڵدا زیاتر لە حەفتا شانۆنامەی نووسیوە، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا دەڵێت: "من لە هەمان کاتدا لە چوار شانۆنامەدا کار دەکەم. گرفتی گەورەشم ئەوەیە هەموو پیەسێک دیدی پیەسێکی تری لێ لە دایک دەبێت." زۆربەی شانۆنامەکانیشی لەسەر هەموو شانۆکانی سوێد و وڵاتانی تری دنیا نەمایشکراوە. دوای ئەم مێژووە درێژ و پرۆسە چڕ و گرانە، دەتوانین بەم شێوەیە سەرەتا و پرۆسێسی بەرەوپێشەچوونی دراما و شانۆی ئەم نووسەرە ڕوون بکەینەوە.

لاش نۆرێن پیەس و شانۆنامەکانی لە شەستەکاندا چارەسەری ڕۆڵ و جەستەی دایک دەکەن، بەڵام لە حەفتاکاندا باوک لە چەقی ڕووداوەکاندایە، لە هەشتاکاندا باوک یان دایک بەتەنها ناوەندی دەقەکانی نییە، بەڵکو چەمکی خێزان بە شێوە گشتگرەکەی دەبێتە ناوەندێکی گرنگ. چەمکەکانی خێزان بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە چەق و ناوەندی گرنگیپێدان و شانە گرنگەکانی شانۆنامەکانیەوە. لە نەوەدەکاندا بنەماکانی خێزان لە شانۆی لاش نۆرێندا بەتەواوەتی هەڵدەوەشێت و کۆمەڵگایەکی پڕ لە بەدمەستی، بێکاری، نەخۆشیی دەروونی و پچڕانی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەوروپا لە خۆ دەگرێت.

لە ساڵەکانی دوو هەزاریشەوە لاش نۆرێن پێی ناوەتە قۆناغێکی زۆر جیاوازەوە، شانۆنامەکانی ئەم قۆناغەی مۆرکێکی فەلسەفی و ئێگزیستێنتیالیزم لە خۆ دەگرن. لەم قۆناغەدا مەرگ، وەک هاوکێشەیەکی گرنگی ژیان، لە ناوەندی ڕووداوەکاندایە.

## • مۆسیقای بێدەنگ لەنێوان مەرگ و گەمەی کاتدا

(مۆسیقای بێدەنگ) شانۆنامەیەکی زۆر کورتە و بە بێدەنگی و زۆر بە خێرایی بەرجەستەی مەرگ، ژیان، ئازارەکانی مرۆڤ و تەنهاییمان بۆ دەکات. پرسە ئێگزیستێنتیالیزمەکان و چەمکەکانی زەمەن لە بێدەنگیدا گوزارشت لە ئازارە

قووڵەكانی تەنهایی، دابڕان و مەرگ لە ناوەڕاستی تەمەندا دەكات. لاش نۆرێن بەپێچەوانەی سەرەتاكانی ڕەوتی شانۆنامەكانییەوە كە وشە ڕۆڵێكی گەورەی دەگێڕا، ئێستا بێدەنگی لە (مۆسیقای بێدەنگ) و زۆربەی شانۆنامەكانی تری ئەم قۆناغەیەدا، توخمێكی گرنگی تەكنیكی پیەسەكانیەتی.

(مۆسیقای بێدەنگ) لە سێ بەش پێكهاتووە و لەم سێ بەشەشدا خەم و یادەوەرییەكان، ژیان و مەرگ كۆ دەكاتەوە. تەنها لە مەرگ و خۆشەویستیدا، لە عەشقدا خۆمان دەبینین. سێ دیمەن، هەرسێكیان دوای مردن و بەخاكسپاردنی كەسانێكی خۆشەویست دەست پێدەكات، دووانیان مەرگی منداڵی كەسایەتییەكانە. سەرەتای دیمەنی یەكەم بە خەمی (ئولۆڤ و یوهانە) دەست پێدەكات. ئەم خێزانە كوڕە دەساڵییەكەیان (ئێریک) بە ڕووداوێكی دڵتەزێنی ئۆتۆمۆبیل كۆچی دوایی كردووە. دوای مەراسیمی بەخاكسپاردنەكە (یوناس)ی هاوڕێیان لەگەڵیان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. ئولۆڤ و یوهانە زۆر باش دەزانن، هەر ئەوەندەی یوناسی هاوڕێیان ڕۆیشت، بێدەنگی و ترس هەموو گیانیان دەكرۆژێت. لەكاتێكدا كە مەرگ زۆر كوتوپڕ دەستەویەخەی مرۆڤ دەبێتەوە، هەستی تەنهایی و لە ژیان دابڕان و خەمێكی گەورە دەبێتە ڕاستییەكی ڕەها، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ژیان لە دەورانی خۆی هەر بەردەوام بێت. مۆسیقای بێدەنگیش باسی ئەو حاڵەتە دەكات كە چۆن مرۆڤ بتوانێت دوای كارەسات و كاتە دڵتەزێنەكان، دوای ماڵئاوایی هەتاهەتایی خۆشەویستان، بەردەوامی بدرێت بە ژیان، باسی ئەو برینانە دەكات كە وا لە مرۆڤ دەكەن لە یەكتر دوور بكەونەوە، یان بەپێچەوانەوە لە یەكتر نزیک بینەوە. زۆرجار مەرگ دیوار و سنوورێكی گەورەی بێدەنگ لەنێوان مرۆڤدا دروست دەكات، مرۆڤ لەم ساتانەدا دووچاری هەست بە تەنهایی و نامۆبوونێكی ترسناک دەبێت. هەمیشە دوای مەرگی كەسێكی نزیک و خۆشەویست ئەم پرسیارانە خۆیان قوت دەكەنەوە، چۆن بتوانین ئەو كەسە خۆشەویستە لە یاد بكەین؟ چۆن بتوانین یادەوەرییەكانمان لە بیر بچێتەوە؟ چۆن بتوانین لە ژیاندا بەردەوام بین؟ چۆن بتوانرێت ڕێگای ژیانە ڕۆژانە ئاساییەكەی بەر لە كارەساتەكە بدۆزینەوە؟

ڕووداوەكانی شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) لە ماوەی بیست ساڵدا ڕوو ئەدەن و بەرجەستەی ژیانی چوار مرۆڤ دەكەن كە لە نزیک مەرگەوەن. لەم شانۆنامەیەدا مەرگ لە چەقدایە و دەستی ناوەتە بینەقاقای هەموو كارەكتەرەكان، بەڵام بە هەمان شێوە باسی ژیانیش دەكات. بوونی مەرگ وا لە مرۆڤ دەكات كە

به شێوەیەکی تر بیر لە ژیان و مەرجەکانی ژیان بکاتەوە، بە ئامادەبوونی مەرگ ژیانیش ئاشکراتر، کۆنکریتتر دەبینرێت، مردن زۆر نزیکە، لەوانەیە زۆر بەئاسانی ژیان لە دەست بدەین، چەندە لە مردن نزیک دەبینەوە، هێندەش لە ژیان نزیک دەبینەوە.

لە مۆسیقای بێدەنگدا بێدەنگی لەنێوان وشەکاندا بێ هەدادان دەردەکەوێت، سیبەری مەرگ و سێبەری خەم لە ڕوانگەی بێدەنگی و مۆسیقایەکی بێدەنگیشەوە دەدوێت و وەک بەسەرهاتێکی تایبەت بە خۆی سەبارەت بە ژیان و مەرگ مامەڵە لەگەڵ کەسایەتییەکان دەکات.

**یوناس**

**فەرموو**

**ئۆلۆڤ**

**سوپاس**

**(وچان)**

**بەڵێ، وا دیسان لە ماڵەوەین.**

**یوهانە**

**ئا، بەڕاستی!**

**ئۆلۆڤ**

**شتێکی سەیرە.**

**یوهانە**

**چی شتێکی سەیرە؟**

**ئۆلۆڤ**

**پێت وا نییە شتێکی سەیر بێت؟**

**یوهانە**

**ئاخر چی؟**

**ئۆلۆڤ**

**لەماڵەوەبوون! شتێکی سەیرە کە دووبارە لە ماڵەوەین. هەروەک نە با بووبێت و نە بۆران.**

**یوهانە**

**مەبەست چییە؟ نە با بووبێت و نە بۆران.**

**ئۆلۆڤ**

**ئۆهوو. هەموو شتێک وەکو خۆیەتی... هەروەک هیچ ڕووی نەدابێت... تا بڵێی کشوماتە.**

**یوناس**

**پاڵتۆکەت لێ وەربگرم؟**

**یوهانە**

**ها؟**

**یوناس**

**ناتەویت پاڵتۆکەت داکەنی؟**

**یوهانە**

**با، بەڵێ... بێگومان دەمەویت. هەر ئێستا دایدەکەنم.**

ئەم دیالۆگەی سەرەتای شانۆنامەکە و دوای بەخاکسپاردنی کوڕەکەیان، دووپاتی ئامادەبوونی مەرگ، بێدەنگی و خەمێکی گەورە دەکاتەوە. وشەکان لەنێوان قسەی ئاسایی ڕۆژانە، وڕێنە و کشوماتییەکی ترسناکدا کارەکتەرەکان ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە ڕەهایە دەکەنەوە کە ئەوان دەیانەویت خۆیانی لێ دوور بخەنەوە. یوناسیش وەک هاوڕێیەکی دێرین، بێدەسەڵات، لەنێوان بێدەنگی و ترسی مەرگدا ڕاوەستاوە تا دڵیان بداتەوە و دڵنەوابیان بکات.

یوهانە

زۆر بەختیارم بەوەی کە تۆ... کە تەنها تۆ لەگەڵمان هاتیتەوە بۆ ماڵەوە. خۆش بوو کە تۆ بوویت...

**یوناس**

**سوپاس.**

**ئۆلۆڤ**

**بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت شتەکە تەواو بوو. هەمووان ماڵئاواییان کرد.**

**یوهانە**

**دەبووایە پرسیارمان لە چەند کەسێکی دیکە بکردایە.**

**ئۆلۆڤ**

**وایە... ڕاست دەکەی.**

کات چەمک و ئامرازێکی زۆر توندوتیژە، بێباکە، زۆر خێرا گوزەر دەکات و لە بەرئەنجامدا هەموومان بەرەو نەبوون دەبات. کات لەم شانۆنامەیەدا دێتە پێشەوە، ئامێز دەکاتەوە و ئەوانەی لە ژیاندان و تەنانەت مردووەکانیش زۆر بێبەزەییانە لەدوای خۆیەوە بە جێ دەهێڵێت. بۆ نموونە لەم کاتژمێرەدا کارەکتەری یوهانە فریای ئەوە دەکەوێت دوو منداڵی لە دەست بچێت و سێ جاریش شوو بکات. وەک لەوەوپێش ئاماژەمان بۆ کرد ڕووداوەکانی شانۆنامەکە لە ماوەی بیست ساڵدا روو دەدەن. هەر دوای دیمەنی یەکەم زەمەن زۆر بەخێرایی تێپەڕیوە و بیست ساڵ ڕووداوەکانمان لە دوای خۆمانەوە بەجێهێشتووە. یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی ئەم شانۆنامەیە ئەو فۆرم و سەلیقە بەتوانایەی لاش نۆرێنە لە بەکارهێنان و چڕکردنەوە و بەرجەستەکردنی چەمکی زەمەندا.

لە دوای دیمەنی یەکەمەوە، یان هەر لە خودی دیمەنی یەکەمەوە، هێدی هێدی وتووێژەکان لەنێوان قسەی ئاسایی ڕۆژانەدا تێکەڵاوی خەم و پەژارەیەکی زۆر قورس دەبێت. لەپڕ ئافرەتێک دێتە سەر شانۆ، بە هاتنەژوورەوەی ئەم ئافرەتەش شانۆنامەکە چەندین ساڵ دەچێتە پێشەوە و زەمەن تێپەڕیوە. ئۆلۆڤ لەگەڵ یوهانە لێک جیابوونەتەوە و لەبری ئەوە لەگەڵ کارین زەماوەندی کردووە. یوهانەش شووی بە یوناس کردووە و منداڵێکیشیان هەیە. کچەکەی یوهانە لە مێردی دووەمیشی مردووە. لێرەوە ململانێ و ڕکەبەرایەتیی ژنەکە و ژنە کۆنەکەی ئۆلۆڤ بەرجەستە دەبێت، لە هەمان کاتدا بێمانایی ژیانی ژنومێردایەتی نێوان یوناس و یوهانە دەردەکەوێت. ئۆلۆڤ بەرەو پیربوون دەچێت، کاتەکان تێکەڵاو دەکات و شتی بیر دەچێتەوە.

(ژوورەکە لەسەرخۆ ڕووناک دەبێتەوە. کارین لە ژوورەکەیە. لەوانەیە هەمیشە هەر لەوێ بووبێت ـ هەڵدەستێتە سەر پێ، دەچێتە لای کتێبخانەکەوە، هەندێ لەو کتێبانە چاک دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی هەڵە دانراون.)

**کارین**

**ئێوە زۆر خۆشگوزەرانن لەو خوارە.**

**یوناس**

**بڵێم چی... ڕاست دەکەیت.**

**کارین**

شتێکی خۆشە پیاو ماڵێکی هەبێت و ڕووی لێ بکات... هەرچەند پیاو فریای ئەوە ناکەوێت هێندەی خۆی ئارەزوو دەکەی لەوێ بیت. لە پاییزی ڕابوردوودا فریای ئەوە نەکەوتین بڕۆین. بیرمان لەوە دەکردەوە کە هەموو سێوەکان بنێرین بۆ کارگەی بە شەربەت کردن، بەڵام بۆمان ڕێک نەکەوت... مرۆڤ چی لە دەست دێت!

**یوناس**

**نازانم... ئێمە بڕیاری هیچ شتێکمان نەداوە... باسی ئەوەمان نەکردووە... هەر باسی هیچ شتێکمان نەکردووە... لەدوای ئەو مەسەلەیەوە کە ڕوویدا.**

**کارین**

**بێگومان ئێمە لە چلەی هاویندا دەڕۆین، وەک عادەت وایە... گەر فریا بکەوین... عادەتەن هەوڵ دەدەین لە دەوروبەری بیستی مانگدا بەرەوخوار ببینەوە... گەر ئێوە نا...**

**یوناس**

**ئەگەر ئێمە چی؟**

**کارین**

**ئا، گەر ئێوە... لەوانەیە پێویستتان پێمان بێت.**

خێزانەکان جیا دەبنەوە، خێزانی تر دروست دەکەن، کارەسات جێگەی کارەساتی تر دەگرێتەوە، کات بەخێرایی ون دەبێت و هەر زوو هەست دەکەین کە بیست ساڵ تێپەڕیوە و خێزان و پەیوەندییەکانیش گۆڕاون. دوا دیمەنی شانۆنامەکەش لەنێوان کارین و یوهانەدایە، هەردوو کارەکتەرەکەش لەم دوا دیمەنەدا پێنج ساڵ بەتەمەنترن. ئەم دوو کەسایەتییە و لەم دیمەنەدا باسی دوا چرکەکانی ژیان و مەرگی ئۆلۆڤ دەکەن. کارین و یوهانە لە یەکتری خۆش دەبن، بەرلەوەی یوهانە لەگەڵ دۆستێکی تازەیدا بڕوات بۆ فەرەنسا. هەروەها یوهانەش ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕێت کە هەر سێ مردووەکە لە یەک گۆڕدا بە خاک بسپێردرێن. کارەکتەری کارین، وەک کەسی چوارەمی شانۆنامەکە، لە سەنتەری ڕووداوەکانی بەشی چوارەمدایە، کارین خێرا دێتە ڕووداوەکانەوە. کە کارینیش دەردەکەوێت، ڕووداوەکان چەندین ساڵ چوونەتە پێشەوە. یوهانە سەرلەنوێ شووی بە یوناس کردووە، ئۆلۆڤیش کارینی مارە کردووە. یوهانە تووشی کارەساتێکی گەورە بووە کە ئەویش ئەوەیە منداڵی دووەمیشی مردووە.

## • مۆسیقای بێدەنگ لە شانۆی شار

مۆسیقای بێدەنگ لەسەر شانۆی شار و لە ساڵی ٢٠٠٢دا پێشکەش کرا، نەمایشەکە بە پارچەمۆسیقایەکی مۆزارت، چوارینەی ژێداری ژمارە (٢٣) Str□kkvartett دەست پێ دەکات. ئەم چوارینە ژێدارەش دوا بەرهەمی مۆسیقای مۆزارتە و لە ساڵی ١٧٩٠دا نووسراوە، ئەم مۆسیقایە زۆر گونجاوە لەگەڵ خودی نەمایشەکەدا.

مۆزارت خۆی کە ئەم چوارینە ژێدارەی نووسیوە لە بارێکی دەروونی دژواردا ژیاوە، خەمگین، نەخۆش، هەژار و چوار لە منداڵەکانیشی مردوون؛ هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو مۆسیقایە پڕە لە سێبەری ڕەش، سێبەر و تاریکی لە تۆنی مۆسیقاکەدا هاواری ژیان دەکات، لە هەمان کاتدا سێبەری مەرگ دەستی ژیان دەگرێت و یەکێک لە پارچە ڕازاوەکانی مۆسیقای جیهانیمان پێشکەش دەکات.

بەرلەوەی مۆسیقاکەش دەست پێ بکات، کوڕێکی بچووکی دە ساڵان، بە ڕۆبێکی بەیانییانەوە دەردەکەوێت، لە مۆسیقاژەنەکان دەڕوانێت و هەر زۆر خێراش ون دەبێت. کە مۆسیقاکەش تەواو دەبێت، مۆسیقاژەنەکان دەچنە دەرەوە و کورسییەکانیان لەدوای خۆیان بە جێ دەهێڵن.

نەمایشەکەش، وەک مۆسیقاکە مۆسیقایە، بەڵام مۆسیقایەکی بێدەنگ لەنێوان چوار ئەکتەردا، لەم مۆسیقایەشدا، هەروەک تۆن و ئاوازەکانی مۆسیقاکەی مۆزارت، تاریکی و مەرگ زۆر بە چڕی ئامادەیی خۆی هەیە.

دوای ئەوەی مۆسیقاکە زۆر بەهێمنی و خەمناکی تەواو دەبێت، دایک و باوکەکە (ئۆلۆڤ و یوهانە) دێنە ژوورەوە کە لە ناشتنی کوڕە دە ساڵەییەکەیان گەڕاونەتەوە. مۆسیقاکە دەبێتە گوزارشتێکی ئەو بەخاکسپاردنە، ئازار و خەمێکی قووڵی ئۆلۆڤ و یوهانە. مۆسیقاکە ئەتمۆسفێرێکی هێمن و خەمۆکی دەخوڵقێنێت و هەستەوەرییەکی پڕ لە ژان دەکاتە سەرەتای ئەو دیمەنە بەهێزە و مۆسیقا دەبێتە زمانێکی مرۆڤایەتی.

# شەڕ لە (شەڕ) ی لاش نۆرێندا

لەژمــــارە (1) ی ئەم زنجیـــرەیەدا، شـــانۆنامەی (مۆســـیقای بێـدەنگ) مـــان بڵاوکـــردۆتەوە کە لەنووســـینی نووســـەری ســـوێدی لاش نـــۆرێنە و لەگەڵ شـانۆنامەکەدا، پێـشەکییەکی تێروتەســەلمان لەســەر ڕەوتـی شـانۆی لاش نـۆرێن نووسیوە. لاش نۆرێن لەماوەی زیاتر لە چل ساڵدا لەسەر پێوەندییەکانی فەرزەند و دایـک و بـاوک و تەنگژەکـانی تـری نـاو خێـزان نووسـیویەتی. بەڵام لە شـەڕدا بەتەواوەتـــی لەخێـــزان بەپێـــی چەمکەکـــانی بۆچـــوون و دیـــدی لاش نـــۆرێن، دووردەکەوێتەوە و لەبری ئەوە، لە کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر خێزان ئەدوێت.

## • دەروازەیەک بۆ ناسینی لاش نۆرێن

لاش نـۆرێن دادەنرێـت بەگرنگتـرین نووسـەرە شـانۆییەکانی ئەمڕۆی سـوێد و بە یەکێک لەنووسەرە دیار و ناسراوەکانی ئەوروپا و جیهانییش. ئەم نووسـەرە تـاکو ئێـستا زیــاتر لە حەفتــا شــانۆنامەی نوســیوون، تێکــستەکانی بەردەوام لەســەر شــانۆکانی ســوێد پێـشکەش دەکـرێن، هەروەهــا بەشـێکی زۆری بەرهەمەکانیـشی وەرگێڕدراونەتە سـەر زوربەی زمانەکانی جیهـان و سـاڵانە لەسـەر شـانۆ گرنـگ و گەورەکانی ئەوروپا پێشکەش دەکرێن.

گەر پێناسـەیەکی کورتی جیهـانی شـانۆنامەکانی ئەم نووسـەرە بکەیـن، دەتـوانین بەم شـێوەیەی خـوارەوە ئامـاژەی بـۆ بکەیـن، هەرچەنـدە خێزان لە چەقـی هەمـوو ڕووداوەکاندایە، بەڵام سیمای کارەکتەرەکانی، ئەتمۆسفێری ڕووداوەکانی و خـودی جیهانەکەی هەر یەکێکە: بێ هیوایی، خەمۆکیی، سەرلێشێوان، نەخۆشی دەروونیی، دڵەڕاوکێ و یادەوەرییەکان. هەر لەم دەروازەیەوە دەتوانین بڵێین کە ژان و پەژارە یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی دنیای ئەم نووسـەرە، هەر لەبەر ئەمەشـە، زۆر جار

ژیان دەبێتە زیندەخەونێکی بێ ئارام و بێزەوەر. لەم زیندەخەونەدا، جگە لە ئازارە دەروونییەکان، مەسەلەکانی سێکس و سێکسەناسازی وەک بارێکی مەجازی و جیاواز، هەڵوێستەیەکی دڕندەئاسا لەلای پاڵەوانەکانی دەخوڵقێنێت.

لاش نۆرێن هەمیشە ویستوویەتی بینەرەکانی خۆیان لە ڕووداو و کەسایەتییەکانیدا بناسنەوە، خۆیان لە کارەکتەرەکانیدا بدۆزنەوە و لە شانۆنامەکانیدا، ڕووبەڕووی حەقیقەتی ژیانی خۆیان ببنەوە. لەم ڕووەوە لاش نۆرێن دەڵێت:( کاری شانۆ ئەوەیە کە هەوڵ بدات تواناکانی مرۆڤ بەرەو پێشەوە بەرێت. گرنگترین شت ئەوەیە کە بتوانین ڕاستییەکان بخەینە ڕوو. من هەمیشە هەوڵ ئەدەم پێوەندی لەنێوان شانۆ و بینەراندا بخوڵقێنم، تا بتوانین دەرگایەک لەنێوان خەیاڵ و واقیع، خەیاڵ و بینەراندا بکەینەوە.)

ئەم نووسەرە لە سەرەتادا، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بە شیعر دەست پێدەکات و لەڕێگای وشە و وێنە شیعرییەکانییەوە لە دەرگای ئەدەب دەدات و هەر لەم ڕێگایەشەوە بە ناواخنی گرفتەکانی مرۆڤ و ئازارە دەروونییەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە. یەکەم بەرهەمی شیعری (لەیلاک، بەفر) لە شەستەکاندا بڵاودەکاتەوە، دواتر بە چەندین دیوانە شیعری تر و ڕۆمان بەردەوام دەبێت. بەڵام شیعر هەرگیز ناتوانێت گوزارشت لەهەموو دید و بۆچوونە دژوار و چڕ و فراوانەکەی بکات. لەبەرئەوە شانۆ دەبێتە سەرەتایەکی تر بۆ لاش نۆرێن.

ئەم نووسەرە دوای بیست ساڵ لە هەوڵ و تەقەلایەکی بەردەوام، وەک نووسەرێکی بەتوانا متمانە بەدەست دێنێت، ئەویش لە ساڵی ١٩٨٢ دا بە شانۆنامەی (شەو دایکی ڕۆژە) و لە ساڵی ١٩٨٣دا بە شانۆنامەی (پشێوی دراوسێی خوایە) وەک نووسەرێکی گەورە لەنێوەندی ئەدەبی و ژیانی کولتووری سوێددا دەناسرێت.

ئەم نووسەرە شێوازێکی ناتورالیزمی پتەو دەکاتە دەروازە و ستركتوری شانۆنامەکانی، زمانێکی بەرزیش، شیعرئامێز و لەهەمانکاتدا نزیک لە ئاخاوتنی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە، ئاوێزانی ئەو فۆرمە ناتورالیستی و دەروونییەی دەکات. لاش نۆرێن لە سەرەتای نەوەدەکانەوە دەتوانێت دابڕانێکی گەورە و وەرچەرخانێکی سەراپاگیر لەو شێوازە ناتورالیستی و ناوەڕۆکە خێزانییەدا بکات، کە پێیناسراوە. لەبری ئەوە فۆرمێکی تر دەدۆزێتەوە و لەهەمانکاتدا زمانێکی تری جیاوازیش بەکاردێنێت. لەم قۆناخەدا شانۆنامەکانی ڕوودەکاتە پرس و گرفتە چینایەتییەکان و زیاتر شانۆکەی شانۆیەکی سیاسی/چینایەتی و هەروەها

فەلسەفییە، ئەوەشمان بیرنەچێت کە ئەم شانۆیە لەگەڵ هەموو چەمک و پانتاییە سیاسی، فەلسەفی و چینایەتییەکەیدا، بنەمایەکی قووڵی دەروونیشی هەیە.

ڕەوتی شانۆی لاش نۆرێن ئێجگار بەربڵاو و فراوانە، چەندین قۆناخ لەخۆدەگرێت و هەموو فۆرم و شێوازەکان تاقیدەکاتەوە، بەداخەوە لێرەدا ناتوانین بە وردی و بەشێوەیەکی فراوان لە بەرهەم و قۆناخەکانی کار و نووسینی لاش نۆرێن بدوێین، بەڵام هەوڵ ئەدەم زۆر بەکورتی پێکهاتەکانی سترکتوری ئەم شانۆیە ڕوونبکەمەوە1.

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە لە شەستەکاندا زۆر بەفراوانی بەرجەستەی ڕۆڵی دایک دەکات، لە حەفتاکاندا باوک پێگە و بەهایەکی گەورە لەخۆدەگرێت، لەهەشتاکاندا خێزان بەهەموو لایەنییەکانییەوە، دەبێتە ناوەندێکی گرنگ و سەنتەری بیرۆکەی هەموو شانۆنامەکانی. لە نەوەدەکاندا بنەماکانی ئەو خێزانانە بەتەواوەتی دادەڕمێن و کۆمەڵگەیەکی بێکار، نەخۆش و بەدمەست جێگاکانیان دەگرێتەوە. لە ساڵەکانی دوو هەزاریش بەدواوە، شانۆنامەکانی مۆرکێکی فەلسەفی و ئیگزیستێنتیالیزم لەخۆدەگرن. لەم قۆناخەدا مەرگ بە هەموو ماناکانییەوە، بەتایبەتییش وەک لایەنێکی گرنگی ژیان، لەناوەندی ڕووداوەکاندایە.

لاش نۆرێن هەمیشە گەڕاوەتەوە سەر شانۆی گرێکی و وەک سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند سوودی لێوەرگرتووە، هەروەها بێکێت و هارۆڵد پینتەر کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر بەرەوپێشچوونی ئەزموون و ڕەوتی شانۆنامەکانییەوە هەبووە.

## • ئیدی هیچ مناڵێک لە ئارادا نییە

شەڕ لە ئەزەلەوە لەگەڵ مرۆڤ دروست بووە و هێندەی بوونی مرۆڤایەتی کۆنە، هیچ شتێک هێندەی شەڕیش کارەسات نییە، لەژێر سێبەری شەڕ و لەبەر شاڵاوەکانیدا خەڵک تووشی هەموو جۆرە نەهامەتییەک دەبێت، لەکاتی شەڕدا

---

1 بۆ زیاتر شارەزابوون و قووڵبوونەوە بە ژیان و ڕەوتی شانۆ و فەلسەفەی لاش نۆرێندا، بگەڕێوە سەر گوتاری ( لاش نۆرێن و هەرەسهێنانی خێزان و بنەما= =(کۆمەڵایەتییەکان)، نووسینی دانا ڕوئوف، پێشەکی شانۆنامەی (مۆسیقای بێدەنگ) دەزگای ئاراس، زنجیرەی شانۆی جیهانیی، ژمارە ١.

هەمــوو ســنوورەکانی لۆژیــک و مــۆراڵ هەڵدەوەشــێن. هەســتی قوتــاربوون، خۆپاراستن و دابینکردنی بچوکترین پێداویستییەکانی ژیان و نانی ڕۆژانە، لۆژیک و مۆراڵێکی تر دروست دەکەن.

منـداڵ هەسـتی منـداڵیی خـۆی لەدەسـت ئەدات، ژنـان و کچـانیش بەشـێکن لە قوربانییەکـانی شـەڕ: لاقەکـردن و ئـابڕووبردنی ڕەگەزی ئـافرەت هەمیشە یەکێـک بـووە لە چەکە قورسـەکانی جەنـگ و بە دڕنـدەترین شـێوە بەکارهـاتووە. زورجـار ژنـان لەکـاتی جەنـگ و لەلایەن سـەربازەکانەوە لاقەدەکرێن، دواتـریش لەلای هێـزە سـەرکەوتووەکانەوە. شـەڕ گوزارشـت لە دڕنـدەیی مـرۆڤ و هێـزی کـاردانەوەی شالاوە دژایەتییەکان دەکات، کە زۆر بێبەزەییانە هەموو کەسێک، سەرباز و خەڵکی ئاسایی، ژن و منداڵ دەگرێتەوە. شەڕ هەمیشە ئەو پرسیارانە دەوروژێنێت کە کێ لە هەموو کەسێک بەهێزترە. شەڕ بەرجەستەکردنی تواناکانی دەسەڵاتە و هەمیشە ئامرازێـک بـووە بـۆ لەنـاوبردنی ئەویتـر و فراوانکردنـی سـنورەکانی دەسـەڵات. دەتـوانین ئەم چەنـد دێـڕە بکەیـنە دەروازەیەک بـۆ شـانۆنامەی ( شـەڕ ) کە لاش نۆرێن لە ساڵی ٢٠٠٣ دا نووسیویەتی2.

( شەڕ ) زۆر جیاوازە لە شانۆنامە خێزانییەکـانی تری لاش نـۆرێن، هەروەهـا لە گــرفتە کۆمەڵایەتییەکــان، مەســەلە ئێگزیستێنتیالیــستییەکان، مەرگ و مەســەلە چینایەتی و ڕەگەزپەرستییەکانی تری نووسەر کە هەمیشە دەگەڕێتەوە سـەریان و بەقــوولی و هەمەلایەنیــی چارەســەریان دەکــات: شــەڕ بە زمــانێکی جیــاواز و بە فۆرمێکی تر باسی شـەڕێکی توندوتیژ دەکات. " ئیدی هیچ منالێک لە ئارادا نییە " یەکــێکە لە دیــالۆژ و وتە گرنگەکــانی ئەم شــانۆنامەیە و گوزارشــتێکی بەهێــزی کارەساتەکانی جەنگە.

پیاوێـک دوای دوو سـاڵ و لەپـڕ دوابەدوای جەنگێکـی خوێنـاوی دەگەڕێـتەوە. گەڕانەوەیەک کە هــیچ کەســێک لە ئەنــدامەکانی خێــزانەکەی چــاوەڕوانی ئەو گەڕانەوەیە نەبوون.

---

[2] شانۆنامەی (شەڕ) بۆ یەکەمجار لەوڵاتی سویسرا و لەسەر شانۆی Theatre Vidy ، لە ناوچەی Lausanne و لە ڕێژی لاش نۆرێن خۆی نەمایشکراوە، دوای ئەوە لە فەڕەنسا، شانۆی نەتەوایەتی نەرویژ، ئوستراليا، ئەمەریکا و ئیسرایل پێشکەشکراوە. هەروەها لە سوێدیش لەسەر شانۆی دەوڵەت و شانۆی گالیاسن پێشکەشکراوە.

لاش نـۆرێن ( شـەڕ ) بەشـێوەیەکی کۆنکرێـت ئاسـا، سـامناک دەخولقێنێـت و ڕۆدەچێتە خوارەوە بەنێو بنەما ڕەش و تاریک و تاڵەکانی دەروونی مرۆڤایەتیدا. ئەم نووسـەرە لە ( شـەڕ ) دا مـامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ وشـە دەکات و وشـە بە پێچەوانەی شانۆنامەکانی تری لاش نۆرێنەوە یەکە بەیەکە بەرجەستە دەبن، وێنە دروسـت دەکەن و ئەتمۆسـفێرێکی ڕەشـی شـەڕ و کارەسـاتەکانیمان پێـشکەش دەکات. وشە هێندە بەهێز و کاریگەرە، لە ناوەوەماندا دەنگ ئەداتەوە، دەروونمان هەڵدەکۆڵێت و گەمارۆمان ئەدا.

## • شەڕ لە درامای گرێکیدا

شانۆنامەی ( شـەڕ ) تەقەلایەکی تر و چارەسـەرێکی مۆدێرنی درامای گرێکییە، لاش نـۆرێن دەگەڕێتەوە سـەر بنەماکانی شـانۆی کـۆنی گرێکی و سـەرلەنوێ لە بنەمایەکی هاوچەرخدا بەرجەستەیان دەکاتەوە.

شـەڕ و پێوەندییە ئاڵۆز و توندوتیژەکانی خێزان، بنەمـایەکی گرنگی ئەو شـانۆ دێـرینەی ڕۆژئـاوا پێکـدەهێنێت. شـانۆنامەکەی لاش نـۆرێن، بـابەتەکەی و کارەکتەرەکانی، دەمانگەڕێننەوە بۆ ئەو زەمەنە، بۆ چارەنووسە تراژیدییەکان و بۆ داماڵینی توێکڵەکانی جەنگ.

کارەکتەری باوک (جەنگاوەر) پاڵەوانی سەرەکی شەڕ، وەک ئەگامەمنون و دوای مـاوەیەکی دوور و درێژ و لەناکـاو لە جەنـگ دەگەڕێتەوە، بەڵام هـیچ شـتێک وەک خـۆی نەمـاوە، خێزانەکەی لەسـەر مەرزەکـانی لەبرسـا مردنـدان، کـچە گەورەکەی بـۆتە سـۆزانی، هەموویـان بە کـچە بچووکەکەشییەوە لاقە کـراون، ژنەکەشـی وەک ژنی ئەگامەمنون لەگەڵ برا بچوکەکەی دەستی تێکەڵ کردووە.

گەڕانەوەی باوک تراژیدیای تراژیدیاکانە و تەرازووی ڕووداوەکـان لە خراپەوە بەرەو خراپتـر، لە کارەسـاتەوە بـۆ کارەسـات دەبـات و ڕووداوێـکە کە هەمـوو ئاستەکانی چاوەڕوانی هەڵدەگێڕێتەوە.

باوک هەر ئاگامەمنون نییە، بەڵکو ئۆدیبیشە، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە، ئۆدیـب کە دەگـاتە ڕاسـتییەکان کـوێریی بـۆ خـۆی هەڵـدەبژێرێت، هەردوو چـاوی هەڵــدەکۆڵێت و لە وڵات دەچێـــتە دەرەوە، بەڵام بـــاوک لە ڕاســـتییەکاندا، لە پڕوپاگەنـدەی دەسـەڵات و لە شـەڕدا، بە کـوێریی دەگەڕێـتەوە بـۆ شـار و بـۆ لای خێزانەکەی، بەبێ ئەوەی بتوانێت ڕاستی ژیانی خۆی، ژنەکەی، کچەکانی و براکەی

ببینێت و له بۆسەی تەنیایی و لەدەستدانی دەسەڵاتدا، دەسەڵاتی باوکایەتی و دەسەڵاتی خێزانەکەیدا گەمارۆ ئەدرێت.

## • ڕووداوەکانی شەڕ

دایکێک و دوو کچی هەرزەکار، دوای ئەوەی بە تەواوەتی دڵنیا دەبن کە باوکیان جارێکی تر لە شەڕ ناگەڕێتەوە و پێیانوایە مردووە یان بێ سەروشوێنە، کەچی لەپڕ دەگەڕێتەوە. جەنگ کۆتایی هاتووە، بەڵام جێگا پەنجەی شەڕ، کاریگەریی و کارەساتەکانی، بەتەواوەتی بە کۆمەڵگاوە دیارە. لەسەرو هەمووشیانەوە وڵات بۆتە کەلاوە و برسێتی تا سەر ئێسقان چۆکی بە کارەکتەرەکان داداوە.

ئەم دایک و دوو کچە هەموو ڕێگایەکیان گرتۆتە بەر تا بتوانن ژیانیان بپارێزن و لەبرسا نەمرن. کچە گەورەکەی بۆتە سۆزانی، نیکۆتین و ماددەی بێهۆشکەر هەڵدەمژێت تا بتوانێت بەبێ ئازار، بەبێ هەست و سۆز لەشی خۆی بفرۆشێت. دایکی بەتەواوەتی چاو لەم کارەساتانە دەپۆشێت و لەش فرۆشیی کچەکەی دەبێتە سەرچاوەی گوزەران و بژێوی ژیانیان. خۆشی دەستی لەگەڵ (ئیڤان)، برا بچوکەکەی مێردەکەی تێکەڵ کردووە و لەبری مێردەکەی دەچێتە جێگاوە لەگەڵیا.

کچە بچوکەکە لەم گێژاوی شەڕەدا خەون بە ئایندەوە دەبینێت، لەگەڵ خوشکە گەورەکەی یاری دەکات، شەڕ لەگەڵ یەکدیدا دەکەن و بە جەستە لاسایی جووت بوون دەکەنەوە. ئەم دوو کچە "خوشکە" لە سنورەکانی وڵاتێکی وەهادا دەژین کە زۆر زەحمەتە خەون و هیواکانیان لە دوژمنکاری و ژیانی ڕۆژانە جیابکرێتەوە و لەسەر ئاستێکی بەرز شانە خوێناوییەکان و کارەساتە گرانەکانی شەڕ بەرجەستە دەکەن.

کە باوکیان، مێردی ژنەکە دەگەڕێتەوە، کوێرە. ئەو پاڵەوانێکی ئەو جەنگە دۆڕاوەیە و هیلاک و برسی و لەڕ و لاواز و بە پاڵتۆیەکی کۆنی دڕاوی سەربازییەوە دەگەڕێتەوە. ئەوان چاوەڕوانی ئەو گەڕانەوەیە ناکەن، لەبەر ئەوە کەس بەخێرهاتنەوەی ناکات، کەس بەپیرییەوە ناچێت و کەسیش پێی خۆش نییە کە گەڕاوەتەوە. ئەم پاڵەوانە لە ئەنجامەکانی شەڕ و ئەشکەنجەداندا هەردوو چاوی لەدەستداوە، بەمەش هەرگیز کەلاوەکانی دوای جەنگ، سیمای ژنەکەی و ڕەنگ و شێوەی کچەکانی نابینێتەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو هیچ شتێکیش وەک خۆی نەماوە، شەڕ هەموو شتەکانی سەرەوژێر کردووە، بەڵام ئەوەی کە وەک خۆی

مـاوەتەوە، بەپێـی بۆچـوونی ئەو جەنگـاوەرە کـوێرە، دەسـەڵاتی پیـاوە بەسـەر ئـافرەتەوە، پیـاوەکە هێشتا ژنەکەی بە مـوڵکی خـۆی دەزانێت، لەبەرئەوەی ئەو بە کـاغەز ژنییەتـی. هەر لەبەر ئەم هۆیەشـە کە ئەم سـەربازە گەڕاوەیە دەیەوێت هەر لە یەکەم شەوەوە بچێتە لای و لەگەڵیدا جووت بێت. بەڵام ئەفسوس ئەو سـەربازە هەر بە تەنیا چاوانی لەدەست نەداون، بەڵکو ژنەکەشی لەدەستداوە، ژنەکەی ژنێکی تر و ژنـی کەسـێکی تـرە، ژیـانێکی نـوێی بـۆ خـۆی و بـۆ منداڵەکانی هەڵبـژاردووە، لەبەرئەوە یاسـاکانی ژیـان ئەو مافەشـی لە مێردەکەی سـەندۆتەوە و ئێستە لەبـری ئەو، برا بچوکەکەی مێردی ئەوە.

## • باوک یان جەنگاوەرێکی دۆڕاو

لەکاتێکدا کارەکتەری (باوک) بەکوێریی دەگەڕێتەوە، هەر زوو درک بەوە دەکات کە ئەو باوک و پیاوەی جاران نییە، لە خێزان و ژیـانی ڕۆژانەیاندا چیتر ئەو ڕۆڵـی خـۆی نەمـاوە، لەبـری ئەو بـراکەی، کە هەر لە سـەرەتاوە لە شـەڕ هەڵهـاتووە، لە مـاڵەوە دەمێنێتەوە، دەست بەسـەر ژنەکەشیدا دەگرێت، گەڕانەوەی بـاوک شـتێکی چاوەڕوان نەکراوە، ژنەکەی یان کچەکانی بەم گەڕانەوەیە دڵخـۆش نین و ئەو، لە سیستەمە نوێیەکەی ژیانی ئەواندا جێگای نابێتەوە.

**دایک**

( **بێدەنگ** ) **نا.**

(**بێدەنگی**)

**باوک**

**گەڕامەوە.**

**دایک**

**نا.**

**باوک**

**هەمدیس بۆ ماڵەوە گەڕامەوە.**

**دایک**

**نا ...**

(**بێدەنگی**)

**باوک**

**خەریکی چین؟**

**دایک**

**چیت دەویَ؟**

**باوک**

**ئاخۆ هەمووان ...**

**دایک**

**خوایە گیان ...**

**(بێدەنگی)**

**دایک**

**لەو بڕوایەدا نەبووم کە ....**

**باوک**

**چی؟**

**دایک**

**نا.**

**باوک**

**کە من بگەڕێمەوە؟**

**دایک**

**چیت لەپێدایە؟**

**(باوک زۆر بەهێوریی دێتە ئەمدیو حەسارەکەوە، پاڵتۆیەکی سەربازی شڕی لەبەردایە. کوێرە کوێرە دێتە ژوورەوە.)**

**شانۆنامەی (شەڕ)**

به گەڕانەوەی کارەکتەری (باوک)، ڕووداوەکان ڕێچکەیەکی تر لەخۆدەگرن و میزاجی کارەکتەرەکانی تریش تێکدەچێت، ئەوانی تر وەک کوژراوێک، سەرەونگومێک، نەبوویەک مامەڵەیان لەگەڵ کەسی باوک کردووە، هیچ بوونێکی نییە لە هەست و هۆشیاندا و تەنها بیرەوەرییەکە، وێنەیەکی تەڵخە و چیتر ناگەڕێتەوە. کە دەشگەڕێتەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی سەرلەنوێی شیرازەی ئەو خێزانە پەرش و بڵاوە.

کەسایەتی باوک کۆڵ نادات و هەوڵ ئەدات کە دەست بگرێتەوە بەسەر کاروبار و چارەنووسی خێزانەکەیدا، بەڵام ئەوەش باش دەزانێت کە هەموو شتەکان بە تەواوەتی و بەشێوەیەکی سەراپاگیر لە گرێژنە چوون. باوک تەنها شتێک کە لەبەر دەستیدا ماوە، وەک لەمەوبەریش ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەوەیە کە ئەو، واتە ژنەکەی حەڵاڵی خۆیەتی و هێشتا بە یاسا و بە ئایین و بە ترادیشۆن ژنی خۆیەتی. باوک هەموو شتێک بەکاردێنێت، تەناتەت توندوتیژییش بۆ ئەوەی ژنەکەی بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی.

**باوک**

**چارپەجەهەنەم. من بۆ ماڵەوە نەگەڕاومەتەوە تا بنووم. ئەو شتەم دەوێ کە مافی خۆمە.**

**دایک**

**دەستت لابە.**

**باوک**

**ئەوەم دەوێ کە هی خۆمە.**

**دایک**

**هی تۆ نییە. هیچ شتێک هی تۆ نییە. دەستم بۆ مەبە.**

**باوک**

**چەندم حەز لێبێ و کەنگی بمەوێ دەستت بۆ دەبەم. توو جەهەننەم چیتە؟** (لێی دەدا) **ئێستا نەجووڵێیت. ئەگینا دەیترشێنم. ناچارم مەکە بەرقامچیت بدەم.** (لێی دەدا) **ئەوە بکە کە پێتدەڵێم.**

**دایک**

**باشە. لێمبدە. لێمبدە.**

**شانۆنامەی** (شەڕ)

دایک بەهەموو شێوەیەک لە مێردەکەی دوور دەکەوێتەوە و بەهیچ شێوەیەکیش قایل نابێت جەستەی خۆی بداتێ، باوکیش دواتر و بۆ دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی سێکسیی خۆی، هەوڵ ئەدات دەست بۆ کچە گەورەکەی ببات، ئەو کچەی کە چەندەها جار لەلایەن کەسانی ترەوە لاقە کراوە و ئێستایش بەتەواوەتی بووەتە سۆزانی و بیر لەوەش دەکاتەوە کە ڕابکات.

کچی باوکە کوێربووەکە، لەم هەڵوێستەدا بەڕووی باوکیدا دەقیژێنێ و دەڵێت:" **هەی دزێوی قوڕمساخ. تۆیش ڕێک وەک ئەوانی تر وایت.**" **شانۆنامەی (شەڕ)**

## * کوێریی وەک سمبوڵێکی دابڕان و تەنیایی

کە شەڕ پاڵەوانە سەرەکییەکە (باوک) کوێر دەکات، بنەمایەکی قووڵ و مەودایەکی فراوانتری پێدەبەخشێت. باوک بەردەوام لە تەقەلای دۆزینەوەی خۆیدایە، بەدوای کەسایەتییەکانی تردا دەگەڕێت، لە تاریکییەکی ڕەهادا دەسوڕێتەوە و هەرگیز پێوەندییەکان ناگاتە ئاستێکی تەواوەتی و هەمیشە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوە.

**باوک**

**هەندێ جار پێموایە تەنها پێویستم بەوەیە دەست ڕایەڵ بکەم و گڵۆپێک داگیرسێنم و ئیدی هەست دەکەم کە هەمدیس دەبینم ... ڕوون و ئاشکرا دەبینم. ڕەنگە ئەم تاریکییە ئەهوەنتر بووایە گەر مرۆڤ هەر لە ئەووەڵەوە چاوی نەبووایە و نەیزانیایە شێوەی شتەکان چۆنن. ئەوسا مرۆڤ حاڵی نەدەبوو لەوەی کە چ شتێکی لەدەستداوە، وەک ئەوە وابوو جیهان مردبێ.**

**شانۆنامەی (شەڕ)**

کارەکتەری باوک لە تەقەلایەکی هەمیشەییدایە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لە ژوورە نوێیەکاندا خۆی بدۆزێتەوە، سەرلەنوێ خۆی لەماڵەکەیدا ڕابهێنێت. ئەو هەڵسوکەوتەی باوک لەهەمانکاتدا جۆرێکە لە میکانیزمی حەزی کۆنترۆڵکردن لای پیاو و هەست کردنیشە بە تەنیاییەکی بێ سنور و قووڵ. " **نا ... وەرە ئێرە.**"، " **لێرە ماویت؟ (هەڵدەستێ) ڕۆیشتوویت؟**"، "**لەوێ ڕاوەستە.(بەرەو لای دەچێ) شتێک بڵێ. بێ جووڵە ڕاوەستە**"، "**دەزانم تۆ لەوێدایت ... گوێم لێیە هەناسە دەدەیت.**"، "**ئەوە چ دەکەیت؟**"، "**تۆ کێیت؟**" **... هتد...**، ئەم وشانەش لە (شەڕ) دا، کە بەشێکن لە دیالۆژەکانی کەسایەتی باوک، گوزارشتێکی ڕاستەوخۆی هەستی تەنیایی و ویستی کۆنترۆڵە لەلای ئەم کارەکتەرە.

لەم بارودۆخە گرانەی شەڕدا، لە ئەتمۆسفێری گەڕانەوە و کوێر بووندا، شتێکی زۆر لۆژیکییە کە ئەم جەنگاوەرە هەموو شتەکان لەدەست بدات، ئەوانەشی کە لەوەوپێش لەدەستی داون، سەرلەنوێ لەدەستیان ئەداتەوە. کچە بچوکەکەی تەنها ڕووناکی و هیوای ئەم شەڕە خوێناوییەیە و هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی تیاماوە، تەنها کەسێکیشە کە هەست بە باوکی دەکات و هەر ئەویش لە کۆتاییدا و بە

ڕەزامەندی خۆی لەلای باوکی دەمێنێتەوە. لەکاتێکدا خوشکە گەورەکەی، دایکی و ئیڤانی مامی بڕیار ئەدەن کۆچ بکەن و باوک بۆ چارەنووسی خۆی و بە تەنیا جێبێڵن. کچە بچوکەکە سمبوڵێکە بۆ گەڕانەوەی هیواکان، بۆ سەرلەنوێ پێکەوە ژیان و بنیاتنانەوەیەکی تر.

# لە چاوەڕوانی موجیزەیەکدا ....
# پەرجووی لاش نۆرێن لەنێوان بوون و نەبووندا

لاش نۆرێن، شانۆنامەنووسی هەرە دیاری سویدی لە حەفتاکاندا لەژێر کاریگەری و دەروازەی شانۆنامەکانی نووسەری ئەمەریکی یۆژین ئۆنێل ۱۸۸۸_۱۹۵۳ ەوە یەکەم سەرکەوتنەکانی بەدەست دەهێنێت، مەودایەکی فراوان، تێڕوانینێکی سەراپاگیر و مۆرکێکی سویدی دەبەخشێت بە شانۆنامەی ( سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو ) ی یۆژین ئۆنێل*. چێخەف دەبێتە چاوگەیەکی گرنگی قۆناخەکانی تری، پاڵەوانەکانی چێخەف لێرە و لەوێ لە بەرگێکی تردا و بە هەناسەیەکی سکاندناڤی، لە بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی لاش نۆرێندا دەردەکەون و لە کۆتاییشدا لە هارۆڵد پینتەردا فۆرمێکی جیاواز و زمانێکی تایبەتمەند ئەدۆزێتەوە.

ئەم نووسەرە لە گەشتی بەرجەستەکردنی کۆمەڵگا بۆرژوازییەکانەوە، لە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و پەیوەندییەکانی فەرزەند و باوانەوە، لەسەر شەقام و کۆڵانە پیس و تاریک و تەنگەکانەوە، لە هۆڵی ژوورە ڕازاوەکانەوە، بۆ ناو تلیاکخۆر و بەدمەستەکان و مرۆڤە نەخۆش و دەروون شێواوەکانەوە، ژیانی ڕۆژانە تاوتوێ دەکات، گیان لە دانیشتوانی شانۆنامەکانی دەردەکات و سەرلەنوێ و لە شوێنێکی تردا گیانیان پێدەبەخشێتەوە.

لاش نۆرین لە شانۆنامەی (پەرجوو) دا ماڵی سامۆییل بێکێت ئەدۆزێتەوە، لە بنەماکانی ئەو شانۆیەوە، لە ئەتمۆسفێرێکی تایبەتمەندی بێکێتدا، زمانێکی تایبەت بەخۆی و وێنەیەکی سویدی لەو بەرگە ڕەشەدا ئەدۆزێتەوە. زۆربەی ڕەخنەگرە سویدییەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە لاش نۆرێن زۆر لە مێژە بە ڕێگاوەیە

بەرەو جیهانە ئەبسورد و سۆفیزمە ئاڵۆز و لیریکە ڕەشەکەی سامۆییل بێکێت. (پەرجوو) ش خویندنەوەیەکی جیاواز، ئەندێشەئامێز، توندوتیژ و هەمەلایەنی شانۆنامەی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ) وەیە.

لاش نۆرێن لە هەموو شانۆنامەکانیدا، ریالیزم و ئێگزیستێنتیالیزم و ئەوانەشی کە زیاتر لە شانۆی ئەبسورد نزیک ئەبێتەوە، دەروونی مرۆڤ، حەز و هیواکانی مرۆڤ، بێدەرەتانی و دڵەڕاوکێی مرۆڤ، گرفتەکانی بوون، ئازارەکانی تاکەکەس و مەرگ، تەنیایی، خەمۆکی و بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و هیج سنوورێک لەنێوان ڕەشترین ڕاستییەکان و کۆمیدیایەکی بێهوودەدا ناهێڵێتەوە.

## • پەرجوو باسی چی دەکات؟

هیچ شتێک لەم شانۆنامەیەدا ئاشکرا نییە، هیج شتێک دڵنیا نییە، زمان لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دەسوڕێتەوە، لۆژیک دەبێتە نالۆژیک و ناتەبا دەبێتە تەبا و بیرۆکە و بۆچوونەکان لەنێو پشێوییەکی بەردەوامدا بەرجەستە دەبن. هیچ ڕووداوێک، هیچ سەرەتا یان کۆتاییەک، هیج ژینگە و شوێنێک و هیج زەمەن و هێڵێکی ئاشکرا بەدیناکرێت. لاش نۆرێن لەم وێستگەیەدا و لە دووتوێی نەبوونی ڕووداو و شوێنەوە وێنەی کۆتایی هاتنی سارستانییەتی خولقاندووە. سێ مرۆڤ لە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە: گەوڕێک، شێتخانە، نەخۆشخانەی دەروونی، بەندیخانە، ژووری چاوەڕوانی، دەتوانین بڵێین هەموو شوێنێکە و هیج شوێنێکیش نییە، شوێنێک لەنێوان سنورەکانی ژیان و مەرگدا، چاوەڕوانیش تەنیا فریاگوزار و داڵدەی ئەم کارەکتەرانەیە.

کەسایەتییەکان لەم ناشوێنەدا لە تێکۆشانێکی بێ وچاندان تا خۆیان بناسنەوە، تا بزانن کە ئەوان کێن، لەکوێوە هاتوون و بەرەو کوێ ئەچن و چین.

**کول**

**( هەڵدەستێ، وەستاوە و بە سووکی دیلانێ دەکات )**

**تۆ.**

**( وچان )**

تۆ.

( وچان )

تۆ. تۆ ناوت چییه؟

کییر

ئا.

کول

ناوت چییه؟

کییر

نازانم. نازانم ناوم چییه؟

کول

نه بابه. نازانیت؟

کییر

ئا.

کول

باشه.

( وچان )

تۆ

( وچان )

من نازانم لەکوێم.

کییر

نازانیت لەکوێم؟

کول

نا.

( وچان )

**من نازانم لەکوێم.**

**( وچان )**

**تۆ لە کوێیت؟**

**کییر**

**ئا ... بەهەرحاڵ تۆ لێرە نیت.**

ئەمەش گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ بێکێت و کارەکتەرەکان لە فۆڕم و شێوازێکی تردا وەک بەند وان، بەڵام بەندی بەندیخانە نا، بەڵکو بەندی ژیان و بەندی یاسا و بنەما کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان.

سێ کارەکتەرەکە بێ لانەن و لە تەقەلای ئەوەدان ژیانیان، بوون و گوزەرانیان بگەڕێنەوە بۆ بارێکی ئاسایی، لە جیهانێکدا کە هەموو شتەکان نادیار و نادڵنیا و نائارامە،کەسایەتییەکان لەسەر لێوارەکانی نەمان و کەوتنێکی تەواوەتیدان و لە هەوڵی ناسینەوەی خۆیاندان، لە زەمەنێکدا کە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوات.

کارەکتەرەکان لە گیانەڵادان، یان لە حاڵەتێکی گیانەڵاوە بەئاگادێنەوە و نازانن بەرەو کوێ دەچن، هەرچەندە بەتەمەنن، بەڵام هەروەک ئەوە وایە کە تازە لەدایک بووبن.

ڕووداوەکان زیاتر لەنێوان کول و کییردا ڕووئەدات و کەسی سێیەم، لوکا، بە قوونی ڕووتەوە لەنێوانیاندا کەوتووە. ئەوان هۆشیارن بە بوونی خۆیان، بەوەی کە دەیڵێن، بەڵام زۆرجار وشەیەک، دەستەواژەیەک لە ڕستەکانیاندا بەجێدەمێنێت، دیارنامێنێت و بەو شێوەیەش هەموو دیمەنەکە فۆرمێکی تر لەخۆدەگرێت. هەندێکجار جگەرە دەکێشن بەبێ ئەوەی جگەرەیان بە دەستەوە بێت، یان کتێب دەخوێننەوە بەبێ ئەوەی چ کتێبێک لە ئارادا بێت، یان دەبنە جادووباز و بە پەنجە تەقاندنێک کەسێک لەو ناوەدا ناهێڵن. دنیای وەهم واقیعێکی هەستپێکراوە و ئەوان لە وەهمێکی واقیعی و ڕاستیدا دەژین.

**لوکا**

**( هەڵدەستێ، یان لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت. پەڕەی کتێبێک هەڵدەداتەوە کە بوونی نییە، بە شتگەلێک پێدەکەنێ کە لەوێ بوونیان نییە )**

**کول**

خۆشە؟

لوکا؟

ئا.

کول

پێت خۆشە؟

لوکا

ئا، نازانم خۆشە، نایابە.

کول

ئا، کەواتە باشە، باسی چی دەکات؟

لوکا

نازانم، هەر ئێستا دەستم پێکرد. کەمێک دەیپەڕێنم.

کول

ئاگام لێیە. خۆ لەم رۆژانەدا ئەو کتێبەت خوێندەوە. ئەوە هەمان کتێبە کە لەو ڕۆژانەدا بۆی دانیشتیت و خوێندتەوە.

لوکا

نا، ئەو کتێبە نییە.

( دەست دەداتە کتێبێکی تر کە نییە )

ئەمەیان بوو.

کول

ئێ ئێ.

( وچانێکی کورت )

پێموایە وەک یەک وان. پێموایە یەک کتێبن.

لەو پانتاییە چۆڵ و بەتاڵەدا وشەکان دەنگ ئەدەنەوە، دەزرنگێنەوە و زایەڵەیەکی نابەجێ و ترسناک دروست دەکەن، بەڵام پیەسەکە باسی هیچ ناکات، هیچ شتێک نییە کە ناوەڕۆکێکی هەبێت، باسی شتێک بکات. دیالۆژی نێوان کارەکتەرەکان بوونی هەیە، دیالۆژێکی زۆر و بێ کۆتا کە هیچ نالێت و لەهەمانکاتدا هەموو شتێک دەڵێن و هەموو ماناکانیش لەخۆدەگرن، لەیەک کاتدا ڕوون و ئاشکرایە و زۆر گران و تەمومژاوی و نادیاریشە.

کول و کییر بەشێوەیەک لە شێوەکان فلادیمێر و ئەستراگۆنن و ئەم دوانە بوونیان تەنها لەلایەن خۆیانەوە دووپاتدەکرێتەوە، ئەم کەسایەتیانە ئارەزووی گەڕانەوەیان هەیە بۆ ناو سۆزی دایک، شوێنێکی تەڕ و تاریک. ناوەکانیشیان: کول، کییر و لوکا پێدەچێت بەکارهێنانەوەیەکی تری ناوی قوتابییەکانی مەسیح بێت.

لەم جیهانە ئەبسوردەدا، لەم شوێنە ناشوێن و ڕۆچوونی ڕووداوانەدا، ڕۆحێکی کۆمیدیا، کۆمیدیایەکی ڕەش بەنێو هێڵی ڕووداوەکاندا دەڕوات، بار و هەڵوێستە تراژیدیاکان فراوان دەکات و مەودایەکی قووڵتریان پێدەبەخشێت. لەهەمانکاتدا مۆرکێکی شیعرئامێز لەخۆدەگرێت و بونیادی پیەسەکە نزیک دەکاتەوە لە شیعر و هەناسەیەکی لیریکی لەخۆدەگرێت. بەکورتی دەتوانین پێناسەی (پەرجوو) بەم شێوەیە بکەین: ئەو مرۆڤانەی کە بەتەواوەتی کۆنترۆڵیان لەدەستداوە و بەشێوەیەکی نائارام لە بازنەیەکی نادیار و ناکۆتادا دەخولێنەوە. ئێمەی مرۆڤ چاوەڕوانی چین، مەرگ یاخود فریاگوزاری، پێغەمبەرێکی تر یان موجیزەیەکی چاوەڕواننەکراو، ئەوەی پێویستە ئاماژەشی بۆ بکرێت ئەوەیە کە مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامدایە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، مەرگیش بۆ خۆی چاوەڕوانییەکی ئەبەدی مرۆڤە.

## • پەرجوو _ وەک ناونیشان

(پەرجوو) گەمەیەکی هەمەلایەنە بە زمان و بە سوێدی دەکرێت چەندین مانای جیاواز لەخۆبگرێت: (پەرجوو) لەیەککاتدا ئاماژەیەکە بۆ شتێک کە زۆر لە خوارەوەیە، یان بە پێچەوانەوە، هەر زۆر لە سەرەوەیە، خوارەوەی کۆمەڵگا و

چینە بەپەراوێزکراوەکان یان موجیزەیەکی خواوەندی. مانای وشەکە لە روکاری دەرەوەی دەکرێت بە ( چی لە ژیانماندا، لە زەمەنێکی دیاریکراودا ڕووئەدات و چ شتێک لە ژێرەوەیە ) ئاماژەی بۆ بکرێت.

لاش نۆرێن هەر لە ڕوانگەی ئەم ناونیشانە مەجازییەوە، لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی توندوتیژ و بە بێ هەست و سۆز و بە شێوازێکی کۆمیدی، لایەنە تاریکەکانی، پر لە کارەساتەکانی، هەروەها ئەبسوردەکانی پشتەوەی کۆمەڵگامان پیشان ئەدات. (پەرجوو) وەک موجیزەش ئاماژە و ڕەنگێکی ئاشکرای ئایین بەخۆوە دەگرێت و سێبەری خودایەک بەردەوام لە ناواخنی ڕووداو، پشتەوەی کارەکتەرەکان، وشە و دیالۆژەکاندا بوونی هەیە.

کول و کییر و لوکا لە چاوەڕوانی هەموو شتێکدان: چاوەڕوانی ژیان، مەرگ ، قووتاربوون و مەسیحێکی نوێ. لەوانەیە چاوەڕوانی هیچیش نەکەن و تەنها لەوێدان، یان لەوێشدا نین و بوونیان نییە، بێ ناو، بێ پێناس، بێ لانە، مردوو و لەهەمانکاتدا زیندووش. کەسایەتییەکان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگادان، یان چاوەڕوانی موجیزەیەکی خواوەندین، دەشکرێت بڵێین هەردووکیان، نغرۆبوون و موجیزەش.

## • من_ ی تاک و زەمەنی شانۆنامەکە

منەکان _ لە ژیان و لە کۆمەڵگادا هەوڵی ئەوە ئەدەن کەموکوڕییەکانی بوون و پەیوەندییەکانیان بەوانیترەوە، بە کەسی دووەمەوە بشارنەوە، بەڵام لە پەرجوودا کارەکتەرەکان هیچ ناشارنەوە و هیچ شتێک نهێنی و شاراوە نییە. لەبەرئەوە کول، کییر و لوکا زۆر نزیک دەبنەوە، دەمامک و ڕووپۆشەکان، بەربەست و مەرزەکان دەڕوخێن و شتێک بەرجەستە دەکەن کە بۆ مرۆڤ نییە، قەدەغەیە ئەو ڕەوشانە دەرخات: واتە لەدەستدانی کۆنترۆڵ. کەی ئەو کۆنترۆڵەشمان لەدەستدا، ئیدی دەکەوینە ژێرەوە، دەکەوینە ناو کەلاوە و پشت دیوارە بەرزەکانی کۆمەڵگاوە. کارەکتەرەکان هەرچەندە زۆر شێواو و نادیارن، بەڵام هۆشیارن، لە هەموو شتێک دەگەن، هەموو شتێکیان بینیوە و بە هەموو شتێکدا تێپەڕیون. ئەوان بە چەشنی مەسیح گوناهەکانی ئێمەیان هەڵگرتووە، ئەو سنوورە توندوتیژەی لەنێوان ژیانی دەرەوە، سەرەوە و خوارەوەدا هەیە، لای کارەکتەرەکانی (پەرجوو) بوونی نییە.

سێ پیاو، سێ قوربانی، سێ جەللاد. منێک کە خەریکە ئەبێت بە تۆ، بەڵام دوودڵە، لەبری ئەوە منەکان دەبنە چەندین منی تر، دەبنە ئەو و پرسیارەکانیان:" تۆ کێیت، من لە کوێم، پێڵاوەکانم لە کوێن، شەو زیاتر تاریک بووە " دیمەنەکان لە خودی پرسیاری من_ ەکانەوە، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کۆمەڵگا و ستروکتورە چینایەتی و ئاستە دەروونییە جیاوازەکان. منەکانی تریش کە لە دەرەوەی ئەو بازنە و سنوورە دیاریکراوانەوە دەجوڵێنەوە، ناتوانن گوناهەکان، یاسا دڕندەکان، جیاوازییەکان و دیوی ناوەوەی شتەکان ببینن، یان نازانن کە کێ کۆمەڵگاکانمانی دروست کردووە، هەر لەبەرئەوەشە کە ناتوانین پەنجە بۆ تاوانبارەکان ڕابکێشین، لەبری ئەوە ئێمە هەموومان تاوانبارین و دەشبێت هەمووومان پێکەوە بەرپرسیار بین بەرامبەر ئەوانی تر، ئەوانەی لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەدا ئاماژەیان بۆ دەکات. لەناو شانەکانی دیمەن و ڕووداوەکاندا منی تاک لە ترۆپکی جووڵە و بزاقی وشە و ڕستە تەواونەکراوەکانیاندایە، کارەکتەرەکان لە هەوڵێکی ئەزەلی و بەردەوامی ئەوەدان کە ببینرێن، دووپاتی بوونیان دەکەنەوە و گیرۆدەی ئەوەن کە بوونیان خاوەنی کردارێکە، هەڵوێستە و ڕەوشێکە. لەم دووڕێیانەدا، کارەکتەرەکان لە مەرزەکانی گەمەخەون و لێبوکێکی غەمگیندا دەسوڕێنەوە، لە دەرگاکانی شانۆی ئەبسورد ئەدەن و شوێنپێی ساموێیل بێکێت هەڵدەگرن. دیمەنەکان لە نێوان گەمەخەون، فۆرمێکی لێبوک ئاسا و شانۆیەکی دەربڕیندا یەک دەگرنەوە و لە وێنەیەکی تەومژاویدا ڕۆدەچن.

بە چەشنی کۆتایی گەمە لە پەنجەرەیەکی بەرزەوە، دەڕواننە گەردوونێکی فراوان و لاش نۆرێن یش جوڵە و بزاقی کەسایەتییەکان لە هونەری پەیکەرتاشی نزیک دەکاتەوە و وێنەیەکی زبر و ڕەق دەکاتە پەیکەرێکی بزۆز، زنجیرە دیمەنێکی کورت، یەک بەدوای یەکدا، هەندێکیان بریتیین لە چاوتروکانێک، جووڵەیەکی خێرا، ڕووناکی، تاریکی یان ڕەوشێکی بروسکەئاسا، وێنەی گوزارشتئامێز دروست دەکات و لەهەمانکاتدا دەیان ڕووخێنێت.

## • ئایین و سێبەری مەسیح

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە چەندین مۆتیفی ئایینی لەخۆدەگرێت، هێڵی تێکستەکان و گەمەی زمان دەمانباتەوە بۆ ناو کێشە و مەسەلە ئایینییەکان، مەسیح و هەندێ لە

دێڕەکانی ئینجیل تێکەڵاوی وڕێنە و ڕەوشێکی کۆمیدی دەبن. پەرجوو لە خاڵی سفرەوە دەست پێدەکات و مەسیح ئازاری کارەکتەرەکان هەڵدەگرێت و پرسیارەکانی من کێم؟ من چیم؟ بۆچی من؟ لە چەمکەکانی ئایینەوە، لە سەودایەکی نهێنییەوە، لە گەمەیەکی کۆمیدییەوە ئازارەکانی مەسیح دەبەستێتەوە بە ئازارەکانی کییر، لوکا و کول ەوە. لەم گێژاوەدا کارەکتەرەکان گەمەی لەخاچدانی مەسیح دەکەن و پەنا دەبەنە بەر وەهم و سمبوڵەکان.

**کول**

**ئا ... کە وایە ئەوە لەگەڵ ئەودا بکە.**

**کییر**

**کێ؟**

**کول**

**ئا، ئەو ... لەگەڵ مەسیحدا.**

**کییر**

**مەسیح، ئا .... نەء .... گەر من .... من دەبێ .... گەر من .... گەر من .... ئەوێی ماچکەم ... ئەوێی ماچکەم ... دەمی ... ماچکەم.**

**کول**

**دەمی ئەو؟**

**کییر**

**دەمی. دەمی ئەو ... لەو سەرەوە ...**

**كول**

**لەو سەرەوە**

**كيير**

**( وچان )**

**ئەو لە خوارەوەیە.**

**كول**

**منيش لەوێم .. لە خوارەوەم.**

**كيير**

**ئەوان ئەويان داگرتۆتە خوارەوە.**

**كول**

**هەميشە لە خوارەوەیە. لێرە لە خوارەوە. خوارووترين لە دەمارەكانا.**

**شانۆنامەی ( پەرجوو ) ديمەنی ٢١**

كارەكتەرەكان بەردەوام دەربارەی ژيان، مەرگ، بوون، ئايين قسە دەكەن، هەروەك ئەوەی كە ئەو سی كەسە دوا مرۆڤەكانی سەر گۆی زەوی بن، لە كۆتاييشدا بەرجەستەی وێنە بەناوبانگەكەی دافنشی، دوايين شێو دەكەن و كاميان يەهوزايە، يان كاميان بۆ رۆڵی يەهوزا هەڵدەبژێردرێت. يەهوزا ئەو كەسە بوو كە خيانەتی لە مەسيح كرد و بەهۆی ئەو خيانەتەشەوە لاخاچ درا.

**كيير**

**ئێستا سەيريانكە هەموو ئەوانەی ئەوێ، ئێستا پێمبڵێ پێتوايە كێيو؟ كێ؟**

**كول**

بەڵێ؟

کییر

بەڵێ؟

کول

چیی؟ ئەوە باسی چیی دەکەیت؟

کییر

باسی هیچ ناکەم! ئەوە کێیە؟

کول

کێ؟

کییر

یەهوزا کێیە؟

کول

یەهوزا؟ خۆ تۆ باسی مەسیحت دەکرد.

کییر

ئا بەڵام من باسی یەهوزام دەکرد؟ کامیان لەوانەی ئەوێ ئەوە؟

کول

نازانم.

شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی ٢١

## • زەمەن و زمانی (پەرجوو)

فۆرم و شێوازی نووسین لەم شانۆنامەیەدا زۆر گرنگە، دیمەنی کورت لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا، ئەوەی ئێستا دانیشتبوو، پاش قەیرێکی تر و لەچاوتروکانێکی تردا بەپێوە، بە دیوارەکەوە نووساوە، ئەوەی نوستبوو، ئێستا جووتێک پێڵاو تاقیدەکاتەوە، ئەوەی تریشیان، هەر وەک مردوو کەوتووە. ئاماژە و دەنگ و هەندێ جار لە تاریکییەوە ڕستە پچڕاوەکان و چۆنێتی جوڵانەوەی جەستەی کەسایەتییەکان، دەنگدانەوەیەکی فەلسەفی هەیە، کارەکتەرەکان لەو بێزمانییەدا، بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕێن بۆ پەیوەندی، بۆ دیالۆگ و بۆ دووپاتکردنەوەی پێداگرتن لە بوونی خۆیان.

زۆرجار زمان دوورە لە هەموو لۆژیکەکانی بەکەرهێنانەوە، دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامە، ڕستەی کورت و پچڕ، یان وێنەیەکی مەجازییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی سەیر نزیک بۆتەوە لە زمانی ژیانی ڕۆژانە و منی تەنیا. لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەدا نزیک بۆتەوە لە زمانی بەدمەست و بەنگ کێشەکان و ئەو زمانە تایبەتییەی ئەوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکارهێناوە. دیالۆگەکان لە هەڵوێستە و باری جیاوازدا، چەندین مانای جیاواز لەخۆدەگرن، بەدوای پێناس و ناوی خۆیان و هەڵوێستە و ڕوشی خۆیاندا دەگەڕێن، بەبێ ئەوەی هەست بە ماناکانی بوونی خۆیان بکەن. دیالۆگەکان تەنها وشەی کورت و ڕستەی پچڕ و تەواونەکراو نییە، بەڵکو وەستان و پچڕانی هەست و بیرکردنەوە و هۆشە، کارەکتەرەکان لەنێو وچانەکاندا گیردەخۆن، ون دەبن و لەم حاڵەتەشدا زمان فۆرمێکی تر و جیاواز لەخۆدەگرێت و هەندێ جار دیمەنەکە بە تەواوەتی لە تاریکیدا ون دەبێت.

**کول**

**هەمدیس دەستمان پێکردەوە.**

**کییر**

**چیی؟**

( ڕووناکیی )

**کول**

بەمە.

**کییر**

بە کامە؟

( تاریکیی )

( وچان )

دەستمان بە چی کردەوە؟

**کول**

بەمە ....

( ڕووناکیی )

بەمەی کە کۆتایی هات ...

**کییر**

نازانم.

( تاریکیی )

**کول**

لەبارەی چییەوە پرسیار دەکەیت؟

**کییر**

ئا، خۆت وات گوت.

**کول**

تاریکە یان ڕووناک؟

**کییر**

ڕووناک؟

**کول**

بەڕاست ڕووناکە؟

**کییر**

**من باش نیم، ناتوانم دانیشم ... شتێک لە کۆممدایە.**

**کول**

**خواحافیز.**

**( ڕووناکیی )**

**( تاریکیی )**

**کول**

**خواحافیز ...**

**( ڕووناکی )**

**من چاو لێکدەنێم.**

**شانۆنامەی (پەرجوو ) دیمەنی ١٨ A**

هەندێکجار بریسکەی کورتخایەن لە یادەوەری کەسایەتییەکاندا زیندوو ئەبێتەوە، وایان لێدەکات کە وا بزانن شتێک دەزانن، بەڵام هەر زوو ئەو بریسکەیادە ون دەبێتەوە و دیالۆگەکان زۆر خێرا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و خەندەیەکی ئەبسورد لەخۆدەگرێت. تەقەلای ئەم کارەکتەرانە بۆ ئەوەیە مانایەک بۆ ژیان و بۆ بوونیان بدۆزنەوە، لە ڕەوش و هەڵوێستەیەکی کۆمیدیدا دەسوڕێنەوە، هەریەکەیان زمانی تایبەتمەندی خۆی و لۆژیکی خۆی هەیە، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا حاڵەتێکی ئەبسورد دەخولقێنن. وێنەکان دێن و دەچن: وێنەی زمانەوانی، وێنەی وەستاو، وێنەی بێدەنگ و وێنەی بزواو، دیمەن دوای دیمەن، هەندێکیان تەنها چرکەیەکە، هەندێکیان پانتۆمایم و بەبی وشەیە، تەنها وێنەیەکی کۆریۆگرافی، ڕووناکی، تاریکی، ڕووناکی و کات تێدەپەڕێت، پرسیارەکان بەبێ وەڵام دەمێننەوە، ڕستەکان تێکدەشکێنرێن و دەبنە وێنە و میتافۆر، زەمەن وەک شێرپەنجە و ئایدز وایە، چۆن بێت و چۆن دەبێت، هەر دەڕوات.

**کول**

**شێرپەنجە ئێستا تەواو شتێکی ئاساییە ... هەمو شتێک شێرپەنجەیە ... هەموو شار بریتییە ... زەمەن خۆی شێرپەنجەی خۆی هەیە.**

**کییر**

**ئا.**

**کول**

**زەمەن خۆی شێرپەنجەی هەیە.**

**کییر**

**یان ئایدز.**

**کول**

**ئەوەش هەر شێرپەنجەیە. ئەوە شێرپەنجەیە کاتێک ... کاتێک ئایدزە.**

**کییر**

**بەڕاست؟**

**کول**

**( شتێک لە دەمیدا دەردەکێشێت، تەڵە قژێکی درێژ )**

**ئایدز یان شێرپەنجە ... ئەوە چییە! نەفرەت ... چی دەکەیت!**

**کییر**

**نازانم ... نازانم ئەوە چییە ...**

**شانۆنامەی (پەرجوو ) دیمەنی** B ٢٠

(پەرجوو) وێنەیەکی شیعرییە و گوزارشت لەو زەمەنە دەکات کە تووشی شێرپەنجە بووە، لێرەدا کورد و ئۆدیب یەکدەگرنەوە. ئۆدیبۆس دەبێتە سیمبوڵی لەدەستدانی کۆنترۆڵ، کوردیش بێدەرەتانی. پەرجوو وەک ئەوە وایە کە خەوشێک،

هەڵوێستێک یان خەونێک بێت لەنێوان دیمەنەکاندا و بە ئاشکرا لە دەرەوەی هەموو زەمەن و شێوازە تەباکان، ناتورالیزم و ڕیالیزمەوەیە.

پارچە پارچەیی و بێ لانەیی کورد لەگەڵ بێ لانەیی کارەکتەرەکان یەکدەگرێتەوە و کوردیش دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو دۆزەخە. لوکا زۆر کەم ئەدوێت، ئاماژەی مردووی بۆ دەکەن و لەو بێدەنگییەدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدوای گەوهەری ڕاستییەکاندا دەگەڕێت و نووسەریش هەندێ لە دیالۆگە گرنگەکانی بە لوکا بەخشیوە. لوکا لە زەمەنێکی جیاوازتر، بە بەراورد لەگەڵ کول و کییر دەژی، زمانێکی جیاوازتریشی هەیە و لەو پشێوییەدا زۆر بە ووردی شتەکانی دێنەوە یاد، باسی کورد دەکات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ دۆخە نادیارەکەی خۆی.

**لوکا**

**.... خەڵکی کوێیت؟ گوتی کوردستان. ئێ ئێ کوردستان ئا. پاشان گوتی ئێران. من گوتم: ئێران؟ پێموابوو گوتت کوردستان. ئا، باکووری کوردستان لە ئێران. دەکەوێتە ئێرانەوە. لێمپرسی: ئەدی وەزع لەوێ چۆنە. پاشان کەوتە باسکردنی ئەوەی کە لەوێ ڕوودەدا. هەڵبەت لەوێ زۆر شت ڕوویدابوو. ئەو گوتی کە سێ هاوڕێی لە قوتابخانەدا هەبوون، ئێستا لەو سێیە تەنها پێنجیان لە ژیاندا ماون. سیانیان لە ئێران لە زینداندان، ئەوانە حەڤدە ساڵە لە زینداندان، دوانیشیان لە ئەڵمانیان و ئەمیش لێرەیە. ئەو حاڵی حازر لێرەیە، بەڵام دەیەوێت بۆ جێگایەک بچێت.**

## شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی ٦ B

مەسەلەکانی پێناس و نەبوونی پێناس دەبێتە شتێکی گەوهەری و گرنگ و کارەکتەرەکان پێناسی خۆیان لەدەستداوە، کوردیش لەم بوارەدا بێ پێناسە، یان دوژمنەکانی لە هەوڵی ئەوەدان کە هەموو پێناسەکانی لێ زەوت بکەن. زمانیش لە خودی زەمەندا ئامرازەکانی لەدەست ئەدات، لەبری ئەوە دەبێتە، یان تەقەلای ئەوە دەدات کە ببێتە زمانێکی بەرهەڵستکار، بەڵام ئامرازەکانی هەموو جۆرە پەیوەندییەکان لێکدەترازێن.

## • له چاوەڕوانی پەرجوودا

له دەسپێکی ئەم باسەدا، ئاماژەمان بەوە کردووە کە لاش نۆرێن دوای گەشتێکی دوور و درێژی چل ساڵیی، لە ریالیزم و ڕیالیزمی دەروونییەوە بۆ شانۆیەکی ئێگزیستێنتیالیزم و مەسەلەکانی بوون و مەرگەوە، خۆی لە کەنارەکانی شانۆیەکی ئەبسورد، ئەبستراکت و ڕاستەوڕاست ساموێیل بێکێت دا دەبینێتەوە.

(پەرجوو) لە (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ)، (کۆتایی گەمە) و (ڕۆژێکی بەختیار) ەوە هێز و ووزەکانی خۆی وەردەگرێت، بەڵام بە دەنگ و ڕەنگ و بوون و ئەتمۆسفێری تایبەتمەندی خۆیەوە. کول، کییر و لوکا وەک کارەکتەرەکانی بێکێت لە تەنیاییەکی هەتاهەتاییدا دەسوڕێنەوە، لە زەمەنێکدا دەژین بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت، زەمەنێک کە تووشی شێرپەنجە بووە ( زەمەن ناتوانێ خێرا بڕوا، لەبەرئەوەی زەمەنیش شتێکی ئەبستراکتە ) و زەمەن هەرگیز تەواو نابێت.

ئێستراگۆن و فلادیمیر لە (پەرجوو) داو دوای سەدەیەک لە چاوەڕوانی، لە تەنیایی و لە بێ لانەیی، بەبێ ئامانج و بەبێ هیوا لە سەرەنوێلکێکدا، لە سەرەڕێگایەکدا یان لە شوێنێکی نادیاردا سەرلەنوێ یەکتر دەبیننەوە. ئێستراگۆن و فلادیمێر لەلای بێکێت ئامانجێکیان هەبوو، لە چاوەڕوانیدا بوون، ئەوان چاوەڕوانی گۆدۆیان دەکرد، گۆدۆ هەرچییەک بێت، هەبێت یان نەبێت، بێت یان نەیەت، ئەوە پرسیارێکی ترە. بەڵام کارەکتەرەکانی پەرجوو ئەوەشیان نییە، ئەوان بەدوای شتێکدا لە زمان و ئاماژەکاندا دەگەڕێن، بەدوای شتێکدا دەگەڕێن نە ئەزانن چییە و نە ئەشیدۆزنەوە، هەندێک جار بە تەواوەتی لەیەکتر حاڵی نابن و بەردەوام بەسەر سەری یەکترەوە، بەبێ بوار، بەبێ وچان قسە دەکەن. گەمەی لەخاچدانی مەسیحیش تەنها سمبولێکە بۆ ئازارەکانی ئەوان، ئێمە و کۆمەڵگا، کۆمەڵگا لە ڕێگای ئەوەوەی کە ببینە ئەوانی تر. سێبەرەکانمان. لەم شوێنە نادیارەدا ئێمە هەموو لە چاوەڕوانی پەرجوویەکداین، لەچاوەڕوانی سەرفرازی و قووتاربووندایین.

ئەوانەشی کە لەم شانۆنامەیەدا دەمانهێننە پێکەنین و پێیان پێدەکەنین، ئەوانەن کە نامانەوێت لە ژیاندا، لە واقیعدا بیانبینین و پەیوەندیمان پێیانەوە هەبێت. ئەم شانۆنامەیە چەندین خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئەم هەوڵەش تەنها

خوێندنەوەیەکە و دەکرێت لە گۆشەنیگای جیاوازترەوە بخوێنرێتەوە. (پەرجوو) خەونێکی کراوەیە و دەکرێت بە زۆر شێوە ببینرێت.

## پەراوێز

- **سەفەری رۆژێکی درێژ بەرەو شەو، یەکێکە لە دوا بەرهەمە ڕیالیزمییەکانی یۆژین ئۆنێل و لەسەر بیوگرافیای ژیانی خۆی، لەساڵی ١٩٤٦ دا نوسیوویەتی. لاش نۆرێن لە دەروازەکانی ئەم شانۆنامەیەوە، هەر دوو شانۆنامە بەناوبانگەکەی خۆی: شەو دایکی رۆژە و پشێویی دراوسێی خوایە، نووسیون.**

# شانۆنامەی " کەسێك هەر دێ "
# یۆن فۆسە و
# شانۆی مۆدێرنی ئەوروپی

یۆن فۆسە لە ساڵی ١٩٩٤ دا، لەسەر شانۆی نەتەوایەتی بێرگن و بۆ یەکەمجار بە شانۆنامەی ( وە هەرگیز ئێمە لەیەکتر جیانابینەوە ) دەردەکەوێت. ئەم دەرکەوتنە سەرەتای تەرزێکی تازە و مۆرکێکی تایبەتمەند دەبێت لە شانۆی نەرویژی و دواتریش لە تێکڕای شانۆی ئەوروپی و بەشێکی زۆری بزوتنەوەی شانۆی جیهانی. ئەم گەنجە نەرویژییە زەمینەیەکی لەبار و فراوان دەبەخشێتە شانۆی جیهانی، نەوەیەکی نوێی ڕێژیسۆرە ئەوروپاییەکانیش، لە شانۆنامەکانی یۆن فۆسەدا ڕێگایەکی تر، فۆرمێکی جیاواز، ستایلێکی تری هونەری نواندن و شێوازێکی تری کارکردنیان دۆزیوەتەوە، لەهەمانکاتدا یۆن فۆسە بە شانۆنامەکانی دەتوانێت ئامادەگی خۆی لە پرۆسێسی گۆڕانکاری و نوێکردنەوە و بەرەوپێشەوەبردنی دراما و شانۆی مۆدێرنی ئەوروپیدا بسەپێنێت.

یۆن فۆسە لەم جیهانە نوێیەدا هەناسەیەکی بێکێتیی، چارەنووسی ئادەمیزاد و پرسیارەکانی تری بوون و نەبوون، چەمکەکانی مەرگ و ژیان و دوودڵیی، دەبێتە هاوکێشەی شێوازێکی نوێی شانۆیی.

یۆن فۆسە لە باکوری ئەوروپاوە، لە وڵاتی نەرویژی ئەسکەندەنافیاوە، برەو بە پەیامە شانۆییەکەی هێنریک ئیبسن دەدات. ئەم شانۆنامەنووسە دیاردەیەکی زۆر جیاوازە لە شانۆی ئەوروپیدا، هەرچەندە بە درێژکراوەیەکی لۆژیکی هینریک ئیبسن ناوزەدکراوە، بەڵام هیچ سیمایەکی ئیبسنی پێوە دیارنییە، یۆن فۆسە لەیەک

کاتدا مۆدێرنە و ناشکەوێتە خانەی هیچ زەمەن و کاتێکەوە، بەڵکو ئەم نووسەرە خاوەنی زەمەنی خۆیەتی و زیاتر لەگەڵ مۆریس مایترلینگ بەراوردی دەکەن.
لەم قۆناخەدا بە لێشاو شانۆنامەکانی یۆن فۆسە لەسەر زوربەی شانۆی وڵاتانی ئەوروپا پێشکەش دەکرێن، ئەڵمانیا وەک مەڵبەندێکی هەمیشەیی و گرنگی شانۆی ئەوروپی، بەر لە وڵاتانی تری ئەوروپا، درک بە گرنگی ئەو هەناسە نوێیە، ئەو تەکنیکە جیاواز و دیدە شانۆییەی یۆن فۆسە دەکەن. شانۆ گرنگەکانی بەرلین، بۆن، هانۆڤەر، هامبۆرگ، فرانکفۆرت و زوربەی شارە گەورەکانی تری ئەڵمانیا، بە پەرۆشەوە یەک لەدوای یەک شانۆنامەکانی یۆن فۆسە نەمایش دەکەن.

# • یۆن فۆسە کێیە؟

یۆن فۆسە بەرلەوەی شانۆنامەنووس بێت شاعیرە و کۆمەڵێک رۆمانی گرنگیشی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام شانۆ ناوبانگە جیهانییەکەی بۆ بەدەست دەهێنێت. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٥٩ دا لە شاری هێگستوند لە وڵاتی نەرویژ لەدایکبووە. سەرەتای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٢: شیعر، لیریک، ڕۆمان، کورتە چیرۆک، ووتار، ئەدەبی منداڵان و شانۆنامەی نووسیوە. یۆن فۆسە دادەنرێت بە یەکێک لە گرنگترین دەنگەکانی ئەمرۆی ئەدەبی هاوچەرخ و مۆدێرنی نەرویژی. تا ئێستا زیاتر لە چل بەرهەمی جۆراوجۆری بڵاوکراوەتەوە و بەرهەمەکانیشی، بەتایبەتی شانۆنامە، وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە سی زمانی جیهانی. ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە دامودەزگا کولتووری و هونەرییەکانی نەرویژ گرنگییەکی زۆر بەم نووسەرە ئەدەن، بەرهەمەکانی لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بڵاودەکەنەوە، دەستگیرۆیی دەزگا بیانییەکان دەکەن لەوەرگێڕانی بەرهەمەکانیدا، سیمینار و زنجیرەی لێکۆڵینەوەی بۆ ساز دەکەن و هانی لێکۆڵەرەوە پسپۆڕەکان ئەدەن کە بەرهەمەکانی شیبکەنەوە. هەروەها ئەم نووسەرە چەندین پاداشتی ئەدەبی و هونەری گرنگی وەرگرتووە، لەوانە پاداشتی ئیبسن، پاداشتی شانۆنووسانی باکوری ئەوروپا، پاداشتی کولتووری سکەندەنافیا .... هتد.

## • گومان لە شانۆ .... بڕوا بە شانۆ

یۆن فۆسە گومانێکی گەورەی لەتوانای شانۆ هەبووە و شانۆ هەرگیز ئەو هێزە نەبووە کە بتوانێت گوزارشت لە شتەکان بکات، ئامرازەکانی شانۆش بێ توانا و قێزەوەن بوون. یەکەم وێستگە و سەرەتاکانی نووسینیش لە دەروازەکانی شیعر و لیریکەوە دەستپێدەکات: شیعر، گەمەی وشە و بنیاتنانی خەون و خانووبەرە گەورەکانی فانتازیاکانمان لە وێنە شیعرییەکانەوە، لە وزە و ئەفسونی وشەوە دەستپێدەکات. یۆن فۆسە دواتر لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەڵێت:( من شانۆنامەنووسم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە بەهیچ شێوەیەک حەز و ئاواتی من نەبووە. بە پێچەوانەوە، من حەزم لە شانۆ نەبووە و لەچەند بۆنەیەکیشدا، بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنەکاندا، دووپاتی ئەوەم کردۆتەوە کە من ڕقم لەشانۆ دەبێتەوە، بەتایبەتیش شانۆی نەرویژی.)

شانۆ لەلای ئەم نووسەرە بریتی بووە لە کردەیەکی بێهودە و حەزێکی بێهیوا، شانۆ نەیتوانیوە بۆشاییەکانی دەروون و دیدی ئەم نووسەرە پڕبکاتەوە و هەمیشە زۆر بە بڕواوە پشتی کردۆتە هونەری شانۆ. ئەوەی جێگای سەرنج و ڕامانیشە ئەوەیە کە هونەری نواندن لەلای یۆن فۆسە هونەرێک بووە کە جێگای هیچ بڕوایەک نەبووە، هونەری نواندن زیاتر وەک کردەیەکی لاسایی ئامێز و پاشکۆیەکی کۆیلە تەماشاکراوە، ئەکتەر شایانی ئەو بڕوایە نەبووە تا بتوانێت لەسەر شانۆ، کە لە بنەڕەتدا هونەرێکی ناهەموارە، ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت. بەم شێوەیە هونەری شانۆ و نواندن هیچ بەها و سەربەخۆییەکی تایبەتی لەلای یۆن فۆسە نەبووە و ئەم تێڕوانین و بۆچوونەش شتێکی دەگمەن نییە لە مێژووی ئەدەب و شانۆی جیهانیدا. ئەفلاتون یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە لە سەرەتاکانی شارستانییەتی گریک و شانۆی ئەوروپییەوە، بە چاوی گومان و دیدێکی ناهەموارەوە ئاماژەی بۆ شانۆ و هونەری نواندن کردووە. بەڵام ئەم تێڕوانینە دژوارە، ئەم بۆچوونە هەڵە و گومانە گەورەیە، هێدی هێدی دەڕەوێتەوە و دواتریش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا دێت. شانۆ دەبێتە گرنگترین پرۆژەکانی یۆن فۆسە و لەم بوارەدا داهێنانی گەورە بەدیدەهێنێت.

یۆن فۆسە سەبارەت بە ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی لەبواری شانۆدا دەڵێت:( هەمیشە هەوڵمداوە بە نووسینەکانم بژێوی ژیانم دابینبکەم، بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکاندا هیچ دارایییەکی ئەوتۆم نەبوو پێی بژیم، لەم کاتەدا داوام لێکرا بە چەند هەزار کرۆنێک هەندێ تێکستی کورت بۆ شانۆیەک بنووسم. ئەمەش یەکەمجارم بوو دیالۆژیک بۆ دوو ئەکتەر بنووسم. ئەم ئەزموونە تەنانەت بۆ خۆشم بووە جێگای سەرسوڕمان و جیهانێکی تری بۆ من وەک نووسەرێک کردەوە، لەم ڕێگایەشەوە توانیم ڕووبەڕووی ئەو شتانە ببمەوە کە لەوەوبەر بەدوایاندا دەگەڕام.)

ئەو چەند کورتە دیمەنە و کاری ئەکتەر و بەرجەستەکردنی وشەکانی، بڕوایەکی تەواو لەلای ئەم نووسەرە دروست دەکات، لە ڕیژیسۆر و ئەکتەرەکان نزیک دەبێتەوە. سەرلەنوێ چەند تێکستێکی تر دەنووسێت و هەر زوو وشەکانی، دیمەن و کەسایەتییەکانی دەبنە کارەکتەر و کەسانی زیندوو لەسەر شانۆکان. ئەم بارە چاوەڕواننەکراوە، ئەم هەڵوێستە نوێیە و ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە بڕوایەکی پتەو و تەواوەتی لەلای یۆن فۆسە دەخولقێنێت.

شانۆی نەرویژیش لەسەر هەموو ئاستەکان هەست بە گرنگی ئەم تەقەلایە دەکەن و بەپیر ئەم ئەزموونە نوێیەوە دەچن، پشتگیری لێدەکەن، هانی ئەدەن و شانۆنامەکانی پێشکەش دەکەن. داوی ئەوە خێرا، ئەو هەنگاوە پەرە دەسێنێت و پیەسەکانی یۆن فۆسە لە دەرەوەی سنووری وڵاتی نەرویژ پێشکەش دەکرێت. هەوڵێکی بەرایی دەبێتە وێستگەیەکی گرنگی دامەزراندن، دامەزراندنی شێوازێکی نوێ، تەکنیکێکی جیاواز و سەرەتایەکی تر بۆ شانۆیەکی هاوچەرخی ئەورووپی.

یۆن فۆسە لە شانۆنامەکانی سەرەتای دەستپێکردنیدا، گوزارشت لەو مرۆڤانە دەکات کە خەریکی هەڵهاتنن لە دنیای مرۆڤ و بە شێوەیەکی تایبەتی، لە خوێنەر و بینەرەکانی نزیک دەبێتەوە، ئەم بابەت و نزیکبوونەوەیەش ڕەواجێکی زۆر بۆ ئەو سەرەتایە دروست دەکات. کارەکتەرەکانی بە تەواوەتی کۆنترۆڵ لەدەست دەدەن، ئەو کۆنترۆڵەی کە هەمانە، مرۆڤ بە تەواوەتی وشەکانی لەبیر دەکات. یۆن فۆسە ئەو سەرەتایە، ئەو ئەزموونە و ئەو تەقەلایەی خۆی بە هەنگاوێکی گەورە دادەنێت، هەنگاوێک لە گومانەوە بۆ باوەڕ، باوەڕ بە پەیام و بوونی شانۆ، بە ووزەی ئەکتەر و بە جیهانێکی جیاوازی بەرجەستەکراو لەسەر شانۆ.

# • شانۆی یۆن فۆسە

مۆرکێکی تایبەتمەند، جۆرێک لە ڕاز و نهێنی مەودای شانۆنامەکانی یۆن فۆسە لەخۆدەگرێت، جۆرە بەلانسێک لەنێوان بۆشایی و ماناکاندا. باسکردن لە شانۆی یۆن فۆسە نزیکبوونەوە و باسکردنیشە لە پرسیارە گرنگەکانی بوون و نەبوون، ژیان و مەرگ، باسکردنە لە نزیکبوونەوەی جیهانێکی تر، جیهانێک لەپشت جیهانە بینراوە تەبا و ئاشکراکەی ژیانی ڕۆژانەمانەوە. لەم پێودانگە نهێنییەدا مانا و مەودایەکی کۆمەلایەتیش لەخۆدەگرێت، لەم بارودۆخەدا وێنەکانی کۆمەلگا زۆر بە لێلیی، لە دووتوێی تەنگژە و قەیرانەکاندا دەردەکەون: جیاوازییەکان لەنێوان شار و لادێ، یان شارە دوورەدەستەکان کە بەتەواوەتی چینە گەنج و نەوە تازە پێگەیشتووەکان ماڵ و شەقام و باخچەکانیان چۆڵ کردووە و بەرەو شارە گەورەکان کۆچیان کردووە، لەم شارە دوورەدەستانەدا پیرەکان بە تەنیا ماونەتەوە و هەمیشە لە چاوەڕوانی سەردانی نەوەکانیاندان، وون بوون، ئەو هەستەی کە لە هیچ جێگایەک هەست بە دڵنیایی و زێدی خۆت ناکەیت.

لەم کۆمەڵگا پۆست مۆدێرنانەدا، لەم جەنگە گلۆبالیزییەدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی چارەنووس دەبێتەوە و بەدوای خولقاندن و دروستکردنی پێناسی خۆیدا دەگەڕێت، مرۆڤ لە تەقەلایەکی گراندایە تا خۆی ناسنامەی خۆی دروست بکات.

کارەکتەرەکانی یۆن فۆسە لەم گێژاوەدا دەسوڕێنەوە، بیانەوێ یان نەیانەوێ بەدوای چارەنووسێکدا دەگەڕێن کە بۆیان نادۆزرێتەوە، ئەو گەردوونەی کە تیایدا وون بوون، ڕێگاکانی ڕزگاربوونیان بۆ نادۆزرێتەوە. هێڵی ڕووداو و چیرۆکی شانۆنامەکانی یۆن فۆسە دیاریکراوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەسەر مەرزەکانی نەبوونە، هەموو ڕووداوەکان لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە و دواجاریش دەگەڕێنەوە بۆ ئەو خاڵەی کە دەستی پێکردووە و دوورە لە بنەما تەقلیدی و کلاسیکییەکانی شانۆی ئەوروپی و ڕۆژئاواوە.

چەمکەکانی کات لەم جیهانەدا لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا تێکەڵاو دەبێت و یەکەیەکی تری فەلسەفی، هونەری و جیاوازمان بۆ دەخولقێنێت. بەشێوەیەکی بەردەوام ڕابردوو و ئایندە لەجێگاگۆڕکێدان، بەهەمان شێوە ناوەوە و دەرەوە،

هەندێ لە شانۆنامەکانی دە کارەکتەر لەخۆدەگرێت، بەڵام زوربەیان هەمان کەسن و لەکاتە جیاوازەکانی ژیانیاندا و لە زەمەن و شوێنی جیاوازدا دەردەکەونەوە. هەندێک جار کارەکتەرەکان لە زەمەنی ئێستای ڕووداوەکاندان، بە فەنتازیا دەگەڕینەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو و لەهەمانکاتدا هەموو شتێکیش کە لەوانەیە لە ئایندەدا ڕووبدات. ئەم پێکداچوونەی چەمکەکانی کاتیش بونیادی بەشێکی زۆری پیەسەکانی یۆن فۆسە پێکدەهێنێت، لەم مەرز و پانتاییانەدا مرۆڤ بەر لە هەموو شتێک ڕووبەڕووی خۆی، مەرگ و ژیان دەبێتەوە. مەرگ وەک داینامۆیەکی گرنگی بەگەڕخستنی ژیان، دەبێتە یەکەیەکی گرنگ و بە بەهای مێتۆدەکانی ئەم نووسەرە. ئاستە جیاواز و پێکداچووەکانی کاتیش بەرجەستەی بەشێکی گەورەی چەمکەکانی مەرگ و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ بەرجەستە دەکات. مرۆ دەژی، پیر دەبێت و دەمرێت. یەکێک لەدوا بەرهەمەکانی یۆن فۆسە گەڕانەوە و پێداگرتنێکی ڕاستەوخۆی چەمکەکانی مەرگە، شانۆنامەی (شێوازەکانی مەرگ) بە گەڕانی ژنێکی بەتەمەن بەدوای مێردەکەی پێشوویدا دەست پێدەکات. ئەم ئافرەتە دەیەوێت هەواڵی خۆکوشتنی کچە تاقانەکەیان بە مێردە کۆنەکەی ڕابگەیەنێت.

شانۆنامەکە باسی کچێک دەکات کە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، باسی دایک و باوکی ئەو کچە دەکات کە ناتوانن بڕوا بکەن کە کچەکەیان خۆی کوشتووە و بەیەکجاری ماڵئاوایی لێکردوون. کاتیش وەک هەموو شانۆنامەکانی تری ئەم نووسەرە، مەسەلەیەکی گرنگی بابەتی پیەسەکەیە، کچە مردووەکە خۆی هەڵدەقورتێنێتە ژیانی زیندووەکانەوە. هەروەها دایک و باوکە گەنجەکە، سەرەتای یەکترناسین و دەسپێکی ژیان، لەگەڵ دایک و باوکە بە تەمەنەکە، دوا وێستگەکانی ژیان، کات دەڕوات لە کاتێکدا ئێمە تەماشای ڕووداوەکانی نەمایشەکە دەکەین.

دایک و باوکەکە بەبێدەنگ دانیشتوون، ڕووداوەکانی ژیانیان لەو ڕۆژەوەی کچەکەیان لەدایک دەبێت، تا ڕۆژی دابڕان و جیابوونەوەیان بەرەوپێشەوە دەچێت، لەنێوەندی ئەم ڕووداوانەشدا، تەنهایی کچەکەیانمان بۆ دەخاتە ڕوو. کچەکەیان لە بازنەیەکی تەسکی تەنهادا دەسوڕێتەوە و توانای هیچ پەیوەندییەکی بە دەوروبەرەکەیەوە نییە. کچەکە لەدوا چرکەکانی نەمایشەکەدا، لەدوا دیالۆژەکانیدا، لەو دنیاوە ترس دایدەگرێت و پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژیان.

**من دەمەوێت بگەڕێمەوە**
**دەمەوێت سەرلەنوێ تەنها بم**

## شانۆنامەی (شێوازەکانی مەرگ)

(شێوازەکانی مەرگ) چەندە باسی ئەو کچە تەنهایە دەکات کە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، هێندەش بەرجەستەی ژیانی گەنجییەتی ئەو ژن و مێردە دەکات. لەپڕ هەردووکیان پیربوون و بەتەنیشت یەکترییەوە دانیشتوون: یەکێکیان قسە دەکات، ئەویتریان گوێ دەگرێت و بە پێچەوانەوە، بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕووداوەکانی بەر لە دەستپێکردنی نەمایشەکە و دوای نەمایشەکەش ڕوودەدەن. ئێستا و ڕابردوو، وەک دوو کاتی جیاواز دەبێتە وێنەیەکی تر و هەست و سۆز و پەیوەندییەکانمان بۆ سەقامگیر دەکات. لەم جیهانەدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی زیندوو، لەهەمانکاتیشدا کارەکتەرە مردووەکانیش دەبێتە پاسار و دەکەوێتە چەقی ڕووداوەکانەوە، کارەکتەرە مردووەکان هێندەی زیندووەکان ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە. ڕووداوەکانیش لەم دنیا و لەو دنیاش دەبنە بنەمایەکی گرنگی پیەسەکە و خەونەکانی، ئازارەکانی، ئەندێشەکانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی بە شێوازێکی ساکار و زەمانێکی تایبەتمەندی شانۆیی بەرجەستە دەکات.

یۆن فۆسە لە شانۆنامەی (خەون بە پایزەوە) ڕاستەوخۆ پرسیارەکانی بوون و نەبوون، مەرگ و ژیان دەوروژێنێ. خەون بە پایزەوە گەشتێکی ساکار، ڕاستەوخۆ و قووڵی مرۆڤە بەنێو تونێلە ئەزەلییەکاندا، گەردوونێکی تایبەت بەخۆی دەخولقێنێت و مرۆڤیش لەو گەردوونەدا لە بزاڤێکی بازنەیی بەردەوامی دەوارانی ژیاندایە. لەنێو ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیەدا مرۆڤ لەنێوان مەرگ و ژیاندا لە کێشەیەکی ئەبەدیدایە، مەرگ بە هەموو ماناکانییەوە دەبێتە حاڵەتێکی هەستپێکراو، بینراو و چەمکێکی زیندوو. بەهەمان شێوە ژیانیش، بە هەموو لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانییەوە دەبێتە زەنگێکی تایبەت بە خود و هەستپێکراو، بینراو و چەمکێکی زیندوو. نەک هەر ئەوە بەڵکو مەرگ و ژیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆدان، لە گفتوگۆیەکی فیکری و مرۆڤایەتیدان، بە چەشنێ کە هەموو وێستگەکانی ژیان، هێدی هێدی لە پەراوێزی مەرگدا هەڵوێستە وەردەگرن.

**باوک**

**بیربکەرەوە گەر ئێمە تا هەتایە بژیاینایە**
**ئەوە چ مانایەکی هەیە**
**(سەری دەلەقێنێ)**
**لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک خەفەت بۆ مەرگ دەخۆن**
**وەک ئەوەی مەرگ گەورەترین کارەسات بێت**
**بەڵام ئەوە چۆن دەبێت**
**گەر مردن بوونی**
**نەبێت**

**شانۆنامەی (خەون بە پایزەوە)**

یۆن فۆسە کارەکتەرەکانی بە تەواوەتی لە هەموو کێشە و چەمکە سیکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە باوەکان داماڵیوە، ڕووداوی شانۆنامەکانی تێهەڵکێشی ئەو دۆخ و هەڵوێستانە کردووە کە کەسایەتییەکانی لە ئێستا و لێرەدا تێیدا دەژی، ئێستا لە ڕوانگەیەکی بینراوی ئەو چرکەساتەدا. لە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرەدا حاڵەتێکی بریسکەئاسا، پڕ لە ڕاز و نهێنی تێدەپەڕێ، ئەم ڕەوشەش وەک هەڵوێستەیەکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی نزیک دەبێتەوە لە هەستێکی ئاینیی. ئەم هەستکردنەش هەستکردنێکی قووڵی ناوەکییە بە بوون و هاتنە ئارای شتێکی تایبەتەوە، پیەسەکانی یۆن فۆسە ڕووبەڕووی هەستێکی جیاواز، شتێکی پیرۆز و خواوەندیمان دەکاتەوە.

# • تەکنیک و شێوازی نووسین

تەکنیک و شانۆنامەکانی یۆن فۆسە سیمایەکی خەونەئامێز لەخۆدەگرێت، ڕووداوەکان لەو شوێنانەدا ڕووئەدەن کە بەپێی لۆژیکی هۆش بوونیان نییە، نادیارن و زەمەنێکی میتافیزیکی لەخۆدەگرن. خەون میتافۆری ژیان نییە، ئەو تەکنیکە خەونەئامێزەی لە شانۆگەرییەکاندا هەن، ئاماژەیەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی

(ئێستا) و تێکەڵاوکردنێکی بەسەلیقەی زەمەنەکانە: ڕابردوو، ئێستا و ئاینده یەکدەگرن و زەمەنێکی تایبەتمەند دەستەبەر دەکەن.

کاریگەری و گرنگی ئەو فۆرمە، وەک تەکنیکێکی نوێ شانۆیی دەبێتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی بڵاوبوونەوەیەکی خێرای پرۆژە و بەرهەمە شانۆییەکانی یۆن فۆسە. تێکستەکانی ئەم نووسەرە زیاتر لە ئەدەبێکی لیریکی دەچن وەک لە شانۆنامە، لەم ڕووەوە یۆن فۆسە هونەرمەندێکی وشەسازە، داهێنەری وشەیە و وشەش فۆرم و مانایەکی تر لەخۆدەگرێت، سەرلەنوێ فێری وشەکانمان دەکاتەوە و سەرلەنوێ بە وشەکانمان دەناسێنێتەوە. یۆن فۆسە دابڕانێکی گەورە لەنێوان خۆی و شانۆی بەرلەخۆی دروست دەکات، ئەم دابڕانەش بە وەرچەرخانێکی گرنگی نوێی شانۆی هاوچەرخی ئەورووپی دادەنرێت. بونیادی شانۆنامەکانی لەسەر هونەری دووبارەبوونەوە، وشەی کورت و تەواونەکردنی ڕستەکان پێکهاتووە، یۆن فۆسە زۆر کەم وشە بەکاردەهێنێت و زۆرجار دووبارەشیان دەکاتەوە: وەرە، بڕۆ، ڕۆیشت، لەوانەیە، دیدەنی، ڕاوەستە، چاوەڕوانبە، هەندێک، کەمێک، ئا، بەڵێ، نەخێر .... هتد، ئەمەش بۆتە یەکێک لە سیما گرنگەکانی ئەو تەکنیکە تایبەتمەندەی یۆن فۆسە.

لەم جیهانەدا لەیەک کاتدا پانتاییەکی خەونئامێز، ڕیالیزم و ووتارێکی پڕ لە نهێنی کۆدەبێتەوە، کارەکتەرەکان خەڵکی ئاسایین و هیچ پێوەندییەکیان بە مەسەلە چینایەتییەکانەوە نییە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو هێندە ئاسایین دەبنە کەسانی نائاسایی. زۆرجار ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی ڕیالیستی، بۆ نموونە ژوورێکی ئاسایی دانیشتندا ڕوودەدەن.

بەشێوەیەکی گشتی کارەکتەرەکانی یۆن فۆسە بێ ناون، بۆ نموونە ئەوی مێ، ئەوی نێر، پیاوەکە، ژنەکە، برا، کیژەکە، دایک، هاوڕێ ... هتد، ئەم بی ناوییە و لەسەر ئاستێکی قووڵ هێمایەکە بۆ بێلانەیی، ئەوەی ناونەنراوە و هیچ ناوێک هەڵناگرێت، زۆر ئاسانە کە بەتەواوەتی لەیاد بکرێت و بیربچێتەوە، لەهەمانکاتدا ئەوانەشی کە خاوەن ناون دەبنە بەندی ئەوانیتر و منێکی هەمیشە دیار و ئاشکرا. بەڵام کارەکتەر، هەڵوێستە و حاڵەتەکان گوزارشتێکی فرە لایەنی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، لەم بارەدا پەیوەندییەکان و گیانێکی پڕ لە نهێنی، ئەو ژوورە ئاساییە دەکاتە پانتاییەکی جیاواز و تەلیسماوی. کەسایەتییەکان لەناوەندی ژیانێکی ناوەکی دەوڵەمەنددا کار دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕان و نەمانی پەیوەندییەکان و

خوڵقاندنی کۆمەڵێ کەسایەتی تەنها، تەنهایی دەبێتە بارێکی دەروونی و ڕۆچوونە خوارەوە بەناوەوەی خۆیاندا.

بەکەرهێنانی زمانێکی ساکار، ڕووت و هەندێ جاریش هەژار، لەلایەن یۆن فۆسەوە_ وەک لەوەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە_ دادەنرێت بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی نزیکبوونەوە لە مەسەلە گەوهەرییەکانی بوون و نەبوونەوە، هەژاری لە ڕووداو و زمانەکەیدا، دەروازەیەکە بۆ چوونە ژوورەوەی جیهانێکی چڕ و دەوڵەمەند.

مردن لەم دووڕییانە ساکارەدا، ئاماژەی بوونێکی بەهێزی ژیانە، هەموو شانۆنامەیەکیش بەشێکی بچووکە لە گەردوون. ستروکتوری ئەم تەکنیکە لە بێدەنگییەوە دەست پێدەکات، ڕستەی کورت و زمانێکی هەژار، وەک پرۆسێسێکی گرنگی ئەو پرۆژەیە، بەشێکی تەواوکەری ئەو بێدەنگییەیە. وچان، یان وچانێکی درێژی بێدەنگ لەنێوان دیمەن و دیالۆژی کارەکتەرەکاندا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتی دروستدەکات، ئەو پەیوەندییەش دەبێتە بەشێکی گرنگی جووڵانەوەی کارەکتەرەکان لە کۆمەڵێک ڕووداوی پێکداچوودا.

دیالۆژی نێوان کەسایەتییەکان گەوهەری حاڵەتە دەروونییەکان، بەرەوپێشەوەچوونی پێودانگە دراماتیکییەکە و خودی گوتارە شانۆییەکان دیاریدەکات. لەم ڕووەوە دیالۆژەکان بە شێوازە تەقلیدییەکە نابێتە هێزی پاڵپێوەنەری ڕووداوەکانی شانۆنامەکە، وەک لەلای (هێنریک ئیبسن) پەیڕەوی کراوە. بەڵکو لەلای یۆن فۆسە هەموو ڕووداوەکان بەر لەدەستپێکردنی شانۆنامەکە ڕوویانداوە، هێزی بێدەنگیش دەبێتە تەواوکەرێکی گرنگی ئەو پرۆسێسە.

ئیبسن و یۆن فۆسە چەندە جیاوازن لەیەکترەوە، هێندەش خاڵی هاوبەشیان لەنێواندایە، ڕووداوەکان لەلای یۆن فۆسە بەهەمان شێوەی ئیبسن بەرەو بەرئەنجامێکی تراژیدی ناڕوات، بەڵام لەسەر ئاستێکی تر و زیاتر ناوەکی لەگەڵ ئیبسن یەکدەگرنەوە، بۆ نموونە ڕابردوو هێز و هەڵگری ڕاستییەکانی ژیانمانە. یۆن فۆسە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت:( لە پشووەکاندا، لە بێدەنگیدا شتە گرنگ و سەرەکییەکان دەوترێت، هێزێکی دینامیکی لەنێوان وشە و کارەکتەرەکاندا هەیە. من توانیومە لە شانۆدا بۆشاییەکان، وچانەکان و ئەو شتانەی لەگەڵ تێکساتەکاندا ڕوودەدەن، بەکاربهێنم.)

ئەو هێزە دینامیکییەی کە یۆن فۆسە ئاماژەی بۆ دەکات، هێزی بێدەنگییە، ئەو بێدەنگییە ئەفسووناوییەی کە وشە و کارەکتەرەکان لە پانتاییەکاندا دەکاتە چرکەساتێکی دەوڵەمەندی پڕ لە جووڵە و ڕووداو. هەر لەم ڕووەوە سترکتوری شانۆنامەکانی یۆن فۆسە لەسەر فۆرم و تەکنیکێکی تایبەتمەندی هونەری دووبارەبوونەوە، ڕستە پچڕین و دروستکردنی وچان بنیاتنراوە، لەنێوان ڕستە و دیالۆژە کورتەکاندا ( وچانێکی کورت، وچان، وچانێکی درێژ ) هەروەک شانۆنامەکانی سامۆیل بێکێت، هارۆڵد پینتەر و لاش نۆرێن کەرەستەیەکی گرنگن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو تەکنیکە. ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە، بەتایبەتی لەڕووی کاریگەری تەکنیکە بێدەنگیئامێزەکەی بێکێتەوە ئەوەیە کە یۆن فۆسە توانیویەتی شتێکی تازە و تایبەتمەند بەخۆی، جیاواز لە بێدەنگییە تراژیدییەکەی بێکێتەوە بخوڵقێنێت. یۆن فۆسە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی سامۆیل بێکێت دەڵێت:( لێکچوون هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا جیاوازییەکی گەورەش بەدیدەکرێت. بێکێت کۆمەڵێک وێنە دەنووسێت، بەڵام من پەیوەندییەکان، هەست و سۆز، ئەتمۆسفێر دەنووسم.)

شانۆنامەکانی یۆن فۆسە کۆمەڵێک شوێنی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکانی ئەدۆزێتەوە، شوێنی ڕەها و نەبینراو، بۆ نموونە دنیای مردووەکان، گۆڕستان و پانتاییە دیارینەکراوەکان.

بەرجەستەکردنی شتەکانیش لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە ئەکتەرەکان لەو گەردوونە نادیارەدا دەتوانن لەگەڵ یەکتری بدوێن، لە پشت ئەو هەژاریی وشە و بەکارهێنانە تایبەتمەندەی زمانیشەوە، جیهانێکی چڕی ئاماژەئامێز و ژیانێکی دەوڵەمەندی خاوەن ئەزموون خۆی حەشارداوە.

یۆن فۆسە چۆنییەتی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنی ئەکتەرەکانی، شوێن و شێوازی هاتنە ژوورەوە، چوونە دەرەوە، جووڵە و تەنانەت چۆنییەتی پەیڤین و تەماشاکردنی یەکتری، بە ووردی لە شانۆنامەکانیدا دەستنیشانکردووە و هیچ جووڵە و ئاماژەیەک ناداتە دەست ڕێکەوت.

**ئەوی نێر**

**بەڵێ تەنها ئێمە هەردووکمان پێکەوە**

**ئەوی مێ**

**من و تۆ**

**ئەوی نێر**

**من و تۆ**

**(ئەوی (نێر) هەڵدەسێتە سەرپێ، دەچێتە لای پەنجەرەی موبەقەکەوە کە لەناوەڕاستی دیوارەکەدایە و بەسەر پێش خانووەکەدا دەڕوانێ. ئەوی (نێر) سەیری دەرەوە دەکا، بە هەموو لایەکدا. پشوو.)**

**ئەوی مێ**

**هیچ دەبینیت**

**ئەوی نێر**

**نەخێر**

**(ئەوی (نێر) ئاوڕ دەداتەوە بۆ لای ئەوی (مێ))**

**لەو باوەڕەدا نیم**

**(قسەکەی دەبڕێ)**

**ئەوی مێ**

**ئەوە چییە**

**ئەوی نێر**

**نا هیچ نییە**

**شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)**

ئەم شێوازەش ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە خودی مۆسیقای وشە و سترکتوری شانۆنامەکانیدا، ڕیتمی کارەکتەرەکان لەنێو ڕووداوەکاندا و لەنێو ڕستەکاندا و لەنێو وشەکانیشدا ڕادەگرێت.

جووڵە بێدەنگەکان و خودی وچانەکان زمانێکی تایبەتمەند بەخۆی دروست دەکات، زمانێک بەشێوەیەکی تەریب شانبەشانی دیالۆژی کارەکتەرەکان دەڕوات. هەندێکجار ڕووداوەکان و دیالۆژەکان دەبنە وێنە و ئەوەی ڕووئەدات دەبێتە شیعرێکی هێمن و بینەر دەتوانێت خودی دیالۆژەکان ببینێت، نەک تەنها گوێیان لێڕادێرێت.

## • ئیرەیی و تەنیایی لە ( کەسێک هەر دێ ) دا

دوو کەس، ژن و پیاوێک کە پێکەوە دەژین، دەیانەوێت بە تەنیا بن، لە خەڵک و لە کۆمەڵگا دوور بکەونەوە، بۆ ئەم مەبەستە خانووبەرەیەک لە شوێنێکی دوورەدەست، لە نزیک زەریایەکەوە دەکڕن و پەنای تێدا دەگرن. ئەم ژن و پیاوە دوودڵ و ڕاڕان، لە چاوی ئەوانیتر و ئامادگی ئەوانی تر لە ژیان و دەوروبەریاندا دەترسن. پچڕان و نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئیرەیی و بارە ئاڵۆزە دەروونییەکان، لەگەڵ تەنیایی و دابڕانێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و دەروونیدا ڕووبەڕوویکردوونەتەوە.

یۆن فۆسە لە شانۆنامەی ( کەسێک هەر دێ ) دا بە شێوازێکی شیعری بەرز، باس لە ترسی مەرگ و تەنیایی دەکات.

کوڕ و کچێکی گەنج توانای هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانیان لەدەستداوە، دووچاری بارێکی دەروونی دژوار بوون، لە کۆمەڵگا و لە هەموو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان هەڵدێن، دەچنە دوورگەیەکی دووری چۆڵەوە و خۆیان دوورەپەرێز دەگرن. بەڵام ترسێکی گەورە لەوەی کە کەسێک پەیدا بێت و جیهانە تەنیاکەیان لێتێکبدات، هەموو ئارامییەکی شێواندوون.

ئەم شانۆنامەیە کاریگەری ساموێل بێکێت و دەقی ( بە دەم چاوەڕوانی گۆدۆ ) ی پێوە دیارە، بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە و جیاوازەوە. لەلای یۆن فۆسە و لە شانۆنامەی ( کەسێک هەر دێ ) دا لەبری چاوەڕوانی، کەسایەتییەکان لە ترسێکی گەورەی ئەوەدان کە کەسێک لەوانەیە بێت و ژیان و گوزەران و ئارامییان لێ تێک بدات.

ژنەکە ( ئەوی مێ ) هەر لە سەرەتاوە گوزارشت لە دودڵی و نائارامی خۆی دەکات، ترس و دڵەڕاوکێیەکی نادیار گەمارۆی داون. هەموو دیالۆژەکانی سەرەتای شانۆنامەکە پڕە لە دودڵی و لەهەمانکاتدا ئارام بەخشە.

**ئەوی ( مێ )**

**(بە وورەوە)**

**بەم زووانە لە خانووەکەی خۆماندابین**

**ئەوی ( نێر )**

**خانووەکەمان**

**ئەوی ( مێ )**

**خانوویەکی کۆنی جوان**
**لە خانووی تر و خەڵکی ترەوە**
**دوور**

**ئەوی ( نێر )**

**تۆ و من بە تەنیا**

**ئەوی ( مێ )**

**نەک هەر بە تەنیا**
**بەڵکو پێکەوە بە تەنیا**
**(ئەوی ( مێ ) تەماشای روخساری ئەوی ( نێر ) دەکا)**
**خانووەکەمان**
**ئا لەم خانووەدا ئێمە دەمانەوێ پێکەوە بین**
**تۆ و من**
**پێکەوە بە تەنیا**

**ئەوی ( نێر )**

**و بێ هاتنی کەسی تر**
**(لە تەنیشت یەکترەوە دەوەستن، سەیری خانووەکە دەکەن)**

**شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)**

هەر خێرا دوای ئەم گفتوگۆ کورتە، دوودڵیی و ترس گەمارۆیان دەدا، نائارام و بە هەستێکی نائومێدانە و دۆخێکی دژوارەوە، دەڕواننە یەکتر. خودی دوودڵیی و نائارامییەکەش لە هەستێکی ئیرەیی و دڵپیسیی و ڕاڕاییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم دوو مرۆڤە تەواوکەری یەکترن و لە هەڵوێستەیەکی ئاوهادا کە یەکێکیان ئەویتریان لە دەست بدات، خۆی بە کەمئەندام و تەنها دەزانێت.

**ئەوی ( نێر )**

وەرە.
دانیشە
ئێمە تازە گەیشتووین
(ئەوی (مێ) دەچێت لە تەنیشتییەوە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێت.)
ئەوی ( مێ )
بەڵام کەسێک هەر دێ
دەزانم
من وا هەست دەکەم
کە کەسێک دێ
کەسێک
وازمان لێناهێنێ بۆ یەک بین
کەسێک هەر دێ
ئەوی ( نێر )
کەس لێرە نییە
کەس نایە
ئەوی ( مێ )
(بە دەنگی بەرز)
من دەزانم کە کەسێک
هەر دێ
ئەوی ( نێر )
نەخێر
ئەوی ( مێ )
هەرگیز وازمان لێناهێنن
بۆ یەک بین
ئەوی ( نێر )
ئاوا بیر مەکەرەوە
ئەوی ( مێ )
بەڵام کەسێک دێ
من لە دڵم گەڕاوە

**(ئەوی (مێ) هەڵدەسێتە سەر پێ، لەبەردەمی ئەوی (نێر) دا ڕادەوەستێ، سەیری ئەوی (نێر) دەکا. بە گومانەوە )**
**کەسێک هەر دێ**

**شانۆنامەی ( کەسێک هەر دێ )**

هەر زوو، دوابەدوای چەند ساتێکی نائارام، پیاوێک، دراوسێیەک، هەر وەک قارچک لە هیچەوە هەڵدەتۆقێ، ئەو پیاوەی کە خانووبەرەکەی پێ فرۆشتوون. دەرکەوتنی ئەم پیاوەش ڕاڕایی و دوودڵیی ئافرەتەکە دووپات دەکاتەوە ( لێرەش تەنیا نین )، هەمیشە ڕووبەرێکی تر لەو نزیکانە هەیە کە کەسانی تری تیا دەژین، ئیرەیی و دڵپیسیی و دەرکەوتنی ئەوانی تر، خۆشەویستەکانمان دەدزن و ژیانمان لێ دەشێوێنن، گەر کەسیش نەیەت ئەوا ئەندێشە و فەنتازیاکانمان ئارامیمان تێکدەدەن.

**پیاوەکە**
**بەڵێ من لێرەوە لەم نزیکانەوە دەژیم**
**(پیاوەکە سەیری ئەوی ( مێ ) دەکا. کەمێک بە گاڵتەکردنەوە)**
**لەوانەیە بتوانین هامشۆی یەکتری بکەین**
**شانۆنامەی (کەسێک هەر دێ)**

ئەمەش بابەتێکە کە لە زوربەی شانۆنامەکانی تری یۆن فۆسەدا ڕەنگیداوەتەوە، مرۆڤەکان لەنێوەندی شاڵاوی زەمەندا گیریان خواردووە، نە ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، نە ئەشتوانن بەرەو ئاییندە هەنگاو بنێن، ئەوەی دەمانەوێت خۆمانی لێ دەرباز بکەین، دەبێتە چارەنووسمان.
ئەوی (مێ) و ئەوی (نێر) پێیانوایە بە تەنیا شوێنێکیان لە دەرەوەی شوێن و کاتەوە دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو شوێنە نادیارە، ناشوێنە، هەر زوو لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە داگیر دەکرێت، مەرزی تەنیایی دەبڕێت، دەنگی کەسانی تر تێکەڵی دەنگی ئەوان و دەنگی سروشت دەبێت و هەموو شتێک وەک جارانی لێدێتەوە، هەروەک خانووبەرەکە.

ئـەو خانووبـەرە كۆنـە، بـە تـەنها لـە بـاوەشـی سروشـتدا بـەپێـوە ڕاوەسـتاوە و مێژوويەكی دياری هەيە، هەموو كەسێكی زيندوويش ڕابردوو و ئاينده چاوەڕوانی دەكات، (ئێستا) ش تەنها خەياڵە.

**ئەوی (نێر)**

**(بە ترسەوە)**

**گوێت لێيە**

**من گوێم لە كەسێكە لە دەرەوە**

**لە دەرەوەيە**

**لەوێيە**

**لەبەر پەنجەرەكەدايە**

**شانۆنامەی (كەسێك هەر دێ)**

# ژیان "لە چاوتروکانێکدا" لەلای پیتەر ئاسموسن

باکوری ئەوروپا ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان لە بواری شانۆدا هەیە و شانۆنامە نووسەکانی سوید و نەرویژ لەسەدەی نۆزدەهەمدا، ئاستی شانۆی هاوچەرخی ئەوروپییان گەیاندۆتە ترۆپک. ستریندبیری و ئیپسن بە شانۆنامە ناتورالیزم، ڕیالیزم، ڕیالیزمی سیمبولیزم و گوزارشت ئامێزەکانیان، دەروازەیەکی گرنگ و بەرینیان بەڕووی هونەری شانۆدا کردۆتەوە و کاریگەرییەکانیان تا ئێستا بەردەوامە. نووسەرە شانۆییە نوێیەکانی ئەم وڵاتانە بەردەوامییەکی ئەو ئەزموونە و ئەو ڕەوتە باڵایەی شانۆی ئەوروپیین. لاش نۆرێن لە سوید و یۆن فۆسە لە نەرویژ دەنگێکی گرنگی شانۆیەکی مۆدێرنن لە هەموو ئەوروپادا، شانۆنامەکانیان جگە لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی، لەسەر زۆربەی شانۆکانی جیهان نمایش دەکرێن و بینەرێکی بێسنوری ئەوروپییان لە خۆیان کۆکردۆتەوە.

لەم دە ساڵەی ڕابوردووشدا پیتەر ئاسموسن، کە خەڵکی وڵاتی دانیمارکە، بۆتە جیهانێکی تازە دۆزراوەی شانۆ و شانۆنامەکانی بە مۆرک و شێوازێکی تایبەتمەندەوە، هێدی هێدی شانۆکانی جیهان داگیردەکات و وەک ئۆقیانوسێکی چڕ، بێ مەودا و فراوان بڵاودەبێتەوە. بایەخی ئەم شانۆنامە نووسە دانیمارکییە لەوەدایە کە هەمیشە فۆڕمێکی نوێ، جیاواز و هەمەچەشن و فرەلایەن دەبەخشێتە شانۆنامەکانی. جیهانێکی خەونەئامێز، ئەتمۆسفیرێکی بێبەزەیی، دیدێکی سوریالیزم و تەکنیکێکی بێوێنە ئاوێزانی زمانە شانۆییەکەی دەبێت و شێوازێکی تایبەتمەند بەخۆی دەخوڵقێنێت.

پیتەر ئاسموسن لە شانۆنامەکانییدا کارەکتەری سایکۆلۆژی و بنەما ڕیالیزمی و تەقلیدییەکان لە کەش و دیدێکی هێماگەرییدا بەرجەستەدەکات و لە بونیاد و ستروکتورە کۆمەڵایەتییەکان دوردەکەوێتەوە.
شانۆنامەکانی پیتەر ئاسموسن جگە لە دانیمارک، لەسەر زۆربەی شانۆکانی سوێد، فەڕەنسا، نەرویژ، ئینگلستان، ئیتالیا و ئەڵمانیا نمایش دەکرێن.

## • پیتەر ئاسموس

پیتەر ئاسموسن لە ساڵی ١٩٥٧دا لە دانیمارک لەدایکبووە، ڕۆمان، شیعر، لیریک، سیناریۆ و شانۆنامە دەنووسێت، شانۆنامەکانی بۆ ئیزگە، تەلەفیزیۆن، سینەما و هەروەها لەسەر شانۆ گەورەکانی دانیمارک پێشکەش دەکرێت.
ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٨٩دا بەبڵاوکردنەوەی نۆڤێلتی "دەنگ" دێتە ناو دونیای ئەدەبەوە و هەر ساڵێک دواتر یەکەم هەوڵە شانۆییەکانی دەردەکەوێت و لەسەر داوای بەشی درامای ڕادیۆ و ئیزگەی دانیمارکی، شانۆنامەی "هاوار" دەنووسێت. دوای ئەو هەوڵە لە شانۆ دوردەکەوێتەوە، بەڵام پاش دوو ساڵ بە شانۆنامەی "خوێنی گەنج" دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ و کۆمەڵێک شانۆنامەی گرنگ، هەر بۆ نمونە 'isbrandt'، 'ژورێکی پڕ لە خۆر'، 'تاوان' و ئۆپێرای 'لە ژێر ئاسماندا' دەنووسێت و لە ساڵی ٢٠٠٢شەوە وەک ڕێژیسۆر لە بەشی درامای ڕادیۆی دانیمارک دەست بەکاردەبێت. شانۆنامەکانی بیرۆکە، بیروبۆچوون و فۆڕمی جیاواز لەخۆ دەگرن و دوردەکەونەوە لە خۆدووبارە کردنەوە و هەمیشە لەگەڵ هەر شانۆنامەیەکی تازەدا، فۆڕمێکی نوێ و زمانێکی جیاوازی دەستەبەر کردووە و هەندێک جار گەڕاوەتەوە بۆ سەر نووسەرە کلاسیکییەکان و چارەسەر و فۆڕمێکی مۆدێرنی بە بەرهەمەکانیان بەخشیووە.
هەندێ جار شیعرە کورتەکانی، کە وەک بریسکە ئاسا لە دوو توێی ڕەوشە هەمەچەشنەکاندا ئاراستەیان دەکات، یان کارەکتەری شانۆنامە و پاڵەوانی ڕۆمانەکانی بەشێوەیەکی ساکار و ئاسایی، هەروەک ئەوەی ئەو کەسانە تەنها لەوێدا و بۆ خۆیان بژین، هەروەک دەلاقەیەک، بروسکەیەک لەتاریکییدا یان پریشکێک لە ژیاندا دەردەکەون. لەوانەیە لەدەستدانی خۆشەویستی، لەدەستدانی ژیان ئەو بابەتە سەرەکییانەبن کە پیتەر ئاسموسن هەمیشە دەگەڕێتەوە سەریان،

هەندێ جار ڕووکاری دەرەوەی ژیان، شتە ڕواڵەتییەکان، دەروازەیەکی بەرین بەڕووی ئاستە قووڵەکان، پانتاییە تاریکەکانی پەیوەندییەکان، بەربەستەکان و ڕووکارەکانی ناوەوەی ژیان دەکاتەوە.

هەموو شانۆنامەکانی، هەروەک ڕۆمان و پڕۆسەکانی بنەما سەرەکییەکانی ژیان دەخاتەڕوو، دەروازە بەرین و ئاڵۆزەکانی ژیان یەکەیەکی گرنگی ئەو بونیادە هونەرییەیە، بۆ نمونە مەرگ و ژیان، خۆشەویستی و ترس، ڕووناکی و تاریکی لە فۆڕمی لەیەک جیاواز و زمانێکی تایبەتمەندا دەردەکەون.

بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە، دونیادیدە و بۆچوونەکانی لە پانتاییەکی ساکار و ڕوکەشدا گیریان نەخواردووە، بەڵکو کارەکتەر و کەسایەتییەکانی، بارە دەروونی و هەڵوێستەکانیان لە بازنەیەکی فراواندا دەسوڕێنەوە، کاتێکیش کە دەگەنە خاڵی کۆتایی، خولی بازنەکەش ڕەوش و چارەنووسی ژیانی کارەکتەرەکان تەواو دەکات. ئەم نووسەرە زۆر بەوردی، چڕ و سەراپاگیر لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، لێیان ڕادەمێنێت و دەیانکاتە بەشێکی گرنگی بەرهەمەکانی، ئەو هەر لەم ڕووەوە دەڵێت: "بەلای منەوە جێگای سەرنجە کە هەندێ مرۆڤ بەو شێوەیە دەدوێن، یان بڕوایان وایە و بەشێوەیەکی تر نییە، بۆچی هەندێ کەس نەژاد پەرستن و هەندێکی تر وا نین؟ بۆچی هەندێ کەس فاشیستن و کەسانێکی تر هەرگیز تێر لە شەڕ ناخۆن؟ من لەو بڕوایەدام کە خوا هەرگیز ئەو کەسانەی وا دروست نەکردووە و ئەم هەڵوێستانەش تەنها جۆرە گوزارشتێکە بۆ ئەم و ئەو".

هەندێ لە ڕەخنەگرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پیتەر ئاسموسن شەکسپیرێکی نوێیە و هاتووە تا هاملێت، شا لیر، ئۆتیلۆ و ماکبێسی ئەم سەردەمەمان بۆ بنووسێت.

پیتەر ئاسموسن هەروا بە سانایی خۆی نادات بەدەستەوە و لە تەقەلایەکی بەردەوامی خۆشاردنەوەدایە، لە هەمانکاتدا لە هەموو نووسەرێکی تر زیاتر، لە ڕۆمانەکانیدا، لە شانۆنامەکانیدا و لەڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ بینەر و خوێنەرەکانیدا کراوەیە. ئەو خۆی دەبێتە کەسێکی تر، تا ئەوانی تر پیشانبدات، بەرجەستەیان بکات، بەڵام زۆر زەحمەتە بزانین خۆی کێ یە و چییە، چونکە هەموو شتێک بەکراوەیی ناخاتە بەردەست.

هونەر بەلای ئەم نووسەرەوە گەمەکردنە و دەیەوێت گەمە لەگەڵ خوێنەر و بینەرەکانییدا بکات، کاریان تێبکات، بەڵام بەلای ئەوەوە گرفتەکە لەوەدایە گەر

شتەکان بەڕوون و ئاشکرا بخرێنە بەردەست، ئەوا کاریگەرییان نامێنێت و لەو کاتەشدا یاسای گەمەکەش دەدۆڕێنێت.

ئەم نووسەرە لە چاوپێکەوتنەکانیدا وەڵامەکان دووبارە دەکاتەوە و لەبری ئەوە لە نووسینەکانیدا زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ، پەردە لەسەر ڕووی ڕاستییەک هەڵدەماڵێ کە ئێمە لێی دەترسین و دوای ئەوە ڕاستییەکی ترمان بۆ ئاشکرادەکات کە ئێمە هەرگیز چاوەڕوانمان نەکردووە. پیتەر ئاسموسن باشترین وشەکانی، دەیمەنەکانی توند لە قووڵی دەستیدا دەگرێت و تا ئەو ئاستە نایانکاتەوە کە چیتر خوێنەر و بینەرەکانی توانای چاوەڕوانییان نامێنێت. پیتەر ئاسموسن بەرلەوەی بێتە بواری نووسینەوە لە بوارەکانی فەلسەفە و ئایینناسیدا کاریکردووە، هەروەها وەک هونەرمەندێکی مۆسیقیش چالاک بووە، ئێستا لێکۆڵینەوە فەلسەفی و تیۆلۆجییەکانی و توانا مۆسیقییەکەی لە نووسینەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و کاریگەریی خۆیان هەیە. پیتەر ئاسموسن چەندە شانۆنامەکانی جێگای سەرنجن و لەسەر زۆربەی شانۆکانی ئەورووپا نمایشدەکرێن، هێندەش سیناریۆی فیلمەکانی پێگەیەکی باڵادەستیان هەیە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژیسۆرە گەورەکانی وەک 'لاش فۆن ترەییەر' و 'سیمۆن ستاو' کاریکردووە. زۆربەی فیلمەکانی خەڵاتی ئەسکەندەنافی و ئەورووپی و جیهانییان بەدەستهێناوە، گرنگترین فیلمەکانیشی بریتین لە: "ساڵە بەدەکان_ ١٩٩٥"، "لەنێوان برادەردا_١٩٩٥"، "شکاندنی شەپۆلەکان_١٩٩٦"، "دەستەی توندڕەوی ئاینی_١٩٩٧"، "هیندستان_١٩٩٩"، "ئێستا_٢٠٠٣"، "کەلێن_٢٠٠٣"، "ڕۆژ و شەو_٢٠٠٤"، "دڵی ئاسمان_٢٠٠٨"، "گەڕانەوە_٢٠٠٨". بۆ نمونە ئەم نووسەرە لە فیلمی ڕۆژ و شەودا باسی ئەو خەڵکانە دەکات کە خۆشەویستی دەکەن و دەیانەوێت خەڵکیش خۆشیان بوێن. ئەم مەسەلەیەش لە بەسەرهاتی باوکێکەوە دەگێڕێتەوە، باوکەکە، کوڕە گەنجەکەی، ژنە داوێن پیسەکەی، دۆستە نهێنییەکەی، دۆستە گەنجەکەی باوکەکە، خوشکە تەنهاکەی، دایکە ناتەواو و خەوشدارەکەی، ڕاهێنەرێکی بلیمەتی تۆپی پێ، سۆزانییەکی دووگیان و فریشتەیەک کە لە بەرگی پیاوێکی پیردا دەردەکەوێت. ئەم کارەکتەرانە هەموویان بەدوای وەڵامی هەمان پرسیاردا دەگەڕێن: گەر وەڵامەکە خۆشەویستی بێت، پرسیارەکە چییە؟

ئەم نووسەرە ئێجگار فرە بەرهەمە، زیاتر لە بیست شانۆنامەی نووسیوە و جاری وا هەیە لەیەک کاتدا سێ لە شانۆنامەکانی، دوو لە فیلمەکانی و ئۆپێرایەکی لەسەر شانۆ و هۆڵی سینەماکانی دانیمارک نمایشدەکرێن. هەر ئەمەش وایکردووە

ببێتە جێگای سەرنجی ڕەخنەگران و دەزگا گەورەکانی میدیا و ئەکادیمییەکانی ئەم وڵاتە، تا ئێستاش چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، هەر بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠٠دا خەڵاتی "کیالد ئابل"ی ئەکادیمی دانیمارکیی و خەڵاتی باڵای 'درامای دانیمارکی' پێبەخشراوە.

## • دەروازەیەک بۆ شانۆکەی پیتەر ئاسموسن

پیتەر ئاسموسن شانۆنامە نووسێکی تایبەتمەندە و تایبەتمەندی خۆی پاراستووە، شانۆنامە نووسێکە کە لە هیچ شانۆنامە نووسێکی تر ناچێت، هەرچەندە لە ژێر کاریگەری شانۆنامە نووسی ئینگلیزی 'هارۆڵد پینتەر'دا نووسیویەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی و زمانێکی ڕاستەوخۆ و ئەفسوناوی تایبەتمەندی داهێناوە.

هەڵوێستە دراماتیکییەکانی حاڵەتێکی گرژ و بزۆز و خەیاڵێکی فراوان لەخۆدەگرێت و وا لە بینەرەکانی دەکات کە هەست بە هەڕەشە، نا ئارامی و ڕووبەڕووبوونەوە بکەن، بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی؟ پیتەر ئاسموسن گەردوونی شانۆنامە نووسێکی گەورە هەڵدەوەشێنێ و سەرلەنوێ شتێکی نوێ، جیاواز و پەنهان دەخوڵقێنێت.

ئەم نووسەرە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەسەر ئاستێکی قووڵی هەمەلایەن پێویستییەکانی مرۆڤ بۆ بەدوا گەڕان، پەیوەندیکردن و لەهەمانکاتدا ڕوو لەیەکتر وەرگێڕان و دوورکەوتنەوە بەرجەستە دەکات. ئەم مەسەلەیەش مەودایەکی مرۆڤانەی سەراپاگیر لەخۆدەگرێت و زمانێکی شیعری، لیریکی، مەجازی و تەنانەت لە زمانی ژیانی ڕۆژانەشدا سەقامگیر دەبێت.

پیتەر ئاسموسن ڕیتوالێکی مۆدێرن بۆ گرفتە خودییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە دروستدەکات، هەروەها بۆ ئەو مەسەلانەی کە نەگوتراون و بۆ نهێنییەکانی بوونی مرۆڤیش. لەم ڕیتوالەدا مرۆ لە دەروازەکانی دونیادیدەیەکی فراوانەوە دەخرێتەڕوو، لە ڕەوشێکی ڕەخنەئامێزی قەیران و گرێکاندا بەرجەستەدەکات. دید و تێڕوانینەکانی ڕەوشێکی ڕەخنەئامێزی شیعرییە بۆ بارودۆخ و ڕەوش و هەڵوێستەکانی مرۆڤ، شانۆکەشی دەنگدانەوەیەکی، ڕەنگدانەوەیەکی مۆدێرنی

سەربەخۆ و ڕەسەنی ئیپسن، ستریندبیری، هارۆڵد پینتەر و سامۆیل بیکێتە. شانۆنامەکانی پیتەر ئاسموسن بنەما تەقلیدییەکانی شانۆیەکی سایکۆلۆژی و واقیعی هەڵدەوەشێنێت و جیهانێکی ناتەبا و جیاواز لە ستروکتورێکی سوریالیزم، خەونەئامێز، گوزارشت ئامێز و ناڕاستەوخۆدا دادەهێنێت. ئەم شانۆیەش تەنها زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەکتەرەکانی مسۆگەر ناکات، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە بینەرەکانیشی بە شێوەیەکی بەهێز ئاوێزانی نمایشەکانی دەکات، هەر ئەمەش وایکردووە کە پیتەر ئاسموسن لەم بیست ساڵەی ڕابوردوودا ببێتە یەکێک لە هەرە شانۆنامە نووسە گەورەکانی دانیمارک. دەکرێت لە تێڕوانینێکی ئەزموونگەری و گوزارشت ئامێزەوە بڕوانینە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە: لە هەندێ لە شانۆنامەکانیدا بەتەواوەتی ڕووت دەبێتەوە، لە هەندێکی تردا شێوازێکی سوریالیزم، هێماگەلی لە خۆدەگرێت و لە هەندێکی تریشیاندا و بەشێوەیەکی سەیر لە فۆرمە کۆنە میلۆدرامیاکانی کۆمیدیا میللییەکان نزیکدەبێتەوە.

پیتەر ئاسموسن نووسەرێکە کە بەبێ ترس گوزارشت لە بیرۆکەکانی دەکات و فۆرم و زمانی جیاوازیان بۆ ئەدۆزێتەوە. لەم چەند ساڵەی دوایشدا ڕوویکردۆتە شێوازێکی چڕ، جیاواز و دەمامک ئامێز، لەم شێوازەدا شوێن و کات و ستروکتورە سایکۆلۆژییەکانی هەڵوەشاندۆتەوە و لەبری ئەوە شوێن و کاتێکی تری خوڵقاندووە کە لە ساڵی ١٩٢٠ەکانەوە دەست پێدەکات و لە ساڵی ٢٠٠٢یشدا کۆتاییان دێت. لەم پرۆسەیەدا کات و شوێن گەورەدەبن، هەڵدەچن، گۆڕانکارییان بەسەردادێت و کارەکتەرەکانیش بە هەمان ئەو پرۆسەی کات و شوێنەدا تێدەپەرن و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، لە هەمان کاتدا گۆڕانکاریشیان بەسەردا نایەت. خوێنەر و بینەر، کارەکتەرەکانی لەلاوە، بەبێ چارەسەرکردنێکی دیاریکراوی کێشەکان دەبینین، ئەو کارەکتەرانە دەبنە دەروازەیەک، کلیلێک بۆ دۆزینەوەی چارەسەرەکان، بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکان و بۆ هەڵوەشاندنی پەیوەندییەکان. زۆرجار مۆتیڤەکان لە شانۆنامەکانی ئەم نووسەرەدا دووبارە دەبنەوە، تارمایی، خەون و شەیتانەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەوروژێنێت و زیندوویان دەکاتەوە.

پیتەر ئاسموسن لە ئایدیۆلۆژیا و پەیامە ئامادەکراوەکان دووردەکەوێتەوە و دەڵێت: "من ناتوانم پێشوەخت بوونیادی چیرۆکەکانم دابڕێژم، گەر دیدێک یان بیرۆکەیەکم هەبێت و بمەوێت بیگەیێنم، ئەوا لەبری ڕۆمان یان شانۆنامە وەک باسێک دەینووسم. من هەمیشە لە کەسێکەوە دەستپێدەکەم، کەسانێکی کۆنکرێت

سەرنجی من ڕادەکێشن. من هەمیشە بڕوام وابووە کە بیرۆکەی ئەبستراکت، مەسەلەی ڕامیاری و مۆڕالییەکان جێگای سەرنج نین".

شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە ململانی و کێشەیەکی ئاشکرا دروست ناکەن، بەڵکو گرێ و ململانێکان شێوازێکی جیاواز لە خۆدەگرن و بەو شێوەیە نییە کە لە سینەما و شانۆدا دەیانبینین. ئەو جۆرە کێشانە لەلای ئەم نووسەرە پێشوەخت پێشبینیکراوە: دوو کارەکتەر، یان کێشەی جیاواز ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، دەشزانین خێر و شەڕ پێکدا دەدەن و لە بەرئەنجامدا، درەنگ یان زوو لایەنی شەڕەکە دەبەزێت، بەڵام کێشە و دژایەتییە ڕاستەقینەکان زۆر لەمە گەورەتر و فرە لایەنتر و قووڵتر و جیاوازترن. بەلای ئەم نووسەرەوە گرنگە کە کێشەکان خێرا و دەستبەجێ ئاشکرا نەکرێن، کێشە و ململانێکان شاراوەن و لە نێوەندی، لە ناوەوەی ڕووداوەکانەوە، لە پشت ئەتمۆسفیرەکانەوە گەورەدەبن و لە بەرئەنجامێکی خێرادا دەردەکەون و ئاڕاستەی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کارەکتەرەکان دەگۆڕن.

پڕۆسەی نووسین لەلای پیتەر ئاسموسن بە قۆناغێکی تایبەتمەندا تێدەپەڕێت و خۆشی لە چاوپێکەوتنێکدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێکردووە: "من هەمیشە بەر لە نووسینی شانۆنامەکە، شانۆنامەکەم تەواوکردووە، مەبەستم ئەوەیە لە مێشکمدا، لە بیروهۆشمدا نووسیومە و دوای ئەوە لەسەر ڕووپەڕەکان دەیاننووسمەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە خودی نووسینی شانۆنامەکە کاتێکی زۆر ناخایەنێت، بەڵام کاتێکی زۆریان دەوێت تا لە مێشکمدا پێدەگەن، گەشەدەکەن و بەتەواوەتی دروستدەبن. بێگومان لە کاتی بیرکردنەوەکانمدا بەردەوام تێبینییەکانم تۆماردەکەم، ئەو تێبینییانەش بۆ من وەک چەند وێزگە یان بەردی بناغە وان و لەدوایدا کۆیاندەکەمەوە و بەسەریاندا دەچمەوە، بەو هیوایەی کە ببنە بەشێکی یەکگرتوو. کە دەشنووسم زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی دەڕوات و دەتوانم هەموو ڕێگاکان بەڕوونی ببینم. گەر دانیشم و بەرلەوەی شتەکە لە مێشکمدا دروستبووبێت و بمەوێت بنووسم، ئەوا تەنها دوای سێ لاپەڕە دەوەستم و توانای نووسینم نامێنێت. دەزانم کە زۆر چاوەڕوانیم کردووە، لە هەمووی گرانتر ئەوەیە کە بە بیرۆکەیەوە گیردەخۆم، دێم و دەچم، تا لە چاوتروکانێکدا ئامادەی نووسین دەبم. ئەوەش خۆی بۆ خۆی دۆزەخێکە". ئەم قۆناغی بیرکردنەوە و خۆئامادەکردنە ڕۆحیی و فیکرییە زۆر گرنگە بۆ پیتەر ئاسموسن و گەشەکردنی چیرۆک،

کارەکتەر و بوونیادی شانۆنامەکانی، هەر لەبەرئەوەشە کە زۆر بەچڕی و خێرایی دەنووسێت و خۆی وەتەنی "بەرهەمەکانی زوو دێن بەدەستەوە".
تەکنیکی شانۆنامەکانی ئەم نووسەرە لەوەدا وەدیار دەکەوێت کە بە شێوازێکی کراوە، لە هەمان کاتدا فۆرمێکی بالادەستی شانۆیی بەرجەستەی جیهان، وەک شانەیەکی وروژێنەر دەکات کە ئێمەی بینەران و تەنانەت ئەکتەرەکانی شانۆنامەکەشی تیا دەژین، هەست بە بوونی خۆمان دەکەین و بەوردی جیهانبینی ئەو ڕەوشە دەکەین کە تیای دەژین. ئەم نووسەرە بە وریایی کاریگەری شانۆنامەکانی دەخاتە سەر دەوروبەرەکەمان، سەر خودی ژیان و جیهانیش. یەکێک لە مەسەلە ناوەندی و گرنگەکانی ئەم چەند ساڵەی پڕۆژە و بەرهەمە شانۆییەکانی، مەسەلە ئاڵۆزەکانی خۆشەویستی، نەمانی ئەو خۆشەویستییە و پچڕانی پەیوەندییەکان بووە. پیتەر ئاسموسن دەڵێت: "کە سەبارەت بە کەسێک دەنووسم، تەنها و تەنها بیر لەو کەسە دەکەمەوە، هەر لەبەرئەوەشە زۆرجار دەگەڕێمەوە و ئاوڕێک لەو کەسانە دەدەمەوە کە من خۆم خولقاندوومن و بیر لەوە دەکەمەوە کە لە کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەچن؟".
پیتەر ئاسموسن زۆرجار پەنا دەباتە بەر سەرلەنوێ ئامادەکردن یان نووسینەوە و چارەسەرکردنی بەرهەمە کلاسیکییەکان و بە دیدێکی مۆدێرن و چارەسەرێکی هاوچەرخانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. گەڕانەوە و هەڵکۆڵین لەو کارانەدا بۆ ئەم نووسەرە دۆزینەوەی کیشوەرێکی نوێ بووە. ئەم مەسەلەیەش تای تەرازوویەکی بەدیقەت و ڕاستەوخۆ بووە لە نێوان پابەندبوون بە دەقە ئۆرگیناڵەکە، یان بتوانی ئامادەگییەکی تەواوەتیت، وەک نووسەر لەو بەرهەمەدا هەبێت. پیتەر ئاسموسن جیاوازی نێوان کارەکتەری بەرهەمە کلاسیکییەکان و کارەکتەرەکانی خۆی دەدۆزێتەوە، بەرجەستەیان دەکات و دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆی شتێکی تازە لە نێو بەرهەمە کۆنەکاندا دروست بکات. ئەم نووسەرە لەم ڕووەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پڕۆسەی نووسین، چ وەک ئەفراندنێکی سەربەخۆ یان گەڕانەوە و کارکردن لە بەرهەمی کەسانی تردا هەر یەکێکە. پیتەر ئاسموسن جەخت لەم خاڵە دەکاتەوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: "دەبێت لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی کارەکە بدەیت تا بتوانیت بیربکەیتەوە و قسەیان لەگەڵدا بکەیت. ئەم مەسەلەیەش لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڕوودەدات، لەو کاتانەی چیرۆکە تایبەتییەکانی خۆم دەنووسم، یان لەو کاتانەدا کە کار لە کاری کەسانی تردا دەکەم. پێویستە چیرۆکەکە واتلێبکات کە کارەکە ببێت بە هی خۆت".

## • ژیانێکی بێ مانا، حەزێکی پڕ لە خۆشەویستی

پیتەر ئاسموسن ژیان، گەردوون و گوزەران لە بازنەیەکی بێهودە و تەقەلایەکی بێمانادا دەبینێتەوە، ئەوەشی مرۆڤ بە ژیان و ئەوانی ترەوە دەبەستێتەوە و مانایەک دەبەخشێت بە خود و ژیان و هەموو شتەکانی تر، خۆشەویستییە. جیهان بێمانایە، بەڵام خۆشەویستی و نزیکی ڕۆحی کەسێکی تر مانا دەبەخشێت بە ژیان. پیتەر ئاسموسن دەڵێت: "مرۆڤ وا دەزانێت جیهان بێکۆتایە و ڕاستی تەواوبوونی ژیان لەلای زۆربەی کەس بوونی نییە، ئەمەش بەلای منەوە شتێکی سەیر و نامۆیە. تەنها شتێک کە ئێمە هەموومان و بەبێ جیاوازی و بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەیزانین، کۆتایی ژیانە. ئێمە بەردەوام بەرەو ئەو خاڵە، ئەو وێستگەیە دەڕۆین کە چیتر هیچ شتێک بوونی نامێنێت، هەر ئەمەش ناچارمان دەکات کە چاوەڕوان نەبین و هەمیشە دەست بەکاربین".

ئەم نووسەرە پشتدەکاتە گۆڕانکارییەکان و بڕوای بەوە نییە کە گۆڕانکاری شتەکان بەرەو باشتر یان چاکتر ببات، هەڵپەی مرۆڤیش تەنها دووپاتکردنەوەیەکی کۆنترۆڵ لەدەستدانی خۆیانە بەسەر خودی ژیانی خۆیاندا. ئێمە هەموو دەبێت شتێک بکەین، تەنها بۆ ئەوەی کە نەمرین، دەبێت شتێکی تازە بدۆزینەوە، ئاوێزانی زەمەن بین و هەر لەبەرئەوەشە کە دەمانەوێت داهێنەربین. پیتەر ئاسموسن لەم قەیرانەدا پەنا دەباتە بەر وتەیەکی بێکێت کە دەڵێت؛ "هیچم نییە بیڵێم، خەریکی ئەوەم قسەبکەم". هەر لەم دیدەشەوە هەموو شتە پڕ لە مانا و بە بایەخەکانیش لە بێماناییدا وزە و توانای خۆیان ئەدۆزنەوە.

## • لە چاوتروکانێکدا

پیتەر ئاسموسن لە ساڵی ٢٠٠٦دا شانۆنامەی "لە چاوتروکانێکدا" دەنووسێت و لەم شانۆنامەیەدا، جیهانی ئافرەتان، پەیوەندییەکانی و گەردوونە بەرفراوانەکەی

ئافرەتان لە ئۆقیانووسە چڕ و تاریکەکەی ئەم نووسەرەدا بەرجەستە دەبێت. "لە چاوتروکانێکدا" ئازارەکانی ئافرەت، تەنهاییان، پەیوەندییەکانیان بە جیهانی پیاوان و مەسەلەکانی خۆشەویستی، بە جیهانی منداڵ و کۆرپەکانیان، بە مەسەلە سێکسوالییەکانیان و بە چارەنووسە هەنووکەیی و هەمەلایەنەکانیاندا، لە چاوتروکانێکدا گوزەر دەکات. ئافرەتەکانی "لە چاوتروکانێکدا" لێوانلێو ئافرەتن و دونیایەکی پڕ لە حەز و خۆشەویستین.

پێنج ئافرەت ژیانی خۆیان، بە شێوازێکی خەندەئامێز، ڕەش، بێبەزەیی، ڕاستەوخۆ و بەبێ ڕتوش بۆ پیتەر ئاسموسن دەگێڕنەوە. ئەم چیرۆکانە، ئەم دەکومێنتانە، ئەم ژیانە تایبەتمەندانە دەبنە بنەمایەکی گرنگ بۆ ئەم نووسەرە و لە بەرئەنجامدا ژیانی ئەو ئافرەتانە لە چاوتروکانێکدا، لە ساتەوەختێکی هەڵچوو و کاریگەردا ئاوێزانی شانۆنامەی "لە چاوتروکانێدا" دەکات. شانۆنامەی "لە چاوتروکانێکدا" ڕاپۆرتی ژیانی ئەو کەسانەیە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە هونەر و ئەدەب و شانۆوە نییە و نووسەر سەرلەنوێ لە کۆمەڵێ دیالۆژ و دیالۆگدا کۆیکردوونەتەوە و بەرگ و شێوازێکی هونەری و شانۆیی پێبەخشیوون. ژیان لە چاوتروکانێکدا، لێرە و هەر لە ئێستادایە. شانۆنامەکە کۆلاژێکە و لەنێو خانەکانی ژیانی تایبەتمەندی ئەو ئافرەتانەوە گەشەدەکات، هێزی خۆیان لە جیهانی دەرەوە وەردەگرن و گەردوونێکی تایبەتمەند دەستەبەر دەکەن. لە هەندێ لە ساتەوەختەکانی ئەو چاوتروکاندنەدا ڕووبەڕووی هەردوو جیهانەکە، دەرەوە و ناوەوە دەبینەوە: ڕووکردنە جیهانێکی بەرفراوانی گەورەی دەرەوە، لە هەمان کاتدا چوونە ناو پانتاییە تەسک و زۆر تایبەتمەندییەکانی شانەکانی ژیانی ئەو ئافرەتانەوە. هەر لەم چاوتروکانەدا پەیوەندییەکانی ئەو ئافرەتانە لەگەڵ پیاو و بەشێوەیەکی توندوتیژ، بێبەزەیی دەخاتە بەردەم دوو جۆر واقیعی ژیانەوە کە هەردووکیان لە بنەماکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆیان، دەوروبەرەکەیان و جیهانەوە وەردەگرێت.

پیتەر ئاسموسن سەبارەت بە شانۆنامەکە دەڵێت: "ئەمە تێکستێکی ئاسایی نییە، من ناچاربووم کە شێوازە باوەکان بشکێنم تا بتوانم ژیان و بەسەرهاتەکان سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی تر بگێڕمەوە".

هەر پێنج ئافرەتەکە بەردەوام لەسەر شانۆن و بەشێوەیەکی تەریبی ڕووداوەکانی ژیانیان، یادوەری و پەیوەندییەکانیان دەگێڕنەوە، لە هەمان کاتدا تێکەڵاوی ژیانی یەکتری دەبن و هەر پێکیشەوە دەچنە تەمەنەوە. شانۆنامەی "لە چاوتروکانێکدا"، وەک ڕەخنەگران ئاماژەیان بۆ کردووە، کۆنسێرتێکی چڕی

مۆسیقییه و له تۆنێکی ئارام و هەڵچوودا ژیانی پێنج ئافرەت بەرجەستەدەکات، لەم کۆنسێرتەدا دەنگی ئافرەت، مەرگ و یادکردنەوە و لەیادکردن لە چەقی گێڕانەوەکاندایە. پیتەر ئاسموسن لەم ئاهەنگە مۆسیقییەدا فۆڕمێکی میلۆدی ئەفراندووە، دیالۆژی ناوەکی، وتوویژی ئافرەتەکان و مەنەلۆژەکانیان لە چەندین دابڕان، پچڕان و پێکەوە بەستنەوەی جیاوازدا، بەشێوەیەکی کراوە، سوریالیزم، ئەبسۆرد و خەونەئامێز پێکدا دەچن. له هەموو چاوتروکانێکدا بەسەرهاتی یەکێک لەو ئافرەتانە دەگێڕێتەوە. لەوانەیە مرۆڤێک لە چرکەساتێکی کورتی ژیاندا گۆڕانکارییەکی هەتاهەتایی بەسەردا بێت: بە خۆشی و ناخۆشی، ڕووبەڕووبوونەوەی خۆشەویستییەکی گەورە، لەدەستدانی خۆشەویستییەکی گەورە، لەدایکبوونی منداڵێک، لەدەستدانی باوکێک، دووچاری فشار و توندتیژی، ڕاونان، لەدەستدانی کۆرپەیەک و دەست درێژکردنە سەر ناموس لەلایەن باوک یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانێکەوە.

شانۆنامەکە هیچ ڕێنماییەکی خوێنەر یان ئەکتەر ناکات و هەڵسوکەوت و هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوەی ئەکتەرەکانیش دەستنیشان ناکات، دیالۆژەکان و مەنەلۆژەکان پێکدا دەچن و ڕووداوەکان ڕوودەدەن. هەندێ جار چۆنییەتی ڕووداوەکانیش ڕوون ناکاتەوە و تەنها لەوێدا، لە چاوتروکانێکدا ڕوودەدەن، بۆ نمونە سارا لە بەشی دووهەمدا دووچاری لێدان و توونوتیژی دەبێت، بەبێ ئەوەی بزانین کە کێ لەو چرکەساتەدا لێیداوە؟

**ئەنێتا**

**لەلای دەستشۆرەکەوە وەستاوم و دەگریم، دەرشێمەوە.**

**سارا**

**نا، مەیکێشە بەسەرمدا! مەیکێشە بەسەرمدا!**

**(لێی دەدرێت)**

**ئەنێتا**

**ئینجا شتێکی سەیر ڕوودەدات. لە پڕێکدا وا هەستدەکەم لە ئاسماندا دانیشتووم و لەو سەرەوە تەماشای خۆمدەکەم)**

**شانۆنامەی 'لە چاوتروکانێکدا' بەشی دووهەم، سێرکی خۆشەویستی**

ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە شتەکان ڕوودەدەن، ئەوەی کە ڕووشدەدات بەرهەمی ڕووداو و کاردانەوەکانی کۆمەڵگایە، بە هەموو لایەنە تاریک و توندوتیژەکانییەوە. هەرچەندە لە پشتی هەموو فشار و لێدان و کارێکی توندوتیژەوە، کەسێک، تاوانبارێک هەیە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە هەموو ڕووداوەکان بەرهەمی ئەو کۆمەڵگا مۆدێرنەیە کە تیا دەژین و نووسەر بەوپەڕی وریاییەوە دوردەکەوێتەوە لە دەستنیشانکردنی کەسی یەکەم، کەسی تاوانبار. ڕووداوەکان لە بەرگێکی یادوەری، گێڕانەوەدا، لە ئێستادا بەرجەستەدەبن و زەمەنەکان تێکەڵاودەکات و ناشیەوێت کەسانی تر، بەشێوەیەکی فیزیکی جگە لە ئافرەتەکان خۆیان، تێهەڵکێشی ڕووداوەکان ببن.

هەر ئافرەتەی بەسەرهاتی خۆی هەیە، بۆ نمونە کەمیلە باسی باوکی دەکات، گرفتی باوک و پەیوەندی باوک بە کچەکەیەوە؛

**کەمیلە**

**دەیبینم لە ناوەوە هەلاهەلابووە. باوکم. هیچ نالێت. لەسەر مێزەکە هەڵدەستێت و دەڕوات. بەڵام لەویاشدا هەر هیچ نالێت. من لەکاتی ئێستادا زیاترێک هەر ئەوەم دێتەوە یاد. هیچ نالێت. شەقار شەقار بووە، بەڵام بێدەنگە و ورتەی لەدەمەوە نایەتەدەرەوە. ناتوانم هەروا بەئاسانی ئەو باسە بگێڕمەوە، چونکە یەک لەدوای یەکی ڕووداوەکانم لەیاد نییە)**

**شانۆنامەی 'لە چاوتروکانێکدا' بەشی یەکەم، ئاهەنگی دڵان**

یان پرۆسەی لەدایکبوونی منداڵێک، فشار بۆ هێنان، دەستدرێژکردنە سەر، نەخۆشی و بێدەنگی... هتد.

بەڵام ئەوەی کە هاوبەشە لە نێوان ئەم ئافرەتانەدا، ئەوەیە کە هەموویان ئافرەتی تەنهان، تەنهاییش دەبێتە شانەیەکی گرنگی ڕووداوەکان و بەرئەنجامی هەندێک لە کارە توندوتیژەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی یەکتریدا. یەکێک لە گرفتە هاوبەشەکانی تری ئەم ئافرەتانە ئەوەیە کە کەوتوونەتە پەراوێزەوە و نابینرێن و کەس هەست بە ئازار و ژان و هەست و نەستیان ناکات. ئەو ئافرەتە پەناهەندانەش کە هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە، هەمان چارەنووسیان هەیە و کەوتوونەتە نێو کەسە نەبینراو و پەراوێزی پەراوێزەکانەوە، نووسەریش لە چاوتروکانێکی بەهێزدا، ئافرەتێکی پەناهەندە دەگوێزێتەوە نێو پەراوێزی ئافرەتەکانی ترەوە؛

**(.. ژنێک لە نێوان ئامادەبووواندا هەڵدەسێت و دەڵێت؛**
**خۆزگە منیش بەشداری ئا ئەمە بوومایە، بۆ نا؟ بۆ نا؟ دە گوێ لەم چیرۆکە بگرە. ئێوارەیەکیان سەربازەکان هاتن و چواردەوری ماڵەکەمانیان گرت. باوکمیان ڕاکێشایە دەرەوە و لێیاندا، پرسیاریان لێکرد و دەیانویست بزانن ڕوخساری 'سەربازەکانی دوژمن' چۆن چۆنی بوون. ئێ باوکم نەیتوانی پێیان بڵێت، ئەوانیش زۆرتریکیان لێدا. هەردوو دەست و قاچ و چەناگەیان شکاند. زمانیان بە جگەرە سوتاند. دواتر بۆیاندەرکەوت کە کوێرە، ئیتر بەریاندا. من هەمیشە سەرسامی باوکم بووم. ڕاستە کوێربوو، بەڵام ئیشێکی بچکۆلەی دەکرد و هەموومانی لەسەر دەژیاین. تەنانەت مەسرەفی خوێندنی منیشی کێشا. بەڵام پاش ئەو لێدانە هەروەک منداڵێکی بێدەسەڵاتی لێهات. دواتریش مرد و منیش هەڵهاتم بۆ ئێرە. بەڵام دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم. دەزانیت، نامەوێت منداڵەکانم لێرە پەروەردەبکەم. چونکە من کەسێکی نەبینراوم. کەسێکیش کە نەبینراوبێت، واتە بوونی نییە. سوپاس.**
**ژنەکە دەڕواتە دەرەوە)**

**شانۆنامەی 'لە چاوتروکانێکدا' بەشی چوارەم**

**کەسە نەبینراوەکان**

ئەم ژنە پەناهەندەیە کە لە نێوان بینەرانەوە ڕاستدەبێتەوە بەزمانی ئینگلیزی قسەدەکات، پیتەر ئاسموسن دەیەوێت دابڕانێک بەهۆی چەمکەکانی زمانەوە لە نێوان ئەو پێنج دەنگە و ئافرەتە پەناهەندەکەدا دروستبکات. دوای ئەوەی کە ئەو ئافرەتە لە ڕووداوەکان دەچێتە دەرەوە و دەرگاکە بەدوایدا دادەخات، ئەو ساتە، لەو "چاوتروکانەدا" بەسەر دەچێت. کارەکتەرەکان دەیانەوێت ئەو وەهمە بشکێنن کە تەنها نین، کە مرۆڤیش تەنهابوو، تەنهایە، نە کەس دەیبینێت و نە کەسیش خۆشی دەوێت.
(ئەگەر بە تەنیا بەدەوری دارسنەوبەری جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا سەمابکەیت، ئەوا دەبێت بە خێراییەکی هەر زۆر لەحنەتی ڕابکەیت)، ئەم حیوارە لە کارەکتەرێکەوە دەچێت بۆ کارەکتەرێکی تر و بەشێوەیەکی بەردەوام دووبارەش دەبێتەوە، سیمبولێکی بەهێزی تەنهایی و ئاوازێکی غەمگینی ژیانی ئەو ئافرەتانە و کۆنسێرتەکەیانە. لە جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا کەس بەتەنیا نابێت و هەموو بەدەوری دارسنەوبەرەکەدا کۆدەبنەوە و دیارییەکانیان پێشکەش بە یەکتری دەکەن. ئەم ئافرەتانە کە لەم ژورەدا کۆبوونەتەوە یەکتری تەواو دەکەن، یەکتری سەخڵەت دەکەن، سەرنجی یەکتری بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و دڵنەوایی یەکتریش دەدەنەوە و دەیانەوێت بچنە پشت ڕووداوەکانەوە و لەلاوە تەماشای ڕابردووی

خۆیان بکەن تا بتوانن سەرلەنوێ ئەو ژیانەمان بۆ بگێڕنەوە. یەکەکانی کات و شوێنیش بە تەواوەتی تێکشکێنراوە و ڕووداوەکانیش لەو مەرزە بێکۆتا و جیاوازەدا، لە فۆڕمێکی ناتەبادا دێت و دەچێت.

شانۆنامەی 'لە چاوتروکانێکدا' چەندە توندوتیژ و بێبەزەییە، هێندەش وروژێنەر و خۆش و ساکارە، لە چرکە ساتێکدا، ساتەپڕ لە خەم و ژانەکان، تراژیدی و کۆمیدی، بەختیاری، داڕوخان و کەوتن، لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو پێنج ئافرەتەدا دەتەقێنێتەوە. نووسەری شانۆنامەکە وەک نوزەیەکی درێژ، لافاوێکی بەردەوام و قیژەیەکی لەدوا نەهاتوو نووسیوە و هەندێ لە ساتەوەختەکانی ژیانی مرۆڤە، شالاوێکە لە هۆش و منی ئاگا.

# گوێگرە عەبدولسەمیع لە پرۆسەی شانۆی ئاهەنگئامێزدا

## • کولتوور وەک پرۆژەیەکی دامەزراندن

ڕۆشنبیر و شانۆکارانی عەرەب بۆ دامەزراندن و پرۆژەی شانۆیەکی نەتەوایەتی گەڕاونەتەوە سەر کەلەپور و کولتووری ئیسلامی و دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگاکانیان. ئەو کەلەپورەش لە سامانێکی دێرین و گەورەی چیرۆک، ئەفسانە، چیرۆکی میللی، شیعر، ڕیتواڵ و دابونەریتی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە. هونەرمەند و ڕۆشنبیری عەرەب هەوڵیانداوە سەرلەنوێ ئەو مێژوو و کەلەپورە دێرینە لە دیدوبۆچوونی جیاوازی نوێ و هاوچەرخەوە، لە ڕوانگەی مەسەلە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگا، لەهەموو ڕووەکانییەوە، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابوری، ئایین و سیاسییەوە زیندوو بکەنەوە. خودی پرۆسەی ئەو زیندووکردنەوەیەش و سەرلەنوێ بەرجەستەکردنی لە عەقڵی قەومی عەرەبیدا، تەنها مامەڵەکردن نییە لەگەڵ مێژووی عەرەبی و ئیسلامیدا وەک خۆی و بەبێ هیچ خوێندنەوەیەکی نوێ و مامەڵەکردنێکی هاوچەرخانە. بەڵکو عەرەبەکان ئەو پرۆسەیەیان وەک دەسپێکی گرنگی پێناس و گەڕان بەدوای خود و لەهەمانکاتدا دژ بەهەموو پاڵەپەستۆ و کاریگەرییە دەرەکییەکانی تر بووە. مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوو تەقەلایەکی بەبڕشت بووە بۆ بەرەوپێشەوەچوون، وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە نەخشەی کولتووری و شارستانییەتی مرۆڤی عەرەبدا.

لەبەرئەوە مەسەلەی بەکارهێنان و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، تەنها پرۆسەیەکی زیندووکردنەوە و ئامادەکردن و هاوچەرخکردنی ئەو ڕابردووە نەبووە، بەڵکو پرۆژەیەکی پەیوەست بووە بە تێگەیشتنێکی تری ئەو ڕابردووە و ڕەخنەلێگرتنی، لەپێناوی دروستکردن و دامەزراندنی سترکتورێکی جیاواز و پێشکەوتوو بۆ ئێستا و خوڵقاندنی کەلەپورێکی نوێ.

هەر لەم تێڕوانینەوە شانۆکارە عەرەبەکان هەوڵیانداوە کە دەروازەکانی کەلەپور و مێژووی وڵاتەکەیان سەرلەنوێ بکەنەوە و لە واقیعی ژیانی سیاسی و کێشە ڕۆژانەکاندا بەرجەستەیان بکەن. فۆرم و شێوازێکی تایبەتمەند و جیاواز لە تەکنیک و شێوازە ڕۆژئاواییەکانیش، بەتایبەتی لەبواری نووسینی شانۆنامەکاندا بەرایی و مەرجێکی گرنگ بووە. ئەمەش وایکردووە کە ئەو تێکستە نووسراوانە، بنەمایەکی پتەو دابڕێژێت و بشچێتە دووتوێی جوڵانەوەیەکی بەرنامەڕێژی ئەفراندنەوە کە بارودۆخێکی جیاواز بۆ بزووتنەوەی شانۆی عەرەبی لە هەموو ڕووەکانییەوە: ناوەکی و دەرەکی و هێڵە جیاواز و بۆچوونە هەمە چەشنەکانی لێکۆڵینەوە و گەڕانەوەی سەرچاوەکانی ڕابردوو لەخۆبگرێت.

گەڕانەوەی شانۆکارانی عەرەبیش بۆ ڕابردوو، لەپێش هەموو شتێکدا لەپێناوی تێگەیشتن و نزیکبوونەوە و بۆچوونێکی ئایندەخوازی بووە لەنێوان خودی کەسایەتی عەرەب و مەسەلە هەنووکەییەکان، ڕۆشنبیری، فیکری و هونەری لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە خوڵقاندنی هۆشیارییەکی ڕەخنەیی و دروستکردنی پرۆژەیەکی ڕۆشنبیری هاوچەرخ بۆ کەلەپوور و مێژووی وڵاتەکەیان. لە کۆتایی حەفتا و بەرایی هەشتاکاندا گۆڕانکارییەکان، بەشێوەیەکی فراوان بوارەکانی هونەری وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە. نەوەیەکی نوێ و بارودۆخێکی لەبار هانی شانۆکاران ئەدات کە زیاتر مامەڵە لەگەڵ کەلەپور و کولتووری کۆنی خۆیان، بە چاوێکی ڕەخنەئامێزەوە بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن سەرلەنوێ و لە دید و ڕوانگەیەکی جیاوازەوە دایمەزرێننەوە.

شانۆکارە عەرەبەکان لەم قۆناخەدا ڕوودەکەنە لێکۆڵینەوە، سەرلەنوێ خوێندنەوەی ڕابردوو، تەقەلای ئەزموونگەری و گەڕان بەدوای فۆرم و شێوازی نوێی کارکردندا. عەرەبەکان لە دەروازەکانی مێژوو، دابونەریت و کولتوورەوە دەیانەوێت شانۆیەکی نوێ و ناتەبا، لەهەردوو ڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە، بەدەر لەشانۆی ڕۆژئاوا دابمەزرێنن. بۆ ئەم مەبەستەش وەک لەلای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، دیاردە کۆمەڵایەتی، دابونەریتە میللییەکان، کەسایەتی ناسراو و

پاڵـەوانـە نـەتـەوەییـەکانیـان، ڕووداوە مێژووییـەکـان و ئاهـەنگـە ڕیتواڵییـە هەمەچەشنەکانی وڵاتانی عەرەبی بکەنە زەمینە و بنەمایەکی پتەوی داڕشتە و سترکتوری هەوڵەکانیان.

بێگومان چیرۆک، ئەفسانە، بەسەرهات و داستانە عـەرەبییەکان، زاراوە میللی و جەژنە نەتەوایەتییەکان دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی داهێنـانی کـار و پـرۆژەکانیـان. هـەر لـەم قۆناخـەدا هۆشـیاری شانۆنووسـەکـان و ڕووبـەڕووبوونـەوەیـان لـەگـەڵ واقیعـی سیاسـی و کۆمـەڵایـەتـی و دەروونـی، بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاریان بەسەردا دێت. شانۆنامەنووسەکان چیتر بەشێوەیەکی نێگەتیف، خۆیـان لـەپشت دابونـەریت و مێژووی وڵاتـەکانیانـەوە ناشارنەوە، بۆ نمونە کەلەپوریان بەکارنەهێناوە بۆ مەبەستە سیاسیەکانی خۆیان و نەشیانکردۆتە دەمامکێکی ئایدۆلۆژی و ئامڕازی پڕوپاگەندە، هێندەی ویستویانە ئەتمۆسفێرێکی تر بخولقێنن و ڕەخنە لە واقیعی عەقڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی عەرەبی بگرن.

## • دەروازەکانی مەغریبی عەرەبی و شانۆیەکی جیاواز

یەکەم تەقەلا و دەسپێکی پرۆسەی دامەزراندن، یەکەم تیۆر و هەنگاوی پراکتیکی، پێشواژەکانی زیندووکردنەوەی کولتوور و ئامادەیی مێژوو لە ئێستا و لە ئایندەدا، دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی مەغریب. مەسەلەی دامەزراندنی شانۆیەکی عەرەبی جیاواز لە وڵاتی مەغریب زیاتر بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری عەرەبیدا، سەریهەڵداوە. شانۆکارانی مـەغریب مامەڵـەیـەکی بابـەتیانـە، وردبین و قـووڵ لـەگـەڵ تـەوژمـە نوێیەکانی ڕەخنە و ڕەخنەی شانۆییدا دەکەن، بەتایبەتی ئەو تەوژمانەی کە لە بنەمایەکی گشتگر و هەمەلایەنەوە دەڕواننە کار و پرۆژە داهێنەرەکان. بەتایبەتیش ئەو کارانەی کە ڕەچاوی دابڕین و گۆڕانکارییە بنەڕەتی و گەورەکانی کۆمەڵگای کـردووە، ئـەمـەش وای لـەو شـانۆکارانە کـردووە کـە ڕووبـەڕووی دابونـەریت و کولتووری ڕابردووی خۆیان ببنەوە و سەرلەنوێ و بەدیدوبۆچوونی جیاوازەوە بیخەنەوە ڕوو.

لەم بوارەشدا کەسانی وەک هونەرمەندان طيب الصديقي و عبدالكريم بەرشید دیارن، ئەم شانۆکارانە هونەری شانۆیان لەنێو ئاهەنگ و دابونەریتە کولتوورییەکاندا بەند نەکردووە، هێندەی هەوڵی نوێکردنەوە، بەئەمڕۆکردن، شکاندنی بەربەستەکان و کردنەوەی پانتاییەکی فراوان بۆ داهێنان و بەرجەستەکردنیان داوە. ئەم هونەرمەندانە شانۆ بە شێوازێکی بەرنامەڕێژ لەنێو کۆد و شانە کولتوورییەکاندا دەدۆزنەوە و سەرلەنوێ دایدەمەزرێننەوە.

## • شانۆی ئاهەنگئامێز

شانۆی ئەهەنگئامێز دادەنرێت بە یەکێک لە ئەزموونە چڕ و دەوڵەمەندەکانی شانۆی مەغریبی بەتایبەتی و شانۆی عەرەبی بە گشتی. ئەم شانۆیە لەپێناوی گرنگی پێداویستییەکانی دامەزراندنی شانۆیەکی نەتەوایەتی، لەسەر بنەماکانی شێواز و ڕێسا ئاهەنگئامێزەکان، بانگەشەی بەکارهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور و دابونەریتی کۆنی عەرەبی دەکات.
بنەماکانی ئەو ڕێسایانەش دەگەڕێنەوە بۆ بەکارهێنانێکی هاوچەرخانەی ڕیتواڵ و کۆبوونەوە و دیاردە میللییەکان.
عەبدولکەریم بەرشید بە ووردی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ناکرێت مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوور تەنها بە زیندووکردنەوەی ڕابردوو و خوێندنەوەی لە ئەمڕۆدا، یان بەکارهێنانی هەندێ هێمای کولتووری سواوی کۆنی کۆمەڵگا بکرێت. گەڕانەوە بۆ کولتوور لەپێناوی دۆزینەوە و پەردە هەڵماڵین و ڕووتکردنەوە و دادگاییکردنی ئەو ڕابردووە، دەبێت گەڕانەوەیەکی توندوتیژ و دڵڕەقی دوێنێ و ئەمڕۆ بێت. تا جارێکی تر ڕابردوو لە ئەمڕۆدا بەهەمان شێوە ڕوونەداتەوە، لەهەمانکاتدا داشنەبڕێین لەو ڕابردووە کە بنەما سەرەکییەکانی خودی عەرەبی و کۆمەڵگای عەرەبی لەسەر بنیاتنراوە.
کارگێڕانی شانۆی ئاهەنگئامێز: شانۆنامەنووسەکان، شانۆکارەکان و ئەو لێکۆڵەرەوانەشی کە هەوڵی بە تیۆریکردنی ئەم دیاردەیەیان داوە، بۆچوونەکانیان لەچەند خاڵێکی گشتی و هاوبەشدا یەک دەگرێتەوە. گەڕان بەدوای بابەتی عەرەبیدا، بە هەموو شێوەکانییەوە، مێژوویی، کەلەپور، نووسراو و ئەدەبێکی زارەکی و دەماودەم.

گەڕان بە دوای بۆچوون و تیۆرێکی تایبەتمەندی شانۆیی، کە سەرچاوەکانی لە فەلسەفەی عەرەبی و تێڕوانینی ئەقڵی عەرەبییەوە وەرگرتبێت، دواتر دۆزینەوەی شێواز و فۆرمێکی تایبەتمەندی وەهادا کە بتوانێت بە شێوەیەکی کردەیی ناواخنە فیکرییەکانی تێدا بەرجەستە بکرێت و لەهەمانکاتدا بتوانێت بازنەیەکی پەیوەندی و بەردەوامی لەگەڵ جەماوەر و بینەراندا دروست بکات.

بەم شێوەیە و بەپێی تیۆر و بۆچوونی ئاهەنگئامێزەکان دابونەریت، مێژوو و کولتوور لەناو کایەکانی (ئێمە) دا بوونی هەیە و بەبێ ئەو بوونە و بەبێ ئامادەگی (ئێمە) لە ئێستادا دروست نابێت.

شانۆی ئاهەنگئامێز دابڕان نییە لە ڕابردوو، شتێک نییە لە هیچەوە وەک قارچک هەڵتۆقابێت. بەڵکو شانۆی ئاهەنگئامێز بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆی ڕابردووە، یادەوەری و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی یەکانگیری دڵڕەقانەی ئەو ڕابردووەیە، ئەوەی هەبووە و ئەوەی هەیە، بەڵام لە پرۆسەیەکی داهێنان و دامەزراندندا، نەک لە بازنەیەکی دووبارەبوونەوەدا.

عەبدولکەریم بەرشید ئەم بنەمایە دەکاتە زەمینەیەکی لەبار و دەستپێکی تری کولتووری کۆن و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو. بیرەوەرییەکانی مرۆڤی تاک و بیرەوەرییەکانی کۆمەڵگا، لە پرۆسێسێکی نوێ و خولقاندنێکی پڕ لە داهێناندا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بنەماکانی کولتوور، مێژوو و ویژدانی کۆمەڵ و هەستی میللی.

عەبدولکەریم بەرشید کولتوور دادەنێت بە چاوگێکی دەوڵەمەند و کایەیەکی سەرەکی نووسینی شانۆنامەکانی، لەبەرئەوەی کولتوور وەک بیرەوەرییەکانی کۆمەڵی و پەنجەرەیەکی مێژوویی، هەموو خودەکانی تێدا کۆدەبێتەوە، یادەوەرییەک کە پەیوەندییەکی پتەو و جەدەلیی بە ڕابردوو، بە مێژوو و بە زەوییەوە، وەک هێمای نیشتمان هەیە. هەر لەبەر ئەوەشە کە شانۆنامەکانی عەبدولکەریم بەرشید لەبۆنەی کولتووری کۆن و دەروازەکانی مێژووی عەرەبی و فیکری ئیسلامییەوە سەریان دەرهێناوە، بەڵام بەتوندی پەیوەستە بە ئێستا و ئایندەشەوە. پرۆسەی شانۆی ئاهەنگئامێز لە دەروازەکانی مێژوو و کولتوورەوە، خوێندنەوە نوێیەکانی سەقامگیری مرۆڤی ئەمڕۆی عەرەب لە (ئێمە، ئێستا، لێرەدا) دەکات.

شانۆی ئاهەنگئامێز و شانۆنامەکانی عەبدولکەریم بەرشید تێڕوانینێکی کراوە، جیهانیی و مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت. هەرچەندە مێژوو و کولتووری عەرەبی، بەهەموو لایەنە سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانییەوە، بنەمایەکی سەرەکی و

گرنگی ئەم ڕەوتەی شانۆی عەرەبییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە کولتوور و مێژووی جیهان دانەبڕاوە.

عەبدولکەریم بەرشید چەندە شانۆنامەکانی لە کولتووری عەرەبی و ئیسلامییەوە سەرچاوەی گرتووە، هێندەش سوودی لە کولتوور و مێژووی ڕۆژئاوا وەرگرتووە.

## • چەمکەکانی شانۆیەکی ئاهەنگئامێز

نووسەر و شانۆکارانی ڕەوتی شانۆی ئاهەنگئامێز لەساڵی 1979 دا یەکەم بەیاننامەی تەوژمە شانۆییەکەیان بڵاودەکەنەوە، بەو بەیاننامانەش بانگەشەی پرۆژەی دامەزراندنی شانۆیەکی عەرەبی، مەغریبی تایبەتمەند دەکەن. پرۆژەکە هەموو ڕووەکانی داهێنانی شانۆیی، ڕەخنە، تیۆر و لێکۆڵینەوە، ڕیژی و نواندن، پیەسی شانۆیی و تەکنیکێکی جیاواز دەگرێتەوە. هەر لە سەرەتاوە ئامانج و دیدی ڕابەرانی ئەم شانۆیە تێپەڕاندن و وەلاوەنانی هەموو شێوە و شێوازە تەقلیدی و باوەکانی شانۆی عەرەبی بووە، (ئێمە، ئێستا و لێرەدا) بنەمایەکی سێکوچکەی چەمکی دید و بۆچوونە کردەیی و تیۆرییەکانیان بووە. ئێمە لە ئێستا و هەر لێرەدا دەروازەکانی ڕابردوو بەڕووی ئەمرۆدا دەکەینەوە، ئێمە ئێستا و لە ڕابردووەوە هێز و وزەی دروستکردنی شتێکی تازە، لێرەدا بۆ ئێستا و بۆ ئایندەش وەردەگرین.

هەر لەبەر ئەوە عەبدولکەریم بەرشید وەک یەکێک لە دامەزرێنەرە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەم تەوژمە شانۆییە ئاماژەی پێویستی دیدێکی فەلسەفی و تیۆری دەکات بۆ ئەم شانۆیە، دامەزراندنی شێوازێکی نوێی شانۆیی پێویستی بە پاڵپشتێکی پتەوی تیۆریی، ڕەخنەیی و ئیستاتیکی هەیە. لەبەر گرنگی بنەما ڕەخنەیی و تیۆرییەکان، شانۆکارانی ئاهەنگئامێز بەردەوام دەبن لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و ووتارە ڕەخنەیی و بۆچوونە تیۆرییەکانیاندا.

بەیاننامەکانیان بۆچوون و چەمکێکی تیۆریی لە لێکۆڵینەوەی بنەماکانی شانۆی ئاهەنگئامێز، پرۆسە کردەیی و چەمکە ئیستاتیکییەکان لەخۆدەگرێت. لەهەمانکاتدا ئەو بەیاننامانە ڕۆڵێکی لەبەرچاویشی دەبێت لە بڵاوکردنەوەی تەوژمە شانۆییەکان و ناساندنی بە هەموو وڵاتانی عەرەبی.

عەبدولکەریم بەرشید هەوڵیداوە بەهۆی مانیڤێستەکانیانەوە باسی پرسە گەوهەرییەکانی شانۆ بکات و چەمکەکانی شانۆی ئاهەنگئامێز ڕوونبکاتەوە و دیدە هونەری و تەکنیکییەکانی شانۆکەشیان بخاتە ژێر تیشکی سەرنج و ڕوونکردنەوەوە. بەرشید لەپاڵ مانیڤێست و بەیاننامەکانیاندا چەندین باس و لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەمەلایەن سەبارەت بە هۆکارەکانی دروست بوون و گەشەکردنی شانۆی ئاهەنگئامێز بڵاودەکاتەوە.

## • شانۆی ئاهەنگئامێز و سەرەتایەکی داهێنەرانە

شانۆی ئاهەنگئامێز مۆرکێکی فراوانی ئەفراندن لەخۆدەگرێت و بنەماکانی لە پرۆسەیەکی سەراپاگیر و چڕدا کۆدەبێتەوە، لەو پرۆسەیەدا هەموو توخم و بوارەکان پێکەوە یەکتر تەواو دەکەن.

شانۆی ئاهەنگئامێز پەیوەستە بە کۆمەڵێ پەیوەندی جۆراوجۆر و پتەوەوە، بۆ نموونە پەیوەندییەکانی بە فیکری مرۆڤایەتی، بە کولتوور و دابونەریت، بە ئەزموونە شانۆییەکانەوە (جیهانی و عەرەبی). ئەم پەیوەندییانەش لەسەر بنەمایەکی دیالیکتیکی بنیاتنراوە و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە. عەبدولکەریم بەرشید شانۆ وەک هونەر و پلاتفۆرمێکی هەمیشە بزۆز دادەنێت، لەو پلاتفۆرمەدا گۆڕانکارییەکان لەڕووی زمان و کەرەستەکانی بەرجەستەکردن و شێوازی نووسین و دیدی هونەریدا، لە جوڵانەوەیەکی بەردەوامدان. زمان بەشێکی گرنگی تەکنیک و دەستپێکی بێکۆتاییە. هەموو شتێک لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامی بێکۆتاییە، شانۆیەکی سەراپاگیر، تەواوەتی و نەگۆڕ، بوونی نییە کە لەگەڵ هەموو سەردەم و کات و شوێنێکدا بگونجێت، بەڵکو شانۆ جۆراوجۆرە و هەموو سەردەم و کولتوور و قۆناخێکی مێژوویی، شانۆی تایبەتمەند و خوێندنەوەی خۆی هەیە. عەبدولکەریم بەرشید وەک تەوژمێکی ژیاری و کۆمەڵایەتی ئاماژەی شانۆی ئاهەنگئامێز دەکات، شانۆیەک کە بەشیکی گرنگ و جیانەکراوەی ژیانی ڕۆژانەمانە. لەبەرئەوە شانۆنامەکانی عەبدولکەریم بەرشید، هەرچەندە بە زمانی عەرەبی نووسراون، بەڵام وەک بەشێکی گرنگی کولتووری شانۆی جیهانی ئاماژەی بۆ دەکرێت: بابەتەکانی، کارەکتەرەکانی و ڕووداوەکان، تایبەتن بە مەسەلە

مرۆڤایەتییەکانەوە، لەهەمانکاتدا پەیوەستە بە چەمکە بەربڵاوەکانی (ئێرە و ئەم ساتەوەختە).

شانۆنووسانی شانۆی ئاهەنگئامێز بە شێوازێکی جیاواز و دوور لە فۆرم و تەکنیکی داڕشتن و نووسینی شانۆی کلاسیکی شانۆنامەکانیان نووسیوە. پیەس و پرۆسەی شانۆیی ئاهەنگئامێز لە جوڵانەوەیەکی بەردەوامی دیالیکتیکی و بارگۆڕین و گۆڕانکاری شانۆیدایە. هەروەها شانۆی ئاهەنگئامێز هەموو ئامراز و تەکنیک و فۆرمێک بەکاردەهێنێت لەپێناوی پێگەیشتنێکی زیندوو و پڕ لە ژیان لەگەڵ بینەراندا.

شانۆنامەیەکی ئاهەنگئامێز دەکرێت لەیەک کاتدا مێژوویی، واقیعی، سوریالی، سەرسوڕهێنەر، ئەندێشەئامێز و هێماگەری بێت، بەمەش واقیعێکی شانۆیی تایبەتمەند بەخۆی دروست دەکات. لەو واقیعەدا کۆمەڵێ کۆدی زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی و گەمەی شانۆیی پێکدا دەچن، شانۆی ناو شانۆ دروست دەکەن و ئاهەنگێکی شانۆیی و ڕیتواڵیکی زیندوو دەستەبەر دەکەن. شانۆی ئاهەنگئامێز پێویستی بە ئەکتەری بەتوانا و تایبەتمەند هەیە کە بتوانێ زمانی دیالۆژ و داڕشتنی پێکهاتەکانی تێکستەکە بدۆزێتەوە، هەڵیبوەشێنێت و پەردە لەڕووی ناواخن و پشتەوەی بۆچوونە فیکری، هونەری و ئێستاتیکییەکان هەڵبماڵێ.

## • عەبدولکەریم بەرشید
## ژیان و داهێنان

عەبدولکەریم بەرشید لە شاری (ئەبرکان ) و لە ساڵی ١٩٤٣ دا لە وڵاتی مەغریب لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٧١ دا لە کۆلیژی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە شاری (فاس) ئەدەبی عەرەبی و زانستی سایکۆلۆژی تەواو دەکات، دواتر لە باسەکانی ئاهەنگئامێز و هێما نەتەوایەتییەکاندا قووڵ دەبێتەوە و بڕوانامەی خوێندنی باڵا لەسەر تێزی (ئاهەنگئامێز و لەرینەوەکانی سەردەم) وەردەگرێت. عەبدولکەریم بەرشید بەو بڕوانامانە کۆتایی بە گەشتی گەڕان و لێکۆڵینەوەکانی ناهێنێت و دواتر بڕوانامەی دکتۆرا لەسەر شانۆی عەرەبی بەدەست دەهێنێت. نووسینی ئەو بڕوانامەیە و هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوەکانی، ڕووبەڕووی ڕاستییە ڕەهاکانی بوون و نەبوونی شانۆی عەرەبی دەکاتەوە، نامەکەشی لەسەر (تەوژمە نوێکانی شانۆی عەرەبی لە سەرەتاوە تا پێگەیشتن) دەبێت. لەو نامەیەدا بە وردی

گەڕاوە بەدوای چەمکە هاوچەرخەکان، دیدە ڕەسەنەکان و مۆرکێکی نوێ لە سەرەتاکانی شانۆی عەرەبیدا. عەبدولکەریم بەرشید دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە شانۆ تەوژم و دیاردەیەکی شارستانی و ڕۆژئاواییە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئاماژەی ئەوەش دەکات کە عەرەب لە دێرزەمانەوە شێوە شانۆیەکیان هەبووە و گەلێ لە بنەما کولتووری و ڕاستییە مێژووییەکان نەفەسێکی قووڵی درامی و ڕیتواڵێکی شانۆییان هەبووە.

عەبدولکەریم بەرشید جگە لە بوارە تیۆری و لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی، خولیای هونەری شانۆ، نواندن و ڕیژی بووە و لەم بوارەشدا هەوڵیداوە جێگای خۆی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ۱۹۷۱ دا گروپی بوژانەوەی شانۆیی دامەزراندووە و کۆمەڵێ لە شانۆنامەکانی خۆی و نووسەرانی تری شانۆی عەرەبی بۆ ئەم شانۆیە پێشکەش دەکات. دواتر برەو بە چالاکییە هونەرییەکانی دەدات و ڕێگایەکی زانستیش بۆ بەهرە هونەرییەکەی ئەدۆزێتەوە. عەبدولکەریم بەرشید لەپاڵ خوێندن و لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی، دەبێتە قوتابی ئەکادیمیای مونبولییی لە فەڕەنسا و لە ساڵی ۱۹۷۳ دا بڕوانامەی هونەری ڕیژی بەدەست دەهێنێت.

عەبدولکەریم بەرشید دادەنرێت بە یەکێک لە پێشڕەوەکانی شانۆی مەغریبی و بە شانۆنامە و دید و بۆچوونە تیۆری و لێکۆڵینەوە شانۆییەکانی پێودانگ و مۆرکی شانۆی عەرەبی دەوڵەمەند کردووە. بۆچوون و شیکردنەوە شانۆییەکانی لەسەر کۆمەڵێ بنەمای هونەری، فیکری و ئیستاتیکی دامەزراندووە. تەقەلا تیۆری و پراکتیکییەکانی ئەم نووسەرە هونەرمەندە لەپێناوی داهێنانی شێوازی نوێ و جیاوازدا بووە بۆ بەردەوامی و پێگەیشتن و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەران.

عەبدولکەریم بەرشید هەر لە سەرەتاوە هەوڵەکانی لەسەر بنەمایەکی کردەیی و ئەزموونگەرییەوە بنیات دەنێت، ئەو بنەمایەش پەیوەندییەکی توندی بە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی کەسایەتی و پێناسەی فیکری، ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامییەوە هەبووە. هەر لەم دەستپێکەشەوە گەڕاوەتەوە سەر بەرجەستەکردن و سەرلەنوێ خوێندنەوە و ئامادەکردنی کۆمەڵێ کەسایەتی ناسراوی کولتووری و مێژوویی، لە پێناوی گوزارشتکردن لە مەسەلە چارەنووسسازەکانی مرۆڤی عەرەب. ئەم شانۆکارە نووسەرە توانیویەتی ئەو کەسایەتییانە بخاتە نێو سترکتورێکی هونەری گشتگری ڕەهاوە کە جەماوەر بە تێڕامان و تێڕوانینەوە ڕووبەڕووی ببنەوە و لەهەمانکاتدا خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.

عـەبدولکـەریـم بـەرشـید نزیکـەی پـەنجـا شـانۆنامەی نووسـیوە و هـەنـدێ لـە شانۆنامەکانی وەرگێڕدراونـەتـە سـەر زمانـەکانی فـەرەنسی، ئینگلیزی، ئیسپانی و کوردیش. بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی لەسەر شانۆی زوربەی وڵاتانی عەرەبیدا نەمایشکراوە، هەروەها لە گۆڤارە عەرەبییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی زۆریان بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ بڵاوکراونەتەوە.

عـەبدولکـەریـم بـەرشـید لـە بـواری لێکۆڵینـەوەی شانۆیـشدا زۆر قـاڵ بۆتـەوە و کۆمەڵێ کتێبی دانسقە و گرنگی لەسەر شانۆی ئاهەنگئامێز و پێگە و تـەڵـەزگـەکـانی شانۆی عەرەبی نووسیون.

## * گوێبگرە عەبدولسەمیع

## - ناونیشان یان ئاماژە و هێماگەلێکی مەجازی

ئامادەبوونی یاخود بوون و یادەوەرییەکانی عەبدولسەمیع لە خودی ناونیشانی شانۆنامەکەوە سەرچاوە دەگرێت. عەبدولکەریـم بـەرشـید هـەر لـە سـەرەتـاوە، وەک نووسەرێکی بەسەلیقە و شـارەزا لـە ئامرازەکانی بونیاد و سترکتوری درامایـەکی پێگەیشتووەوە، ناونیشانی شانۆنامەکە دەکاتە ئاماژە و هێماگەلێکی مەجازی.

شانۆنامەکە هەر لە ناونیشانەکەیەوە کارەکتەرێک، کەسایەتییەک دەکاتـە هێما و هـەمـوو کـارەکتـەرەکـانی تـر لـە دەوری کـەسـایەتـی ئـەودا، واتـە (عـەبدولسـەمیع) دەخولێنەوە.

عـەبدولـسـەمیـع لـە چـەقدایـە و بـەردەوام ڕووداو و کـارەکتـەرەکـانی تـر لـە پەراوێزەوە ڕادەکێشێت بۆ چەق و بە پێچەوانەشەوە. هەندێک جار بەهۆی تەکنیکی گێڕانـەوە و شـانۆی نـاو شـانۆوە، کـارەکتـەرەکـانی لـە چـەقـەوە دەگوێزێتـەوە بـۆ پـەراوێـز و خـۆی لـە نـاوەنـدی ڕووداوەکـانـدا دەکاتـە بزوێنـەری زەمـەن و هێڵـی ڕووداوەکان هەڵدەسوڕێنێت.

عەبدولکەریم بەرشید هـەر لـە ناونیشانەکـەوە، دووپاتی دروستکردنی ڕۆنـانی کـارەکتـەرەکە، بـەر لـە ڕووداوەکان دەکاتـەوە. تێکڕای شانۆنامەکە لـە پێنج تـابلۆ، دیمـەن یـان وەک نووسـەر ئامـاژەی بـۆ کـردووە (هـەناسـە) پێکهـاتووە و هـەر هـەناسـەیـەکیش ناونیشانێکی سـەربەخۆی هـەیـە: عـەبدولـسەمیع داهێنـەر بـوو،

عەبدولسەمیع ئەبێ بە کارەباچی، ئەوکاتەی کە عەبدولسەمیع مناڵ بوو، عەبدولسەمیع لە وڵاتی سەیروسەمەرەدا. هەموو ناونیشانەکانیش پێکەوە کۆمەڵێ ئاماژە و مانای هێماگەری لەخۆدەگرن، ئەم ناونیشانانەش وێنەیەکی گشتگر و تەواوەتی لەگەڵ خودی ناونیشانە سەرەکییەکەی شانۆنامەکە پێکدەهێنێت. بۆ نموونە ناونیشانی هەناسەکان چەندین مانای سیکۆلۆژی و سیمیۆلۆژی دەبەخشنە ناوەڕۆکی دیمەنەکان و هێما و مانا مەجازییەکان دەبنە بنەمایەکی یاریدەدەری خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و بەستنەوەیان بە تێکڕای شانۆنامەکەوە. هەروەها دەتوانین بڵێین کە ناونیشانەکان دەبنە دەروازەیەک بۆ چوونە ژوورەوەی تابلۆکان لە لایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ تێگەیشتنێکی هەمەلایەنە و قووڵی سەراپای شانۆنامەکە. ناونیشانی دیمەنەکان و لەڕێگای سیستەمێکی لۆژیکی و پرۆسێسێکی بەرنامەڕێژی یەک لەدوای یەکەوە، پەردە لەڕووی نهێنییەکانی شانۆنامەکە و ئاماژە هێمادارییەکانیش هەڵدەماڵێت. ئەم ناونیشانانە چەمکێکی بزۆزیش دەبەخشێتە سەفەرەکەی عەبدولسەمیع و لەهەمانکاتدا لە شێواز و تەکنیکە کۆن و کلاسیکییەکانیش دووردەکەوێتەوە. مەبەستی نووسەر لە ناونیشانی شانۆنامەکە و ناونیشانی دیمەنەکانی تری، لەسەر ئاستەکانی بوونیاد، هێماگەری و گەمەی زمان و بەکارهێنانی دەستەواژە و زمانێکی ڕاستەوخۆ، جۆرێکە لە خوڵقاندنی پەیوەندییەکی لێکتێگەیشتن، دیالۆگ، بەردەوامی و شوێنپێهەڵگرتن لەگەڵ خوێنەر و لەگەڵ بینەراندا.

عەبدولکەریم بەرشید لە دید و بۆچوونێکی شانۆیی و هزرێکی فیکرییەوە (گوێبگرە عەبدولسەمیع) وەک ناونیشان یەکانگیر و ئاوێزانی تەکنیک و شێوازەکانی چەمکی نامۆبوون لەلای برێشت دەکاتەوە. بەرشید گەرەکییەتی هەر لە سەرەتاوە پرسیار و هەستێکی نامۆبوون و کاریگەری لەلای خوێنەر و بینەر دروست بکات. مەبەستی نووسەر لەو دەروازە کاریگەرە هاندانی بینەران و خوێنەرە بەدوای گەڕان و پرسیاری بەردەوام و ئامادەگییەکی کاریگەر و بەهێزدا.

## • عەبدولسەمیع لەنێوان واقیع و ئەفسانەدا

کەسایەتی عەبدولسەمیع لە گەشتێکی نادیاردایە، یادەوەرییەکانی، خۆی لەم زەمەنەدا، واتە ئێستا و هێڵە نادیارەکانی ئایندەشی تێکەڵاوی سەفەرگەلێکی تەلیسماوی دەکات.

واقیع، خەون، فەنتازیا و تەکنیکی گێڕانەوە لە پرۆسەیەکی وەرچەرخان و هەندێک جار هەڵوەشاندنەوەدا یەکانگیر و بەرجەستە دەبێت. بەرئەنجامەکانی ئەو یەکانگیرییە واقیعێکی تایبەت بۆ ڕۆنانی درامی شانۆنامەکە و کارەکتەری عەبدولسەمیع دروست دەکات.

کات ئێستایە بەپێی ئاماژەکانی عەبدولکەریم بەرشید، بەڵام لەڕاستیدا ئەو واقیعەی ڕووداوەکانی شانۆنامەکە و کەسایەتی عەبدولسەمیع نە واقیعییە و نە مێژووییشە، بەڵکو واقیعێکی شانۆیی تایبەتە کە یاسا و بواری هێماگەری و ئاماژەی جیاوازی خۆی هەڵدەگرێت. لەنێو ئەم واقیعەدا کارەکتەرەکان دەجوڵێنەوە، پەیوەندییەکان دروست دەکەن، ململانێ دەکەن و مەسەلەکانی خۆیان سەرلەنوێ ئەدۆزنەوە، واقیعی شانۆنامەکە، بازنەی پەیوەندییەکان، وێنەی کارەکتەرەکان و ئەتمۆسفێری ڕووداوەکان، پابەند نیین بەهیچ شوێن و کاتێکەوە.

سەرەتای شانۆنامەکە لەناو بینەرانەوە دەستپێدەکات و خامیسەیەکی پیرێژن بەدوای عەبدولسەمیع دا وێڵە. هەموو دیمەنەکەش تێکەڵاوکردنێکی بەسەلیقەی دوێنێ و ئەمڕۆیە.

**(خامیسە پیرێژنێکە لەناو خەڵکەکەوە دێتە دەرێ)**

**خامیسە**

**ئەی نەفرەتی تۆ لەکوێی؟ تۆ لەکوێی؟**

**خەڵکی گەورە بوون و تۆ هێستا گەورە نەبووی**

**پیر بوون و مردن کەچی تۆ هەر تولفێکیت و یاری**

**مناڵە چەتوونەکان دەکەی**

**شانۆنامەی "گوێبگرە عەبدولسەمیع"**

## هەناسەی یەکەم

هەر لەدوای ئەو گەڕانە و لە سەرەتای شانۆنامەکەدا عەبدولکەریم بەرشید، عەبدولسەمیع لە کارەکتەری شایەردا زیندوو دەکاتەوە.

شایەر جۆرە حیکایەتخوانێکی میللی کۆنە و شارە و شار، کۆڵانە و کۆڵان، گوند بە گوند گەڕاوە و چیرۆکی گێڕاوەتەوە. چەمکەکانی شانۆی ناو شانۆ و شانۆی ئەندێشەی سێبەر و سندوقی دنیا بنەماکانی شایەر و ڕووداوەکان، لە پەیوەندی و بەردەوامییەکی ڕاستەوخۆدا بەرجەستە دەکات.

شایەرەکە لە دەسپێکی شانۆنامەکەوە پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی گەرم و ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرەکانی دروست دەکات، ئەم کارەکتەرە هەر خۆشی عەبدولسەمیعە و بەسەرهاتی وونبوونی خۆی دەگێڕێتەوە. لە هەناسەی یەکەمدا خامیسە دەیەوێت عەبدولسەمیع لە چیرۆکەکانی شایەردا بدۆزێتەوە، نهێنی سەفەرەکەی بۆ ئاشکرابێت و هۆکاری وونبوونەکەی بزانێت. هەر لەم دیمەنەدا عەبدولسەمیع لەنێوان دەروازەکانی ئەفسانە و چیرۆکەکانی شایەر و ڕاستییە ڕەهاکانی خامیسەدا دەسوڕێتەوە. عەبدولسەمیع ئەفسانەیە یان واقیعێکی تاڵە و بە ئەفسانەکراوە، ئەفسانەیە و مەودایەکی واقیعییانەی پێبەخشراوە. ئەم پرسیارانە هەردوو کارەکتەری شایەر/ عەبدولسەمیع و خامیسەی ژنی کۆدەکاتەوە، یەکدەگرنەوە و لەهەمانکاتدا جیادەبنەوە. ڕووداوەکان دەبنە ئەفسانە و ئەفسانەش دەبێتە چەمکێکی واقیعی ڕووداوەکان، یان لەپڕ ڕووداوەکان دەبڕن و بە ئەفسانە ئاگادارمان دەکاتەوە.

عەبدولسەمیع بۆ شایەر ئەفسانەیە و بۆ خامیسەش واقیعە، هەندێک جار واقیعێکی ئەفساناوی و ئەندێشەیەکی هەستپێکراوە.

**شایەر**

**عەبدولسەمیع؟ من ئەو ناوە ناناسم ئافرەت .. من ئێستا لەدەمی تۆوە ئەو ناوەم بیستووە ... ئەوەی من باسی دەکەم ئەفسانەی مناڵە.**

**خامیسە**

**ئەفسانە ... ئەفسانە کێیە؟**

**شایەر**

**ئەوە پرسیارێکی ئەوەندە ئاسان نییە کتوپڕ وەڵامت بدەمەوە ... ئەفسانە لە سیفات و وشەکان باڵاترە.**

**شانۆنامەی " گوێگرە عەبدولسەمیع"**
**هەناسەی یەکەم**

هەر لە هەمان دیمەن و دوای چەند گفتوگۆیەکی کورت خامیسە هەست بە حەقیقەت و ئەفسانەیی عەبدولسەمیع ئەکات:

**شایەر**
**باسی کێ دەکەیت ئافرەت؟**
**خامیسە**
**باسی عەبدولسەمیع دەکەم.**
**شایەر**
**عەبدولسەمیع کێیە؟**
**خامیسە**
**ئەویش بۆ خۆی ئەفسانەیە ... باوەڕی پێناکەین بەڵام حەقیقەتە. حەقیقەتە وەکو تاریکیی و ڕۆشنایی ... وەک ئێمە کە لەم شوێنەداین.**

**شانۆنامەی" گوێگرە عەبدولسەمیع"**
**هەناسەی یەکەم**

بەڵام لە هەناسەی دووەمدا دەگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، بۆ بەر لە وونبوون و گەشتەکەی عەبدولسەمیع. عەبدولسەمیع داهێنەرە و ئەفراندنەکانی پێشانی خامیسە دەدات. عەبدولسەمیعێکی گەنج خۆشگوزارە کە ئاشە دەستکردەکەی دەخولێتەوە، داهێنانەکانی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. لەهەمانکاتدا هەر لەم دیمەنەدا عەبدولسەمیع خەون بە فڕین و هەڵهاتن و گەشتەکانییەوە دەبینێت. دابڕان لەو واقیعەی کە ئەوی تێدا دەژی، هەستکردنە بە زوڵم و مێژوویەکی دووبارە و شەڕی دەبەنگەکان. دابڕان و تەنهایی و گۆشەگیری بەرایی گەشت و چاوکردنەوە و تەنگژەکانی بۆ ئاشکرا دەکات. هەر لەم چاوتروکانە ئازاراوییانەدا ئەسپە دارینە

دروست دەکات، تا بە شێوەی پاڵەوانە ئەفسانەییەکان، بە باڵی فریشتەی نێو حەکایەتەکان بفڕێ و دوور بکەوێتەوە و واقیعێکی تەلیساموی بۆ خۆی دروست بکات.

**عەبدولسەمیع**

**تەماشاکە خامیسە ... ئەو ئەسپە دارینەیە ئەبینیت؟**

**سواری ئەبم و گەشتی پێئەکەم.**

**خامیسە**

**ئاخر ناجولێتەوە عەبدولسەمیع.**

**عەبدولسەمیع**

**بۆ؟**

**خامیسە**

**چونکە دارە.**

**عەبدولسەمیع**

**ئێ خۆ کەشتیش دارە.**

**خامیسە**

**بۆ باسی کەشتی دەکەیت؟**

**عەبدولسەمیع**

**چونکە دەڕوا و دەجولێتەوە ... هەموو شەپۆڵ و ئاسۆ و دوورایی و ماوەکان دەبڕێ. ئێ خۆ عودیش لە دارە خامیسە ... هەر دار و ژێیە کەچی ئەدوێ و باسی خۆشی و پەژارە ئەکا. باسی برینی عەشق و تینوێتیی و ئازاری زوڵم و چەوسانەوە دەکا.**

**شانۆنامەی" گوێبگرە عەبدولسەمیع"**

**هەناسەی دووەم**

عەبدولسەمیع لەسەر داهێنانەکانی بەردەوام دەبێت، خەون دەبینێت و هەندێک جار تووشی داڕمان و مەترسی دەبێت، تەڵەزگەکان زۆرن و بەربەستەکان زیاتر، کۆشکی ئاشەکەی دەڕوخێت، شاپەڕەکانی لە خولانەوە دەکەون. بەڵام تەقینەوەکان کۆتایی بە خەونەکانی ناهێنن. لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکانی ژن و مێردایەتی، ئافرەت و پیاو و کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی باوکسالاری دەخاتە ژێر ڕەخنەیەکی

توندوتیژەوە. هەموو نەژادی پیاو لە کەسایەتی عەبدولسەمیعدا کۆدەکاتەوە، ئافرەتیش لە خامیسەدا، ئەم دوانەش پێکەوە مەسەلە مرۆڤایەتییە گەورەکان، مافی ئافرەت و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی مێژوو دەخەنە ڕوو.

**عەبدولسەمیع**

**... ئەزانی خامیسە سەرباری هەموو شتێ تۆ بەختەوەری.**

**خامیسە**

**من بەختەوەرم؟**

**عەبدولسەمیع**

**بەڵێ کچەکەی خاڵە مەئمون ... ئەی ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین تۆ لە سەردەمی جاهیلییەتدا لەدایک بوویت؟**

**خامیسە**

**ئێستاش سەردەمی جاهیلییەت بەردەوامە.**

**عەبدولسەمیع**

**ئەوکاتە لەژێر خاکدا دەبوویت عەزیزم.**

**خامیسە**

**بۆ ئێستا لەسەر خاکم؟**

**عەبدولسەمیع**

**تۆ زیندەبەچاڵ کردنت بیستووە خامیسە؟**

**شانۆنامەی" گوێبگرە عەبدولسەمیع"**

**هەناسەی دووەم**

عەبدولسەمیع دەیەوێت دنیا بگۆڕێت، بەڵام خامیسە دەزانێت کە بەربەستەکان زۆرن و سنورەکانی توانا، مەرزەکانی دەسەڵاتی تاک و مەوداکانی شوێن تەسک و دیاریکراون.

ماڵەکەیان دەبێتە هێماگەلێکی ئەو جیهانە و تاریکیی بەری هیواکان دەگرێت. عەبدولسەمیع لە هێمای ماڵەکەی دەگات، ئاماژەی ئەوە دەکات کە " ئەمە ماڵ نییە .. ئەمە هەموو جیهانە." بەڵام جیهانێکی تاریک و نوتەک، ڕاستییەکان، هەوڵی داهێنانەکان و هەناسەی خۆشەویستی لەو تاریکییەدا ون دەبێت.

عەبدولسەمیع دەیەوێت بە یارمەتی ( ئابا مسکین ) ووزەی کارەبا بگەڕێنێتەوە و ڕووناکیی ببەخشێتەوە بە ماڵەکەی/ جیهان. ئەبا مسکین وەک ناو هێمایەکی ئاشکرای ئەو توانایەیە بۆ گۆڕینی تاریکی و هێنانەوەی ڕووناکی، بەڵام هەردووکیان ئەو هیوایە، ئەو خەونە نادیارە و ئەو چاوەڕوانییە بە پەرۆشەی ئەبا مسکین تووشی ڕامان و دڵەڕاوکەیان دەکات.

**عەبدولسەمیع**

**.... ئەڕۆم تا بتوانم ئەم ژیانەمان بگۆڕم منیش وەک تۆ خامیسە لەم تاریکیی و چاوەڕوانییە بێزار بووم بێزار.**

**خامیسە**

**نەکەی بێ ئەبا مسکین بێیتەوە.**

**عەبدولسەمیع**

**دڵنیابە ... تۆزێکی تر دێ.**

**شانۆنامەی "گوێبگرە عەبدولسەمیع"**

**هەناسەی دووەم**

## • ئەبا مسکین یان عەبدولسەمیع

عەبدولسەمیع ماڵ بەجێدەهێڵێت و دەڕوات، خۆی ووتەنی (ئارەزوویەکی سەرشێتانەم هەیە بۆ گۆڕینی دنیا). بەڵام لە هەناسەی سێیەمدا و لە بەرگی ئەبا مسکین دا دەگەڕێتەوە تا کارەبای ماڵەکەیان چاک بکاتەوە، ئاماژە بە داهێنەرە گەورەکانی بکات و ووردبینی خۆی لەڕێگای ئەبا مسکینەوە بۆ خامیسە دووپات بکاتەوە. لەم بەشەدا ڕۆڵەکان دەگۆڕنەوە، یاری بە زەمەن دەکەن، تەمەنەکان پێکدا دەچن و تەکنیکی شانۆی ناو شانۆ دەگاتە ئاستێکی گەمەئامێزی بەرز.

خامیسە دەیەوێت ئابا مسکین کارەباکەی بۆ چاک بکاتەوە، تا سەرلەنوێ ڕووناکی ماڵەکەیان، جیهان ڕۆشن بکاتەوە. ئەبا مسکین دەکەوێتە گەمەیەکی فەلسەفی و ووتووێژێکی فیکرییەوە، ئەبا مسکینە و لەهەمانکاتدا عەبدولسەمیعە.

**خامیسە**

**من تەنیا ئەمەوێ کارەباکەم بۆ چاککەیتەوە.**

**ئابا مسکین**

**خەم مەخۆ بۆت چاک ئەکەمەوە... تەنها بەشتێک ناوێرم و توانام بە سەریدا ناشکێ.**

**خامیسە**

**ئەو شتە چییە ئەبا مسکین؟**

**ئەبا مسکین**

**ئەو شتەیە کە خوا خوڵقاندوویەتی و مرۆڤ شێواندویەتی... ئەوە کاری من نییە و پەیوەندیشم پێوەی نییە.**

## شانۆنامەی " گوێبگرە عەبدولسەمیع"

## هەناسەی سێیەم

عەبدولکەریم بەرشید گەمەی نێوان کارەکتەرەکان لەم هەناسەیەدا زیاتر چڕ دەکاتەوە، عەبدولسەمیع لەنێوان ئەبا مسکین و خودی خۆیدا گەمە دەکات. عەبدولسەمیع نەک تەنها لەنێوان کارەکتەرەکاندا، بەڵکو لەنێو زەمەنە جیاوازەکاندا زۆر بە وریاییەوە گوزەر دەکات، لە مناڵییەوە بۆ پیریی، سەرلەنوێ لە پیرییەوە بۆ منداڵیی و دواتر پیربوون. پەیوەندییەکانی ژن و مێردایەتی، وەچە و فەرزەند و باوان بەبێ بەربەست تێکەڵاوی یەکتر دەبن و ڕۆڵەکانیان ئاوێزانی ساتەوەختە هەنوکەییەکان دەکات. چەمکی زەمەن لەم شانۆنامەیەدا بەرەوپێشەوە دەڕوات، لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و ئاینده، یان کوتوپڕ بۆ دواوە. لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

عەبدولکەریم بەرشید زەمەنە تەبا و مێژووییەکان تێکدەشکێنێت، ڕابردوو، ئێستا و ئاینده بوونی نییە و سەرلەنوێ لە زەمەنێکی تری ئاهەنگئامێزدا دروست دەبێتەوە. تێکەڵاوبوونێکی ڕابردوو، وەک شتێکی دیار و ئاشکرا، لەنێوان ئێستا و ئاینده، وەک شتێکی نادیار و شاراوە، زەمەنێکی تری چاوەڕوانکراو، هەندێک جار ئاشکرا، خورپەئاسا و تێکەڵەیەکی نوێی زەمەنەکان پێکەوە دەخوڵقێنێت.

**خامیسە**

**قسەی بێسەروبەر مەکە هاروهاج ... بگرە (لێیئەدا) بگرە.**

**دەنگێکی دەرەکی**

**( هاوار و نوزانەوەی منالێکە ... دەنگەکە لەگەڵ جوڵەی لێوەکانی عەبدولسەمیعدا جووتە ) دایە گیان لێممەدە .. هەر ئەمجارە لێممەدە.**

**خامیسە**

**من دایکتم سەرسەری؟**

**دەنگەکە**

**بە فاتیمەی زەهرا ئیتر هاریی ناکەم ... ئیتر شەڕەشەق ناکەم.**

**شانۆنامەی" گوێبگرە عەبدولسەمیع"**

**هەناسەی**

**سێیەم**

زەمەن لەم شانۆنامەیەدا زەمەنێکی ڕەهایە، زەمەنێکی دیاریکراو نییە و لە دەروازەکانی فۆرمی شانۆی ناو شانۆوە، وەک لەمەوبەر ئاماژەمان بۆ کردووە، ئەو زەمەنە ڕەهایە چەمک و پێودانگەکانی خۆی دەخەملێنێت و زەمەنێکی تایبەت بەخۆی دروست دەکات.

خامیسە لەم زەمەنە ڕەهایەدا، وەک عەبدولسەمیع گۆڕانکاری بەسەردا دێت و گەمەی ڕۆڵە جیاوازەکان دەکات، دایک، پیریژن و خامیسە خۆی.

**خامیسە**

**( دەوری پیرێژنێک دەبینێ ) کوڕی خۆم کام ژنە ئەڵێی؟**

**عەبدولسەمیع**

**ئەو ژنە ئەڵێم کە لە پەنجەرەکەوە سەریدەرهێناوە.**

**خامیسە**

**ئا خامیسە ئەڵێی ( بەفێڵبازییەوە پێدەکەنێ ) ئەو مانگە جوانەی کە هەرگیز وون نابێ. من خۆی و دایکی و باوکی ... خاڵە مەئمون ... دەناسم. لەڕەگوڕیشەی خۆی و خێزانەکەی شارەزام.**

**شانۆنامەی" گوێبگرە عەبدولسەمیع"**

**هەناسەی سێیەم**

بینەر لەم گەمەی زەمەنەدا، لەم پێکداچوون و یەکانگیرییەدا هەست بە بوونی زەمەن ناکات، بەڵکو بینەر بەوپەڕی سەربەستییەوە بەنێو زەمەن و شوێنەکاندا گوزەر دەکات، ڕادەبورێ، دێت و دەچێت، هەڵوێستە وەردەگرێت و ڕادەمێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە شوێن وەک کۆمەڵێ هێما و وێنەی بزۆز و ئاماژە گوزارشت لە شوێنە جیاوازەکان دەکات، هەندێک جار ئەو شوێنانە لەنێوان تەختەی شانۆ، هۆڵی دانیشتن و ئامادەبوونی بینەراندا بەرجەستە دەبن.

عەبدولکەریم بەرشید لە هەناسەی چوارەمدا چەرخی زەمەن بە تەواوەتی دەگێڕێتەوە و ژیانی عەبدولسەمیعێکی منداڵمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەو ساتە دێرینەی ڕابردوودا خامیسەش دەبێتە دایک و پێکەوە پەیوەندییەکی تر پێکدەهێنن. ئەم ڕۆڵە نوێیە لەنێوان شانۆ و گەمەی زەمەندا عەبدولسەمیع هەڵدەسوڕێنێت و چارەنووسی کارەکتەرەکەشی بە چەندین ئاراستەی جیاوازدا دەبات.

عەبدولسەمیع دایکی لە خامیسەدا دەبینێتەوە و لەهەمانکاتدا خۆیشی هۆشیارە بە ڕێسای گەمەکان، گەمەی دایک و منداڵ، گەمەی ژن و مێرد، گەمەی مێردمنداڵیی و پیربوون.

بەڵام لە هەناسەی پێنجەم و کۆتاییدا عەبدولسەمیعێکی پیر دەگاتە وڵاتی سەیر و سەمەرە، زەمەن تێپەڕیوە و عەبدولسەمیعیش لە گەشتەکەی خۆی هەر بەردەوامە. یەکە یەکە مەرزەکانی چارەنوس و وڵاتان دەبڕێت تا دەگاتە وڵاتی سەیر و سەمەرە. سەرەتای کۆتایی و کۆتایی سەرەتای سەفەرگەلێکی ئەفسانەیی. سەفەر دابڕانە و دابڕانیش عەشق و ئازارە، دابڕان لە وڵات و دابڕان لە عەشق و دابڕان لە خودی خۆی. ئەوەی دەشمێنێتەوە تەنها مشتێک خاکوخۆڵی ئەو نیشتمانە نەفرەتلێکراوەیە کە لە جانتای سەفەرەکانماندا دەمێنێتەوە. عەبدولسەمیع تەنها مشتێ خۆڵی نیشتمانەکەی بۆ ئاودیو دەکرێت، پەیوەندی بە خاک و وڵاتەوە، پەیوەندییەکی ئەبەدی و پێناسێکی هەتاهەتاییە.

**عەبدولسەمیع**

**هەموو شتە گرنگەکان وا لەم جانتایەدان.**

**خامیسە**

**هەموو شتە گرنگەکان؟ وەک چی عەبدولسەمیع؟**

**عەبدولسەمیع**

وەک مشتێ خۆڵ خامیسە.

خامیسە

ئەتەوێ شۆخیی بکەیت.

عەبدولسەمیع

هەرگیز ... مشتێ خۆڵم لەگەڵ خۆم برد و گوتم ئەوە نیشتمانە. لە شوشەیەکم هاویشت و لە سنوور ئاودیوم کرد. گومرگ ڕایگرتم و گوتی ئەگەر شتێکی بەنرخت هەڵگرتووە قسە بکە. گوتم بەڵێ زۆر بەنرخ ... کە بێ لە خۆڵ شتێکی دییان نەدۆزییەوە ڕێیان پێدام بڕۆم ...

من خاکەکەم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو خامیسە ...

تۆ و هەموو خەڵکیم لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو خامیسە ...

شانۆنامەی " گوێبگرە عەبدولسەمیع"

هەناسەی پێنجەم